www.pertwk.com

# ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی

نووسینی

نادر ئینتیسار

وەرگێرانی

عەتا قەرەداخی

www.pertwk.com

**حكومەتی هەرێمی كوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri. org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناو كتێب: ئیتنۆنەتەوایەتی كوردی
- ناوی نووسەر: نادر ئینتیسار
- وەرطێرانی لەئینطلیزییەوە: عەتا قەرەداخی
- بابەت: نەتەوایەتی
- نەخشەسازی كۆمثیوتەر: جیهان محەمەد
- نەخشەسازی بەرط: نازەنین سالح
- زنجیرە: 65
- تیراذ: 1500
- ذمارەی(403 )ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی ثێدراوە.
- ضاثخانەی **تیشك**

www.pertwk.com

www.pertwk.com

www.pertwk.com

## ناوەرۆك:

1 ) نەتەوایەتی کورد.
2 ) کورد لە ئێراندا.
3 ) حاڵی کورد لە عێراقدا.
4 ) تورکە چیاییەکان ( کورد لە تورکیادا ).
5 ) سیاقی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی.
6 ) کوردستان بەرەو کوێ؟
7 ) سەرچاوەو پەراوێزەکان.

www.pertwk.com

## پێشەکیی وەرگێڕ

زۆر لایەنی مێژووی کورد هەتا ئێستا نادیارو نەزانراوەو، زۆر بەشی گرنگی ژیانی رابردووی ئەم نەتەوەیە تاکو ئێستا نەك هەر ساغ نەکراوەتەوە، بەڵکو شتێکی ئەوتۆیشی لەبارەیەوە تۆمار نەکراوە. بەشێکی زۆری ئەوەیشی لەبارەی رابردووی کوردەوە نووسراوەتەوە یان لە رووی زانستییەوە لاوازە چونکە زیاتر لە شێوەی حیکایەتی دەماودەمدا نووسراوەتەوەو پشتی نەبەستووە بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو یان توێژینەوەی وردو زانستیانەی ئەو رابردووە لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە، لە روانگەی کارکردنی وردو هەڵکۆڵینی زانستیانەی پاشماوەکانی رابردووەوە. بەشێکی تری مێژووی کورد کە بەشە زۆرەکەیشیەتی لە لایەن رۆژهەڵاتناسان بە گشتی و کوردناسانەوە بە تایبەتی نووسراوەتەوە کە ئەوانیش مەگەر بە دەگمەن ئەنیا جگە لە رووداوە گشتی و هێڵە گشتییەکان نەیانتوانیوە شۆڕ ببنەوە بە ناو قووڵایی ژیانی کۆمەڵایی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسیی کورددا و لایەنە نادیارو شاراوەکان ئاشکرا بکەن. زۆربەی ئەوەی کوردناسان نووسیویانەتەوە لە دوو ئاراستەدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم، ئەوەیان نووسیوەتەوە کە بە چاوی ئاسایی بینیویانە یان لە رێگای پرسیارکردنەوە لە کەسانی نێو کۆمەڵگای کوردییەوە دەستیان کەوتووە. دووەم، زۆربەی کوردناسان نەیانتوانیوە لەوە تێبگەن کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی تایبەتییەو لە کۆمەڵگاکانی تر جیاوازەو تەنانەت هاوشێوەی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکانی تریش نییە... لەسەر بنەمای هەستنەکردن بەو جیاوازییە هەوڵیان داوە مێژووی کورد هاوشێوە بکەن لەگەڵ مێژووی نەتەوەکانی تردا بە تایبەتی مێژووی گەشەو پەرەسەندنی



کۆمەڵایەتی.

بێگومان دەبێت ئەوەش بزانین ئەوەی کوردناسان لە بارەی کوردەوە نووسیویانە بە مەبەستی ناساندنی کورد بووە بە دنیای غەیری کورد، لەبەر ئەوە ئەو زانیارییانەی کە کۆیان کردۆتەوە بۆ ئەو مەبەستە جێگای خۆی گرتووە، بەڵام ئەگەر لە روانگەی نووسینەوەی مێژووی کوردەوە سەیری بکەین ئەوا ئەوەی کوردناسان نووسیویانە سەبارەت بە کورد دەبێت پاکژ بکرێتەوە.

ئەم کتێبەی لە بەردەستماندایە لە لایەن نادر ئینتیسارەوە نووسراوە کە نووسەرێکی بە رەگەز فارسەو ئێستا پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەو خاوەنی کورسیی زانستی کۆمەڵایەتییە لە کۆلێژی سپرینگ هیڵ. تاکو ئێستا چەند بەرهەمێکی تری لەسەر کوردو کێشەو مێژووی کورد بڵاو کردۆتەوە لەوانەش (کورد لە پاش شۆڕش لە عێراق و ئێراندا – 1984)، (مۆزایکی کوردی – 1989)، (ناسنامەی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا – 1991)، (ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی – 1992)، کە ئەم بەرهەمانەی هەموو بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردۆتەوە.

ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی واتە ئەم کتێبەی لە بەردەستماندایە سەبارەت بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردو داواکانی ئەم ناسیۆنالیزمەیە لەگەڵ توێژینەوەی وردو هەمەلایەنەی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کوردو دورستبوونی حیزب و رێکخراوەکان و سروشت و شێوازی خەباتکردنیان. لە پاڵ ئەوەدا توێژینەوەی دەوری لە بەرچاوی دەوڵەتانی بڕیاربەدەست و دەوڵەتە ئیقلیمییەکان دەکات لە روانگەی مامەڵەکردنی داگیرکەرانەیانەوە لەگەڵ کورددا، نووسەر پێی وایە دەوڵەتانی بڕیاربەدەست لە پێناوی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیاندا کوردیان دابەش کردووەو هەر لەو پێناوەشدا تاکو ئێستا ئامادە نەبوون وەکو کەمایەتییەکی ئیتنیکی خاوەن داواکاریی رەوا بۆ مافە نەتەوەییەکان سەیری بکەن و تەنانەت بە درێژیی سەدەی بیستەم دەوڵەتانی دنیا و رێکخراوە مرۆییەکانیش چاویان لە ئاستی دۆزەخی کوردیدا نوقاو بووەو گوێیان داخراو. لەو روانگەیەشەوە نووسەر

www.pertwk.com

ڕەخنـە لـە هەڵوێسـتی سیاسـەتی نێودەوڵـەتی دەگرێـت و پێـی وایـە ئـەوەی پاڵنەرو دروستکەری بڕیارە لەسەر ئاستی جیهانیدا بەرژەوەندییە سیاسی و سـتراتیژییەکانن نـەك بنـەما مرۆییـەکان و مافـەکانی مـرۆڤ. نووسـەر بـۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی ئەوە بە بەڵگە دێنێتـەوە کە چۆن دەوڵـەتانی دنیا لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا چاویان لەو وێرانکاری و جینۆسایدە دوورودرێژە پۆشیوە کە داگیرکەرانی عـەرەب و تـورك و فارس لـە کوردستاندا ئـەنجامیان داوە. هـەر کـاتێکیش دەوڵـەتانی بڕیاربەدەسـت نێوانیـان لەگـەڵ داگیرکـەرانی کوردسـتاندا خـراپ بووبێـت سیاسـەتی نامرۆڤانـەی داگیرکەرەکانیان بەرامبەر بە کورد زەق کردۆتەوە.

نووسـەر لـەم کتێبـەدا دەربـارەی بزوتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد لـە سـیاقی پەیوەندییـە نێودەوڵـەتی و هەرێمایەتییەکانـدا دەدوێـت و کـوردیش وەکـو گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت ناو دەبات و لەوەش دەدوێت بە پێی بنەما و بڕوانامـە دان پێـدانراوە جیهانییـەکان و بـە پێـی میسـاقەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـورد مـافی بڕیـاردانی چارەنووسـی خـۆی هەیـە تـا ئاسـتی سـەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵـەت، بـەڵام کـورد تـاکو ئێسـتا لایـەنی هـەرە کەمی ئەو مافەی پێ ڕەوا نەبینراوە و تەنانەت هەوڵی تواندنەوە و لـەنێوبردنی ناسنامەکەشـی دراوە.. بـەڵام بـە خـەباتی دوورودرێـژو خوێنبەخشـینی لەرادەبـەدەر کـورد توانیویـەتی لـە بەرامبـەر نەخشـەو بەرنامـە داڕێـژراوو جێبەجێکراوەکاندا بۆ لەناوبردنی، خۆی ڕابگرێت و پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات.

دەشـێت لـە ڕووی زانسـتییەوە ڕەخنـەمان لـە هەنـدێ بۆچـوونی نووسـەر هەبێت، بۆ نموونـە نووسـەر پێـی وایـە سێ زمـانی کوردی هەیـە، یـان لوڕ بە کورد نازانێت.. بەڵام ئەمانە لە بەهای گرنگی کتێبەکەی کەم ناکەنەوە کە پێم وایـە بـە دەگمـەن کەسـێکی غـەیرە کـورد دەدۆزینـەوە بـەم شـێوەیەی نـادر ئینتیسار ئاگاداری وردەکاری و نهێنییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بێت. ئەم بەئاگابوونـەش پەیوەنـدیی بـە خۆخـەریککردن و ئـەو هـەموو سەرچـاوە جۆراوجۆرانـەوە هەیـە کـە بـەکاری هێنـاون بـە زمانـەکانی فارسـی و عـەرەبی و کـوردی و ئینگلیـزی و هـەروەها بـەکارهێنانی بەشـی هـەرە زۆری ئـەو



سەرچاوانەی کە ڕاستەوخۆ لە نێو ڕووداوەکانی مێژووی کورد و لە نێو ژیانی سیاسی کوردەوارییەوە چاویان هەڵهێناوە.

نووسەر لەم کتێبـەدا بـێ تـرس ڕای خـۆی بەرامبـەر بـە حیـزب و ڕێکخراو و کەسێتییە دیارەکانی نێو بزوتنەوەی کوردایەتیی سەدەی بیستەم دەربڕیـوە و گوێی بـەوە نـەداوە کـە هەنـدێ لـەو کەسانە ئێسـتا خـاوەن پلەوپایـەی دیـارن، ئەمـەش پێمـان دەڵێـت پێویسـتە لـە نووسـینەوەی مێـژوودا ڕاسـتگۆ بـین و چاوپۆشـی نەکـەین و ئـەوەی ڕووی داوە یـان ڕوو دەدات وەکـو خـۆی تۆمـاری بکەین. بەداخەوە چەند ڕستەیەکی دیاری لەم جۆرانە بوون بە هۆی ئەوەی کە ئەم کتێبە چەند ساڵێك بە دەستنووسی دوای وەرگێڕانی بمێنێتەوە..

بەهەرحاڵ من تا ئەندازەیـەك بە وەرگێڕانـی ئـەم کتێبـەوە مانـدوو بـووم بـە تایبەتی لـە ڕووی وەرگێڕانـی هەنـدێ زاراوەی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و زاراوەی سیاسـی کـە بەداخـەوە لـە کوردیـدا بـە زەحمـەت بەرامبـەرەکانیان دەدۆزرێنەوە، ئەویش لەبەر ئەوە نا کە زمانی کوردی لاواز بێـت، بەڵکو لەبەر ئـەوەی زمـانی کـوردی لـەم بوارانـەدا کـاری پێنـەکراوە و تـاکو ئێسـتا خـاوەن فەرهەنگێکی ئەوتۆ نین کە لەم بوارانەدا یارمەتیمان بدات.

هیوادارم بەم وەرگێڕانە توانیبێتم بەشێك لە ئەرکی سەرشانم بەرامبـەر بـە نەتەوەکـەم جێبـەجێ کردبێـت و خـوداش یارمـەتیم بـدات بـۆ کـارو پـرۆژەی بەرفراوانتر. بێگومان ئەم وەرگێڕانە بێ کەموکورتی نییە.. بەڵام بە پێـی توانا هـەوڵم داوە ئـەوەی لـە چاپە ئینگلیزییەکەیدایـە بە وردی بیکـەم بـە کـوردی.. ئومێدەوارم جێگای ڕازیبوونی خوێنەرانی خۆشەویست بێت.

**عەتا قەرەداخی**

2001/10/5

www.pertwk.com

## پێشەکیی نووسەر

مەبەستی ئەم کتێبە شیکردنەوەی پێوانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی یەکگرتنی کوردە بۆ ڕاڕەوی سەرەکی ژیانی سیۆسیۆسیاسی لە ئێران و عێراق و تورکیادا. تێزی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە کە خەباتی ئیتنیکی گەورەترین لە ڕووداوەستان بەرامبەر بە سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم سەردەمە پێکدێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە قسەیەکی تر، ئەم کتێبە لە بەرامبەر ئەو ڕوانینە درێژخایەنەدا دەوەستێت کە تواندنەوە دەرەنجامێکی حاشا لێنەکراوی مۆدێرنیزم و سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن مەرکەزیەت و تا ئەندازەیەک بەهێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لەوانەیە هیچ دیاردەیەک نەبێت ئەوەندەی داواکارییە مێژووییەکانی کورد بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆی ئەم مەسەلەیە ڕوون بکاتەوە.

سەرباری ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا، من پشتم بەستووە بە سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کورد وەکو پارتی دیموکراتی کورد و کۆمەڵە. سەرباری بایەخی کوردەکان بۆ پێکهێنانی (گەل) و پاراستنی ڕژێم لە ئێران و عێراق و تورکیادا، کتێبی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی هەمەلایەنەی کەم لەسەر ئەم بابەتە هەیە. زۆر لەو کتێبە تازانەی لەسەر کوردن یان حیکایەتن یان بۆ پشتگیری هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیانەی دەستەیەکی تایبەتی یان بزوتنەوەیەکی سیاسی نووسراون. لەو کتێبە بە ژمارە کەمانەشی کە لە لایەن توێژەری لێزانەوە نووسراون، زۆربەیان یان بێ مێژوون، یان چڕکردنەوەیەکی تەسکتریان هەیە لەچاو ئەم کتێبەدا. هیوادارم ئەم کتێبە مامەڵەکردنێکی هاوسەنگی کێشەی لە چارەسەر نەهاتووی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا پێشکەش بکات و بۆ توێژەران و خوێنەرانی بەئاگاش سوودبەخش بێت.

لە وەرگێڕانی حەرفی ناوە عەرەبی و فارسییەکان و وشەی تریش بۆ ئینگلیزی من پشتم بەستووە بە ئیملاکردنە هەرە گشتییەکان. بە مەبەستی



ئاسانکاری، دوورکەوتوومەتەوە لە بەکارهێنانی نیشانەکانی نووسین (وەکو فەتحەو کەسرەو...) لەبەر ئەوەی زمانی نوێی تورکی جیاواز لە عەرەبی و فارسی ئەبجەدیەتی لاتینی بەکار دێنێت، هەوڵم داوە ئیملای ناوە تورکییەکان بپارێزم بەوجۆرەی لە بڵاوکراوە تورکییەکاندا بەکار دەهێنرێن. لەبەر ئەم هۆیە، هەندێ لە ناوەکان دەشێت لە تورکیدا بە جیاواز لەچاو عەرەبی و فارسیدا بنووسرێن.

ژمارەیەك سەرچاوە لە توێژینەوەی ئەم کتێبەدا یارمەتیان داوە. کۆلێژی سپرینگ هیڵ هەندێ توانای بەخشینی توێژینەوەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێشکەش کردم. بەخشی نەتەوەیی بۆ مەسەلە مرۆییەکان مۆڵەتی مامۆستایانی کۆلێژی دوو هاوینی پێدام بۆ بەشداریکردن لە سیمینارەکانی سەبارەت بە کەمایەتییە ئیتنیکی و پلورالیزمی کەلتووری لە زانکۆی هارڤارد و زانکۆی ویسکۆنسین مادیسۆن. دەستەی خزمەتگوزاری قەرزی نێو کتێبخانە لە کتێبخانەی یادەوەری تۆماس بایرن لە کۆلێژی سپرینگ هیڵ بە تایبەتی یارمەتیدەر بوون بۆ دەستکەوتنی کتێب و دۆکیومێنتی جۆراوجۆر بۆم بە میزاجی پەیڕەوکردنی کات و بە شێوەیەکی بێ کەموکورتی. ڕەخنەگرێکی نەناسراو سەرنجدان و تەعلیقی ڕەخنەیی بەکەڵکی لەسەر ڕەشنووسی ئەم دەستنووسە پێشکەش کرد. دیسان دەمەوێت سوپاسی مارسا پیکۆك بکەم لە پای هاریکاریکردن و پشتگیریکردنی ئەم بابەتە، هەروەها سوپاسی جیا هاملتۆن و ستیڤ ئارنی بکەم بۆ کاری چاپکردنی زیرەکانەیان. دوا کەس بەڵام کەمترین کەس نا، سوپاسی ماریای هاوسەرم دەکەم کە شارەزایی پسپۆری کاری وشەکاری پێشکەش کرد و یارمەتی دام لە پاکژکردنەوەی ڕەشنووسە جۆراوجۆرەکانی ئەم دەستووسەدا. من قەرزارباری هەموویانم. هەر هەڵەیە لە ڕاستییەکان و لێکدانەوەدا بێگومان لە ئەستۆی خۆمە بە تەنیا.

**نادر ئینتیسار**

# بەشی یەکەم

## نەتەوایەتی کورد

کۆتایی هاتنی جەنگی سارد مژدەی تێڕوانینێکی نوێی بۆ ڕێکخستنی جیهانو بەڕێوەبردنی ململانێییەکان بەخشییوە. لە وتارێکدا کە جێگای گفتوگۆ لەسەرکردنە، توێژەری سیاسی (فرانسیس فۆکۆیاما) پێشنیاری کرد کە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی دیاری لیبریالیزمی ڕۆژئاوادا بەسەر کۆمۆنیزمی سۆڤێتیدا هەموو هۆکارەکانی ئەم ململانێیانە لە جیهاندا پووکانەوە.

ئەوەی کە ئێمە دەشێ بیبینین تەنها بریتی نییە لە کۆتایی جەنگی سارد یان تێپەڕبوونی ماوەیەکی مێژوویی بەڵکو کۆتایی هاتنی مێژووە وەکو ئەوەی دەبێت واتە خاڵی کۆتایی هاتنی برەوستاندنی ئایدیۆلۆژیانەو بەجیهانی بوونی دیموکراسیەتی لیبریاڵی ڕۆژئاوایە وەکو دوا شێوەی بەڕێوەبردنی مرۆڤایەتی[1].

سەرباری ئەوەی کە فۆکۆیاما لە تیۆرە هیگڵییە نوێیەکەیدا دان دەنێت بە گرنگێتی فاندامێنتاڵیزمی ئایینیو ئیتنۆنەتەوایەتیدا لە سیاسەتی جیهانیدا بەڵام هێشتا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە لە ئاکامدا لیبریالیزمی ڕۆژئاوا بەسەر لە ڕوودا وەستانی چاوەڕوانکراوی فاندامێنتالیزمی ئایینیو ئیتنۆنەتەوایەتیدا یان دیاردەی هاوشێوەی کە لە لایەن ئەمانەوە پێشکەش



www.pertwk.com

دەکرێت سەردەکەوێت[2].

ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی تیۆرەکەی فۆکۆیاما لە دەرەوەی مەودای ئەم کتێبەیە، بەڵام ئینسان دەتوانێت بە شێوەیەکی ژیرانە پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە دیاردەی ئیتنۆنەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو یەکێتیی سۆڤێتی پێشووو ئەورووپاو ئەمەریکا لە دواساڵەکانی سەدەی بیستدا بەیانکردنێکی ئاشکرای بوونی سەرچاوەکانی ئەو ململانێیە کە ناشێت بە شێوەیەکی قەناعەت هێنەرانە لە ڕێگای پیادەکردنی تێورە وردەکانی ڕێکخستنی دنیاوە لێکۆڵینەوە بکرێت.

سەرهەڵدانی هوشیاری ئیتنیکیو داواکارییە سیاسیەکانی زۆرێك لە کەمایەتییەکان یان دەستە ئیتنیکییەکان بۆ مافی چارەنووس بە دژی بەرژەوەندییە لە بەرچاوەکانی ئەو دەوڵەتەیە وەکو نموونەیەکی دەسەڵات لە سیاسەتی جیهانیدا. هەروەك مێژووی ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی بە ئاشکرا دەری دەخات کە بە سیاسەتبوونی ئیتنیکیەتی کوردی لەگەڵ پێکهاتنی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گونجاوە[3]. بە دەربڕینێکی تر ململانێی داواکارییەکان لە نێوان دەستە ئیتنیکییەکانو دەوڵەتدا ئیتنیکییەتی لە داوایەکی رووتی تاکە کەسییەوە گواستەوە بۆ داوایەکی پڕ مانا کە بووە داوای دەستەیەك لە روانگەی حساب بۆکردنو تواناوە[4].

www.pertwk.com

## دەوڵەتو ئیتنیکییەت

یەکێك لە سیفاتە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم بەرفراوانبوونی رۆڵی دەوڵەت بووە وەکو دامەزراوێکی جۆراوجۆری سەربەخۆ لە پێکهێنانی هاوسەنگی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا لەوانەش وەکو جڵەوگرتنی ململانێی ئابووری – کۆمەڵایەتیو داواکارییە سیاسییەکانی دەستە ئیتنیکییەکان. هەروەك (دایڤد براون) تێبینیی کردووە: کۆمەڵگا فرەئیتنیکییەکانی جیهانی سێیەم پێشتر تەنیا دەسەڵاتێکی ناڕێکوپێكو سنوورداریان لە دەرەوەی چوارچێوەی هەرێمی راستەقینەی خۆیان بەدەست هێناوەو، شارە پایتەختەکان لە دوای دەسەڵاتێکی سیستاماتیکانەی بەرز بەسەر ناوچەکانی کەناردا گەڕاون ئەویش لە رێگای فراوانبوونی دەسەڵاتی بیرۆکراسیو سوپاو سیستەمە پەروەردەییەکانەوە لە هەمان کاتدا مەودای خۆتێهەڵقورتاندنی حکومەتی بە بێ ئەوەی پەیوەندیی هەبێت بەو مەسەلانەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتو پاراستنی باری رێکخستندا فراوان بووە، هەروەك پێویستبوونی ئاراستەکردنو راهێنانو هاندانی کار زیادی کردووە[5].

دەوری دیاری دەوڵەت لە کۆمەڵگادا بواری بۆ دەوڵەت کردۆتەوە کە ببێتە دامەزراوێك کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەرجەم دەزگاکانی تری کۆمەڵدا بێت، لە کاتێکدا لایەنگریکردنی دەسەڵاتی مۆنۆپۆڵی بەسەر هێزە کار ئەنجامدەرەکاندا توانا دەدات بە دەوڵەت بۆ فۆرمەلەکردنی پێکهاتەی چینایەتیو پەیوەندییە ئیتنیکییەکان لە نێو شتەکانی تردا[6]. سەربەخۆیی سنووورداری دەوڵەت لە هەمبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تردا رێگای بۆ دەوڵەت خۆش کردووە بۆ پێکهێنانو گۆڕینی ناسنامە ئیتنیکییەکان لە کۆمەڵگا فرەنەتەوەییەکاندا. لە زۆر جێگای جیهانی سێیەمدا دەوڵەت بووە بە ئامراز بۆ برەوپێدانی یان گۆڕینی ناسنامە ئیتنیکییەکان هەتا مەوزوعیەتی



سیاسەتی خۆی بگونجێنێتو شەرعیەت بە دەسەڵاتی خۆی بداتو یەکێتیی (نیشتمانی) خۆی پتەو بکاتو ناکۆکییە ئیتنیکییەکان چڕتر بکاتەوەو ستراتیژی (پەرتکەو زاڵبە)ی داهێناوە بۆ بەهێزکردنی ئاستی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تاكو دەستەکانی کۆمەڵدا.

بۆ نموونە یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەیەکی تەقلیدییانە ناکۆکییە ئیتنیکییەکانی خەست دەکردەوەو تەنانەت هانی ئەو ناسنامانەشی دا کە لە زووەوە بوونی خۆیان هەبوو لە نێو دەستە ئیتنیکییە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا بە مەبەستی بەرەو پێشەوەبردنی بابەتە سیاسییەکانی ناوخۆو دەرەوەی مۆسکۆ. بە هەمان پێوانە حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژووی نوێدا سەرکەوتوو بوون لە پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیاندا بە ئیستیغلالکردنی دوژمنایەتە ئیتنیکییەکانی نێو کۆمەڵگاکانیان. هەرچەند نموونەی ئاماری پێویست نییە ئەو دەورەی کە چینە دەسەڵاتدارەکان یان ئەو دەستانەی تر لە پێکهێنانی سیاسەتەکانی دەوڵەتدا هەیانە رەت بکاتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو ئامارە شوێنی بەرزی دەوڵەت وەکو بەڕێوەبەرو کۆنترۆڵکەری داواکارییە ئیتنیکییە ناکۆکەکان لە کۆمەڵدا دەچەسپێنێت.

## ناسنامەی کوردی

داواکارییەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کوردستان یەکێکە لە سەرچاوە هەرە بەهێزەکانی ململانێی ئیتنیکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا. کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لە تورکیاو عێراقو ئێراندان، لەگەڵ بوونی کۆمەڵی کوردی لە سوریاو یەکێتیی سۆڤێتی پێشوودا. ئاماری بڕوا پێکراو لەسەر ژمارەی گشتیی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بەردەستدا نییە. هەندێ جاریش سەرچاوە کوردییەکان وای نیشان دەدەن کە ژمارەی کورد (35) سیو پێنج ملیۆن کەسە. لەوانەیە ئەم

www.pertwk.com

ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدا بێت، بە تایبەتی ئەم ژمارەیە لە لایەن سەرکردە کوردەکانەوە باس دەکرێت، کە زیاتر مەبەستیان بەرزکردنەوەی ئاستی گرنگی دانە بەم کەمایەتییە پشتگوێخراوە. لە لایەکی ترەوە حکومەتەکانی ناوچەکە ئارەزووی ئەوەیان هەبووە لەبەر هۆی سیاسی ژمارەی کورد کەم بکەنەوە.

ئەسڵی ڕەگەزی کورد جێگای گفتوگۆ لەسەرکردنەو لە هەمان کاتدا نائاشکرایە. کوردی ڕۆژگاری ئەمڕۆ خۆیان دەبەنەوە سەر میدەکان کە خێڵێکی ئیندۆ – ئەورووپی بووەو لە ئاسیای ناوەندەوە هاتوونەتە دەشتی ئێران ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی 614ی پێش زایینداа بووە. میدەکان تاکو ساڵی 550ی پێش زایین وەکو یەکێك لە بنەماڵە سەرەکییە ئێرانییەکانی پێش دەرکەوتنی ئیسلام ناوچەکەیان بەڕێوە بردووە[7]. میدەکان لەگەڵ سوپای خێڵەکانی تردا کەوتوونەتە شەڕەوە، بە تایبەتی لەگەڵ خێڵەکانی فارسدا کە لە ئاکامدا فارسەکان میدەکانیان بەزاندووەو بوون بە فەرمانڕەوای ئێران. دوای ئەمە کوردەکان لەگەڵ فارس‌و بەلوچ‌و تاجیکی‌و ئەفغانیدا گەلی ئێرانیان پێکهێناوە. دوای تێکشکاندنی هێزەکانی ئێران لە لایەن عەرەبەوەو داگیرکردنی ناوچەکە خەڵکی دەرەوەی ئێران بە شێوەیەکی زۆر دیار ناوی (کورد)یان بەکار هێناوە بۆ سەرجەمی ئەو خەڵکانەی لە چیای زاگرۆس بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا نیشتەجێ بوون[8]. ئەو خەڵکە تەنها ئەوانەی نەدەگرتەوە کە دەیانگوت لە ئەسڵی میدەکانن، بەڵکو کۆمەڵێك سەر بە دەستە ئیتنیکی‌و خێڵەکییەکانی تریشیان تێدابوو کە لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا تێکەڵاوی یەکتر بووبوون‌و کۆمەڵەو دەستی نوێیان لە ڕێگای تێکەڵاوبوونی ڕەگەزەکانەوە پێك هێنابوو.

دوای چوار سەدە لە فەتحی عەرەبی، کوردەکان دەورێکی سیاسیی کاریگەریان لە ڕۆژئاوای ئاسیادا بینی‌و گەورەترین سەرکردەیان پێشکەشی جیهانی ئیسلامی کرد، بە ناوبانگترینی سەرکردەکانی کورد لەو ڕووەوە



سەرۆکی ئەفسانەیی سەلاحەدینی ئەیوبییە کە سەرکردایەتی سوپای ئیسلامی کرد دژی ریچارد شێردڵ‌و خاچپەرستەکان. جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە سەلاحەدین دەسەڵاتی بەسەر ئەو جوگرافیا فراوانەدا نەبوو کە کوردستانی ئەمڕۆیە، هەروەها سەلاحەدین وای نیشان نەدەدا کە جەنگاوەرێکی کوردە، بەڵگو بە هەموو مانایەك ئەو سەرکردەیەکی مسوڵمان بوو نەك کوردێکی نەتەوەیی.

لە ساڵی 1258 تا ساڵی 1509 کوردەکان لە هیچ ڕووداوێکی گەورەی ناوچەکەوە نەگلاون، بەڵام دەرکەوتنی خێزانی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان لە ئێران لە سەرەتای سەدەی شانزەداو سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان ئێرانییەکان‌و تورکە عوسمانییەکان جارێکی تر کوردی خستەوە سەر تەختەی شانۆ وەکو ئەکتەرێکی دیار لە سیاسەتی ناوچەکەدا. هەردوو ئیمپراتۆری فارسی‌و عوسمانی چاویان بڕییە کوردستان وەکو ناوچەی بێلایەن لە نێوان دوو ئیمپراتۆرە دژ بەیەکەکەدا. ئەمەش ڕێگای بۆ کوردەکان خۆش کرد کە لە ڕووی سیاسییەوە بگەنە جۆرێك لە دڵنیایی‌و، لە گرنگێتی ستراتیژی خۆیشیان لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا تێگەیشتن. لە ئاکامدا ژمارەیەك میرنشینی نیمچە سەربەخۆ دروست بوو، کە بەشی زۆریان هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەردەوام بوون، میرنشینە دیارەکانی سنووری قەڵەمڕەوی عوسمانی بریتی بوون لە میرنشینی بۆتان‌و هەکاری‌و بادینان‌و سۆران‌و بابان، هەروەك میرنشینە دیارەکانی سنووری قەڵەمڕەوی سەفەویش بریتی بوون لە میرنشینەکانی ئەردەڵان‌و موکریان لە ئێراندا[9]. دوای تێکشکاندن‌و دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان کوردەکان خەباتی خۆیان لە پێناوی مافی چارەنووسدا چڕکردەوە، هەرچەندە وەك دواتر گفتوگۆی دەکەین، ژمارەیەك لە هۆکاری دەرەکی‌و ناوەکی بوون بە ڕێگر لە بەردەم پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆی کوردیدا.

www.pertwk.com

## زمان‌و ئایینی کورد

ئاستی ئەزموونی هاوبەش بە تایبەتی لە بواری زمان‌و ئاییندا بە درێژایی کات وەکو بنەمایەکی بەشدار لە پێشخستنی هوشیاری ئیتنیکی‌و ئیتنۆنەتەوایەتیدا دەناسرێتەوە. کورد سەر بە خێزانی زمانە ئێرانییەکانەو وەکو زمانە ئێرانییەکانی تریش ئەسڵێکی ئیندۆ – ئێرانیی هەیە. زمانی کوردی زۆر لە فارسی نزیکترە هەتا لە عەرەبی، بەڵام سەرباری ئەو نزیکییەی زمانی کوردی لە زمانی فارسییەوە، هێشتا دایەلێکتە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەلای قسەکەری فارسییەوە بۆ تێگەیشتن ئاسان نین. کورد بە پێچەوانەی زۆر دەستەو کەمایەتیی ترەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەیتوانیووە زمانی یەکگرتووی خۆی دروست بکات. زیانی ئەمەش تەنها ئەوە نییە کە رێگای لە پەیوەندیکردنی نێوان کورد خۆیان گرتبێت، بەڵکو گرنگێتیی زمانی وەکو هێمای ناسنامەی ئیتنیکی بۆ کورد کەم کردۆتەوە، هەروەك لە شوێنێکی تردا گفتوگۆم لەسەر کردووە. هۆیەکانی جۆراوجۆرێتی زمانی کوردی سێ شتن:

یەکەم ناوچە چیاییە سەختەکانی کوردستان بە درێژایی مێژوو رێگای لە پەیوەندیی پێکەوەکردنی خێڵ‌و تیرەکانی کورد گرتووە. دووەم نەبوونی بنیادێکی ناوەندی بەڕێوەبردنی بەهێز کە توانای یەکخستنی دەستە ناکۆکە کوردەکانی هەبێت یارمەتیی گەشەکردنی دایەلێکتی جۆراوجۆری لە نێو کورددا داوە. سێیەم واتە دوا شت: پێکهاتنی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بالادەست لە سەدەی بیستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر کوردی پارچەپارچە کردو خستییە ژێر دەسەڵاتی تەنفیزیی کۆمەڵە وڵاتێکەوە کە خودی ئەو وڵاتانە برەویان بە جیاوازیی زمان دەدا[10].

سێ زمانی سەرەکیی کوردی‌و چەند دایەلێکتێکیش هەن، ئەگەرچی نەتەوەییەکانی کورد گفتوگۆی ئەوەیان کردووە کە ئەو سێ زمانە کوردییە



بریتین لە دایەلێکتە جیاوازەکانی هەمان زمان. جیاوازییەکانی نێوان ئەو بەشانە زۆر لەوە زیاترن کە بە هەر ئاستێکی پێوانەیی زمانەوانی بیانوو بۆ ئەوە بهێنرێتەوە کە لە پۆلێنکردنی ئەو زمانانەدا دایەلێکتەکانی هەمان زمان بە زمانی جیاواز دانراون. ئەگەر کەسێك بیەوێت هەر کوردێکی نیشتمانی بێزار بکات یان هەر سوپاسگوزارییەکی بەهێندگیراو بێ بەها بکات، دەبێت ئەو کەسە دەربارەی زمانی کوردی بدوێت[11]. بە کورتی سێ زمانە کوردییەکە بریتین لە:

1) کوردی: کە دایەلێکتی گۆرانی‌و سلێمانی دەگرێتەوە. گۆرانی زیاتر کوردەکانی کرماشان (باختەران) لە ئێران پێی دەدوێن کە زۆر نزیکە لە لوڕییەوە کە زمانێکی ئێرانییە لوڕەکان قسەی پێدەکەن. لوڕو کورد لە کرماشان دوو دەستەی ئیتنیکی سەرەکی پێك دەهێنن. کوردی دیسان لە لایەن هەندێ کوردی عێراقەوە قسەی پێدەکرێت.

2) کرمانجی: گەورەترین ژمارەی کورد قسەی پێدەکات بە تایبەتی کوردی تورکیا. لە بواری بەکارهێناندا زمانی ئەدەبی کوردییەو هەروەك بە دەوڵەمەندترین زمانی عامی کوردی دادەنرێت. کرمانجی دابەش دەبێت بۆ کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو. کرمانجی سەروو لە لایەن زۆربەی کوردەکانی رۆژئاواو ئەو کوردانەی لە ناوچەی قەوقازی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دەژین قسەی پێدەکرێت. لە کاتێکدا کرمانجی خواروو دانیشتووانی ناوەندی کوردستان قسەی پێدەکەن.

3) زازا: کە لە بەشەکانی باکوورو باکووری رۆژئاوای کوردستان بالادەستەو هەروەها هەندێ کوردی هەرێمی ئازربایجانی رۆژأوا لە ئێران‌و ناوەندی تورکیا پێی دەدوێن[12]. زازا زمانێکی کەمتر پەرەسەندووی ئەدەبی کوردییە. سەرباری ئەوە لەبەر نەبوونی ئێزگەی رادیۆو هۆیەکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوە بە زمانی زازا، ئەم زمانە کوردییە لە بارێکی دواکەوتوودا ماوەتەوە چ لە رووی پەرەسەندنەوە چ لە رووی بەکارهێنانەوە، هەروەکو

www.pertwk.com

ئامرازێکی پەیوەندیکردنی ناوخۆیی و دەرەوەی کوردیش بەکار نەهاتووە[13].

وەکو باس کرا ئەم زمانە کوردییانە بە شێوەیەکی تەواو سنووردارن، بە گوێرەی (زازا)ش بۆ قسەکەری دوو زمانەکەی تر بەکارهێنانی زەحمەتە. سەرباری ئەوە توانای زانینی زمانی گشتی وەك بەشێکی تەواوکەری نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی زۆر بەهێز لە نێو نەتەوەییەکانی کورددا دەمێنێتەوە. بەهەرحاڵ هەروەك جۆرج هاریس تێبینیی کردووە جیاوازییە هەرە دیارەکانی زمان ڕێگایان لە پەرەسەندنی ناسنامەی گشتیی نەتەوەیی کوردی گرتووە[14].

بێجگە لەو پەنجا هەزار یەزیدییەی (کە وەکو خەڵکی ئاوەکی شەیتان پەرست ناسراون و بەڵام لە راستیدا پەیڕەوکەری لقێکی مەزهەبی شیعەن کە ئەویش شیعەی ئیسماعیلییە) چەند هەزار مەسیحی و زەردەشتی و دووبەرە خێزانی جولەکەش لە شاری سنەی ئێراندا هەن[15]. زۆربەی هەرە زۆری کورد مسوڵمانن[16]. بە شێوەیەکی گشتی بەلای کەمەوە دوو لەسەر سێی کوردەکان شافیعی سونە مەزهەبن. بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردی ناوچەی کرماشانی ئێران شیعە مەزهەبن کە ئەویش مەزهەبی سەرەکیی ئێرانییەکانی ترو مەزهەبی رەسمیشە لە وڵاتدا. هەروەها موریدی تەریقەتەکانی تەسەوفیش هەیە لە کوردستاندا بە تایبەتی موریدی تەریقەتی نەقشبەندی و هەندی عەلی ئیلاهی. عەلی ئیلاهیش ئەوانەن کە عەلی بە یەکەم ئیمامی شیعە دادەنێن.

کوردی سونە و شیعە دوژمنایەتی دیاری مەزهەبییان بەرامبەر بەیەك نیشان نەداوە. بەڵام ناکۆکی نێوان کوردی سونە و شیعەی ئازەری زمانی دانیشتووی ئازربایجانی رۆژئاوا گەیشتۆتە ئاستی تەقینەوەو پێکدادان. ململانێی نێوان سونە و شیعە لە ئێراندا پاش شۆڕش پەرەیان سەندووە لە نێوان شێخ عیزەدینی حسێنی رابەری رۆحیی کوردی سونەی ئێران و ئەحمەدی موفتی زادەی لایەنگری کۆماری ئیسلامی و رابەری کوردە



شیعەکانی کرماشان. ئەم ناکۆکییانە لەسەر ململانێی ئایینی و جیاوازیی مەزهەبی نێوان سونە و شیعەی ئیسلامی سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو لەسەر جیاوازی لە ئاستی دڵسۆزێتیدا بۆ حکومەتی ئێرانی دەرکەوتوون، لە کاتێکدا موفتی زادە هەمیشە دڵسۆزی تیۆقراتی ئێرانی بووە و هەرواش ماوەتەوە، شێخ عیزەدینی حوسێنی بوو بە رەخنەگرێکی سەرسەختی کۆماری ئیسلامی و لایەنگرێکی چالاکی داواکاری ئۆتۆنۆمی بۆ کورد[17].

## بە پاشکۆکردنی سیۆسیۆ – ئابووری کوردی

بە جیاواز سەیرکردنی کەلتوریانە و سیۆسیۆسیاسیانەی دەستەیەکی ئیتنیکی لە لایەن کۆمەڵگایەکی گەورەترەوە ئەوەیە کە جوان نەیجل ناوی ناوە (پەیوەندیی ناهاوسەنگی ناوەند – پەراوێز)[18]. ئەم جیاوازیکردنە بەشداریی کردووە لە حاڵەتی پڕ ئازاری هوشیاری ئیتنیکی کوردیدا. پەرەسەندنی تا ئەندازەیەك گەورەتر لە ناوەنددا بەرامبەر هەرێمە کوردییەکان وەکو پەراوێزو پەیوەستبوونی سیۆسیۆسیاسیانە و ئەزموونی نایەکسانی ئابووریانەی کورد بۆتە هۆی دروستکردنی حاڵەتێك کە هاوشێوەی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆییە، ئەمەش فرانك یۆنگ ناوی لێناوە (سیستەمی پاشکۆی چالاکبوو)[19]. بزوتنەوە دیسان چالاکبووەکان ئەوانەن کە دەستە پەراوێزییەکان یان پاشکۆکان لە کاردانەوەدا بۆ خۆدوورخستنەوە لە میکانیکییەتی دەسەڵاتی دەوڵەت (کە ئەو دەسەڵاتە یان ناوەندە یان گروپە باڵادەستەکان لە کۆمەڵدا پیادەی دەکەن) دروستی دەکەن. بێگومان ناهاوسەنگیی نێوان ناوەند – پەراوێز (ناوەند – کەنار) هەر لە نێوان خۆیی و بۆ خۆی نییە، بەڵکو بە تەواوی دەشبێت بەهۆی چڕکردنەوەی ململانێی ئیتنیکی. بابەتی وروژێنەر پێویستە و وەکو ئەوە وایە کەسێك پێشکەشی کردبێت کاتێك ناوەند دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست یان نفوز پەیدا بکات یان کۆنترۆڵی هەندێ بەشی کەنار بکات[20]. وەڵامدانەوەی دەستەی ئیتنیکی

www.pertwk.com

لە کەناردا بە شێوەیەکی ئاسایی لە گۆڕاندا دەبێت لەو حەڵەتانەدا کە ناوەندی سیاسی بە توندی لە لایەن دەسەڵاتی ئامادەی کەلتووری کۆمەڵگایەکی گەورەترەوە دەسەڵاتی بەسەردا کرابێت[21].

پەیوەندییە ناهاوسەنگەکانی ناوەند – کەنار بە درێژایی زەمان خاسیەتی بە بەربڕاوی حاڵەتی کورد بووە لە ئێران‌و عێراق‌و تورکیادا. سەرباری ئەوەی کە چەند هۆیەکی تایبەتی هەبوون بۆ تاودانی دۆزەخی کورد کە لە وڵاتێکیانەوە بۆ وڵاتێکی تریان ئەو هۆیانە جیاواز بوون. بۆ نموونە نایەکسانیی ئیتنیکی لە ئێراندا بەشێکی بەندە بە هاوچەرخێتی نائاسایی سەردەمی پاشایەتی پەهلەوییەوەو بەشێکی تریشی بەندە بە دەرەنجامی پەیوەستبوونی ئابووریی ئێران بە سیستەمی سەرمایەداری جیهانییەوە. بەرهەمی ناسەرەکی بەرنامەکانی هاوچەرخکردن لە سەردەمی هەردوو شاهەنشای پەهلەویدا بریتی بوون لە دروستکردنی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز کە توانای پیادەکردنی تا رادەیەك تەواوی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری بەسەر کارکەرە نادەوڵەتییەکانی وەك دەستە ئیتنیکییەکاندا هەبێت. ئەوە حکومەتی ناوەندییە کە توانای گواستنەوەی ئەو هەرێمە دوورەدەستانەی وڵاتی هەبووە کە کەمایەتییە ئیتنیکی یان زمانییەکانی لیێ دانیشتوون بۆ ناوچەی ئابووریی کۆنترۆڵکراو لە لایەن ئامرازەکانی ناوەندی سیاسییەوە لە تاران.

بێگومان بەکارهێنانی هێزو شێوازی سەرکوتکەرانە دەورێکی هێجگار گەورەیان بینیووە لە درێژەپێدانی پەیوەندییە ناهاوسەنگەکانی ناوەند – کەناردا، بەڵام دیسان شێوازی تریش بەکارهێنراوە. سەرخێڵەکان یان سەرۆکەکان یەکخراون بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی سیۆسیۆئابووری دەوڵەتی – ناوەندی پەرەسەندووو فراوانکردنی بیرۆکراتییەتی دەوڵەت کە زۆرێك لە سیستەمی سیۆسیۆسیاسی خێڵایەتی هێنایە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوەو بواریشی بە حکومەتەکە دا کە ئامرازەکانی دارایی خۆی بەو



ناوچانەدا بڵاو بکاتەوە. پێشکەشکردنی بڕیاری بەرفراوانکردنی سەربازی زیاتر بنیادی سیۆسیۆئابووریی ناوچە خێڵایەتییەکانی گۆڕی بۆ بنیادێکی سوپایی کە وەکو هێزێکی یەکگرتووو سەر بە ناوەند لە ئێراندا کەوتە کارکردن. کاتێك ژمارەیەك خێڵی پەرەسەندووی کورد نیشتەجێ بوون، گوندی کشتوکاڵی بوو بە یەکەی باج لێوەرگرتن‌و سەرچاوەیەکی سەرەکی کاری لادێ بۆ کوردیش‌و بۆ خاوەن مڵکە نادیارەکانی غەیری کوردیش[22].

هاوچەرخبوونی ئێران داواکاری بۆ کاری دەست لە پرۆژە پەرەسەندووەکانی لە جۆری بیناسازی‌و ڕێگالێدان هێنایە کایەوە. ناوچە پەراوێزییە خێڵایەتییەکان ژمارەیەکی دیارییان لە کرێکاری نەشارەزا یان نیمچە شارەزای ئیشی دەست پێشکەشی ئەم پرۆژانە کرد. ئەم ناوچانە کرێکاری هەرزانیان خستە مەیدانی کارەوە بە مەبەستی هاوچەرخکردنی ناوەند. لەگەڵ ئەوەشدا هاوچەرخبوون شێوازە تەقلیدییەکانی سەرکردایەتی خێڵایەتی لەناو نەبرد، بەڵکو بوو بەهۆی دەرکەوتنی شێوازێکی نوێی بنیادی چینایەتی‌و پەیوەندییە وابەستەییەکان لە کەناردا.

ئابووریی بڵاوی دەوڵەت چینە وابەستەکانی کەناری بەستووە بە چینەکانی ناوەندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا فارسەکان کۆنترۆڵی دەوڵەتیان کردووەو بەرنامەی یەکخستنی کەلتوورییان لە هەموو وڵاتدا فەرز کردووە کە نکوڵی لە مافی کەلتووری کەمایەتییەکان دەکات. سەرەتای ئاشکرابوونی هوشیاری نەتەوەیی لە نێو کەمایەتییەکاندا دەرکەوتووە کە وەکو کاردانەوە وایە بەرامبەر بە دەسەڵاتی کەلتووری فارسی‌و لە هەمان کاتدا بەرژەوەندیی کەمایەتییە دیارەکان دەنوێنێت. بەم جۆرە هوشیاریی کەمایەتییەکان سنووریان بۆ دانرابوو کە تەنیا داواکاری سەربەخۆیی کەلتووریی بوون‌و لە ڕووی دەسەڵاتی چینایەتیدا نەوەستان، نە لە ناوچەی کەمایەتییەکان خۆیاندا نە لە بەشەکانی تری وڵاتیشدا[23].

پێوانەکانی تر بۆ نەبوونی یەکسانی ئیتنیکی لە ئێراندا لە بوارەکانی

www.pertwk.com

پـەروەردەو تەندروسـتیی گشـتیو بەرژەوەنـدیی گشـتیو ئاسـتی لـەرادە بەدەری هەژاری لە کۆمەڵە ئیتنیکییەکاندا خۆی دەنوێنێ. لە کاتێکدا رێژەی خوێنـدەواری لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی هـەرێمی کوردسـتاندا لـە سـاڵی 1960دا، 14.3٪ بـووەو لـە سـاڵی 1976دا بـووە بـە 30٪، بـەڵام رێـژەی خوێنەواری لە ناوەندا کە ناوچە فارسییەکان دەگرێتەوە (66.1٪)ە[24].

سەرباری گرنگی دان بە بواری تەندروستیی گشتیو بەرژەوەندیی گشتی 80.7٪ یەکـەکانی نیشـتەجێبوون لـە هـەرێمی ناوەڕاسـتدا سـاڵی 1976 کارەبای هـەبووە، لـە کاتێکدا رێـژەی 19.5٪ی یەکـەکانی نیشتەجێبوون لـە کوردستاندا لە هەمانساڵدا کارەبای هەبووە. تەنیا رێژەی 12٪ی ماڵـەکان لـە حەوشەکانیاندا ئاویان هـەبووە لـە کوردستانی ساڵی 1976دا، لـە بەرامبـەر 74.9٪ی ناوچەکانی ناوەڕاستدا[25]. ئەمە جگە لەوەی کە ئاماری بڕواپێکراو لەسـەر ژمارەی پزیشکەکانی کوردستان دەست ناکـەوێت، بەڵام بـە ئاشـکرا کەموکورتییـەکی لـە بەرچاو لـە ستافی پزیشـکیو نەخۆشـخانەی خەواندنو تاقیگـەی پزیشـکی هەیـە لـە ناوچـە ئیتنیکییـەکانی وڵاتـدا. ئـەم حاڵـەتـە لـە سـەروەختی شۆڕشـی ئێرانییـەوە لـە ساڵانی 1978 – 1979دا خـراپتر بـووە بـەهۆی کۆچـکردنی یـەك بـە دوا یـەکی پزیشـکەکان بـۆ دەرەوەی وڵات. لـە ئەنجامی هەڵسەنگاندندا دەرکەوت کە نزیکەی پانزە هەزار پزیشك لـە ئێرانـدا هەیـە، نزیکـەی هەشت هـەزاریان لـە تاران نیشتەجێنو ئـەوانی تریشیان لـە هەندێ شاری گەورەی وەکو ئەسفەهانو شیرازدان.

لەگـەڵ لـە بەرچاوگرتنی هـەموو پلەیـەکی هەژاریـدا نایەکسـانی ئیتنیکـی تـەواو ئاشـکرا بـووە لـە ئێرانـدا. ئەگـەر پێوانـەکانی ئەکبـەر ئاغـا جـانی بـۆ هەژاریی وەربگرین دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونو خـەرجی بەکارهێنانی ساڵانە کـە لـە 875 دۆلار کـەمترە، ئـەوا دەبێـت بـزانین کـە تێکڕایـی خێزانـە کوردەکان دەکەوێتە ژێر هێڵی دیاریکراوی هەژارییەوە لە ساڵانی حەفتاکاندا کە رێژەکەی (30.8)ە، لە کاتێکدا کە هێڵکاریی هاوشێوەی ئەوەی سەرەوە بۆ



دیاریکردنی رێژەی هەژاری لە ناوچەکانی ناوەڕاستدا (21)ە[26].

لە عێراقدا نەبوونی سەرژمێری بڕواپێکراوو لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیۆسیۆئابووریی کورد رێگایان لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری مەوزوعییانەی نایەکسانیی کوردو عـەرەب گرتـووە. بـەڵام هێشتا دەکرێت هەنـدێ تێبینیـی گشـتی بخرێتـە روو. ناوچـە کوردییـەکان کـەمتر هاوچـەرخێتی بـوونو پیشەسازییان بەخۆوە بینیـووە لەچاو بەشـەکانی تـری وڵاتـدا، کاتێك پـرۆژە گـەورەکانی پیشەسـازی بنیـاد نـراون بـە تایبـەتی لـە بـواری نەوتـدا ئـەوا کەوتوونەتـە شـارە کوردەکـانی وەکـو کـەرکوكو موسـڵەوە کـە ئەمانـەش لـە دەرەوەی سنووری ئۆتۆنۆمی بە رەسمی دان پێدانراون.

سـەرباری زۆری سەرچـاوە سروشـتییەکانی وەکـو نـەوتو ئاسـنی خـاوو زەویی بە پیت لە کوردستاندا، بەشی کوردستان لە بودجە زۆر نزمـەو رێـژەی 7٪ تا 10٪ی تێکڕایی بودجەی عێراقە. هـەتا جـەنگی کەنداوی ژێـر سایەی سەرکردایەتی ئەمەریکا لە ساڵی 1991دا زۆربەی ئەو مادده خاوەی عێراق لە پیشەسازیی ئاسنو ستیلدا بەکاری دەهێنا ناوچە کوردییەکان پێشکەشـی کردووە، بەڵام کارگەکانی پیشەسازیی ئاسنو ستیل کەوتوونەتە شوێنەکانی تـری وڵاتـەوە. تـووتن هـەر لـە دێرزەمانـەوە سەرچـاوەیەکی گـەورەی ئـابووری بـووە لـە کوردسـتاندا بـەڵام سـوودی بـە کـورد نەگەیانـدووە چـونکە حکومـەت دەسەڵاتی بەسەر پیشەسازیی تووتندا (جگەرە) کردووە بە مەبەستی دانـانی فشـاری ئـابووری لەسـەر کـورد[27]. بـە هـەموو مانایـەك کۆڵۆنیـالیزمی نـاوخۆو ناهەوسەنگی پەیوەندییەکانی ناوەند – کەنار خۆی هاوێشتووەتە نێـو پێوانـە ئابوورییەکانی پەیوەندیی کوردو عەرەبەوە لەم دە ساڵانەی دواییدا.

لـە بـواری لایەنـەکانی پێشـکەوتندا، پرۆژەکـانی رێگاوبـان لـە کوردسـتاندا زۆر سـەرەتایی بوون.. هـەتا ئەوکاتـەی کـە جـەنگی کەنـداو ئـابووریی عێراقـی هـەرەس پێهێنـا لـە ئـەنجامی ئەوەشـدا چـالاکییەکانی بیناکردنـەوە لـە وڵاتـدا ئیفلیج بـوو. ئەگەرچـی کوردەکـان قەناعـەتیان وابـووە کـە مەبەسـتی سـەرەکی

www.pertwk.com

لەو پرۆژانە بۆ ئاسانکردنی هەلومەرجی جوولەی خێراو ناردنی هێزی گەورەی زەمینیی عێراقە بۆ قولایی ئەو ناوچانەی کە ئاژاوەیەکی تیادا سەرهەڵدەدا[28]. یامەتیی حکومەت بۆ نیشتەجێکردنی بەکۆمەڵی خەڵك لە پێش شەڕەکەدا دیسان جێگای سەرنج بوو. حکومەتی عێراقی بەرنامەی بیناکردنی (گوندی هاوچەرخ) یان ئۆردوگای زۆرەملێی دانا کە لەم ئۆردوگایانەدا خانوو بە تەنیشت یەکەوە دروست کران بۆ ئەوەی بە ئاسانی چاودێریی جموجۆڵی خەڵکەکەی بکرێت. دیسان جارێکی تر کوردەکان ئامانجی حکومەتیان لە دروستکردنی ئەو ئۆردوگایانە دەرخستەوە کە بۆ بەستنەوەی دانیشتوانەکەی‌و ڕێگاگرتن بوو لە پەیوەندیکردن بە پێشمەرگەو جەنگاوەرەکانی کوردەوە[29].

لە ساڵی 1958دا لەگەڵ رووخاندنی حکومەتی پاشایەتیدا هەوڵێکی گەورە درا بۆ چاککردنی باری ناهاوسەنگیی سیۆسیۆئابووری لە ناوچە کوردییەکانی وڵاتدا لە لایەن حکومەتی نوێوە. چاککردن لە بواری پەروەردەو فێرکردندا گەیشتە ئاستێکی بەرزو خودی پەروەردەو فێرکردن بوو بە هۆکارێکی یەکێتیی دروستکردن بۆ بنیادنانی کۆماری نوێی عێراق. لە ئەنجامی دان نان بە کورددا وەکو بەشێك لە کۆمەڵگای عێراقی، حکومەت لە ساڵی 1960دا دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی دامەزراند[30]. لە بەرنامە دوانزە خاڵییەکەی ساڵی 1966ی حکومەتدا کوردەکان دەسەڵاتێکی رووکەشیان بەسەر کاروباری پەروەردەییدا پێدرا لە ناوچەکانی خۆیاندا، سەرباری ئەوەش هەموو عێراقییەکان هان دران بۆ خوێندنی کوردی.

سەرەڕای ئەوەش، کاتێك حکومەتی عێراق قورسیی خستە سەر دەوری پەروەردە لە پەرەپێدان‌و پێشخستنی (هەستکردن بە ناسنامەی نەتەوایەتی‌و بەئاگابوون لە میراتی کەلتووری عەرەبی‌و ناسیۆنالیزمی عەرەبی) ململانێ پەرەی سەند[31]. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا، کورد بەردەوام بوو لە



داواکردنی دان نان بە زمانی کوردیدا وەکو هۆکارێکی فێرکردن لە قوتابخانە کوردییەکانداو وەکو ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی. لە ئاکامدا لە ڕێکەوتنێکدا کە لە 11ی ئازاری ساڵی 1970 لە نێوان حکومەتی عێراقی‌و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئیمزا کرا، حکومەت دانی نا بە داواکانی کورددا. جگە لەوەش رازی بوو کە کۆڕی زانیاریی کورد بۆ پەرەپێدانی زمان‌و کەلتووری کوردی دابمەزرێت[32].

کورد ئیمتیازی زۆرتری لە حکومەتی عێراق بەدەست دەهێنا لە بواری سەربەخۆیی زمان‌و کەلتووری کوردیدا ئەگەر یاسای بە ناو ئۆتۆنۆمیی ئازاری 1974 بکەوتایەتە بواری کارپێکردنەوە. جێگای خۆیەتی کە تێبینیی ئەوە بکرێت سەرجەم ئەو ئیمتیازانە لە کورد سەندرانەوە کاتێك رژێمی عێراق کەوتە داوی شەڕێکی دوڕاوەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کورددا. بەهەرحاڵ هەروەك دواتر لێی دەدوێین حکومەتی عێراقی دەسەڵاتی خۆی سەپاندەوە بەسەر کاروباری کورددا کاتێك ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی 1975 لە نێوان عێراق‌و ئێراندا ئیمزا کرا کە بەر لە هەموو شتێك کۆتایی بە پشتگیریی ئێران بۆ چەکدارەکانی کورد هێنا.

دوای ئەوە هەوڵەکانی عەرەبچێتی زیادیان کرد. ناوی گەلێك شارو گوندی کورد گۆڕرا، ئەگەرچی ئەوە کارێکی سەرکەوتوو نەبوو. بۆ نموونە کەرکوك بوو بە تەئمیم، حاجی هۆمەران ناونرا ئەلنەسر. زۆر ڕێکخراوی رۆشنبیری کوردی هەڵوەشێندرانەوەو جارێکی تر کتێبە مەنهەجییەکانی خوێندن چاپ کرانەوە بە مەبەستی لابردنی وشەی (کوردستان)و دانانی (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) لە جیاتی. ئەندامانی کوردی لیژنەی زانکۆی سلێمانی گواسترانەوە بۆ ناوچە غەیرە کوردەکانی ولات. لە بەرنامەی ناوەندی وەرگرتن‌و تۆمارکردن (مرکز التسجيل والقبول) حکومەتی بەغدا بواری زیاتری بۆ قوتابیانی غەیری کورد کردەوە کە بچنە زانکۆی سلێمانی‌و هەلی پەروەردەیی لە بەردەم کورددا وەکو نەخشەیەکی داڕێژراو بۆ خزمەتی

www.pertwk.com

کۆمەڵگای کوردی لە عێراقدا تەسك کردەوە[33]. لاوازبوونی ئەمڕۆی حکومەتی بەعس لە عێراقدا لەوانەیە جارێکی تریش ببێتەوە بەهۆی ڕێکەوتنێکی کاتی لە نێوان حکومەتو سەرکردە کوردەکانداو هەر ئەو لاوازییەش جیاوازیکردن بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە عێراقدا کەم بکاتەوە.

بە پێچەوانەی عێراقو ئێرانەوە کە کەمایەتییە ئیتنیکییەکان بە رەسمی دانیان پێدا نراوە، دوانزە ملیۆن کوردی تورکیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ قوربانی دەستی بڕیاری رەسمی جیاوازیکردنو پشتگوێ خستن. هەروەك لە بەشی چوارەمدا گفتوگۆی دەکەین، دەوڵەتی نوێی تورکیا سەرقاڵی پێکهێنانی تاکە ناسنامەیەکی تورکی بووەو بۆ ئەو ئامانجەش بە توندی لە رووی دەرکەوتنی هەر پاڵنەرێکی ئیتنیکی نەتەوایەتی لە سنووری وڵاتەکەیدا وەستاوە. لە ئەنجامدا داواکارییەکانی کورد بۆ مافی چارەنووس وەك خیانەت لێیان روانراوە.

کوردەکان یان(تورکی چیایی) کە بە شێوەیەکی ناشیرین لە تورکیا وایان پێ دەڵێن، بە ئاشکرا هیچ زەمانەتێکی ئازادی کەلتوورییان لە تورکیا نەبووە. تەنانەت ئێستاش بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تورکیا بە پێی یاسا قەدەغە کراوە. لەبەر یاسای رەسمیی توندی جیاوازیکردن بەرامبەر بە کورد، کوردی تورکیا گیانی دژوەستانی لە رادەبەدەر تیایاندا دژی دەوڵەتی تورکی پەرەی سەندووە کە لە گیانی دژوەستانی کوردی عێراقو ئێران بەهێزترە. بە پێچەوانەی حیزبە گەورەکانی کوردەوە لە ئێرانو عێراق حیزبی باڵادەستی کورد لە تورکیا کە پارتی کرێکارانی کوردستانە بە ئاشکرا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەکات لە بری هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی تورکیادا. ئەگەرچی توانای زۆری دەوڵەتی تورکی وا دەکات کە تا رادەیەکی بەرز گەیشتنی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لەم وڵاتەدا نەشیاو بێت[34].

داواکردنی سەربەخۆیی تا مەودایەکی فراوانیش بە گوێرەی ئێران، یان



تەنانەت لە عێراقی لاوازدا داوایەکی دروستە. لە دوا شیکردنەوەدا، خەباتی کورد لە پێناوی سەربەخۆییدا پێویستە مونافەسەی یەکێتیی ئیقلیمیو پێداویستی ئەمنی قەومیی دەوڵەتی ئەو سێ نەتەوەیە بکات. گرنگی دان بە رژێمی نەتەوەیی خاوەن دەوڵەت لە کاروباری نێو نەتەوەییداو ئارەزووبوون بۆ پاراستنی جێگیریو ئاسایش لە ناوچەکەدا بە سوودی دەوڵەتە گەورەکانی دەرەوەیە. داواکارییەکانی یەکگرتنەوەی هەرێمەکانی(بەشەکانی) نەتەوەی کوردی بێ دەوڵەت ناشێت ئەو پشتگیرییەی دەرەوە بەدەست بهێنێت کە بۆ ئەو مەبەستە پێویستییەتی.

سەرباری پاڵپشتکردنی چەندجارەی بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس، حکومەتەکان مەیلی لە رووداو وەستانی داواکارییەکانی جیاخوازانیان هەیەو پشتگیری ئیعتباری ئیقلیمی دەکەن، تەنانەت لە بەرامبەر پشتگیریکردنی گشتی(تاکە نەتەوەیەکی کۆیلەدا) چونکە دەوڵەتان لە ناکۆکیی شاراوەی نێو کاروباری نێودەوڵەتی دەترسن، ئەگەر هەر نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت داوای سەربەخۆیی سیاسی بکاتو بە دەستیشی بهێنێت[35]. هەرچەندە دان نان بە مافە یاساییەکانی کورددا هەڕەشە لە یەکێتیی ئیقلیمیو توانای سیاسی ئێرانو عێراقو تورکیا ناکاتو پێویستە ئەو داوایە لە لایەن ئەم دەوڵەتانەو دەوڵەتانی تری ئیقلیمیو کۆمەڵەی نێودەوڵەتییەوە بەهێز بکرێت[36]. ئەمەش تەنها بریتی نییە لە مافێکی ئەخلاقی، بەڵکو سیاسەتێکی دیارو گەوهەریشە بۆ پاراستنی سەقامگیریی درێژخایەن لە ناوچەکەدا.

www.pertwk.com

## تێبینیی وەرگێڕ

نووسەر تووشی هەڵە بووە کاتێك دەڵێت: سێ زمانی سەرەکیی کوردیو چەند دایەلێکتێکیش هەن. لە راستیدا لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمان دەری دەخەن کە زمانی کوردی یەك زمانەو زانستی مێژوویی زمان ئەوەی سەلماندووە کە دەشێ زمانێك چەند زاراوێکی هەبێت کە ئەویش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتیو مێژووییو سیاسیو تۆپۆگرافییەوە دروست دەبێت. زمانی کوردی لە ژێر کاریگەریی هۆکاری تۆپۆگرافیای کوردستاندا کە تۆپۆگرافیایەکی نالەبارە دابەش بووە بۆ چەند زارێك بەڵام نزیکییەکی تەواو لە نێوان ئەم زارانەدا هەیە، رەنگە بۆ کەسێکی بێگانە کە بێتە کوردستانو شتێکی کەم لە زمانی کوردی بزانێت وا هەست بکات کە ئەم زارانە هەریەکەیان زمانێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەگەر توێژینەوەی زارەکانی زمانی کوردی لە رووی زاراوەو رێزمان بە گشتیو سینتاکس بە تایبەتی بکرێت ئەوا دەردەکەوێت کە ئەو زارانە پێکەوە زمانی کوردی پێك دەهێنن. نووسەر لەم بۆچوونەیدا زیاتر رای ئەو کەسانەی پەسەند کردووە کە دەیانەوێت کورد وەکو نەتەوەیەکی یەکگرتوو سەیر نەکەنو بەڵکو وای دابنێن کە کورد لە نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێك نەهاتووە بەڵکو مادەم سێ زمانی هەبێت مانای وایە دەبێت سێ نەتەوەش بێت، ئەم بۆچوونەش لە ژێر کاریگەریی هۆکاری چەمکی پان ئێرانیزم، پان تورانیزم، پان عەرەبیزمدا دروست بووە کە ئەم سێ چەمکە شۆڤێنییە دەیانەوێت سێ نەتەوە کە لەو کاتەدا دەشبێتە سێ کەمایەتیی کوردی دروست بکەن، یەکێك لە ئێران، یەکێك لە تورکیا، یەکێك لە عێراق. بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی پشتگیری ئەم بۆچوونە ناکاتو نایسەلمێنێت.



نادر ئینتیسار کە بە رەگەز فارسەو پرۆفیسۆری زانستی سیاسیو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، ئێستا خاوەنی کورسیی تایبەتییە لە کۆلێژی سپرینگ هیڵ بۆ بابەتی زانستی کۆمەڵایەتی.

نادر ئینتیسار تاکو ئێستا چەند بابەتێکی گرنگی لەسەر کوردو مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیو کێشەی کوردو کەلتووری کوردی بە زمانی ئینگلیزی نووسیووە کە گرنگترینیان کتێبی (ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی)یە کە ئەم باسەی سەرەوە بەشێکە لەو کتێبە. هیوادارم بەشەکانی تریشی بخەمە بەرچاوی خوێنەری خۆشەویستی کورد.

www.pertwk.com

# بەشی دووەم

## کورد لە ئێراندا

بزوتنەوەی هاوچەرخی کورد لە ئێراندا کە لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا خەبات دەکات دیاردەیەکی مێژوویی نوێیەو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە. هەروەك پێشتر گوتمان کوردەکان لە ململانێی نێوان فارس‌و عوسمانیەکاندا بوون بە بزوێنەرێکی گرنگی ئەو ململانێیە کە سەرەتای دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی شانزەهەم.

هەر لەگەڵ بەدەستگرتنی دەسەڵاتی ئێران لە لایەن سەفەوییەکانەوە، سوڵتانی عوسمانی لە ڕێگای سوود وەرگرتنەوە لە هاومەزهەبێتی (سوننە) لەگەڵ کوردەکاندا هەوڵی داوە بۆ ڕاکێشانی کورد بە لای خۆیداو بەکارهێنانی بە دژی شیعە سەفەوییەکانی ئێران[1]. بە یارمەتیی سوڵتان سولێمانی عوسمانی ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکانی کورد دژی دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی سەفەوی ڕاپەڕین. کاتێك شا ئیسماعیل هەستی کرد کە مەترسی لەسەر ئیمپراتۆرەکەی هەیە لە ناوخۆدا، بە خێرایی بەرپەرچی ئەو ڕاپەڕینەی کوردەکانی دایەوە. سەرۆك خێڵە هەرە دیارەکانی کورد پێکەوە کۆکرانەوەو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان خرایە ژێر سایەی دەسەڵاتی سەرکردایەتیی تورکە قزڵباشییەکانەوە کە ئەم قزڵباشییانە بڕبڕەی پشتی سوپای عوسمانی بوون.

یەکەمین سەرکەوتنی شا ئیسماعیل بەرامبەر ڕاپەڕینەکانی کورد لە ئابی ساڵی 1514دا پێچەوانە بووەوە کاتێك هێزەکانی سوڵتان سلێمان بە



پاڵپشتی کوردەکان سوپاکەی شا ئیسماعیلیان لە شەڕی چاڵدێران لە باکووری ڕۆژئاوای ورمێدا شکاند، ئەمەش یەکەمجاربوو کە بەشێك لە هەرێمی کوردی لە ئێران جیا ببێتەوەو عوسمانییەکان بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە[2].

لە ماوەی سەدەی شانزەدا هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی‌و سەفەوی دەستیان کرد بە دانانی بنیادنانی بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی مەرکەزیی بەهێز، ئەوەش سیاسەتێك بوو بە دژی ئازادیی سنوورداری میرنشینە کوردەکان‌و ئاراستەکراو بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی کورد. ئەگەرچی ڕاپەڕینەکانی کورد لە لایەن سوپای عوسمانی‌و ئێرانییەوە تێکشکێنران بەڵام سەرۆکی دەوڵەتەکان گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کە پێویستە ڕێککەوتنێك بکەن بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی کوردەکان. ساڵی 1639 ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران‌و عوسمانی لە لایەن سوڵتان مورداو شا عەباسەوە ئیمزا کرا. لەم ڕێککەوتنەدا هەردوو لا سەرکەوتووانە ناوچەی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا (عوسمانی‌و سەفەوی) دابەش کرد. لەگەڵ ئەو ڕێکەوتنەدا حکومەتی مەرکەزیی ئێرانی توانیی خانە کوردەکان ملکەچ بکات‌و دیفاکتۆی دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی میرنشینە کوردەکان لەناو ببات. لە پێناوی دەسەڵاتکردن بەسەر ڕاپەڕینەکانی کورددا ئیمپراتۆری ئێرانی سوودی لە ناکۆکیی خێڵایەتیی نێوان خێڵە کوردەکان وەرگرت‌و سیاسەتی (گێزەرو عەسا)ی پەیڕەو کرد شان بە شانی سیستەمێکی هەڵبژاردە کە پەیڕەوی سزاو پاداشتی دەکرد[3]. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا هەموو میرنشینە کوردەکان بەجۆرێك کەوتبوونە ژێر سایەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حکومەتی مەرکەزیی ئێرانەوە. میرنشینی ئەردەڵان دوا میرنشین بوو کە ساڵی 1865 ڕووخا. دواترین‌و دەشێ گرنگترین ڕاپەڕینی کورد لە سەدەی نۆزدەدا ئەو ڕاپەڕینە بووبێت کە ساڵی 1880 سەری هەڵدا کە بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبەیدوڵا بوو، ماوەیەکی

www.pertwk.com

کورتی خایاندو لەو ماوە کورتەیەدا شێخ عوبەیدوڵا توانیی ناوچەکانی نێوان دەریاچەی ورمیەو دەریاچەی وان یەك بخات، ئەمەش بریتی بوو لە یەکخستنی دوو بەشی کوردستان، بەڵام ئەم راپەڕینە لە هێرشێکی دوو سەرەی سوپای فارس‌و عوسمانیدا تێکشکێنرا[4].

کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی‌و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆشاییەکی دەسەڵات‌و ئیدارەی لە ناوچەکەدا دروستکردو رێگای بۆ خێڵە کوردەکان خۆش کرد جارێکی تر لە رووی دەسەڵاتی ئێرانییەکان‌و تورکەکان لە کوردستاندا رابووەستن. هەندێ جار ئەم راپەڕینانە زیاتر خاسیەتی شەڕی نێوخۆی خێڵایەتییان وەردەگرت‌و دەبوونە مایەی پەشێویی، هەندێ جار راپەڕینەکە هەر لە سنووری تاکە خێڵێکدا دەبوو، دژی بنیادی ئەو دەوڵەتە ئاراستە نەدەکرا[5]. بەڵام هەندێ جاری تر ئەو ململانێیانە هێجگار ئاڵۆز دەبوون‌و شەڕی نێوخۆی خێڵە کوردەکان‌و ململانێی نێوان کوردو کەمایەتییە ئایینی‌و زمانییەکانی تری دەگرتەوە. راپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ یەکەمین نموونەی ئەم جۆرە راپەڕینەیە. سمکۆ سەرۆك خێڵی شکاك بوو کە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی رۆژئاوای دەریاچەی ورمیەدا کردو هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانی دا، سەرکردایەتی ئەم راپەڕینە سمکۆ دەیکرد. دوای ئەوەی کە سمکۆ دەسەڵاتی خۆی بەسەر خێڵەکانی دراوسێیدا سەپاند، توانیی دەسەڵات بەسەر بەشی زۆری کوردستانی ئێراندا بکات کە ئەوەش لە ماوەی ساڵی 1920 بۆ ساڵی 1924 بوو.

لە تێڕوانینی سمکۆوە یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم سەربەخۆیی کوردستان بریتی بوو لە دانیشتوانی رۆژئاوای دەریاچەی ورمیە، ئەمەش هەر کوردەکانی نەدەگرتەوە بەڵکو شیعە ئازەرییەکان‌و ئاسورییە فەلەکانیشی دەگرتەوە کە هەردوو لایان ناکۆکیی درێژخایەنیان لەگەڵ کورددا هەبوو، پێشتر شەڕی تاڵ‌و پڕ کارەساتیان لەگەڵدا کردبوون. لە راستیدا شارەکانی ورمیە (رەزایە) سەڵماس‌و خویی بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێکهاتندا ئازەری



بوون‌و حەزیان نەدەکرد کە ببنە بەشێك لە کوردستانەکەی سمکۆ، لە ئەنجامی ئەوەدا شەڕ لە نێوان ئازەری‌و کوردەکاندا رووی دا.

سمایل ئاغای سمکۆ وای بە پێویست دەزانی کە دژی هێزەکانی رەزاخان خەبات بکات کە لە کودەتایەکی سەربازیدا لە شوباتی ساڵی 1921دا فەرمانی گرتە دەست کە پێشتر وەزیری جەنگ‌و سوپاسالاری سوپای ئێرانی بوو. رەزاخان کە هێزی ئێرانی سەرلەنوێ رێکخستبووەوەو مەرکەزییەتی بۆ دروست کردبووەوە، دەستی کرد بە رێکخستنی هێرش‌و شاڵاوبردن بۆ سەر سمکۆو سەرۆك خێڵە راپەڕیوەکانی تر. رەزاخان قەناعەتی وابوو کە کاری رووبەڕووبوونەوەی پێشتری بەرامبەر بە راپەڕینە خێڵایەتییەکان بە هێزێکی چەکداری بێ پشتی بچووکەوە ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو، بە سوودی هێزە راپەڕیوەکان شکایەوە. لە تۆڵەی ئەوەدا رەزاخان فەرمانی بە هێزە رێکخراوەکانی کرد تا بە چەکی قورس‌و هێزی مرۆیی راپەڕینەکان تێکبشکێنن. سوپای ئێرانیی قۆناغ بە قۆناغ شارە گەورەکانیان لە دەستی راپەڕیوەکانی کورد دەرهێنا. دەوروبەری ساڵی 1924 هێزە چەکدارەکانی سمکۆ کە دە هەزار چەکدار بوون کەم بوونەوەو هەزار چەکداریان لێ مایەوە کە ئەوانیش ئەندامانی خێڵی شکاك بوون. دوای ئەوەی کە هێزەکانی سمکۆ ئابلۆقە دران، حکومەتی ئێرانی لێبووردنی بۆ سمکۆ دەرکرد.

لە ساڵی 1925دا کە رەزاخان بوو بە رەزاشاو یەکەم پاشای بنەماڵەی پەهلەوی، سمکۆ بەڵێنی دڵسۆزیی هەتاهەتایی بەوو بە دەوڵەتی ئێرانی دا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سمکۆ بەشداریی راپەڕینێکی تری کوردەکانی کرد لە ساڵی 1926دا، لەگەڵ دوو سەرۆك خێڵی تری کورددا هاوپەیمانێتییەکیان پێکهێنا کە ئەوانیش حاجی ئاغای سەرۆك خێڵی هەرکی‌و بەگزادەی سەرۆك خێڵی مەرگەوڕو تەرگەوڕ بوون. دوای چوونە ناو سەڵماس‌و ئابلۆقەدانی شاپور، هێزەکانی ئێران هێرشیان کردە سەر هێزە کوردییەکان، ئەو هێزانەی ئێران لە ورمیەو شەرەفخان‌و خۆیی‌و ئازربایجانەوە نێردرا بوون‌و هێزە

www.pertwk.com

کوردییەکانیان ناچار کرد کە پاشەکشێ بکەن بۆ سنووری تورکیا کە لەوێشدا سمکۆ دەستگیر کراو بەند کرا. پاش ئەوەی کە سمکۆ لەو گرتنەی سنووری تورکیای ئازاد کرا، جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئێران کە لەوێ لە حوزەیرانی ساڵی 1930 نزیك شاری شنۆ لە پێکدادانێکی کورتدا لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا کوژرا[6]. (هەندێ سەرچاوەی کوردیو رۆژئاوایی وایان راگەیاندووە کە سمکۆ لە شەڕی دژی هێزە ئێرانییەکاندا نەکوژراوە بەڵکو لە 21ی حوزەیرانی ساڵی 1930دا لە لایەن هێزە ئێرانییەکانەوە لە پشتەوە کوژراوە لە کاتێکدا کە سمکۆ بانگهێشتی ئەو هێزانەی بۆ کۆبوونەوەیەك بە مەبەستی گفتوگۆکردن قبوڵ کردبوو لە پێناوی کۆتایی هێنان بە راپەڕینی کورد[7]).

راپەڕینی سمکۆ یەکەمین هەوڵی گەورەی کورد بوو لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئێراندا. هەرچەندە سمکۆ هەندێ سەرکەوتنی سەرەتایی بەدەست هێنا، بەلاّم شکستی یەکجارەکیی ئەم سەرکردەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی راستەقینەی کوردی بەهۆی بێ توانایی خودی سمکۆوە بوو لەوەیدا کە نەیدەتوانی لە تێڕوانینی تەسکبینانە رزگاری ببێت، هەروەك توانای ئەوەشی نەبوو کە دەوڵەتێکی هاوچەرخ بە پێی رێکخستنی ئیداریی نوێ دروست بکات. سمکۆ بە شێوەیەکی گشتی بایەخی بە پەشێویی دەداو کاتێك کە نەیدەتوانی تالاّنی خێڵەکەی خۆی یان خێڵە هاوپەیمانەکانی بکات، هێرشی لەناکاوی دەکردو هەوڵی دەدا کە ناوچە غەیرە کوردییەکان بخاتە ژێر دەسەلاّتی خۆیەوە لەو شوێنانەش سەڵماسو رەزایەو دواتریش خۆیی، لە ئەنجامی ئەوەدا دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بە جۆرێك کەم کردەوە کە گەیشتە ئاستی بێ ئومێدیو وێرانەیەکی بێ سنوور[8].

سەرکەوتنی سەربازی رەزاخان بەسەر سمکۆو سەرۆك خێڵەکانی تردا سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی سەرکوتانەوەی زۆر دەستەی



ئیتنیکی بوو لە هەموو ولاّتی ئێراندا. هەوڵو کۆششی رەزاخان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مەرکەزی بە دەسەلاّت لەسەر بنەمای یەکێتیی نەتەوەیی هەموو گەلانی ئێران بوو. بە شێوەیەکی ناسروشتیانەش هوشیاری (نەتەوەیی) فارسی دەسەپاندو ئەوەش رێبەرایەتی دەکرا لە لایەن ئەو کۆمەڵەی کە پێی دەوترا (کۆمەڵەی رێ نیشاندەری گەل)، ئەم کۆمەڵەیە هەموو هۆیەکانی پەیوەندیکردنی خستە ژێر دەستی خۆیەوەو هەموو ناسنامە ئیتنیکیو سیفاتە کەلتوورییەکانی غەیری کەلتووری فارسی پێشێل کرد لەو هۆکارانەی پەیوەندیکردنیش ئێزگەی رادیۆو کتێبو بلاّوکراوەی تریش بەر ئەو شەپۆلی سەرکوتاندنەوەیە کەوتن. خەمی رەزاخان لە پێناوی چاندنی تۆوی هوشیاری نەتەوەیی فارسیدا بوو بە هۆی دامەزراندنی ئەکادیمیای ئێرانی کە ئەویش ئامانجی پاکژکردنەوەی زمانی فارسی بوو لە وشەی عەرەبیو تورکی[9] کە دواتر سەلمێنرا ئەوە کارێکی نەشیاوە لە کاتێکدا کە چەندین سەدەیە کەلتووری فارسو تورکو عەرەب تێکەلاّوی یەکتر بوون. بەکارهێنانی دایەلێکتەکانی زمانی کوردی لە خوێندندا، لە بلاّوکردنەوەو قسەی رەسمیدا قەدەغە بوون، زۆر قوتابخانەی کوردی ناچار کران کە دابخرێن، هەروەك پەروەردەو فێرکردن تێکوپێك دراو یارمەتیی داراییان لێ بڕا. یاسای لەبەرکردنی جلوبەرگی شێواز ئەوروپی بەسەر کوردو ئێرانییەکاندا سەپێنرا[10]، هەمان شێوەی ئەتاتورك لە تورکیادا رەزاشا لە ئێراندا، تەنانەت جەختی لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی (ئێرانیی چیایی) کرد بۆ ناوهێنانی دانیشتوانی کوردی ولاّتەکەی، سەرباری ئەوەش بەکارهێنانی گشتیی وشەی (کورد) قەدەغە کرا بەو شێوەیەی تورکیا.

رەزاشا دەزگاکانی حکومەتی لە ناوچە کوردییەکەدا بە کاربەدەستی فارسو ئازەری پڕ کردەوە، رەزاشا مێژووی ناکۆکیی نێوان ئازەریو کوردو پشێویی نێوان کوردو فارسی لە سەدەی بیستدا بە هێند گرتو ئەم سیاسەتە بوو بەهۆی بێبەشکردنی کورد لە هەموو مافێكو کردنی بە پاشکۆ. سەرباری

www.pertwk.com

ئەوەش لە ئەنجامی پێداگرتنی کۆمەڵەی ڕێنومایی گەلدا هەندێ ناوچە کە هەر لە دێرزەمانەوە کوردنشین بوون ڕاگەیەندرا کە بەشێکن لە هەرێمی نوێی ئازربایجانی ڕۆژئاوا. ئەمەش ناکۆکیی نێوان کوردو ئازەری بەرەو خراپتر برد[11].

ئابووریی کوردی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بەرهەمی تووتن بوو کە شێوەی بەرهەمێکی (نەقدی) هەبوو بە شێوەیەکی ترسناك بەهۆی هێنانی مۆنۆپۆڵی دەوڵەتەوە لەسەر تووتن ئەو ئابوورییە تێکشکا بەهۆی ئەوەی کە ڕەزاشا یارمەتییەکی دارایی گەورەی حکومەتی دا بۆ خاوەنداریێتی تیابەتیی خۆی لەسەر حسابی خاوەنداریێتی کوردی[12]. بەڵام لە لایەکی ترەوە سیاسەتی هاوچەرخکردنی ئابووریانەی ڕەزاشا بە شێوەیەکی گشتی نەگەیشتە کوردستانی ئێران. ڕێگای نوێ و کارگەی نوێ لە کوردستان نەکرانەوە. باری تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی لە حاڵەتی سەرەتاییدا ماوەتەوەو لەو بارەیەوە کوردستان خراپترین شوێنی ئێرانە. شێوازی خاوەنداریێتی زەوی بە شێوەیەکی گشتی دەستکاری نەکراوە. خاوەن زەوییە گەورەکان و لە نێویشیاندا خاوەن زەویی نەناسراو ڕێگایان پێ درا کە مڵکەکانیان وەکو خۆی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەو مڵکانەی کە کرابوون بە (وەقف) یان (وەقف)ە ئایینییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بێ هیچ دەستکاریکردنێك مانەوە، ئەمە سەرباری ئەو ڕاستییەی کە مڵکە زەوییە (وەقف)کراوەکان لە شوێنەکانی تری وڵات لە ژێر دەستی پیاوانی ئایینی دەرهێنراون و خراونەتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردە یان لایەنێکی تری حکومییەوە. ئەمەش مانای وایە کە خاوەن هێزو دەسەڵاتە کۆنەکان لە کوردستاندا کە بریتی بوون لە سەرۆك خێڵ و شێخە ئایینییەکان توانیویانە لەسەر بەکارهێنانی میللەتی خۆیان بەردەوام بن[13]. کوردستان وەکو هەرێمێکی دواکەوتوو ماوەتەوە، نەیتوانیووە یەکێتییەکی ئابووری لەگەڵ ئابووریی نیشتمانیدا پێك بهێنێت. بۆرژوای بچووکی (سەرەتایی) کورد



مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی ڕەت کردەوەو لە هەمان کاتدا حکومەت بە تەواوی ناوچەی کوردستانی پشتگوێ خست[14].

جەنگی دووەمی جیهانی سیاسەتی ئێرانی گۆڕی و دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی لە ناوچە دوورەکان و هەرێمە خێڵایەتییەکاندا لاواز کرد. لەگەڵ داگیرکردنی ئێراندا لە لایەن ئەنگلۆسۆڤێتەوە لە 25ی ئابی ساڵی 1941دا هێزەکانی ئێران پشتیان لە ڕەزاشا و لە دەسەڵاتی لاوازی محەمەد ڕەزای کوڕی و جێنشینی کرد و ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی – سیاسی خێڵایەتی دەستی کردەوە بە خۆدەرخستن. بەریتانیا و سۆڤیەت فەرمانڕەوای ئەمری واقیع وابوون لەو ناوچانەی کە لە ڕووی سەربازییەوە داگیریان کردبوون. ئاشکراکردنی تیاچوونی دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانی لەو ناوچانەدا بە گشتی و لە ئازەربایجان و کوردستان بە تایبەتی کە سوپای سۆڤێتی تیایاندا باڵادەست بوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە هەزاران کارمەندی سوپای ئێرانی بەرەو تاران رابکەن و لەوێ ناویان تۆمار بکەن[15]، لەم بارودۆخەدا بوو کە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە مەیدانداخۆی سەلماند.

## کۆماری مهاباد

بەهێزترین لە ڕووداوەستانی کورد لە سەدەی بیستدا دژی دەسەڵاتی ئێرانی لە ساڵی 1945دا بوو، کاتێك کۆماری سەربەخۆی مهاباد دامەزرا. دروستبوون و ڕووخاندنی کۆماری مهاباد دەبێت لە سنووری سیاسەتی فراوانخوازیی سۆڤێتی لە ئازربایجاندا لێك بدرێتەوە. کە لەو ناوچەیەدا سۆڤێتییەکان بە هیوای ئەوە بوون چاودێریی بزوتنەوەی جیاخوازیی کۆمۆنیستی بکەن کە لە لایەن خۆیانەوە ئاراستە دەکرا. فشاریان خستە سەر حکومەتی ئێرانی هەتا ئیمتیازاتی ئابوورییان پێ ببەخشێت بە تایبەتی لە دەروازەی کەنداودا کە زۆر بەلایانەوە گرنگ بوو. لە پێناوی چەسپاندنی سیاسەتەکانیان سۆڤێتییەکان هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی کوردی

www.pertwk.com

ئازەرییان دا. سۆڤێتییەکان بە تەواوی ئاگاداری ناکۆکیی مێژوویی نێوان کوردو ئازەری بوون‌و لەگەڵ ئەوەشدا دەعوەتی سەرۆك خێڵە جیاوازەکانی کوردیان کرد هەتا سەردانی ئازربایجانی سۆڤێتی بکەن ئەوەش لە ساڵی 1944و سەرەتای ساڵی 1945دا بوو. جەعفەر باقرۆف سەرۆك وەزیری کۆماری ئازربایجانی سۆڤێتی سەرگەرمی قایلکردنی سەرۆك خێڵە کوردەکان بوو بۆ پێویستبوونی دروستکردنی بەریەکی کوردی – ئازەری بە مەبەستی ئەوەی کورد ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنێت[16]. سەرباری ئەوەی کە سۆڤێت ئاگاداری بنیادە خێڵایەتی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی بوو، بەڵام لەو بارەیەوە دەلیل‌و ئاماژەیەکی کەمی هەبوو.

لە راستیدا گەلێك مارکسیی تەقلیدیی ئێرانی لە ناو ئەوانەشدا حیزبی تودەی سەر بە سۆڤێت کە ساڵی 1941 پێکهات، تێڕوانینەکانی فارس یان رۆشنبیرە بە فارسبووەکانیان نیشان دەداو[17] تێ نەدەگەیشتن کە چۆن جۆراوجۆرێتی زمانی‌و هەرێمی کاری لە رەفتاری سیاسی‌و خێڵایەتی‌و دەستە ئیتنیکییە غەیرە فارسەکان کردووە. بە پێچەوانەوە زۆر مارکسیی ئێرانی غەیرە فارس لە گرنگێتی کەلتووری‌و جۆراوجۆرێتی ناوچەیی لەسەر دامەزراوەکەیان تێگەیشتن، ئەم جیاوازییە گرنگە لە نێوان فارس‌و غەیری فارسدا بوو بە هۆی جیابوونەوە (دابەشبوون) لە نێوان سەرکردایەتی تودەو هاوشێوەکانیاندا لە ئازربایجان. ئەم جیابوونەوەیە بوو بە هۆی ئەوەی کە جەعفەر پیشەوەری چەپی ناسراو وا لێ بکات بکەوێتە بنەما دانان بۆ دامەزراندنی (فیرقەی دیموکراتی ئازەری) کە وەکو حیزبێکی مارکسی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئازەری بکات. ئەم فیرقەیە بە شێوەیەکی رەسمی لە رۆژی 3ی ئەیلوولی 1945دا پێك هات‌و هەر لەگەڵ دامەزراندنیشیدا لە لایەن ئێرانەوە بەوە تاوانبار کرا کە پاشکۆی حیزبی تودەیە ئەویش لە ئەنجامی خۆتێهەڵقورتاندنی سۆڤێت لە کاروباری ئازربایجانی ئێرانیدا. لە راستیدا تودەو فیرقە دوو رووی یەك دراو بوون، بەڵام بەهۆی جیاوازیی بنەمای کۆمەڵایەتی‌و ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەکانیان‌و ناڕێکی سیاسیی نێوانیانەوە لە یەکتر جیا بوونەوە[18].

لە کاتێکدا تودە گرنگیی تەواوی بە بنەما مەئلوفەکانی مارکسییەت دەدا لە ململانێی چینایەتی‌و دیموکراتیی مەرکەزیدا، فیرقە لایەنگری ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کەمایەتییەکان‌و پاڵپشتی بەکارهێنانی زمانی ئازەری دەکرد وەکو بنەمایەکی سەرەکی بۆ دان نان بە مافەکانی ئازەردا. پیشەوەری لە وەڵامی رەخنەی تودەدا لە سیاسەتی سیکتاریزمانەی حیزبەکەی گوتی هەلێکی باش لە بەردەستدابوو بۆ رۆشنبیرانی فارس هەتا هەست بە شۆڤێنیەتی خۆیان بکەن‌و درك بەو جیاوازییانە بکەن کە لە نێوان زمانی خۆیان (فارسی)و زمانی ئێرانییەکانی تردا هەیە... پیشەوەری لەسەر رادیۆی تەورێزەوە رایگەیاند کە حیزبەکەی مافی بەکارهێنانی زمانی دایك لە ئازربایجاندا وەکو خاڵێك سەیر دەکات کە شایەنی سەوداگەری لەسەرکردن نییە[19].

مەسەلەی سەربەخۆیی زمان سیاسەتی تودەو سۆڤێتی لە کوردستاندا ئاڵۆز کرد هەروەك ئەرڤاند ئیبراهیمی تێبینی کردووە سیاسەتی تودە بەرامبەر بە کەمایەتییە زمانییەکان بە تەمومژاوی ماوەتەوە. حیزبی تودە لە بارەی کەمایەتییە زمانییەکانەوە هەتا گۆنگرەی دووەمی ساڵی 1948 هیچ بەرنامەیەکی نەبوو. لەو گۆنگرەیەدا کە دوای رووخاندنی کۆمارە ئۆتۆنۆمییەکانی کوردو ئازەری بوو حیزبی تودە بەیانێکی تایبەت بە مەسەلەی ئیتنیکی دەرکرد[20]، لە نامیلکەیەکدا کە لە ئەیلوولی ساڵی 1949دا بە ناونیشانی (میللەت‌و میللیەت – نەتەوەو نەتەوایەتی) بڵاوی کردەوە. تودە لە ئێراندا بۆچوونەکانی لینین‌و ستالینی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی لەو نامیلکەیەدا پێشکەش کرد. ئەم نامیلکەیە بەو دەرەنجامە کۆتایی هاتبوو کە: ئێران لە کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیاواز پێکهاتووە کە هەریەکەیان خاوەنی زمان‌و داب‌و نەریتی خۆیەتی، بەشدارییان لە بنیادنانی کەلتووری دەوڵەمەندی ئێراندا هەیەو خەباتی پێکەوەییان دژی فیودیالیزم‌و

www.pertwk.com

حوكمی ئیستیبدادی و ئیمپریالیزم بووه به هۆی دروستكردنی پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوانیاندا، ئەم پەیوەندییە دۆستایەتییە بەهێزە دەتوانرێت بە باشترین شێوە بپارێزرێت ئەگەر كەمایەتییە زمانییەكان پارێزراو بوونایەو مافی بڕیاردانی چارەنووسیان رێز لێ بگیرایە[21].

سەرباری ئەوەی نفوزی سۆڤێت لە دروستكردنی رووداوەكانی كوردستاندا گرنگ بوو، بەڵام جیاوازیی تەواو لە نێوان داواكارییەكانی ئازربایجان بۆ ئۆتۆنۆمی و داواكاریی كورددا هەبوو لە ئێراندا. لە ئازربایجان، یەكێتیی سۆڤێت بەرژەوەندیی خۆی لەسەر ئەوە بنیاد نابوو كە پشت ببەستێت بە گەنجینەی دەوڵەمەندیی ئازەرییە ماركسییەكانی كۆماری ئازربایجانی سۆڤێتی. بەشی زۆری فیرقە بە تایبەتی دامەزرێنەرو تیۆرییەكانی (خاوەن فیكر) ساڵانێكی زۆریان لە یەكێتیی سۆڤێت بەسەر بردبووو پەیوەندیی پتەوو بەهێزیان لەگەڵ ماركسییە ئازەرییەكانی سۆڤێت لە باكۆ دروست كردبوو. سەرەڕای ئەوەش سیاسەتی ستالین دەربارەی باشووری سۆڤێت بریتی بوو لە خەباتكردن لە پێناوی یەكخستنی ئازربایجانی ئێرانی و یەكگرتنەوەی لەگەڵ ئازربایجانی سۆڤێتدا لە ژێر سایەی سەركردایەتی مۆسكۆدا.

هیچ بەڵگەیەكی قایلكەر لە ئارادا نەبوو كە پێشنیاری ئەوە بكات كە سیاسەتی سۆڤێتی بەرامبەر بە كورد هەمان شێوەی سیاسەتی سۆڤێتی بێت بەرامبەر بە ئازەرییەكان. لە راستیدا حكومەتی سۆڤێتی یارمەتیی دروستكردنی دەوڵەتێكی كوردی دا لە ئێراندا، لەوانەیشە سۆڤێت حەزی كردبێت دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی لە ئێران و عێراق و توركیادا دابمەزرێت و توانای ئەوەشی هەبووبێت كە ئەو دەوڵەتە كوردییە بە لای سۆڤێتدا رابكێشێت و دڵسۆزی و وەلائی بۆ سۆڤێت هەبێت. بەڵام ستالین سیاسەتی پشتگیریكردنی دروستكردنی كوردستانێكی یەكگرتووی پیادە نەكرد لە ترسی ئەوەی نەوەكو لەم دەوڵەتە نوێیەدا رۆحی سەربەخۆیی لەگەڵ سیاسەتی سۆڤێتیدا یەك نەگرێتەوە، لە ئەنجامدا ئەم دەوڵەتە بكەوێتە ژێر



دەستی رۆژئاواوە چونكە هێزی سیاسی لە هەموو ناوچە كوردییەكاندا لە ژێر دەستی خاوەن زەوی و سەرۆك خێڵ و رابەرانی ئایینیدا كۆبووبووەوە كە ئەمانەش هەموویان خۆپارێزو بگرە كۆنەپەرستیش بوون و زۆریش بەگومان بوون لە ئامانجەكانی سۆڤێت و بە گومانیشەوە سەیری بڵاوبوونەوەی كۆمۆنیستیان دەكردو دژیشی بوون[22]. لە راستیدا دامەزراندن و رووخاندنی كۆماری مهاباد تێڕوانینی كاتی و پڕ لە دژایەتیی یەكێتیی سۆڤێتی لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی كورد ئاشكرا كرد.

## دروستبوونی كۆمەڵە

تەنانەت پێش داگیركردنی باكووری ئێران لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لە لایەن سۆڤێتەوە، شاری مهاباد ناوەندی سەرەكیی هەوێنی هەستی نەتەوایەتی كوردی بوو. لە مهاباددا چینی كۆمەڵایەتی ناجێگیر هەبوو، دانیشتوانی ئەم شارە لەگەڵ هەوێنی روشنبیری ئەو سەردەمەدا كۆك و تەبا بوون. دوای دروستكردنی ناوچەی دەسەڵاتی سۆڤێتی لە ئێراندا (پاش داگیركردنی ئەو ناوچانە لە لایەن سۆڤێتەوەو...) كە شاری مهابادیشی تێدا بوو، شوێنی كارمەندە حكومییەكان بە شێوەیەكی رێكوپێك بە كوردەكان پڕ كرایەوە ئەویش بە رەزامەندیی سۆڤێت. زۆرێك لە كوردەكانی ئەو ناوچانە حەزیان لەوە نەبوو كە بنیادێكی بەڕێوەبردنی چالاك و كاریگەر لە نێو كۆمەڵگای كوردیدا هەبێت. بۆ نموونە ئەمیر ئەسعەد كە بە ناو سەرۆكی خێڵی دیهبۆركی بوو كرا بە پارێزگاری سنووری مهاباد، ئەسعەد پیرمێردێك بوو، بە ئاشكراش پیاوێكی لاواز بوو، توانای فەرمانكردنی بەسەر زۆر لە تیرەكانی خێڵەكەی خۆیدا نەبووو رێزو شوێنی خێڵەكانی تری ناوچەكەشی بەلاوە دەنا. لە ئەنجامی ئەوەدا دەستەیەك لە كوردی مهاباد حیزبی سیاسی خۆیانیان بۆ بەدەستگرتنی چارەنووسی خۆیان بە شێوازێكی زۆر سەربەخۆو كاریگەرانە دامەزراند.

لە رۆژی 16ی ئەیلوولی 1942 هەندێ لە كوردەكانی مهاباد

www.pertwk.com

کۆبوونەوەیەکیان کرد بە مەبەستی پێکهێنانی لیژنەیەك بە ناوی (کۆمەڵەی کورد) بۆ نەخشەدانانی کارکردن بۆ پشتگیریکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە لایەن کوردەوە. ئەم لیژنەیە ناوی خۆی نا (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) یان (کۆمەڵە). لە ماوەی چەند هەفتەیەکی دروستبوونیدا، کۆمەڵە ژمارەی ئەندامانی خۆی زیاد کردبووو گەیشتبووە نزیکەی سەد ئەندام لە مهاباددا. لەبەر مەترسیی پشکنین لە لایەن دەسەڵاتدارانی دوژمنەوە، کۆمەڵە لەسەر بنەمای نهێنیی و ڕێکخستنی شانەی تایبەتی وەکو بنەمای یەکەی ڕێکخستن کاری دەکرد. ئەندامانی کۆمەڵە تەنیا ئەندامانی شانەکەی خۆیانیان دەناسی. ئەندامێتی تا رادەیەکی لە بەرچاو بە سنووورداری مایەوەو تایبەت بوو بۆ ئەو کەسانەی کە لە دایكو باوکەوە کورد بوون. ئازەری کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا دەژیانو بە کوردی قسەیان دەکرد بە زوویی لە ئەندامێتی کۆمەڵە دوور دەخرانەوە وەکو ئەوەی کە ئەو ئازەرییانە کورد بن بەڵام نەوە یان (بەرهەمی) نا شەرعیی کورد بن[23]. لەبەر ئەو شێوە هەڵبژاردنەی ئەندام لە لایەن کۆمەڵەوەو بنەمای تەسکی پشتگیریو لایەنگری لە دەرەوەی مهاباد، کۆمەڵە توانای گەیاندنی دەنگی خۆی بە سەرجەم کوردی کوردستانی گەورە نەبوو.

کۆمەڵە سەرەڕای ئەوەی کە مافی رەوای خۆی بوو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دروست بکات هەموو کوردستانی ئێران بگرێتەوەو ئامانجیشی ئەوە بێت کە لە ئاکامدا ئەم ناوچە ئۆتۆنۆمییە لەگەڵ خاکی کورددا لە دەرەوەی ئێراندا یەك پێ بگرێتەوە، بەڵام کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبوو لە گەیاندنی چالاکییەکانی خۆی بۆ شارە گرنگە کوردییەکانی وەکو سنەو ناوچەی کرماشان. ئەم ناوچانە هەر ئەوە نەبوو لە لایەن سوپای ئێرانەوە کۆنترۆڵ کرابێتن، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا پێگەی بنەماڵە دیارەکانی شیعەش بوو کە چەندین نەوەبوو پەیوەندیی توندو تۆڵیان لەگەڵ فارسو حکومەتی ئێرانیدا دروست کردبوو. لەبەر ئەوە ئەم بنەماڵانە خۆیان وا نیشان داوە کە بەشێکی نەپچڕاو



بن لە نەتەوەی ئێران. بانگەوازەکانی کۆمەڵە بۆ جیابوونەوە لە زۆربەی ناوچە گەورە کوردنشینەکانی دەرەوەی مهاباددا بەرگوێی کەڕ دەکەوت. لەبەر ئەوە کۆمەڵە بڕیاری دا کە پشت بە یەکێتیی سۆڤێت ببەستێت بۆ ئامادەکردنی هەلومەرج بۆ پشتگیریکردنی بیانووی داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد[24]. شتێکی سەیریشە لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی کۆمەڵەدا هیچ مارکسییەکی ناسراو یان هیچ ئەندامێکی کۆمۆنیست بەشداریی کۆمەڵەی نەکرد.

گوتاری مارکسیو چەپ کە دەستی کرد بە چوونە ناو بڕیارەکانی کۆمەڵەوە، زیاتر لە ڕێگای چالاکییە پڕ لە گۆڕانکارییەکانی سۆڤێتەوە نەبوو وەکو ئەوەی لە ڕێگای چڕبوونەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەوە لەگەڵ گروپە کوردییەکانی عێراقدا ئەو گوتارە هاتە ناوەوە. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە کۆمەڵە هاریکاریی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی (رزگاری کورد)دا پەرە پێ دا کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی بوو لە کوردستانی عێراقداو مارکسیو چەپەکان دەسەڵاتیان بەسەردا کردبوو، بڕیارەکانی رزگاری لەوەدا کۆ دەبووەوە کە سنوورێك بۆ ئیمریالیزمی رۆژئاواو پاشکۆکانیان دابنرێت[25]. لە هەمان کاتدا کۆمەڵە کەوتە سەر سیاسەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەکانی کوردی دەرەوەی ئێران. لە ئابی 1944دا نوێنەرانی کۆمەڵە لەگەڵ نوێنەرانی کوردی عێراقو تورکیادا لە چیای دالانپەڕ لەو شوێنەی کە سنوورەکانی ئێرانو عێراقو کوردستان یەکتر دەبڕن کۆ بوونەوەو ڕێککەوتننامەیەکیان بە ناوی (پەیماننامەی سەر سێ سنوور) ئیمزا کرد. بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە زیاتر هێمای دڵنیابوون بوو لە یەکێتیی خاکی کوردستانی گەورە زیاتر لەوەی کە نەخشەیەکی چەسپاو بێت بۆ کار پێکردن. ئەم نەخشەیە دەرەنجامی ئەو نەخشە جوگرافییە بوو کە هەندێ لە نەتەوەییەکانی کورد بۆ نیشتمانی کوردیان کێشاوە[26].

ناوچەی کوردستان بەو شێوەیەی لە لایەن ئەم سەرکردانەی کوردەوە نەخشە کێشرابوو هەندێ شتی تێدا بوو کە جێگای قسە لەسەرکردن بوو

www.pertwk.com

چونکە دوور بوو لە وردەکاری. بۆ نموونە سەرۆکەکان هەرێمی کوردییان لە ئێراندا درێژ کردۆتەوە بۆ پشتی کرماشان و بۆ ئەو ناوچانەی کە خێڵەکانی لوڕو بەختیاری لێ نیشتەجێن. کە ئەو خێڵانەش کوردنین. بە هەمان شێوە درێژکردنەوەی ناوچەی کوردی بۆ ئازربایجانی ئێرانی سەرچاوەی کێشەو ناکۆکیی نێوان نەتەوەییەکانی کوردو ئازەری بووە بۆ ماوەی دەیان ساڵە. ناوچەیەکی تر کە جێگای قسە لەسەرکردنە شاری کەرکوکە. هەروەك ولیەم ئیگڵتن گوتوویەتی: دانیشتوانی ئەم شارە نەوتییە دەوڵەمەندە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان کوردو تورکماندا دابەش بووبوو، سنووری شارەکەش جێگای لادێ نشینەکانی کوردو تورکمان و عەرەب بوو[27]. سەرباری هەندێ گرفتی ناجۆر دەربارەی سنووری نیشتمانی کورد، ئەم نیشتمانە گەوهەری نەتەوایەتیی کوردی هێما کردووەو بۆتە هۆی سەرهەڵدان و جووڵاندنی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد لە سەدەی بیستدا.

بنیادی کۆمەڵە ئارەزووی سەرەتایی ئەم حیزبەی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ناهەرەمی نیشان دەدا کە دوور بێت لەوەی کە تاکە کەسێك یان دەستەیەك لە لوتکەدا بن و دەسەڵاتی بەسەردا بکەن. لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی مێژووی دروستبوونی کۆمەڵەدا، مەسەلەی ئەندامێتی، بە تایبەتیش ئەندامێتی لە لیژنەی ناوەندیدا بە گەرمی گفتوگۆی لەسەر دەکرا. هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حەزیان دەکرد کە ڕێگا بۆ قازی محەمەد خۆش بکەن کە بێتە ناو لیژنەی ناوەندییەوە، قازی محەمەد ڕابەری هاووڵاتییانی مهاباد بوو. هەندێکی تر لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندیی کۆمەڵە لەوە ترسان کە کەسێتی دەسەڵاتدارو بەهێزی قازی محەمەد ببێتە هۆی لاوازکردنی بنیادی دیموکراتی بۆ دروستکردنی بڕیار لە کۆمەڵەدا. سەرەڕای ئەوەش ئاشکرا نەبوو ئایا قازی محەمەد چۆن و بە چ مەرجێك ڕازی دەبێت ببێت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە کاتێکدا ئەگەر داوای ئەوەی لێ بکرێت.

قازی محەمەد ڕابەرێکی ئایینی سوننە مەزهەب ببوو، کوڕی قازی عەلی



بوو کە هاوکاریی سمایل ئاغای سمکۆی کردبوو کاتێك لە ساڵانی سەرەتای بیستدا هێزەکانی سمکۆ دەسەڵاتیان بەسەر مهاباددا کرد. لە ڕێگای سەدری قازییەوە کە برای بوو، ئەندامی پەرلەمانی ئێرانی بوو، قازی محەمەد لەگەڵ ئەندامێکی ئەنجومەنی حکومەت کۆ بووبووەوە هەتا داواکانی کوردی پێ بگەیەنێت. وەکو ڕابەرێکی ئایینی کە مەیلێکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی پارێزگارانەی هەبوو، قازی محەمەد بەگومانەوە سەیری عەقڵی نەتەوەییە ڕادیکاڵەکان و چەپەکانی ناو کۆمەڵەی دەکرد. سەرەڕای ئەوەش چی نەتەوەییەکانی کۆمەڵەو چی یەکێتیی سۆڤێتەیش تێگەیشتن بە بێ بەشداریکردنی کەسێکی خاوەن ڕێزو مەقام و بەدەسەڵاتی وەکو قازی محەمەد ناشێ کۆمەڵە بتوانێت دەسەڵات بەسەر ناکۆکییە خێڵایەتییەکاندا بکات. لە ئەنجامی ئەوەدا لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1944دا قازی محەمەد بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی بێتە ناو کۆمەڵەوە وەکو ڕابەری ڕۆحی و چرای ڕێنیشاندەرو دەنگی ڕێکخراوەکە. بەڵام هەرگیز لە شێوەی ڕەسمی و ڕەسمیاتدا بۆ ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵنەبژێردرا.

لە سەرەتای ساڵی 1945دا دەرکەوت کە بۆ ئەوەی کۆمەڵە لە جێبەجێکردنی ئامانجە فراوانەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت پێویستیی بە یارمەتیدانی سەربازیی دەرەوە هەیە. لەبەر ئەوەی کە یەکێتیی سۆڤێت باکووری ئێرانی داگیر کردبووو، خۆیشی لە بوونی کۆمەڵەدا هەڵقورتاندبوو بۆیە شتێکی سروشتی بوو ئەگەر لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە یارمەتی بدرایە، ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی سۆڤێت ئاراستەی نەتەوایەتی کۆمەڵەیان بەدڵ نەبوو کە ڕازی نەدەبوون بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بەهێزو پتەو لەگەڵ فیرقەی ئازربایجانی ئێرانیدا کە سۆڤێت پشتگیریی دەکرد. سۆڤێت بە فشار خستنەسەر کۆمەڵە مەبەستی ئەوەبوو ڕێگا بۆ یەکگرتنی بزوتنەوە جیاخوازییەکانی کوردو ئازەر خۆش بکات و هەردوو بزوتنەوەکەش بهێنێتە سەر هێڵی سیاسەتی ستالین و ئامانجەکانی لە ئێراندا[28]. بە مەبەستی

www.pertwk.com

دروستکردنی یەکێتیی نێوان کوردو ئازەر، حکومەتی سۆڤێتی جارێکی تر بانگهێشتی وەفدی باڵای کوردی کرد بۆ سەردانی باکۆو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئازربایجانی سۆڤێتی جەعفەر باقرۆفدا. وەفدە کوردییەکە لە ئەیلوولی ساڵی 1945دا بە سەرۆکایەتی قازی محەمەدو بە نوێنەرایەتی ئەندامانی بەرزی تری کۆمەڵە لەوانەش عەلی رەیحانی کە ئامۆزای قازی بوو هەروەها سەیفی قازیشی تێدابوو گەیشتە باکۆ. بایرۆف بەڵێنی یارمەتیی دارایی و سەربازی بە کورد دا بۆ درێژەدان بە رۆیشتن لەسەر داواکارییەکانیان. هەروەها بایرۆف سیاسەتی نەتەوایەتیی سۆڤێتی روون کردەوەو باسی ئەوەشی کرد کە چۆن کورد ئارەزوومەندی سەربەخۆییە، بەڵام ئەو سەربەخۆییە دەبێت لەگەڵ سیاسەتی سۆڤێتیدا بگونجێت: (ئەو گەلانەی کە خاوەنی زمان و کەلتووری جیاوازی خۆیانن، پێویستە حکومەتی سەربەخۆیان هەبێت). ئێران چوار نەتەوەی لەم جۆرەی تێدایە کە ئەوانیش بریتین لە نەتەوەی فارس کە خاوەنی زمانی فارسین و گەلی قسەکەر بە زمانی جیلاکی کە لە باشووری لیتۆرەڵی کاسپەین (بەلوچ) دەژین و ئازربایجانییەکان کە بە تورکی دەدوێن و گەلی کوردی خاوەن زمانی کوردی لە کوردستاندا. هەریەکە لەمانە ئارەزووی بوونی ئۆتۆنۆمیی ناوخۆی هەیە، یەکەمیشیان کە زیاتر ئەو ئارەزووەی هەیە تورکی ئازربایجانە.. پێویست نەبوو کورد ئەوەندە پەلە بکەن لە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیاندا. سەربەستی کورد پێویستە پشت ببەستێت بە سەرکەوتنی هێزە میللییەکان لە عێراق و تورکیادا نەك تەنیا بووەستێتە سەر سەرکەوتنی ئەو هێزانە لە ئێراندا. دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی جێگای حەزو ئارەزوو بوو کە لە داهاتوودا دروست ببێت بەڵام کاتێك کە هەموو نەتەوەی (کورد) بتوانێت یەك بگرێتەوە. لە هەمان کاتدا ویستەکانی کورد ئێستا پێویستە لە سنووری ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا جێبەجێ بکرێت[29].

قازی محەمەد وەڵامی ئەوەی دایەوە کە کورد پێویستیی بە دەوڵەتی



سەربەخۆی خۆی بووە لەو کاتەداو نەیانوویستووە چارەنووسی خۆیان ببەستن بە چارەنووسی ئازربایجانەوە. سەرباری هەموو شتێك، دەبێت یەکێتیی کوردی بگاتە ئەنجام و بەدی بێت لەگەڵ براکانی تریدا لە عێراق و تورکیادا. باقرۆڤ وەڵامی دایەوە کە پێویستبوو کۆمەڵە خۆی بگۆڕێت بۆ حیزبێکی سیاسیی دیسپلینکراوو سوپای خۆیی هەبێت هەتا ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ درك پێ بکات و هەروەها کۆمەڵە پێویستیی بە دەربازبوونە لە تێڕوانینی تەسکی بۆ ئەوەی سۆڤێت پاڵپشتی بکات. لە ئاکامی ئەوەدا لە ئەیلوولی ساڵی 1945دا حیزبێکی نوێی سیاسی دامەزرا کە ئەویش پارتی دیموکراتی کورد بوو. قازی محەمەد هانی هەموو کوردی دا تەنانەت ئەندامانی کۆمەڵەش کە بچنە ریزی ئەو حیزبە نوێیەوە وەکو کۆبوونەوە لە ژێر سایەی ئەو دەستەیەدا لە پێناوی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورددا.

هەر زوو ئاشکرابوو کە پارتی دیموکراتی کورد کە سۆڤێت نەخشەی دانابوو لەگەڵ بنیادی دیموکراتی بڕیاردەری کۆمەڵەدا ناتەبا بوو. لە کاتێکدا کۆمەڵە لەسەر شێوازی دیموکراتیی لیبریالی دەڕۆیشت، پارتی دیموکراتی کورد خۆی وەکو حیزبێك ناساند کە یەك کەسی دەسەڵاتدارە تیایدا ئەویش قازی محەمەدە[30]. یارمەتیدەرە کوردەکانی قازی وایان کرد کە ئەو قسانەی بەرامبەر تاك دەسەڵاتیی قازی دەکرا نەمێنێت. ئەوڕەحمانی قاسملۆ کە دواتر بوو بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران مەدحی قازی محەمەدی کردووە بۆ رابەرایەتیی ئەزموونگەرانەیی و توانای بێ وێنەی بۆ چەسپاندنی و پێداگرتنی لەسەر دۆزی کورد لە پشتگوێ خستنی ژیانی تایبەتی خۆی (واتە بەخۆبەختکردنی لەو پێناوەدا)[31].

بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رەشنووسی بەیانێکدا لە ژێر سەرپەرشتیی سەفارەتی سۆڤێتدا لە ورمیە نەخشەی بۆ دانراو لە لایەن قازی محەمەدو 105 ئەندامی ئەم حیزبە نوێیەوە ئیمزا کرا. بە کورتی بەرنامەکە

www.pertwk.com

ئەم داواكارییانەی خوارەوەی تێدابوو:

1) گەلی كورد لە ئێراندا دەبێت ئازاد بێتو حكومەتی خۆیی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری ناوخۆیی خۆیانو لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا كورد ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنێت.

2) زمانی كوردی دەبێت لە پەروەردەو فێركردندا بەكار بهێنرێتو ببێتە زمانی ڕەسمی لە كاروباری بەڕێوەبردندا.

3) ئەنجومەنی هەرێمایەتیی كوردستان دەبێت بە زوویی بە پێی یاسایەكی دەستووری هەڵبژێردرێتو پێویستە سەرپەرشتیی هەموو كاروبارەكانی دەوڵەتو مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان بكاتو بیان پشكنێت.

4) دەبێت هەموو كاربەدەستانی دەوڵەت لە كوردستاندا خەڵكی كوردستانو بە ئەسڵ كورد بن.

5) پێویستە یاسایەك بۆ جوتیارو خاوەن مڵك دەربچێتو داهاتووی هەردووكیان پارێزراوبێت.

6) پارتی دیموكراتی كوردستان هەوڵێكی تایبەتی دەدات بۆ بنیادنانی یەكێتیو برایەتییەكی پتەو لەگەڵ گەلی ئازربایجانو ئەو گەلانەی تر كە لە ئازربایجان دەژین وەكو (ئاسوریو ئەرمەنیو... تاد) لە خەباتو تێكۆشاندا.

7) پارتی دیموكراتی كوردستان خەبات دەكات بۆ چاككردنی باری ئەخلاقیو ئابووریی گەلی كورد لە ڕێگای ئیستسماركردنی سەرچاوە سروشتییە زۆرو زەبەندەكانی كوردستانەوەو لە برەوپێدانی كشتوكاڵو بازرگانیو پێشخستنی باری تەندروستیو پەروەردەوە.

8) ئێمە خوازیاری ئەوەین كە ئەو گەلانەی لە ئێراندا دەژین بتوانن بە ئازادی خەبات بكەن بۆ بەختیاریو پێشكەوتنی وڵات[32].

مەرجێكی تر لە داواكارییەكان ئەوە بوو كە هەموو ئەو داهاتە حكومییەی لە كوردستاندا كۆ دەكرێتەوە بە شێوەیەكی چاك لە هەرێمی كوردستاندا خەرج بكرێت.



حكومەتی ئێرانی ئەو بەیانەی بە جۆرێك لە تەحەددا بۆ دەسەڵاتی خۆی دانا لە كوردستاندا، هەروەك ئەو بەیانە یەكەمین هەوڵی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو بۆ بەهێزكردنی خۆی سەرباری ئەو ئاماژانەی كە لە بەیانەكەدا بۆ یاسای دەستووریی ئێران كرابوو، لە راستیشدا ئەو ترسەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بوو بە واقیع كاتێك پارتی دیموكراتی كوردستان كۆمارێكی سەربەخۆی لە مهاباد دامەزراند. دامەزراندنی كۆماری مهاباد بە شێوەیەكی ڕەسمی لە 22ی كانونی دووەمی ساڵی 1946دا راگەیندرا، لە كۆبوونەوەیەكدا كە سەركردەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانو ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵو مەلا مستەفای بەرزانی (سەرۆكی پایەبەرزی كوردی عێراق كە هێزەكانی هاتبوونە سنووری ئێرانەوە بۆ پێشكەشكردنی یارمەتیی سەربازی بۆ راپەڕینی كورد لە ئێراندا كاتێك كۆمەڵە پێكهات) لەگەڵ سێ ئەفسەری سوپای سووری سۆڤێتدا، لەم كۆبوونەوەیەدا قازی محەمەد بە سەرۆكی كۆمارە نوێیەكە هەڵبژێردراو كابینەیەكی نوێ پێكهێنرا كە ئەو كابینەیەش بە شێوەیەكی سەرەتایی لە سەركردەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە مهاباد پێكهات. جەنگاوەرەكانی مەلا مستەفا هاریكاریی هێزی خێڵەكانی ئەو ناوچەیەیان كرد بە مەبەستی پێكهێنانی بڕبڕەی پشتی سوپای كۆمارە نوێیەكە. جێگای بایەخە ئەگەر تێبینیی ئەوە بكرێت كە قازی محەمەدو سەیفی قازیش كە وەزیری جەنگی كۆمارە نوێیەكە بوو هەردووكیان جلوبەرگی ڕەسمیی جەنەراڵی سۆڤێتییان لەبەر كرد، لەگەڵ ئەوەشدا قازی محەمەد لەسەر داوای هاوەڵەكانی تەڕبووشە سپێیەكەی لەسەر كرد بۆ ئەوەی مەكانەتی ئایینی دەربخات.

لەو كاتەوە كە كۆماری مهاباد دامەزرابوو، سۆڤێتییەكان لە یارمەتیدانی هاوپەیمانەكانیان لە فیرقە سەركەوتوو بوون بۆ دامەزراندنی كۆماری سەربەخۆی خۆیان لە ئازربایجان بە ناوی كۆماری دیموكراتی ئازربایجان[33].

لە وتەیەكی كورتدا كە قازی محەمەد دوای دروستبوونی كۆمار ئاراستەی

www.pertwk.com

خەڵکی کردو زیاتر بۆ قایلکردنی سۆڤێتی پارێزەری بوو، پیرۆزبایی لە (برا ئازربایجانییەکانی) کرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و هیوای ئەوەی دەربڕی کە ببنە یارمەتیدەری چەسپاندنی کۆمارە دامەزراوەکەی ئەمان و ئەوەش ببێتە هۆی درێژەپێدانی هاوڕێیەتیی نێوان ئەم دوو کۆمارە سەربەخۆیەی کە سۆڤێت پاڵپشتیان بوو. هەروەك ولیەم ئیگڵتن گوتوویەتی: لە مەراسیمەکەدا هیچ کەس نەیوویست ئەو موناسەبەتە خۆشە تێك بدات بە پرسیارکردن لە رادەی دڵسۆزێتی بۆ ئەو برایەتییەی کوردو ئازەرییەکان کە قازی محەمەد رایگەیاند[34]. سۆڤێتییەکان ئاگاداری جیاوازییە گرنگەکانی نێوان مەسەلەکانی کوردو ئازەری بوون، هەر لەو روانگەیەشەوە بە تەواوی ئاگاداری پێویستی گەیشتن بە رێککەوتنی عەمەلیی نێوان کۆمارەکانی کوردو ئازربایجان بوون بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە نفوزی تەواوەتی خۆیان لە باکووری ئێراندا ئەویش لە رێگای بوارپێدانیانەوە بۆ بەدەستهێنانی زیاترین ئیمتیاز لە حکومەتی ئێرانی.

لەم چوارچێوەیەدا بوو کە وەفدێك بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد کە نوێنەرەکانی سۆڤێتیشی تێدابوو چوو بۆ تەورێز لە ئازربایجان و لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئازربایجان کۆبوونەوە بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو دژی حکومەتی ناوەندی لە تاران. قازی محەمەدو سەرۆك کۆماری ئازربایجان جەعفەر پیشەوەری بە هاندانی سۆڤێتی لە 23ی نیسانی 1946 رێککەوتننامەیەکی هاوڕێیانەیان بۆ هاریکاریکردن ئیمزا کرد. رێککەوتننامەکە گەلێك سەرچاوەی برایەتی کوردو ئازەری خستبووە روو، لەوانەش کە پانتایی هاریکاریکردنی لە نێوان ئەو دوو کۆمارە تازە دامەزراوەدا نەخشە کێشابوو. زمانی رێککەوتنامەکە سەرباری هەندێ پڕوپاگەندەی دژ هیچ گومانێکی لای تاران نەهێشتبووەوەو تاران دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو دوو کۆمارە بەرەو سەربەخۆیی تەواو لە ئێراندا هەنگاو دەنێن. بۆ نموونە رێککەوتننامەکە داوای ئاڵوگۆڕکردنی نوێنەرایەتیی دەکرد لە



نێوان هەردوو کۆماردا (کە ئەوەش نزیك بوو لە گۆڕینەوەی کاربەدەستانی دیبلۆماسی لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەی دەوڵەتی دوو نەتەوەدا، هەروەها پێکەوەبەستنی نەخشەو پلانی سەربازیو ئابووریو بازرگانیو رێککەوتنی رۆشنبیری لە نێوان دوو کۆمارەکەدا لە خاڵەکانی نێو ئەو رێککەوتننامەیە بوون. رێککەوتننامەکە زیاتر گفتوگۆکانی داهاتووی لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا دەبەستەوە بەو بنەمایەوە کە دەبێت لە هەر گفتوگۆیەکدا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کۆماری کوردو کۆماری ئازربایجان بەهێند بگیرێت.

رێککەوتننامەی نێوان کوردو ئازربایجان لە ساڵی 1946دا شێوازو ئاراستەی گیروگرفتی سەختی نێوان داواکانی ئەو دوو نەتەوەیەو ململانێ ئیتنیکییەکانی گۆڕی. بەندی دووی رێککەوتننامەکە دەڵێت: لەو ناوچانەی ئازربایجان کە کەمایەتیی کوردی لێیە، لە دامەزراوەکانی حکومەتدا کوردەکان دادەمەزرێن و لەو ناوچانەی کوردستانیش کە کەمایەتیی ئازەری لێیە، ئازربایجانییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا دادەمەزرێن[35]. بە هەمان شێوە بەندی شەشی رێککەوتننامەکە دەڵێت: حکومەتی نەتەوەیی ئازربایجان هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردیو پێشخستنی کەلتووری کوردی لە نێو کوردەکانی ئازربایجاندا، حکومەتی نەتەوەیی کوردیش هەنگاوی هاوشێوە دەنێت بە گوێرەی ئەو ئازربایجانییانەی لە کوردستان دەژین[36].

نە کۆماری کوردیی مهابادو نە کۆماری دیموکراتی ئازربایجان هەنگاوی جیددییان نەنا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی رێککەوتننامەکەیان. لە ئاکامدا بزوتنەوەی نەتەوایەتیو پێداویستییە لە رادەبەدەرە ناوخۆییەکان سەلماندیان کە ئەو مەسەلەی یەکگرتنە (هاریکارییە) مەسەلەیەکی پڕ لە تەنگو چەڵەمەیەو پەیوەندیو پێکەوە پەیوەستبوونی ئەو دوو کۆمارە کە بە ئامۆژگاریو لە بەرژەوەندیی هێزێکی بێگانەدا بوو شکستی هێنا. سەرباری

www.pertwk.com

ئەوەش کۆمارەکانی کوردو ئازربایجان وا حساب دەکران کە دەسکەلای سۆڤێتن بە مەبەستی ئیفلیجکردنی باری سەربازیی ئێران، بەلاّم یەکێتیی سۆڤێتو ئێران دەستیان کرد بە زنجیرەیەك چالاکیی دیبلۆماسی بە مەبەستی چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

سۆڤێتییەکان لە گفتوگۆکانیاندا لەگەلّ ئەحمەد قەوامی سەرۆك وەزیرانی ئێراندا بەلّێنی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێتییان لە ئێران دا بەرامبەر بەوەی کە ئێران ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت لە بیرە نەوتییەکانی باکوور بدات بە سۆڤێت. ئەحمەد قەوامی سەرۆك وەزیران بیری سۆڤێتییەکانی خستەوە کە دەبوو پەرلەمانی ئێرانی دان بە بەخشینی ئیمتیازی نەوتدا بنێت، بەلاّم لەبەر ئەوەی کاتی پەرلەمان لە هەلّبژاردنەوە بۆ ئێستا بەسەر چووە، هەلّبژاردن پێویست بوو بۆ پەرلەمانێکی نوێ. هەرچەندە هەلّبژاردنی پەرلەمان بە پێی دەستووری ئێرانی بواری پێ نەدەدرا لە کاتێکدا هێزەکانی بێگانە بەشێك لە ولاّتیان داگیر کردبوو. لە رێككەوتننامەی نیسانی 1946دا یەکێتیی سۆڤێت بەلّێنی کێشانەوەی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی ئێران داو، هەروەها بەلّێنیشی دا کە مامەلّەی کێشەو گۆڕانکارییە خێراکەی ئازربایجان وەکو مەسەلەیەکی تەواو ناوخۆی ئێران بکات. رێككەوتننامەکە لە لایەکی ترەوە داوای دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی ئێرانو سۆڤێتی دەکرد[37]. لە 9ی مایسی سالّی 1946دا سۆڤێت لە ئێران کشایەوە بەلاّم پەرلەمانی ئێرانی نە دانی بە ئیمتیازی نەوتدا نا، نە بە دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتدا.

لە ئەنجامی هەستکردنی ئازربایجانییەکان بە کشانەوەی سوپای سوور لە ئێرانو لە ئەنجامی جێبەجێکردنی کشانەوەی ئەو سوپایەدا ئازربایجانییەکان کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەلّ قەوامی سەرۆك وەزیرانو لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیەشدا رازی بوون کە ئازربایجان بەشێکی جیانەکراوە بێت لە ئێران، لە بەرامبەردا قەوام ژمارەیەك ئیمتیازاتی سیاسیو ئابووری پێدان، لەوانەش دان نان بە قەوارەی یاساییو تەنفیزیی کۆماری ئازربایجاندا وەکو حکومەتێکی یاسایی ناوخۆیی، هەروەها بەلّیندان بە زیادکردنی قەوارەی نوێنەرایەتیی ئازربایجان لە پەرلەمانی ئێرانیدا. بواردان بە کۆماری ئازربایجان بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی لە رێگای هێزەکانی ئاسایشی خۆیەوە. هەروەها بواردان بە بەکارهێنانی دوو لە سێی داهاتی کۆکراوە لە ئازربایجان بۆ پێشخستنی پرۆژەی ئابووری ناوخۆیی ئەو هەرێمە. ئازربایجانییەکان بۆ ئەوەی وا خۆیان نیشان نەدەن کە ناپاکییان لە رۆحی ئەو رێككەوتننامەیە کردووە کە لەگەلّ کۆماری مهاباددا ئیمزایان کردبوو، وەفدەکەیان قاوامیان ناچار کرد کە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن چاك بکاتو بواری منداڵانی ئازەریو کورد بدات کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا[38].

تەنانەت کۆماری مهابادیش جارجار لە گفتوگۆی نێوان ئێرانو ئازەریدا لە لایەن سەدری قازییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، بەلاّم کوردەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو رێككەوتنە شتێکی زۆر کەمی لە داواکانی کورد جێبەجێ دەکرد، لەبەر ئەوە وەفدی کوردی لە مهابادەوە بردرا بۆ کۆبوونەوە لەگەلّ قەوامدا، بە پێچەوانەی هاوشێوە ئازەرییەکانیانەوە وەفدی کوردی نەیتوانی هیچ ئیمتیازێك لە سەرۆك وەزیرانی ئێران بەدەست بهێنێت. ئەوەش بۆ کوردەکان بێ ئومێدییەکی تەواو بوو، قەوام پێی گووتن کوردستان بەشێکە لە ئازربایجان. ئەگەر کورد ناوچەی خۆیان بویستایە لە ئێراندا، دەبووا لەگەلّ کۆماری ئازربایجان گفتوگۆیان بکردایەو رەزامەندیی ئەویان بۆ داواکارییەکانیان بەدەست بهێنایە، چونکە بە پێی بۆچوونی قەوام کۆماری مهاباد بنەمایەکی یاسایی (شەرعی) نەبوو. کوردەکان لەو کاتەدا کەوتنە بەردەم مەترسییەکی دوو جەمسەرییەوە لە لایەك وەکو کەمایەتییەکی ئیتنیکی لە سنووری دەولّەتی ئێراندا، لە لایەکی تریشەوە وەکو کەمایەتییەك لە حکومەتی ئازربایجاندا.

www.pertwk.com

ئەم گفتوگۆیانە پەیوەندییەکانی ئازەری و کوردیان ئاڵۆز کردو بووە هۆی پێکدادان و، ئەو پێکدادانەش زیاتر پەرەی سەند کاتێك سوپای سوور دەستی کرد بە گواستنەوەی هێزەکانی لە ئێران. لە کاتێکدا سوپای سووری سۆڤێتی لە ئازربایجان و کوردستان دەکشایەوە، سوپای ئێرانی وردەوردە کەوتە چەکداماڵینی هێزە ئازەری و کوردەکان و لەگەڵ کۆتایی هاتنی پاراستنی سۆڤێتدا سوپای ئێران دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی (تارانی) دامەزراندەوە. کۆمارە سەربەخۆکەی ئازربایجان بوونی کەوتە بەردەم مەترسیی کۆتایی هاتنێکی بە پەلەوەو لە سەرەتای کانونی یەکەمی ساڵی 1946دا هەرەسی هێنا.

کۆماری مهابادیش رووبەڕووی هەمان چارەنووس بووەوە کاتێك هێزی سوپای چوارەمی ئێران بە فەرماندەیی جەنەراڵ هۆمایۆن کە تازە سەرۆکایەتیی شاڵاوێکی سەرکەوتووی بۆ پووچکردنەوەی راپەڕینی خێڵەکان لە ناوچەی باشووری خوزستان کردبوو ئابڵوقەی مهابادی دا. سوپای ئێران لە رۆژی 17ی کانونی یەکەمی ساڵی 1946دا چووە ناو مهابادەوەو کۆماری مهاباد کە هێشتا ساڵێکی تەواو نەکردبوو رووخێنرا. دادگای سەربازیی قازی محەمەدو سەدری قازی و سەیفی قازی بە خیانەت تاوانبار کردو بە ئاشکرا لە گۆڕەپانی سەرەکیی مهاباددا لە رۆژی 31ی ئازاری ساڵی 1947دا هەڵواسران. بنەماو بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمارەکە رووخێنران و ئەو دیاردانەی کە مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردیان نیشان دەدا وەکو فێربوونی زمانی کوردی قەدەغە کران.

سەرباری ئەو راستییەی کە کۆماری مهاباد پیادەی دەسەڵاتی بەسەر کەمتر لە سێیەکی کوردی ئێراندا کردو بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێکیش بەردەوام بوو بەڵام وەکو خاڵێکی سەرچاوەی بزوتنەوەی کوردایەتی ماوەتەوە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆماری مهاباددا زۆرێك لە داخوازییەکانی کورد بەدی هاتن، زمانی کوردی بوو بە زمانێکی



رەسمی. گۆڤارو رۆژنامە بە زمانی کوردی دەرچوون و بڵاوکراوەی ئەدەبی پەرەی سەند. پێشمەرگەی کورد جێگای یەکەکانی پۆلیسی ئێرانیی گرتەوەو دامودەزگای حکومەتی کوردی پێکهات و... هەوڵ و کوشش خرایە کار بۆ هاندانی پێکهێنانی هەرێمی تری ئۆتۆنۆمی لە وڵاتدا هەروەها هەوڵ درا هەتا کوردستان بکرێت بە زەمینە بۆ (هەموو هێزە دیموکراتەکانی ئێران)[39]. لەو کاتەوە تاکو ئێستا هیچ بزوتنەوەیەکی کوردی لە وێنەکردنەوەی دەستکەوتەکانی کۆماری مهاباددا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

## کوردستان دوای کۆماری مهاباد

### ناسیونالیزمی کوردو دیکتاتۆریەتی پەهلەوی

هەرەسی کۆماری مهاباد بوو بە هۆی گوڕبەستنی رەزاشا لە چەکداماڵینی خێڵە ئێرانییەکان و دووبارە یەکخستنەوەی گروپە ئیتنیکییە نافارسەکان بە مەبەستی پێکهێنانی هێزێکی خڕبوو لە تاراندا. زۆرێك لەو خێڵە کوردییانەی کە بەشداری هێزەکانی کۆماری مهابادیان کردبوو گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بە پێی قسەی جەنەراڵ حەسەنی ئەرفەع کە لە ساڵانی 1944 بۆ 1946 سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی سوپای ئێران بوو (لە کوردستان)، کوردەکان دوای رووخاندنی کۆمار گەڕانەوە بۆ هەرێمە خێڵایەتییەکانی خۆیان بێ ئەوەی لە حاڵەتی هەست بە ناخۆشیکردن و هەست بە سووکایەتی پێکردندا بووبن کە لە رووی نەتەوایەتییەوە غەزو کران و خۆشەویسترین خەڵاتیان کە سەربەخۆیی کورت تەمەنیان بوو لە دەستیان چووبوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ئاگاداری ئەو سەرکێشی‌یە بوون کە وەکو زۆر سەرکێشی پێشتریان لەمەشیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە باشترین شت بۆ ئەوەی کات بەڕێ بکەن، باشتر وابوو بە هێمنی دابنیشن و خۆیان بە هاونیشتمانی چاك

نیشان بدەن[40]، ئەو سۆزو عاتیفەیەی کە جەنەراڵ حەسەنی ئەرفەع دەری بڕیووە سیاسەتی شا بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی روون دەکاتەوە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆری پەهلەوی.

لەگەڵ ناوهێنانی بزوتنەوەی داواکاریی ئۆتۆنۆمی لە ئازربایجان‌و کوردستاندا، شا دەستی کرد بە پتەوو بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی. رێککەوتننامەکانی قوام سەڵتەنە کە دۆستانە بوون لەگەڵ کۆمارەکانی کوردو ئازەربایجان‌و ئەو یارمەتییانەی کە حیزبی تودەو یەکێتیی سۆڤیەت پێشکەشی قوام سەڵتەنەی سەرۆك وەزیرانیان کرد قوامی لە مەیلی سەرکەشی سیاسیانەی (شا) پاراستبوو. لەگەڵ رووخاندنی ئەم دوو کۆمارەو پاشەکشێکردنی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکووری ئێران، هەڵوێستی قوام لاواز بوو. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵانی 1946و 1947 بە تایبەتی بنەمای هێزو توانای قوامی لاواز کرد لە کاتێکدا زۆربەی هاوپەیمانەکانی کورسییەکانی پەرلەمانیان لەدەست دا، ئەوەش رێگای بۆ شا خۆش کرد کە لە کۆتایی ساڵی 1947دا قوام لە سەرۆك وەزیری لا ببات.

دوورخستنەوەی قوام لە ناوەندی سیاسی نەیارە شاراوەکانی تری شای لەناو نەبرد هەتا رێگا لە بەردەمی شادا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی رەها ئاوالا بکات. یەکێك لەو نەیارە نائاشکرایانە جەنەراڵ عەلی رازمارای سەرۆکی دەستەی فەرماندەیی سوپای ئێران بوو، لە میانەی بنیادنانەوەی بنەماکانی فەرماندەیی‌و دانانی ئەفسەرە لایەنگرەکانی لە جێگا سەرەکییەکانی سوپادا شوێنی خۆی پاراست‌و هەروەها گەڕا لە دوای ئەوەی کە شوێنێکی پەسەند بۆ خۆی بدۆزێتەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی توانایەکی شیاو بۆ خەباتکردن لەگەڵ شادا. بۆچوونەکانی رازمارا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوو ناڕاستەوخۆ پشتگیری کرا کاتێك کە بەڕێوەبەرایەتی (ترومان – Troman) شای ئاگادار کرد کە یارمەتیی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ حکومەتی شا دەکەوێتە سەر ئاستی ریفۆرمەکانی ناوخۆی (ئێران) بۆ لە



نێوبردنی گەندەڵی‌و تەمبەڵی. شا لە ئەنجامی ئارەزووی زۆریدا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڕیاری دا کە پشتگیری رازمارا بکات بۆ جێبەجێکردنی ریفۆرمەکان. لەبەر ئەوە شا بە بێ پرسکردن بە پەرلەمان جەنەراڵ رازمارای لە 26ی حوزەیرانی 1950دا دانا بە سەرۆك وەزیران.

بە پێی بەڵێنی شا، رازمارا دەستی کرد بە پاکسازی لە نێو سیاسییەکانی ئاستی سەرەوەدا لە ئێران، لە ناو ئەوانەشدا کۆمەڵەی سیاسی قەوام، رازمارا پرۆژەی نامەرەکەزیبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە بەر گرت بە دەرکردنی یاسایەك بۆ دامەزراندنی مەجلیسە هەرێمییەکان، هەروەها داوای جێبەجێکردنی پرۆگرامی بەربلاوی چاککردنی زەوی‌و زاری کرد ئەویش دوای هاتنە سەر کورسیی دەسەڵات بە پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و بە نەخشەو پلانی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان[41]. رازمارا ویستی پاڵپشتی بەریتانیاش بەدەست بهێنێت کە بەریتانیا هێزێکی تەقلیدیی ناوبژیوانی دەرەکی بوو لە سیاسەتی ئێراندا، مەبەستی رازمارا لەم کارەی بەهێزکردنی شوێنی خۆی بوو. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی دا کە رەزامەندیی پەرلمانی ئێرانی لەسەر رێککەوتننامەی نەوت لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانیدا بەدەست بهێنێت کە لە ژێر چاودێری‌و دەسەڵاتی بەریتانیادا بێت. ئەگەرچی ئەمە چاککردنێك بوو لە رێککەوتننامەکانی پێشتردا لەگەڵ بەریتانیادا کە بەریتانیا رازی بوو بەوەی کە لە رووی داراییەوە حکومەتی ئێرانی دوو ئەوەندەی پێشتر پارەی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام رازمارا رووبەڕووی ناڕەزایی توندوتیژی پەرلەمان بووەوە ئەویش لە لایەن ویژدانی جوولاوی ناسیۆنالیستەوە کە ئارەزوومەندی خۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوتی ئێران بوون. سووربوونی رازمارا لەسەر دان نان بەو رێککەوتننامە پاشکۆییەداو رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیستەکانی ناو پەرلەماندا بوو بە هۆی لەدەستدانی ئەو شوێن‌و

www.pertwk.com

دەســەڵاتەی کــە هــەیبوو، هــەروەها لــە ئاکامــدا بــووە بووکەشووشــەیەکی بەریتانی.

هەروەها بە مەبەستی دیسان دڵنیاکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی‌و بەلاوەنانی تاوانبارکردنەکانی لە لایەن دژە ناسیۆنالیزمەکانەوە، رازمارا لایدایەوە بە لای سۆڤیەتداو رێککەوتنێکی بازرگانی لەگەڵدا ئیمزا کردو کێشەی ئیقلیمیی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت‌و ئێرانی دامرکانەوە، لە لایەکی ترەوە لە رووی فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆ پەیوەندیکردنی ئێران‌و بەشداربوونی لە هاوپەیمانێتیی سەربازیی رۆژئاوادا وەستا. هەروەها رازمارا ئەو رێنومایکەرانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لابرد کە چاودێری بەرنامەکانی ریفۆرمی ئابووری ئەمیان دەکرد، هەروەك جووڵەی رێ پیشاندەرە سەربازییەکانی ئەمەریکاشی لە ئێران تەسك کردەوە[42] لەوانەیە پاڵنەری سەرەکی بۆ سیاسەتی رازمارا بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ دامەزراندنی هاوسەنگییەك بووبێت لە نێوان رۆژهەڵات‌و رۆژئاواداو خۆیشی لە شێوەی نەتەوەیەکی خاوەن حەقی ئێرانیدا نیشان بدات، بەهەرحاڵ رازمارا لە ئەنجامدا پشتگیریی ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و بەریتانیای لەدەست دا کاتێك شکستی هێنا لەوەی بڕوای نەتەوەیی لە بەرەی ناوخۆدا دابمەزرێنێت.

کاتێك رێککەوتنی رازمارای سەر بە بەریتانیاو کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی‌و رێککەوتنی ئیمتیازی بازرگانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا بوو بە هۆی لەدەستدانی زەمینەی پشتگیریکردنی لە ناو نەتەوەییە عیلمانییەکانی ئێراندا. هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی ئەو کەسایەتییانەی سەر بە تودە بوون کە قەشە بوون‌و وا دادەنران کە کۆمۆنیستی بێ بڕوان، هەروەها شێوازی رووبەڕووبوونەوەی سیاسییانەی بەرامبەر رابەرە دیارە ئایینییەکان بوو بە هۆی ئەوەی کە دەستەی پیاوانی کەنیسە تووشی نامۆبوون بکات. شا لەوە گەورەتر بوو کە دڵی بەوە خۆش بێت ببینێت کە نەیارە سەرەکییەکەی لە هەموو بەرەیەکەوە ئابڵوقە دراوە. رێڕەوی سیاسیی رازمارا بەرەو کۆتاییەکی



نالەبار چوو کاتێك لە 7ی مارتی 1951دا لە لایەن ئەندامێکی سەر بە گروپێکی توندڕەوی ئیسلامییەوە کە ناوی فیدائینی ئیسلامی بوو کوژرا.

لە دوای کوشتنی رازمارای سەرۆك وەزیران، نائیبە ناسیۆنالیستەکانی ناو پەرلەمانی ئێرانی سووربوونی خۆیان لەسەر خۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوتی ئێران دووبارە کردەوە. بە لای ناسیۆنالیستەکانەوە، دەسەڵاتی بەریتانی بەسەر سەرچاوەی سەرەکیی داهاتدا جۆرێك بوو لە کۆڵۆنیالیزمی ئابووری کە رۆحی سەربەخۆیی‌و کاری ئازادانەی دەرهێنابوو. ئەوانەی لە بیروباوەڕدا ناسیۆنالیست بوون دەنگی نارەزاییان لە بەرەی نیشتمانیی ئێراندا لە ژێر سەرکردایەتی دکتۆر محەمەد موسەدەقدا یەکخرا. بەرەی نیشتمانی کە لە هاوینی 1949دا بۆ دژایەتیکردنی دانانان بە رێککەوتننامەی نەوت لە نێوان کۆمپانیای نەوتیی ئەنگلۆ – ئێرانی‌و دەسەڵاتدارێتی مەلەکی‌و دەرخستنی دیکتاتۆریەتی شا پێکهات، ئەو بەرەیە چەترێك بوو کە لە سایەیدا دەستەیەکی هەمەجۆر لە ئاستە جیاوازەکانی سیاسەتی ئێران کۆبووبوونەوەو ئەو ئاستە جیاوازانەی سیاسەتی ئێرانیان دەنواند. ئەم بەرەیە دژی پێدانی هەر ئیمتیازێکی سیاسیانەو ئابوورییانە بوو چی بۆ بلۆکی سەرمایەداری‌و چی بۆ بلۆکی کۆمۆنیستی‌و دوورکەوتنەوەی ئەو دوو زلهێزەی بەلاوە پەسەند بوو کە (هەردووکیان وەکو یەك خراپ بوون). ئەم بەرەیە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێزی مەرکەزی دەکرد کە زەمانەتی ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو ئێرانییەکان بکات بێ گوێدان بە بنەمای ئیتنیکی یان زمان[43].

بەرەی نیشتمانی دژی دامەزراندنی قەوارەی یاسایی ئۆتۆنۆمیی ئیقلیمییانە بوو، ئەو یاسایەی کە پێشتر رازمارا نەخشەی بۆ دانابوو وەکو هۆیەك بۆ زەمانەتکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو ئێرانییەکان. دکتۆر موسەدەق‌و هاوەڵەکانی گفتوگۆی ئەوەیان کرد کە لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتێکی دیموکراتیدا کە هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە بچێت بە بێ دەست

www.pertwk.com

تێوەردانی دەسەڵاتداران، ئەوا مافەكانی هەر دەنگدەرێكی ئێرانی فارس بێت یان غەیری فارس بە باشترین شێوە دەپارێزرێت ئەگەر بێتو حكومەت ئەوەندە بەهێز بێت بتوانێت رێگا لە دابەشبوونی وڵات بگرێت. ئەندامانی بەرەی نیشتمانیو ناسیۆنالیستە ئێرانییەكانی تر ترسان لەوەی كە بە بێ بوونی حكومەتێكی بەهێزی مەركەزی، هێزە بیانییەكان جارێكی تر عاتیفەی هەرێمیو ناوچەیی دەقۆزنەوەو بزوتنەوەی جیاخوازی لە جۆری بزوتنەوەكانی ئازەربایجانو كوردستان دروست دەكەنەوە. زیادبوونی جەماوەری بەرەی نیشتمانیو بەهێزبوونی شوێنو هەڵوێستی دكتۆر موسەدەق لە نێو رۆشنبیرانی ئێرانداو داواكاری بەرەی نیشتمانی بۆ دروستكردنی حكومەتێكی بەهێزی مەركەزی، ئۆپۆزسیۆنێكی بەهێزی لە ناوچە دوورەكاندا (دوور لە پایتەختەوە) دروست كرد. لە راستیدا بەرەی نیشتمانی بە شێوەیەكی جوان لە لایەن غەیری فارسەكانەوە یان لە لایەن ئەوانەوە كە پشتگیرییان بۆ مافەكانی ئێرانیانی غەیری فارس كردبوو بە بنەمایەك بۆ كاركردن رابەرایەتی دەكرا. بۆ نموونە دكتۆر كەریم سەنجابی كە رۆشنفیكرێكی پایە بەرزی كورد بوو، بوو بە ئەندامێكی سەرەكی بەرەی نیشتمانیو ئەندامی كابینەكەی موسەدەق.

شا وەها سەیری بەرەی نیشتمانیو موسەدەقی دەكرد كە بەربەستێك بن لە رێگای پەرەسەندنی رەهای شاهەنشایەتیدا بە مەبەستی بوونی بە ناوەندی رەهای دەسەڵات. لە ئەنجامی ئەوەدا (شا) حسێن ئەلای كە یارمەتیدەری نزیكو دڵسۆزی دەسەڵاتی شاهەنشاییو سیاسییەكی سەر بە بەریتانیا بوو كردی بە سەرۆك وەزیرانی نوێ. حسێن ئەلا سەلماندی كە نەیاری یان مونافیسی موسەدەق نییە، سەرەڕای ئەوەش كابینەكەی حسێن ئەلا دەریخست كە توانای وەستاندنی ئەو جموجۆڵانەی نییە كە دەسەڵاتی بەسەر پەرلەماندا كردووەو داوای خۆماڵیكردنی نەوت دەكات. لە 26ی نیسانی 1951دا پەرلەمان بە تێكڕایی دەنگ رەزامەندیی خۆی لەسەر



خۆماڵیكردنی پیشەسازیی نەوت نیشان دا كە ئەوەش داواكاریی بەرەی نیشتمانی بوو. گرنگی ناوەرۆكی ئەم وەرەقەیە (بەیانە) بە پێچەوانەی ئەو راستییەوە بوو كە پەرلەمانی ئێرانی بە شێوەیەكی سەرەتایی لەو نوێنەرانە پێكهاتبوو كە نوێنەرایەتی هێزە سەر بە بەریتانییەكانو هێزە سەر بە شاهەنشاییەكانیان دەكرد. ئەگەرچی ئەو نوێنەرانە بە تەواوی ئاگاداری ئەو پشتگیرییە جەماوەرییە لە رادەبەدەرە بوون بۆ كۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی نوێی كۆلۆنیالیستانەی بەریتانیا لە ئێراندا[44].

ناوەرۆكی بەیانی خۆماڵیكردنی نەوت بوو بە هۆی دەست لەكاركێشانەوەی حسێن ئەلای سەرۆك وەزیران. دەست لەكاركێشانەوەی حسێن ئەلاو دەنگدانی گشتی پەرلەمان بۆ بڕوابەخشین بە سەركردایەتی بەرەی نیشتمانی شای ناچار كرد دكتۆر موسەدەق بكات بە سەرۆك وەزیران ئەمەش لە نیسانی 1951دا پلاتفۆرمی نەتەوایەتی موسەدەقو نموونەكانی دیموكراتی لیبریالو ئارەزووی بەڕێوەبردنی وڵات لە رێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە حەماسەتی رۆشنفیكرانی كوردی بزواند. پارتی دیموكراتی كورد كە حكومەتی شا لە دوای رووخاندنی كۆماری مهاباد لە رووی یاساوە قەدەغەی كردبوو، جارێكی تر دەستی كردەوە بە چالاكیی سیاسی ئەگەرچی ئەو چالاكییانە بە نهێنی بوون.

یەكەم هەڵبژاردنی ناوچەیی كە پاڵێوراوەكانی پارتی دیموكراتی كورد لە دوای رووخاندنی كۆماری مهابادەوە بەشدارییان تیادا كرد لە سەرەتای ساڵی 1952دا بوو. پاڵێوراوەكانی پارتی دیموكرات بێ مونافیس هەڵبژاردنەكەیان بردەوە. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە هیچ شەرعییەتێكی نەما كاتێك سوپای شا هاتە مهابادەوەو حكومەت ئەو كاربەدەستە سیاسیانەی لەوێ دانا كە لایەنگری دەسەڵاتی شاهەنشایی بوون. موسەدەقی سەرۆك وەزیران دژی دەست تێوەردانی نادروستی سەربازی بۆ ئەنجامەكانی ئەو هەڵبژاردنە ئازادە بوو، بەڵام نەیتوانی دژی شا بووەستێت چونكە لە سایەی دەستووری

www.pertwk.com

ئێرانیدا شاهەنشای پەهلەوی فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوپا بوو. هەر لەو ساڵەدا گەورەترین راپەڕینەکانی کورد لە شوێنەکانی تری کوردستان سەریان هەڵدا، زۆربەی ئەو راپەڕینانە دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوون‌و زیاتر بە دژی دەرەبەگە خاوەن مڵکەکانی کوردستان ئاراستە دەکران، هەروەك لە هەمان کاتدا دژی دەسەڵاتی سەربازی شاهەنشاش بوون. لە ئەنجامی ئەوەدا هاوپەیمانییەکی گونجاو لە نێوان شاو خانە گەورەکانی کوردو خاوەن مڵکەکاندا پێکهات بە مەبەستی دامرکاندنەوەی راپەڕینی جوتیاران لە هەموو کوردستاندا.

یەکڕیزی کوردو پاڵپشتیان بۆ حکومەتەکەی موسەدەق شای تووشی سەرسووڕمان کردو قەناعەتی پێهێنا کە دەبوو بە هەر نرخێك بوایە کورد حسابیان بۆ بکرایە، بۆ نموونە لە خستنە روویەکی جەماوەریدا بۆ پاڵپشتکردنی چاکسازییەکەی موسەدەق بۆ ناچارکردنی شا کە جڵەوی دەسەڵات بگرێت بەڵام حوکمڕانی نەکات، هەروەك لە دەستووری ئێرانیدا ئەوە بە پێویست دانرا. کوردەکانی ئێران لە 13ی ئابی 1953دا بە شێوەیەکی گشتی دەنگیان دا بۆ سنوور دانان‌و تەسککردنەوەی دەسەڵاتی شاو کردنی بە مەلیکێکی دەستووری. بە پێی قسەی عەبدولڕەحمانی قاسملۆ لە شاری مهابادا کە لەوێ پێنج هەزار دەنگدەر بەشداریی راپرسیان کرد، شا تەنیا دوو دەنگی بەدەست هێنا[45]. ئەم سەردەمەی لیبرالیەت کۆتایی پێهات کاتێك حکومەتە بە دیموکراتانە هەڵبژێردراوەکەی دکتۆر موسەدەق لە 19ی ئابی 1953دا لەسەر حوکم لابرا، ئەویش لە ئەنجامی کودەتایەکی هاوبەشی بەریتانیاو ئەمەریکادا کە ناوی نهێنی ئۆپەراسیۆنەکە (ئەجاکس – Ajax) بوو[46]. کوردەکان کە ئومێدی ئەوەیان هەبوو لە ژێر سایەی سەرکردایەتی موسەدەقدا مافەکانیان بەدەست بهێنن، جارێکی تر خۆیان لە ژێر سایەی بەزەیی رژێمی شادا بینییەوە. ئەو بەشە کەمەی کوردەکان کە بەرگرییان دەکرد بەرامبەر بە هێزەکانی شا بە ئاسانی کۆنترۆڵ کران.



سەرباری ئەوەی کە راپەڕینی ناوبەناو بەردەوام لە کوردستاندا رووی دەدا، بەڵام گرنگترین راپەڕین کە دوای ساڵی 1953 روویدابێت راپەڕینی خێڵی جاڤانۆدی بوو لە نزیك کرماشان کە ساڵی 1956 سەری هەڵدا. ناوچە شاخاوییە سەختەکان‌و نیمچە گۆشەگیری خێڵی جاڤانۆدی کورد توانای دابوو بەو خێڵە کە پێشتر لە رووی هێرش‌و داگیرکردنی هێزە سەربازییەکانی شادا بووەستن، ئەگەرچی نەیانتوانی بۆ هەتاهەتایە لە رووی سوپای گەورەو زۆری ئێراندا بووەستن‌و وازیان لە بەرەنگاربوونەوە هێنا. دوای ئەوە هیچ شۆڕشێکی دیاری تری کورد لە ئێراندا سەری هەڵنەدا هەتا دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی 1978دا.

سەرباری پشتبەستن بە هێزی سەربازی، شا هەوڵی دا لە رێگای هەڵبژاردنەوەی سەرۆك خێڵەکانەوە بۆ نێو رژێمی شاهەنشایی بارودۆخی کوردستان هێمن بکاتەوە ئەویش بەوەی پاداشتی دارایی‌و سیاسی ئەو سەرۆك خێڵانە بداتەوە. بۆ نموونە حکومەتی شا خاوەن دەسەڵاتە تەقلیدییەکانی لە عەشیرەتی جاف دەستنیشان کردو شوێنی بەرزی لە ناوچەکانی خۆیان‌و لە حکومەتی مەرکەزیشدا لە تاران پێدان. کاتێك شا بەرنامە ریفۆرمییەکەی لە بواری زەوی‌و زاردا وەکو بنەمای سەرەکی شۆڕشە سپییەکەی لە ساڵی 1960 – 1963دا جێبەجێ کرد، خاوەن مڵکە دیارەکانی لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی جاف بە شێوەیەکی سەرەکی بێ دەست لێدان بەجێهێشت. سالار جاف شوێنێکی بەرزی لە کۆشکی شادا پێدرا، لە کاتێکدا سەردار جافی برای بوو بە ئەندامێکی بە نفوزی خێڵ لە پەرلەمانی ئێراندا[47]. خێڵی بە دەسەڵاتی ئەردەڵان کە شیعەن ژمارەیەکی گەورە لە کەسێتی دیاریان لە سەروەختی فەرمانڕەوایی شادا (لە حکومەتدا هەبووە). دوا وەزیری دادی حکومەتی شا کوردێکی سەر بە عەشیرەتی ئەردەڵان بوو. هەروەها کوردەکان ئەو سەربازانەیان پێشکەش بە حکومەت دەکرد کە بەرز دەبوونەوە بۆ بەرزترین پلە لە هێزی سەربازیی شادا. بۆ

نموونه یەكێك لە هەر یارمەتیدەرە دڵسۆزەكانی شا، تەنانەت دوای لابردنی شاهەنشایەتی پەهلەوی جەنەراڵ پالیزبان بوو كە كورد بوو، پارێزگاری گشتیی كرماشان بوو. جەنەراڵ پالیزبان بەهۆی بەكارهێنانی زانیاریی خۆیەوە لەبارەی تۆپۆگرافیاو دیمۆگرافیای كوردستان‌و پەیوەندییەكانی لەو هەرێمەدا چەند جارێك بە دوای یەكدا هاتەوە ناو ئێران لە كاتێكدا بۆ چەند ساڵێك بنكەی لە عێراقدا بوو[48]. ئەگەرچی شا لە سیاسەتی گێزەرو گۆچانیدا هەندێ كوردی پاداشت دایەوە بەڵام ژیانی زۆربەی كورد بە جێگیری مایەوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شادا. بە تایبەتی ئابووریی كورد داڕما كاتێك باجی دانەوێڵەو تووتن لە كوردستاندا زیادی كردو یارمەتیی دارایی پێویست لە هەرێمی كوردستاندا هەرەسی هێنا.

شا خەریكی لە نێوبردنی (نەتەوایەتیبوونی) كورد بوو بە ئاشكرا، ئەمەش تەنیا لە ڕێگای داواكردنی زمانی فارسییەوە نەبوو وەكو زمانی تاك‌و تەنها لە كاروباری حكومیدا، بەڵكو ئەوە بەهۆی بەكارهێنانی زمانی فارسییەوە بوو لە میدیای چاپكراوو لە كتێبیشدا. ئەگەرچی ئێزگەی رادیۆو تەلەفزیۆن بە زمانی كوردی لە سنوورێكی تەسكدا ڕێگایان پێدرا، بەڵام سەرجەم خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی بە زمانی فارسی بوو. لە پێناوی دڵنیابوون لە پەیڕەوكردنی سیاسەت لە بوارەكانی زماندا حكومەت قسەكەری غەیرە كوردی ناردە دەزگا پەروەردەییەكانی ناوچەی كوردستان. چالاكیی سیاسییانەو ئازادی لە كوردستاندا تەسك كرایەوە، ئەمەش لەگەڵ هێڵە سیاسییەكانی دەسەڵاتدارێتی شادا بوو، هەر بەو شێوەیەی كە لە بەشەكانی تری وڵاتدا پیادە كرا[49].

لە پێش شۆڕشی ئیراندا شا كەوتە بەكارهێنانی دوا سیاسەتی خۆی بۆ لاوازكردنی كوردەكان. پەلەكردنی راپەڕینەكانی كورد لە ساڵانی شەستەكاندا دژی حكومەتی عێراقی كارەسات بوو بۆ كوردەكان. شا سەركەوتنی حیزبی بەعسی (رادیكاڵ)ی بۆ سەر كورسیی دەسەڵات لە عێراقی دراوسێیدا وەكو



هەڕەشەكردنێك لە ئامانجەكانی خۆی سەیر دەكرد لە ڕێگای بوونیدا بە هێزێكی هەرێمیی بێ موونافیس لە كەنداوداو هەروەك بەعسی بە هەڕەشەیەك دەزانی بۆ سەر سەقامگیری‌و هێمنی هەرێمایەتی. لە ئاكامدا شا بڕیاری دا كە راپەڕینی كوردی عێراق بەكار بهێنێت بۆ ڕێگاگرتنی لە دروستبوونی باری سەقامگیربوونی بەعس لە بەغدا. هەروەك لە بەشی سێیەمدا دواتر باسی دەكەین راپەڕینی سەرەتایی كورد لە لایەن جەنگاوەری دێرینەی كورد مەلا مستەفای بەرزانەوە رابەرایەتی دەكرا.

هەتا ساڵی 1966 تاكە یارمەتیی دیاری دەرەوە بۆ پێشمەرگەكانی مەلا مستەفا لە پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە دەهات. لەگەڵ ئەوەشدا شا گەیشتە پەیبردن‌و درككردن بە نهێنیی راستەوخۆ بەكارهێنانی یارمەتیی راستەوخۆ بۆ مەلا مستەفا وەكو هۆیەك لە پێناوی بەدەستهێنانی نفوزێكی راستەوخۆ لە ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورددا. بۆچوونەكەش ئەوە بوو كە بزوتنەوەكەی بەرزانی وا لێبكرێت پشت بەو یارمەتییە ببەستێت‌و یارمەتییەكەش زیاد بكرێت بۆ ئەوەی كاتێك كە بزوتنەوەكە نەشونومای كرد، لە ئاكامدا ئەم زیندووبوونەوەیەی كورد پشت بەو یامەتییە ببەستێت[50]. شا بە راستی ئەو حیسابەی كردبوو كە یارمەتیدانی مەلا مستەفا دەتوانێت وا لە مەلا مستەفا بكات كە لە یارمەتیدانی كوردەكانی ئێران پاشەكشە بكات‌و تەنانەت پێی وابوو كە مەلا مستەفا بەكار بهێنێت بۆ دامركاندنەوەی چالاكییەكانی كورد لە ناو ئێراندا.

هەر كە یارمەتیی حكومەتی ئێران بۆ مەلا مستەفا زیادی كرد، لەگەڵێدا نفوزی شایش زیادی كرد، ئەمەش بوو بە هۆی دەركردنی بەیانێكی گەورەی سیاسی لە ساڵی 1966دا لە لایەن مەلا مستەفاوە كە ئەویش لە بارەی ئاراستەی بزوتنەوەی كوردەوە بوو لە ئێراندا. بەیانەكە ناسیۆنالیستەكانی كوردی ئامۆژگاری دەكرد كە دوژمنایەتییان دژی ڕژێمی شا رابگرن. دوژمنایەتیكردنی ڕژێمی شا لە لایەن كوردەكانی ئێرانەوە لە لایەكی ترەوە

www.pertwk.com

دەبوو بە هۆی بڕینی یارمەتیی ئێران بۆ پێشمەرگەکانی کورد لە ناو عێراقداو ئـەوەش دەبـوو بـە هـۆی شکسـتێکی چـاوەڕوانکراوی راپـەڕینی کـورد دژی رژێمی بەعس. هەر جەنگاوەرێکی کورد کە درێژەی بە شەڕکردن دژی رژێمی شا بدایە ئەوا بە دوژمنی (شۆڕشی کورد) دادەنرا. مەلا مستەفا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پێشمەرگەکانی ئەم هەلێکی گەورەتری سەرکەوتنیان بەسەر حکومەتی عێراقیدا لە بەردەستدایە لەچاو کوردی ئێراندا دژی رژێمی شا. بەم شێوەیە دەبوو کوردی ئێرانی ئامانجەکانی خۆی بکات بە قوربانی ئامانجێکی زۆر بە پەلەی سەرکەوتنێك لە عێراقدا.

سیاسەتی مەلا مستەفا لە هاوکاریکردنی رژێمی شادا رووخانێکی خراپ‌و شکستی ئۆتۆنۆمیی کوردی بوو. ئەم هاریکارییە بوو بە هۆی ناکۆکی نێوان کوردی عێراق‌و هاوڕەگەزەکانیان واتە کوردی ئێران لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا. ژمارەیەك لە راپەڕیوی ئێرانی کە بەشداری هێزەکانی مەلا مستەفایان کردبوو، گەڕانەوە بۆ ئێران‌و راپەڕینێکی نوێیان دژی رژێمی پەهلەوی بەرپا کرد. ناوچە کوردییەکانی مهاباد‌و بانەو سەردەشت کران بە ناوەندی ئەم شۆڕشە نوێیەو لیژنەیەك بۆ رابەرایەتیکردن‌و پشتگیریکردنی شۆڕشەکە پێکهات. ئەگەرچی راپەڕیوان هەر زوو خۆیان لە نێو ئابلۆقەدانی سوپای ئێرانیدا بینییەوەو رێگای راکردنیشیان لە لایەن پێشمەرگەکانی مەلا مستەفاوە گیرابوو. هەندێ لە سەرکردە دیارەکانی ئەم راپەڕینە لەوانەش عەبدوڵڵای موعینی‌و شەریف زادە لە شەڕی سوپای ئێراندا کوژران، ئەوانی تریشیان وەکو سولێمانی موعینی کە برا گەورەی عەبدوڵڵا بوو لە لایەن مەلا مستەفاوە گیران‌و گوللەباران کران. بە پێی هەڵسەنگاندنێك چل کوردی راپەڕیوی ئێرانی لە لایەن هێزەکانی مەلا مستەفاوە کوژران یان دەستگیر کران‌و درانەوە دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەرگێکی چاوەڕوانکراو[51]. سیاسەتی شا لە (پەرتکەو زاڵبە)دا کاری خۆی کردبوو، کوردەکانیش جارێکی تر بوونەوە بە قوربانی



سەرکردایەتیی رێ ونکردووو هەلپەرستیان.

## شۆڕشی ئێران‌و کۆماری ئیسلامی‌و کورد

دوای سالانێکی سەرکوتانەوە لە لایەن رژێمی شاوە، شتێکی سروشتی بوو کە کورد بە شێوەیەکی حەماسییانە پشتگیری شۆڕشی 1978 – 1979ی ئێران بکات. لە راستیدا خەڵکی جۆراوجۆر لە هەموو ئاستەکانی جەماوەری کورد بەشداریی پرۆسەی شۆڕشیان هەر لە سەرەتای دەستپێکردنییەوە کرد. ئەوەی کوردەکان بینییان کە شا چۆن فریوی دان وەکو چاودێرێك گوتی بە بێ ئەوەی هەستی بە کەمترین ئاستی ناپاکیی کردبێت[52]. زیاتر هانی کوردەکانی دا کە بەشداریی هێزە شۆڕشگێڕەکان بە دژی رژێمی شاهەنشایی بکەن. هەروەك لە شوێنێکی تردا لەمە دوواوم، تەنها ئەو کوردانە پاشەکشەیان کرد لە بەشداریکردنی چالاکی دژی شادا کە سەرخێڵ بوون وەکو جافەکان کە سوودیان لە نەخشەکانی هاریکاری‌و سیاسی‌و مالیی شا وەرگرتبوو[53]. خۆشیی لە رادەبەدەری کورد بەهۆی رووخاندنی شاهەنشایەتیی پەهلەوییەوە رێگای بۆ پەی پێبردنێکی تفت‌و تاڵ کردەوە کە ئەویش لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە داواکاریی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی لە لایەن کۆماری نوێی ئیسلامییەوە پشتگوێ دەخرێت. ئاشکرا بوو کە مەوزوعییەتی ئایەتوڵڵای خومەینی بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامیی مەرکەزیی بەهێز لەگەڵ ئامانجەکانی داواکاریی ئۆتۆنۆمیی کوردیدا دژی یەکن. بە بۆچوونی خومەینی داواکارییە نەتەوایەتییە ئیتنیکییەکان بۆ ئۆتۆنۆمی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا زیادەن.

هەندێ جار زاراوەی کەمایەتییەکان بەکار دەهێنرێت بۆ ناوهێنانی گەلانی وەکو کورد‌و لوڕو تورك‌و فارس‌و بەلوچ‌و هی تری لەم جۆرە. ئەم گەلانە نابێت بە کەمایەتی ناوببرێن چونکە ئەم زاراوەیە بوونی جیاوازی لە نێوان ئەم رایانەدا نیشان دەدات. لە ئیسلامدا ئەم جۆرە جیاوازییە بە هیچ

www.pertwk.com

شێوەیەك جێگای نابێتەوە. جیاوازی لە نێوان ئەو مسوڵمانانەدا نییە کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن، بۆ نموونە عەرەب یان فارس. زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئەم جۆرە تەنگوچەڵەمانە لە لایەن ئەو کەسانەوە دروست کرابێت کە ئاواتەخوازنین وڵاتانی ئیسلامی یەکگرتووبن. ئەمانە مەسەلەکانی ناسیۆنالیزم دروست دەکەن وەکو یان – عەرەبیزمو یان – تورکیزمو شتی تری لەم جۆرە (لەم ismsمانە) کە ئەمانەش پێچەوانەی پرینسیپەکانی ئیسلامن. نەخشەی ئەمانە بۆ شکاندنی ئیسلامو فەلسەفەی ئیسلامییە[54].

سەرباری ڕەتکردنەوەی گرنگێتیی پلورالیزمی کەلتووریو ئیتنیکی لە لایەن ئایەتوڵڵای خومەینییەوە، دەستووری کۆماری ئیسلامی دان بە بوونی جیاوازیی زمان لە نێو خەڵکی ئێراندا دەنێت. لە بەندی پانزەیەمی دەستووردا، زمانی فارسی بە زمانی ڕەسمیی ئێران دادەنرێت، پەیوەندییە ڕەسمییەکانو بابەتەکانی پەروەردەو فێرکردن دەبێت بە زمانی فارسی بن، هەرچەندە زمانی ناوچەیی (محلی) لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنو لە نێو پۆلدا ڕێگای پێ دەدرێتو لەگەڵ فارسیدا ئەمیش لە پەیوەندیکردندا بەکار دەهێنرێت[55]. تاکە دان پێدانانی کەمایەتییەکان لە دەستووردا بۆ کەمایەتییە ئایینییەکانە وەکو (مەسیحیو یەهودیو زەردەشتی) نەك بۆ کەمایەتییە ئیسلامییەکانی وەکو کورد. کورد وەکو بەشێکی تەواوکەری ئوممەتی ئیسلامی یان کۆمەڵگای ئیسلامی سەیر دەکرێت لەبەر ئەوە نەدەبوو بە جیاواز لە گروهە مسوڵمانەکانی تری وڵات مامەڵە بکرانایە.

کوردەکان بەو جۆرە سەیری ڕووخاندنی ڕژێمی شایان دەکرد کە هەلێکی کراوە بدات بە کوردو داواکارییەکانی بۆ ئۆتۆنۆمی کە زۆر گەورەتر بێت لەوەی کە درا بە پیاوانی مهاباد (واتە کۆماری مهاباد) چونکە بەرژەوەندیی سۆڤێت یان هێزە گەورەکانی تر یان ئامادەبوونی فیعلییان نەهاتۆتە ناوەوە[56]. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی کوردی لە ئێراندا خەباتی دەکرد لە پێناوی پێکهێنانی بنیادی شێوە دەوڵەتی (کوردی) لە ئێرانی دوای



پەهلەویدا. دکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملۆ کە ساڵی 1973 بوو بە سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە جەژنی شۆڕشی ئێراندا دوای چەند ساڵێك لە ئاوارەیی لە ئەوروپا گەڕایەوە ئێرانو هەوڵی دا گەوهەری سستیی پارتی دیموکرات بگۆڕێت بۆ ڕێکخراوێکی سیاسیی سەرەکی لە وڵاتدا.

هەمان شێوەی پارتو گروپە بە بایەخەکانی تری وڵات، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گرنگیی ئەوە تێگەیشت کە دەستووری نوێی (دەبووا) زەمانەتی مافەکانی کوردی بکردایە. لە ڕۆژانی 30و 31ی مارتی 1979دا حکومەتی ئێرانی ڕاپرسییەکی کردو داوای لە دەنگدەران کرد کە دەنگ بۆ یەکێك لەو دوو نەخشەیە بدەن: بۆ پاڵپشتکردنی ڕژێمی شاهەنشایی یان جێگاگرتنەوەی شوێنی ئەو ڕژێمە بە کۆماری ئیسلامی. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو گروپە عیلمانییەکانی تری وڵات بەشداری ئەو ڕاپرسییەیان نەکرد چونکە ڕاپرسییەکە تەنیا دوو ئیختیاری خستبووە بەردەم دەنگدەران. لە ئەنجامی ڕقو کینەی خەڵکیدا بۆ ڕژێمی شا شتێکی ئاشکرا بوو کە زۆربەی دەنگدەران دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا. وریاکردنەوەو هاندانەکانی خومەینی بۆ کۆبوونەوەی جەماوەر سەرکەوتنێکی تەواوی بە ڕێژەی 98.2٪ دەنگی بۆ پیاوانی ئایینی بەدەست هێنا بۆ ئەوەی جێگای ڕژێمی شاهەنشایی بە کۆماری ئیسلامی بگیرێتەوە[57]. کورد یەکەم جەنگی سیاسییانەی خۆی لەگەڵ ڕژێمی شۆڕشگێڕی تاراندا دۆڕاند.

کوردەکانو هەروەها پارتە نادینییەکانی تر قورسیی خەباتی خۆیان گۆڕیو ئاراستەی دەستووری نوێیان کرد کە حکومەتە کاتییەکەی مەهدی بازرگان ئەرکی داڕشتنی پێ سپێردرابوو. هێڵە سەرەکییەکانی ئەم دەستوورە لە پاریسو لە لایەن یارمەتیدەرە مامناوەندو نادینییەکانی خومەینییەوە داڕێژرابوو کە بە تەواوی لە ژێر کاریگەریی دەستووری ساڵی 1906ی

www.pertwk.com

ئێرانی و دەستووری کۆماری پێنجەمی فەڕەنسیدا بوو. حکومەتی بازرگان لە 18ی حوزەیرانی 1979دا ڕەشنووسی دەستوورەکەی ئاشکرا کرد کە داوای دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی بەهێزو سیستەمێکی یەکگرتووی حکومی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرزاری داوای مافەکانی تاك و کۆی ئێرانییەکانی دەکرد، ئەمەش زۆر دوور بوو لەوەی کە کورد لە شێوەی داواکارییەکانیاندا بۆ ئۆتۆنۆمی ئاواتیان بۆ خواستبوو. هەرچەندە زیاتر بۆ قایلکردنی پارتە عیلمانییەکان و لە ناو ئەوانیشدا پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەشنووسی دەستوورەکە مافی تایبەتی نەدا بە پیاوانی ئایین و داوای سیستەمێکی سیاسیشی نەدەکرد کە پیاوانی ئایینی شیعە دەسەلاتیان بەسەردا کردبێت. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە ئایەتوڵلای خومەینی بە چەند گۆڕانکارییەکی سادەوە ڕەشنووسی دەستوورەکەی پەسەند کردو داوای لە بازرگان کرد بیخاتە بەردەم جەماوەرەوە بۆ پەسەندکردنی. بازرگان و ئۆپۆزسیۆن بەوە ناڕازی بوون. ئەمان گفتوگۆی هەڵبژاردنی لیژنەی دامەزرێنەر (لیژنە دەستوور)یان کرد بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە گفتوگۆی ڕەشنووسی دەستوورەکە بکات و هەر گۆڕانکارییەك پێویست بێت تێیدا بکرێت پێش ئەوەی ڕاپرسییە جەماوەرییەکەی لەسەر بکرێت. ئەمان لەوە دوان کە دەستوورەکە نابێت بە پەلە دابنرێت بە بێ گفتوگۆ لەسەرکردنی لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری کرد و داوای ئەوەیان کرد کە لیژنەی دامەزرێنەر پێك بێت بە مەرجێك لە پێنج سەد ئەندام زیاتر نەبێت کە هەڵببژێردرێن بۆ گفتوگۆکردن و پاکژکردنەوەی ڕەشنووسی دەستوورەکە. هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن پشتگیریی لێکرا کاتێك ئایەتوڵلا کازم شەریعەتمەداری کە بەرزترین کەسێتی ئایینی و ڕابەری ڕۆحیی ئازربایجان بوو پشتگیری فیکرەی لیژنەی دامەزرێنەری هەڵبژێردراوی کرد. لە ئەنجامدا سەوداگەرییەك کراو تیایدا بڕیار درا کە



لیژنەی هەڵبژێردراو پێداچوونەوەی ڕەشنووسەکە بکات. هەرچەندە ئەم لیژنە نوێیە پێکهات بەڵام لیژنەکە بوو بە لیژنەی ئەزموونداران و لە بری ئەو پێنج سەد کەسەی کە ئۆپۆزسیۆن داوای دەکرد، لە حەفتا و سێ ئەندام پێکهێنرا.

لە کۆبوونەوەی ڕەسمی و ناڕەسمیدا، ئێرانییەکان تێڕوانین و بۆچوونی زۆریان لەسەر ڕەشنووسی دەستوورەکە دەربڕی، لە نێو گروپە ئیتنیکییەکاندا هەندێکیان زۆر سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەستووری کۆتایی ڕێ و شوێنی زەمانەتی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمەکانیان تێدابێت، لە کاتێکدا کە ئەوانی تر زۆر پێیان لەسەر ئەوە دانەدەگرت (بەڵکو تەوفیقی بوون). لە لایەکەوە شێخ محەمەد تاهیر شوبایەر خاقانی کە ڕابەری ڕۆحیی عەرەبەکانی خوزستان بوو گەلەکەی خۆی وریا کردەوە دەربارەی فشاردانانی قورس بۆ ئۆتۆنۆمی نەوەکو وەك خائین سەیر بکرێن. بەڵام لە لایەکی ترەوە شێخ عیزەدینی حوسەینی کە ڕابەری ڕۆحیی کوردە سوننییەکانی مهاباد بوو گفتوگۆی ئەوەی کرد هەرچۆن ئێران دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی بوو دەبوو دەستوورەکەشی دان بنێت بە مافە کەلتووری و ئابووری و کۆمەلایەتییە – سیاسییەکانی هەموو گروپە ئیتنیکییەکاندا. هەروەها شێخ عیزەدین وای دەڕوانی کە پاراستنی مافەکانی کورد داوای دووبارە دیاریکردنەوەی سنوورە ئیقلیمییەکانی دەکات کە ئەوەش چەندین ناوچە لە هەرێمەکانی وەکو ئازەربایجان و عیلام و کرماشان بخاتەوە سەر کوردستان[58]. دیسان جارێکی تر، ئەم بۆچوونەی شێخ عیزەدین تەنگ و چەڵەمەی ئۆتۆنۆمی دان بە کوردەکانی ئێرانی خستە بەردەم سەرنجێکی تایبەتییەوە بە بێ ئەوەی مافەکانی ئەوانی تری وەکو ئازەرییەکان پێشێل بکات. سەرەڕای ئەوە، گروپێك کە بە خۆیی دەگووت یەکێتیی مسوڵمانانی کوردستان هەڕەشەی ڕاپەڕینی چەکداریی دەکرد ئەگەر داواکاری کورد بۆ ئۆتۆنۆمی لە دەستووری پاکژکراودا دانی پێدا نەنرایە[59].

گفتوگۆی تفت و تاڵ سەبارەت بە ڕەشنووسی دەستوورەکە و داواکاریی

www.pertwk.com

کورد بۆ ئۆتۆنۆمی بیرەوەرییەکانی ساڵی 1940ی هێنایەوە یاد لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوە جیاخوازەکانی ئازربایجان و کوردستان کە خواستەکانی ئەمانیش دیسان لە دەستەواژەی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی ناوچەیدا دەربڕرابوو. سەرباری ئەوەش ئایەتوڵڵای خومەینی و پیاوانی ئایینی یارمەتیدەری لەوە ترسان کە دامەزراندنی رژێمی پەسەندی حکومەتەکەیان (دەوڵەتی ئیسلامی) لاواز ببێت ئەگەر بێت و ئەوەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی داواکاری ئیتنیکییە عیلمانییەکانە لە دەستووری پاکژکراودا دانی پێدابنرێت. بۆ بەرپەرچدانەوەی داواکارییە روو لە زیادبووەکانی ئیتنۆناسیۆنالیستەکان، ئایەتوڵڵای خومەینی وتارێکی بەرزی دا بۆ نوێنەرایەتییەکی مهاباد کە لە پیاوانی ئایینی پێکهاتبوو. لەو وتەیەدا خومەینی سووربوو لەسەر ئەوەی کە گفتوگۆکردن لەسەر رەشنووسی دەستوورەکە دەبێت تەنیا لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا بەڕێوە بچێت و ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە رابەرە ئایینییەکە مافی دەسەڵاتی هەبوو کە رێگای چوونە ناوەوەی کەسانی تر نەدات، کە رێگای چوونە ناوەوەی هیچ پرینسیپێکی نائیسلامی بۆ ناو دۆکیومێنتەکە نەدات. بە پێی ئەو رێ و شوێنەی کە خومەینی داینا، دەستووری کۆماری ئیسلامی بریتی یە لە دەستووری ئیسلامی: (لە دواوە دامەنیشە کاتێك رۆشنفیکرە بە بێگانەبووەکان کە هیچ دڵسۆزێتییەکیان نییە بۆ ئیسلام تێڕوانینی خۆیان دەخەنە روو، ئەو شتانە دەنووسن کە دەینووسن. ئێوەش قەڵەمەکانتان دەربهێنن و لە مزگەوتدا، لە پشتی مێزی کاروباری ئایینییەوە، لەسەر شەقام و لە نێو بازاڕەکاندا لەو شتانە بدوێن کە بە بۆچوونی ئێوە پێویستە بخرێنە دەستوورەکەوە)[60]. درزی نێوان کۆماری ئیسلامیی پێکهاتوو لە ئێراندا و ویستەکانی کورد وا دەردەکەوت فراوان بووبێت. دوا رەشنووسی دەستووری ئێرانی کە پەسەند کرا لە لایەن لیژنەی خاوەن دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی شارەزاوە (بە ئەزموونەوە) سیستەمێکی دەوڵەتی دامەزراند کە هەمان



شێوەی سیستەمی دەوڵەتی پەهلەوی مەرکەزییەتی هەبوو بەڵام لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا.

تەنانەت پێش گفتوگۆکان سەبارەت بە دەستوورەکە پەیوەندیی هەلایساوی نێوان دەسەڵاتدارانی ئیسلامی و سەرکردایەتی کوردی پەشێوییەکان زیاتر بووبوون دوای ئەوەش یەکەکانی سوپای ئێرانی و پاسدارانی ئینقلابی تازە دروستبوو (پاسەوانانی شۆڕش) لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنگرەکانیاندا لێرە و لەوێ کەوتنە پێکدادانی سەربازییەوە. دوای ئەوە لە ئازاری ساڵی 1979دا وەفدێکی کوردی لە شاری قومی پیرۆز لەگەڵ خومەینیدا کۆبووەوە هەتا داواکارییەکانی خۆیان بۆ ئۆتۆنۆمی بخەنە بەردەمی. لە کاتێکدا خومەینی دانی نا بە جیاوازیکردنی (کورد و فارس)دا لە رابردوودا لە سایەی رژێمی پەهەلەویدا، کەچی بە وەفدەکەی گوت داواکارییەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی لە ئێرانی ئیسلامیدا شتێکی نابەجێیە[61]. دوای ئەم کۆبوونەوەیە سەرکردایەتیی کوردی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ناشێت بتوانن خومەینی قایل بکەن کە ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە ئێرانێکی بنیاد فیدراڵیدا یەکێتیی خاکی ئێران ناخاتە بەردەم مەترسییەوە[62]. لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان بەردەوام بوون لە پاراستنی حاڵەتی گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی مەرکەزیدا لە کاتێکدا پشتگیری خۆیشیان بۆ شۆڕشی ئێرانی دووبارە دەکردەوە.

بە پێچەوانەی بیرکردنەوە سیاسییەکانەوە، ئایین دەورێکی بینی لە زیاتر چڕکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان کورد کە زۆربەیان سوننە مەزهەبن لەگەڵ سەرکردایەتی شیعە لە تاران و قومدا. لە کاتێکدا لە سەروەختی فەرمانڕەوایەتیی شادا ئایین بە شێوەیەکی گشتی بە پێوانەیەکی یەکلاکەرەوەی ناسنامەی ئیتنیکی کوردی حساب نەدەکرا. (دوای سەرهەڵدانی شۆڕش) هەندێ ئاماژەی بەرزبوونەوەی هوشیاری لە نێو کورد و هەروەك لە نێو فارسیشدا دەربارەی فاکتەری ئایینی دەرکەوت[63]. نیگەرانیی

www.pertwk.com

کورد لەوەدا بوو کە دەوڵەتی ئیسلامی لەو روانگەیەوە کە ئایەتوڵڵای خومەینی دەیبینی دیکتاتۆریەتی شیعەی لەسەر حسابی دەسەڵات و ئیعتیباری رابەرە سوننە مەزهەبەکانی کوردستان دروست دەکرد. لەوەش زیاتر ئەوەی کە سەرکردە کوردەکان پێوەی نیگەران بوون ئەوەبوو کە سەرکردایەتیی ئایینی لە تاران جێگای سەرکردە کوردەکان چ سەرکردە عیلمانییەکان یان ئایینییەکانی بەو سەرکردە شیعانە پڕ دەکردەوە کە دڵسۆزی کۆماری ئیسلامی بوون[64]. ترسی کورد لەم لێکدانەوەیە بێ هۆ نەبوو. کاتێك کۆمیتەکان (کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان) پێکهاتن بۆ ئەوەی لە هەموو وڵاتدا کار بکەن وەکو چاوو گوێی شۆڕو بۆ پێداگرتن لەسەر گونجاندن لەگەڵ ئاستە نوێیەکانی ئیسلامدا، سەرۆکی کۆمیتەکان بە ئاشکرا دەخرانە پاڵ پیاوانی رابەری شیعە لە قوم و تاران.

سەرباری ئەوەش لە ئەنجامی زیادبوونی پایەی شێخ عیزەدینی حوسەینی لە ناو کوردەکاندا پیاوانی قوم ئەحمەدی موفتی زادە کە پیاوێکی خۆپاریزی کوردی شیعەی کرماشان بوو، بەرزیان کردەوە وەکو دەنگی راستەقینەی نەتەوەی کورد و وەکو نوێنەری راستەقینەی ئایینیی کورد. شێخ عیزەدینی حوسەینی بەردەوام بوو  لەسەر دەرکردنی بڕیار بە دژی چەمکی خومەینی لە بارەی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لەگەڵ پێداگرتنی لەسەر دەزگای ولایەتی فەقێ (حکومەتی فەقێیان بە تەنیا) کە فەرمانڕەوایەتی موتڵەقی بەهێز دەکرد لە رێگای کۆکردنەوەی هەموو تواناکانەوە لە دەستی فەقێیەکی بێ گوناهدا[65]. لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە مانگی تشرینی یەکەمیساڵی 1982دا ئەنجام درا لەگەڵ شێخ عیزەدینی حوسەینیدا، شێخ عیزەدین ناڕەزاییەکانی خۆی بەرامبەر بە چەمکی ولایەتی فەقێ بەم شێوەیە چڕ کردەوە:

(زۆر حکومەت لە رابردوودا وایان نیشان داوە کە بە ناوی ئیسلامەوە کار دەکەن، بەڵام لە راستیدا ئەو حکومەتانە ئیسلام نەبوون. حکومەتەکانی



سەفەوی و عوسمانی نموونەن بۆ ئەم حاڵەتە. لە مێژووی زۆر تازەشدا حاڵەتی خومەینیمان هەیە لە ئێراندا. ئەم حکومەتانە کۆنەپەرست و توندوتیژو پڕوپووچن، ئیسلام و رۆحی ئیسلامییان هەرەس پێهێناوە، حکومەتەکەی ئێمەش حکومەتی ئایینی نییە بەڵکو دیکتاتۆریەتە لە ژێر ناوی ئیسلامدا، ناوی ئایین بەکار دەهێنن بە مەبەستی داپڵۆسینی خەڵك، خەڵکیش ئاگاداری ئەمەن. لە مەزهەبی سوننی ئیسلامدا ئیمام یان جێگری ئیمام نییە کە وەکو رابەری سیاسی وابێت. رۆڵی پیاوی ئایینی ئەوەیە مورشید یان رێگانیشاندەر بێت بۆ ناسینی خودا. هەروەها لەمەودوا دەبینی هەندێ پیاوی ئایینیی شیعە تێڕوانینی خومەینی لەسەر (فقە) رەت دەکەنەوە. ئەم حکومەتەی خومەینی رژێمێکی ئیسلامی نییە[66]).

لە هەمان چاوپێکەوتندا شێخ عیزەدین دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنەوەی کۆبوونەوەی نیسانی 1979ی لەگەڵ خەمەینیدا کە لەو کۆبوونەوەیەدا داوای لە خومەینی کرد پشتگیریی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بکات و دەستوورێکی ئیسلامی دابڕێژێت کە پێچەوانەی دەستووری شیعە یان سوننی بێت بە تەنیا. بە پێی قسەی شێخ عیزەدین، خومەینی گوتی هەموو کەس لە ئێراندا چەوسێندراونەتەوە، بەڵام ئەو شتانە بۆ هەموو کەسێ چاك کراون (چەوسانەوە نەماوە). لە کاتی جیابوونەوە لەو کۆبوونەوەیەدا، خومەینی بە شێخ عیزەدینی گوت: ئەوەی من لە تۆی داوا دەکەم ئاسایشی کوردستانە، بەڵام شێخ عیزەدین وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەوەی منیش لە تۆی داوا دەکەم ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان[67]. ئەم دوو رابەرە ئایینییە هەرگیز جارێکی تر چاویان بە یەکتر نەکەوتەوە، سەرباری دوژمنایەتیی سەختیان لەسەر ئاراستەی سیاسیانەی کۆماری ئیسلامی و دەوری کەمایەتییەکان لەو سیاسەتەدا، ئەم دوژمنایەتییە سەختە بەردەوام بوو.

سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لە تاران خۆبەدوورگرتنێکی جددییان لە بارەی سروشت و کاریگەرییەکانی داواکاریی کوردەکان بۆ

www.pertwk.com

ئۆتۆنۆمی دەربڕی، بەڵام کوردەکان لە هەندێ لە شارەکاندا دەستیان کرد بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شار، زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنە تازە هەڵبژێردراوەکان ئەندامانی یان لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون کە پشتگیری دەکران لە لایەن گەریلاکانی ڕێکخراوی مارکسی – لینینی فیداینی خەلق و ڕێکخراوەی چەپی ئیسلامی موجاهیدینی خەلقەوە. پاش چەند مانگێکی هەنگوینی کورت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئەم ڕێکخراوانە دەستیان دایە خەباتی چەکداری لە شێوەی چەندین شاڵاودا دژی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی لە ئێراندا. لە کوردستان زەمینەیەکی بەرفراوانیان لە بەردەستدا بوو بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی ئەندامانی نوێ و بنەمایەکی گونجاو بۆ چالاکیی ئەنجامدان دژی ڕژێمی نوێی ئێرانی[68]. لە ئەنجامی هاریکاری نزیکی نێوان چەپە ئێرانییەکانی نەیاری خومەینی و جەنگاوەرانی کورد و سەرکردە دیارەکانی وەکو دکتۆر قاسملۆ و شێخ عیزەدین. خومەینی ئاشکرای کرد کە هەڵبژاردنەکانی بەهاری 1979 نادروست و ناشەرعین. سەرباری ئەوەش، بەهۆی ئاراستەی مارکسییانەی نوێی قاسملۆ و تێڕوانینی سۆشیالیستانەی شێخ عیزەدینەوە کە لە ڕەهەندی ئایینییەوە داڕێژرابوو، خومەینی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە داواکارییەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی موئامەرەیەکە ئیلهامی لە مارکسییەتەوە وەرگرتووە بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. نزیک کۆتایی هاوینی ساڵی 1979 پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەکو حیزبێکی سیاسی قەدەغەکراو قاسملۆ و شێخ عیزەدین لە لایەن خومەینییەوە بە (مفسد في الأرض) ناوبران یان ناسێنران واتە (خراپکەرانی زەمین) ئەوەش تاوانێکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکانە سزای مردن هەڵدەگرێت.

وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەر لە سەرەتاوە کوردەکان نکوڵی ئەوەیان دەکرد کە ئامانجیان لاوازکردنی ئێران یان دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سیادەی جیاواز بێت لە



کوردستاندا. هەروەك قاسملۆ بە دڵنیاییەوە ئەوەی دەربڕی و گوتی: ڕێگام بدەن شتێك هەیە ڕوونی بکەمەوە، هیچ هێزێکی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا نایەوێت لە ئێران جیا ببێتەوە. داواکارییەکانی ئێمە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا پێکدێت[69]. قاسملۆ دروشمی (دیموکراتی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی هێنایەوە پێشەوە و بەرزی کردەوە وەکو دروشمێکی جەماوەریی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لە وەڵامی قسەکانی قاسملۆدا دەسەڵاتدارانی ئێران سووربوون لەسەر ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران دڵسۆزیی خۆی بۆ ئێران و بۆ پرینسیپەکانی شۆڕشی ئیسلامی بسەلمێنێت. دکتۆر مستەفا چەمران یەکەم وەزیری بەرگریی کۆماری ئیسلامی گوتی: ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کوردەکانی تریش بە ڕاستی بڕوایان بە شۆڕشی ئیسلامی هەبوایە ئەوا ئێمە نەك تەنیا ئۆتۆنۆمیمان دەدانێ لە کوردستاندا بەڵکو دەسەڵاتی هەموو ئێرانیشمان دەدا پێیان بۆ ئەوەی بتوانن نیشانمان بدەن کە چۆن ئۆتۆنۆمی و ئازادی بدەین بە هەرگروپێك لە وڵاتدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە ڕاستی خەیاڵ و دروشمی فریودەر بەکار بهێنن بۆ شاردنەوەی ئامانجەکانیان بە مەبەستی ئازاردانی ئیسلام و شۆڕش لە پێناوی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزە بیانیانەی کە بە ڕاستی بەرژەوەندییەکانیانی دژی بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئێرانە بە کوردیشەوە ئەوا ئێمە شەڕی کوردەکان دەکەین هەتا دەگەین بە کۆتایی[70]. چەمران زیاتر ئازاری پارتی دیموکراتی کوردستانی دا کاتێك گوتی: ئەگەر ئێوە بە ڕاستی لە پێناوی ئازادی کورددا شەڕ دەکەن، بۆچی بە پێویستی دەزانن بەردەوام هەڕەشەیان لێ بکەن؟ بۆچی بە پێویستی دەزانن کە ئەو کوردانەی لایەنگری و هاریکاریی حکومەتی ئیسلامی دەکەن تیرۆر بکرێن یان هەڵبوارسرێن؟ واز لە جەماوەری کورد بهێنن با بە ئازادی خۆی ئەو لایەنە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت لەگەڵیدا بێت، چ کۆماری ئیسلامی بێت یان پارتێکی سیاسی کە بێگانە

www.pertwk.com

پاڵپشتییەتی[71]. هەوڵەکانی دکتۆر مستەفا چەمران لە ساڵی 1979دا کاریگەر بوون لە شکست پێهێنانی راپەڕینەکانی کوردی ئێران و لە تێکشکاندنی توانا سەبارزییەکانی یەکەکانی گەریلای فیدائین و موجاهیدین لە کوردستاندا. سەرەڕای ئەمانەش پرسیاری پارتی دیموکراتی کوردستان کە مەبەستی لە ئۆتۆنۆمی چی‌یە و چۆنێتی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمییەکی لەو جۆرە بۆ بەشەکانی تری وڵات بە هیچ شێوەیەك وەڵام نەدرایەوە.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی کە مەهدی بازرگان بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کاتی، هەوڵی دا بۆ دڵنیاکردنەوەی کەمایەتییە ئیتنیکییە نافارسەکان لە رێگای چاککردنی ناعەدالەتی سەپێندراوی رابردوو بەسەریاندا لە لایەن شاهەنشایەتی پەهلەوییەوە، ئەمەشی وەکو ئیلتیزامکردنێکی حکومەتەکەی خۆی دادەنا. بازرگان کە ئەندامێکی سەر بە کەمایەتیی ئازەری بوو، سەفەری کرد بۆ تەورێزو لە بارەی چاککردنی خراپیی باری رابردووی خەڵکی کوردستان و ئازربایجانەوە گەورەترین بەڵێنی پێدان. یەکەم کابینەی دوای شۆڕش کە بازرگان پێکیهێنا دوو کوردی دیاری تێدا بوو کە ئەوانیش بریتی بوون لە دکتۆر کەریم سەنجابی سەرۆکی هوشیاری بەرەی نیشتمانی و داریۆشی فرۆهەر. سەنجابی دانرا بە وەزیری دەرەوەو فرۆهەریش پۆستی وەزارەتی کاری خرایە ئەستۆ. ئەم پیاوانە هەردووکیان ناسیۆنالیستی بوون و دژی بڕواکردن بوون بە شا.

دوای دانانی ئەندامانی کابینەکەی، بازرگانی سەرۆك وەزیران وەفدێکی نیەت پاکی بە سەرۆکایەتی داریۆشی فرۆهەر نارد بۆ کوردستان ئەمەش لە 14ی شوباتی 1979دا بوو بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر داواکارییەکانی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا. سەرباری دەسەڵاتی بازرگان وەکو سەرۆکی حکومەت، دەسەڵاتی سیاسی واقیعیانە لە دەستی ئەنجومەنی شۆڕشدا بوو کە ئەندامێتی لەو ئەنجومەنەدا لە لایەن دژە عیلمانییەکانەوە دەسەڵاتی بەسەردا کرابوو. لەبەر لاوازیی بازرگان لە بەرامبەر ئەنجومەنی



شۆڕشداو بوونی فرەناوەندێتیی دەسەڵات لە تاران، وەفدەکەی فرۆهەر نەیتوانی ئیلتیزامی جێگیر بۆ سەرکردە کوردەکان دروست بکات. کورد مەسەلەکەی ئاڵۆز کردو نەیتوانی ئەو دەسەڵاتانە دەستنیشان بکات کە لە حکومەتە هەرێمییەکەیدا (کە حکومەتی کوردی دەبوو) دەیوویست و دەبوو لە ئۆتۆنۆمیدا پێی بدرێت. هەروەها وەکو پێشتر باسمان کرد داواکاریی سەرکردایەتیی کورد بۆ دیسان وێنە کێشانەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر حیسابی ناوچەکانی ئازربایجانی رۆژئاواو عیلام و کرماشان ناپەسەند بوو بەلای دەسەڵاتدارانی ئێرانی و دانیشتوانی ئەو ناوچانە خۆیشیانەوە[72].

سەرنەکەوتنی وەفدەکەی فرۆهەر لە کوردستاندا ئاڵۆزییەکانی نێوان کوردو کۆماری ئیسلامی توندوتیژتر کردو بوو بە هۆی تەقینەوەی پێکدادانی چەکداری لە نێوان پاسدارانی ئیسلامی و پێشمەرگەکانی کورددا. هاوکات شەڕ لە کوردستانەوە گواسترایەوە بۆ ناوچە دراوسێکانی لە شێوەی پێکدادانداندا لە نێوان کوردو ئازەری و تورکماندا[73]. سەرەڕای ئەوەش شەڕو پێکدادان لە نێوان خاوەن زەوییە خۆپارێزەکانی کوردو جوتیارانی کورددا دەستی پێکرد کە ئەو جوتیارانە زەوییان لە خاوەنکانیان داگیر کردبوو، ئەویش لە ئەنجامی ئەو بۆشاییەی دەسەڵاتدا کە دوای رووخاندنی رژێمی شا دروست بووبوو. ئەو شەڕەش بوو بە هۆی دابەشبوونێکی قووڵ لە کۆمەڵگای کوردیدا. پێویست بە گوتن ناکات کە ئەم ململانێیانە هەڵوێستی کوردی لە ئاخاوتنندا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتدا لاواز کردو گومانی خستە بەردەم ئەو پێشبینییانەی کە بۆ پێکەوەبوونی ئاشتیانەی نێوان گروپە جیاوازەکانی ناوچەکە دەکرا.

دوای چەندین قسەکردنی بێ ئەنجام لەگەڵ وەفدەکەی فرۆهەردا کوردەکان تێگەیشتن کە رەنگە گفتوگۆکانی داهاتووشیان لەگەڵ حکومەتدا هیچ ئەنجامێکیان نەبێت، بە تایبەتی کە بە بەردەوامی سوپای ئێرانی و

www.pertwk.com

پاسداران هێرشیان دەکردە سەر هێزە کوردییەکان. شارە هەرە گەورەکانی کورد لەوانەش مهابادو سنە بوون بە مەیدانی شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی حکومەتو پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا. بێگومان شەڕکردن لە کوردستاندا هەر سنووری ئەو دوو شارەی نەگرتەوە، بەڵکو شارەکانی پاوەو مەریوانو شارە کوردییەکانی تریش ڕۆژانە مەیدانی شەڕو پێکدادان بوون لە نێوان هێزەکانی حکومەتو پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات کە یارمەتی دەدران لە لایەن هێزە گەریلاکانی فیدائینی خەلقو موجاهیدینی خەلقەوە. هێزەکانی حکومەت لە لایەن مستەفا چەمرانی وەزیری بەرگرییەوە سەرکردایەتی دەکران[74]. ئەگەر هێرشو هاتنەوەی یەکلاکەرەوەی هێزەکانی چەمران نەبوایە، ئەوا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو هاوپەیمانە چەپەکانیان هێڵێکی بەرگریی بەهێزیان دادەمەزراندو لەوانە بوو ڕەوتی شۆڕشی ئیسلامی بە شێوەیەکی سەیر بگۆڕایە.

سەرباری ئەوەی کە شەڕی توندوتیژ لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ئاگرەکەی خۆش دەکرا، بەڵام شارەکانی مهابادو سنە بە هێمای گرنگی ڕۆحی خەباتی کوردایەتی بۆ ئۆتۆنۆمی دادەنران. مهاباد وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستانو شوێنی دامەزراندنی تاکە کۆماری سەربەخۆی کورد لە مێژوودا هەمیشە جێگایەکی تایبەتی لای کوردی ئێران هەیە. شاری سنە دڵی هەرێمی کوردستانەو مەڵبەندی هەرە گەورەی چالاکیی ئابووری – کۆمەڵایەتییەو شارێکە کە ساواك چالاکییەکانی خۆی دژ بە کورد تیادا ئەنجام داوە. یەکێك لەو کارانەی کە واقیعی کوردی زیاتر ورووژاند ئەوە بوو کە حکومەتی ئێرانی شێخ سدیقی خاڵخاڵی نارد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دادگایی سەرپێیی جەنگاوەرانی کوردو هەروەها ئەوانەشی کە هاریکاریی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو هاوپەیمانەکانی دەکەن، بکات.

خاڵخاڵی هەر لەوکاتەوە کە فەرمانی بۆ لە سێدارەدانی کارمەندانی ڕژێمی



شا دەرکرد لە دوای ئەوەی کە بە نهێنی دادگایی دەکردن وەکو دادوەرێکی بێ بەزەیی ناوی دەرکرد. هەروەها خاڵخاڵی سەدەها کوردی دادگایی کردو بە خێرایی لەسەر فەرمانی ئەو بە ئاشکرا لە سێدارە دەدران. دوای دادگاییکردنە ناڕەواکانی لە کوردستاندا، خاڵخاڵی لە لایەن نەیارەکانییەوە بە هەڵواسین دادگایی کرا.

شەڕی توندوتیژو مەودای خوێنڕشتن لە کوردستاندا وای لە ئایەتوڵڵای تاڵەقانی کرد خزمەتی خۆی وەکو دروستکەری ئاشتی لە نێوان حکومەتو کورددا پێشکەش بکات. تاڵەقانی کەسێتییەکی ئایینی هێجگار ڕێزدار بوو لە سەراپای ئێرانداو مێژوویەکی دوورودرێژی خەباتی لە پێناوی مافە سیاسیو مەدەنییەکانی هەموو ئێراندا هەبوو، وەکو ناوبژیوانێکی بێ لایەنیش هەموو لایەك پێیان پەسەند بوو کە ئایەتوڵڵا تاڵەقانی سەرۆکایەتی وەفدی حکومەت بکات بۆ ناوبژیکردن لە نێوان کوردەکانو دەسەڵاتدارانی تاراندا. لە ڕۆژی 24ی مارتی 1979دا ڕێککەوتنێك لە نێوان هەردوولادا گەڵاڵە کرا کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کوردەکان ئۆتۆنۆمییەکی سنوورداریان بدرێتێ.

ڕێککەوتنەکە سێ بڕگەی سەرەکی تێدابوو کە بریتی بوون لە:

یەکەم: زمانی کوردیو فارسی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بخوێندرێن.

دووەم: بەڕێوەبردنی ناوخۆی حکومەتی(هەرێمی کوردستان)و ئابووریی کوردستان لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کوردەوە بەڕێوە ببرێن.

سێیەم: کورد بەشداری لە داڕشتنی دەستوورێکی نیشتمانی نوێدا بکات لە ئێراندا.

یارمەتیی لۆجستی بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان حکومەتی مەرکەزیو نوێنەرایەتی کورددا دابین دەکرا. لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر بە ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار کوردەکان بەڵێنیان دا لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی شاهەنشاییو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە

www.pertwk.com

ولاتدا بکەن و چالاکانە بەشداری لەو راپرسییە چاوەڕوانکراوەدا بکەن کە لەسەر دەستوورەکە دەکرا. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێککەوتنەی کە بە ناوبژیوانی تاڵەقانی بوو گەیشتە ئەوەی کە بێ ئەنجام بێت کاتێك کوردەکان کەوتنە گومانکردن لە راستگۆیی حکومەت و لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەندامە زۆر رادیکالەکانی کورد کەوتنە فشار خستنەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی بەشداری نەکات لە راپرسییەکەدا ئەگەر بێت و پێش ئەوە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەدەست نەهێنێت. لەبەر ئەوە دروشمی(راپرسی نا، یەکەمجار مافی چارەنووس)یان بەرز کردەوە. لە ئەنجامدا ئاگربڕی بە ئاستەمی نێوان کوردو حکومەت هەرەسی هێناو گەورەترین پێکدادان رووی دا. بەشداری نەکردن لە راپرسییەکەی مارتی 1979دا، هەمان شێوە دەنگ نەدانێکی تری لە کانونی یەکەمی 1979دا لە لایەن کوردەوە لەسەر دەستووری نوێی ئێرانی بە دوادا هات.

لە سەرەتای ئابی 1979دا پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی بۆ ئایەتوڵلا خومەینی نارد کە دەقەکەی لە رۆژنامەی ئایندیگانی تاران کە رۆژنامەیەکی عیلمانیی جەماوەری بوو بلاو کرایەوە. نامەکە هەوڵی دا جارێکی تریش ئامانجەکانی ئۆتۆنۆمی کوردی روون بکاتەوەو خومەینیش دڵنیا بکاتەوە کە کورد هاونیشتمانیانی دڵسۆز بوون و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش هیواخوازی پارچەپارچەکردنی ئێران نەبووە[75]. نامەکە داوای کۆبوونەوەی رووبەڕووی نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئایەتوڵلای خومەینیی کرد بۆ روونکردنەوەی هەر خراپ نیشاندانێکی ئامانجەکانی کورد کە دەشێ هۆیەکانی راگەیاندن بلاویان کردبێتەوە. ئا لەوکاتەدا سوپای ئێرانی و پاسدار لە ئامادەباشیدا بوون بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی ناوچە کوردییەکانی ژێر سایەی دەسەلاتی راپەڕیوان. لە دوا هەفتەی ئابی 1979دا شارە گرنگە ستراتیژییەکانی پاوەو سنەو سەقز کەوتنە ژێر دەستی سوپای ئێرانەوە. لە سەرەتای ئەیلوولیشدا



هەموو شارە گەورەکانی کوردستان بە مهاباد و سەردەشتیشەوە لە دەستی پێشمەرگەکانی کورد دەرهێنران. داگیرکردنەوەی ئەم شارانە وەبیرهێنانەوەی توونددوتاڵ بوو کە دەیسەلماند سوپای ئێرانی لە فەوزادا نییەو کورد لە شەڕی تەقلیدیدا توانای بەزاندنی ئەوی نییە[76]. سەرەڕای شکستیی سەربازیی و لەدەستچوونی شارە گەورەکان، پێشمەرگە هەندێ ئازادی کارکردنیان لە لادێکان و لەو ناوچە سنووریانەدا پاراست کە لەوێوە هێزەکانی سەدام حسێن پشتگیریی پیشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەکرد.

شکستی حکومەت بۆ گۆشەگیرکردن و بێلایەنکردنی گەریلاکانی کورد لە لادێکانداو لە هەمان کاتدا لە دەستچوونی دەسەلاتی شارەکان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بارودۆخێکی سەختی خوڵقاند کە بوو بە هۆی هەوڵێکی تری دانیشتن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی کورد لە ئێراندا. لە 26ی ئابی 1979دا وەفدێکی پێنج کەسیی کوردی گەیشتنە تاران بۆ پێشکەشکردنی نەخشەیەکی نوێ بۆ ئاشتی. ئەم وەفدە بە سەرۆکایەتیی مەلا رەحیمی عەباسی سەرۆکی ئەنجومەنی کاتیی مهاباد بوو، وەفدی کوردی لەگەڵ دەسەلاتدارانی سیاسی و رابەرانی ئایینیی ئێراندا کۆبوونەوە کە وەفدی ئێرانی ئایەتوڵلای تاڵەقانی و مستەفا چەمرانی وەزیری بەرگری و سادقی تەباتەبایی جێگیری سەرۆك وەزیرانی تێدا بوو. کوردەکان نەخشەیەکی پێنج خاڵییان پێشکەش کرد کە ئەمانەی لەخۆ گرتبوو:

لابردنی بە پەلەی شێخ سادقی خاڵخاڵی لە ناوچەکانی کوردستان و کۆتایی هێنان بە لە سێدارەدانی گیانبەختکەران و هەڵسووڕاوانی کوردو کێشانەوەی پاسدارە غەیرە کوردەکان لە کوردستان و جێگرتنەوەیان بە کوردەکان. هەروەها راگرتنی بە پەلەی شەڕو داواکردنی کۆنفرانسێکی گشتگر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئۆتۆنۆمی کوردی لە سنووری چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانیدا. خومەینی ئەم داواکارییانەی رەت کردەوە، لە کاتێکدا کە

www.pertwk.com

کوردەکان هەموو چەکدار بوون و کەوتنە لە رووداو وەستانی دەسەڵاتی خومەینی. لەو کاتەدا خومەینی حوجەتول ئیسلام حوسێنی کرمانی وەکو نوێنەری تایبەتیی خۆی نارد بۆ کوردستان بۆ سەرپەرشتیکردنی تێکشکاندنی راپەڕیوە کوردەکان[77].

ئەگەرچی ئایەتوڵڵای خومەینی ئەم داواکارییە هەرە نوێیانەی کوردی رەتکردەوە، بەڵام بازرگانی سەرۆك وەزیران بەدەوام بوو لە گەڕان بە دوای رێگاچارەی ئاشتییانەی کێشەی کورددا. لە 3ی ئەیلوولی 1979دا بازرگان چوو بۆ مهاباد بۆ پێشکەشکردنی ئیمتازاتی شەخسیی خۆی بۆ کوردەکان کە لە ناو ئەو ئیمتیازاتانەدا بازرگان بەڵێنی یارمەتییەکی ئابووریانەی گەورەی دا بۆ پشتگیریکردنی ئابووریی لاوازی کوردو هەروەها بەڵێنی لێبوردنێکی گشتیی دا بۆ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دامەزراندنی زانکۆیەك لە مهاباد. پەیامەکەی بازرگان جێبەجێ نەکرا کاتێك شەڕی نێوان کوردو حکومەت پەرەی سەند. ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکرای لاوازیی ئیدارەکەی بازرگان بوو لە بەرامبەر ناوەندە جۆراوجۆرەکانی تری دەسەڵاتدا لە وڵات.

دوا هەوڵ و کۆششی حکومەتەکەی بازرگان بۆ دانووسان لە پێناوی چارەسەرێکی هەمەلایەنەدا لە تشرینی دووەمی 1979دا بوو کە لەو کاتەدا وەزیری کار داریوشی فرۆهەر سەرۆکایەتی وەفدێکی تری حکومەتی کرد بۆ مهاباد بە مەبەستی گفتوگۆکردن و دانووسان لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا. نەخشەیەکی هەشت خاڵی لە لایەن کوردەوە خرایە بەردەمی وەفدەکەی فرۆهەر کە درێژترین لیستی داواکاریی کورد بوو بۆ ئۆتۆنۆمی لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێرانەوە. ئەم نەخشەیە داوای دان پێدانانی یاسایی ئۆتۆنۆمی کوردی دەکرد لە دەستووری ئێرانیدا. نەخشەکە داوای دان پێدانانی ئازربایجانی رۆژئاواو عیلام و کرماشان و ناوچەکانی کوردستانی وەکو تاکە هەرێمێکی یەکگرتووی ئۆتۆنۆمی دەکرد، لەگەڵ دامەزراندنی



پەرلەمانێکی بە ئازادی هەڵبژێردراوی کوردی شان بە شانی عەدالەتپەروەری و عەدالەتداری لە هەموو مەسەلە ناوخۆییەکاندا لەوانەش (ئاسایشی ناوخۆو کارەکانی پۆلیس). هەروەها دانانی نوێنەرانی کورد لە هەموو ئاستەکانی حکومەتی مەرکەزیداو بەکارهێنانی زمانی کوردی (لە پاڵ زمانی فارسیدا) لە هەموو پەیوەندییە رەسمییەکان و لە قوتابخانەکانیشدا شان بە شانی دانانی بڕێکی دیاریکراو لە بودجەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ئابووریی کوردستان و هەموو بوارەکانی تری ئابووری. نەخشەکەی کورد دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی لە بوارەکانی بازرگانیی نیشتمانی و بەرگری و سیاسەتی دەرەوەدا دووبارە کردەوە[78]. ئەم داواکارییانە لە لایەن وەفدەکەی فرۆهەرەوە وەکو خۆیان پەسەند کران، بەڵام هەمان شێوەی جاری پێشوو لە لایەن خومەینییەوە رەتکرانەوە.

وەکو پێشتر باس کرا، دوا رەشنووسی دەستووری و کۆماری ئیسلامی ئێران دانی نەنا بە مافەکانی کورددا لە دەرەوەی سنووری ئەو مافانەی بۆ هەموو ئێرانییەکان زەمانەت کراوە. هەرچەندە لە هەوڵێکدا بۆ رازیکردنی کورد تا بەشداریی هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆکایەتیی کۆماری ئیسلامی بکات لە ساڵی 1980دا. خومەینی بڵاوی کردەوە کە ئەو پێی وایە داوا لە دەسەڵاتداران بکرێت کە گۆڕانکارییەکی زیاتر لە دەستوورەکەدا بکرێت کە زەمانەتی مافە تایبەتییەکان بۆ کەمایەتیی سوننە بکات. بە تایبەتی ئەم گۆڕانکاری و راستکردنەوەیە رێگای سوننەکان بدات کە دادگای شەرعیی خۆیان هەبێت لەو ناوچانەدا کە زۆربەی دانیشتوان پێك دێنن، بەڵام سەرکردایەتی کوردی ئەم فیکرەیەیان رەت کردەوە لەبەر ئەوەی شتێکی کەموکورت و ناتەواو بوو، چونکە ئەمان ئەوەیان دەویست وەکو گروپێکی ئیتنیکی جیاواز دانیان پێدا بنرێت نەك وەکو گروپێکی ئایینی (یان مەزهەبێکی جیاواز) چونکە گەلی کورد هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعەی ئیسلامیی تێدایە.

www.pertwk.com

کاتێك کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1980 نزیك بووەوە، هیواخواستن بۆ دانووسانی ئاشتی لەسەر کێشەی کورد بوو بە هەموو شتێك، بەڵام ئەو هیوایانە هەرەسیان هێنا. لە هەڵبژاردنەکەدا پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران پشتگیریی پاڵێوراو مەسعود رەجەوی سەرۆکی موجاهیدینی کرد دژی ئەبو حەسەنی بەنی سەدر کە دووەمیان بڕیارو رەزامەندیی ئایەتوڵڵای خومەینی لەپشتییەوە بوو. سەرکەوتنی بێ وێنەی بەنی سەدر شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. پشتگیریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ رەجەوی رێگای لە نزیکبوونەوەی قاسملۆ لە سەرۆك بەنی سەدر نەگرت، لە شوباتی 1980دا قاسملۆ نەخشەیەکی نوێی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردی پێشکەش بە بەنی سەدر کرد.

جیاوازیی سەرەکی لەم دوایین نەخشەیەدا ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران وازی لە سووربوون لەسەر داواکردنی ناوچەکانی ئازربایجانی رۆژئاواو عیلامو کرماشان وەکو بەشێك لە کوردستان هێنا. دکتۆر قاسملۆ رازی بوو بەوەی کە رێگا بدرێت بە زۆربەی خەڵك تا دەنگ بدەن لەسەر ناساندنی (دیاریکردنی) ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. لەبەر ئەوەی کوردەکان لە ئازربایجانی رۆژئاواو عیلام کەمایەتی بوونو کوردی شیعەی کرماشانیش زیاتر لایەنگری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون نەك پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. وازهێنانی قاسملۆ لەو ناوچانە لە ئەنجامدا نەخشەی هەرێمی کوردی تەسك کردەوەو کردی بە ناوچەیەکی بە حەقیقەت بچووك لەچاو ئەوەی کە پێشتر داوا کرابوو.

بەنی سەدر بە شێوەیەکی ئیجابییانە مەیلی بەلای داواکارییەکانی کورددا هەبوو، بەڵام سووربوو لەسەر ئەوەی کە هیچ چوونە پێشەوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئەنجام نادرێت هەتاکو کورد چەکەکانیان دانەنێنو کۆتایی بە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حکومەت نەهێنن، بەڵام قاسملۆ سووربوو لەسەر ئەوەی کە چەك دانانێن هەتا ئامانجەکانیان بۆ



بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی جێبەجێ نەکرێت. هەردوولا وازیان لە هاریکاریکردنی یەکتر(بۆ چارەسەری کێشەکە) هێناو زنجیرەی نوێی پێکدادان لە هەموو کوردستان دەستی پێکردەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران چوارەمین گۆنگرەی خۆی لە شوباتی 1980دا لە مهاباد بەست، لە بڕیارێکدا کە لەم کۆبوونەوەیەدا دەرچوو پارتی دیموکرات پشتگیریی خۆی بۆ شۆڕشی ئێرانو شوێنی دروستی هەرێمایەتیی وڵات دووبارە کردەوە لە کاتێکدا مەسەلەی داواکاریی ئۆتۆنۆمی کوردی بەردەوام لە لایەن حکومەتەوە رەتکرابووەوە. بڕیارەکە پشتگیریی تێڕوانینی لیبریالیانەی سەرۆك بەنی سەدری کرد بە تایبەتی سەبارەت بە ئازادیی ناوخۆ بۆ کەمایەتییە ئیتنیکییەکانی وڵات[79]. بەنی سەدر لە بەرامبەر ئەو بڕیارەدا پەیامێکی هێورکردنەوەی دەرکرد کە تیایدا هیوای ئەوەی خواستبوو ئاشتی بۆ هەموو ئێران بگەڕێتەوە.

یەکێك لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکان کە پەیوەندیی بە ناسینو زانینی(بڕیاری چارەنووسی) کوردەوە هەیە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە مانای زاراوەی(ئۆتۆنۆمی)ی هەڵگرتووە کە ئەم زاراوەیەش لە فارسیدا خودموختاری دەگەیەنێت. زاراوە فارسییەکە ئاماژەیەکی سلبیی هەیەو یەکسانە بە ئۆتۆنۆمی لەگەڵ جیابوونەوەو سەربەخۆیی تەواوەتیدا. ئایەتوڵڵای عەللامە نوری کە رابەرێکی ئایینی بوو، بەوە بەناوبانگ بوو کە تێڕوانینی پێشکەوتووخوازانەی هەیە، لە کۆتایی مارتی 1980دا پێشنیاری کرد کە کورد واز لە بەکارهێنانی زاراوەی خودموختاری بهێنن لە بڵاوکراوەکانیانداو زاراوەیەکی نوێ بەکاربهێنن کە کەمتر هەڕەشەی پێوە دیار بێت. کوردەکان بەلایانەوە ئاسایی بوو هەر زاراوەیەك بەکار بهێنن، لە ناو ئەو زاراوانەدا زاراوەی (ئۆتۆنۆمی ئیسلامیانە)ش هەروەکو لە لایەن ئایەتوڵڵا نورییەوە پێشنیار کرا، هەر لەو کاتەوە حکومەت دانی نا بە چەمکی نامەرکەزیەتی خۆیو دەسەڵاتی ناوچەیی کوردو کەمایەتییە ئیتنیکییەکانی

www.pertwk.com

تردا[80]، بەڵام بەرەو پێشەوە چوونی چەند مەسەلەیەك لە ئێراندا مەسەلەی ئۆتۆنۆمی کوردی هێنایە خوارەوە بۆ مەسەلەیەکی ناسەرەکی لەو مەسەلانەی کە حکومەت پێیانەوە خەریك بوو. بەرەو پێشەوە چوونەکانیش بریتی بوون لە سەرهەڵدانی خەباتی دەسەڵات لە لایەن بەنی سەدرەوە بەرامبەر بە دامەزراوی ئایینی (پیاوانی ئایین)و بەرزبوونەوەی ئاستی لە رووداوەستانی حکومەت کە لە لایەن چالاکییەکانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و پێویستبوون بە یەکێتی بۆ لە روودا وەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ئەوەش دەرەنجامی دەستگیرکردنی رەهائینەکانی ئەمەریکا بوو لە تاران.

لە 22ی ئەیلوولی 1980دا عێراق شاڵاوێکی بەرفراوانی داگیرکردنی بۆ ئێران دەست پێکردو هەرێمی خوزستانی داگیر کرد. رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆچوونی شەڕێکی گشتی دژی دوژمنێکی داگیرکەرو دڵسۆزی هەموو ئێرانییەکان چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا هەموو بەرگری لە خاکی دایکیان بکەن. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ئەویش داواکردنی یارمەتیی سەربازیی و لۆجستی بوو لە هێزە داگیرکەرەکانی عێراقی سەدام حسێن. ئێستا دەرکەوت کە راگەیاندنەکانی قاسملۆ بۆ پشتگیریکردنی یەکێتیی هەرێمایەتیی ئێران بۆش دەرچوو. زۆر لە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران روویان لە سەرکردایەتیی ئەو پارتە وەرگێڕا.

لە 12ی تشرینی یەکەمی 1980دا خومەینی سەرۆك بەنی سەدری دانا بە سەرۆکی مەجلیسی باڵای بەرگری. ئەگەرچی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی پەیوەست بە حیزبی جمهوریی ئیسلامی دەسەڵاتی سەرۆك (بەنی سەدر)ی لاواز کردبوو. بەنی سەدر دەستی کرد بە نووسینی عەمودێکی یەك بە دوای یەکدا لە رۆژنامە رۆژانەکەی خۆیدا کە ناوی ئینقیلابی ئیسلامی بوو، عەمودی نووسینەکەی بەنی سەدر ناوی (رۆژانەی سەرۆك) بوو، کە تیایدا حیزبی جمهوریی ئیسلامیی تاوانبار دەکرد بەوەی کە مومارەسەی ستالینیزم



دەکات و توانای شەڕکردنی ئەم لاواز دەکات. حیزبی جمهوریی ئیسلامی لە ژێر چاودێری پێشنیارێکی پەرلەمانیدا بە مەبەستی تاوانبارکردنی سەرۆك بە ناپاکیکردن لە (پرنسیپە ئیسلامیەکان) رەدی ئەو نووسینانەی بەنی سەدری دایەوە. پیاوانی ئایینیی خاوەن دەسەڵاتی حیزبی جمهوریی ئیسلامی توانییان لە ساڵی 1980دا رۆژنامەکەی بەنی سەدر دابخەن. سەرۆکی بەشەڕهاتوو (لەگەڵ حیزبی جمهوریی ئیسلامیدا) هەندێ هاوپەیمانی چاوەڕوان نەکراوی دۆزییەوە لە ناویاندا ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و موجاهیدین. ئەم کارەی بەنی سەدر بەڵگەی دایە دەستی نەیارەکانی لە پەرلەماندا کە ناچای بکەن دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە. هاوپەیمانێتی نەگونجاوی بەنی سەدر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و موجاهیدیندا هیچ هەلێکی لە بەردەم خومەینیدا نەهێشتەوە جگە لە وازهێنان لە پشتگیریکردنی سەرۆك، لە ئەنجامی ئەوەشدا لە 20و 21ی حوزەیرانی 1981دا لە کەش و هەوایەکی هێجگار هەڵایساودا نوێنەرانی حیزبی جمهوریی ئیسلامی لە پەرلەماندا سەرپەرشتیی فیکرەیەکیان بۆ تاوانبارکردنی بەنی سەدر بە دژی دەوڵەت و بۆ لابردنی لە پۆستەکەی کردو خۆیشیان جوولێنەری ئەو فیکرەیە بوون. قسەکانی بەنی سەدر کە وەکو تەحەدداکردن بوون نەبوونە هۆی هێورکردنەوەی ئەو بارە هەڵایساوە، بەڵکو وایان لە خومەینیش کرد کە گومان بکات لەوەی کە بەنی سەدر وەکو ئامرازێك لە لایەن گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە بەکارهێنرابێت بۆ لاوازکردنی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی.

دوای لابردنی بەنی سەدر لە حوزەیرانی 1981دا موجاهیدین دوا خۆپیشاندانی گەورەی خۆیان لە وڵاتدا رێك خست بە مەبەستی جووڵاندنی عاتیفەی جەماوەر بەرامبەر بە ئامانجی خۆیان و بەرامبەر بە بەنی سەدریش. خۆپیشاندانەکە بوو بە شکستێك وای لە بەنی سەدرو مەسعود رەجەوی کرد

www.pertwk.com

که نەخشەی هەڵهاتنیان لە وڵات دابنێن. لە 29ی حوزەیراندا بەنی سەدرو ڕەجەوی بە نهێنی بەهۆی فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانییەوە کە لایەنگرێکی موجاهیدین لێی دەخوڕی فڕین بۆ پاریس. دوای ئەوەی کە فەڕەنسا مافی پەنابەریی سیاسیی پێبەخشین دوو سەرۆکە ئاوارەکە پێکهاتنی مەجلیسی بەرگریی نیشتمانییان ڕاگەیاند بە مەبەستی خەبات دژی حکومەتی ئێرانی. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەکو بەشدارێکی سەرەکی بەشداری مەجلیسی بەرگریی نیشتمانیی کرد[81].

لە سەرەتادا موجاهیدین سەرکەوتوو بوون لە فراوانکردنی مەجلیسی بەرگریی نیشتمانیدا بە مەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی فراوان، گەلێك نەتەوەیی عیلمانیو گروپی چەپی لەخۆی گرت. بەڵام مەجلیسی بەرگریی نیشتمانی هەرچەند مانگێك دوای دروستبوونی لە ناوخۆیدا بۆگەنی کرد. بە پێی تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەسێتی خۆپەرستانەی ڕەجەوی ئەو وێنە دیموکراتییەی هەرەس پێهێنا کە مەجلیسی بەرگریی نیشتمانی ئاواتەخوازی دامەزراندنی بوو. ڕەجەوی بە پێی توانای خۆی وەکو سەرۆکی مەجلیسی بەرگریی نیشتمانیو ڕابەری موجاهیدین بنیادی سیستەمی دەنگدانی دانا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە موجاهیدینو ڕێکخراوەکانی بەرەکەی دەسەڵاتی تەواوەتی بەسەر هەموو بڕیارێکدا کردووە. ڕێکخراوەکان وایان دانا کە ڕەجەوی توانیویەتی مەجلیسی نیشتمانی دروست بکات لەبەر ئەوە شایەنی ئەوە بوو کە تێکڕا دەنگی بدەنێ وەکو (کەسێتییەکی نیشتمانیی دیار) کە هەروەها توانیویەتی لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا نوێنەرایەتی مەجلیسی نیشتمانی بکات[82]. دکتۆر قاسملۆ لە ڕادەبەدەر پەشێوو نیگەران بوو بەرامبەر بە کارکردنە ناوخۆییەکانی مەجلیسی بەرگریی نیشتمانیو بێ توانایی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دانانی نەخشەو پلانی جووڵەی سەربەخۆییو چالاکی کردن لە کوردستاندا.



لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا کردنەوەی دەرگای پشتگیریکردنی ڕژێمی بەعسی عێراق لە لایەن ڕەجەوییەوە لە لوتکەی شەڕی عێراقدا بە دژی ئێران گەلێك لە لایەنگرانی موجاهیدینو گروپەکانی ناو مەجلیسی بەرگریی نیشتمانی تووشی ئیغتراب کرد. سەرۆکی پێشووی ئێران بەنی سەدر لە ساڵی 1984دا لە هێرشێکی توندوتیژدا بۆ سەر شێوازی سەرکردایەتی ڕەجەوی وازی لە مەجلیسی بەرگریی نیشتمانی هێناو موجاهیدینی بەوە تاوانبار کرد کە بووبوون بە ئامرازێك بە دەستی ڕژێمی عێراقییەوە. لە مارتی 1985دا ململانێ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو ڕەجەویدا پەرەی سەند. ڕەجەوی قاسملۆی بە (ناپاکیکردن) لە مەجلیسی بەرگریی نیشتمانیدا تاوانبار کرد بەوەی قاسملۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئیسلامیدا لە تاران گفتوگۆی کردووە بە بێ ڕەزامەندیی مەجلیسی بەرگریی نیشتمانی. قاسملۆ ڕەددی دایەوە بەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەکو ڕێکخراوێکی پێشمەرگەیی مافی ئەوەی هەیە کە گفتوگۆ لەگەڵ دوژمنەکانیدا بکات لە هەر کاتێکدا بێت، موجاهیدینیش ناتوانێت وەکو تاکە قەوارەی بڕیار دروستکەر لە ناو مەجلیسی بەرگریی نیشتمانیدا دەور ببینێت[83]. لە کۆتایی مارتدا مەجلیسی بەرگریی نیشتمانی پێکهێنەرێکی گرنگی خۆی لەدەست دا کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو بەرەیە پاشەکشێی کرد، پاشەکشێی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران مەجلیسی بەرگریی نیشتمانی لاواز کرد. لە ئەنجامی ئەو پاشەکشێیەیدا پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یارمەتیی هاوپەیمانێکی گرنگ بێبەش بوو، ئەمەش لە کاتێکدا کە دابەشبوون لە ناو خودی پارتی دیموکراتدا توانای ڕێکخراوەیی ئەو پارتەی کەم کردبووەوە.

ماوەیەکی کورت لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، سێ ئاراستە لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا سەریان هەڵ دا. ئاراستەی بەهێزیان کە قاسملۆ ڕابەرایەتیی دەکرد ئارەزووی خەباتی

چەکداریی هەبوو دژی حکومەتی ئێرانی. دوو ئاراستەکەی تر پەیوەست بوون بە کەریمی حیسامی و غەنی بلوریانەوە، ئەم دوانەش هەردووکیان پەیوەندیی پتەوو نزیکیان لەگەڵ حیزبی تودەی سەر بە سۆڤێتدا هەبوو. لە ئەنجامی هەڵوێستی تەوفیقیانەی حیزبی تودەدا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هەتا ساڵی 1982، ئاراستەکانی کەریمی حیسامی و غەنی بلوریان مەیلی گفتوگۆیان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامیدا هەبوو. ئەگەرچی دوای سەرکوتانەوەو دامرکاندنەوەی حیزبی تودە لە ساڵی 1982داو بە ریزگرتن و لە سێدارەدانی هەندێ لە ئەندامەکانیان، باڵەکانی حیسامی و بلوریان لە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا سیاسەتی خەباتی چەکدارییان دژی کۆماری ئیسلامی بینا کرد[84]. لەگەڵ باشبوونی پەیوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە سەروەختی گورباشۆفدا لەگەڵ ئێراندا باڵەکانی حیسامی و بلوریان بوون بە پاشکۆی شەپۆلی هاتوچۆی خەباتی کورد لە ئێراندا.

## سیاسەتی لە ناوخۆدا دابەشبوونی گروپە کوردییە هاوچەرخەکانی ئێران

به درێژایی ساڵانی هەشتاکان قاسملۆ رازی نەبوو کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران هیچ گۆڕانکارییەك لە داواکانی کورددا بۆ ئۆتۆنۆمی ئەنجام بدات کە ئەوەش گفتوگۆکانی کوردو حکومەتی ئیسلامیی گەیاند بە خاڵی بنبەستبوون. سەرباری خۆڕاگرییەکی بەهێز گفتوگۆی قاسملۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا پارتی دیموکراتی کوردستانی دابەش کرد بۆ بەشی دژ بەیەك و دەشێ هەر ئەوەش بووبێت بە هۆی تیرۆرکردنی خودی قاسملۆ. چەپە ناتودەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران قاسملۆو بۆرژوای کوردیان بە ناپاکیکردن لە دۆزی کورد تاوانبار کرد ئەویش بەهۆی وازهێنانیان لە بنەما سەرەتاییەکانی ئەو پارتەو حەزکردنیان لە بنیادنانی سیاسەتێك کە مەبەستی ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی بوو لەگەڵ بۆرژوای



نیشتمانی(فارس)دا واتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا[85]. دابەشبوونی زیاتر لە نێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا روویداو لاوازیی توانای خەبات لە ناو ئەو بەشانەدا بوو بە هۆی ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەی هەشتەمی خۆی لە ساڵی 1988دا ببەستێت کە ئەوەش بوو بە هۆی دوورخستنەوەی پانزە ئەندامی دیاری کۆمیتەی ناوەندی. یەکێتیی چەپ لە دەوری ئەندامە دەرکراوەکانی پارتی دیموکرات کۆ بوونەوەو بزوتنەوەیەکی نوێیان بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران – باڵی شۆڕشگێڕ دروست کرد[86]. وەك ئاراستەیەکی مارکسیی توندوتیژو بە هەڵوێستی سیکتاریزمەوە. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕ نەیتوانیوە جەماوەرێکی ئەوتۆی خەڵکی کورد لە خۆی کۆ بکاتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران گورزێکی گورچکبڕی بەرکەوت کاتێك لە 13ی تەممووزی 1989دا دکتۆر قاسملۆ تیرۆر کرا لە کاتێکدا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێران لە شوقەیەکی ڤیەنا کۆ بووەوە، دوان لە هاوەڵە کوردەکانی قاسملۆ لەگەڵ ئەودا کوژران کە ئەوانیش بریتی بوون لە عەبدڵڵا قادری ئازەر جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و فازیل مەحمود رەسوڵ کە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – عێراق بوو. جگە لەوان محەمەد جەعفەر شاهرودی کە دیپلۆماتێکی ئێرانی بوو گوللە بەرچەناگەی کەوت و بریندار بوو. کوشتنی قاسملۆ لە کاتێکدا کە حیزبەکەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا گفتوگۆی هەبوو کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامی دەربارەی هۆکارەکانی کوشتنی قاسملۆ بەرز کردەوە.

شاهرودی کە گەڕایەوە بۆ ئێران بۆ ئەوەی چاك ببێتەوەو بحەوێتەوە لەسەر جێگادا لە نەخۆشخانەی تاران لە 27ی تەممووزی 1989دا چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیی کرد کە لەو چاوپێکەوتنەدا بکوژەکانی وەکو تیرۆریست نابردوو سوێندی خوارد هاریکاریی پۆلیسی ڤیەنا بکات هەتا

www.pertwk.com

بکوژەکان دەدۆزرێنەوە[87].

حکومەتی ئێرانی ئاشکرای کرد کە شاهرودی پێشتر دوو جار لەگەڵ قاسملۆ کۆ بوونەتەوەو هەروەها بەیانی تەلەفیزیۆنی ئێرانی ئەوەی دەربڕی کە سێیەم کۆبوونەوەی چارەنووسسازانەی نێوان قاسملۆو شاهرودی لەسەر داوای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ئەنجام درا بۆ گفتوگۆی بەرنامەی لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دژی هێزەکانی حکومەت جەنگاون[88]. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە خێرایی ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە کە تیایدا کۆماری ئیسلامیی وەکو تاوانباری سەرەکی ئەو کوشتنە مەحکوم کرد، هەروەها هیلینای ژنی قاسملۆ کە چیکۆسلۆڤاکییە ئاشکرای کرد کە ئەو کۆبوونەوەیە داوێك بووە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دانراوە بۆ کوشتنی مێردەکەی[89]. هەروەها پۆلیسی ڤیەنا کەوتە گومانکردن لە حکومەتی ئێران ئەویش لە ئەنجامی بە پەلە گەڕانەوەی شاهرودی لە ڤیەناوە بۆ ئێران‌و ڕێگا نەدانی سەفارەتی ئێرانی بە کاربەدەستانی سیستەمی دادگایی ئوتریش(نەمسا) بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمیر مەنسور بوزورگان. بوزورگان ئەو کەسە بوو کە کۆبوونەوەی نێوان قاسملۆو کاربەدەستانی ئێرانی ڕێکخستبوو لە ناو باڵیۆزخانەی ئێرانیدا مابووەوە.

بوزورگان کوردێکی ئێرانی بوو لە سێیەم کۆبوونەوەدا ئامادە بوو. دواتر پۆلیسی ڤیەنا ئاشکرای کرد کە شاهرودی دوای برینداربوونەکەی لە هێرشەکەدا لە شوقەکە رایکردو لە دەرەوە بوزورگانی بینی کە بە دزییەوە زەرفێکی دایە دەستی بوزورگان کە نۆ هەزار دۆلاری تێدا بوو. ئێران بەرامبەر بەم ئاشکراکردنە بە توندی ناڕەزایی دەربڕی‌و دوژمنەکانی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە ئەوان چیرۆکی درۆ دەربارەی کوشتنی قاسملۆ دەهۆننەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەندێ پاڵپشتی بۆ سەلماندنی بێگوناهیی خۆی بەدەست هێنا لە سەرچاوەیەکەوە کە خۆشی لە چارەی نەدەهات کە ئەویش



ڕێکخراوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی مارکسی – لینینی بوو کە لە یەك کاتدا شەڕی هێزەکانی ئێران‌و شەڕی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشی کردبوو. بە بڕوای لایەنگرێکی کۆمەڵە ئەو حیزبەی کە لە هاریکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و حکومەت گەورەترین زیانی لێکەوتووە موجاهیدینە[90]. هەروەها لایەنگرانی کۆمەڵە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە لەوانەیە شەڕکردن لە نێو خودی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووبێت بە هۆی کوشتنی قاسملۆ.

حکومەتی عێراق وەکو چاوەڕوان دەکرا سەرزەنشتی کۆماری ئیسلامیی کرد لە پای تیرۆرکردنی قاسملۆ. بە درێژایی زۆربەی ساڵانی هەشتاکان پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران یارمەتیی لە رژێمی بەعسی سایەی سەرکردایەتیی سەدام حسێن وەردەگرت، بەڵام لە ساڵی(1988)ەوەو دوای ئەوەی کە عێراق چەکی کیمایی دژی کورد لە هەڵەبجە بەکار هێناو پاشان فشاری خستە سەر گوندنشینەکان کە لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران دوور بکەونەوە[91]، قاسملۆ پەیوەندیی نێوان خۆیان‌و بەغدای تێك دا. لەوانەیە پەیوەندیی ناوخۆی قاسملۆ لەگەڵ عێراقدا(لەبەر ئەو هۆیەی باسکرا) پاڵی بە عێراقەوە نابێت قاسملۆ لەناو ببات.

موجاهیدینی هاوپەیمانی پێشتری قاسملۆ لە مەجلیسی بەرگریی نیشتمانیدا تێڕوانینی خۆی لە بارەی ئەو تیرۆرکردنەوە خستە روو. موجاهیدین گوتی گوایە شاهرودی گفتوگۆکەری بریندراری ئێرانی ئەفسەرێکی باڵای موخابەرات بوو، پێشتر وەکو جێگری فەرماندەی فیرقەی پانزەی پاسەوانی شۆڕش لە کوردستاندا خزمەتی کردووە. بە قسەی موجاهیدین، شاهرودی نازناوی(ناوی خواستراوی) محەمەد رەحیمی بەکار هێناوە کاتێك لە کوردستان بووو بەرپرسی سەرەکیی پەیوەندیی نێوان ئێران‌و کوردە نەیارەکانی عێراق بوو[92]. شاهرودی هەڵوێستێکی بە دەگمەنی

www.pertwk.com

نواند بۆ بە گرێگرتنی خۆفرۆشە کوردەکان بۆ کوشتنی قاسملۆ.

کاتێك کۆماری ئیسلامی مەحکوم دەکرا لە پای رێگادانانی بۆ کوشتنی قاسملۆ، باڵی جیابووەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەلەی بەکار دەهێنا بۆ رەخنەگرتنێکی فوتێکراوی سیاسەتی هاریکارانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا لە تاران. لە یاداشتێکدا کە رۆژی 18ی تەمووزی 1989 بلاّو بووەوە، باڵی جیابووەوە رایگەیاند:

هەڵبژاردنی دکتۆر قاسملۆ وەکو ئامانجێك لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە رێکەوت نەبوو. لەم مانگانەی دواییدا قاسملۆ رێگای گفتوگۆو سەوداگەری هەڵبژاردبوو (وەکو نرخی دۆزی کورد)و فەرزی کردبوو بەسەر رێگای خەباتی چەکداریدا. تەنانەت قاسملۆ فێڵی لە رابردووی خۆی کردبوو بەوەی کە رایگەیاند کێشەی کورد لە ئێراندا بە رێگای سەربازی چارەسەر ناکرێت. بۆ بەدبەختی دکتۆر قاسملۆ بوو بە قوربانییەکی تراژیدیی هەڵە سیاسییەکانی خۆیو هەڵوێستی سەوداگەریکردنی بەرامبەر تیرۆریستانی کۆنەپەرست کە کۆماری ئیسلامیی بەڕێوە دەبەن. هەر سەوداگەرییەك لەگەڵ ئەم جۆرە رژێمەدا دان نان بە مافە دیموکراتییەکانی خەڵکی ئێراندا دوا دەخات. هیواداریین مەرگی دکتۆر قاسملۆ ببێت بە دەرسێك بۆ ئەوانەی کە بڕیاری سیاسیی سەوداگەرانەیان خستۆتە سەرووی خەباتی چەکدارییەوە لە کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا[93].

کوشتنی قاسملۆ هەر بە نهێنی دەمێنێتەوەو بکوژە نەدۆزراوەکانیشی بە ئازادی دەمێننە. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە خێرایی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی بۆ جێگا گرتنەوەی قاسملۆ کرد بە سکرتێری گشتی حیزبەکە بەڵام جێگای گومانە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بتوانێت لە دەستچوونی قاسملۆ لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕ بکاتەوە. قاسملۆ سیاسییەکی شارەزا بوو کە لە نێو کۆمەڵگای ئێرانیدا پەیوەندیی قووڵی



دروست کردبوو، هەروەها تۆڕی چڕوپڕی سیاسیی لە ئەوروپا تەندبوو. گومانی تێدا نییە کە دکتۆر قاسملۆ سەرکردەیەکی سیاسیی هێجگار ناسراو بوو، بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردی ئێران پێی سەرسام بوون.

بەدبەختیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران چ پێش تیرۆرکردنی قاسملۆو چ پاش تیرۆرکردنی ئەوە بوو کە رێگای بە کۆمەڵە دا کە وەکو رێکخراوێکی هێجگار هەڵسووڕاو شەڕ بکات لە پێناوی ئۆتۆنۆمیی کورددا لە ئێراندا. کۆمەڵە وەکو بزوتنەوەیەکی مارکسی – لینینی هەرچۆن لە هەڵوێستی رەخنەگرانەدا بوو بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی بە هەمان شێوەش رەخنەی لە بۆرژوای کوردی دەگرت. کۆمەڵە توانیی مەودای خۆی فراوان بکات بە مسۆگەرکردنی پشتگیریکردنی شێخ عیزەدینی رابەری ئایینیی خەڵکی مهاباد. ئەگەرچی شێخ عیزەدین هەرگیز بە شێوەیەکی رەسمی نەچووە ناو کۆمەڵەوە. بە پێچەوانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کۆمەڵە سەرکەوتنی خەباتی کوردی لە سنووری شۆڕشی مارکسی لە هەموو ئێراندا دەبینییەوە[94] لەبەر ئەوەی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە خۆی وەکو رێکخراوێك دەبینی کە سنوورە ئیتنیکییەکانی بەجێ هێشتووە، بۆیە ئەم سیفاتانە کۆمەڵەی لە چەپەکانی تر یان لە گروپە مارکسییەکانی تری وڵات جیا دەکردەوە.

دەشێ رەگو ریشەی کۆمەڵە بگەڕێتەوە بۆ راپەڕینەکانی کورد لە ساڵانی 1967 – 1968دا کە ئەو کاتە کۆمۆنیستە چالاکەکانی کورد دایانمەزراند، لەو کۆمۆنیستە چالاکانەش ئیسماعیلی شەریفزادەو سولێمانو عەبدوڵڵای موعینی بوون. ئەگەرچی ئەم کۆمۆنیستە چالاکانە سەرقاڵی راکێشانی جەماوەری کورد بوون بۆ نێو حاڵەتێکی ترسناك، خۆیان بە هەمان ئەندازە سوودیان وەردەگرت لە بەرزکردنەوەی هوشیاریی چینایەتیو بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی مارکسی لە نێو کرێکارانی ئێراندا[95]. دەستەیەك لە خوێندکارانی کوردی زانکۆی تارانو تەورێز ئەو ئامانجە ئیلهامی پێ

www.pertwk.com

بەخشیبوون و کۆمەڵەیان لە ساڵی 1969دا وەکو ئامرازێك بۆ کوردو پرۆلیتاریای ئێرانی دامەزراندبوو.

بنیادەکانی ڕێکخستن و سەرکردایەتی کۆمەڵە هەتا سەرەتای ساڵانی هەشتاکان شێوەیەکی نارەسمی یان نائاسایی بوون. بەڵام دوای ئەوە لە ئەیلوولی 1983دا کۆمەڵە پرۆژەی گۆڕانکاریی گەورەی دانا کاتێك لە دوای حیزبە کۆمۆنیستە ئۆرسۆدۆکسە (تەقلیدی)یەکانی تر رووی خۆی گۆڕی و بوو بە باڵی کوردی لە حیزبی کۆمۆنیستی تازە دامەزراوی ئێراندا. کۆمەڵەی دیسان دامەزراوە رایگەیاند کە کۆنگرەی دامەزراندنی حیزب رەزامەندیی لەسەر گۆڕانکاریی خۆی نیشان داو عەبدوڵلای موهتەدی وەکو یەکەم سکرتێری گشتی خۆی هەڵبژارد[96]. هەروەها کۆمەڵە ئەوەشی راگەیاند کە ئاهەنگێکی رەسمی بۆ یادی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە لە گوندی (گاڤیسان) لەسەر رێگای کامێران – سنە ساز کرا.

بە پێچەوانەی بزوتنەوە کوردییەکانی ترەوە کە خەریکی بەهێزکردنی ئیتنیکییەتی کوردی (کوردایەتی) بوون لە رێگای دروستکردنی پەیوەندیی سایکۆلۆژیانە لەگەڵ مێژووی کوردو خەباتی رابردوودا، کۆمەڵە هەوڵی دا بۆ بنیادنانی پاڵپشتی(رەگەکان – لاوەکان) لە نێو کورددا ئەویش لە رێگای گرنگیدانی تایبەتی بە پەروەردەی سیاسییانەو بە شارەزاکردنی کچان و کوڕانی لادێ بە بنەماکانی چینایەتی و شەڕی گەریلا (پێشمەرگایەتی)[97].
هەروەها کۆمەڵە تەئکیدی لەسەر نامەرکەزیبوون لە میانەی رێکخستن و کاری سەربازیدا دەکرد. لیژنەی مەرکەزی وەکو پێکهاتەیەکی هاریکار دەبینرێت لەچاو ئەوەی کە ناوەندێك بێت بۆ بڕیاردان و نەخشەدانان بۆ هەموو شتێکی رێکخراوەکە[98]، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی حیزبەکە لە فراوانکردنی چالاکیی کارکردندا لە دەرەوەی هەرێمی کوردیدا یارمەتیی کۆمەڵەی دا کە ئەندامانی نوێ پەیوەندیی پێوە بکات، هەروەها زەمینەی پشتگیریکردنی خۆی لەچاو نەیارەکانیدا پاراست.



لە دە ساڵی یەکەمدا، ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە لە نێوان هێڵی مارکسی – لینینیدا بە شێوەیەکی باڵادەست (ماویست) بوو. هەرچەندە لە یەکەم کۆنگرەیدا کۆمەڵە لە ساڵی 1979دا وازی لە ماویزم هێنا لەو روانگەیەوە کە گوایە ماویزم بۆ بارودۆخی کوردی ئێران نەدەگونجا[99]. لە شیکردنەوەیەکدا کە لە رۆژنامەی ئۆرگانی حیزبەکەدا (بیسۆی سۆشیالیزم) بڵاو بووبووەوە کە کۆمەڵە گفتوگۆی پرۆسەی بە شارستانیبوونی کردبوو کە پرۆسەی بەشارستانیبوون بنیادەکانی سیۆسیۆئابووریی کوردستانی بە شێوەیەکی خێراو لە بەرچاو گۆڕیبوو، چیتر ئەم هەرێمە ناشێت وەکو کۆمەڵگایەکی لادێیی سەیر بکرێت کە پەیوەندییەکانی خێڵایەتی و شێوازی ژیانی تەقلیدیی جوتیاریی دەسەڵاتی بەسەردا کردبێت[100]. سەرەڕای دان نان بەو راستییەدا کە کوردستان ئەگەر بەراورد بکرێت بە تاران و خوزستان و مەڵبەندە پیشەسازییەکانی تری ئێران، ئەوا بە دواکەوتوویی ماوەتەوەو پرۆژەی پیشەسازی کەمترو پرۆلیتاریایەکی بچووکتر لە کوردستاندا هەبوون، کۆمەڵە قەناعەتی وابوو کە پێکهاتەی باڵادەستیی لادێیانەی ناوچەکە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە گۆڕاوە.

کۆمەڵە شارستانیبوونی کوردستان لە ناوەندی هەرێمێکی ئابووری دواکەوتوودا دەگێڕێتەوە بۆ کاریگەریی دوو هۆکار: یەکەم، بەرنامەی ریفۆرمی کشتوکاڵیی شا پەیوەندییە کۆنەکانی جوتیارو خاوەن زەوی تێکشکاندو هەرەسی بە داوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سیستەمە هێنا بە بێ ئەوەی جێگای ئەو سیستەمە بە سیستەمێکی تری گونجاو بگرێتەوە. جگە لەوەش بەرنامەی ریفۆرمی زەوی سوودی بە بەشی هەرە زۆری جوتیارانی بێ زەوی نەگەیاند کە نەیان دەتوانی زەوی خۆماڵیکراو (واتە ئەو زەوییەی لە دەستی دەرەبەگەکان دەرهێنراوەو بووە بە مڵکی حکومەت "امیریە") بکڕن. لە ئەنجامی ئەوەدا بەشێکی زۆری جوتیاران لە شوێنی خۆیان هەڵکەنران و ناچار بوون بچنە شارەکان و بەشداریی ئەو

www.pertwk.com

پرۆلیتاریا گەورەیە بکەن کە لەسەر کرێی رۆژانە دەژین. لە سەرەتادا زۆربەی جوتیارانی کورد ناچار بوون لە ناوچەکانی تری وڵاتدا لە دوای کار بگەڕێن. شارە گەورە کوردییەکان لە رووی ئابوورییەوە توانایان نەبوو هەموو ئەو جوتیارانە لە خۆیان بگرن. هەرچەندە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا لە سالآنی حەفتاکانداو کاریگەریی ئەو بەرزبوونەوەیە لەسەر رێژەی نەشونووماکردنی ئابووریی وڵاتدا، شارە کوردییەکان زیندووبوونەوەیەکیان بە خۆیانەوە بینیو لە ئەنجامی ئەوەشدا ژمارەیەکی زیاتر جوتیاریان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئیش راکێشا بە تایبەتی لە بواری بیناسازیدا. ئەم فاکتەرانە بوون بە هۆی دروستکردنی کاری گرێگرتەو هێزی کاری کەم شارەزا لە نێو جوتیاری کوردیدا.

فاکتەری دووەم کە بەشداریی لە بەشارستانیکردنی کوردستاندا هەبووە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانو ئەنجامە سەربازییەکانی ململانێی نێوان کۆماری ئیسلامیو پێشمەرگەکانی کوردو هەروەها ئەنجامەکانی هەشت ساڵ شەڕکردنی نێوان عێراقو ئێران بووە. پێکدادانی وێرانکارانەی شەڕ لە لادێکانی کوردستاندا پاڵی بە زۆر لە کوردەکانەوە نا کە بگوازنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە دوورن لە شەڕەوە واتە ئاسایی باریان کرد بۆ شارە گەورەکان[101]. لە ساڵی 1977دا نزیکەی 54٪ی هێزی کاری کوردی لە دەرەوەی بواری کشتوکاڵدا خرابووە کار. بە پێی لێکدانەوەی کۆمەڵە ئەم رێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ ئاستێك کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا پێکهاتەی چینایەتی لە کوردستاندا بوونی دوو چینی جیاواز دەنوێنێ. چینی گەورەی پرۆلیتاریاو چینی بچووکی سەرمایەدار[102]، دەرکەوتنی ئەو چینە سەرمایەدارە نوێیەی کە شیکردنەوەی ئۆرسۆدۆکسی ماوییانەی شتەکان بکات بەلآم شیکردنەوەیەکی رووکەشانە کاتێك توێژینەوەی بارودۆخی کوردی ئێران دەکات.

سەرباری سەرکەوتنی خێرای کۆمەڵە لە فراوانکردنی ریزەکانی خۆی لە



رووی ئەندامدارییەوە، بەڵام کۆمەڵە نەیتوانیوە پیادەی دەسەڵاتێکی چوستو کاریگەر بەسەر هیچ ناوچەیەکی کوردستانی ئێراندا بکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. لەوەش زیاتر لە کاتی دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی بندەستی شۆڕش لە لایەن حکومەتەوە لە ساڵی 1986دا چالاکیی پێشمەرگایەتیو کاریگەریی کۆمەڵە بە واقیعی کەم بووەوە. زۆرێك لە کەسانی چالاکی کۆمەڵە لە رووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ نەیارەکانیاندا گیانیان لەدەست داو هەندێکیشیان لە دەرەوەی وڵاتدا لە پشتەوە تیرۆر کران. بۆ نموونە لە ئابی 1989دا لە شاری قوبروس چەند چەکدارێك دوو کارەبەدەستی کۆمەڵەیان دایە بەر گوللەو بەهمەن جەوادییان کوشت کە لە ئاوارەییەوە لە سویدەوە هاتبوو بۆ بینینی چەند خزمێکی، ئەگەرچی هیچ لە گومانلێکراوان دەستگیر نەکرانو پۆلیسی قوبروسیش نەگەڕا بە دوای هۆکاری کوشتنەکەدا، بەلآم مەکتەبی کۆمەڵە لە سوید دەستبەجێ سەرزەنشتی بەکرێگیراوانی ئێرانی کرد لە کوشتنی بەهمەن جەوادیدا[103].

هۆکارێکی تر کە چالاکیی کۆمەڵەو خەباتی کوردایەتیی لە ئێراندا لاواز کردووە شەڕی وێرانکەری نێوان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بووە. دوای چەندین لە رووداوەستانی خوێناوی لە نێوان ئەم دوو لایەنە کوردییەدا، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە ساڵی 1987دا هەوڵی ئەوەی دا کە کۆتایی بەم کێشەیە بهێنێت، کۆمەڵە داوای کۆتاییهێنانی دەستبەجێی دوژمنایەتیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی کرد لەگەڵ دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کورد دژی سوپای ئێرانیو پاسەوانانی شۆڕش[104]. بەڵام ئەو بەرە یەکگرتووە پێشنیارکراوە بە هیچ شێوەیەك دروست نەبوو چونکە کۆمەڵەو پارتی دیموکراتی کوردستان هەردووکیان شکستیان هێنا لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکانی نێوانیاندا.

تاکە بەیانێکی بینراوی هاریکاریکردنی نێوان کۆمەڵەو پارتی دیموکراتی

www.pertwk.com

کوردستانی ئێران لە هاوپەیمانییەکی شلۆقدا بوو کە ئەویش لە نێوان کۆمەڵەو باڵی جیابووەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان واتە باڵی شۆڕشگێڕدا پێکهات. هەروەك یەکەم سکرتێری کۆمەڵە، ئیبراهیمی عەلی زادە ئاشکرای کرد هەر کە جیابوونەوە لە نێو خودی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بە واقیعی رووی دا، کۆمەڵەو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران – باڵی شۆڕشگێڕ پەیوەندییەکی پتەوی ئیشکردنیان دامەزراند. دامەزراندنی ئەو پەیوەندییە لە نێوان بزوتنەوەیەکدا کە چالاکییە سەرەتاییەکانی قورسی خستۆتە سەر فیکری ناسیۆنالیزم‌و کۆمەڵەش کە حاشای لە گوتاری ئیتنیکی نەتەوایەتی کردووەو بنەمای چینایەتی ناسیۆنالیزمی مارکسییانەی بەلاوە پەسەند بوو. (قسەکانی عەلی زادە نەبوو بە هۆی هاوهەڵوێستیمان، ئێمەی کۆمەڵە بە دوای ئامانجی خۆماندا دەچین‌و ئەوانیش واتە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران – باڵی شۆڕشگێڕ بە دوای ئیشی خۆیاندا دەچن، بەم شێوەیە هەردوولامان خەبات دەکەین بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراتییەکان بۆ جەماوەری کوردو هەروەك ئەوان "پارتی دیموکرات – باڵی شۆڕشگێڕ" هیچ ناڕەزاییان نییە بەرامبەر بە هەڵوێستی ئێمە لە بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران لە هەموو وڵاتدا)[105]. عەلی زادە هیواخوازی ئەوەبوو کە باڵی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش شوێنی هەمان پرنسیپ بکەوێت‌و هاوپەیمانییەکی تاکتیکی لەگەڵ کۆمەڵەدا پێکبهێنێت.

هەڵوێستی ئاشکرای چارەسەرخوازانەی گرفتەکان لە لایەن کۆمەڵەوە بەرامبەر پارتی دیموکرات – باڵی شۆڕشگێڕو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران دابەشبوونێکی لە ناو کۆمەڵەدا دروست کرد کە لە پلینیۆمی شانزەی کۆمیتەی ناوەندیدا حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کە لە تشرینی دووەمی 1989دا بەسترا ئەو دابەشبوونە گەیشتە لوتکە. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هێرشیان کردە سەر مەیلدارانی راستڕەوان‌و



لادەران‌و ناسیۆنالیستی کە لە نێو کۆمەڵەدا پەرەیان سەندبوو. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داوایان کرد کە ئەوانەی بەرپرسن لەو پەرەسەندنە دەبێت لە شوێنەکانیان لا ببرێن[106]. پلینیۆمی شانزەیەم بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کورتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانداو لەو پلینیۆمەدا رێگای بژارکردنی کۆمەڵە لەو کەسانەی کە جێگای پەسەندکردن نەبوون گیرایە بەرو رێکخستنی ئایدیۆلۆژیانەشی گەڕاندەوە بۆ سەرکردایەتی حیزب[107].

سەرباری ململانێ لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەداو سەرباری گۆڕینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بوزتنەوەکانی تری کورددا، بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵەو ئامانجەکانی بە جێگیری مانەوە هەر هەمان شێوەی ئەوەی کە لەو بەڵگەنامەیەدا هاتبوو کە حیزب خۆی لە مانگی ئەیلوولی 1984دا بڵاوی کردبووەوە. ئەم بەڵگەنامەیەش بریتی بوو لە بەرنامەیەکی چواردە خاڵیی کۆمەڵە کە بریتین لە:

1) مافی بەشداریکردنی سیاسییانەی ئازادو بێ مەرج‌و بەند مافێکی بنەڕەتیی هەموو کەسێکە، هەموو کەسێك نێر بێت یان مێ لە سەرووی تەمەنی شانزە ساڵییەوە دەبێت مافی دەنگدانی هەبێت. هەر کەسێکیش نێر بێت یان مێ لە سەرووی تەمەنی هەژدە ساڵییەوە دەتوانێت بۆ بەڕێوەبردنی هەر دەزگایەك خۆی بپاڵێوێت. دەبێت کوردستان لە هەموو ئاستەکاندا لە لایەن نوێنەرانی بە ئازادی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە بەڕێوە ببرێت.

2) دەبێت هەموو کەس ئازادیی بیروبۆچوونی خۆی هەبێت‌و نابێت هیچ هێزێك لەسەر زەوی رێگای پێ بدرێت نکوڵی ئەو مافە بنەڕەتییەی خەڵك بکات.

3) دەبێت رێگا بە گەلی کورد بدرێت کە بڕیاری پێکهێنانی حکومەتی خۆیان بدەن. گەل مافێکی نکوڵی لێنەکراوی هەیە بۆ راپەڕین دژی هەر دەسەڵاتێك کە هەوڵ دەدات بۆ سەپاندنی ویستەکانی خۆی‌و پێکهێنانی حکومەت لە گەلی کورد (بە بێ ئەوەی ئازادیی دروستکردنی ئەو حکومەتە لە

www.pertwk.com

دەستی خەڵك خۆیدا بێت. ع).

4) هەركەسێك توانای ئەوەی هەبێت بە ئازادی ئایینی خۆی هەڵبژێرێت، یان ئازاد بێت لەوەی كە هیچ ئایینێك هەڵنەبژێرێت. جیاوازیكردن كە دەوەستێتە سەر پەسەندكردنی ئایینی تاكەكەسی دەبێت بە توندی رەت بكرێتەوە. ئایین دەبێت وەكو مەسەلەیەكی تایبەتی هەركەسێك سەیر بكرێت و نابێت حكومەت خۆی لەو مەسەلەیە هەڵقورتێنێت.

5) ئازادیی بڵاوكردنەوەو كۆبوونەوەو قسەكردن مافێكی دەست لێنەدراوی هەموو خەڵكە بە تایبەتی جەماوەری بێبەش لە هەموو شتێك. بە هەمان ئاماژە ئازادی بۆ بەشداریكردنی هەر رێكخراوێكی سیاسیی و بازرگانی و پیشەیی پێویستە زەمانەت بكرێت.

6) هەر كرێكارێك چی كار بكات یان بێ كار بێت دەبێت ژیانێكی شایانی بۆ دابین بكرێت. مافی ژیانێكی شایەن بە مرۆڤ و مافی كاركردن دەبێت وەكو مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ لێیان بڕوانرێت.

7) دەبێت لە هەموو بوارەكانی ژیاندا ژنان هەمان مافەكانی پیاوانیان هەبێت. بە كۆیلەكردنی ژن لە لایەن چینە فەرمانڕەواكانەوە دبێت هەڵبگیرێت. ئێمە داوای یەكسانیی كرێ دەكەین بۆ هەمان ئیش كە پیاوو ژن ئەنجامی بدەن.

8) نابێت هیچ كەس ناچار بكرێت كە ژن بهێنێت یان شوو بكات. پێویستە یاساكانی خێزان بە جۆرێك بژار بكرێن كە یەكسانی نێوان ژن و پیاوو نێوان ژن و مێرد نیشان بدەن.

9) دەبێت تاكەكەس پارێزراو بێت لە خۆتێهەڵقورتانی بێ بیانوو بۆ ژیانی. نابێت هێچ دەسەڵاتێك بواری پێ بدرێت كە خۆی لە ژیانی تایبەتیی خەڵك هەڵقورتێنێت. مافی سەفەركردنی ئازادانەو هەڵبژاردنی شوێنی ژیان لە لایەن هەركەسێكەوە دەبێت لە لایەن یاساوە زەمانەت بكرێت و نابێت هیچ كەسێك ناچار بكرێت دوور لە خواستی خۆی لە ئاوارەییدا بژی.



10) هەموو كەسێك دەبێت لە رووی تەندروستییەوە بە تەواوی چاودێری بكرێت. رێگای ئاسانكاریی تەندروستی دەبێت جێبەجێ بكرێت و بۆ هەموو كەسێك بە خۆڕایی بێت بێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بكرێت لە چ بەشێكی وڵاتدا دەژین و چەند بەرهەم دەهێنن.

11) دەبێت پەروەردەو فێركردنی گشتی بە خۆڕایی بێت و بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەر بكرێت. نەخوێندەواریی و ملكەچی بۆ دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری وابەستە، دەبێت لە رەگ و ریشەوە لە وڵاتدا هەڵبكەندرێن.

12) مافی چەك هەڵگرتن بۆ ئەو زەحمەتكێشانەی كە ناچاربوون چەك هەڵبگرن بۆ پاراستنی ماڵ و خێزانیان دەبێت دانی پێدا بنرێت. هیچ كەس مافی چەككردنی سوپای زەحمەتكێشانی كوردستانی نییە.

13) یاسا ئایینی و كۆنەپەرستییەكانی كۆماری ئیسلامی نابێت لە كوردستاندا پیادە بكرێن. هەموو دادگایەك دەبێت كراوە بێت لە بەردەمی جەماوەرداو دەبێت دادوەرەكان لە لایەن خەڵكییەوە هەڵبژێردرێن. دەبێت هەموو كەسێك بە بێگوناە دابنرێت هەتا دەسەلمێنرێت كە تاوانبارە. نابێت فشاری جەسەدی و دەروونی بەكار بهێنرێت بۆ ناچاركردنی تاوانباركراوێك بۆ دان نان بە تاواندا. دەبێت پرۆسەی جێبەجێكردنی یاسا لە هەموو ئاستێكیدا چاودێری بكرێت. نابێت هیچ كەسێك بە بێ تاوانی تایبەتی لە ماوەی بست و چوار سەعات زیاتر بەند بكرێت. داواكردنی بەخێرایی لێپرسینەوەی دەعوا مافی سەودا لەسەرنەكراوی هەركەسێكی تاوانباركراوە بە ئەنجامدانی تاوانێك.

14) هەموو ئەو یاسایانەی شۆڤینیزمی ئیتنیكی و سەركوتانەوە نیشان دەدات دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە. ئێمە هەموو یاساكانی جیاوازیكردنی كەلتووری و سیاسی و ئابووری و دەستووری دژی گەلی كورد بە ناڕەواو نادروست دادەنێین. گەلی كورد مافی خۆیەتی كە پەویەندییە كەلتوورییەكانی لە رێگای زمانی قسەكردنی ناوخۆوە لە كاروباری رەسمی و لە قوتابخانەدا بەهێز بكات[108].

ئەگەر ئامانجەكانی كۆمەڵە لەگەڵ داواكارییەكانی پارتی دیموكراتی

www.pertwk.com

کوردستان بۆ ئۆتۆنۆمی بەراورد بکرێن ئەوا ئامانجەکانی کۆمەڵە نەك هەر خۆزگەن بەڵکو تەمومژاویشن. بەڵگەنامەکەی کۆمەڵە سەبارەت بە مەودای داواکاریی ئۆتۆنۆمیو پەیوەندیی نێوان حکومەتی ناوەندیو کوردستان کە پێویستە کوردستان بکرێتە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیو پەیوەندیی نێوان حکومەتو کوردستانیش لەسەر ئەو بنەمایە دابمەزرێت، بەڵگەنامەکەی کۆمەڵە هیچ وەڵامێکی پێ نییە. هەروەها بەڵگەنامەکە بێ دەنگە سەبارەت بە هەموو مەسەلە گرنگەکانی بازرگانیی ناوخۆو بەرگریو سیاسەتی دەرەوە. لە بەرامبەر سیمای مارکسییانەو جیاخوازانەی کۆمەڵەدا کۆماری ئیسلامی داواکارییەکانی کۆمەڵەی بە جیددی وەرنەگرتووە. سەرەڕای ئەوەش پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو هێڵە سەرەکییەکانی تری کورد گەیشتوونەتە ئەوەی کە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد ناواقیعیو خەیاڵییەو گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادەن. شتێکی ئاشکرایە کە هەر هیواخواستنێك هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کوردو کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی تەواو، ئەوا دەبێت لە دەرەوەی چوارچێوەی پێشنیاری کۆمەڵەدا بێت.

شەڕی عێراقو ئێرانو شەڕی ویلایەتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانەکانی دژی عێراق هەلی بە کورد بەخشیو بواری بۆ چاککردنی حاڵی کورد لە ئێراندا رەخساند. کاریگەرییەکانی ئەم دوو شەڕە لەسەر کورد لە بەشی سێیەمو پێنجەمدا باس دەکرێت. تەنها ئەوەندە بەسە بگوترێت کە روانین بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد لە ئێراندا بەلای کەمەوە ئەو هێڵانەی کە لە لایەن کۆمەڵەوە لایەنگیری لێدەکرێن یان تەنانەت لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە جێگای بێ ئومێدییە. هەروەك چارلس ماکدۆناڵد تێبینیی کردووە: خەباتی چەکداریی کورد دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ ئەوەی سنووری بۆ دابنرێت بەردەوام دەبێت[109]. شەپۆلی ئەم خەباتە لەسەر بنەمای بەرەو پێشەوەچوونە سیاسییەکانی ناوخۆ لە ئێراندا لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییە ئیقلیمیو دەولییەکان دەگۆڕێت.



# بەشی سێیەم

## بارودۆخی کورد لە عێراقدا

### کوردو بەریتانیاو پاشایەتیی عێراق

وڵاتی عێراق لە سەدەی بیستەمدا دروست کراوە ئەگەرچی میزۆپۆتامیا مەڵبەندێکی شارستانێتی ناسراوەو شاری بەغدا مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە لە بنیادنانی شارستانێتی ئیسلامیدا. عێراقی نوێ دەرئەنجامی شکستیی ئیمپراتۆری عوسمانیو هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئیمپراتۆرە بوو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. ئەگەرچی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە پێش دروستکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە سەری هەڵدابوو لە کاتێکدا عێراق لە سەدەی بیستدا دروستکراوە.

بزوتنە نەتەوەییەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەدا هاوشێوەو هاوکات لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوایەتیی رەگەزە ژێردەستەکانی تری ئیمپراتۆری عوسمانیدا لە سنووری ئاسیادا پەرەیان سەندووە، بۆ نموونە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەبو ئەرمەنەکان. یەکەم بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی بزوتنەوەی بەدرخانی بۆتان بوو، کارە پاڵەوانیو چالاکییەکانی کە نموونەی بوێریو ئازایەتی بوون لە ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدەدا دژی خێڵە نەیارەکانو دراوسێ ناتورکەکانی بوون. لە سەدەی نۆزدەدا مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردی سەری هەڵداو لەو بوارەشدا دەبێت ناوی شاعیری کورد حاجی قادری

www.pertwk.com

کۆیی بهێنرێت که دەوری بزوێنەرو جۆشدەری هوشیاریی نەتەوەیی کوردی بینیوە. حاجی قادر داوای لە سەرۆك خێڵە کوردەکان کرد کە جیاوازیو ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێنو خۆیان لە هەرێمچێتیو ناوچەگەرێتیی تەسك رزگار بکەنو هەوڵی یەکگرتن بدەن بۆ مەسەلەیەکی گەورەتر کە مەسەلەی کوردایەتییە[1]. حاجی قادری کۆیی رەخنەی توندوتیژی لە خوێندەوارانی کورد گرت لەسەر ئەوەی کە لە جیاتی زمانی کوردی کە زمانی خۆیانە بە فارسیو تورکی دەیاننووسی. هەروەها شێخو مەلاکانی کوردی بەوە تاوانبار کرد کە رێكو تەبا بوون لەگەڵ ویستو داواکانی دەرەبەگە تورکەکاندا. حاجی قادری کۆیی پشتی بە مەلحەمەی نەتەوەیی کوردی سەدەی حەڤدەیەم بەست کە مەبەست لەوەش مەمو زینی (ئەحمەدی خانی‌یە – و) یان رۆمیۆو جولێتی کوردی ئەویش بە مەبەستی جووڵاندنی سۆزو ویژدانی نەتەوایەتی لە نێو جەماوەری کورددا[2].

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیا دەسەڵاتی بەسەر ویلایەتەکانی بەغداو بەسرەدا کرد. ئەو هەرێمانەی کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، دواتر بوون بە (دڵ – بنەما)ی ئەو وڵاتەی کە پێی دەوترێت عێراقی عەرەب. بەریتانیا بەڵێنی دابوو ئەم ناوچەیە (ویلایەتەکانی بەغداو بەسرە) بدات بە شەریف حسێنی مەککە لە پاداشتی ئەوەدا کە شەریف حسێن عەرەبەکانی بە دژی تورکەکان هاندابوو بۆ راپەڕین.

لە رۆژی 24ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1915دا لە وەڵامدا بۆ شەریف حسێنو داواکارییەکانی بەریتانیا رەزامەندیی خۆی نیشان دا بۆ پشتگیریکردنی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەب کە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرە بگرێتەوە. لەو رێکەوتنەدا هیچ شتێك دەربارەی ویلایەتی موسڵ کە دانیشتوانەکەی کوردن نەگوتراو تەنانەت هەتاکو ئاگربەستی نێوان هێزی هاوپەیمانانو سوڵتانی عوسمانیش لە بارەی ویلایەتی موسڵەوە هیچ قسەیەك نەکرا. هەتا ئەو کاتەی لە 30ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1918دا



بەریتانیا موسڵی داگیر کرد[3]، داگیرکردنی موسڵ لە لایەن بەریتانیاوە بوو بە هۆی تێکدانی پەیمانی مۆدروس، بەڵام لەبەر لاوازیی هێزی سەربازی، تورکیای بەزیو هیچ رێگایەکی تری لە بەردەستدا نەبوو هەتا لە بەری بگیرێت کاتێك هێزەکانی بەریتانیا لە ژێر چاودێریی جەنەراڵ مارشاڵدا موسڵیان داگیر کرد. لە تشرینی دووەمی ساڵی 1918دا بەریتانیا جەنەراڵی تورکی (عەلی ئیحسان پاشای) ناچار کرد بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی خۆبەدەستەوەدان کە بە پێی ئەو رێککەوتننامەیە هەموو هێزەکانی تورك کشانەوە لە ویلایەتی موسڵ (بەڵام دوا بڕیار لەسەر موسڵ نەدرا هەتا ساڵی 1925).

پێش دەستبەسەرداگرتنی موسڵ هێزەکانی بەریتانیا شارەکانی کوردستانیان داگیر کرد لەوانەش شارەکانی کەرکوكو سلێمانی. سیاسەتی بەریتانیا لایەنگرو ئارەزوومەندی دامەزراندنی ناوچەیەکی ئیداری بوو لە کوردستاندا کە سەرکردە ناوخۆییەکان بکات بە بەڕێوەبەری بەڵام لە ژێر سەرپەرشتیو چاودێریی بەریتانیادا بنو ناوچەکەش لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بێت. لە هەرە دیارترینی سەرکردەکانی ناوخۆ شێخ مەحمود بوو کە لە عەشیرەتی بەرزنجی بوو، سەرباری ئەوەی کە شێخ مەحمود، شێخانی تر هەبوون دژو نەیاری بن، بەڵام پیاوماقوڵانی سلێمانی ئەویان قبوڵبوو کە ببێت بە سەرۆکی حکومەتی کوردی... دوای ئەوە بەریتانیا شێخ مەحمودی دانا بە حاکمی سلێمانیو بەڵێنی پشتگیریکردنیشی پێدا[4]. حاکمی باڵای بەریتانیا یەکەمجار مێجەر ئی – دەبلیو نوێڵی دانا بۆ کارکردن وەکو مەندوبی سەرەکی یان حاکم بەسەر شێخ مەحموددا و دواتریش کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی شێخ مەحمودی کرد. ئەگەرچی شێخ مەحمود هەوڵی دا بۆ دانانی پرۆژەی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی بەڵام بە ئاشکرا پیاوماقوڵانی تری کورد دژایەتی دەسەڵاتدارییەکەی ئەویان دەکرد.

جگە لەوەش سیاسەتی بەریتانیا لە پیادەکردنی دەسەڵاتی

www.pertwk.com

تووندوتیژیاندا بەسەر شێخ مەحمودو تەسککردنەوەی سنووری چالاکییەکانیدا بوو بە هۆی زیاتر وروژاندنی شێخ مەحمود. بە مەبەستی تاقیکردنەوەی هێزەکانی خۆی بەریتانیا دەسەڵاتی شێخ مەحمودی فراوان کرد بۆ دەرەوەی سنووری سلێمانی کە ئەوەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی تەنگ‌و چەڵەمەو شێخ مەحمودی تووشی گێروگرفتی رووبەڕووبوونەوە کردەوە لەگەڵ سەرخێڵەکانی تری کورددا لە ناوچەکانی زاخۆو هەولێرو بەرزان‌و کەرکوك‌و پێنجوین‌و هەڵەبجە. دژایەتیکردنی هەندێ لەو سەرۆك خێڵانە بۆ دەسەڵاتدارێتییەکەی شێخ مەحمود زۆر تووندوتیژ بوو کە یەکێك لەو حاڵەتانە دژایەتی جافەکانی هەڵەبجە بوو. بەریتانیا رازی بوو بەوەی کە خەڵك دژی دەسەڵاتدارێتییەکەی شێخ مەحمود راپەڕن[5]. شێخ مەحمود کەوتە گومانی ئەوەوە کە بەریتانییەکان هەمان یارییە کۆنەکەی داگیرکەران دەکەنەوە کە خۆی لە (پەرتکەو زاڵبە)دا دەبینییەوە، کاتێك خێڵێك بە دژی خێڵێکی تر هان دەدەن. لە ئەنجامی نەتوانینی دەسەڵاتکردن بەسەر ناکۆکییە خێڵایەتی‌و تیرەییە تەقلیدییەکاندا لە نێو کورددا، شێخ مەحمود دژی بەریتانیا راپەڕی‌و لە مانگی مایسی ساڵی 1919دا بانگەوازی سەربەخۆیی کرد.

بەریتانیا هێزێکی فریاکەوتنی بچووکی بە پەلە نارد بۆ کەرکوك‌و سلێمانی بۆ لە رووداوەستانی شێخ مەحمود، بەڵام دەرکەوت کە هێزە نێردراوەکەی بەریتانیا لە ئاستی ئەو ئەرکەدا نییە بۆیە ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك. پاشان بەریتانییەکان یەکەیەکی سەربازی تەواویان رەوانەی سلێمانی کرد کە دوای شەڕێکی سەخت‌و خوێناوی لەگەڵ کوردەکاندا بەسەر شێخ مەحموددا سەکەوتن‌و شێخیان گرت‌و بە دیلی بردیان بۆ بەغدا. بە پێی هەندێ سەرچاوە دواتر شێخ مەحمودیان دوور خستەوە بۆ هیندستان[6]. بە پێی سەرچاوەیەکی تریش بەریتانییەکان فەرمانی مردنیان دا بەسەر شێخ مەحموددا، بەڵام دواتر حوکمەکەیان بۆ



سووك کرد[7]. بڕوا وایە کە شێخ مەحمود لە ئەسارەت هەڵهاتبێت‌و رایکردبێت بۆ شاری سەردەشتی ئێران‌و لەوێ درێژەی بە بەرنگاربوونەوەی چەکداری دژی دەسەڵاتی بەریتانیا دابێت.

دوای شکستەکەی شێخ مەحمودو دامەزراندنی دەسەڵاتی سەربازیی بەریتانی لە کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆر راپەڕین بەرپا بوون. ئەو راپەڕینانەش دوو جۆر بوون، بەشێکیان تورك لە پشتەوە هانی دەدان لە کاتێکدا کە دەیویست بەریتانیا لە موسڵ دەربکات، بەڵام بەشەکەی تری ئەو راپەڕینانە ئەو کوردانە خۆیان بزوێنەرو رێکخەری بوون کە ترسیان لە دەسەڵاتی بەردەوام‌و سەپێنراوی هێزی بێگانە هەبوو[8].

لە هەمان کاتداو لەو سەروەختەدا چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ روویان داو کاریگەرییان لەسەر ئەو بارودۆخەی ژیانی کورد هەبوو. لە 1ی مایسی 1920دا کۆمەڵەی نەتەوەکان (The League of Nations) دەسەڵاتی ئینتیدابکردنی عێراق‌و فەلەستینی دا بە بەریتانیا. ئەمیر فەیسەڵ کە پێشتر فەڕەنسا لە سوریا دەری کردبوو، بوو بە دووەم کوڕی شەریف حسێنی مەککە کە لە لایەن بەریتانیاوە خرایە سەر کورسیی فەرمانڕەوایەتی پادشایی نوێی هاشمی‌و لە عێراق دانرا، کە ئەوەش لە مانگی ئابی 1921دا بوو. بەریتانیا زۆر گرنگیی دەدا بە چەسپاندنی دەسەڵاتێکی پاشایەتیی بەهێزی سەر بە بەریتانیا لە عێراقدا کە ئەو گرنگیپێدانە زۆر زیاتر بوو لە گرنگیدانیان بە ئۆتۆنۆمیی کوردی. بۆ ئەوەی کە بارودۆخێکی یاسایی لەبار بۆ حکومەتەکەی فەیسەڵ بڕەخسێنێت، بەریتانیا راپرسییەکی رێکخست بۆ شەرعیەت دان بە دانانی ئەمیر فەیسەڵ لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی عێراق. کوردەکان بەشێکیان دەنگیان نەداو بەشەکەی تریشیان بە دژی فەیسەڵ دەنگیان دا.

لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراقدا، بەریتانیا هەوڵی دا بۆ لکاندنی کورد بە کۆمەڵگای نوێی عێراقییەوە، ئەویش بە قایلکردنی عەرەبە

www.pertwk.com

عێراقییەکان بەوەی کە هەندێ جێگای بەرز لە حکومەتدا بدرێت بە کوردەکان. بەهەرحاڵ عەرەبەکان دژی ئەم نەخشەیە بوون چونکە بڕوایان بە کوردەکان نەبوو. سەرباری ئەوە بەریتانییەکان لەبارەی مەسەلەی کوردەوەو لکاندنی بە کۆمەڵگای نوێی عێراقەوە دابەش بوون هەروەکو چاودێرێك تێبینیی ئەوەی کردووە. دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە کوردستاندا پشتگیریی بەشداریکردنی کوردیان دەکرد لە دەزگای سەرەوەدا، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغدا دیمەنێکی تاریکی کوردیان وەرگرت[9].

لە بەرەی نێو نەتەوەییدا خەباتی کورد بۆ نیشتمانێك پشتگیرییەکی گەورەی بەدەست هێنا لە ئابیساڵی 1920دا کاتێك نوێنەرانی هێزی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لەگەڵ سوڵتانی ئیمپراتۆری عوسمانیی بەزیودا پەیمانی سیڤەریان ئیمزا کرد. ئەم پەیمانە داوای پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆو ئەرمینیایەکی سەربەخۆی دەکرد، لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەب لە هەریەکە لە حیجازو سوریا و عێراقدا[10]. پەیمانی سیڤەر سێ بەندی پەیوەست بە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کوردی تێدابوو. بەندی 62 لە میکانیزمی پێدانی ئۆتۆنۆمی دەدوێ بە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی کە کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی فورات و باشووری هێڵی سنووری باشووری ئەرمینیا و باکووری هێڵی سنووری تورکیا لەگەڵ سوریا و میسۆپۆتامیادا کە لە ئێستاوە دیاری بکرێت[11]. لە بەندی 63دا حکومەتی تورکی رازی بوو کە لە ماوەی سێ مانگدا ناوەرۆکی بەندی 62 جێبەجێ بکات بە سەرپەرشتیی لیژنەیەکی سێ کەسی کە لە لایەن حکومەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیاوە دادەنرێن. بەندی 64 کە هەلومەرجەکانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەخشە کێشاوە دەیگوت: ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا لە بەکارخستنی ئەم پەیمانەوە گەلی کورد لەو ناوچانەدا کە لە بەندی 62 دیاری کراوە خۆیان بە مەجلیسی کۆمەڵەی نەتەوەکان ناساند بە شێوازێك کە بۆ نیشاندانی ئەوە بێت کە زۆربەی خەڵکی کورد لەم ناوچانەدا ئارەزووی



جیابوونەوەیان لە تورکیا هەبێت و ئەگەر مەجلیسی کۆمەڵەی نەتەوەکان دواتر وای دانا کە پێویستە سەربەخۆییان پێ ببەخشرێت، ئەوا تورکیا رازی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم راسپاردەیە و وازهێنان لە هەموو مافێکی خۆی بەسەر ئەم ناوچانەوە. ئەگەر کاتێك ئەم وازهێنانە رووی دا نابێت هیچ نارەزاییەك لە لایەن هێزە سەرەکییەکانی هاوپەیمانانەوە بەرز بکرێتەوە بەرامبەر بە پێوەلکاندنی ئارەزوومەندانەی ئەو بەشەی کوردستان کە هەتا ئێستا لە سنووری ویلایەتی موسڵدایە بە دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆکەوە[12].

ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر کە پەیوەندییان بە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کوردەوە هەبوو هەرگیز جێبەجێ نەکران. لە راستیدا پەیمانەکە بە هیچ شێوەیەك دانی پێدا نەنرا کاتێك تورکیا داوای سەروەرێتی خۆی بەسەر موسڵدا دەکرد و لە پەیمانی نەتەوەییدا National Pact ئەو داوایە لە لایەن نەتەوەییەکانی تورکەوە لە ساڵی 1920دا ئاشکرا کرا.

چەند هۆکارێك بەشداریی لاوازبوونی دەوری بەریتانیایان لەسەر پەیمانی سیڤەر کرد. یەکەم، سەرکەوتنی نەتەوەییەکانی تورك بەسەر یۆنانییەکاندا کە ئەوەش رێگای لە هاتنی یۆنانییەکان بەرەو ئەنقەرە گرت و هانی تورکەکانی دا تا دوژمنکارانەتر بن لە دژایەتیکردنی سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵدا. لەوەش زیاتر دەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورك وەکو هۆکاری چەسپاندنی دەسەڵات لە تورکیا و سیاسەتە هەرێمایەتییەکەی، بەریتانیای ناچار کرد کە سەرنجێکی جیددیتر بدات لە هەڵوێستی تورکیا دەربارەی سەربەخۆیی کورد و هەروەها جێبەجێکردنەکانی سەربەخۆیی لەسەر پێکهاتنی تورکیای سەر بە رۆژئاوا.

دووەم، بەریتانییەکان ئاگاداری ئەوە بوون کە کەرکوك و شارەکانی تری ویلایەتی موسڵ نەوتیان تێدایە. بەریتانیا بیانوویان بۆ یەکخستنی ناوچەکە دەهێنایەوە کە بکەوێتە ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتە دروستکراوەکەی خۆیان لە عێراق، کە ئەوەش دژی رێگادانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی

www.pertwk.com

سەربەخۆو چاوەڕوانكراوی كوردی بوو. ئەوان (بەریتانییەكان) توانای پاراستنی زیاتری ناوچە ئیحتیاتییەكانی نەوتیان هەبوو[13]. روونكردنەوەیەكی تر بۆ دەرخستنی لاوازیی پشتگیریكردنی بەریتانیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی نارەزایی ئۆفیسی بەریتانی بوو لە هیند كە رابەرایەتیی سیاسەتو سیاسەتی سەربازیی بەریتانیای دەكرد لە ناوچەی كەنداودا لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا. ئۆفیسی بەریتانی لە هیند گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە پارێزگاریكردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە عێراق ناگەیەنێتە ئەوەی كە بە دەوڵەتێكی زیندوو بمێنێتەوە ئەگەر ویلایەتی موسڵ نەخرێتە سنووری ئەو دەوڵەتەوە، هەروەك ئەگەر عێراق لە رووی ئابوورییەوە زیندوو نەبێت ئەوا بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا تیایدا لە مەترسیدا دەبێت[14].

سەرباری ئەوەی كە بڕیارەكانی پەیمانی سیڤەر جێبەجێ نەكران، بەڵام ئەم پەیمانە دان پێدانانێكی نێودەوڵەتیی نیشان دا بە بزوتنەوەی كوردایەتیو ئارەزووی كورددا بۆ خودموختاری لە سەدەی بیستدا. خاڵەكانی ئەم پەیمانە هێشتا هەر بنەمای داواكارییەكانی كوردی بۆ پێكهێنانو دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی تێدایە.

لە ساڵی 1922دا مستەفا كەمال دوا نیشانەو ئاماژەكانی ئەو حكومەتەی سڕییەوە كە لە پەیمانی سیڤەردا ئیمزا كرابوو. مستەفا كەمال وای دانا كە ناوەرۆكی ئەو پەیمانە سووكایەتیكردنە بە توركیا، لە كاتێكدا ئەو پەیمانە توركیای بچووك كردبووەوە بۆ دەوڵەتێكی بچووكو بە فیعلی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەوروپییەكاندا، لەبەر ئەوە داوای لە بەریتانیا كرد كە موسڵ بگەڕێنێتەوە بۆ توركیا. بە مەبەستی رەتكردنەوەو نكوڵیكردنی داواكانی توركیا جارێكی تر بەریتانیا وەرەقەی كوردی بەكارهێنایەوە. بەریتانییەكان داوایان لە حكومەتەكەی ژێر سایەی چاودێریی خۆیان لە بەغدا كرد كە هاریكارییان بكات بۆ دەركردنی بەیانی هاوبەشی ئەنگلۆ – عێراقی كە دواتر نێردرا بۆ كۆمەڵەی نەتەوەكانو ئەوەش لە كانونی یەكەمی ساڵی 1922دا



بوو. ئەم بەیانە دانی نا بە مافی كوردەكاندا بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیداو تەئكیدی لەسەر ئەوەش كرد موسڵ كە مایەی ناكۆكیو گفتوگۆ لەسەركردنە بخرێتە سنووری دەوڵەتی عێراقەوە.

كوردەكان بە بەیانە ئەنگلۆ – عێراقییەكە قایل نەبوون چونكە حەزیان نەدەكرد مەلیك فەیسەڵو پیاوماقوڵە بەریتانییەكان بەڕێوەیان ببەن. شێخ مەحمود كە بڕیاری گەڕانەوەی بۆ سلێمانی بەدەست هێنابوو، راستەوخۆ گەیشتەوە سلێمانیو دەستی كرد بە كۆكردنەوەی هێزەكانیو حكومەتی دووەمی خۆی دامەزراند كە سێ ساڵ بەردەوام بوو، بە دوای ئەوەدا لە سلێمانی بانگەوازی ئەوەی بڵاو كردەوە كە فەرمانڕەوای ناوچەكەیە. شێخ مەحمود دەستی كرد بە دانانی چەند پرۆژەیەك وەكو دەركردنی پولی پۆستەو پولی داهاتو بەردەوامبوون لەسەر دامەزراندنی سوپایەكی سەربەخۆ چ لە عێراقو چ لە بەریتانیا[15]. سەربەخۆبوونی زیاتری شێخ مەحمودو رازی نەبوونی بە هەر جۆرە دەسەڵاتێكی عێراقی هەڕەشەی لە سیاسەتە نەوتییەكانی بەریتانیا دەكرد لە ناوچەكەدا، لەبەر ئەوە هێزەكانی بەریتانیا رەوانە كران هەتا شكست بە شێخ مەحمود بهێنن، بەڵام هەتا مانگی تەمموزی 1924 ئەوەیان پێنەكرا، بەڵام لە تەمموزدا سوپای بەریتانی تا رادەیەك دەسەڵاتی بەسەر سلێمانیدا كرد. بەرگریی كورد بە ئەندازەیەك بەهێزبوو كە هێزی ئاسمانیی مەلەكیی بەریتانی ناچار بوو پاڵپشتی هێزی زەمینی كردو بۆمبارانی سلێمانی كرد ئەوەش لە كانونی یەكەمی 1924دا بوو، بەو مەبەستە بوو كە شەپۆلی هەڵساوی راپەڕینی كورد بە دژی فەیسەڵو بەریتانیا دابمركێنێتەوە[16].

لە كۆبوونەوەیەكدا لە (لۆزان) ساڵی 1923 هەوڵێك درا بۆ رێكخستنی راستییەكانی ناوچەكەو چۆنێتیی پێكهێنانی بە پێی بەندەكانی پەیمانی سیڤەر، بەڵام هیچ نوێنەرێكی كورد لە لۆزاندا ئامادە نەبوو (یان بانگ

www.pertwk.com

نەکرابوو). هەردوو لۆرد کۆرزۆن و عیسمەت ئینینۆ کە سەرۆکی شاندی نوێنەرایەتیی بەریتانیا و تورکیا بوون بە ریز ئیدیعای بوونی پەیوەندیی قووڵ و بەهێزی خۆیان بە بەرژەوەندییەکانی کوردەوە کرد و ئەوەشیان لە شێوەی گفتوگۆیەکدا نیشان دا کە پەیوەستی مەسەلەکەی ئەوانە[17]. لە درێژەی زنجیرە مفاوەزاتێکدا ئاشکرا بوو کە چارەنووسی کوردەکان رێگر نییە و تەنانەت بابەتی سەرەکیی پەیوەندیداریش نییە بە کۆبوونەوەکەوە. ئەوەی بە لای تورکیا و بەریتانیاشەوە گرنگ بوو مەسەلەی موسڵ بوو.

کۆبوونەوەی لۆزان مەسەلەی موسڵی یەکلا نەکردەوە، بەڵکو بوو بە هۆی ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان لە حوزەیرانی 1923دا. ئەم پەیمانە لە کارپێکردندا شوێنی پەیمانی سیڤەری گرتەوە. بەڵام سەرباری ئەو جێگرتنەوەیە پەیمانی لۆزان بەندی تێدابوو کە تورکیای ناچار دەکرد بۆ رێزگرتنی مافی زمان و کەلتووری کەمایەتییە ناتورکەکان. ئەم پەیمانە ناوی کوردستانی سەربەخۆی تێدا نەهاتووە، هەرچەندە بەریتانیا وەکو هێزی (ئینتدابکەر) بەسەر عێراقدا لەسەر هەرێمی کوردنشینی ویلایەتی موسڵ کە مایەی کێشە بوو، لەگەڵ تورکدا کەوتە گفتوگۆکردن. گفتوگۆ و مفاوەزاتەکانی نێوان بەریتانیا و تورکیا لەسەر موسڵ بێ ئەنجام دەرچوون، لەبەر ئەوە مەسەلەکە خرایەوە بەردەستی کۆمەڵی نەتەوەکان. کۆمەڵەی نەتەوەکانیش لە کانونی یەکەمی 1925دا بڕیاری دا کە موسڵ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی عێراقەوە بە مەرجێك زەمانەتی تایبەتیی پاراستنی کەمایەتیی کوردی بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای ساڵی 1926دا سەرۆك وەزیرانی عێراق گوتارێکی دا کە تیایدا روونی کردەوە زمانی عەرەبی و کوردی دەبن بە زمانە رەسمییەکانی موسڵ و منداڵانی کورد بە زمانی خۆیان دەخوێنن. سەرۆك وەزیران تەئکیدی لە پەیوەستبوونی حکومەتەکەی کرد بۆ پێکهێنانی کارمەندانی بەڕێوەبردن لە ناوچەکەدا کە دەبێت تەنیا کارمەندی مەدەنی کورد بن. کاتێك یاسای زمانە ناوخۆییەکانی عێراق دەرچوو پەیڕەوی ئەو بەڵێنە کرا ئەگەرچی لە



رووی جێبەجێکردنەوە بە تەواوی نەگەیشتە ئەنجام. ئەو گوتارە یەکەمین کاتی دیاری کرد کە حکومەتی عێراقی بە شێوەیەکی یاسایی دانی نا بە مافە رۆشنبیرییەکانی کورد و ناسنامەی جیاوازیدا.

دەربازبوونی کورد لە وەهمی دەسەڵاتی عێراقی بوو بە هۆی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی راپەڕین لە سلێمانی لە سایەی سەرکردایەتیی شێخ مەحموددا. لە زستانی ساڵی 1927دا هێزێکی هێرشبەری عێراقی بە یارمەتیی هێزی ئاسمانیی بەریتانی رەوانەی سلێمانی کرا و جارێکی تریش هێزەکانی کورد تێکشکێنران، شێخ مەحمود رایکرد بۆ ئێران و بەشداریی هێزەکانی مەحمود خانی کانیسانانی کرد کە سەرۆك خێڵێکی مەریوان بوو، لەگەڵیاندا شەڕی حکومەتی ئێرانی کرد. کاتێك ئەم راپەڕینە لە لایەن سوپای ئێرانییەوە دامرکێنرایەوە، شێخ مەحمود رایکرد بۆ عێراق، بەڵام لە عێراق دەستگیر کرا و دوور خرایەوە بۆ باشووری عێراق.

دوا گەورەترین راپەڕینی شێخ مەحمود دژی دەسەڵاتی عێراقی و بەریتانی لە دوای ئەوەبوو کە بەریتانیا رایگەیاند کە لە ساڵی 1932دا سەربەخۆیی بە عێراق دەبەخشێت، چونکە لەو کاتەدا بە تەواوی دەرکەوت کە ئەو بەڵێنی سەربەخۆییەی بەریتانیا بۆ عێراقی داوە زەمانەتی مافەکانی کەمایەتییەکانی وڵاتی تێدا نییە. لە بەهاری ساڵی 1931دا شێخ مەحمود هێرشێکی دژی هێزەکانی عێراق بەرپا کرد. جارێکی تر شێخ مەحمود تێکشکێنرا و چیتر توانای بەرپاکردنی هیچ راپەڕینێکی تری دژی حکومەتی عێراقی نەما. بە ئامانج و بە هیوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە توانای خۆیان کوردەکان دەستیان دایە زنجیرەیەك راپەڕینی ئاسایی. ئەگەرچی ئەم راپەڕینانە بە شێوەیەکی سەرەتایی مەبەستیان دژایەتیکردنی حکومەتی عێراق بوو بەڵام خۆیان لە سنوورەکانی دەرەوەش دەدا و جەنگاوەرەکانی ئەم راپەڕینانە دەپەڕینەوە بۆ نێو سنووری هاوسێکانیان لەوانەش تورکیا و ئێران کە مەبەستیان لەو چوونە ناو سنووری تورکیا و ئێرانەش دۆزینەوەی شوێنی

www.pertwk.com

حەوانەوە بوو لەگەڵ بەکارهێنانی ناوچەکانی ئەو دەوڵەتانە وەکو زەمینە بۆ چالاکی لێوەکردن دژی عێراق. لە ئەنجامدا عێراق‌و تورکیا و ئێران پەیمانی (سەعد ئاباد)یان لە ساڵی 1937دا ئیمزا کرد کە مەبەستی سەرەکییان بە ئاشکرا هاریکاریکردنی یەکتری بوو لە سیاسەتێکدا بۆ بەرگریکردن‌و پاراستنی سنوورەکان. ئەگەرچی ئەم پەیمانە بە تایبەتی لە راپەڕینەکانی کورد نەکۆڵییەوەو باسی سنووربەزاندنەکانی ئەوانی نەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی فراوان‌و مەودا قووڵ دەبێت بزانرێت کە مەسەلەی راپەڕینەکانی کورد لەو رێککەوتنەدا لە نێوان دەسەڵاتدارانی عێراقی‌و تورکی‌و ئێرانیدا گفتوگۆی لەسەر کراوە وەکو بەشێك لە ئامادەکارییەکانیان بۆ بەرگریکردن.

هەر لەو کاتەدا تروسکەیەکی تری بەرگری‌و ئۆپۆزسیۆن لە نێو سەرکردەکانی عەشیرەتی بەرزانیدا دەرکەوت‌و لە ئەنجامدا شێخ ئەحمەدی بەرزانی بوو بە دروشم هەڵگرێکی تری نوێی ئۆتۆنۆمیی کوردی. (باپیرە گەورەی شێخ ئەحمەد عەشیرەتەکەی خۆی لە گوندێکی نزیك هەولێرەوە گوازتبووەوە بۆ جێگایەکی نزیك زێبارو لە باکووری رۆژهەڵاتی عێراق نیشتەجێ بووبوون، ئەو ناوچەیە دواتر ناونرا ناوچەی بەرزان واتە "ناوچەی کۆچ". بەم شێوەیە عەشیرەتەکەی بە عەشیرەتی بەرزان ناسران). شێخ ئەحمەد سەلماندی کە سەرکردەیەکی سەربازیی شارەزایە، بەڵام هەڵسوکەوتی تایبەتی لە جێبەجێکردنی بنەماکانی ئیسلامدا وەکو ئیسلامێکی کراوە کە پێکەوە بنەماکانی ئیسلام‌و مەسیحییەتی کۆکردبووەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە سەرۆك خێڵە کوردەکانی تر دژی بەرزانییەکان بن. لە دیارترین ئەو سەرۆك خێڵانەش شێخ رەشیدی برادۆست بوو بە تایبەتی دژی ئەو بڕیارەی شێخ ئەحمەد بوو کە رێگای دابوو بە عەشیرەتەکەی خۆی گۆشتی بەراز بخۆن کە ئەوەش دژی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامییە.

ئەگەرچی شێخ ئەحمەد گەڕایەوە بۆ پیادەکردنی بنەماکانی ئیسلام وەکو ئیسلامی ئورسۆدۆکسی، بەڵام هەرگیز نەیتوانی یارمەتیدانی پێویست بۆ لە



رووداوەستانی هێزەکانی عێراق‌و بەریتانیا لە لایەن خێڵەکانی ترەوە بەدەست بهێنێت. هۆیەکی تری شکستیی راپەڕینەکەی شێخ ئەحمەد کە لەوانەیە هۆیەکی سەرەکیش بێت، دژایەتیکردنی نەخشەی بەهاری 1932ی بەریتانیا بوو بۆ نیشتەجێکردنی مەسیحییە ئاسوورییەکان کە لە تورکیا بەجێمابوون یان لە تورکیا دەرکرابوون، کە بەریتانیا دەیویست لەسەر یان لە نزیك سنووری عەشیرەتی بەرزان نیشتەجێیان بکات. لەو شەڕەدا کە هەڵگیرسا سوپای عێراق ئازاری ترسناکی چەشت کە ئەوەش بوو بە هۆی بۆمبارانکردنی لادێکانی کوردو ناوچە دوورەکان لە لایەن هێزی ئاسمانییەوە (RAF). دوای شەڕێکی توندوتیژی زەمینی‌و بۆمبارانکردنی ئاسمانی لە لایەن بەریتانیاوە شێخ ئەحمەدو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ناچار کران بچنە تورکیا. حکومەتی بەریتانیا و عێراق دوای ئەوە لێبوردنێکی گشتییان بۆ شێخ ئەحمەدو خێزانەکەی دەرکردو رێگایان دان بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەڵام لە گەڕانەوەیدا شێخ ئەحمەد دەستبەسەر کراو رەوانەی ناسریە کرا لە باشووری عێراق کە خێزانەکەی‌و یارمەتیدەرە سەرەکییەکانیشی لەم دەستبەسەرییەدا لەگەڵیدا بوون، پاشان گواسترانەوە بۆ سلێمانی‌و لەوێش لە ژێر چاودێریدا بوون[18]. ئەمەش راپەڕینەکەی شێخ ئەحمەدی کۆتایی پێهێنا کە ئامانجی سەرەکیی ئەوە بوو.

مەلا مستەفای بەرزانی کە برای شێخ ئەحمەد بوو لە ساڵی 1943دا لە سلێمانی رایکردو گەڕایەوە بۆ بەرزان بە مەبەستی بەدەستگرتنی سەرۆکایەتیی عەشیرەتەکەی‌و پاشان بوو بە هەرە بەناوبانگترین‌و بەتواناترین نەتەوەیی هاوچەرخی کوردو هەتا کۆچی دواییشی کرد لە ساڵی 1979دا وەکو دیارترین رەمزی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد مایەوە.

سەرکەوتنی مەلا مستەفا لە ئەنجامی ئەو توانایەیەوە بەدەست هات کە هێزەکانی عێراقی سەرقاڵی شەڕی درێژخایەن کردو بۆ چەندین ساڵ هێزەکانی عێراق لە بەردەم هێرشی توندو تیژدا مانەوە. جگە لەوە

دەرکەوتنی ئەم سەرکردەیە دەرەنجامی توانا و لێهاتوویی بوو بۆ یەکخستنی هێزی دینی و دنیایی لە سەرکردایەتییەکی کاریزمی بەرزو بالادا. هیچ سەرکردەیەکی تری کورد لە سەدەی بیستدا نەیتوانیوە بەو شێوەیە کورد کۆ بکاتەوەو یەکیان بخات وەکو ئەوەی مەلا مستەفا کردی ئەوەش هیواو ئومێدی ئەو کوردانەی رووخاند کە هیواخوازی ئەوە بوون بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ دەسەڵاتدارێتیی کۆنی تورك و عێراقدا بن[19].

دوای راکردنی بەرزانی لە سلێمانی و گەیشتنی بە بەرزان هێزێکی بچووکی شەڕکەری پێکەوەنا و دەستی کرد بە هێرش بردنە سەر بنکەکانی پۆلیس و رەمزەکانی تری دەسەڵاتی حکومەت. لە کۆتایی ساڵی 1943دا هێزە بچووکەکەی مەلا مستەفا تەواو گەورە بوو کە توانای سەرکەوتنی بەسەر هێزەکانی عێراقدا لە ناوچەکەدا هەبوو، بەڵکو بەشی ئەوە گەورە بووبوو کۆنترۆڵی هێزەکانی عێراق لەو دەڤەرەدا بکات. لە وەڵامی ئەوەدا سەرۆك وەزیری عێراق نوری سەعید هەوڵی دا قەناعەت بە مەلا مستەفا بکات دەست لە شەڕکردن هەڵبگرێت ئەویش بە فەرمانکردن بە شێخ ئەحمەدی براگەورەی مەلا مستەفا کە هێشتا لە ژێر چاودێری و دەستبەسەریدا بوو لە سلێمانی بۆ ئەوەی نامەیەك بنێرێت بۆ مەلا مستەفا و قایلی بکات بەوەی کە خەباتی چەکداری بێ سوودەو وەکو ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بێ ئەنجامە. مەلا مستەفا گوێی بەو نامەو پەیامە نەداو هێرشەکانی خۆی بۆ سەر بنکەی هێزە عێراقییەکان چڕتر کردەوەو زیانی گیانیی زۆر سەختی لە هێزەکانی عێراق داو ئەوەش بوو بە هۆی هەرەسهێنانی مەعنەویی سەربازەکانی عێراق لە ناوچە سەختە کوردییەکاندا.

بەریتانیا ترسی ئەوەی لا دروست بوو کە ئەو دەوڵەتەی عێراق کە ئەمان پاڵپشتی دەکەن هەڵبوەشێتەوە بۆیە بە جیددی ئامۆژگاریی نوری سەعیدیان کرد کە گفتوگۆ لەگەڵ مەلا مستەفادا بکات و کێشەی کورد بە ئاشتییانە چارەسەر بکات. نوری سەعید شاندێکی بە سەرۆکایەتی وەزیری دەوڵەت ماجید مستەفا کە کورد بوو نارد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ مەلا مستەفادا[20].

گفتوگۆکردن لە نێوان حکومەتی عێراقی و کورددا بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ئەو ئەفسەرانەی سوپای عێراقەوە بەڕێوە دەچوو کە کورد بوون. یەکێك لە ئەنجامە دیارەکانی ئەو گفتوگۆیانە لابردنی چاودێریی سنووردار بوو لەسەر شێخ ئەحمەد کە ئەوەش لە ساڵی 1944دا بوو. جگە لەوە مەلا مستەفا زنجیرەیەك داواکاریی خستە بەردەم حکومەت کە گرنگترین خاڵی دامەزراندنی هەرێمی کوردی بوو (کە ناوچەی نەوتی دەوڵەمەندی کەرکوکیش لەخۆ بگرێت) لە ژێر سایەی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کوردیدا. وەزیری نوێی تایبەت بە کاروباری کوردی لە مەجلیسی وەزیرانی عێراقیدا وەکو ناوبژیوان لە نێوان حکومەت و دەسەڵاتدارانی کورددا دەوری دەبینی لە هەرێمە نوێیە پێشنیارکراوەکەدا. هەرێمەکە لە رووی کەلتووری و کشتوکاڵ و کاروباری ئابوورییەوە دەبوو سەربەست بێت، بێجگە لە دەسەڵاتی سوپایی و پۆلیس، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەبوو سەربەخۆیی تەواوی هەبووایە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەرێمەکەدا. سەرەڕای ئەوەش هەر کابینەیەکی وەزاری عێراقی دەبووا جێگرێکی سەرۆك وەزیران کورد بوایە.

ئەم داواکارییانە بوون بە بابەتی گفتوگۆی گەرم لە ناو کابینەی وەزاریی عێراقیدا. کاتێك نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران ئاشکرای کرد کە ئەو ئامادەیە دان بە هەندێ لە داواکارییەکانی کورددا بنێ، عەرەبە قەومییەکانی ناو کابینەکەی ناڕازی بوون چونکە دەترسان رازیبوون بە داواکارییەکانی کورد لە ئاکامدا ببێتە هۆی ئیمتیاز پێدانی زیاتریان و ئەوەش ببێتە هۆی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ. سەرەڕای ناڕەزایی عەرەبە قەومییەکانی ناو کابینەکەی نوری سەعید، حکومەت ئامادەیی خۆی نیشان دایەوە بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکردن لەگەڵ مەلا مستەفادا بە مەبەستی بەدەستهێنانی چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد. لە کاتێکدا گفتوگۆ هەنگاوی بەرەو پێشەوەی دەنا حکومەتەکەی نوری سەعید رووخا و لەگەڵ

www.pertwk.com

هاتنەسەرتەختی حەمدی پاچەچی وەکو سەرۆك وەزیران، رەزامەندییەکانی حکومەت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کورددا کۆتایی پێهات[21].

لەگەڵ کۆتایی هاتنی گفتوگۆدا جارێکی تر شەڕی نێوان کوردو حکومەت دەستی پێکردەوە. لە کۆتایی ساڵی 1945دا هێزەکانی عێراق و هێزی ئاسمانیی بەریتانی هێزەکانی مەلا مستەفایان ناچار کرد کە پاشەکشە بکەن بۆ نێو سنووری ئێران. لەویٚ مەلا مستەفا بەشداریی راپەڕینی مهابادی کردو هێزەکانی بوون بە یارمەتیدەری دامەزراندنی کۆماری نوێی کوردی لە مهاباد. لەگەڵ شکستیی کۆماری مهاباددا هەرچەندە مەلا مستەفاو هێزەکانی ناچار کران کە پاشەکشە بکەن، بەڵام لە ئەنجامدا جێگایان لە یەکێتیی سۆڤێت بەدەست هێنا. دوای هەرەسی کۆماری مهاباد مەلا مستەفاو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ماوەی دوانزە ساڵ لە سۆڤێت مانەوەو نەگەڕانەوە بۆ عێراق هەتا لابردنی فەرمانڕەوایەتیی هاشمی لە ساڵی 1958دا. لە کاتی ژیانیدا لە سۆڤێت مەلا مستەفا ناونیشانی شەرەفی (جەنەراڵ)ی وەرگرت و ئەو ناونیشانەش هەتا کۆچی کرد بەردەوام پێی دەگوترا.

دوور لە راپەڕینی سەربازیی و خێڵایەتی ژمارەیەك حیزبی نەتەوەیی دروست بوون بە مەبەستی دروستکردنی پاڵپشتی فیکری بۆ پێشخستنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە عێراقدا، بە تایبەتی دوو گروپی دەرکەوتوو لەوانە حیزبی هیواو گروپی ئازادی بوون کە رێزی زۆری مەلا مستەفایان دەگرت و وەکو هێمایەکی زیندووی ئاواتەکانی کورد سەیریان دەکرد. سەرکردایەتیی هیوا لە بەغدا بوو، لە زۆربەی شارە کوردییەکان ئیشی دەکردو لقی بەهێزی لە کەرکوك و سلێمانی و هەولێر هەبوو. ئاراستەی ئەم حیزبە چەپ بوو، لەو وتارو شیکردنەوانەی لە ئۆرگانەکەیدا بە ناوی ئازادی دەردەکەوتن. حیزبی هیوا لە یەك کاتدا هاوشێوە رەخنەی لە فیودیالیزمی کوردیی و ئیمپریالیزمی رۆژئاوا دەگرت، سەرباری دان نان بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفاو گرنگیی ئەو بۆ بزوتنەوەی کورد، حیزبی هیوا هێشتا گومانی



هەبوو بەرامبەر بە هەڵوێستی دیکتاتۆرانەو تیۆکراتیانەیی و مەبەستی بوو لە پێناوی کاتدا ئەوە بەکار بهێنێت و ئەگەر سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی بەدەست هات ئەوا واز لەو بهێنێت[22]. لە ئاکامدا مەلا مستەفا سەلماندی کە زۆر لە حیزبی هیواو گروپی ئازادی بەهێزترە. گروپی ئازادی لە لایەن دەستەیەك بۆرژوای بچووکی نەتەوەییەوە کە دڵسۆزییان بۆ مەلا مستەفا جێگای پرسیارکردن نەبوو لە بەرزان دامەزرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیی سەرەکیی گروپی ئازادی سەرکردایەتییەك بوو لە دەرەوەی بنەمای خێڵایەتیدا بوو، بە شێوەیەکی سەرەکی سەرکردایەتیی ئەم گروپە لە کوردی شارستانیی و ئەفسەرە کوردەکان پێك هات کە پێشتر لە سوپای عێراقدا بوون. سەرباری ناتەبایی ئایدیۆلۆژی لە نێوان حیزبی هیواو گروپی ئازادیدا، بەڵام پێکەوە کاریان کرد بۆ بەرەو پێشەوەبردنی داواکاریی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد.

ئەوەی کە زیاتر لە حیزبی هیواو گروپی ئازادی سورتربوو لەسەر گۆڕان بە داواکاریی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد پارتی دیموکراتی کوردی عێراق بوو کە ساڵی 1946 دامەزراو لە لایەن دەستەیەك رۆشنبیرەوە سەرکردایەتی دەکراو ئەو دەستەیەش لە لایەن پارێزەر هەمزە عەبدوڵلاوە بەڕێوە دەبران. نەشونوماکردنی پارتی دیموکرات دەشێت بگەڕێتەوە بۆ دەوری گروپێك کە بە خۆیان دەگوت حیزبی رزگاری کورد کە لە کانوونی دووەمی ساڵی 1946دا پێك هات لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمۆنیستدا. لە سەرەتای ساڵی 1946دا لە یاداشتنامەیەکدا کە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە کرا حیزبی رزگاری کورد داوای لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە هەڵەکانی رابردوو دەرهەق بە کورد راست بکاتەوە.

(گومانی تێدا نەبوو چاوچنۆکیی و بەرژەوەندیی سیاسەتی ئیمپریالیزمی "کۆن" کە جیهانی بەرەو زۆر ئازارو تەنگوچەڵەمەی چاوەڕوان نەکراو برد لە هەردوو جەنگی جیهانیدا. حیزبمان ... بەڵگەی گەورەی لەدەستدایە کە بڕوا بە ئامانجی چاکی ئێوە بکات لەگەڵ ویستی جێگیرتان بۆ کۆتایی هێنان بە

www.pertwk.com

هێزە دوژمنکارەکانو ئیمپریالیزم. لێرەدا شتێکی پڕ بایەخە ئەگەر سەرنجتان بۆ ئەو راستییە رابکێشین کە ناشێت ئاشتی لە جیهاندا بەرقەرار ببێتو مرۆڤایەتی لە ئازاری ترسناكو میحنەتی جەنگ رزگار بکرێت لە کاتێکدا کە هەندێ نەتەوە بەکار دەهێنرێنو سووکایەتییان پێ دەکرێت لە لایەن ئیمپریالیزمی دڕندەو ناشیرینەوە. حیزبەکەمان بە ناوی نەتەوەی کوردەوە کە سووکایەتی پێکراوەو کراوە بە پاشکۆی دەسەڵاتی بێگانە، داوای نەمانی ئیمپریالیزمو لابردنی چەوساندنەوەو ناعەدالەتی ئەو حکومەتانە دەکات کە کورد کراوە بە پاشکۆیانو بەسەریاندا دابەش کراوە)[23].

چەند دانەیەك لەم یاداشتنامەیە نێردرا بۆ مفەوەزییەی ویلایەتە یەکگرتووەکانو چینو سۆڤێتو باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغدا بەو مەبەستەی کە بیگەیەنن بە نەتەوە یەکگرتووەکان. جێگای بایەخ پێدانە کە تێبینیی ئەوە بکەین کە (ئیدوین سکۆنیرچ) کە بەرپرسی کاتیی کاروباری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە بەغدا کۆپییەکی ئەو یاداشتنامەیەی نارد بۆ وەزیری دەرەوە لە 23ی کانونی دووەمی ساڵی 1946داو وەزیری دەرەوەی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی – و) ئاگادار کرد کە مفەوەزییەی ویلایەتە یەکگرتووەکان توانای نەبوو کە زانیاریی تایبەتی لەسەر حیزبی رزگاری کوردو ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، ئەویش یان لە رێگای پەیوەندییە سیاسییەکانییەوە لەگەڵ عێراقدا یان لە رێگای موخابەراتی بەریتانیاوە... دەشێت مەسەلەیەکی گرنگ لە ئارادا بێتو ئەو یاداشتنامەیە ئاسایی رەخنە بێت لەوەی کە بە خۆتێهەڵقورتاندنی بەریتانیاو ئەمەریکا دادەنرێت لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی تردا، یان ئەو حیزبەیە بە تەواوی پاشکۆی یان لایەنگری سۆڤێتە[24]. لە بارودۆخی جەنگی ساردداا، تاوانبارکردنی لایەنگرانی سۆڤێتی حیزبی رزگاری کوردی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانو بەریتانیاوە خۆشەویست نەکرد.



دوای زنجیرەیەك هەڵگەڕانەوە لە ریزەکانی حیزبی رزگاریداو گواستنەوەو پەیوەندیکردنی هەندێ لە ئەندامانی سەرەوەی بە حیزبی شیوعیی عێراقییەوە، حیزبی رزگاری کورد لە ئابی 1946دا گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردی عێراقی کە مەلا مستەفا سەرۆكو هەمزە عەبدوڵلاش سکرتێری گشتی بوو. دروستبوونی پارتی دیموکراتی کورد هەواڵی دابەشبوونێکی گەورەی دا بە گوێی خەڵکدا، ئەگەرچی دابەشبوونێکی کەم خایەن بوو لە ریزەکانی کورددا. چونکە ئەو کاتە لقێکی پارتی دیموکراتی کوردی ئێران لە سلێمانی هەبوو، ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتیی ئەو لقەی دەکرد. ئیبراهیم ئەحمەدیش وا دەیڕوانییە پارتی نوێی دیموکراتی کورد کە هەڕەشە بێت لە یەکێتیی کوردو لە دەسەڵاتی قازی محەمەدو کۆماری تازە دروستبووی مهاباد کە بۆ ئیبراهیم ئەحمەدو زۆر کوردی تر ئەو کۆمارە وەکو هۆکارێکی هێجگار زیندوو بوو بۆ گەیشتن بە خواستە نەتەوەییەکانی کورد لەو کاتەدا[25]. بەهەرحاڵ ئەم دابەشبوونە بەهۆی رووخاندنی کۆماری مهابادەوە نەبوو بە مەسەلەیەکی ئەوتۆو رێکخراوەکەو ئیبراهیم ئەحمەدیش سەرچاوەی پەیوەستبوونی خۆیی لەدەست دا (بەهۆی رووخاندنی کۆمارەوە–ع).

لە راستیدا دوای رووخاندنی کۆماری مهاباد، ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندیی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردی عێراقەوەو لە خەباتێکی بەهێزدا هەمزە عەبدوڵلای دوور خستەوەو نەخشەی دانا بۆ ئەوەی خۆی بە سکرتێری گشتیی نوێی پارتی دیموکراتی کورد هەڵبژێردرێت لە ساڵی 1951دا. لە ژێر سایەی سەرکردایەتیی ئیبراهیم ئەحمەددا پارتی دیموکراتی کورد بەرەو چەپێتی رۆیشتو نەیتوانی پشتگیری لە نێو جوتیارانی خۆپارێزی کوردو سەرۆك خێڵەکاندا بەدەست بهێنێت[26]. دوای ئەوەی کە مفەوەزییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دۆکیومێنتو بەیانی پارتی دیموکراتی کوردی دەستکەوت لە بەغدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پارتی حیزبێکی پتەوی چاك دامەزراوە بە

www.pertwk.com

کاریگەری و نفوزی بەهێزی کۆمۆنیستانە. لەبەر ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە چاوی تێگەیشتن و (ئیحتیوا)کردنەوە دەیڕوانییە پارتی دیموکراتی کورد[27].

لە رۆژی 17ی ئەیلوولی ساڵی 1946دا پارتی دیموکراتی کورد بەیانێکی دەرکرد کە لە لایەن مەلا مستەفاوە ئیمزا کراو تیایدا داوای لە خەڵکی عێراق دەکرد کە بەشداریی هێزەکانی کورد بکەن و لە خەباتێکی گشتیدا یەکبگرن بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەیان لە چنگی (ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانیان) بۆ ئەوەی هەرکەسێك لەسەر خاکی خۆی ژیانێکی ئازادو ئاسوودە بە هاوکاری و برایەتی لەگەڵ ئەوانی تردا بەڕێ بکات. بژی برایەتیی هەتاهەتایی عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا[28]. ئەم بەیانە ژمارەیەك بەڵگەنامەی بە دوادا هات کە تیایاندا پارتی دیموکرات هێڵکاریی بەرنامەو پلانی خۆی بۆ پێکهێنانی فیدراڵی و دەوڵەتی نەتەوەیی کێشابوو، هەرچەند تێڕوانینی پارتی دیموکرات بۆ فیدرالیزم جیاواز بوو لەو مانایەی کە زاراوەی فیدرالیزم هەیەتی و لە گەوهەردا پارتی دیموکراتی کورد لایەنگری سەربەخۆبوونی عێراق بوو. لە ئەیلوولی 1946دا پارتی داوای پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی کوردستانی کرد کە سەربەست بێت لە پەیمانبەستن لەگەڵ هەر وڵاتێکی تردا. هەروەها ئازادیی تەواوی هەبێت لە هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری حکومەتەکەیدا، هەروەها ئازادیی دروستکردنی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی تردای هەبێت. سەرجەم کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا دەمێنێتەوە[29]. ئەگەرچی بەرنامەی پارتی دیموکرات لە رووی بەرگریی نەتەوەییەوە تەمومژاوی و نائاشکرا بوو، بەڵام بەرنامەکە بە شێوەیەك دانرابوو کە ئەم مەسەلە ئاڵۆزە دەبێت لە لایەن نوێنەرانی کوردو حکومەتی عێراقەوە چارەسەری بۆ دابنرێت.



## بە کۆماربوونی عێراق و کورد

لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکاندا هەوێنی نەتەوایەتی لە عێراقدا ئەوەندە پەرەی سەندبوو کە مەترسی لەسەر بە زیندوویی هێشتنەوەی رژێمی پاشایەتیی هاشمی سەر بە بەریتانیا دروست بکات. لە مانگی تەممووزی ساڵی 1958دا دەستەیەك لە ئەفسەرانی سوپا کە پێیان دەگوترا ئەفسەرانی ئازاد لە ژێر سەرکردایەتیی عبدولکەریم قاسمدا کودەتایەکی سەرکەوتووو لە هەمان کاتیشدا خوێناوییان دژی مەلیك فەیسەڵ و حکومەتەکەی بەرپا کردو بانگەوازی دامەزراندنی رژێمێکی سیاسیی نوێی کۆمارییان لە عێراقدا بڵاو کردەوە. زۆربەی گروپە نەیارەکانی وڵات پێشوازییان لە لابردنی رژێمی پاشایەتی کردو پشتگیری و لایەنگریی خۆیان بۆ حکومەتی کۆماری نیشان دا لەگەڵ هیواخواستن بۆ ئەوەی کە سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان عەرەب و کورد دەست پێبکات. ئەگەرچی ئەم ئەفسەرە لاوانەی کە لە ساڵی 1958دا هاتبوونە سەرتەخت و روانینێکی ئاشکرایان بۆ داهاتووی عێراق نەبوو، هەروەها هیچ ئیلتیزامکردنێکی دیاریان لە بەرامبەر کێشەی کورددا پیشان نەدابوو، بەڵام هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد هەڵوێستێکی دۆستانە بوو. بەهەرحاڵ ئەگە وەهاش نەبووبێت ئەوا بە شێوەیەکی لە بەرچاو هاوسۆزیی کورد بوون[30]. وەکو ئاماژەیەك بۆ نیشاندانی نێتچاکی بەرامبەر بە کورد لیژنەی سەرکردایەتیی نوێ کە لە سێ کەس پێکهاتبوو، وا خۆی نیشان دەدا لە چارەکانیدا کە سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵی وڵاتەو لەو سێ کەسەش یەکێکیان کورد بوو کە ئەویش خالید نەقشبەندی بوو کە پێشتر پارێزگاری هەولێر بووو لە خێزانێکی دیاری خاوەن مڵکی ئایینی بوو.

سیستەمی نوێ بەڵێنی دا کە گۆڕانکاریی جیدی لە بارودۆخی مەسەلەی کورددا بکات. دەستووری کاتی کە لە ساڵی 1958دا دەرچوو بۆ یەکەمجار دانی نا بە بوونی کورددا وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی جیاوازو لە پاڵ

www.pertwk.com

ئەوەشدا دانی نا بەوەدا کە دەبێت کورد مافی نەتەوایەتیی خۆی هەبێت. دەستووری نوێی عێراقی تەئکیدی لەسەر شوێن‌و جێگای عێراق کردەوە وەکو بەشێکی تەواوکەری نەتەوەی عەرەب لە کاتێکدا کە بە ئاشکرا ئەوەشی دەربڕی کە عەرەب‌و کورد هاوبەشن‌و پێکهێنەرەکانی گەلی عێراقن[31]. عەبدولکەریم قاسم کە دایکی بە کوردێکی شیعە دادەنرا بە ئاشکرا سووربوو لەسەر چاککردنی بارودۆخی مەسەلەی کوردو ژمارەیەك کوردی لە ئاستە بەرزەکانی حکومەتەکەیدا دانا.

لە سالانی سەرەتای دەسەلاتی قاسمدا پەیوەندیی هێمنی‌و پێکەوە گونجاندن لە نێوان حکومەت‌و کورددا پەرەی سەند. قاسم‌و مەلا مستەفا کە وەکو پالەوانێك دوای دوانزە سال لە ئاوارەیی سۆڤێت گەڕابووەوە بۆ عێراق گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کە پێویستە هاریکاریی یەکتر بکەن بە مەبەستی بێدەستکردن‌و بێتواناکردنی نەیارە تایبەتییەکانیان. نەیارە ناوخۆییەکانی قاسم بریتی بوون لە کۆمۆنیست‌و بەعسی‌و ناسرییەکان‌و هەروەها عەرەبە قەومییەکانی تر. هەموو ئەمانە هەریەکەیان ئاواتەخوازی پێکهێنانی بنیادێکی نوێی سیاسیی کۆمەلایەتی بوون بۆ عێراق ئەویش بە پێی خەیالی خۆیان. بابەتی دابەشبوونێکی سەرەتایی‌و پێشوەختە هەر لە ساتەوەختی لابردنی رژێمی پاشایەتیی هاشمییەوە ئاراستەیەکی دژو نەگونجاوی بە دەوری هەلوێستی عێراقدا دروست کرد ئەویش هەلوێستی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی تازە دروست بووبوو. کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە شوباتی سالی 1958دا دروست بوو ئەویش لە یەکگرتنی میسرو سوریا لە ژێر سایەی سەرۆکایەتیی سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسردا. لەبەر جێگای بڕوابوونی ناسر لە روانگەی نەتەوایەتییەوەو هەروەها لەبەر شوێنی گەورەی لە بوونی نەتەوایەتی عەرەبدا فشارێکی زۆری خستە سەر قاسم بۆ ئەوەی عێراق بکات بە بەشێك لەو یەکێتییە. کورد بە دژی ئەم جموجوولەیە بوون‌و بیانووشیان ئەوە بوو لە یەکێتییەکدا کە فەلسەفەی سەرەکیی بۆ پتەوکردنی



عەرەبچێتی‌و نەتەوایەتی عەرەب بێت ئەوا ناشێت بارودۆخی ژیانی ئەمان چارەسەر بکرێت‌و لە راستیشدا دەشیا داواکارییە کۆمەلایەتییە سیاسی‌و کەلتوورییەکانیان پشتگوێ بخرایە. چەندین بەلگەش هەبوو کە دەیسەلماند دوای ئەوەی کە سوریا چووە ناو کۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە پەیوەندییەکانی کوردو عەرەب لەو ولاتەدا واتە سوریا هەرەسی هێنا. هەروەك چەندین بەیانی دەستە ئیتنیکییە غەیرە عەرەبەکان وا دادەنران کە دژو نەیاری جیددیی دروستبوونی ئەو یەکێتییەن[32].

دژایەتیکردنی کورد بۆ بە ئەندامبوونی عێراق لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا بوو بە هۆی ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان هاریکارییەکی تەواوی حیزبی شیوعیی عێراق‌و قاسمیش بکات. کوردو حیزبی شیوعی پێشتر یەکێتییەکی پتەویان دروستکردبوو واتە پێش کودەتاکەی تەمووزی 1958 (ئەو کودەتایەش دواتر بە شۆڕش ناسرا)[33]. بە تایبەتی لە ماوەی نێوان سالی 1949 بۆ سالی 1955 لە ترسناکترین شالاوی حکومەتدا بە دژی شیوعی‌و کوردەکان، ژمارەیەك لە کوردەکان بوون بە ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی. بۆ نموونە سکرتێری لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعی عێراق لە سالی (1949)ەوە تا سالی 1953 بەهادین نوری بوو کە کوڕی مامۆستایەکی ئایینیی سلێمانی بوو[34]. ئەندامانی تری سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە هادی سەعیدو بیلال عەزیز کە هەردووکیان خەلکی هەولێر بوون، هەروەها عەبدوللا عومەر محێدین کە خەلکی کەرکوك بوو. بەهادین نوری لە سەرۆکەکانی تری حیزبی شیوعی نەدەچوو لەبەر ئەوەی ئەزموونی شۆڕشگێڕیی کەم بوو، تێگەیشتنی تیۆریی هیچ نەبوو، زۆر جامد بوو، هەست‌و شعوری سادە بوو – بریتی بوو لە خۆشەویستیی کوردو بڕوابوونێکی بێ رەتکردنەوە بە ئایندەی کۆمۆنیزم[35].

دژایەتیکردنی حیزبی شیوعیی عێراقی بۆ بە ئەندامبوونی عێراق لە

www.pertwk.com

کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا بە پێچەوانەی کوردەوە لەوەوە هەڵنەدەقولا کە حیزبی شیوعی لە یەکێتییەکی گەورەتری عەرەب بترسێت، بەڵکو حیزبی شیوعی دژی ئەو یەکێتییەی وڵاتانی عەرەبی بوو کە بۆرژوای نەتەوەیی و دژی کۆمۆنیزم فەرمانڕەواییان دەکرد. حیزبی شیوعی بەوجۆرە کۆماری عەرەبیی یەکگرتووی دەبینی کە چۆن حیزبی بەعسی سوری مامەڵەیەکی بە پەلەو نادروستی لەو یەکێتییەوە وەرگرت بەرامبەر بە حیزبی شیوعی کە دەشیا حیزبی شیوعی سوریا پرۆژەی جەماوەرێتیبوونی بەڕێوە بوایە. کە ئەو جەماوەریبوونەی بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەندبوو لە ساڵانی پەنجاکاندا بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە حکومەتی سوری دەستی کرد بە پێکهێنانی پەیوەندیی بەهێزی سەربازیی و دیبلۆماسی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا[36]. هەرچەند حیزبی شیوعی لە هەڵوێستی دژایەتیکردنی سەرەتای خاوبووەوە بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانێکی گرنگی لە دژایەتیکردنی بە ئەندامبوونی عێراق لەو یەکێتییەدا لە مانگەکانی سەرەتای رژێمی شۆڕشگێڕدا دۆزییەوە.

عەبدولکەریم قاسم دژی بەشداریکردنی عێراق بوو لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا چونکە خواست و ویستە سیاسییەکانی ئەم لە سایەی سیاسەتی ناسری میسریدا زەبرو زیانی ئاشکرایان پێگەیشتبوو، لە کاتێکدا کە ناسر کەسێتییەکی هێجگار کاریزمیترو بە دەسەڵاتتر بوو لەچاو قاسمداو لە هەموو نیشتمانی عەرەبدا. لەبەر ئەوە هاوپەیمانییەکی سێ لایەنە لە نێوان قاسم و حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ رێگاگرتن لە بەئەندامبوونی عێراق لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا پێکهات، سەرباری ئەوەی کە فیکرەی پشتگیریکردنی بە ئەندامبوونی عێراق لە هەردوو ئاستی جەماوەریی و لە نێو ئەفسەرانی ئازاددا دیارو ئاشکرا بوو. لە کۆتایی ساڵی 1958دا قاسم دەستی کێشابووە ناو دەستەی ئەفسەرانی ئازادەوەو خەریکی ئەوە بوو لایەنگرانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بخاتە ژێر



چاودێرییەوە. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە (ئەفسەرانی ئازاد) لایەنگری یەکێتی کە کاریان لێنەدەکرا لە ئازاری 1959دا هەوڵی لابردنی قاسم بدەن. ئەم هەوڵی کودەتایە لە موسڵ سەری هەڵداو ئەویش بە پاڵپشتی سوریا. مەلا مستەفا پشتگیرییەکی لەرادەبەدەری قاسمی کردو هەزاران پێشمەرگەی نارد بۆ موسڵ بۆ شەڕکردن شان بە شانی حکومەت. شەڕی هەڵگیرساو تەنیا شەڕی نێوان لایەنگرانی کۆماری عەرەبی یەکگرتووو دژەکانی نەبوو بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا شەڕی خاوەن زەوییەکانیش بوو بە دژی جوتیاران و هەروەها شەڕی خێڵە کوردەکان بوو بە دژی خێڵەکانی تر[37]. سەرکەوتنی هێزە دڵسۆزەکانی قاسم لە کۆتاییدا بوو بە هۆی هاریکارییەکی نزیکی نێوان مەلا مستەفاو عەبدولکەریم قاسم.

هاوپەیمانێتیی نێوان قاسم و حیزبی شیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو هەرەسهێنان چوو. ئەگەرچی لە تەمموزی 1959دا شەڕی نێوان تورکمان و کوردی دانیشتووی کەرکوك دەستی پێکردو لە پێش ساڵی 1958دا تورکمان لە بواری سیاسیی و ئابووریدا جێگا دیارەکانی کەرکوکیان بەدەست گرتبوو، بەڵام لەگەڵ دەسەڵات بەدەستگرتنی قاسمدا ئەوە گۆڕانی بەسەردا هێنراو ژمارەیەك لە شوێنە گرنگەکانی حکومەت لە شارەکەدا درا بە کوردەکان. لە ئەنجامی ئەوەدا تورکمانەکان گەیشتنە ئەوەی وەها لە خۆیان بڕوانن کە مەوقیعێکی نزمیان هەیە، بە پێچەوانەی دانیشتوانی تازەی کوردی کەرکوکەوە. سەرباری ئەوە تورکمانە خۆپارێزەکان مەترسییان لە پەیوەندیی نێوان کوردو حیزبی شیوعیی عێراق کرد. پەشێویی نێوان ئەو دوو گروپە ئیتنیکییە لە کەرکوکدا تەقییەوەو بوو بە شەڕێکی گەورە ئەویش لە جەژنی یەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی عێراقدا بوو کە بووە هۆی کوشتنی سی و یەك کەس و بریندار بوونی 130 کەس لە شەڕو پێکداداندا[38].

حکومەت بەخێرایی هەڵوێستی بەرامبەر بەو رووداوە نواندو بە (قەسابخانە) ئاماژەی بۆ کرد. قاسم بەیانێکی تاوانبارکردنی دەرکردو تیایدا

www.pertwk.com

پەیمانی دابوو کە بەرپرسانی ئەو رووداوە بە شێوەی (تاکەکەسی) هەریەکەیان سزا بدات، لە بری ئەوەی سزای ئەو رێکخراوە سیاسییانە بدات کە ئەو کەسانە ئەندامن تیایدا. دیارە ئاشکرابوو ئەو رێکخراوەی کە هەمیشە لە خەیاڵی قاسمدا بوو حیزبی شیوعی عێراقی بوو. وەکو پێشتر باس کرا حیزبی شیوعی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست کردبوو. هەروەها پشتگیریی کوردەکانی دەکردو لە هەمان کاتدا سەرزەنشتی قەومییە تورکەکانی دەکرد لەبەر گەیشتنیان بە ئاستی بەربەریەت[39]. هەرچەندە حکومەت کۆنترۆڵی هۆیەکانی راگەیاندنی کردبوو لە سەرزەنشتکردنی حیزبی شیوعیی عیراقیدا بەلام قاسم دەستی کرد بە پاکسازیکردنی کابینەکەی لە ئەندامان و لایەنگرانی شیوعی و حیزبی شیوعیی عێراقی سەرکوت کرد، سەرباری پشتگیریی حیزبی شیوعی بۆ رژێمی قاسم و هاوپەیمانێتیی قاسم لەگەڵ حیزبی شیوعیدا، بەلام قاسم هەمیشە لە حاڵەتی هەست بە مەترسیکردندا بوو بەرامبەر بە ئامانجەکانی شیوعییەکانی عێراق. قاسم تەنیا ئەوەندە پشتی بە شیوعییەکان بەستبوو کە پاڵپشتی شوێنی ئەو بکەن لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی عێراقدا. هەروەها پشتی پێیان دەبەست بە مەبەستی لاوازکردنی هەڵوێستی ئەوانەی کە لایەنگری بەئەندامبوونی عێراق بوون لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا. لەگەڵ قەسابخانەکەی کەرکوکدا قاسم بیانووی دۆزییەوە بۆ ئەوەی خۆی لە شیوعییەکان دوور بخاتەوەو شیوعییە گومانلێکراوەکان لە دەزگا مەدەنییەکان و لە ریزی هێزە سەربازییەکانی حکومەتدا بژار بکات.

سەرباری ئەوەی کە مەلا مستەفا لە مانگەکانی سەرەتادا پشتگیریی رژێمەکەی قاسمی کرد بەلام کوردەکان لەسەر مەسەلەی پشتگیریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ حکومەتە نوێیەکەو ئەفسەرانی ئازاد یەکدەنگ و یەکگرتوو نەبوون. بۆ نموونە سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیبراهیم ئەحمەد دژی هەڵوێستی مەلا مستەفا بوو لە



بارەی بەئەندامبوونی عێراق لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا، ئیبراهیم ئەحمەد پشتگیریی بەئەندامبوونی عێراقی لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا کرد چونکە بڕوای وابوو بنیادی وڵات و عەرەب و نێونەتەوەیی بەهێز دەکات و رێگا بۆ سەرکردەکانی عێراق ئاسانتر دەکات کە ئیمتیازات بدەن بە کورد. ئەم هەڵوێستەی ئیبراهیم ئەحمەد وەکو لە رووداوەستانێك بە دژی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان واتە مەلا مستەفا سەیر دەکرا. لەبەر ئەوە مەلا مستەفا ئیبراهیم ئەحمەدی لە ساڵی 1959دا لە سکرتێریی لابردو هەمزە عەبدوڵلای لە شوێنی دانا[40]. لە هەمان کاتدا باڵی چەپی زۆر چالاك لە پارتی دیموکراتی کوردستانداو لە لیژنەی مەرکەزیشدا پارتیی قایل کرد بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتنێك لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقدا کە ئەوەش بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی بەیانی دابەشبوون لە مایسی 1959دا. ئامانج و ناوەرۆکی بەیانەکە دەریخست کە مەلا مستەفا یان بەشداریی نەکردووە لە دەرکردنی ئەو بەیانەدا یان ناڕازی بووەو پەسەندی نەکردووە.

بەیانی مایسی 1959ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە توندی هێرشی کردبووە سەر بوونی بنیادە کۆمەڵایەتییە کۆنەپارێزەکان و ئەو کەسانەی کە بەرپرسی پاراستنی سیستەمی دەرەبەگایەتین لە کوردستاندا. مەلا مستەفا وەکو سەرۆك عەشیرەتێك و وەکو خاوەن مڵکێکی گەورە ترسا لەوەی کە ئەم باڵە چەپەی لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا لایداوە لەوانەیە بیرو رێگای بۆ حکومەت خۆش بکردایە بۆ فراوانکردنی یاساکانی مانگی ئەیلوولی ساڵی 1958 سەبارەت بە بەرنامەی چاککردنی زەوی و زار لە کوردستاندا. ئەگەرچی چاککردنی راستەقینەی یاسای زەوی و زار لە ناو جوتیاراندا هێجگار جەماوەردار بوو، بەلام وەکو نەفەرت وەها بوو بۆ شێخ و خان و ئاغاکانی کورد چونکە دەیانزانی کە چاککردنی یاسای زەوی و زار ئەو دەسەڵاتەیان لەق دەکات کە لە نێو جوتیارانی کورددا بەدەستیان هێناوە، لەبەر ئەوە جێگای سەرسووڕمان نەبوو کە مەلا مستەفا و هاوبۆچوونەکانی

www.pertwk.com

یـان هاوشـێوەکانی لـە لایـەن بـەیانی مایسـەوە زەنگـی وریاکردنـەوەیان بـۆ لێبـدرێت، گۆڕانکارییـەکانی ڕژێمـی خاوەنـدارێتی زەوی هەڕەشـەی لـە هەستانەوەی سیاسییانەیان دەکرد.

ئەگەرچـی هـەمزە عەبـدوڵڵا سـکرتێری گشـتی لـە لایـەن مـەلا مسـتەفاوە دانراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە تێڕوانینی مەلا مستەفاوە کۆمۆنیستەکان زۆر پشتگیرییان دەکرد. لـە ئـەنجامی ئـەوەدا لـە سـەرەتای سـاڵی 1960دا مـەلا مسـتەفا دەسـتەیەك لـە لایـەنگرانی خـۆی گەیانـدە سـەرکردایەتیی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی سروشتیی و لەبەرچاو هەمزە عەبدوڵڵا لە پۆستەکەی دوور بخەنەوە. لە مانگی تشـرینی یەکەمـدا جـارێکی تـر ئیـبراهیم ئەحمـەدو یارمەتیـدەرەکانی پێشوازییان لێکرایەوە بۆ ناو پارتیی و مەلا مستەفا خۆی نەخشەی دیسان هەڵبژاردنـەوەی ئیـبراهیم ئەحمـەدی بـە سـکرتێری گشـتیی پـارتی دانـا[41]. جووڵـەو بزوتنـەوەی دژی ریفۆرۆمیسـتی مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ دژی کۆمۆنیستییەتی قاسمدا هاوشێوە بوون. ئەمەش ڕێگای بۆ خۆش کرد هەتا هێرش بکاتـە سـەر هاوپەیمانـەکانی پێشـتری لـە نێـو کـامپی کۆمۆنیسـتیدا. ئەمەش بە داواکاریی قاسمو بەو هیوایەی کە ڕژێمەکەی قاسم زیاتر ملکەچ ببێت بۆ داواکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی لەچاو پاشایەتیی هاشمیدا.

لە ساڵانی سەرەتادا، ڕژێمی قاسم بواری چالاکی کەلتووری کوردی دا هـەتا گەشـە بکـاتو پـەرە بسـەنێت. هـەروەها لـە کـانوونی دووەمـی سـاڵی 1960دا پاداشتی مەلا مستەفای دایـەوە بـەوەی کـە مۆڵـەتی یاسایی دا بە پارتی دیموکراتی کوردستانو هەروەها ئەو زەوییو زارانەشی بۆ خودی مەلا مستەفا گێڕایـەوە کـە لـە سـەردەمی ڕژێمـی پاشـایەتیدا دەسـتی بەسـەردا گیرابوو، درابوو بەو سەرۆك خێڵانەی کە سەر بە دەسەڵاتی هاشمی بوون[42]. زیادبوونی دەسەڵاتی مەلا مستەفاو هاوپەیمانێتیی لەگەڵ بەغدا بواری بۆ کردەوە هەتا ناکۆکییەکانی رابردووی لەگەڵ خێڵە کوردەکانی تردا بژێنێتەوە



بە تایبەتی لەگەڵ خێڵی برادۆستدا کە پشتگیریی حکومەتی عێراقیان کردبوو لە ساڵانی سییەکانو چلەکاندا بە دژی عەشیرەتی بەرزانی[43]. زۆر لە خێڵە دژەکـانی حکومـەت هـەروەها دوژمنـی دڵڕەقـی بەرزانییـەکانیش بـوون. بـۆ نموونـە خێڵـی زێبـاری لەگـەڵ عەشـیرەتی بـەرزانی هاوسـێیاندا دوژمنایەتییەکەیان نزیکەی سەدەیەك بوو بەردەوام بوو. خێڵەکانی تری وەکو سورچیو برادۆست لە ساڵانی سیو چلەکانەوە بووبوونە دوژمنی عەشیرەتی بەرزانی واتە لەو کاتەوە کە مەلا مستەفا دژی حکومەتی پاشایەتی ڕاوەستاو ئەم خێڵانەش پشتگیری ڕژێمیان کرد. هـەروەك مارتن ڤان برۆنسن تێبینیی کردووە: هێڵی تەقلیدیی دابەشبوون لە کۆمەڵگای کوردی عێراقدا یان ئەوەیە کە خێڵ بۆ حکومەت شەڕ دەکات یان دژی حکومەت شەڕ دەکات. هاوشێوەی ئەوە، سیاسییە شارستانییەکانی کوردیش لـە زۆربـەی کاتـدا دژی ئاراستەی سـەرەکی بزوتنـەوەی کـورد بـوونو گەیشـتوونەتە ڕێککـەوتن لەگـەڵ حکومەتەکانی مەرکەزیدا لە ژێر ئەو بیانووانەدا کە بەلای سەرۆك خێڵەکانـەوە نە جێگای ڕازیبوونەو نە گونجاویشە. هەردوولا واتـە چ سـەرۆك خێڵـەکانو چ کوردی شارییش گومان لە یەکتری دەکەن بە بوونی ئارەزووی ڕەچەڵەکی بۆ خیانەتو هەردووکیشیان وەك بەڵگە کەمێك نموونەی قایلکەریان هەیە[44].

هـەر کـە هێـزی مـەلا مسـتەفای بـەرزان لەسـەر حسـابی سـەرۆك خێڵـە کوردەکـانی تـرو هێـزە سیاسییەکانی ناوچەکە زیـادی کـرد پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ قاسمـدا هەرەسـی هێنـا. لـە سـاڵی 1960دا کاتێـك مـەلا مسـتەفا لـە کوشـتنی نـەیاری دێرینـەی خـۆی سـەرۆك عەشیرەتی زێباریـدا سـەرکەوتنی بەدەست هێنا، قاسم گەیشتە ئەو بۆچوونەی کە پێویستە نفوزی دەسەڵاتی بـەرزانی لـە کوردسـتاندا بەرامبـەرو هاوسـەنگی بـۆ پەیدا بکرێت ئـەویش لـە ڕێگـای نـاردنی چـەکەوە بـۆ نـەیارەکانی. مـەلا مسـتەفا سـەردانی یـەکێتیی سـۆڤێتی کـرد بـۆ ئـەوەی داوا لـە کـرملین بکـات فشـار بخاتـە سـەر قاسـم سیاسـەتی خـۆی بگۆڕێـت بـەڵام ئـەوە سـوودی نـەبوو. لـە مـارتی 1961دا

www.pertwk.com

سەدیق میران کە کوردێکی هاوکاری قاسم بوو کوژرا. حکومەت پارتی دیموکراتی کردە بەرپرسی ئەو تاوانەو ئیبراهیم ئەحمەدی دەستگیر کرد بە مەبەستی ئاشکراکردنی فەرمانی کوشتنی سەدیق میران. هەرچەندە دواتر لەبەر نەبوونی شایەتی ئیبراهیم ئەحمەد ئازاد کرا بەڵام گرتنەکەی ئیشارەتێك بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کە قاسم سوورە لەسەر بچوککردنەوەی هێزو توانای ئەو پارتە.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1961دا شەڕ لە نێوان بەرزانیو دووان لە دوژمنە کۆنەکانیدا کە خێڵەکانی هەرکیو سورچی بوون پەرەی سەند. لە مانگی ئەیلوولدا هێزەکانی مەلا مستەفا هەندێ ناوچەیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە لەو ناوچانەش زاخۆ بوو کە ئاسایی لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتو نفوزی ئەماندا بوو. قاسم بە بۆمبارانکردنی گوندی بەرزان وەڵامی ئەوەی دایەوەو گەورەترین شەڕی کوردی عێراق لە سەردەمی رژێمی قاسمدا دەستی پێکرد[45].

لە تەممووزی 1961دا پەیوەندیی نێوان مەلا مستەفاو قاسم گەیشتە خراپترین ئاستی کاتێك مەلا مستەفا داوای ئەوەی کرد کە کورد ئۆتۆنۆمی راستەقینەی پێبدرێت.

وەکو پێشتر باس کرا دەستووری نوێی عێراقی دانی نا بە کورددا وەکو بەشدارێکی یەکسان لەگەڵ عەرەبداو بەڵێنی مافە ئیتنیکیو کەلتوورییەکانی کوردی لە سنووری دەوڵەتی عێراقدا دا.سەرەڕای ئەوەش حکومەتی عێراقی ژمارەیەك کوردی لە جێگا بەرزەکانی حکومەتدا داناو رێگای بە چاپکردنو بڵاوکردنەوەی بابەتی کوردی دا لەگەڵ گوتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا، لەبەر ئەوە رژێمی عێراق داواکاریی ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینەی سیاسی بۆ کوردستان رەتکردەوە. ترسا لەوەی کە ئەوە ببێتە هۆی ئاژاوەو، شیعە کە زۆرینەی عێراقیان پێکهێناوە بجووڵێنێت بۆ داواکردنی مافی هاوشێوەی ئەوەی کورد کە ئەوەش دەبوو بە هۆی



هەڵوەشاندنەوەی وڵاتەکە. لە ئەنجامدا شەڕ دەستی پێکردەوە کە لە پاییزی 1961دا بە تەواوی لە نێوان هێزەکانی رژێمی عێراقو پێشمەرگەکانی مەلا مستەفادا تەقییەوەو بە شێوەیەکی پچڕپچڕ هەتا ساڵی 1963 کە رێککەوتنی ئاگربەست ئیمزا کرا بەردەوام بوو[46].

دوای تێکچوونی پەیوەندیی لەگەڵ قاسمدا، پارتی دیموکرات هەوڵی دا هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەستەو لایەنە نەیارەکانی تری عێراقدا دروست بکات. هاوکارە شیوعییەکان چیتر وا دەرنەدەکەوتن کە ئەو هەڵبژاردەیە بن کە شایانی گەشەکردن بن، لەبەر ئەوە بەعسییەکانو عەرەبە قەومییەکانی تر وەکو تاکە ئەڵتەرنایتیڤ دەردەکەوتن، ئەگەرچی نە بەعسییەکانو نە عەرەبە قەومییەکانی تر هیچ ئیلتیزامکردنێکیان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد نیشان نەدابوو. هەروەك ئەمانە بەرژەوەندیشیان لەوەدا نەبوو کە هیچ مەسەلەیەك بەهێز بکەن کە دوور بێت لە یەکێتیی عەرەبو ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە. سەرباری ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیی کرد بە کۆمەڵێك لە نەیارەکانی قاسمەوە لە ناو دەستەی ئەفسەرانی ئازادداو بەڵێنی ئاگربەستی پێدان ئەگەر سەرکەوتوو بوون لە لابردنی قاسمدا[47]. تەنانەت پارتی لە تشرینی دووەمی 1962دا لە شیوعییەکانیش نزیك بووەوە بە پێشنیارێکەوە بۆ هاوکاریکردنی یەکتریی هێزەکان بۆ لابردنی قاسم. حیزبی شیوعیی عێراقی ئەو پێشنیارەی رەت کردەوە. شیوعییەکان بڕوایان نەدەکرد کە هاریکاریی پارتی دیموکراتی کوردستانو حیزبی شیوعیی عێراقی ئەوەندە بەهێز بێت بۆ پێکهێنانی لە رووداوەستانێکی بڕواپێکراو دژی فەرمانڕەوایەتیی قاسم کە پێشتر ژمارەیەکی گەورە لە ئەفسەرانی لایەنگرو هەواداری شیوعییەکان لە لایەن قاسمەوە پاکسازی کرابوون. پارتی دیموکراتی کوردستان پاشان کەوتە حاڵەتی نیمچە رووبەڕووبوونەوەوەو فەرمانی دا بە ئەندامانی خۆی کە پشتگیریی بەعسییەکان بکەن بەو هیوایەی کە بە یارمەتیی ئەوان حکومەت بڕووخێنرێت[48].

www.pertwk.com

حیزبی شیوعیی عێراقی لە ترسی ئەوەی کە ئیحتیمالێکی بەهێزی کودەتایەکی سەرکەوتوو لە ئارادا بوو، بەیانێکی دەرکردو قاسمی وریا کردەوە کە پارێزگاریی خۆی بکات لە بەرامبەر چالاکییەکانی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمدا لە نێو سوپاو لە دەزگاکانی حکومەتدا. هەروەها تکایان لە قاسم کرد کە پرۆژەی بە پەلەو مەودا فراوانی پاکژکردنەوەی سوپا دابنێت. هەرچەندە شیوعییەکان زانیاریی وردیان دەربارەی سەرپەرشتیارانی ئەو کودەتایە نەبوو، بەڵام داوایان لە جەماوەر کرد کە سازو ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکردن[49]. پێشبینیکردنی حیزبی شیوعی بۆ کودەتایەکی سەربازی راست دەرچوو کاتێك لە شوباتی 1963دا کودەتایەکی توندوتیژ رژێمی قاسمی رووخاند.

ماوەی نێوان کۆتایی هاتنی پەیوەندیی خۆشی قاسم لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە ساڵی 1961دا هەتا رووخاندنی رژێمەکەی قاسم شەڕێکی بەربەریانەی بەخۆیەوە بینی لە نێوان کوردو هێزەکانی حکومەتی عیراقیدا کە ماوەی کورت کورتی گفتوگۆ ئەو شەڕی دەوەستاند[50]. لە ساڵی 1963دا پێشمەرگەکانی مەلا مستەفا کوشتاری قورسیان لە هێزەکانی عێراق کردو سەرکەوتووبوون لە بەرامبەر دوژمنانی سەرەکی کوردو رێگاگرتن لە هێرشی خێڵە لایەنگرەکانی بەغدادا. تاکتیکی پێشمەرگەکانی مەلا مستەفا لە ناوچە چیاییەکانی کوردستاندا بە ئاشکرا هێزەکانی قاسمی ماندووو بێ ئومێد کرد بوو[51]. لە ئەنجامدا لە کانوونی دووەمی ساڵی 1963دا هەردوولا رازی بوون بۆ ئیمزاکردنی ئاگربەستو زیاتریش بۆ پشوودانی، قاسم کە ویستی خۆی لە سەرقاڵی دەستی هێزەکانی کورد رزگار بکاتو خۆی تەرخان بکات بۆ قەلاچۆکردنی دوژمنەکانی لە نێو بەعسییەکانو ناسرییەکانو گروپە قەومییەکانی تردا[52].



## یەکەم رژێمی بەعسو کورد

بە ماوەیەکی کورت لە دوای ئاگربەستو لە 8ی شوباتی 1963دا قاسم لە لایەن بەعسییەکانەوە لابرا، دوای بەدەستگرتنی دەسەڵاتو لە سێدارەدانی قاسم حیزبی بەعس رێگای تیرۆرو قەلاچۆکردنی لە بەرامبەر نەیارەکانیدا گرتە بەر، بە تایبەتی لە بەرامبەر حیزبی شیوعیی عێراقیو هەوادارانیدا. رژێمی بەعس پێشنیاری مەلا مستەفای بۆ ئاگربەست پەسەند کرد بە مەبەستی دانانی کێشەی کورد لە پشتی کوورەکەوە (لە دەرەوەی شەڕدا) بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو قورسیی سیاسەتی بەپەلەی خۆی بخاتە سەر قەلاچۆکردنی جەسەدیی نەیارە سەرەکییەکانی. لە نێوان پێنج تا حەوت هەزار شیوعی لە لایەن رژێمی تازەوەو وەکو ئەرکی رۆژانە لە سەرەتای شوباتی 1963دا لە سێدارە دران[53]، تەنیا لە شاری بەغدا زەنگی مردن گەیشتە پێنج سەدەمین لێدانی. زۆربەی ئەو لە سێدارەدانانە لە لایەن یان لە ژێر چاودێریی حەرەس قەومیدا دەکران واتە هێزە چەکدارەکانی بەعس[54].

شیوعییەکان پێشتر ئاگاداری خۆئامادەکردنەکانی بەعس بوون بۆ رێکخستنی کودەتاکەیان دژی حکومەتی قاسم بەڵام هیچ هەنگاوێکی عەمەلییان نەنا بۆ پاراستنی خۆیانو نەیانتوانی ئەو توانایە پێشبینی بکەنو بە پێی ئەوە ئامادەباشی وەربگرن بەرامبەر ئەو مەترسیانەی کە دەورەی دابوون. شتێکی ئاشکرابوو کە بەعسییەکان پێش ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست لیستی تەواوی ناوی شیوعییەکانو هەوادارەکانیان لەلابوو. لە چاوپێکەوتنێکی ترسێنەردا لەگەڵ محەمەد حەسەنەین هەیکەلدا نووسەری بەناوبانگی رۆژنامەی ئەلئەهرامی بەناوبانگی قاهیرەدا شا حوسێنی ئەردەن وای دادەنێت کە وەکالەتی موخابەراتی مەرکەزیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (CIA) پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ ئەندامە چالاكو بە نفوزەکانی حیزبی بەعسداو هەر ئەو موخابەراتە ناوو ناونیشانی شیوعییەکانی دابوو

www.pertwk.com

به كودەتاچییەكان[55]. هەروەك حەنا بەتوتە تێبینیی كردووە بڕیاردان لەسەر ڕاستیو دروستی ئەو قسەیەی شا حوسێن كارێكی هەروا ئاسان نییە، یان داخۆ بۆچی شای بە وەفاو سەر بە ئەمەریكا، ئەمەریكا لە دەریای خوێنی عێراقەوە دەئاڵێنێت؟ لەوانەیە شا حوسێن بەم قسەیەی ویستبێتی ڕەخنە لە ڕژێمەكەی خۆی دوور بخاتەوە لە كاتێكدا كە ئاشكرایە ئەو لە ساڵی (1957)ەوە لەسەر ڕەوڕەوەی موخابەراتی مەركەزیی ئەمەریكی دەجووڵێت[56].

سەركردایەتیی بەعس خۆی ناونا (ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش)و كۆڵۆنێڵ عەبدولسەلام عارف كە بەعسی نەبوو كردی بە سەرۆكی نوێ. نە عارفو نە هیچ تاكو دەستەیەكی تر توانایەكی جێگیرو چەسپاوی بەسەر دەسەڵاتداریدا نەبوو، بارودۆخی سیاسی لە وڵاتدا بە پەشێوییو پڕ ئاژاوەیی مایەوە كە ئەوەش بوو بە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمەكەی عەبدولسەلام عارف لە مانگی تشرینی دووەمدا. لە 15ی شوباتی 1963دا كۆڵۆنێڵ عارف پلەی سەربازیی خۆی بەرز كردەوە بۆ پلەی مارشاڵی مەیدانیو داوای لە كورد كرد پشتگیریی ڕژێمەكەی بكات. لە كابینەی نوێی حكومەتدا لە سەرجەمی بیستو یەك پۆست، بەعس دوانزە پۆستی وەرگرتو كوردسش دوو پۆست. بابەعەلی كە خاوەن مڵكێكی عەشیرەتی بەرزنجیو كوڕی شێخ مەحمود بوو پۆستی وەزارەتی كشتوكاڵی پێدرا، لە هەمان كاتدا عەمید فوئاد عارف كرا بە وەزیری دەوڵەت. سەرباری هەڵوێستی چاوەڕوانی سەرنجدانی مەلا مستەفا لە ڕژێمی نوێ، گروپی تری كوردیش هەبوون كە چاوەڕوان بوون بەعسییەكان ئیمتیازاتی بە پەلەو مەودا فراوان بدەن بە كورد وەكو بەڵگەی ئیلتیزامكردن بەرامبەر بە مەسەلەی كورد. بۆ نموونە لیژنەی داكۆكیكردن لە مافەكانی كورد كە ڕێكخراوێك بوو لە لۆزانو سویسرا دامەزرابوو لە 12ی شوباتی 1963 بەیانێكی دەركردو تیایدا داوای كرد كە پەیوەندیی عەرەبو كورد لە عێراقدا دەوەستێتە سەر دامەزراندنی حكومەتێكی ئۆتۆنۆمی



كوردیو چۆڵكردنی ناوچە كوردییەكان لە لایەن سوپای عێراقەوەو دابەشكردنی عادیلانەی داهاتی دەوڵەت بە تایبەتی داهاتی نەوت لە نێوان كوردو عەرەبدا[57]. مەلا مستەفا وای بۆ چوو كە داواكارییەكی ڕادیكالانەی لەم جۆرە دەبێتە هۆی دروستكردنی مەترسیی ڕێگا ئاڵۆزكردن لە گفتوگۆی چاوەڕوانكراوی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستانو حكومەتدا، لەبەر ئەوە خۆی لەو بەیانە بەدوور گرت.

كۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموكراتی كوردستان جەلال تاڵەبانیی دانا بە سەرۆكی وەفدی گفتوگۆكەری كوردی بۆ قسەكردن لەگەڵ حكومەتدا كە لە 19ی شوباتی 1963دا دەستی پێكرد. دوو ڕۆژ دوای ئەوە هەردوو سەرۆكی وەفدی پارتیو حكومەت واتە تاڵەبانیو بەرامبەرە عێراقییەكەی بەرەو قاهیرە كەوتنە ڕێ بۆ بەشداریكردن لە مەراسیمی ئاهەنگ گێڕانی یادی دامەزراندنی كۆماری عەرەبی یەكگرتوودا. لە میسر سەرۆك جەمال عەبدولناسر بەڵێنی دا بە تاڵەبانی كە فشار بخاتە سەر عێراق بۆ ئەوەی ئیمتیازاتی كەلتووری بدات بە كورد، بەڵام گوتی كە ناتوانێت پشتگیریی ئۆتۆنۆمییەكی هەمە لایەنە بۆ كورد بكات. دوای گەڕانەوە لە قاهیرە هەردوولا بە گیانێكی لەخۆبوردنەوە دەستیان كردەوە بە گفتوگۆكردن. بەهەرحاڵ گیروگرفت لە باسكردنی مەسەلەی ئۆتۆنۆمیدا سەری هەڵداو مەبەستی سەرەكیش(لا مەركەزی) بوو. لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەییدا كە لە 28ی شوباتدا گرتی، تاڵەبانی بە شێوەیەكی خەمبارانە ڕوونی كردەوە كە سەركەوتنی ئاگربەست لە نێوان حكومەتی بەعسو پارتی دیموكراتی كوردستاندا وەستابووە سەر ئامادەگیی حكومەت بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمیی تەواوەتی بە كورد لە هەموو ناوچەكاندا جگە لە سیاسەتی دەرەوەو مەسەلەكانی بەرگری[58].

لە 10ی ئازاردا ئەنجومەنی نەتەوەیی سەركردایەتیی شۆڕش ئاشكرای كرد كە ڕێكەوتن گەیشتبووە ئەنجامو حكومەتیش ئامادەبوو بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بە كورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. بە پێی قسەی جێگری

www.pertwk.com

سەرۆك وەزیران عەلی سالّح سەعدی ڕێکەوتنەکە ڕێگای دەدا بە کورد کە خۆیان بەڕێوە ببەن لە رووی سیاسەتی نێوخۆو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە هەمان کاتدا لە رووی کاروباری دەرەوەو ئابووری‌و سەربازییەوە وەکو پاشکۆی حکومەتی مەرکەزی دەمێننەوەو[59] لیژنەیەکی هاوبەش لە نوێنەرانی کوردو کاربەدەستانی حکومەت پێك دەهێنرێت بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەم ڕێکەوتنە.

کاتێك گفتوگۆکان لە پێشەوەچووندا بوون، هەواڵی پێشنیاری یەکگرتنی عێراق‌و سوریا لایەنی کوردیی تووشی بێزاری‌و ناڕەحەتی کرد. کوردەکان ترسان کە لە یەکگرتنێکی لەم جۆرەدا کورد ڕێژەیەکی بچوك لە سەرجەمی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنێت‌و شوێنی چاوەڕوانکراویان لە راستیدا لاواز دەبێت. هەر کە یەکگرتنی عێراق‌و سوریا نەگەیشتە ئەنجام کوردەکان پێیان لەسەر زیادکردنی داواکانیان داگرت. بۆ نموونە سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەرێمی ئۆتۆنۆمی شارەکانی هەولێرو سلێمانی‌و کەرکوك‌و ئەو بەشانەی موسڵ‌و بەعقوبەشی تێدا بێت کە کورد تیایاندا زۆربەیە. ئەمەش لای حکومەت قبوڵ نەبوو چونکە ژمارەیەکی گەورەی بیرە نەوتەکان دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کوردەوە، کە ئەوەش رووخاندنی توانای ئابووریی عێراق بوو. دیسان کوردەکان داوایان کرد کە جێگری سەرۆك کۆمارو جێگری فەرماندەیی گشتیی هێزی سەربازی دەبێت کورد بێت. هەروەها دەبێت سێ یەکی پۆستەکانی حکومەتی مەرکەزی بۆ کورد بێت‌و کوردەکان جێگای بەرزیان بدرێتێ لە وەزارەتەکانی بەرگری‌و دەرەوەدا.

سەرۆك عەبدولسەلام عارف کوردەکانی لە گفتوگۆکردندا بە نیەت خراپ تاوانبار کردو هەڵوێستی خۆی توندوتیژ کرد. نوێنەری گفتوگۆی حکومەت ئەمجارەیان گوتیان تەنیا ئیمتیازاتی زمانی کوردی دەدەن‌و لەسەر هیچ شتێکی تر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا سەوداگەری ناکەن. ئەمەش هیچ ئیختیارێکی واقیعییانەی لە بەردەمی هەردوولادا نەهێشتەوە جگە



لەوەی کە جارێکی تر دەست بکەنەوە بە شەڕکردن.

لە دەوروبەری کۆتایی مانگی مایسدا عەبدولسەلام عارف بەشی سەرەکیی سوپای عێراقیی ناردە بەشی باکووری وڵات ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا کە پێشبینیی شەڕێکی گەورەی لەگەڵ کورددا دەکرد. هەر پێش دەستپێکردنەوەی شەڕی هەمە لایەنە لە مانگی حوزەیراندا عەبدولسەلام عارف ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە کە تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستانی بەوە تاوانبار کرد گوایە(داوای چەندین مەرجی نەشیاوی کردووە)و شەڕکردن کارێکە ناتوانێت خۆی لێ بەدوور بگرێت. عەبدولسەلام سەرزەنشتی یەکێتیی سۆڤێتی کرد لە هاندانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لایەنگری کۆمۆنیستداو هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و کۆماری عەرەبی یەکگرتووو ئیسرائیل‌و کۆماری چینی میللی تاوانبار کرد بە چەك ناردنیان بۆ کورد[60]. کاتێك شەڕ دەستی پێکرد ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرکردایەتیی شۆڕش هەوڵی دا ناوی هەندێك لە خێڵەکانی نەیاری بەرزانی بۆ خزمەتکردن تۆمار بکات. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1963دا خێڵەکانی شەرەفی‌و زێباری‌و برادۆستی‌و بێراتی‌و هەکاری چەند سەد چەکدارێکیان بۆ پشتگیریی هێزەکانی حکومەت ئامادە کرد. جگە لەوەش عێراقییەکان فیرقەیەکی غەیرە نیزامییان بە ناوی فیرقەی سەلاحەدینی ئەیوبی دروستکرد بە مەبەستی شەڕکردنی پێشمەرگەکانی مەلا مستەفا لە چیاکاندا. ئەم فیرقەیە لەو کوردو عەرەبانەی ناوچەکانی موسڵ‌و حەمرین پێکهات کە خاوەنی عەشیرەت‌و خێڵ نەبوون‌و بەشداریی کوردەکانیش لەم فیرقەیەدا هیچ بەهایەکی نەبوو[61]. کوردەکان جارێکی تر سەلماندیان لە شەڕکردنی هێزەکانی عێراق‌و کوشتار لێکردنی زۆر لێیان شارەزان. درێژەکێشانی ئەم شەڕە لەگەڵ هەرەسهێنانی بارودۆخی سیاسی‌و ئابووریی عێراقدا وای لە عارف کرد کە لەگەڵ دەستەیەك لە ئەفسەرانی غەیرە بەعسیدا موئامەرەیەك بکەن بۆ بەلاوەنانی حکومەتەکەی 18ی تشرینی دووەم‌و بۆ ئەوەی خۆی ببێتە فەرمانڕەوای بێ مونافیسی عێراق.

www.pertwk.com

## رژێمی غەیری بەعسیو دۆزەخی کورد لە 1963 – 1968

دوای رووخاندنی حکومەتی بەعس، مەلا مستەفا پەیامێکی نارد بۆ سەرۆك عبدولسەلام عارفو داوای وەستانی شەڕی کرد. عارف کە پێوستیی بە کات هەبوو بۆ پتەوکردنی تواناو دەسەڵاتی خۆیو دەیویست هەموو توانای خۆی بۆ ئازاردانی بەعسییە نەیارەکانی کۆ بکاتەوە، بە شێوەیەکی ئیجابی وەڵامی دەست پێشکەرییەکەی مەلا مستەفای دایەوەو ئاگربەست لە 10ی شوباتی 1964دا چالاکانە ئەنجام درا. پاشان عەبدولسەلام فەرمانی دا بە پێنج هەزار کەسی هێزی سەربازیی سوریا کە پێشتر نێردرابوون بۆ شەڕی کورد شان بە شانی هێزەکانی عێراق وڵات بەجێبهێڵن. هەروەها ئارەزووی حکومەتەکەی بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ کورددا نیشان دا بە مەبەستی ئەوەی کە (مافی تایبەتی) بە کوردەکان بدات لە عێراقدا. دیسان حکومەتەکەی ئارەزووی خۆی بۆ بڵاوەپێکردنی هێزە میلیشیا نایاساییەکانو هێزە کوردە نەیارەکانی بەرزانی ئاشکرا کرد کە لە دوو مانگی دوایی فەرمانڕەوایی رژێمی بەعسدا کۆبووبوونەوە لە کۆتایدا حکومەت ئابڵوقەی سەر کوردستانی هەڵگرت دوای ئەوەی کە ئاگربەست دەستی پێکرد.

ئاشکراکردنی ئاگربەست لە نێوان مەلا مستەفاو عەبدولسەلام عارفدا زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی تووشی سەرسوڕمان کردو بوو بە هۆی درزکەوتنە نێو سەرکردایەتیی پارتییەوە. ئەندامانی ناڕازیی مەکتەبی سیاسی ناڕەزایی خۆیان بۆ گفتوگۆی مەلا مستەفا لەگەڵ عارفدا دەربڕی کە بە بێ رەزامەندیی پارتی دیموکرات نەخشەی دانرابوو. مەکتەبی سیاسی بڕوایان وابوو کە مەلا مستەفا ناپاکیی لە ئامانجەکانی ئۆتۆنۆمیی کورددا کردووە، کە لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا ئەمان شەڕیان کردبوو. لە ئاکامی ئەوەدا مەکتەبی سیاسیی پارتی کە لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال



تاڵەبانیو نوری ئەحمەدی تەهاو عومەر مستەفاوە سەرکردایەتی دەکرا بەیانێکیان دەرکردو رەخنەیان لە مەلا مستەفا گرتو ئاشکرایان کرد کە پێویستە چالاکیی سەربازی دژی حکومەت بەردەوام بێت هەتا ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بەدەست دێت[62]. مەلا مستەفا لەگەڵ ئەوەدا زۆر بایەخی بە بنیادنانەوەی بە پەلەو دروستکردنەوەی قوتابخانەو رێگاوبانو شارەکان دەدا کە لە شەڕی نێوان کوردو هێزەکانی حکومەتدا بە خراپی وێران کرابوون، هەستی کرد کە داواکاریی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی دەبێت بە هێمنی بەڕێوە بچێت هەتا سەرجەم بنیادەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووریی کوردستان بینا بکرێتەوە.

ئەو درزتێبوونەی (سەرکردایەتیی پارتی) هەڕەشەی لە هەموو پێکهاتەی پارتیی کردو بوو بە هۆی گەورەترین پێکدادان لە نێوان هێزە کوردە لایەنگرەکانی مەلا مستەفاو هێزی ئەوانەی کە پشتگیریی جیابوونەوەیان دەکرد. حکومەت هێزی سەربازیی نارد بۆ یارمەتیدانی مەلا مستەفا لە بەرامبەردا مەکتەبی سیاسی نکوڵییان لە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا کردو تاوانباریان کرد بەوەی کە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد ناپاکەو بەکرێگیراوی رژێمی عێراقە. ئەم جیابوونەوەیە نیشانەی نەخۆشییەکی قووڵ بوو کە بزوتنەوەی کوردی دووچاری ئیفلیجبوون کرد. بۆرژوای شاریو چەپەکان کە دەسەڵاتیان بەسەر سەرکردایەتیی پارتیدا کردبوو پەیوەندییەکی نائاساییان لەگەڵ سەرۆك خێڵە دەرەبەگەکانی وەکو مەلا مستەفادا هەبوو کە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفایان قبوڵ بوو ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو کە لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە پێکەوە دەگونجێن بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە سەرکردایەتیی بەرزانی شتێکی پێویست بوو بۆ بەدەستهێنانی بڕواو متمانەو دڵسۆزیی زۆربەی خێڵە کوردەکانو هەروەها بەرزانی لە نێو کورددا کەسێتێکی لە هەمووان ناسراوترو دان پێدانراوتر بوو. بە بێ ئامادەبوونی مەلا مستەفا لە لوتکەی ئەو هەرەمەدا نەدەشیا پارتی دیموکراتی کوردستان جێگای خۆی بە

www.pertwk.com

چاکی لە ناو کۆمەڵی کوردیدا بکاتەوە.

شێخ ئەحمەدی براگەورەی مەلا مستەفا هەوڵی یەکخستنەوەی دوو باڵەکەی پارتی دا (واتە ئاشتکردنەوەی جیابووەوەکانی پارتی لەگەڵ براکەیدا) بەڵام کەڵکی نەبوو، شەڕی نێوخۆی کورد درێژەی کێشا. ئاگربەستی شوباتی 1964ی نێوان مەلا مستەفاو عەبدولسەلام عارف هەتا نیسانی 1965 بەردەوام بوو. پاشان لەبەر فشاری ناوخۆی پارتیو لەبەر ئەوەی کە دەستووری عێراقی ساڵی 1964 دانی نەنا بە یەکسانیی کوردو عەرەبدا لە عێراقدا شەڕوەستانەکە کۆتایی پێهات[63]، جگە لەوەش لە ئەنجامی دابەشبوون لە نێو ریزەکانی پارتیدا عەبدولسەلام عارف هەستی کرد کە هیچ فشارو ناچاربوونێك لە ئارادا نییە کە وای لێ بکات ئیمتیازات بدات بە مەلا مستەفا. لە نیسانی 1965دا سوپای عێراق رەوانەی باکوور کرایەوە بە مەبەستی گێرانەوەو دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی حکومەت لە ناوچە کوردییەکاندا، مەلا مستەفاش هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعییانەی لە بەردەستدا نەبوو جگە لە دەستپێکردنەوەی شەڕ.

رووبەڕووبوونەوەی شەڕ بە هێزێکی ماندووی پێنج هەزار کەسییەوە وای لە مەلا مستەفا کرد کە بڕێکی گەورە چەك لە حکومەتی ئێرانی وەربگرێت، ئەمەش وای لە عەبدولسەلام عارف کرد کە مەلا مستەفا تاوانبار بکات بەوەی کە بووەتە پیاوی شای ئێرانو دوژمنی عێراقە. جیابووەوەکانی پارتی سوودیان لەو هەلومەرجە وەرگرتو گەیشتنە جۆرێك لە رێککەوتن لەگەڵ عەبدولسەلامدا. هەروەها ئەمان پشتگیریی خێڵە نەیارەکانی بەرزانییان کرد بۆ شەڕکردن شان بە شانی هێزەکانی حکومەت دژی پێشمەرگەکانی مەلا مستەفا. شەڕ گەرم بوو هەتا ناوەڕاستی نیسانی 1966. لە 13ی نیساندا سەرۆك عەبدولسەلام عارف بەهۆی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەرەوە کوژرا. جەنەراڵ عەبدولڕەحمانی برای کە سەرۆکی دەستەی فەرماندەیی سوپا بوو جێگای گرتەوە. لە مەراسیمی بەدەستگرتنی سەرۆکایەتیدا عەبدولڕەحمان



عارف بەیانێکی دەرکردو تیایدا ئاشکرای کرد کە لە ژێر سایەی سەرۆکایەتی ئەودا ئەمجارەیان کورد مافی خۆبەڕێوەبردن وەردەگرنو (عەبدولڕەحمان عارف زاراوەی ئۆتۆنۆمیی بەکار نەهێنا)، زەمانەتی ناسنامەی نەتەوایەتیو دابونەریتو زمانیان دەکرێت[64]. مەلا مستەفا پێشنیاری ئاگربەستی کردو ئارەزووی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتدا هەبوو چونکە ئاگاداری ئەوە بوو کە جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کە یەکێك لە نەیارەکانی ئەم بوو هەوڵی دەدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاشتی لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارفداو ئەوەشی بە یەك لایەنە دەکرد(واتە بە جیا لە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا. و.ك). لەبەر ئەوە کاتێك سەرۆك وەزیران عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز نەخشەیەکی دوانزە خاڵیی بۆ ئاشتی لە 29ی حوزەیرانی 1966دا پێشکەش کرد مەلا مستەفا سەربای گومانکردنی ئەو پێشکەشکردنەی پەسەند کرد.

ئەلبەزازی سەرۆك وەزیران یەکێك بوو لەو دەسەڵاتدارە پایە بەرزە بە ژمارە کەمانەی عێراق کە بایەخێکی راستەقینەیان بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدا. ئەلبەزاز بڕوای وابوو هەتا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت عێراق ناتوانێت ببێتە وڵاتێکی سەقامگیرو پەرەسەندوو. ئەگەرچی دەسەڵاتدارێتیی ئەلبەزاز ئەوەندە درێژەی نەکێشا هەتا نەخشەکەی بۆ کورد جێبەجێ بکات بەڵام ئەو نەخشەیە بوو بە بنەمای چوارچێوەیەك کە لە سنووری ئەو چوارچێوەیەدا زۆر دەستپێشکەریی تری ئاشتی لە کوردستاندا کراوە. نەخشەی ئاشتیی ئەلبەزاز لە ناوەرۆکدا نەخشەیەکی رادیکالانەی مەودا فراوان بوو بۆ پەسەندکردنیبنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کورد. لەو خاڵانەی تر کە ئەو نەخشەیە لەخۆی گرتبوو داواکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی بوو وەکو زمانێکی رەسمی لە حکومەتی ناوخۆییو لە قوتابخانەکانیشدا. هەروەها داوای ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکانی کوردی کردبوو لەگەڵ لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەوانەی کە دژی حکومەتی مەرکەزی شەڕیان

www.pertwk.com

کردبوو. هەروەها لە خاڵەکانی تر هەڵبژاردنێکی ئازاد بوو بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی کوردو بەکارهێنانی هێزی کوردی بۆ پاراستنی یاسای ناوخۆو ڕێکخستن‌و ئاسایش[65]. بۆ نموونە چوار کورد پۆستی وەزارییان پێدرا. موحسین دزەیی نوێنەری تایبەتیی مەلا مستەفا بوو بە وەزیری بنیادنانەوەی باکوور (کوردستان). کوردەکانی تری نێو کابینەی وەزاری بریتی بوون لە موسلیح نەقشبەندی وەزیری دادو عەبدوڵڵا نەقشبەندی وەزیری ئابووری‌و ئیحسان شێرزاد وەزیری کارو نیشتەجێکردن. سەرباری ئەوەش پانزە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە لایەن بەعسییەکانەوە پێکهات وەکو هەیکەلی فەرمانڕەوایی‌و بەرزترین دەزگای بڕیاردەری وڵات ئەو ئەنجومەنەش عەرەبە سوننییەکانی وڵات دەسەڵاتیان بەسەردا کرد ئەگەرچی عەبدولکەریم شێخلیی تێدابوو کە کوردێکی بە عەرەب بوو بوو، بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانی بوو.

لە ڕۆژی 3ی ئابی 1968دا سەرۆکی نوێی وڵات ئەحمەد حەسەن بەکر کە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشیش بوو ئاشکرای کرد کە ئامادەی گفتوگۆکردنە لەسەر کێشەی کورد لەسەر بنەمای نەخشە دوانزە خاڵییەکەی گفتوگۆی ڕژێمی پێشتر. لە 4ی ئابدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ئاشکرای کرد کە وەکو ئاماژەیەك بۆ نیەتپاکیی حکومەت بە زووترین کات ئەو خاڵانەی ئۆتۆنۆمی کە پەیوەستن بە زمان‌و کەلتووری کوردییەوە لە نەخشەکەدا جێبەجێ دەکات. لە 5ی ئابدا حکومەت لێبوردنی گشتیی بۆ کوردەکان دەرکرد کە ئەو لێبوردنە ئەندامانی هەڵاتووی سوپاو پۆلیسیشی گرتەوە. سەرەڕای ئەوە لێبوردنەکەی حکومەت ئەوەشی تێدابوو کە ئەو ئەندامە هەڵاتووانەی سوپاو پۆلیس داوای گێڕانەوەی چەکەکانیان وەکو مەرجێك بۆ لێبوردن لێناکرێت[66]. کاتێك گفتوگۆ لە نێوان حکومەت‌و مەلا مستەفادا دەستی پێکرد، حکومەتەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە جەلال تاڵەبانی هەمان شێوەی مەلا مستەفایەو یەکسان بەو



لە هەموو لێدوانێکی پەیوەست بە ئۆتۆنۆمیی کورددا بەشدار دەبێت بۆ ئەوەی نوێنەری کورد هەموو باڵەکانی پارتی بنوێنێت. تاڵەبانی پێشتر پەیوەندیی خۆی لەگەڵ حکومەتی بەعسدا توندوتۆڵ کردبوو. لەوانەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ویستبێتی تاڵەبانی وەکو بەرامبەری (هاوتای) مەلا مستەفا بەکار بهێنێت. مەلا مستەفا وا دەیڕوانییە پێداگرتنەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ هێنانە ناوەوەی تاڵەبانی وەکو ئەوەی هەوڵێك بێت بۆ لاوازکردنی شوێن‌و هەڵوێستی ئەو.

ئەم سەرەتا دزێوە زنجیرەیەك پێکدادانی بە دوادا هات، لە ئەیلوولی 1968دا پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەکانی مەلا مستەفاو ئەوانەی سەر بە تاڵەبانی بوون ڕوویدا، هەرچەندە هێزەکانی بەرزانی زۆر باڵادەستتر بوون، بەڵام تاڵەبانی توانیی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی ڕژێمی بەعس دەسەڵات بەسەر هەندێ ناوچەی کوردستاندا بکات. لە مانگی تشرینی دووەمدا هێزی ئاسمانیی عێراق ژمارەیەك گوندی ژێر سایەی دەسەڵاتی مەلا مستەفای بۆمباران کرد کە ئەوەش وای لە مەلا مستەفا کرد یاداشتنامەیەك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز بکاتەوەو داوای ئەوەی لێکردبوو کە بەڵێن بدات ببێتە ناوبژیوان هەتا ڕێگا لە جینۆساید بگرێت لە کوردستاندا[67].

لابردنی بەزاز لە پۆستەکەی لە ئابی 1966داو دانانی ناجی تالیب لە جێگای ئەو لێدانێك بوو لە ئاشتی چاوەڕوانکراوی نێوان کوردو عێراق. بە پێچەوانەی سەرۆك وەزیرانی پێش خۆیەوە ناجی تالیب تێڕوانینێکی باشی لەسەر مەلا مستەفا نەبوو، هەروەها حەزی لەوە نەدەکرد کە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان بە کورد بدرێت، ئەویش لە ترسی ئەوەی کە ئەو ئۆتۆنۆمییە ببێتە هۆی جەمسەرگیری تائیفی‌و لەوانەشە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای عێراقی[68]. بەڵام سەرباری ئەوەش مەلا مستەفاو سەرۆك عەبدولڕەحمان عارف لە تشرینی یەکەمدا کۆبوونەوە بە مەبەستی هەوڵ دان بۆ خستنەوە جوولەی گفتوگۆی ڕاوەستاو. دژایەتیکردنی جێبەجێکردنی

www.pertwk.com

نەخشەی ئاشتیی بەزاز لە لایەن ئەندامانی حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارفەوە بە تایبەتی ئەندامانی نێو سوپا هەوڵەکانی عەبدولڕەحمان عارفیان بۆ گەیشتن بە ئاشتی ئیفلیج کرد. لەو کاتەدا مەلا مستەفا جێگاو پایەی خۆی لە کوردستاندا پتەوو بەهێز کرد ئەویش بەهۆی پشتگیریکردنی ئێران و یارمەتیی ئیسرائیلەوە کە ئەو یارمەتییانەی ئیسرائیل لە ڕێگای ئێرانەوە ڕەوانەی کوردستانی عێراق دەکرا.

## ڕژێمی دووەمی بەعسی و ڕاپەڕین لە کوردستاندا

لە تەمووزی 1968دا کودەتایەکی تری بەعس حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارفی ڕووخاند. ئەم کودەتایە بەعسییەکانی گێڕایەوە بۆ فەرمانڕەوایی دوای ئەوەی کە لە ساڵی 1963دا ماوەیەکی کورت فەرمانڕەواییان کردو کودەتاکەی عبدولسەلام عارف کۆتایی بەو فەرمانڕەواییەیان هێنا. کودەتای تەمموزی 1968 پرۆسەیەکی دوو قۆناغی بوو. لە 17ی تەممووزدا ئەفسەرە بەعسییەکان لەگەڵ غەیرە بەعسییەکاندا هاریکارییان کرد بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف. لە 30ی تەممووزدا کودەتایەکی تر لە ناو کودەتای یەکەمدا ڕووی دا کاتێک بەعسییەکان غەیرە بەعسییەکانیان لە ڕیزەکانی خۆیاندا بژار کرد. بە پێچەوانەی پەی پێبردنی جەماوەرەوە لە هەردوو قۆناغەکەدا بەعسییەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ئەویش لە ڕێگای فێڵ و تەڵەکەبازییەوە نەك لە میانەی هێزو تواناوە[69]. لایەنەکەی ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی پشتگیرییان لە لابردنی عەبدولڕەحمان عارف کردو بە ئاشکراش هەندێ یارمەتی ماددی و لۆجیستی بەعسییەکانیان دا. هەروەها مەلا مستەفاش پێشوازیی لە کودەتاکە کرد ئەگەرچی بە وریاییەوە دەیڕوانییە ڕژێمی نوێ، ئەویش لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی لەگەڵ یەکەم



ڕژێمی بەعسدا لە ساڵی 1963دا.

ڕژێمی دووەمی بەعس هەوڵی فراوانکردنی زەمینەی پشتگیریکردنی خۆیدا ئەویش بە هێنانە ناوەوەی نوێنەرانی دەستە ئیتنیکی و سیاسییە جیاوازەکان بۆ نێو کابینەکەی.

بەهەرحاڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ناوبژیوانی نەنارد بۆ کوردستان کاتێك کە دەرکەوت تاڵەبانی لەو شەڕانەی دواییدا هاوپەیمان و هاوکاری حکومەتە. لە سەرەتای کانونی دووەمی 1969دا دوانزە فیرقە کە ژمارەی سەربازەکانیان نزیکەی شەست هەزار سەرباز دەبوو ڕەوانەی کوردستان کران. هەرچەندە ئەم شاڵاوە لە پاش چەند هەفتەیەك بەهۆی کەشوهەوای سەختی زستانەوە لەبار چووو زیانێکی قورسیش لە هەردوولا کەوت. سوپای عێراق ناوچەیەکی فراوانی لە سلێمانییەوە بۆ ڕەواندز لە باکووردا گرت و بواری بۆ هێزەکانی تاڵەبانی کردەوە کە هەندێ ناوچەی تایبەتی داگیر بکەن کە پێشتر سوپای عێراقی لە کوردەکانی سەندبووەوە.

لە 4ی شوباتدا سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر ئاگادارییەکی سەرنجڕاکێشی بڵاو کردەوە کە گوایە حکومەتەکەی زۆربەی خاڵەکانی نەخشە دوانزە خاڵییەکەی جێبەجێ کردووەو ئەم خۆی لەوە دەگەڕێت کە ژمارەی زیاتری برا کوردەکانمان ببینێ کە بڕوایان بە چارەسەری ئاشتی هەیە ئەویش لە ئەنجامی ئەو ڕێبازەی کە حکومەتە پێشکەوتووخوازەکەی داوای دەکات[70]. هیچ کەس، تەنانەت لە ناو ئەندامانی حکومەتەکەی بەکر خۆیشیدا ئەم قسەیەی بە جیددی وەرنەگرت، لە کاتێکدا هیچ ڕێ و شوێنێك بۆ جێبەجێکردنی هیچ خاڵێکی ئەو نەخشەیە لەبەرنەگیرابوو. شتێکی پڕ لە سەرسوڕمانی تری حکومەتەکەی بەکر بەیاننامەی 19ی کانونی دووەمی 1969 بوو لە بارەی ئاشکراکردنی موئامەرەیەکی گەورەوە دژی ڕژێمی بەعس. سەرباری ژمارەیەکی دیار لە سیاسی و ئەفسەرانی سوپا کە لەو موئامەرەیەوە ئاڵابوون، حکومەت هەریەکە لە ئێران و ئیسرائیل و CIA

www.pertwk.com

تاوانبار کرد لە پای هەوڵدانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق[71]. لەگەڵ بەهێندگرتنی بەشداریکردنی کورد لەو موئامەرەیەدا، رژێمی بەکر، مەلا مستەفای تاوانبار کرد بەوەی کە بووەتە بەکرێگیراوی شای ئێران‌و ئیسرائیل‌و موخابەراتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. وەکو لە راپۆرتی ساڵی 1967ی لیژنەی هەڵبژاردەی ناوخۆیی موخابەراتدا دەرکەوت واتە لە (راپۆرتی پایکدا)، لە راستیدا مەلا مستەفا یارمەتییەکی موفتەی سەربازی لە ئێران‌و لە حکومەتەکانی ئیسرائیل‌و ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگرتووەو ئەم حکومەتانە بە تەواوی دەستیان هەبووە لە بەرنامەی ناردنی چەك بە نهێنی بۆ مەلا مستەفا لە رێگای رژێمی شاوە[72].

رژێمی بەعس درێژەی بە دوژمنایەتیی شەفەویی خۆی داو لە هەمان کاتدا لە ئابی 1969دا گەورەترین شاڵاوو پەلاماری سەربازیی ئەنجام دا بە مەبەستی سەرکوتکردنی راپەڕیوان لە باکووری عێراقدا. سەرباری سەرکەوتنی سنوورداری هێرشەکە ترساندن‌و تۆقاندنێکی تەواوبوو بۆ لادێکانی کوردستان چونکە سوپای عێراق کوێرانە هەموویان داپڵۆسی. کاتێك حکومەتی بەکر بۆی دەرکەوت کە چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی کورد هیچ ئەنجامێکی نییە، جارێکی تر داوای دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی کردەوە لەگەڵ مەلا مستەفادا. لە روانگەیەکی ژیرانەوە مەلا مستەفاش پەیی بەوە بردبوو کە درێژەکێشانی شەڕ کارەسات‌و ماڵوێرانیی بووە بۆ دانیشتوانی مەدەنیی کورد.

لە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی 1969دا گفتوگۆ دەستی پێکردەوەو بە شێوەیەکی جیددی هەتا ئازاری ساڵی 1970 بەردەوام بوو. ئاکامی ئەو گفتوگۆیەش گەیشتبوون بە بڵاوکردنەوەی بەیانی 11ی ئازاری 1970. بەیانەکە چەندین خاڵی لەخۆی گرتبوو کە هاوشێوەو نزیك بوون لە نەخشە دوانزە خاڵییەکەی بەزازەوە، ئەگەرچی لە روانگەی دان نان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا لە نەخشەکەی بەزاز تێپەڕیبوو[73]. لە دوا شێوەیدا



بەیانی ئازار بوو بە فراوانترین نەخشە کە هەر حکومەتێکی عێراقی بۆ دان نان بە داواکارییە نەتەوەییەکانی کورددا دەبوو بیکات بە بنەما. ئەم بەیانە لە سێ بابەتی سەرەکی دەدوا کە بریتی بوون لە: ئۆتۆنۆمی، بنیادی بەڕێوەبردنی پێکهاتەکانی ئۆتۆنۆمی، پەیوەندیی نێوان حکومەتی مەرکەزی‌و ئیدارەی ئۆتۆنۆمی. ئەمانەش لە سنووری پانزە خاڵدا بە فراوانکراویی رێکخرابوو[74]. لە رێککەوتنەکانی پێشتری نێوان کوردو حکومەتی مەرکەزیدا، ئەوەی کە لەسەری رێك کەوتبوون بەهۆی رێك نەکەوتن لەسەر پێناسەی زاراوەی ئۆتۆنۆمی ئەویش تووشی داڕمان هاتبوو. هەروەك لی بۆچیت تێبینیی کردووە (وردترین هەڵسەنگاندن کە دەشێت دەربارەی پێناسەی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە بە پێی ساڵ‌و وەلامدانەوە بۆ کورد دەگۆڕێت‌و ئەو پێناسەیە لەسەر بنەمای ئەو هەلانە پێکدێت کە کورد دەستی دەکەوێت بۆ سەربەخۆیی تەواو لەگەڵ توانای سەربازیی عێراقدا بۆ پاراستنی یەکێتیی)[75]. بە پێی قسەکانی سەرکردەیەکی کورد (کورد هەرگیز پێناسەیەکی بۆ ئۆتۆنۆمی پێشکەش نەکردووە، پێناسەی ئۆتۆنۆمی دەوەستێتە سەر هێزی ئێمەو هێزی دوژمنەکەمان)[76]. بەیانی ئازار تا رادەیەك بۆ ئەو مەبەستە بوو کە سەرکردایەتیی کورد ناچار بکات بۆ پەسەندکردنی چەند ئاستێکی تایبەتی لە ئۆتۆنۆمی.

بەندە سەرەکییەکانی بەیانی ئازار ئەمانەی لەخۆ گرتبوو: دان نان بە زمانی کوردیدا لەو ناوچانەی کە زۆرینە تیایاندا کوردە، خۆبەڕێوەبردن، دانانی کورد لە پایەو شوێنە بەرزەکانی حکومەتی مەرکەزیدا (لە ناو ئەو شوێنە بەرزانەدا دانانی کورد بە جێگری سەرۆك)، پێکهێنانی یەکە نیشتمانییەکانی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، پشتگیریکردنی دارایی‌و پشتگیریکردنی تریش بۆ یارمەتیدانی کوردەکان تا بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان، جێبەجێکردنی واقیعییانەی بەرنامەی چاککردنی زەوی‌و زار، برەودان بە مافە کەلتوورییەکانی کوردو فەراهەمکردنی هەلومەرجی بەرەو

www.pertwk.com

پێشەوەبردنی پەروەردەو فێرکردن، دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کوردو زانکۆی کوردی لە سلێمانی، گۆڕانکاری لە دەستووردا و دان نان بە یەکسانیی کوردو عەرەب لە عێراقێکی جووت نەتەوەدا. جگە لەمانە بەیانەکە داوای لە کوردە راپەڕیوەکان کرد کە خۆیان و چەکە قورسەکانیان و بە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە کە لە ئێزگەی رادیۆی نهێنیدا بەکاریان دەهێنا بگەڕێنەوە، هەروەها داوای راگرتنی هێرشی چەکداری بۆ سەر دەوڵەت دەکرد.

هەردوولا، کوردو حکومەتی عێراقی حەماسەتێکی گەورەیان بۆ بەیانی یانزەی ئازار نیشانداو لە ماوەی ساڵی 1970دا زۆرێک لە بەندەکانی بەیانەکە جێبەجێ کران، لەوانەش بەشێك لە گۆڕانکاریی دەستوورو دانانی کاربەدەستانی پایەبەرزی کورد بۆ پۆستە ئیدارییەکانی هەردوو ئاستی هەرێمایەتی و نەتەوەیی. هەروەها حکومەت چەند کارگەیەکی نوێی لە هەرێمەکەدا دانا و لە نەخشەی چاککردنی زەوی و زاردا پەلەی کردو لە ماوەی چەند مانگێکدا بیناکردنەوە لە بواری تەندروستی و پەروەردەدا واتە (نەخۆشخانەو قوتابخانە) دەستی پێکردو زیاتر لە 2700 خانوو لە هەرێمەکەدا دروست کران یان چاك کرانەوە[77].

لە پاڵ بەندە ئاشکراکانی ئەم رێککەوتننامەیەدا کە بەلای کوردەکانەوە جێگای قایلبوون بوو، هەندێ پاڵنەری تریش لە ئارادا بوون کە وایان لە مەلا مستەفا کرد هەر لە سەرەتاوە پشتگیرییەکی شێلگیرانەی بەیانی ئازار بکات. بەهۆی پەیوەندیی بەتینی لایەنی ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانی لەگەڵ حکومەتی بەعسدا، مەلا مستەفا ترسا لە ئەنجامی رێك نەکەوتنی نێوان کوردو حکومەتی مەرکەزیدا، بەعسییەکان یارمەتیی نەیارەکانی ئەم بدەن لە هەوڵ و کۆششیاندا بە دژی. لە راستیدا دوای ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە لە لایەن مەلا مستەفاوە، دەسەڵاتدارانی بەعس دەستیان کرد بە گۆشەگیرکردنی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد. چالاکییەکانی تاڵەبانی بە شێوەیەکی خێراو لە



بەرچاو تەسك کرایەوە، ئیبراهیم ئەحمەدیش عێراقی بەجێهێشت و چوو بۆ لەندەن بۆ وەرگرتنی چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ نەخۆشییەکی دیاری نەکراو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو زەرەرو زیانە لەرادەبەدەرانەی کە لە ساڵی (1961)ەوە کورد لە شەڕکردنیدا لەگەڵ عێراقدا ئازاری پێوە چەشتووەو مەلا مستەفای خستۆتە بەردەم بەرپرسیارییەکی ئەخلاقییەوە هەتا هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی رێگایەکی شەرەفمەندانەی دەربازبوون لەم زەلکاوە. بە پشتبەستن بە ئەزموونی رابردوو، مەلا مستەفا دەبوو بە وریاییەوە بڕوانێتە ئەو ئیمتیازاتە مەودا فراوانەی کەلتووری و کۆمەڵایەتییە – سیاسییانەی کە لە بەیانی ئازاردا بەڵێن درابوو بدرێن بە کورد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەر پێشنیارێکی بخرایەتە بەردەم رەتی نەدەکردەوە. هەروەك دواتر مەلا مستەفا روونی کردەوە: چۆن دەتوانیت دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن بۆ کورد رەت بکەیتەوە؟[78].

سەرباری سەرەتای دڵخۆشکەری، ئیلتیزامکردن بە بەیانی ئازارەوە لە هاوینی 1972دا بەرەو لەقبوون چوو، مەلا مستەفا داوای پێداچوونەوەی لە بەیانەکەدا کرد بەو مەبەستەی ئازادیی سەربازی و سیاسیی زیاتری بداتێ. وەکو دواتر ئاشکرا بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل و شای ئێران تا رادەیەك بەرپرس بوون لەو داواکارییە نوێیانەی مەلا مستەفا چونکە بەڵێنی زیادکردنی یارمەتیی دارایی و سەربازییان پێدابوو لە پای بەردەوامبوونی لەسەر لەرووداوەستانی حکومەتی بەعسدا[79]. هەڵبژاردنی کورد بۆ جێگری سەرۆك کۆمار بوو بە مایەی کێشەو ئاڵۆزی کاتێك حکومەتی عێراقی رەفزی پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ ئەو پۆستە کرد کە ئەویش حەبیب محەمەد کەریم بوو. رەگ و ریشەی ئێرانی حەبیب محەمەد کەریم بوو بە هۆی ئەوەی کە حکومەتی عێراقی بە چاوی گومانەوە سەیری بکات و هەردوولاش نەیانتوانی لەسەر هەڵبژاردنی کەسێکی تر رێك بکەون[80].

گەورەترین کەموکورتیی بەیانی ئازار سەرباری شکست لە جێبەجێکردنی

www.pertwk.com

مەبدەئییانەیدا بریتی بوو لە سەرنەکەوتنی ئەم ڕێکەوتنە لە دیاریکردنی وردی سنووری جوگرافیی ئەو ناوچەیەی کە بەندەکانی ئۆتۆنۆمی دەیگرتەوە. بەیانەکە ئەوەی دیاری کردبوو کە لە ماوەی چوار ساڵدا واتە لە 11ی ئازاری 1974دا دەبێت یاسای ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاری پێبکرێت. هەرچەندە دەبووا سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی پێش ئەوەی دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی هەرێم پێك بێن و هەڵبژاردنە پێویستەکان ئەنجام بدرانایە دیاری بکرایە. بە پێی بەندی چواردەی بەیانی ئازاری 1974 سەرژمێری ئەو ناوچانەی دیاری دەکرد کە کورد تیایاندا زۆربەیەو، هەرێمی ئۆتۆنۆمی دەبوو ئەو ناوچانەی لەخۆبگرتایە. ئەم سەرژمێرییە نەخشەی بۆ دانرا کە لە کانونی یەکەمی 1970دا ئەنجام بدرێت بەڵام بە ڕازیبوونی ئاشکرای هەردوولا دواخرا بۆ بەهاری 1971 بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی بۆ ئامادە بکرێت.

سەرژمێرییەکە بۆ جاری دووەمیش دوا خرا ئەویش لەبەر هۆیەکی پەسەند کە مەلا مستەفا وای بیرکردەوە کە ئەنجامی سەرژمێرییەکە دەشێت وای نیشان بدات کە کورد لە هەندێ شوێنی دیاریکراودا کەمایەتی پێك بهێنێت. مەلا مستەفا سووربوو لەسەر ئەوەی کە کەرکوك و ناوچە نەوتییەکانی تری باکوور دەکەونە سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردییەوە. لە کاتێکدا کە پێشوەختە ئەوە چاوەڕوانکراوبوو کە سەرژمێرییەکە نیشانی بدات زۆربەی دانیشتوانی شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك کوردن. لەبەر ڕاگواستن و دەرکردنی لەرادەبەردەری دانشتوان لە کورد، مەلا مستەفا بڕوای وابوو کە ئەو سەرژمێرییە بوونی ڕاستەقینەی کوردی کەرکوك ناخاتە ڕوو. لەبەر ئەوە بە توندی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کەرکوك بەشێکە لە کوردستان و گوتی: ئەگەر سەرژمێریی دانیشتوان نیشانی بدات کە زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوك کورد نین، ئەوا من دان بەوەدا نانێم، من ناتوانم تەحەمولی بەرپرسیاربوون لە دەست هەڵگرتن لە کەرکوك لە بەردەمی گەلی



کورددا بگرمە ئەستۆ، لەوانەیە شتی وا لە دوای من ڕوو بدات[81]. لە هەمان کاتدا حکومەت سووربوو لەسەر ئەوەی کە تەنیا ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکی ڕەسمی بکرێت بە پێوانە لە بڕیاردانی قەوارەی دانیشتوانی کورد لە ناوچەیەکی تایبەتیدا.

سەرنەکەوتن لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا نەبوو بە هۆی شکستیهێنانی گفتوگۆ لە نێوان هەردوولا، بەڵام ئەو درك پێکردنەی لای بەعسییەکان دروستکرد کە دەشێت کەوتبنە هەڵەوە لە سنووردارکردنی گفتوگۆ لەگەڵ مەلا مستەفاداو بێ بەشداریکردنی باڵەکانی تری کورد لەو گفتوگۆیەدا. سەرباری ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە عێراقییەکان ئەوەیان دەپرسی کە مەنتیقی تەسککردنەوەی ئاستی ئامادەبوونی عێراق لە هەرێمی پێشنیارکراوی ئۆتۆنۆمیدا دەبێتە هۆی لە ڕووداوەستانی زیاتری دەوڵەت لە لایەن کوردەکانەوە[82]. دیسان سەرنەکەوتن لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا جەمسەرگیرییەکی زیاتری لە بەرەی کوردیدا دروست کرد (مەبەست دروستبوونی جەمسەری جیا یان دابەشبوونە. و.ك). بۆ نموونە هەندێ لە ئەندامانی بەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناویاندا عوبەیدوڵڵای کوڕە گەورەی مەلا مستەفاو عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی لە مەلا مستەفا جیابوونەوەو بەوە تاوانباریان کرد لە لایەك ئینکارەو لە لایەکی تریشەوە بە هاوکاریکردنی شای ئێران و مۆسادی ئیسرائیلی و سی ئای ئەی تاوانباریان کرد. بەجێهێشتنی ئەمانە جگە لە گومانێکی زۆر کەم هیچی تری دروست نەکرد چونکە هێشتا مەلا مستەفا سەرۆکایەتیی گەورەترین هێزی کوردی دەکردو وەکو هەرە دیارترین کەسێتی کوردی لە عێراقدا جێگای خۆی گرتبوو. لە ڕاستیدا وەزیرە کوردەکان لە حکومەتی عێراقیدا لە بری ئەوەی تواناو هێزی پتەوی خۆیان نیشان بدەن، لە شوباتی 1974دا کورسییەکانی خۆیان چۆڵکردو بەغدادیان بەجێهێشت و پەیوەندییان کرد بە مەلا مستەفاوە. حکومەت لە بەرامبەر ئەو کارەدا پۆستە چۆڵکراوەکانی بە عەزیز عەقراوی و

www.pertwk.com

هاشم عەقراوی‌و عوبەیدوڵڵا بەرزانی پڕ کردەوە. ئەم سێ کەسە بە یارمەتیی دوو کوردی تر کە ئەوانیش عەبدوڵڵا ئیسماعیل‌و عەبدولستار تاهیر شەریف بوون پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانی سەر بە بەعسیان لە سەرەتای 1974دا دامەزراند.

بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کە ڕۆحی بەرگریی کورد بە توندی دژایەتیی دەکرد هۆکارو بڕیارێك بوو بۆ لێکدوورخستنەوەی کوردو عەرەب‌و لە ئاکامدا بوو بە هۆی هەرەسی بەیانی ئازار. پرۆسەی بەعەرەبکردن لە پێش ڕژێمی بەعسەوە لە عێراقدا دەستی پێکردبوو، لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە هەر لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە لە لایەن بەریتانیاوە لە ساڵی 1921دا دەستی پێکرد. پێش ساڵی 1921 پەروەردەو فێرکردن تەنیا لە ڕوانگەی دەسەڵاتی ئایینییەوە بوو، منداڵان دەچوونە خوێندگا ئایینییەکان. منداڵانی مەسیحی‌و جولەکە دەچوونە خوێندگا ئایینییە تایبەتییەکانی خۆیان، لە کاتێکدا منداڵانی مسوڵمان لە خوێندگای ئایینی دەیانخوێندو زیاتر گرنگییان بە فێربوونی قورئان‌و کەونیەت‌و یەکێتیی ئیسلام دەدا ئەوەش وەکو دژایەتیکردنی تایبەتمەندییە ئیتنیکییەکان.

ئەگەرچی لە دوای ساڵی 1921و لە ژێر سەرپەرشتیی دەوڵەتدا بەرنامەی خوێندن گۆڕانی بەسەردا هات‌و گرنگیی زیاتر بە مێژووی عەرەب درا لەچاو مێژووی ئیمپراتۆی ئیسلامیی عوسمانیدا. لە ڕاستیدا زمان‌و کەلتووری عەرەبی گرنگییەکی زیاتری پێدرا ئەویش لەسەر بنەمای ئامانجێکی سەرەکی بۆ جووڵاندن‌و بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیی عەرەبی‌و چەسپاندنی لە نێو مێشك‌و دڵی منداڵانی قوتابخانەدا. دەرەنجامی نێگەتیڤی لاوەکی ئەم بەرنامە پەروەردەییە نوێیە بریتی بوو لە بەلاوەنانی خوێندنی کەلتوورو زمانی بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای عێراقی کە ئەو بەشە سەرەکییەش کوردە. بەم شێوەیە سیستەمی نوێی خوێندن کە حکومەتی عێراقی بەڕێوەی دەبرد



دەورەکەی هەر ئەوە نەبوو کە گرنگییەکی زۆر بە خوێندنی کەلتوورو زمانی عەرەبی بدات لەسەر حسابی بابەتەکانی تر، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا بەشداریی کرد لە ئەفسانەی (یەکبوونی) هەرێمی‌و ئیتنیکیی عێراقدا[83]. لە پاڵ ئەوەشدا کوردەکان هەستیان کرد کە بەشی تەواوی خۆیان لە بودجەی بواری پەروەردەو فێرکردن نادرێتێ.

لە ساڵی 1926دا تەنیا 25 قوتابخانەی سەرەتایی لە کوردستاندا هەبوو کە شانزەیان زمانی کوردی‌و عەرەبییان پێکەوە تێدا دەگوترایەوە (قوتابخانەی کوردی ڕێژەی 2٪ی هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکانی عێراقی پێك دەهێنا). دەسەڵاتدارانی ئینتیدابی بەریتانی قەناعەتیان وابوو کە پێویستە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کورددا پشت بە گوتنەوەی زمانی عەرەبی ببەسترێت چونکە زمانی کوردی بنەمایەکی زۆر تەسکی هەیەو بۆ خوێندنی قۆناغی سانەوی‌و خوێندنی باڵا ناشێت[84]. دوای کۆتاییهاتنی ئینتیدابی بەریتانی‌و پێکهێنانی یان دەرکەوتنی سیستەمێکی خاوەن کەسێتی‌و دەسەڵات، بایەخێکی نوێ درا بەوەی کە هەل بڕەخسێنرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خوێندن‌و پەروەردە بە سەرجەم هاووڵاتیانی عێراقی بێ گوێدانە ئایین یان بنەمای ئیتنیکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ساڵی 1957 واتە ساڵێك پێش ڕووخاندنی پاشایەتیی هاشمی کتێبی کوردی بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناوچە کوردنشینەکان نەبوو.

پشتگوێخستنی پێداویستییەکانی خوێندنی کوردی سەرەکیترین هاندەری ڕاپەڕینی ساڵی 1943ی کورد بوو[85]. ئەم ڕاپەڕینەش حکومەتی عێراقیی جووڵاند کە بە ئاشکرا دەریببڕێت‌و بەڵێن بدات کە پاڵپشتی ماددی قوتابخانە کوردییەکان‌و کتێب بە زمانی کوردی دەکات. دڵسۆزێتیی حکومەت بۆ ئەو مەبەستە نەتوانرا تاقی بکرێتەوە چونکە حکومەت ڕووبەڕووی ژمارەیەك لە ڕووداوەستانی ناوخۆیی بووەوەو ئەوەش بوو بە هۆی ڕووخاندنی لە ساڵی 1958دا. لە ژێر سایەی حکومەتی کۆماریدا هەوڵی

www.pertwk.com

پچڕپچڕ درا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی زمانی کوردی. لە ساڵی 1960داو بە ماوەیەکی کورت قاسم بەڕێوەربەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردیی دامەزراند. هەردوو نەخشە دوانزە خاڵییەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز لە ساڵی 1966داو بەیانی ئازاری 1970 ڕێنومایی هەمەلایەنەیان دەربارەی دابینکردنی پێداویستییەکانی کەلتوورو زمانی کوردیی تێدابوو، ئەگەرچی بەربەستە سیاسییەکان ڕێگایان لە جێبەجێکردنی هەر چاککردنێکی بنەڕەتیی پەروەردە لە کوردستاندا گرتووە. سەرباری ئەوەش پتەوکردنی ڕۆحی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوەو بیرکردنەوەی ئەو ناسیۆنالیزمەو ڕژێمەکەی لە داگیرکردن و بوونی بە رابەری سەلمێنەرو پیادەکەری یەکێتیی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر حسابی لاوازکردنی ئەوانی ترو بەلاوە نانیان بووە، ئەم هەڵوێستەش بە شێوەیەکی شاراوەو لە پشتەوە شێوەی ناسیۆنالیزمی لە عێراقدا شلۆق و ناجێگیر کردووە.

گواستنەوەی دانیشتوان و راگواستن ڕێگایەکی تر بووە کە بەعەرەبکردن لە کوردستاندا پیادە کراوەو پەرەی پێدراوە. لە راستیدا ویلیەم وێستەرمان لە لێکۆڵینەوە بەرزو نایابەکەیدا دەربارەی بزوتنەوەکانی سەربەخۆیی کورد کە بە شێوەیەکی سەرەتایی لە تەمموزی ساڵی 1946دا لە بڵاوکراوەی (کاروباری بێگانە)دا بڵاوی کردۆتەوەو ئێمەش لە بڵاوکراوەی هاوینی 1991دا ئەم وتەیەمان لێ وەرگرتووە: گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا (رەگەزی کوردی زۆر لە کەمایەتییەکی گەورەی دانیشتوانی ناوخۆ زیاتر پێکدێنێت)[86]. ئەمەش تەئکیدکردنێکە لە ئاستێکی باڵای گفتوگۆ لەسەر کردندایەو ئەو راستییە دەردەخات کە ئەو زانیارییە سەرژمێرییەی کە بۆ هەموو بەشێك هەیە یان لە بەردەستدا نییە یان وردەکاریی تێدا نییە بە پێی عێراق. حکومەتی عێراق و کوردەکانیش هەمیشە دانیان بەوەدا ناوە کە کورد زۆرینەی دانیشتوانە لە هەولێرو سلێمانیدا، بەڵام ئەوەی مایەی ڕێك نەکەوتن و گیروگرفتە مەسەلەی کەرکوك و



ناوچەکانی ترە. لەوانەیە جێگای خۆی بێت ئەگەر پێ لەسەر ئەوە دابگیرێت کە ئەگەر دانیشتوان رانەگواسترانایە ئەوا کورد لە موسڵ و کەرکوکدا زۆرینەیەکی لاوازیان (واتە لە نیوە زیاتر، و.ك) پێکدەهێنا و لە ناوچەکانی خوارتریش واتە لە خانەقین و مەندەلی ئامادەبوونێکی بەهێزیان دەبوو. لەبەر ئەوەی هەولێرو سلێمانی دەکەونە قووڵایی کوردستانی عێراقەوە بە عەرەبکردن و راگواستن کاری لەو ناوچانە نەکردووە وەکو ئەوەی کە لەرادەبەدەر کاری لە ناوچە کوردییەکانی تر کردووە.

بە مەبەستی بەعەرەبکردنی کوردستان ڕێگای جۆراوجۆر لەبەرگیراوە. تەسریحاتی ترسێنەری سەربازی و گواستنەوەی ئەو کوردانەی کە ملیان بۆ بەعەرەبکردن نەداوەو لە دژی راوەستاون هەندێ جار بوونەتە هۆی گواستنەوەی بە کۆمەڵی دانیشتوان. ئەو ناوچە سەرەکییانەی کە کوردیان بۆ گواستراوەتەوە بریتی بوون لە ناسریەو سەماوەو رومادی و لە ناوچەی بیابانی باشووری ڕۆژئاوای وڵات[87]. هەروەها حکومەت ژمارەیەکی گەورەی لە کۆمەڵگای زۆرەملێ لە کوردستاندا دروست کردو ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران لە گوندە کۆنەکانی خۆیان گواسترانەوەو لەو گوندە نوێ پێکەوەییە دروستکراوانەدا نیشتەجێ کران. بیانووی حکومەت بۆ ئەم بەرنامەیە ئەوە بوو کە جێگای نیشتەجێبوونی چاکترو هاوچەرخانە پێشکەشی خەڵکی کورد بکات. سەرەڕای ئەوەی کە نەخشەی ئەم گوندانە بە ئاسانی بواری چاودێریکردنی ڕێك دەخست ئەویش بە پێی سروشتی نیشتەجێبوون تیایاندا، هەروەها بە ئاسانی لادێییەکانی تێدا کۆنترۆڵ دەکرا. لەبەر ئەوە لادێییەکان پێیان وابوو کە مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی گوندی زۆرەملێ (پێکەوەیی) بۆ ڕێگاگرتنە لە پەیوەندیی نێوان دانیشتوان و پێشمەرگە[88]. لەم تێڕوانینەوە گوندی پێکەوەیی یان کۆکراوە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی گوندە ستراتیژەکان کە ئەوەش لە ڤێتنامی باشوورەوە وەرگیراوە کە ئەو جۆرە گوندە دروست کرا بۆ نیشتەجێکردنی جوتیاران و

www.pertwk.com

بڕینی پەیوەندییان لەگەڵ گەریلاکانی ڤیات کۆنگدا لە شەڕی ڤێتنامدا.

لە هەندێ ناوچەدا لە ژێر پەردەی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاککردنی نوێی زەویدا حکومەت دەستی گرت بەسەر زەویی خاوەن مڵکە نیمچە دەرەبەگەکاندا، پاشان قەرزو پاداشتی لە ژێر ناوی پشتگیریکردندا پێشکەشی جوتیارە عەرەبەکان دەکرد بۆ ئەوەی (بەش) لەو زەوییە دەستبەسەراگیراوانە بکڕن، بەڵام قەرزی هاندان و شێوازی بەخشین بۆ جوتیارانی کورد بە شێوەیەکی گشتی بوونی نەبوو، هیچ چارەو هەڵبژاردنێکیشیان لە بەردەستدا نەبوو جگە لە بەجێهێشتنی گوندەکانیان و گەڕان بە دوای ئیشدا لە شوێنی تردا. لە ناوچەکانی تریش بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و سنجار کورد بە ئاشکرا زەوی کڕینیان لێ قەدەغە کرابوو، هەروەك ڕێگای ئەوەشیان لێ گیرابوو کە زەوییەکی نوێیان بەناوەوە بێت[89]. لە ناوچەکانی تریشدا ڕژێمی بەعس هێڵەکانی سنووری ئیداری جارێکی تر کێشایەوە بەو مەبەستەی زۆرینەی عەرەب پێکبهێنێت. لە ئاکامی ئەم دیسان هەرێم جیاکردنەوەدا زۆر گوندی کوردی خرانە دەرەوەی سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمییەوە. بۆ نموونە گوندەکانی کەلار کە ژمارەی دانیشتوانیان 33000 کەس و کفری 50000 کەس و چەمچەماڵ 51000 کەس لە کەرکوك جیا کرانەوەو چیتر بە بەشێك لەو شارە دانەدەنران[90]. سەرجەمی ناوچەکانی موسڵ و ناوچە نەوتییەکانی کەرکوك و ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی ناوچەی سەرەکی بوون لە پرۆگرامی بەعەرەبکردندا کە ڕژێم نەخشەی دانابوو.

لە ماوەی 1972 – 1973دا پێکدادانی ناوبەناو بەردەوام بوو بۆ ڕێگاگرتن لە جێبەجێکردنی بەیانی ئازار. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیحتمالی شەڕی درێژخایەندا ئەنجامەکەی بەرەو سەرکەوتن نەدەچوو. حکومەتی بەعس لە 12ی کانونی یەکەمی ساڵی 1973دا نەخشەیەکی نوێی بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردی پێشکەش کرد، بەڵام ئەو نەخشەیە بە پێی بۆچوونەکانی



پارتی کەموکورت بوو. ناڕەزابوونی بنەڕەتیی پارتی لەسەر ئەو نەخشە پاکژکراوەی ئۆتۆنۆمی لەبەر ئەوە بوو کە حکومەت سووربوو لەسەر ئەوەی کە سەرژمێری ساڵی 1957 بەکار بهێنرێت بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستان، ئەم قسەیەش پێشتر لە لایەن مەلا مستەفاوە ڕەت کرابووەوەو لەگەڵ بەندی چواردەی بەیانی ئازاردا نەدەگونجا کە ئەو بەندە دەیگوت دەبێت سەرژمێرییەکی نوێ بکرێت بۆ دیاریکردنی قەوارەی دانیشتوانی کورد[91]. خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ساڵی 1972دا زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عێراقی ئاڵۆز کرد چونکە کاری لەباری ناوچە نەوتییەکانی کەرکوك کرد. مەلا مستەفا فشاری خستە سەر عێراق بۆ ڕازیبوون بە دابەشکردنی داهاتی نەوت بە پێی ڕێژەی دانیشتوان، دیارە حکومەت لە مەبەستی کورد بۆ داواکردنی کەرکوك بەئاگا بوو، لەبەر ئەوە ملی بۆ ئەو مەسەلەیە نەداو بەوە وەڵامی دایەوە کە تەنیا حکومەتی نیشتمانی دەتوانێت بڕیار لەسەر دابەشکردنی سامانێکی نیشتمانی وەکو داهاتی نەوت بدات.

لە سەرەتای ساڵی 1974دا حکومەتی بەعس گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە قسەکردن لەگەڵ مەلا مستەفا دەربارەی جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیانی ئازار ڕێگای نەداوە بە حکومەت کە لە ماوەی چوار ساڵی دیاریکراودا نەخشەکە جێبەجێ بکات. لە ئاکامدا حکومەت یەکلایەنە لای خۆیەوە نەخشەکەی گۆڕی و ئیعلانی نەخشەیەکی نوێی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە 11ی ئازاری 1974دا کرد.

حکومەت ماوەی پانزە ڕۆژی کات دا بە کورد بۆ ئەوەی ئەو نەخشەیە پەسەند بکات یان دەبێت لە داهاتوودا باجی لەدەستچوونی خۆبەڕێوەبردن بدات. یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی 1974 هەمان ئەو ناوچانەی خودبەڕێوەبردنی ساڵی 1970ی دەگرتەوە. سەرباری ئەوە یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ دامەزراندنی مەجلیسی یاسادانان و جێبەجێکردن و نەخشەڕێژی ئەو بەرپرسیارییانەی کە

www.pertwk.com

پێویست بوو بۆ حکومەتی هەرێمی (ئۆتۆنۆمی)و حکومەتی مەرکەزی پێشکەش کرا[92]. ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان دەبوو راستەوخۆ لە لایەن دەنگدەرانی کوردەوە هەڵببژێردرێن و ئەنجومەنی جێبەجێکردنیش (راپەڕاندن) لە لایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە هەڵدەبژێردرا. یاسای ئۆتۆنۆمی دیاریکردنی سنوورەکانی بەجێهێشت بۆ سەرژمێرییەك (هەتا ئەو سەرژمێرییە بڕیاری بدات. و. ك) بەڵام ئەوەی ئاشکرا بوو کە کەرکوك لە سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمیدا نەبوو. سلێمانی و هەولێرو دهۆك بوون بە ناوچە سەرەکییەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی و هەولێر بە پایتەختی هەرێمی کوردستان دانرا. هەروەك ئەریل دان Uriel Dann تێبینیی کردووە. شتێکی گرنگە کە دەرك بەوە بکرێت لە کاتێکدا کە سلێمانی ماوەیەکی دوورودرێژە مەڵبەندی ژیانی فیکریی و رۆشنبیریی کوردییەو خزمەتی لەو بوارەدا کردووە کرا بە پاشکۆو لەبری ئەو گرنگی بە هەولێر درا کاتێك کە حکومەتی مەرکەزی پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمی دیاری کرد. ئەگەر لە روانگەی پەیوەندیبوون بە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کوردەوە سەیر بکرێت ئەوا هەولێر گرنگییەکی مێژوویی کەمی هەبووە[93].

سەرکردایەتیی کوردی سەری سوڕما کاتێك سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر ئیعلانی نەخشەیەکی نوێی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کرد. هەروەك دەرکردنی پێشتری کەرکوك لە سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی لێدانێکی هێجگار گەورە بوو لە کورد. کاتێك حکومەت داوای لە مەلا مستەفا کرد کە هەولێر بە مەڵبەندی بەڕێوەبەرایتیی ئۆتۆنۆمیی کوردستان دابنرێت نەك کەرکوك، کورد نەخشەکەی حکومەتیان رەت کردەوە. هۆیەکی تری نزیك لەوە بۆ رەتکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی 1974 لە لایەن کوردەوە بریتی بوو لە بەڵێنی یارمەتیدانی زۆرتر لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل و شای ئێرانەوە بە کورد ئەگەر مەلا مستەفا لەسەر فشاردانانی زیاتر بۆ سەر بەغدا بەردەوام بوایە. وەکو پاشتر مەلا مستەفا ئەسەفی هەڵکێشا و گوتی:



ئەگەر بەڵێنی ئەو لایەنانە نەبووایە ئەوا ئێمە بەوجۆرە کارمان نەدەکرد کە کردمان، ئەگەر بەڵێنەکانی ئەمەریکا نەبوایە ئەوا ئێمە هەرگیز نەدەکەوتینە تەڵەوەو چارەنووسمان بەو حاڵەتە نەدەگەیشت[94].

مەلا مستەفاو هاوپەیمانەکانی لە بزوتنەوەی کورددا بە ئومێدی بەڵێنی دەستگیرۆیی زۆر شەڕی خۆیان دژی رژێمی عێراقی پەرە پێدا. سەرباری ئەو سەرکەوتنەی کە کورد بەدەستیان هێنا لەوەدا کە رێگایان لە پێشڕەوی سوپای عێراق گرت. بەڵام هێزەکانی کەوتنەوە دەست بەسەراگرتنەوەی هەندێ شاری گەورەی وەکو زاخۆ لە هاوینی 1974دا. ئەمەش بوو بە هۆی زیاترکردنی پاڵپشتی ئێران بۆ کورد. کە ئەوەش تۆپی دوورهاوێژی تێدابوو، لەوانەشە سەربازی ئێرانی جلی کوردییان لەبەرکردبێت (لە سەرەتای ساڵی 1975دا) (لەگەڵ کوردەکان بەشدارییان کردبێت. و. ك). شەڕ گەیشتە ئاستێك کە عێراق هەتا ئەو کاتەی یارمەتیی ئێران رانەگیرا نەیتوانی بیباتەوەو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەو شکستەش هەموو دیمەنی توانای شەڕی رووبەڕووی ئێران کردەوە. دیارە ئەم وڵاتەش ئەمەی نەویست[95]. توانای یارمەتیدانی بزوتنەوەی کوردی دژی عێراق لەو کاتەدا مەودایەکی فراوانی هەبوو، کە ئەویش وەکو چالاکییەکی ئێرانی وابوو.

لە سەرەتای شوباتی 1975دا عێراق بە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی راگەیاند کە حەز دەکات بە رێگای ئاشتییانە کێشەکانی لەگەڵ ئێراندا چارەسەر بکات و رازییە ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێراندا کە پەیوەندیی بە مەسەلەی سنووری نێوانیانەوە هەیە کۆتایی پێ بهێنێت. لە رۆژی 6ی ئازاری ساڵی 1975دا شای ئێران و سەدام حسێنی جێگری سەرۆکی عێراق لە جەزائیر چاویان بە یەکتر کەوت و رێککەوتننامەیەکیان سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە ناکۆکیی نێوانیان ئیمزا کرد، ئەویش بە ناوی رێککەوتننامەی جەزائیرەوە بوو کە لە 15ی ئازاردا ئاشکرا کرا. عێراق رازی بوو بەوەی کە هێڵی (سەلویج – Thalweg)ی شەتی عەرەب وەکو سنووری

www.pertwk.com

نێوان هەردوو وڵات دابنرێت. لە کاتێکدا کە پێشتر عێراق سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو دەروازە ئاوییەدا هەبێت کە لەوپەڕی باشوورەوە هەردوو وڵاتی لێکتر جیا کردۆتەوەو دەکەوێتە سەر دەروازەی کەنداو. لە بەرامبەر ئەوەدا شای ئێران رازی بوو کە هەموو یارمەتیو پشتگیرییەکانی بۆ بزوتنەوەی کوردی عێراق رابگرێت.

رێککەوتننامەی جەزائیر لێدانێکی سەختو تاڵ بوو لە خەونی کورد بۆ ئۆتۆنۆمیو، تواناى مەلا مستەفای بۆ درێژەدان بە شەڕ تووشی شکست کرد. دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ شادا، مەلا مستەفا لە 23ی ئازاردا بەیانێکی دەرکردو فەرمانی بەهێزەکانی کرد کە واز لە شەڕکردن بهێننو چەکەکانیان دابنێن. پاشان حکومەتی عێراق لێبوردنێکی گشتی بۆ پێشمەرگەکانی کورد دەرکردو لە 1ی نیسانەوە دەستیان کرد بە خۆتەسلیم کردنەوە. لە هەمان کاتدا حکومەتی ئێرانی ئاگاداریی پێشمەرگەو مەدەنییە کوردەکانی کرد بە تایبەتی ئەوانەی کە لە نێو ئێراندا بوونو ئاوارە بوون، کە بە زوویی سنووری نێوان عێراقو ئێران دادەخرێت لە هەرێمی کوردستاندا لەبەر ئەوە ئەوانەی لێبوردنەکەی بەغدایان بەلاوە پەسەندە پێویستە لەو ماوەیەی کە لە یەکی نیساندا بۆ لێبوردنەکە دیاری کراوە بگەڕێنەوە. لە هەمان کاتدا شا پێشنیاری کرد مەلا مستەفاو هەندێ لە پێشمەرگەکانیو ئەندامانی عەشیرەتەکەی دەتوانن لە ئێران بمێننەوە، کە دوای نیشتەجێبوونیان لە ئێراندا خرانە ئۆردوگاوە ئەویش لەو ناوچانەی کە دوورن لە سنوورەکانی کوردستانەوە. واتە لەو جێگایانە دانران کە جووڵەو هەڵسوکەوتیان بە ئاسانی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە چاودێری بکرێت. مەلا مستەفا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شێرپەنجە پاش ماوەیەکی کورت لە مانەوەی لە ئێراندا چوو بۆ ئەمەریکا. لە یەکی ئازاری 1979دا لە واشنتۆن دی سی کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری شنۆی ئێرانو لەوێ بەخاك سپێردرا.



لەبەر کورتی کاتی لێبوردنەکەو ترسان لە حکومەتی عێراقی زۆربەی کوردەکان لە پێش 1ی نیسان نەگەڕانەوە بۆ عێراق. هەندێ لەوانەی کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکی پێش تەواوبوونی لێبوردنەکەدا گەڕانەوە، رێگایان پێدرا کە ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێبکەنەوە، ئەوانی تریش بە تایبەتی هەڵاتووەکانی سوپا (واتە دەرەجەدارەکان) رەوانەی ناوچەکانی باشووری دووری نیشتمانی خۆیان کران. سەرباری ئەوەش حکومەتی بەعس هەوڵی دا ناوچەیەکی چۆڵ دروست بکات ئەویش بە رووخاندنی پەنجا گوندی کوردی بە درێژایی سنوورەکانی ئێرانو تورکیاو گواستنەوەی دانیشتوانەکانیو نیشتەجێکردنیان لە شوێنانی تر. ژمارەی ئەو کوردانەی کە راستەوخۆ دوای کارەساتەکەی رێککەوتننامەی حەزائیر نیشتەجێ کرانەوە هێجگار زۆربوو لە نێوان 40000 بۆ 300000 کەس دەبوو[96].

## خەباتی کورد دوای مەلا مستەفای بەرزان

رێککەوتننامەی جەزائیر گفتوگۆی گەرمی لە نێوان کوردەکاندا دەربارەی ئاراستەی خەباتی کورد لە عێراقدا هێنایە گۆڕێ. پارتی دیموکراتی کوردستان دابەشبوو بۆ چەند گروپێك. کوڕانی مەلا مستەفا ئیدریسو مەسعود لە ئێران لایەنگرە دڵسۆزەکانی باوکیان کۆ کردەوەو پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی)یان دامەزراند. ئەم گروپە درێژەی بە شەڕکردن دژی عێراق دا بەڵام بە سەرکەوتنێکی کەمەوە. سەرباری ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی) وەکو پێکهێنەرێکی گرنگی بەرەنگاری کوردی کە سەوداسەری گفتوگۆی چارەسەرکردنی داواکاریی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان دەمێنێتەوە. کاتێك ئیدریس بەرزانی لە تەمموزی 1987دا لە ئەنجامی نەخۆشیی دڵدا کۆچی دوایی کرد پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی) رووبەڕووی قەیرانێکی

www.pertwk.com

سەرکردایەتی بووەوە. هەرچەندە بە یارمەتیی ئێران‌و پەیوەندیی بەهێزی مەسعود بەرزانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، پارتی توانیی چالاکانە کار بکات. وەکو هێزێکی هاوپەیمانی ئێران لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕی نێوان عێراق‌و ئێراندا، هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی) ناوبەناو شەڕی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆمەڵەیان دەکرد کە دوژمنی حکومەتی تاران بوون. بە شەڕکردنی هاونیشتمانیانی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی) هەندێ شەرعیەتی لەدەست دا بەوەی وەکو (داوا جێبەجێکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران) دەرکەوت[97]. هەرچەندە دوای شکستی سەربازیی سەدام حسێن لە جەنگی کەنداوی ساڵی 1991دا لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا، مەسعود بەرزانی وەکو زمانحاڵ‌و سەرۆکی وەفدی کوردیی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەرکەوت.

گرووپێکی تری هاوپەیمانی مەلا مستەفا لە لایەن هاشم عەقراوییەوە سەرکردایەتی دەکراو یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی 1974ی بەعسی پەسەند کردو کۆتایی بە دژایەتیکردنی حکومەتی بەعس هێنا. لە ژێر ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی سەر بە بەعسدا ئەم گروپە دەورێکی چالاکانەیان بینی لە بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردیداو بوون بە بەشی کوردی لە حیزبی بەعسی عێراقیدا. لەبەر پەیوەندیی نزیکی پارتی دیموکراتی بەعسی کوردستان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، ئەم بەشە جیابووەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا لە تێڕوانینی زۆربەی کوردەوە شەرعیەتی خۆی لەدەست داو چیتر بە نوێنەری داواکاری ئۆتۆنۆمیی کوردی حساب نەدەکرا.

دابەشبوونی دیارتر لە بزوتنەوەی کورددا کاتێك روویدا کە دەستەیەك لە ئەندامانی رادیکاڵیی پارتی‌و لایەنگرانی پێشتری مەلا مستەفا، مەلا مستەفایان بەوە تاوانبار کرد کە گوایە ناپاکیی لە مەسەلەی کورد کردووە لە



ڕێگای پەیوەندی بەستنەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و ئیسرائیل‌و شای ئێراندا کە ئەوەش بوو بە هۆی رووخاندنی بەرەنگاری کوردی. لە ئاکامدا ئەو کوردانەی لە داوی وەهم رزگار بوون لە ژێر سەرکردایەتیی جەلال تاڵەبانیدا حیزبێکی نوێی سیاسییان پێك هێنا بە ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە. تاڵەبانی بە شێوەیەکی رەسمی لە حوزەیرانی 1976دا لە دیمەشق ئیعلانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد. لە ساڵانی سەرەتایدا یەکێتیی نیشتمانی بریتی بوو لە سێ باڵی جیاواز، هێڵی سەوز (خەتی گشتی) بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم باڵە لە کەسانی تایبەتی سەر بە تاڵەبانی پێك هاتبوو، کۆمەڵەی مارکسی – لینینی (لێرەدا دەبێت کۆمەڵەی کوردستانی عێراق لەگەڵ کۆمەڵەی ئێراندا تێکەڵاو نەکرێن)، لەگەڵ حیزبی سۆشیالیستی کوردستان. سەرکردایەتیی یەکێتی هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی چەسپاوی تاڵەبانیدا بووە[98].

سەرکردایەتیی تاڵەبانی بەوە دەناسرایەوە کە زنجیرەیەك هاوپەیمانێتی ناچوونیەکی هەبووە لەگەڵ وڵاتان‌و گروپەکانی تری ناوچەکەدا. تاڵەبانی پەیوەندیی پتەوی خۆی هەر لە ساتەوەختی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانییەوە لەگەڵ سوریادا پاراستووە. لە ساڵی 1979دا یەکێتیی نیشتمانی پشتگیریی کۆمەڵەی ئێرانی کرد کاتێك هێزەکانی ئێران کۆمەڵەی ئابلۆقە دا، هەرچەند کۆمەڵەی مارکسی – لینینی ئێرانیی هاوپەیمانی یەکێتی، لە ساڵانی دواتردا لە یەکێتی دوور کەوتەوە ئەویش بەهۆی جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکانی نێوانیانەوە. ساڵی 1981 تاڵەبانی هاوپەیمانێتییەکی لاوازو ناجێگیری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بە سەرۆکایەتیی قاسملۆ پێك هێنا. ئەوەش بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ دروستکردنی جۆرێك لە هاوسەنگی دانان بوو بەرامبەر بە پشتگیریکردنی کۆماری ئیسلامی لە پارتی دیموکراتی (سەرکردایەتیی کاتی). ئەمەش بوو بە هۆی پێکدادانی گەورە لە نێوان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی

www.pertwk.com

کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی)و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئەوەش لە راستیدا بریتی بوو لە لاوازکردنی یەکێتیی کورد لە عێراقدا.

لە ساڵی 1983دا، لە گەرمەی شەڕی عێراق – ئێراندا، کۆماری ئیسلامی بە هاریکاریکردنی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا هێرشێکی گەورەی کردە سەر بنکەکانی عێراق لە ناوچە کوردییەکان لە کوردستانی عێراقدا، لە ئەنجامی ئەوەدا تاڵەبانی ئامادەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ شەڕی ئەم (داگیرکەرە دەرەکییانە) نیشان دا چونکە تاڵەبانی ویستی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سەدام حسێندا چاك بکات. لە رووی وەرگێڕانێکی گەورەدا یەکێتی ئیعلانی کرد کە ئاگربەستی لەگەڵ رژێمی عێراقدا پەسەند کردووەو فیکرەی رازیبوون بە ئۆتۆنۆمیی سنوورداری سەدام حسێنی لەو بارودۆخەدا خستۆتە بەردەم لێدوانەوە. یەکێتی بیانووی بۆ پەرۆشی یان سەرسامبوونی خۆی بەوە دەهێنایەوە کە دەیگوت: هەر هیچ نەبێت دەتوانین لەگەڵ سەدام حسێن گفتوگۆ بکەین بەڵام خومەینی بیست هەزار کوردی کوشتووەو وەکو بەکرێگیراوی شەیتان سەیری هەموو کەمایەتییەکان دەکات[99].

هەتاکو ناوەڕاستی ساڵی 1986 پەیوەندیی تاڵەبانیو مەسعود بەرزانیو ئیدریس بەرزانی بە خراپی مایەوە، بەڵام رەوینەوەی ئومێدی تاڵەبانی بە سەدام حسێنو هەوڵدانی توندی یەکێتیی نیشتمانی بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە لەگەڵ رژێمی بەعسدا گۆڕانکارییەکی تری لە شێوازی هاوپەیمانێتی تاڵەبانیدا کرد. لە تشرینی دووەمی 1986دا پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتیی کاتی)و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئارەزووی خۆیان بۆ بەلاوەنانی ناکۆکییەکانیان نیشان داو لە کۆبوونەوەیەکی تاڵەبانیو ئیدریس بەرزانیو مەسعود بەرزانیدا لە تاران رێککەوتننامەیەکیان بۆ یەکخستنی



چالاکییەکانیان دژی دوژمنی سەرەکییان واتە بەعسی عێراق ئیمزا کرد[100].

ئەمەش نەك هەر بۆ بزوتنەوەی کوردیی سەرکەوتن بوو بەڵکو سەرکەوتنیش بوو بۆ کۆماری ئیسلامی لە شەڕی دژ بە حکومەتی عێراقدا. هەڵوێستی گەرموگوڕی لەناکاوی یەکێتیی نیشتمانی بەرامبەر بە ئێران لەم دەربڕینەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە لە لایەن تاڵەبانییەوە دەربڕراوە: پەیوەندیبوون (لەگەڵ ئێراندا) پێویستەو بنیادنەرەو شەرعییەو... لە بەرژەوەندیی گەلی کوردە... (ئەم پەیوەندییە) فاکتەرێکی بڕیاردەرە لە رزگارکردنی کوردستاندا[101].

نزیکبوونەوەی نێوان هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو هێزەکانی بەرزانی کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکران بوو بە هۆی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی عێراق لە ساڵی 1988دا. وەکو لە بەشی پێنجەمی (ئەم کتێبەدا) گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، لە ژێر سایەی سەرکردایەتیی جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیدا، بەرەی یەکگرتووی کوردستان کە هەموو لایەنە نەیارەکانی سەدام حسێنی لە کوردستانی عێراقدا کۆکردۆتەوە، سەرکردایەتی گفتوگۆی رێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لە بارودۆخی دوای شەڕی کەنداودا لەگەڵ سەدام حسێندا کرد، دیارە شەڕی کەنداو هێزێکی زیاتری دا بە کورد لە گفتوگۆکردنیدا لەگەڵ بەغدا.

هەڤاڵێکی نزیکی تری (مەلا مستەفا. و. ك) مەحمود عوسمان بوو کە دوای شکستی مەلا مستەفا لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیا بووەوەو رێکخراوێکی بۆ خۆی لە ژێر ناوی (لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان) دامەزراند. بە شێوەیەکی سەرەکی لە سوریا دامەزراو لە ساڵی 1977دا سەرکردایەتیی خۆی گواستەوە بۆ کوردستانی عێراقو برەوی بە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا دا، بە تایبەتی لەگەڵ گروپی بزوتنەوەی سۆشیالیستو سەرۆکەکەیدا کە رەسوڵ مامەند بوو. بەدوور لە وەهمو لەوەیدا کە مەحمود عوسمان لە شێوازی دەسەڵاتدارێتیو

www.pertwk.com

سەکردایەتی نائاسایی تاڵەبانیدا بینی، خۆی و گروپەکەی لە بەهاری 1979دا لە یەکێتی جیا بوونەوەو هەندێ هێز لەگەڵ بزوتنەوەکەی مەحمود عوسماندا یەکیان گرت. ئەم یەکگرتنە حیزبێکی تری نەیاری پێکهێنا کە ئەویش حیزبی یەکگرتووی سۆشیالیسی کوردستان بوو، ئەم حیزبە لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا کە ساڵی 1981 بەستی، ناوی خۆی گۆڕی بۆ حیزبی سۆشیالیستی کوردستانی عێراق[102]. لە ساڵانی دواتردا پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و حیزبی شۆشیالیستی کوردستانی عێراق هەرەسی هێنا و سۆشیالیست لە شەڕەکانیدا لەگەڵ لایەنی تاڵەبانی ژمارەیەکی گرنگ لە لایەنگرانی خۆی لەدەست دا. ئێستاش حیزبی سۆشیالیستی کوردستان وەکو ئەندامێکی بەرەی کوردستانی لە پەراوێزدایە.

دابەشبوون لە نێو بزوتنەوەی بەرگریی کوردی عێراقدا لە ئەنجامی کۆچی دوایی مەلا مستەفادا هەڵوێستی کوردی تووشی شکست کرد لە بەرامبەر رژێمی بەعسی عێراقدا. هەرچەندە شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی 1980 بۆ 1988و شەڕی کەنداو لە ساڵی 1991دا لە دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن سەدام حسێنەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان کاریان لە خەباتی کورد کردووەو ئەو هەل و سنووردارێتییانەیان پێشکەش کردووە کە کاریان لە درێژەی خەباتی کورد کردووە. ئەم بەرەو پێشەوەچوونانەش لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا شی دەکرێتەوە.



# بەشی چوارەم

## کورد لە تورکیادا

### تورکە چیاییەکان

رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و پارچەپارچەبوونی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیداو دروستبوونی تورکیای نوێ پێی نایە قۆناغێکی بەهێزی ناسیۆنالیزمی تورکەوە (وەکو نەیاری عوسمانی)، ئەویش لەسەر حسابی مافەکانی کەمایەتییە ئیتنیکییەکانی تر لە وڵاتدا. پەیمانەکانی دوای جەنگ واتە پەیمانی سیڤەرو لۆزان کە لە بەشی سێیەمدا باس کران، ترسی تورکیای نوێیان لە هەڵوەشاندنەوەی زیاتر بەرەو پێداو ئارەزووی سەرکردایەتیی ئەو وڵاتەیان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئیتنیکیی غەیری تورک چڕتر کردەوە. لە سەدەی بیستەمدا هیچ وڵاتێك هێندەی تورکیا سەرقاڵی لە نێوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد نەبووە. تا ئەو ئاستەی کە حکومەتی تورکی زاراوەی (تورکی چیایی)ی بۆ ناوهێنانی دانیشتوانی کورد داهێنا. سیاسەتی کۆماری تورکیا بەرامبەر بە کورد لە لایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری نەتەوەیی تورکیای نوێوە نەخشەی کێشراوە، دوای ئەویش جێگرەوەکانی برەویان پێداوە. یەکێك لە هاوڕێ هەرە دڵسۆزەکانی ئەتاتورك عیسمەت ئینینۆی سەرۆك وەزیری تورك بوو کە پەیڕەوی پەردەپۆشی سیاسەتی کەمالیستی بە دژی کورد دەکرد. تەنیا نەتەوەی تورك مافی داواکردنی مافی ئیتنیکی و نەتەوەیی هەیە لەم وڵاتەدا، هیچ رەگەزێکی تر هیچ جۆرە مافێکی لەو جۆرەی نییە[1].

www.pertwk.com

ئەم بۆچوونە لە ئەیلوولی 1930دا لە لایەن وەزیری دادی ولاتەوە مەحموت ئیسات بۆزۆرت دووپات کرایەوەو گوتی: (ئێمە لە ولاتێکدا دەژین پێی دەوترێت تورکیا کە ئازادترین ولاتە لە جیهاندا.. بە بڕوای من دەبێت تورك تاکە خاوەن‌و تاکە سەروەری ئەم ولاتە بن، ئەوانەی کە لە رەگەزی خاوێنی تورك نین تەنیا یەك مافیان لەم ولاتەدا هەیە ئەویش مافی خزمەتکاری‌و کۆیلایەتییە)[2]. ئەمەش باری کوردی لە تورکیا بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کوردی ئێران‌و عێراق جیا کردۆتەوە. کە لەو دوو ولاتەدا ناسنامەی ئیتنیکیی یەکسانبوونیان لە لایەن یاساوە دانی پێدانراوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی بەردەوامیش بە کردەوە ئەوە نەسەلمێنرابێت.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هەندێ راپەڕینی کوردی لە سنووری ئیمپراتۆری عوسمانیدا روویان داوە، گرنگترینی ئەو راپەڕینانە لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلای نەهرییەوە سەرکردایەتی کراو لە ناوچەی هەکاریدا بوو ئەویش لە ساڵی 1880دا. ئامانجی شێخ عوبەیدوڵلا دامەزراندنی کوردستانێکی گەورەتر بوو ئەویش بە یەکخستنی کوردەکانی ئێران‌و کوردەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی. لە رۆیشتن بە دوای ئەم ئامانجەدا، شێخ عوبەیدوڵلا هێرشی سەربازیی لە ناو ئێراندا دەست پێکرد کە بوو بە هۆی هاریکاری نێوان دەسەلاتدارانی ئێران‌و عوسمانی بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکەی، پاشان شێخ عوبەیدوڵلا خۆی دەستگیر کراو نەفی کرا بۆ شاری مەککەو لەوێ مایەوە هەتا کۆچی دوایی کرد.

راپەڕینەکەی لەو رووەوە گرنگ بوو کە مژدەی سەرهەڵدانی راپەڕین‌و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی سەدەی بیستی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەویش وەکو دژایەتی بۆ فیودیالیزم‌و خێلایەتی یان ئایین بەلام بە شێوەیەکی شاراوە. بە لای شێخ عوبەیدوڵلاوە کورد خاسیێتی دەگمەنیان هەبوو کە وای لێکردوون لە گەلانی تورك‌و فارس جیاواز بن لە کاتێکدا لە ژێر دەسەلاتی ئەو دوو گەلەشدا ژیاون. شێخ عوبەیدوڵلا لە نامەیەکدا بۆ دیبلۆماتی بەریتانی لە



ساڵی 1878دا نووسیوویەتی: (نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی جیاوازە.. هەروەها سەرۆك‌و فەرماندارانی کوردیش جیاوازن گەرچی ژێر دەستەی تورك یان فارس بوون، دانیشتوانی کوردستانیش هەموو پێکەوە یەکگرتوون‌و لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو کێشانە ناشێت بەم جۆرە لەگەڵ دوو حکومەتدا بەردەوام بن)[3].

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا ژمارەیەك لە رێکخراوی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئەدەبی هەستی نەتەوایەتیی کوردیان برەو پێدا. لە ساڵی 1897دا یەکەم رۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لە لایەن بنەماڵەی ناسراوی بەدرخانییەکانەوە دەرچوو. ئەم رۆژنامەیە خزمەتی بلاوکردنەوەی چالاکی کەلتووری‌و نەتەوایەتیی کوردی کرد. رۆژنامەی کوردستان بە پچڕپچڕ بۆ چەند (دەیە)یەك لە قاهیرەو هەندێ پایتەختی تری ئەوروپا دەرچووە[4]. لە ساڵی 1908دا بنەماڵەی بەدرخان‌و جەنەراڵ شەریف پاشای خەڵکی سلێمانی چەند یانەیەکی ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەلایەتیی کوردییان دروست کرد کە لە ماوەی کورتی پەیوەندیی خۆشی نێوان کوردو تورکدا چالاکانە کاریان کرد. قوتابخانەی کوردی لە ئەستەمبوڵ منداڵانی کوردی فێر دەکرد هەتا لە ساڵی 1909دا لە لایەن دەسەلاتدارانەوە داخرا[5]. سەرەڕای ئەستەمبوڵ مەڵبەندی کەلتوورو زمانی کوردی لە شارەکانی دیاربەکرو موسڵ‌و بەغدا دامەزرابوون. رۆشنبیرانی کوردو چالاکییەکانیشیان لەگەڵ ئەوەشدا کە هەبوون بەلام کاریگەرییەکی لاوازیان لە دەرەوەی ناوچە شارییە گەورەکاندا هەبوو. لە لادێدا، رۆشنبیری کورد کە بە فیکری لیبریالی رۆژئاوا رۆشنبیر بووبوو لە لایەن ئاغاو خانی کوردەوە بە پەسەند سەیر نەدەکران‌و وایان حساب دەکردن کە (بە دوژمنایەتی‌و گومانەوە بیروباوەڕی نائایینی‌و شۆڕشگێڕییان هەڵگرتبێت)[6].

سەرباری دووانەی شارو لادێ لاوازی پێشکەوتنی رێکخراوە نەتەوەییە

www.pertwk.com

کوردییه یەکگرتووەکان دژایەتی لە نێوان بنەماڵە فیودیالە دیارەکاندا برەو پێدەداو هەروەها یەکێتیی کوردی لاواز دەکرد. بۆ نموونە نەبوونی متمانە لە نێوان بنەماڵە دیارەکانی بەدرخانیو شێخ عەبدولقادردا زۆر توونـد بوو کە بەردەوام سیخوڕییان بەسەر یەکترەوە دەکـردو زانیارییان دەدا بە دەسەڵاتدارانی تـورکی[7]. ئەم جۆرە زانیارییانە سەلماندیان کە بۆ تورك شتێکی بێ بەهابوو کاتێك لە دوای رامکردنی سەرهەڵدانی راپەڕینی کوردی دەگەڕان لە سنووری ئیمپراتۆرە وێرانبووەکەیاندا.

سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی کوردی وا نیشان دا کە هەلی فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی تورکیایان لە بەردەستدایە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات هەرچەندە سوڵتانی عوسمانی جەنگەکەی بە جەنگی پیرۆز دانا و زۆربەی کورد بە دەنگ داوای سوڵتانەوە چوون بۆ بەرگریکردن لە ئیمپراتۆری عوسمانیی ئیسلامی. هەروەها سوڵتان زیرەك بوو لە تەقاندنەوەی پەشێویی نێوان کوردو ئەرمەنییەکانداو کوردەکانی کرد بە سەرباز لە شەڕەکەیدا دژی کەمایەتیی ئەرمەنی. کاتێك سوپای رووس گەیشتە کوردستان لە سەروەختی جەنگدا، زۆر لە ئەرمەنییەکان پێشوازییان لێکردو وەکو زرگارکەر سەیریان کرد، لەبەر ئەوە پشتگیریی رووسەکانیان کرد لە قەتڵو عامی کورددا. لەگەڵ ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی (مۆدرۆس Mudros) لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1918دا گەرچی جەنگی یەکەم بە گوێرەی تورکیا گەیشتە کۆتایی، بەڵام کوردو ئەرمەنی زەمینەیەکی نوێیان دۆزییەوە بۆ هاریکاریکردن کاتێك هەردووکیان ویستیان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن.

بیانووی شاراوە بۆ کێشەی نێوان ئەرمەنو کورد هێشتا لە ئارادا بوو لە کاتێکدا کە ناوچەی بەنێو یەکداچوویان هەبوو، بۆ نموونە ویلایەتەکانی عوسمانی (دیاربەکرو خاربوتو بەتلیس) هەردوو لا بە هی خۆیان دەزانین. بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ناحاڵیبوونی ئایندە جەنەراڵ شەریف پاشا نوێنەرایەتیی کوردی کردو جەنەراڵ بوگلۆس پاشا نوێنەرایەتیی ئەرمەنی



کرد لە 20ی ئەیلوولی 1919دا لە پاریس رێککەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد[8]. ئەم رێککەوتننامەیە کاری لە هاوپەیمانان کرد کە داوای دامەزراندنی کورستانێکی سەربەخۆو ئەرمینیایەکی سەربەخۆ بکەن کاتێك کە پەیمانی سیڤەریان لە ساڵی 1920دا لەگەڵ تورك ئیمزا کرد، گەرچی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر هەرگیز جێبەجێ نەکران.

هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ساڵی 1924دا چەمکە بۆچوونی کۆنی عوسمانی لە بارەی ئوممەتی ئیسلامییەوە لاواز کردو بواری بە فیکری کەمالیستە عیلمانییەکانی نەتەوەی تورك دا کە دەربکەوێت. لەبەر ئەوەی سەرکردە ئایینیو خێڵایەتییەکانی کورد دەسەڵاتیان لە هەردوو دەزگای سوڵتانیو خەلافەت وەرگرتبوو، هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەزگایانە بنەمای ماددیو رۆحیی ئەو شەرعیەتەی راماڵی، کە وایان لە کۆماری تورکیا کرد کە رێگا لە هەرجۆرە بەیانکردنێکی ئاشکرای ناسنامەی کوردی بکرێت. ئەم هەڕەشەیەی کەمالیست لە ناسنامەی کوردیو بنیادە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان کوردی هێنایە بواری پێشبڕکێ کردنەوەو هەندێ جاریش دەیگەیاندە دژایەتیکردنی تەواوەتیو تێڕوانینی دژ لە خەباتی گشتیدا دژی کۆماری تورکی. لەم بوارەدا سێ بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد جێگای باسن.

یەکەم بریتی بوو لە راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران کە لە شوباتی ساڵی 1925دا دەستی پێکرد بە هێزێکی راپەڕیوی کوردەوە کە ژمارەکەی بە پانزە هەزار کەس دادەنرا[9]. شێخ سەعید مسوڵمانێکی بڕوا پتەوو کوڕی شێخێکی نەقشبەندی بوو، راپەڕینەکەی شێخ سەعید چالاکییەکانی رێکخراوێکی نەتەوەیی کورد کاری لێکرد کە ئەویش (جیهاتا ئازادی کورد) بوو کە دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ (جهاتا خۆسەریا کورد) واتە (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) یان ئازادی یان سەربەخۆیی[10]. سەرباری ئەوەی کە ئەم رێکخراوە بە نهێنیو لە ئەناتۆڵیا لە نێوان ساڵانی 1921 – 1924دا دامەزرا. تورکەکان لێی بەئاگا بوونو پەیوەندییان بە سەرهەڵدانو دروستبوونی (ئازادی)یەوە هەبوو.

www.pertwk.com

دەوڵەت بۆ لەنێوبردنی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەو دوورخستنەوەی کورد لە بەشداریکردنی حکومەتی تورکی بە شێوەیەکی دیاریکراو ئەو ئەفسەرە کوردانەی دەرکرد کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا مەیلیان بەلای (ئازادی)دا هەبێت یان ئەندام بن تیایدا. حکومەت هەروەها هەڕەشەی سزای توندی لەو کوردانە کرد کە ئەندامبوونیان لە (ئازادی)دا ئاشکرا بێت. هەروەك ڕۆبێرت ویڵسن دەریبڕیوە، ئامانجەکانی ئازادی سێ شت بوو کە ئەوانیش بریتی بوون لە ڕزگارکردنی کورد لە چەوساندنەوەی ژێر دەستی تورك. پێدانی ئازادی بە کوردو هەل ڕەخساندن بۆ پێشخستنی وڵاتەکەیان، بەدەستهێنانی یارمەتیی بەریتانیاو پەیبردن بەوەی کە کوردستان ناتوانێت بە تەنیا بمێنێتەوە[11].

(ئازادی) دەورێکی گرنگی بینی لە ڕێکخستنی ڕاپەڕینی ئەفسەرە کوردەکان لە حامیەی بەیات سەباب لە ئیلولی 1924دا، ڕاپەڕینەکە شکستی هێنا چونکە سەرکردەکانی (ئازادی) توانایان نەبوو ڕاپەڕینی ئەفسەرانی کورد لەگەڵ ڕاپەڕینی چاوەڕوانکراوی سەرۆك خێڵەکاندا یەك بخەن. سەرباری ئەوە قسە گەیشتە سەرۆکی حامیەی بەیات سەباب لە کاتی خۆیدا بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە دابمرکێنێتەوەو ئەفسەرە گومان لێکراوەکانی کورد بگرێت، هەرچەندە سەرکردەکانی ئەو ڕاپەڕینە بەرنامەی ڕاکردن بۆ عێراقیان دانابوو. بەریتانیا فشاری ئەو ئەفسەرە کوردانەی لەسەربوو کە لە ڕاپەڕینەکەوە گلابوون، بەڵام ئەو ئامانجەیان نەبوو کە یارمەتیی تەواوەتیی بزوتنەوەی کورد بدەن بۆ جیابوونەوە کە ئەو بۆچوونە لە ئاستێکی نادیاردا بوو. ئەوان باش دەیانزانی کە دەشیا ئازادی وەکو چەکێکی زۆر بەهێز دژی تورکیا لە حاڵەتی شەڕدا بەکار بهێنرێت[12]. هەروەها وەکو چەکێکی دیبلۆماتیکانە بۆ کاتی ئاشتی بەکاریان بهێنێت.

(ئازادی) بە ئاشکرا بەرپرسیار بوو لە هاندانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدو لەوانەشە بەرپرسیار بووبێت لە ڕاپەڕینی پێشوەختەی 8ی شوباتی



1925 لە گوندی پیران کە بوو بە هۆی زنجیرە شەڕێك لە نێوان سوپای تورکی و هێزەکانی شێخ سەعیدی پیراندا. زەمینەی ئایینیی شێخ سەعیدو واقیعیانە ڕوانینی بۆ دەرکەوتنی دامەزراوە عیلمانییەکانی کۆماری کەمالیستی وای لێکرد کە داوایەکی بەهێز لە کوردو تورك بکات بۆ هەستان بە دژی بزوتنەوەی تورکایەتی لە شەڕێکی پیرۆزدا بۆ گێڕانەوەی خەلافەت[13]. هەرچەندە کارێکی هەڵەیە ئەگەر ڕاپەڕینی شێخ سەعید وەکو ڕاپەڕینێکی ئایینیی ڕووت دژی مۆدێرنیزمو بەعیلمانیەتکردن لێکبدرێتەوە. شێخ سەعید نەوەیەکی دڵسۆزی کورد بوو، ئامانجی سەرەکیی بزوتنەوەکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو. شێخ سەعید نوێنەری ئەو جۆرە سەرکردایەتییەی کورد بوو کە لە هەمان کاتدا نەتەوەییەکی تەواوو بڕوادارێکی پتەویش بوو، ئەو ڕێژەیەی کورد کە بەشداریی ڕاپەڕنەکەیان کرد بە تێکەڵاو هەردوو پاڵنەری ئایینی و نەتەوایەتی جوڵێنەریان بوو[14]. زۆربەی کورد وای داناوە کە کەسێتیی ئایینی و نەتەوایەتیی کوردی دوو چەمکی دژ بەیەك نین و بەوجۆرەش لێیان ناڕوانن کە بە تەواوی لێکتر پەرت بن و پەیوەندییان نەبێت.

کەموکوڕیی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید ئەوەبوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی یارمەتیی لە لایەن خێڵەکانی کوردی زازاوە وەردەگرت، سەرباری ئەوەی کە لە لایەن هەندێ سەرخێڵی تری دیارەوە پشتگیری دەکرا. پشتگیریکردنی لە لایەن خەڵکی شارەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لاواز بوو، بۆ نموونە شاری گرنگی دیاربەکر کە شارێکی کوردە بەشداریی ڕاپەڕینەکەی نەکرد، لە شارە کوردەکانی تری وەکو ئیلازیك جەماوەری کورد دژی ڕاپەڕینەکە بوونەوە ئەویش بەهۆی (تالانکردن و فەرهودکردنی لەرادەبەدەریانەوە[15]. ڕاپەڕینەکە لە ئەنجامدا لە لایەن سوپای بەهێزی تورکەوە دامرکێنرایەوەو لە نزیك کۆتایی نیسانی 1925دا تورك ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شێخ سەعیدیان داگیر کردەوە. شێخ سەعیدو نۆ کەس لە

www.pertwk.com

هاوكاره بەرزەكانی دەستگیر كرانو بە تۆمەتی ناپاكی دادگایی كرانو لە 29ی حوزەیراندا لە سێدارە دران.

سەرباری ماوەی كورتی، راپەڕینی شێخ سەعید هێڵی جیابوونەوەی پەیوەندییەكانی تورك و كوردی كێشاو وای لە حكومەتی توركی كرد كە پێودانگێكی توندوتیژ دژی بڵاوبوونەوەی كەلتووری كوردیو ناسیۆنالیزمی كوردی لەبەربگرێت. ئەمەش زۆر كوردی ویلایەتی موسڵی ناچار كرد كە ئارەزووی لەرادەبەدەری خۆیان بۆ بوون بە بەشێك لە عێراق نیشان بدەن. لە كاتێكدا كە هەردوولا توركیاو عێراقی ژێر سایەی ئینتیدابی بەریتانی داوای ویلایەتی موسڵیان دەكرد. ئەمەش بوو بە هۆی قەناعەت هێنانی كۆمەڵەی نەتەوەكانو لیژنەیەكی هەڵسەنگاندنی نارد بۆ دیاریكردنی راو بۆچوونی جەماوەر دەربارەی مەسەلەی موسڵو دانی موسڵ بە عێراق. لە كاتێكدا راپەڕینەكەی شێخ سەعیدا بوو بە هۆی دامركاندنەوەی بزوتنەوەی ئیتنۆنەتەوایەتیی كوردی لە توركیاداو كۆمەڵەی نەتەوەكان لە حوزەیرانی ساڵی 1926دا بڕیاری ئەنگلۆ – توركی سەبارەت بە كێشەی موسڵ دەركرد، هەروەها بوو بە هۆی لێكتر تێگەیشتنی بەریتانیاو توركیا: هەردووكیان (بەریتانیاو توركیا) دژی دروستبوونی دەوڵەتێكی سەربەخۆ یان ناوچەیەكی ئۆتۆنۆمی لە توركیادا وەستان، لە كاتێكدا لە عێراق رێگای دەركەوتنی شتێكی لەو جۆرەیان دەدا[16].

دووەم راپەڕینی كورد لە سەرەتای سەدەی بیستدا كە شایەنی گرنگی پێدان بێت لە توركیا ئەو راپەڕینە بوو كە لە لایەن ئیحسان نوری پاشاوە سەركردایەتیی كرا، ئیحسان نوری ئەفسەرێكی پێشتری سوپای توركی بوو. ئەم راپەڕینە ماوەیەكی كورت دوای دامركاندنەوەی راپەڕینەكەی شێخ سەعید سەری هەڵدا بە تایبەتی لە ناوچەكانی نزیك چیای ئارارات لە هەرێمی باكووری كوردستانی توركیادا بەهێز بوو. ئەم راپەڕینە لە لایەن دەستەیەك لە رووناكبیرانی كوردەوە پشتگیری دەكرا كە دوورخراوەی پایتەختەكانی



سوریاو لوبنان بوونو بزوتنەوەیەكی (رێكخراوێكی) نوێیان بە ناوی (خۆیبوون)ەوە بۆ سەربەخۆیی كورد دامەزراندبوو. ئامانجی سەرەكیی ئەم بزوتنەوەیە بۆ پێكهێنانی بەرەیەكی یەكگرتوو بوو لە هەموو هێزە كوردییەكانو یارمەتیدانی راپەڕینەكەی ئیحسان نوری پاشا. ئەم راپەڕینە گرنگ بوو چونكە ئەوەی نیشان دا كە یەكەم جارە رێكخراوێكی نەتەوەیی عیلمانی راپەڕینی كورد بەڕێوە ببات. راپەڕینەكە یارمەتیدانێكی شاراوەی حكومەتی رەزا شای ئێرانی بەدەست هێناو لە ئەنجامدا هێزەكانی ئیحسان نوری پاشا توانییان بە ئازادی لە سنووری ئێران بپەڕنەوە بۆ ئێرانو چەكو پێویستی لە سەرچاوەكانی كوردستانی ئێرانو ئازربایجانەوە بەدەست بهێنن[17]. رەزا شا بە ئاشكرا مەبەستی بەكارهێنانی (وەرەقەی كوردی) بوو بۆ ناچاركردنی توركیا بۆ چارەسەركردنی هەندێ لە كێشە هەرێمییەكانی لەگەڵ ئێراندا.

لە سەرەتای ساڵی 1929دا بزوتنەوەكەی ئیحسان نوری پاشا دەسەڵاتی بەسەر پانتاییەكی فراوانی ناوچەكانی بەتلیسو وانو ئاراراتو بۆتاندا كرد، لە ئەنجامی نەتوانینی بەربەستكردنی شەپۆلی راپەڕینی كورددا بۆ ناوچەكانی تری كوردستان، حكومەتی توركیا ژمارەیەكی زۆر ناڕەزایی بۆ حكومەتی رەزا شا ناردو داوای كرد كە ئێران رێگا بە كورد نەدات ناوچە سنوورییەكانی وەك سەنگەر بۆ هێرشی سەربازی دژی هێزەكانی توركیا بەكار بهێنن. لە سەرەتای ساڵی 1932دا هەردوولا واتە ئێرانو توركیا پەرۆش بوون بۆ چارەسەركردنی كێشە هەرێمییەكانیانو دروستكردنی پەیوەندیی بەهێزی دۆستایەتی. لە 23ی كانونی دووەمی ساڵی 1932دا هەردوولا رێككەوتننامەیەكیان ئیمزا كرد بە پێی ئەوە توركیا ناوچەیەكی دەوروبەری چیای ئاراراتی پێدراو ئێرانیش ئیمتیازاتی ئیقلیمیی دەوروبەری وان هەتا دەگات بە رۆژئاوای ورمیەی بەدەست هێنا.

لێك نزیكبوونەوەی توركیاو ئێران پێش ئیمزاكردنی رێككەوتننامەكەی

www.pertwk.com

1932 بە باشی چووبووە پێشەوە. دوو ساڵ پێشتر حکومەتی تورکیا دواجار توانیی رەزا شا قایل بکات کە سەرچاوەی یارمەتیدانی ئیحسان نوری پاشا لە لایەن ئێرانەوە دابخاتو رێگا بە هێزەکانی تورکیا بدات بچنە ناو سنووری ئێرانەوە بۆ بەدواچوونی راپەڕیوە کوردەکان. لە هاوینی 1930دا هێزە کوردییەکان لە لایەن هێزێکی چلو پێنج هەزار کەسی تورکەوە ئابلۆقە درانو لە کۆتایی هاوێندا راپەڕینەکە شکستی خوارد. هەندێ لە سەرکردەکان لە ناویاندا ئیحسان نوری پاشا رایانکرد بۆ ئێران. زۆربەی ئەوانی تر دەستگیر کرانو لە سێدارە دران. تۆڵەی تورك بەرامبەر بە کورد بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە راپەڕینەکەی ئیحسان نوری پاشا بە باشترین شێوە یارمەتی درابوو زۆر توند بوو. بۆ نموونە دەسەڵاتدارانی سەربازیی تورکیا سەد رووناکبیری کوردیان لە شاری وان دەستگیر کردو خستیاننە ناو گونیەوەو دەرگایان بەستنو فڕێیان دانە ناو گۆماوی وانەوە بۆ ئەوەی بە مردنێکی سەخت لەناویان ببەن[18].

سیاسەتی تورکیا لە ئەنجامی شکستی راپەڕینەکەی ئیحسان نوری پاشادا بریتی بوو لە فشار خستنەسەر کوردە لادێنشینەکانو گواستنەوەی بەکۆمەڵیانو دوورخستنەوەی شێخو ئاغای کوردو بەزۆر بەسەربازکردنی لاوانی کورد لە سوپای تورکیادا. هەروەها حکومەت لەو ماوەی سەرکوتکردنەدا بڕیاری دا کە چاودێریی چالاکیی کوردەکان بکرێتو لە هەندێ هەلومەرجیشدا بە پێی یاسا بڕیاری ئەو رەفتارکردنەی لەگەڵ کوردەکاندا دەدا. بۆ نموونە بەندی یەکەمی یاسای ژمارە 1850 دەڵێت:

(کوشتنو کاری تر کە بە شێوەی تاکە کەس یان بە کۆمەڵ لە 20ی حوزەیرانی 1930 هەتا 10ی کانونی یەکەمی 1930 کە لە لایەن نوێنەرانی دەوڵەتەوە یان نوێنەرە ناوچەییەکانەوە ئەنجام دراوە، چ دەسەڵاتدارانی سەربازی بن یان مەدەنی، چ دەسەڵاتدارانی ناوچەیی بن یان پاسەوانانو میلیشیا یان هەرکەسێکی مەدەنی کە یارمەتیی ئەوانەی سەرەوەی دابێت یان



کاری کردبێت لە بەرژەوەندیی ئەوان لە کاتی بەدواداچوونو قەلاچۆکردنی راپەڕینەکاندا کە لە ناوچەکانی ئێرسیس Ercisو زیلانو ئاگری داخ (ئارارات)و ناوچەکانی دەوروبەریان لەوانەش ناوچەکانی پەلمەر لە هەرێمی ئەرزنکانو ناوچەی کێوماڵکراوی یەکەم، ئەوا کارەکانیان بە تاوان دانانرێت)[19].

بڕگەی ئەم یاسایە ئامرازێك بوو بۆ هێورکردنەوەی ناوچەی کێوماڵکراوی یەکەم کە ئەویش گەورەترین ناوچە کوردییەکانی دیاربەکرو بەتلیسو هەکاریو ماردینی دەگرتەوە.

سێیەم راپەڕینی گەورەی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا راپەڕینی سەید رەزا بوو لە دەرسیم (کە ئێستا پێی دەوترێت تونچەلی) لە هەرێمی باکووری رۆژئاوای کوردستانی تورکیا. راپەڕینەکەی شێخ رەزا ساڵی 1937 دەستی پێکردو هەتا کۆتایی ساڵی 1938 بەردەوام بوو کە لەو ساڵەدا سوپای تورکیا تێکیشکاند. دەرسیم نەریتی راپەڕینێکی دژی دەسەڵاتی تورکیا دروست کرد لە کاتێکدا کە راپەڕینێکی نەتەوەیی کوردی لە تشرینی دووەمی ساڵی 1920دا لەو ناوچەیەو لە نێو خێڵەکانی کۆسیجریەوە سەری هەڵداو پشتگیری بەندەکانی پەیمانی سیڤەرو دامەزراندنی نیشتمانێکی کوردی دەکرد[20]. لە سەرەتای نیسانی ساڵی 1921دا راپەڕینی کۆسیجری لە لایەن تورکیاوە تێکشکێنرا.

راپەڕینەکەی شێخ رەزا لە دەرسیم سنووری نێوان خێڵەکانی بڕیو سەلماندی لەچاو راپەڕینەکەی ساڵی 1920دا زۆر بەهێزترە. سەرباری پشتگیریی خێڵەکەی خۆی واتە خێڵی ئەیاسوشاگی، شێخ رەزا بە لایەنی کەمەوە پشتگیریی دوو خێڵی تریشی بەدەست هێنا کە ئەوانیش خێڵەکانی یوسف خانو دیمەنان بوون. دوای کۆکردنەوەی هێزێکی گەریلا کە لە پێنج سەد کەس زیاتر بوو، شێخ رەزا دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر رەمزە دیارەکانی دەسەڵاتی تورك لەوانەش مەڵبەندەکانی جەندرمە لە دەرسیمو

www.pertwk.com

ناچارکردنی پۆلیسی لادێی حکومەتی تورکیا بۆ بەدەستەوەدانی مەڵبەندەکانیان. دواتر راپەڕینەکەی شێخ رەزا گەیشتە ناوچەکانی ترو دەستە ئەزموونداره چەکدارەکانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید لە سوریاوە بەشدارییان کرد. بە پێچەوانەی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدو ئیحسان نوری پاشاوە، راپەڕینی دەرسیم شێوازی تەقلیدیی شەڕی نێوان دوو سوپای نەگرتە بەر. لە راپەڕینی دەرسیمدا سوپای تورکیا رووبەڕووی هێزێکی بچووك بەڵام بە توانا دەبووەوە کە پشتی بە تاکتیکی (لێبدەو رابکە)ی شەڕی گەریلایانە بەستبوو.

شێخ رەزاو دوو کوڕیو ژمارەیەکی تر لە سەرخێڵەکان دەستگیر کرانو دادگایی کرانو لە تشرینی دووەمی ساڵی 1937دا بە مەرگ حوکم دران. هەرچەندە راپەڕینەکە بۆ چەند مانگێك بەردەوام بوو بەڵام لە کۆتاییدا لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1938دا دامرکێنرایەوە ئەویش دوای ماوەیەکی دوورودرێژی هێرشی پاڵپشتکراوی سوپای تورکیا بە بەکارهێنانی زۆرێك لە گازی ژەهراویو تۆپی قورسو بۆمبارانکردن بە رێگای ئاسمانی[21]. لەبەر نەتوانینی بەدەستهێنانەوەی یارمەتیو رووبەڕووبوونەوەی لەناوبردنی تەواوەتی، هێزە کوردییەکان هیچ چارەیەکی تریان نەبوو جگە لە کۆتایی هێنان بە راپەڕینەکەیان. ئەو سەرکوتکردنەی کە بە دوای راپەڕینەکەدا هات هەمەلایەنە بوو. هەموو گوندەکان چۆڵ کران یان دانیشتوانەکانیان قەلاچۆ کران. وێرانکردنی دەرسیم زۆر گشتگر بوو کە تیایدا دیمەنی رۆحی شەڕخوازی ئاشکرا دەبوو. حکومەتی تورکیا هەوڵی سڕینەوەی یادەوەریی ئەم رووداوە خوێناوییەی دا ئەویش بە گۆڕینی ناوی دەرسیم بۆ تونچەلیو ناوچەکەشی خستە ژێر حاڵەتی ئابڵوقەوە هەتا ساڵی 1950 [22]، بەکارهێنانی وشەی (کوردو کوردستان) قەدەغە کراو ئەو سەرچاوانەی لەبارەی (کوردستانو کوردەوە) هەبوون لە کتێبە مێژووییەکانی تورکیاو بڵاوکراوەکاندا سڕانەوە.



کاریگەریی برینی دەرسیم گفتوگۆی رووبەکی زۆر هێمنی خەباتی نوێی کوردی لە تورکیادا کرد کە تا ساڵانی سەرەتای شەستەکان بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی کە دەرکەوتنی بزوتنەوە دیموکراسیو چەپەکان بەشدارییان لە زیندووکردنەوەی نەتەوایەتیی کوردیدا کرد. هەتا ساڵی 1950 سیاسەتی تورکیا واتە پارتی گەلی کۆماری لە ژێر نفوزی دەسەڵاتی دەرەوەدا بوو، بەڵام لە ساڵانی چلەکاندا عیسمەت ئینینۆی جێنشینی ئەتاتورك بڕیاری دا وڵات بەرەو سیستەمێکی سیاسیو ئابووریی زیاتر ببات ئەویش بە هاندانی پەرەسەندنی بارودۆخێکی هەمەلایەنەی دیموکراسیو ململانێ لە وڵاتدا. وەکو ئەنجامێك بزوتنەوەی نوێی سیاسی دەرکەوت کە لە بیرکردنەوەی لە رووداوەستانی ئەو پارتە سیاسییەدا بێت کە دەسەڵاتی وڵاتی مۆنۆپۆڵ کردووە واتە پارتی گەلی کۆماری.

هەڵبژاردنی پەرلەمان ساڵی 1950 یەکەم جار بوو کە تیایدا لە هەڵبژاردندا ململانێو پێشبڕکێی ئەو پارتە جیاوازانەی کە لە کۆماری تورکیادا رێگایان پێدرابوو نیشان بدرێت. هەڵبژاردن بوو بە هۆی شکستی پارتەکەی عیسمەت ئینینۆو سەرکەوتنی پارتی تازە دروستبووی (دیموکرات)و هاتنە سەر کورسیی دەسەڵاتی دامەزرێنەری پارتی دیموکرات عەدنان مێندیریس وەکو سەرۆك وەزیری نوێ. پشتگیریی پارتی دیموکرات لە لایەن بەرەیەکەوە دەکرا کە لە چەند گروپێك پێکهاتبوو کە بەهۆی زیاتر توندبوونی دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی وڵاتەوە دووچاری ئاوارەبوون هاتبوون. وەکو لە بارێکی سەختی سیستەمی ئابووریی ناوەندیی دەوڵەتی تورکیاو وەکو پاڵەوانی خۆوەسفکەری دژی خۆهەڵقورتان لە ئازادیی ئابووری، پارتی دیموکرات سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە مسۆگەرکردنی یارمەتیو پشتگیریی خاوەن بەرژەوەندییە گەورەکان واتە لەوانەی خەریکی پیشەسازی بوونو لەگەڵ بازرگانو خاوەن زەوییە هەرە گەورەکان. هەروەها رۆشنبیرانی شارو رۆژنامەنووسانو چینی ناوەندی رۆشنبیر پێشوازییان لە

www.pertwk.com

سیمای دیموکراتی کردو پشتگیریی پارتی دیموکراتیان کرد.

کورد بە شێوەیەکی گشتی دەنگیان دا بە پارتی دیموکرات ئەویش لە ئەنجامی کاردانەوەیان بەرامبەر بە سیاسەتی سەرکوتانەوەی تورك دەرهەق بە کورد[23]. ژمارەیەك کورد هەڵبژێردران بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیو پۆستیان لە کابینەی وەزاریدا وەرگرت. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە پارتی دیموکرات رێگای بە ئاغاو شێخو بەگە دوورخراوەکان دا بگەڕێنەوەو بخرێنە سیستەمی (بەڕێوەبردنی) نوێوە، لە بەرامبەر ئەو رێگا پێدانەیاندا بۆ بەدەستگرتنەوەی دەسەڵاتی کۆنیان، ئەم سەرۆکە کوردانە بە رێگایەك رەفتاریان کرد کە ئامرازی سیاسەت لە شارە گەورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کاریان پێکردبوو. بەم شێوەیە کۆنترۆڵی ژمارەیەکی گەورە لە دەنگی ناوچەییان کرد. ئەم دەنگانەشیان لە ئاکامی خراپی دابەشکردندا لە لایەن پێش خۆیانەوە بەدەست هێنا. بەم شێوەیە هەڵوێستی ئەم سەرکردە تەقلیدییانە بەهێز کرایەوە لە هەردوو لایەنی حکومەتی ناوەندیو لایەنی جەماوەری ناوچەییشەوە[24].

لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زیاد لە کورد بە تایبەتی ئەو کوردانەی لە خێزانە دەوڵەمەندەکان بوون لەگەڵ ئەو کوردانەی کە سوودیان لە خۆهەڵنەقورتانی حکومەت لە کاروباری تایبەتی ئابوورییان بۆ بەرەو پێشەوەبردنی ئابووریی کوردی وەرگرتبوو، چوون بۆ شارەکانو زەمینەیان بۆ ئەوە رەخساند کە بە دۆگیۆکیولاك Doguculuk یان بە شێوازی (رۆژهەڵاتی) ناسرا. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ فەلسەفەیەك کە لەسەر بنەمای لایەنگیریکردنی گۆڕانی ئابووریو پێشکەوتن لە رۆژهەڵاتدا دامەزرابوو لە کاتێکدا بە رەسمی کوردستانی تورکیا بە (رۆژهەڵات) ناونراوە. سەرباری ئەوەی کە رابەرانی (دۆگیۆکیولاك) لە سنووری ئەم سیستەمەدا دووچاری ئازارچەشتن بوونو لە بەسیاسەتکردنی گشتی بزوتنەوەکەیان دوورکەوتنەوە. لە ئاکامدا حکومەت کەوتە گومانکردن لە پاڵنەرە



بنەڕەتییەکانیانو فەرمانی دەستگیرکردنی پەنجا سەرکردەی بزوتنەوەکەی لە کانوونی یەکەمی 1959دا دەرکرد. ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی توندوتیژی دیموکراسیی سنوورداری تورك بوو لەبارەی کەمایەتیی کوردەوە لە وڵاتەکەدا.

هەندێ لە رۆشنبیرانی کورد گفتوگۆی ئەوەیان کرد کە سەرکوتکردنی دۆگیۆکیولاك یان شێوازی رۆژهەڵاتیانە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی هەرەسهێنانی باری ئابووریی تورکیاوە بوو کە وای لە سەرۆك وەزیران (عەدنان مێندیریس) کرد کە بە دوای بەرانی قوربانی (کبش الفداء)دا بگەڕێتو تاکتیکی پێچەوانە دابهێنێت[25]. سەرباری ئەوەش سوپای تورکیا کە دەسەڵاتی سیاسییانەی لەدەستدابوو وەکو دروشم. دروشم هەڵگری کەمالیزم بوو کە ئەندامەکانی ئەزموونی بێبەشبوونی ئابوورییانەیان بینیبوو لە ئەنجامی هەڵاوسانو بەرزبوونەوەی نرخدا، بۆیە زۆر لە حکومەتەکەی میندیرس تووڕە بوون. سوپای تورکیا دیسان دوودڵ بوو بەرامبەر بە راپەڕینی مەلا مستەفا لە عێراقی دراوسێداو لەوە گومانی دەکرد کە ئەو راپەڕینە بتەنێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی تورکیاو هەروەها پرسیاری ئەوەی دەکرد داخۆ حکومەتی مەدەنی توانای ئەوەی هەیە کە دەسەڵات بەسەر راپەڕینێکی لەو جۆرەدا بکات لە تورکیا.

لە 27ی مایسی 1960دا عەسکەرییەکانی تورکیا کودەتایەکیان کردو عەدنان مێندیریسیان لابردو پاش ساڵێك لە سێدارەیان دا. گەرچی کورد بوون بە قوربانیی دەسەڵاتدارێتیی مێندیریس لە دوا ماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا، کوردەکان لە دەستەی نوێی سەربازی زیاتر دەترسان لەچاو ئیدارەی مێندیریسدا. لە راستیشدا یەکێك لە یەکەمین پرۆژەی حساب بۆ کراو لە لایەن لیژنەی بەرەی نیشتمانییەوە (دەستەی فەرمانڕەوای سەربازی) دەست بەسەرداگرتنی ژمارەیەك کوردی دیار بوو، لەگەڵ رەوانەکردنی زۆربەی ئەوانی تردا بۆ مەنفای ناوخۆ لە رۆژئاوای تورکیا. بەزۆر بەتورککردنی منداڵانی کورد دیسان پرۆژەی بۆ دانرا، هەروەك ناوی

www.pertwk.com

گوندە کوردییەکانیش کران بە تورکی. لە تشرینی دووەمی ساڵی 1960دا سەرۆکی عەسکەرییەکان جەنەراڵ چەماڵ گۆرسیل کوردەکانی تورکیای ئاگادار کرد کە نە یارمەتیی مەلا مستەفا بدەن نە چاو لە راپەڕینەکەی ئەو بکەن لە عێراقدا. خۆ ئەگەر یارمەتییان دا یان چاویان لێکرد ئەوا هێزی چەکداریی تورکیا بێ دوودڵی بۆمبارانی شارو لادێکانیان دەکات تا ئەندازەی تەختکردنیان لەگەڵ زەویدا[26].

سەرباری ئەوەش دەستەی عەسکەری پێوانەی تایبەتمەندی وەرگرت بۆ چاککردنی ئەو ئاراستەی دەسەڵاتدارێتییەی کە لە کاتی رژێمی پێشتردا جێگای گرتبوو. بۆ نموونە ئەفسەرە سەرسەختەکانی لە ریزەکانی خۆی دەرکرد یان دووری خستنەوە تا ببن بە دیبلۆمات لە پایتەختە دوورەکاندا. ئەم دەستەیە دیسان داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی دەستووریی نوێی کرد لەگەڵ دەرکردنی دەستوورێکی نوێ لە ساڵی 1961دا کە ئازادییەکی دیموکراسییانەی زیاتری پێشکەش کرد لەچاو ئەوەی پێشتر هەبوو. هەروەها بەڵێنی دا دەسەڵات بگۆڕێت بە حکومەتێکی مەدەنی هەڵبژێردراو، ئەوەشی لە ساڵی 1961دا کردو رێگای لە دوو هەوڵی کودەتای باڵی راست گرتو بواری نەدا دژی حکومەتی نوێی مەدەنی سەرکەوتن بەدەست بهێنن[27].

لە ژێر سایەی زەمانەتی دەستووری بەرفراوان و نوێدا ئازادیی چاپەمەنی و کۆبوونەوەو کۆمەڵە دروستکردندا کورد جارێکی تر توانیی ئاواتەکانی خۆی بخاتەوە روو(لە رێگای کۆمەڵەو بڵاوکراوە تورکییەکانەوە) هەندێ بڵاوکراوەی کەم تەنانەت کە لە بارەی مێژووو رۆشنبیریی کورد دەکۆڵینەوە بڵاو کرانەوە. گەرچی هێشتا ناوی تورکی بۆ (هەرێمی رۆژهەڵات) بەکار دەهێنرا لە کاتێکدا کە مەبەست کوردستان بوو، ئەگەرچی ئەم بڵاوکراوانە دواتر سەرکوت کران، بەڵام دەستووری ئازادی ساڵی 1961 رێگای دا بە تاقیکردنەوەی خودنمایشکردنی کەلتووری کوردی لە سنوورێکی دیاریکراودا.



## پەرەسەندنی بزوتنەوەی کوردایەتی و چەپی تورکی

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1961دا هیچ حیزبێکی سیاسی نەیتوانی زۆربەی دەنگ بەدەست بهێنێت، بەڵام پاڵێوراوەکانی حیزبی عەدالەت دەنگێکی زۆریان بەدەست هێنا. لە کوردستان حیزبی مونافیسی حیزبی عەدالەت حیزبی تورکیای نوێ بوو. دەنگدان لە کوردستان دابەشبوونێکی یەکسانی هەبوو لە نێوان هەردوو حیزبەکەدا، ئەگەرچی حیزبی عەدالەت لە رووی داراییەوە باشتر بوو، لە هەموو تورکیاشدا کاروبارێکی بەهێزی هەبوو، زۆربەی کوردەکان بڕوایان وابوو ئەگەر حیزبی تورکیای نوێ ببێتە فەرمانڕەوا ئەوا بەرژەوەندییەکانی ئەمان باشتر بەڕێوە دەچێت چونکە یەکێك لە سەرکردەکانی ئەم حیزبە کە ناوی دکتۆر یوسف عەزیزۆگڵۆ بوو کورد بوو، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دۆگۆکا Doguca لە دیاربەکر هەبوو. لەبەر ئەوەی هیچ حیزبێکی سیاسی هەڵبژاردنی نەبردەوە، حکومەتێکی هاوبەشی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری پێکهات و عیسمەت ئینینۆ بوو بە سەرۆك وەزیری نوێ.

ئەم حکومەتە هاوبەشە لە حوزەیرانی ساڵی 1962 بەهۆی ململانێی توندوتیژی دوو پارتە پێکهێنەرە سەرەکییەکەیەوە کە حیزبی عەدالەت و پارتی گەلی کۆماری بوون رووخا. حیزبی عەدالەت لەو حکومەتە هاوبەشە کشایەوەو حکومەتێکی نوێی هاوبەش لە 25ی حوزەیراندا پێکهات کە پارتی گەلی دیموکرات تیایدا دەسەڵاتدار بوو. پارتی تورکیای نوێ و پارتی نیشتمانیی کۆماریی جوتیارانیشی تێدا بوو. عیسمەت ئینینۆ لە هەمان پۆستی خۆیدا مایەوە. دکتۆر عەزیزۆگڵۆ لە حیزبی نوێی تورکیای نوێ دانرا بە وەزیری تەندروستی. لە ماوەی کورتی دەسەڵاتیدا دکتۆر عەزیزۆگڵۆ گرنگییەکی تایبەتیی بە چاککردنی ئاستی تەندروستی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی وڵاتدا داو گەلێك نەخۆشخانەی زیاتری لە کوردستان دروست کرد

www.pertwk.com

لەچاو تێکڕای هەموو حکومەتەکانی پێشتردا کە ئەوەش جەماوەرێتییەکی گەورەی پێبەخشی[28]. دکتۆر عەزیزۆگلۆ لە ئەنجامدا لەگەڵ کەمالیستەکان لە کابینەی وەزاریدا کەوتە ناکۆکیو ململانێوەو ئەوەش ناچاری کرد کە دەست لەکار بکێشێتەوەو بەوەش تاوانبار کرا کە بزوتنەوەی ئیتنیکی کوردایەتیو جوداخوازی بەهێز کردووە.

ئازادیی سیاسیی سنووردار کە سیمای شێوازی سیاسیانەی تورکیا بوو لە ماوەی نێوان ساڵانی شەستو حەفتاکاندا ڕێگای بە دەرکەوتنی چەندین گروپی چەپدا لە نێو ڕۆشنبیرانی تورکو کورددا. بەشی سەرەکیی چەپی تورکی لە ژێر ئاڵای پارتی کرێکارانی تورکیادا خۆیان ڕێکخستو کەوتنە پێشبڕکێی هەڵبژاردن. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 1965دا پانزە پاڵێوراوی پارتی کرێکارانی تورکیا لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا کورسییان بەدەست هێنا. پارتی کرێکارانی تورکیا ژمارەیەك کوردی تێدا بوو. ئەم پارتە لە ڕێگای کۆششی ئەندامە کوردەکانیەوە وردە وردە کەوتە ناسینی گرنگێتیی مەسەلەی کورد لە تورکیادا. لە کۆنگرەی چوارەمیدا کە لە تشرینی دووەمی ساڵی 1971دا بەسترا، پارتی کرێکارانی تورکیا بڕیارێکی دەرکرد کە بەشێکی ئەمەیە: (گەلێکی کورد هەیە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا... دەسەڵاتدارانی فاشی کە نوێنەرایەتیی چینە فەرمانڕەواکان دەکەن ئەم گەلەیان "گەلی کورد" دووچاری سیاسەتی تواندنەوەو تۆقاندن کردووە کە ئەوەش بەردەوام بووەتە هۆی سەرکوتکردنی خوێناوییانەیان)[29]. ئەمە بەیانێکی شۆڕشگێڕانە بوو کە بۆ یەکەم جار بوو لە تورکیای نوێدا حیزبێکی سیاسیی تورکی بە ئاشکرا دان بنێت بە بوونی کورددا وەکو کەمایەتییەکی چەوساوە. هەرچەندە ئەو بەیانە لەسەر کەسێتیی یاسایی پارتی کرێکارانی تورکیا کەوتو سەرکردەکانی بە بەندکردنی دوورودرێژ دادگایی کران بە تاوانی لاوازکردنی یەکێتیی گەل. لە ئەنجامدا لە بەرنامەی لێبووردنێکی حکومەتدا ئەو ئەندامانە ساڵی 1974 ئازاد کران.



ڕووناکبیرانی کورد کەڵکیان لەو ماوەیەی گلاسنۆستی تورکیا وەرگرتو لە ساڵی 1969دا (کۆمەڵەی کەلتووری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات)یان دامەزراند وەکو یەکەم ڕێکخراوەی یاسایی کوردی. ئەم کۆمەڵەیە لە نێو کەمالیستە بیرۆکراتەکانو کار جێبەجێکەرەکانیدا ڕقو کینەی بەرامبەر دروست بوو چونکە لە دوای ئاشکراکردنی حاڵەتی سەرکوتکردنی کوردە جوداخوازەکانو نزمکردنەوەی زیاتری ئاستی ئابووریی هەرێمە کوردییەکان دەگەڕا[30]. ئەندامێتیی کورد لە پارتی کرێکارانی تورکیاو لە کۆمەڵەی کەلتووری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتدا شتێك بوو لە سنوور تێپەڕیبوو، بەو شێوەیە بوو کە مارتن ڤان برونسن ناوی هێناوە بە (باڵی چەپ لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کوردایەتی)دا لە تورکیا[31]. لە ساڵانی شەستەکاندا چەپی دەرکەوتووی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی گروپی بۆرژوای نەتەوەییدا لە نێو بزوتنەوەی کوردایەتیدا لە تورکیا خۆی بینییەوە. باڵی نەتەوەیی بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا ناساندو بوو بە هاوپەیمانی ئەو پارتە.

پەشێویی لە نێوان باڵی لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان لە خۆپارێزەکانو تەقلیدییەکانو چەپی کوردی هەڕەشەیان لە لاوازکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی کرد لە تورکیا. لە کاتێکدا کە باڵی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا داوای دامەزراندنی ئۆتۆنۆمیی کوردیی دەکرد، چەپی کوردیش بە تەنیا داوای مافە ڕۆشنبیرییەکانی نەدەکرد بەڵکو داوای بیناکردنەوەی ئابووری – کۆمەڵایەتیی کوردستانو گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردیی دەکرد لە حاڵەتی نەبوونی یەکسانییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پڕ لە عەدالەتو یەکسانی.

دواتر دابەشبوون لە ریزەکانی باڵی سەر بە پارتی دیموکراتیدا ڕووی دا، لە ژێر سەرکردایەتیی دکتۆر شڤاندا، باڵێکی هێجگار رادیکاڵ جیا بووەوەو چووە کوردستانی عێراق بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ خەباتی چەکداری

www.pertwk.com

دژی حکومەتی تورکی. ئەمەش مەلا مستەفای نیگەران کرد چونکە ئەو دۆستایەتیی لەگەڵ حکومەتی تورکیا و ئێران دروست کردبوو بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی دژی رژێمی عێراقی. باڵێکی تری سەر بە پارتی دیموکرات لە ژێر سایەی سەرکردایەتیی سەعید ئاڵچی لە تورکیا مایەوە هەتا کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1971 ئاڵچیی ناچار کرد رابکات بۆ عێراق. ناکۆکیی نێوان دکتۆر شڤان و سەعید ئاڵچی لە عێراق بەردەوام بوو تا بوو بەهۆی کوشتنی هەردووکیان لە باروودۆخێکی تەمومژاویدا. بە پێی بۆچوونێك ئاڵچی لە لایەن شڤانەوە کوژراوە، لە بەرامبەر ئەوەدا مەلا مستەفاش شڤانی مەحکوم کرد بە مردن و فەرمانیشی دا کە بڕیارەکەی جێبەجێ بکرێت[32]. تێڕوانینی خەڵکی تریش موخابەراتی تورکی (میت)یان تاوانبار دەکرد بەوەی کە نەخشەدانەری ئەو کوشتنانە بوون. کوشتنەکان بەهەر رووداوێك بووبێت، لە نێوبردنی شڤان و ئاڵچی رێگای لە هەردوو باڵەکەی سەر بە پارتی دیموکرات گرت بۆ ئەوەی نفوزێکی دیار بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە تورکیادا دروست بکەن.

لە ئازاری ساڵی 1971دا بزوتنەوەی کورد دیسان دووچاری ئازارچەشتن بووەوە بە دەست دیسانەوە هاتنەوەی عەسکەرییەکان بۆ ناو سیاسەتی تورکیا و حکومەتێکیان پێکهێنا کە لە لایەن (نیهات ئێریم)ەوە سەرۆکایەتیی دەکرا. پارتی کرێکارانی تورکیا و کۆمەڵەی کەلتووری شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات لە دەرەوەی یاسا بوون یان نایاسایی بوون، سەرۆك و کەسایەتییە چالاکەکانیان بەند کران و عەسکەرییەکان دەستیان کرد بە هێرشی نوێ بۆ سەر گوندەکانی کورد و ئەوەش بوو بە هۆی وێرانکردنیان یان ئاوارەکردنی دانیشتووەکانیان: هەتا گەڕانەوەی دیموکراتی پەرلەمانی و هاتنە سەر کورسیی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیری هەڵبژێراوی مەدەنی بڵند ئەجەویت لە کانونی دووەمی ساڵی 1974دا کورد نەیتوانی لە رووی سیاسییەوە خۆیان رێك بخەنەوە. دیسان بەهێزبوونەوەی کورد زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی فراوانی



هەبوو (لە داواکانیشیدا زۆر رادیکاڵ بوو) لەچاو بزوتنەوەی کورد لە شەستەکاندا.

چەند فاکتەرێك لە بەرادیکاڵکردنی پارتە سیاسییە کوردەکانی ساڵانی حەفتادا بەشدارییان کرد. هەروەك مارتن ڤان برۆنسن تێبینیی کردووە: گرنگترین فاکتەر لە بەرادیکاڵکردنی بزوتنەوەی کوردیدا مەدەنیەتی (شاریبوونی) کورد بوو، لەگەڵ کۆچی بەکۆمەڵی بەزۆر و بە ئیختیاری گوندنشینەکانی کورد بۆ شارەکان و بێ توانایی ئابووریی لاوازی تورکیا بۆ راکێشانیان بۆ ژیانێکی ئاسایی[33]. کۆچی کوردەکان بۆ شارەکانی رۆژئاوای تورکیا ئەو جیاوازییانەی ئاشکرا کرد کە لە نێوان هەرێمی رۆژئاوای وڵات و ناوچەکانی خۆیان لە رۆژهەڵات هەبوو ئەویش لە ئاستی ژیان و لە پەرەسەندنی ئابووری و بواری پەروەردە و بواری ئاسانکردنی چاودێریی تەندروستی و خاسێتی بەرزیی ژیاندا[34]. ئەگەرچی کشتوکاڵ وەکو سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی هەرێمی رۆژهەڵات مایەوە، بەڵام کوردەکان بە راستی ئاگاداریی گرنگێتی هەرێمەکەیان بوون بۆ تورکیا کە تاکە هەرێمی بەرهەمهێنی نەوتە لە وڵاتدا. ئەم هەرێمە بۆ هیچ مەبەست و ئامانجێك سوودی لە بەرهەمی نەوت وەرنەدەگرت چونکە بڕی داهاتی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی نەوت دەنێردرا بۆ بەشەکانی تری وڵات. لە ساڵی 1971دا بەرهەمی نەوت داهاتەکەی دوو ملیۆن و نیو دۆلار بوو، بەڵام ساڵی دواتر نەوت دە ملیۆن دۆلاری بەرهەم هێنا[35]. رێژەی 5٪ کەمتری ئەو داهاتە بەرهەمهاتووە بۆ پەرەپێدانی هەرێمی کوردی خەرج دەکرا.

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی قوتابیانی دواناوەندی و زانکۆ لە کوردستان، قوتابیان زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵ سیاسەت پەیدا کرد و هەستییان بە جیاوازیی یاسا و جیاوازیی کۆمەڵایەتی دژی کورد کرد. رادیکاڵیەتی قوتابیانی چەپ لە هەموو دامەزراوە پەروەردەییەکانی تورکیادا بڵاو بووەوە و گەنجە کۆچکردووەکانی کورد بوون بە سەرچاوە و لە رێگای ئەوانەوە بە

www.pertwk.com

ئاگایی لە مەسەلەی خەباتی چینایەتی و بەکارهێنان و (ئیستغلال) کردن و ئیمپریالیزم لە دەرەوە لە بازنە تەسکەکانی رۆشنبیران بڵاو بووەوە. مامۆستا خوێنەوارە شارییەکان و گەڕانەوەی قوتابیانی خوێندنی زانکۆ بۆ لادێکان بیروباوەڕی سیاسیی لە شێوەیەکی سادەدا هێنا بۆ لادێکان و هەوڵی جووڵاندنی جوتیارانی دا[36]. لە ساڵانی حەفتاکاندا جووڵەی کورد رووبەڕووی مەترسیی نوێ بووەوە. پێداچوونەوەی یاسای سزاو دەستووری وڵات لە ساڵی 1971دا رێگای لە بەردەم تاوانبارکردنی ئەوانەی چالاك بوون لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا ئاسان کرد. بەڵام سەرباری ئەوەش هەتا سەپاندنی یاسای سەربازیی لە ناوچە کوردییەکاندا ساڵی 1979، حکومەتە جۆراوجۆرە هاوبەشەکان کە فەرمانڕەوایی تورکیایان کرد لە ساڵانی حەفتاکاندا تا ئەندازەیەك لاواز بوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتی بە تەواوەتی سەر کوتانەوە و ئازاردانی کەمایەتییە کوردییەکەیاندا.

فاکتەرێکی تر کە بەشداریی کرد لەوەدا کە بزوتنەوەی کورد بە لای چەپدا بشکێتەوە لە تورکیا بریتی بوو لە نامۆبوونی جەماوەری کورد بەرامبەر بە پێشکەوتنی ناوەندە فەرمانڕەواییەکان. بۆ نموونە بلەند ئەجەویت پێش ئەوەی ببێت بە سەرۆك وەزیر لە کانوونی دووەمی ساڵی 1974دا هەڵمەتێکی لە رۆژهەڵاتدا کرد و بەڵێنی بە کوردەکان دا کە ئەگەر پارتی گەلی کۆماری واتە پارتەکەی ئەو هەڵبژاردن بباتەوە ئەوا باری دواکەوتووی ناوچە کوردییەکان لە بەرچاو دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك کوردەکان لە نێویاندا لایەنگرانی ئەجەویت خۆیشی داواکاریی ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد بەرز کردەوە، ئەجەویت زۆر بە توندی وەڵامی دانەوە، هەمان شێوەی فەرمانڕەوایانی پێش خۆی. چەپی تورك تاکە بەشی کۆمەڵ بوو کە دانی نا بە باری ناهەمواری کورددا و داوای کۆتایی هاتنی سیاسەتی سەرکوتکەرانە و بەزۆر تواندنەوەی کوردی لە لایەن کەمالیستەکانەوە کرد. سەرباری هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی باش لە نێوان چەپی کوردی و تورکی ئەوا باری مەوزوعی و تاکتیکیش



جیاواز بوون. بە گوێرەی کورد ئامانجی شۆڕشی سۆشیالیستی و ناسیۆنالیزمی کوردی پێکەوە گونجاو نەبوون. دەبوا پێکەوە هاوشان لە دوایان بڕۆیشتنایە. لە لایەکی ترەوە چەپی تورکی سووربوونی کوردی لەسەر دان پێدانانی ئیتنیکی وەکو دژایەتیکردن و دابەشبوون لە ئەنجامیشدا زیانێك لە بوژاندنەوەی چەپی سیاسی دادەنا. گفتوگۆی ئەوە دەکرا کە دان نان بە ئیتنیکدا لە ژێر سایەی سەرکردایەتی پرۆلیتاریادا لە تورکیای سۆشیالیستدا بەدی دێت. هەردوولا لێك جیابوونەوە و چەپی کوردی هەوڵی دا پارتی سیاسیی سەربەخۆ دابمەزرێنێت.

لە ماوەی ساڵانی 1974 – 1975دا ئەندامەکانی پێشووی کۆمەڵەی کەلتووری شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات کە رێگایان لە بەردەمدا داخرا بوو، رێکخراوەکەیان دروست کردەوە بە ناوی کۆمەڵەی رووناکبیری دیموکراتی شۆڕشگێڕ. ئەم کۆمەڵەیەش چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە رێکخراوە جیاوازەکانی کورد یەك بخات، بەڵام جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و پێکدادانی شەخسی بوون بە هۆی دابەشبوون لە ناو ئەم کۆمەڵەیەدا و ئاکامی ئەوەش دەرکەوتنی چەند دەستەیەکی نوێ بوو. یەکێك لەو دەستە نوێیانەی کە پێکهات دەستەی (رێگای ئازادی) بوو کە بڵاوکراوەیەکی مانگانەی لە ژێر هەمان ناودا لە ساڵی (1975)ەوە بۆ ساڵی 1979 دەرکرد. زۆربەی ئەندامەکانی ئەندامە چالاکەکانی پارتی کرێکارانی قەدەغەکراوی تورکیا بوون کە لایەنگری هاوپەیمانێتیی پرۆلیتاریای تورکیایان کرد بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتکردنی کورد. رێگای ئازادی نەچووە ناو بەشێکی فراوانی دانیشتوانی کوردەوە بەڵکو پارێزگاریی لە هەندێ پەیوەندی لە نێو رووناکبیران و بازنەی یەکێتیی بازرگاناندا کرد. لە ساڵی 1979دا ئەم دەستەیە کۆمەڵەیەکی تەواو ئاسایی پێکەوە نا و بوو بە پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا.

بەهۆی بوونی رەگ و ریشەی پێشتر هاوپەیمانێتی لە نێوان پارتی

www.pertwk.com

کرێکارانی تورکیا و کۆمەڵەی رووناکبیری دیموکراتی شۆڕشگێڕ، پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا بە گەشبینی مایەوە لە رووی شێوەی پێکەوەبوونی کورد – تورک لە نێو سیستەمی پارتی سۆشیالیستدا. پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا پێشبینیی ئەوەی کرد کە شۆڕشی سۆشیالیستی لە تورکیا دەشێت لە دوو قۆناغدا بگاتە ئەنجام.

(لەبەر ئەوە)ی کوردستان سەربەخۆیی خۆی بەدەست نەهێناوە، تاکو ئێستا لە قۆناغی دەرەبەگەیاتیدایە. خاسێتی قۆناغی شۆڕش کە رووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە بریتییە لە شۆڕشی دیموکراتی نیشتمانی. ئەم شۆڕشە کۆت و پێوەندەکانی کۆلۆنیالی دەشکێنێت لەسەر خەڵك و دەسەڵاتی بێگانە دەردەپەڕێنێت و کورد رزگار دەکات. پارتی ئێمە بە چاکی دەزانێت کە (روونی بکاتەوە) تەنیا سۆشیالیزم دەتوانێت کۆتایی بە بەکارهێنان و دواکەوتوویی بهێنێت. لەبەر ئەوە شۆڕشی دیموکراتی نەتەوەیی دەبێت تەواو بکرێت ئەویش لە لایەن شۆڕشی سۆشیالیستییەوە[37].

لە ساڵی 1980دا کودەتای سەربازیی لە تورکیا کە بنیادی سیاسییانەی وڵات و رێکخستنی حیزبیی هەڵوەشاندەوە بوو بە هۆی دەستگیرکردنی زۆربەی ئەندامانی پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا یان نەفیکردنیان. سەرکردایەتی دوورخراوەی ئەم پارتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە وڵاتی سوید کەوتە ئیشکردن کە لەوێ کەمال بۆرقای سکرتێری گشتیی پارتەکە نیشتەجێ بوو.

گرووپێکی تری چەپ ساڵی 1976 پێکهات و لە رێگای بڵاوکراوەی (رزگاری)یەوە ناسرا. بە پێچەوانەی (رێگای ئازادی)یەوە، سەرکردەکانی (رزگاری) تێڕوانینی کوردیان بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا نیشان دا، تەنانەت ئەگەر لە لایەن کەسێکی مامناوەندی (معتدل)ی وەکو ئەجەویتیشەوە حکومەتی تورکیا سەرکردایەتی بکرایە ئەوا ئەوان بە بێ بەر ناویان برد. ئەم گرووپە لە هەڵبژاردنی ساڵی 1977دا نە پشتگیریی



ئەجەویت و نە پشتگیریی پارتەکەیشیان نەکرد، بەڵکو گفتوگۆی ئەوەیان دەکرد کە کوردەکان وەکو نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو لە تورکیادا پێویستە گرنگی بە گیروگرفت و کێشەکانی خۆیان بدەن لە بری ئەوەی بچەقنە ناو قوڕاوی فێڵ و تەڵەکەی سیاسییانەی نەتەوەی کۆلۆنیالیکەردا. رزگاری بڕوای وابوو کە تەنیا شۆڕشی سۆشیالیستی کە لە لایەن پرۆلیتاریای کوردەوە سەرکردایەتی بکرێت زەمانەتی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات لە تورکیادا[38].

رێکنەکەوتن لەسەر مەسەلە ئایدیۆلۆژی و ستراتیژییەکان بوو بە هۆی دابەشبوون لە گرووپی رزگاریدا کە لە ساڵی 1979دا دابەش بوو. دەستەی جیابووەوەی (ئاڵای رزگاری) پرسیاری لە بارەی لەباربوونی بە کردەوەی سەرکردایەتیی پرۆلیتاریای کوردی بۆ شۆڕشی سۆشیالیسی دەکرد. هەر لێرەشەوە بەڵگەی بۆ ئەوە هێنایەوە کە پرۆلیتاریای کوردی لەوە لاوازترو بچووکتر بوو کە بتوانێت پرۆژەیەکی وەها گەورە ئەنجام بدات و بەرامبەر بە هێزی گەورەی دەوڵەتی تورکیا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. لەبەر ئەوە ئەم گرووپە داوای دانانی بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆژیی وەهای کرد کە هێندە دۆگمایانە نەبێت و رەچاوی بارودۆخی راستەقینەی کورد بکات و گۆڕانکاریی پێویست لە پرنسیپی مارکسیدا بکات تا لەگەڵ واقیعی (کوردستان)دا بگونجێت. هەروەها ئەم گرووپە رەخنەی لە سۆڤێت و رەفتاری سۆڤێت بەرامبەر بە کورد گرت ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە نەیارانی ئەم گرووپە بە رێکخراوێکی ترۆتسکیانەی بدەنە قەڵەم. هەرچەندە ئەم لە قەڵەمدانە ناتوانرێت بە بەڵگەی لەبەردەستابوو پاڵپشت بکرێت.

دژی – سۆڤێت بەشێکی بەهێز بوو لە رێکخراوێکی (ماوی) لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا کە ئەویش ساڵی 1976 پێکهات و ناوی رێکخراوی (کاوە) بوو، ئەم رێکخراوە بە ناوەکەیدا دوای کاوەی ئاسنگەر کەوتبوو. کاوەی ئاسنگەر وێنەی پاڵەوانێکە لە مەلحەمەی گەورەی (شانامە)ی شاعیری ئێرانی

www.pertwk.com

فیردەوسیدا. کاوەی ئاسنگەر شەڕی زوحاکی خوێنڕێژی کردو بەزاندی. ڕێکخراوی کاوە کۆمەڵێك هێرشی بوێرانەی دژی خاڵەکانی پێشەوەی تورکیا لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکاندا ئەنجام دا. بە ئەندامبوون لەم ڕێکخراوەیەدا هەر لە سنووری دەستەیەکی بچووکی خوێندکاران‌و دانیشتوانی شاردا مایەوەو نەپەڕییەوە بۆ خەڵکی تر. لە ساڵی 1978دا سەرکردایەتیی کاوە لەسەر ڕوانینیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی چین‌و سەرکردایەتیی سیاسەتی دەرەوەی ماوییانەی لە جیهانی سێیەمدا ناکۆك بوون‌و لە ئاکامدا دابەش بوون[39].

وەکو پێشتر باس کرا کوشتنی ئاڵچی‌و شڤان بە شێوەیەکی ئاشکرا لقی تورکیای پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی لاواز کرد. شکستیی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا لە ساڵی 1975دا ئەوەندەی تر ئەو لقەی بێ هێز کرد. هەرچەندە ساڵی 1977 بەشێکی زۆر نوێتری سەربازی پارتێکی نوێی بە ناوی (ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان) دامەزراند، مەڵبەندی پشتگیریکردنی ئەم پارتە لە ناوچەی ماردین بوو لە باشووری تورکیا نزیك سنووری عێراق‌و سوریا. پارتی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان پشتگیریی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی کرد کە لە لایەن دوو کوڕەکەی مەلا مستەفاوە دامەزرێنرا. پارتی ڕزگاری هەوڵی دا هاوپەیمانی لەگەڵ گروپە کوردییەکانی تردا دروست بکات بە تایبەتی لەگەڵ پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیادا، ئەویش لە ساڵانی هەشتاکاندا بوو بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەی دیموکراتی یەکگرتوو[40]. ڕیزەکانی پارتی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان لە ئەنجامی پێکدادانی توندی لەگەڵ پارتێکی چەپی ڕادیکاڵی تردا تێك چوو کە ئەویش پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. ئەوەی لە پارتی ڕزگاری مایەوە لەگەڵ بنەما فیودیالیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق‌و پارمەتیدەرەکانیان لە تورکیا تێك شکاو ئیدیعادی ئەوەی کرد کە بۆتە مارکسی – لینینی.



دیارترین‌و کاراترین ڕێکخراوی کوردی کە پێکهاتبێت لە سەردەمی ڕێنسانسی چەپدا لە ساڵانی حەفتاکاندا پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. ئەم پارتە لە ساڵی 1974دا دروست بوو کاتێك دەستەیەکی بچووکی قوتابیانی کورد لە زانکۆی ئەنقەرە (کۆمەڵەی نیشتمانیی دیموکراتی ئەنقەرە)یان بۆ خوێندنی باڵا دامەزراند. چالاکییە سەرەکییەکانیان بە شێوەیەکی سەرەتایی جەخت کردنە سەر بەدەستهێنانی دان پێدانانی ڕەسمی بوو بە مافی زمان‌و مافی کەلتووریی کوردیدا. سەرۆکی سەرەکی‌و هێزی بزوێنەری ئەم دەستەیە عەبدوڵڵا ئوچەلان (ئاپۆ) بوو کە پێشتر قوتابیی زانستی سیاسی بوو لە زانکۆی ئەنقەرە. جگە لە ئوچەلان دە کەسی تر لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەم گروپەدا ئامادە بوون کە یەکێکیان (کێسەر یەڵدریم) بوو کە تاکە ئافەرت بوو لەگەڵیانداو دواتر شووی کرد بە ئوچەلان‌و بوو بە سەرکردەیەکی خاوەن دەسەڵاتی پارتی کرێکاران. یەڵدریم دواتر لە ئوچەلان دوور کەوتەوە کاتێك دەستی کرد بە پرسیارکردن لە بارەی سیاسەتی ئوچەلان‌و تاکتیکییەوە، لە ساڵی 1988دا ئوچەلانی بەجێهێشت‌و بەشداریی باڵی جیابووەوەی پارتی کرێکارانی کرد لە ئەوروپا[41]. بڵاوکراوەیەکی تورکی ڕایگەیاند کە ئوچەلان گرنگی بە گۆناڵ تەیپ داوەو کردوویەتی بە بەرپرسی یەکەمی مەیدانیی ڕێکخراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە تونچەلی‌و بینگۆن[42].

پارتی کرێکارانی کوردستان هەمان شێوەی کۆمەڵەی ئێران (مارکسیزم – لینینیزم)یان لەگەڵ هەوێنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا تێکەڵاو کردووە. پارتی کرێکاران لایەنگری دامەزراندنی کۆمارێکی مارکسیی کوردی بوو لە باشووری تورکیادا. ئەمەش لەگەڵ مەبەستی ئەوپەڕیندا کە دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆیە بە جۆرێك کە هەموو ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەك پێبگرێتەوە[43]. ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە ڕێکخراوە کورییەکانی تر جیا کردۆتەوە بەرگریکردنێکی دوور

www.pertwk.com

لە گومانە لە سەربەخۆیی هەموو کورد. گروپە کوردییەکانی تر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان داوای ئۆتۆنۆمییان کردووە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق یان لەسەر داواکردنی سەربەخۆیی سوور نەبوون وەکو پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا و پارتی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان.

کۆمەڵەی نیشتمانیی دیموکراتی ئەنقەرە بۆ خوێندنی باڵا ساڵی 1974 سنووری ئەندامانی خۆی لە دەرەوەی بازنەی زانکۆ فراوان کرد و پەلی بۆ ناو بەشەکانی تری کۆمەڵگای کورد کێشا. لە ساڵی 1977دا ئەم گروپە لە شاری دیاربەکر کۆبووەوە و بەڵگەنامەیەکی دەرکرد کە شیکردنەوەی خۆی بۆ بارودۆخی کوردی تورکیا نیشان دەدا. ئەم بەڵگەنامەیە ئەو چوارچێوەیەی پێشکەش کرد کە تیایدا پارتی کرێکارانی کوردستان لە کاتی پێکهاتنییەوە وەکو پارتێکی مارکسی – لینینی سیاسیی کورد لە ساڵی (1979)ەوە چالاکیی تیادا کردووە. بەڵگەنامەکە بە نهێنی لە هەموو تورکیادا دابەش کرا لە ژێر ناونیشانی (رێبازی شۆڕشی کوردی)دا. ئەم بەڵگەنامەیە وەها باسی کوردستانی کرد کە کۆڵۆنییەکی کلاسیکی بێت و تیایدا خاوەن مڵکە فیوداڵ و بۆرژوا کۆچ کۆمپرادۆرەکان هاریکارییان لەگەڵ چینە فەرمانڕەواکان لە وڵاتانی کۆڵۆنیدا دەکرد بە تایبەتی لە تورکیا بۆ درێژە پێدانی بەکارهێنانی جوتیارانی کورد و چینی کرێکار. بەڵگەنامەکە رەخنەگرتنێکی توندوتیژ بوو لە رۆشنبیرانی کورد لەبەر ئەوەی لە تێڕوانین و رەفتاریاندا بوون بە تورك و میراتیی کەلتووریی کوردی خۆیانیان پشتگوێ خستبوو.

ئەم بەڵگەنامەیە پێشنیاری شۆڕشێکی دوو قۆناغیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد کردبوو کە بریتی بوون لە کێشەی نەتەوایەتی و پاشان کێشەی دیموکراتی. قۆناغی نەتەوەیی شۆڕشی کورد دەشێت پێداویستییەکانی کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێنێت وەکو لایەنی کەمی بەدەستهێنانی مافی کورد. قۆناغی دیموکراتیی ئەم شۆڕشە ئەو رێگایە خاوێن دەکاتەوە کە



ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵ هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەجێی هێشتووە لەوانەش بەکارهێنانەکانی فیودال و کۆمپرادۆر و خێڵایەتی و مەزهەبیی ئایینی و ژیانی نیمچە کۆیلایتی ئافرەتان[44]. ئەم بەڵگەنامەیە تەئکیدی لەوە دەکرد کە گۆڕانکاری و گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردی دشێت لە رێگای شوڕشی (مارکسی – لینینی)یەوە بگاتە ئەنجام کە دوا مەبەستیش دەشێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای بێ چین بێت. خەباتی چەکداری وەکو تاکە رێگایەك کە دەشێت بەهۆیەوە ئەم ئامانجە بەدی بهێنرێت پارێزگاریی لێدەکرا. پارتی کرێکارانی کوردستان هەوڵی پیادەکردنی ئەوەی دا کە هاتبوو. لە بارودۆخێکی نیمچە فەوزەوییانەدا کە دەسەڵاتی بەسەر تورکیادا کردبوو لە دوا ساڵەکانی حەفتاکاندا و لە کاتێکدا کە حکومەت تووشی شکست هاتبوو بەهۆی بێ توانایییەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی پێکدادانە توندەکانی نێوانی راست و چەپە توندڕەوەکان، پارتی کرێکارانی کوردستان ژمارەیەك هێرشی گەورەی کردە سەر شوێنە گرنگەکانی تورك لە بەشی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتدا و ئامادەبوونی بەهێزی خۆی لە ناوچەکەدا چەسپاند.

چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هەمان شێوەی چالاکیی پارت و بزوتنەوە سیاسییەکانی تر لەگەڵ کودەتای سەربازیی ئەیلوولی 1980دا راوەستا. لە ژێر سایەی سەرکردایەتیی سەرۆکی هەیئەی سوپا جەنەراڵ کەنعان ئەڤەریندا سوپای تورکیا لە 12ی ئەیلوولی 1980دا رایگەیاند کە دەستی بەسەر هەموو هێزە تەنفیزی و تەشریعییەکاندا گرتووە و رێکخستن و دیموکراتی بۆ وڵات دەگێڕێتەوە. ئەمە جاری سێیەمین بوو کە سوپای تورکیا خۆی لە سیاسەت هەڵقورتاندبوو لە دوا ساڵەکانی چلەکانەوە.

بە پێچەوانەی دوو دەست تێکێشانەی پێشترەوە ئەمجارە سوپا بە ئاسانی وازی لە دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشەکانی دەستوور و جێبەجێکردنی (تەنفیزی) حکومەتەوە نەهێنا. لە راستیدا سوپا هەتا هەڵبژاردنی ساڵی

www.pertwk.com

1983 وازی نەهێنا، هەتا ئەو کاتەی کە کابینەی مەدەنیو پەرلەمان دامەزرا[45].

ئەگەرچی کودەتاکە بە رووکەش بۆ گێڕانەوەی دیموکراتی ئەنجام درابوو نەك بۆ لەناوبردنی[46]، بەڵام سوپای تورکیا چالاکیی سیاسیانەو هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنبوونێکی سەرکوت کرد. پارتە سیاسییەکان قەدەغە کرانو سەرکردەکانیان دەستگیر کران. لە ناو ئەوانەشدا سەرۆك وەزیری لابراو سلێمان دیمیریل لە پارتی خۆپارێزی عەدالەتو مونافیسی سەرەکیی سلێمان دیمیریل کە بڵنت ئەجەویت بوو لە پارتی گەلی کۆماری دەستگیر کران بەڵام، تورکۆت ئۆزال کە بە بایەخەوە نەخشەدانەری سەرەکیی ئابووری بوو لە حکومەتە لابراوەکەی دیمیریلدا دەستگیر نەکرا، بەڵکو لە بری ئەوە مۆڵەتی پێدرا کە هەوڵی بیناکردنەوەی ئابووریی کوردی بدات بە مەبەستی یەکخستنی بۆ بازاڕی سەرمایەداریی نێودەوڵەتی. ئەمەش دیسانەوە ئاراستەکردنەوەی سەرچاوە ئابوورییەکانی خستە (جێگایەکی دوور) لە پیشەسازیی بچووکی تەقلیدی بەرامبەر ئەو بەشانەی سەرمایە کە بە تەواوی توانای گونجاندنیان لەگەڵ ئەو ئاراستەیەدا هەبوو[47].

جێبەجێکردنی ڕێکخستنی نوێی ئابووری داوای هێزێکی کاری گوێڕایەڵی دەکرد. هەروەها وەکو یەکەم پێودانگ دەستەی سەربازیی هەموو چالاکییەکانی یەکێتیی بازرگانیی وەستاند، بە شێوەیەکی تایبەتیش دەستەی سەربازیی کۆنفیدراسیۆنی میلیشیانانەی یەکێتییەکانی بازرگانیی پەرەسەندووی سەرکوت بکات. لە ئازاری ساڵی 1983دا دەستەی سەربازی دانی نا بە گرتنی نزیکەی بیست هەزار گومانلێکراو کە زۆربەیان لە چالاکەکانی چەپەکان یان هەوادارانی گروپە چەپەکان بوون. کوردە چالاکەکان کە ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی کارەساتی کودەتاکەی ساڵی 1980دا دەستگیر کرابوونو تاوانبار کرابوون بە هاندانی (جیابوونەوە) ژمارەیان نزیکەی سێ هەزار کەس بوو. زیاتر لە نیوەی ئەوانەی کە دەستگیرکرابوون



لەسەر (چالاکییە جیاوازەکانیان) ئەندامی پارتی کرێکاران بوون[48].

هەرچەندە ژمارەی گشتیی ئەو کوردانەی کە دەستگیرکرابوونو دادگایی کران زیاتر لە سێ هەزار کەس بوو، هەروەك زۆربەیان ئەندام بوون لە گروپی سیاسیو گروپی هەڵسووڕاوو بە تاوانی جۆراوجۆری دژی دەوڵەت تاوانبار کرابوون. دوای کودەتاکەو دەستگیرکردنی بەکۆمەڵی کوردو چەپە چالاکەکان، خەباتی کورد بە تایبەتی ئەوەی لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕێك دەخرا جیاوازییەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ پێشتراو هێجگار توندوتیژتر بوو.

دەستەی سەربازی هەوڵی زۆری دا بۆ زیاتر ڕێگاگرتن لە پەرەسەندنی زمانو کەلتووری کوردی. ساڵی 1982 دەستەی سەربازی داوای لە لیژنەی دەستووردانەری مەدەنیی کرد کە دەستوورێکی نوێ دابڕێژێت. دەستووری ساڵی 1982 کە لە ڕێگای ڕاپرسییەوە ڕازیبوونی لەسەر نیشان درا ژمارەیەك مەرجو بەندی وەکو بەربەست لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی کوردیدا دانا. بەندی ژمارە 26و 28و 89ی ئەو دەستوورە ئەمانەن کە لە خوارەوە دێن کە ئەو مەسەلەیەیان بە ئاشکرا خستۆتە ڕوو:

بەندی 26:

نابێت هیچ زمانێکی قەدەغەکراو لە لایەن یاساوە لە دەربڕینو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕدا بەکار بهێنرێت. هەر بەڵگەنامەیەکی نووسراو یان چاپکراو، وێنەی تۆمارکراوو کاسێتی ڤیدیۆ یان ماگناتیكو هۆیەکانی تری بڵاوکردنەوە کە بە پێچەوانەی ئەم بڕیارەوە بەکار دەهێنرێت پێویستە دەستیان بەسەردا بگیرێت.

بەندی 28:

بڵاوکردنەوە بەهەر زمانێك یاسا قەدەغەی کردبێت ڕێگای پێنادرێت.

بەندی 89:

هیچ حیزبێکی سیاسی پەیوەندیی بە دیفاعکردنو پەرەپێدان یان

www.pertwk.com

بڵاوکردنەوەی هیچ زمان و کەلتوورێکی ناتورکییەوە نییە. هەروەها ناشێت لە دوای دروستکردنی کەمایەتییەکان بگەڕێن لە چوارچێوەی سنووری وڵاتدا یان یەکێتیی نەتەوەییمان بڕووخێنن[49].

سەرباری یاساکانی قەدەغەکردن بەرامبەر بەکارهێنانی زمانی کوردی، ئاماژەی (یاسای) سزادانی تورکی بەجۆرێك پێداچوونەوە کراون کە هەموو دەربڕینێکی ناسنامەی ئیتنیکی کوردی تاوانبار بکەن. ئەمانەش، بە درێژایی حاڵەتی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زاراوەکانی کوردو کوردایەتی زیاتر بزوتنەوەی کوردایەتییان رادیکاڵ کرد بە تایبەتیش کە هەڵگری سەرەکی و پاڵپشتکەری ئەو بزوتنەوەیە پارتی کرێکارانی کوردستانە.

یاسای سزادانی تورکی کە لە ساڵی 1938دا دانراوە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنراوە بۆ سەرکوتانەوەی ئاخاوتنی ئازادو چالاکیی سیاسی، بە شێوەیەکی هێجگار کاریگەریش دژی کورد بەکار هێنراوە، ئەم یاسای سزادانەش ژمارەیەك پێوانەی لەخۆی گرتووە. بەندەکانی 141و 142 بۆ نموونە دامەزراندنی رێکخراوی کۆمۆنیستی یان جیاخوازی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و جیاخوازیی قەدەغە کردووە. بەندەکانی 158و 159 ئیهانەکردنی سەرۆك کۆمارو پەرلەمان و دەسەڵاتدارانی حکومەت و سوپای قەدەغە کردووە. کورد بە شێوەیەکی ئاسایی مەحکوم کراون لەبەر پێنانیان لەم بەندانە[50]. تەنانەت ئەو پارێزەرانەی کە بەرگرییان لە کورد کردووە بە هاندانی جیاخوازی تاوانبارو مەحکوم کراون. بۆ نموونە حسێن یەڵدریم کە پارێزەرێکی کورد بوو بە پارێزەری پارتی کرێکارانی کوردستان نیشان دراوەو لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1981دا لە لایەن سوپاوە دەستگیر کراو خرایە بەندیخانەی سەربازیی دیاربەکرەوە هەتا مانگی تەمموزی 1982 کە لە ماوەی بەندکردنەکەیدا ئازاری جەستەیی درابوو، هەروەها سووکایەتیی پێکرابوو لەبەر ئەوەی سووربوو لەسەر بەرگریکردن لەو کەسانەی کە پارێزەریان بوو لە دادگادا[51].



لە ماوەی فەرمانڕەواییاندا هەردوو سەرکردەی سەربازیی و سەرۆك جەنەراڵ کەنعان ئەڤەرین و سەرۆك وەزیرەکەی ئەدمیراڵ بلێند ئۆلۆشۆ جار لە دوای جار کوردیان ئاگادار دەکردەوە لە بارەی مەترسیی پێنان لە یاسای سزادانی وڵات.

جەختێکی نوێ خرایە سەر زیندووکردنەوەی زانستییانەی ئەو تیۆرە نەسەلمێنراوەی کە گوایە کورد خێڵێکی تورکی ئاسیای ناوەند بوون و هەروەها لە هەمان رەگەزی تورك بوون. شەپۆلێك لە وتار کە ئەم هێڵەی بیرکردنەوەیەیان کردبووە بنەمای خۆیان لە گۆڤارو بڵاوکراوە ئەکادیمییەکاندا دەرکەوتن. نووسینەکانی (سوکرۆز مەحمەت سەگبان) کە کوردێك بوو پڕوپاگەندەی بۆ سیاسەتی نەتەوایەتیی ئەتاتورك دەکرد جارێکی تر زیندوو کرانەوە. سەگبان پەرەی بە مێژوویەکی بۆش و بێ مانای بۆ کورد دا. کە ئەوەشی لەگەڵ زنجیرەیەك بنەمای بێ مانای زمانەوانیدا ئەنجام دەدا، کە بە شێوەیەکی جێگیر بەرجەستەی ئەوەی دەکرد کە کورد لە نێو گەلانی بنەماڵەی تورکیدایە[52]. بەرهەرحاڵ هیچ توێژەرێکی جیددی مێژووی کورد یان مێژووی تورك دانی بە بیردۆزەکانی (سەگبان)دا نەناوە و هیچ رێژەیەکیش لە کورد نەکەوتوونەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە.

سەرکوتکردنی بەیانکردنی ئیتنیکییەتی کوردی لە لایەن دەستەی سەربازییەوە کاری لە بەشێکی فراوانی کۆمەڵ کرد. بۆ نموونە لە مانگی ئازاری ساڵی 1981دا شەرەفەدین ئاڵچی کە وەکو وەزیری کاری گشتی لە سایەی ئیدارەکەی ئەجەویتدا کاری دەکرد، پێشتر لە ساڵانی 1978 – 1979دا بە دوو ساڵ و سێ مانگ زیندان بە تاوانی پڕوپاگەندەکردن بۆ کوردایەتی و جوداخوازی دادگایی کرابوو[53]. ئیدانەکردنی کابینەی پێشتری وەزیر لە پلەی یەکەمدا دژایەتیی سیاسیەکی ئاست بەرز بوو کە لە رەگەزی کورد بوو. لە کاتێکدا کە دەستەی سەربازی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست و نەخشەی ئاشکراکردنی بڕیاری حکومەتیش بۆ قەلاچۆکردنی هەموو

www.pertwk.com

شێوازێکی ناسیۆنالیزمی کوردی دانرا بوو. ئیدانەکردنی ئاڵچی لە پای بڵاوکردنەوەی چەند هەواڵێك بوو کە بریتی بوون لە رەخنەگرتن لەوەی کە پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی باشووری رۆژهەڵات پشتگوێ خراون، هەروەها ئەو ئیدانەکردنە لەسەر ئەوەش بوو کە ئاڵچی بە ئاشکرا دژی رێگاگرتن لە دان نان بە بوونی کورددا لە وڵاتدا وەستا بوو. لە بەڵگەیەکدا کە وەکو شایەتییەکی گەورە دژی ئاڵچی بەکارهێنراوە قسەیەکی ئاڵچی خۆیەتی کە گوتویەتی: (من کوردم، کورد لە تورکیا هەن)[54].

ئیدانەکردنەکەی ئاڵچی رێگای خۆش کرد بۆ دادگاییکردنی ئاشکرای ژمارەیەك لە نەتەوەیی و عەسکەرییەکانی کورد لە نیسانی 1981دا. دەستەی سەربازی جەماوەری بۆ ئەم دادگاییکردنانە سازو ئامادە کرد ئەویش لە رێگای بڵاوکردنەوەی بەرنامەیەکی سەعات و نیویی تەلەفزیۆنی لە رۆژی 30ی مانگی ئازاردا کە تیایدا ناپاکیی کوردە چالاکەکانی ئاشکرا کرد. بەرنامەکە ژمارەیەکی گەورە شایەتی ئاشکرا کرد ئەویش لە رێگای دەستگیرکردنی جەنگاوەرانی کورد و جوتیارانی کوردەوە کە ئامانج و بەرنامەو چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی ئاشکرا کرد. لە دیمەنێکی درامییانەدا جوتیارێکی بەساڵاچووی کورد گوتی پارتی کرێکارانی کوردستان لە داگیرکەرە ئەوروپییەکان خراپترن، لە کاتێکدا کە جەنگاوەرەکان کوڕەکەیان ناچار کردبوو دایکی و خوشکەکەی بکوژێت[55]. دیسان بەرنامەکە ئامانجی ئەوەبوو کە هەندێ پشتگیری بۆ سیاسەتی حکومەت لە نێو کورددا بەدەست بهێنێت ئەویش بە وێنەکێشانی گەریلا کوردییەکان و بە تایبەتیش هێزەکانی پارتی کرێکاران بە تیرۆریست و لەو بۆچوونەوە کە ئەو هێزانە سامانی تایبەتیی خۆیان لە دانیشتوانی کورد وەردەگرن.

## گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی مەدەنی: سەردەمی دوای ساڵی 1983

لە ساڵی 1983دا دەستەی سەربازی دەستی کرد بە خۆئامادەکردن بۆ



گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی مەدەنی و بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی دانا. هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی ساڵی 1983 بوو بە هۆی سەرکەوتنی پارتەکەی تورگۆت ئۆزاڵ واتە (پارتی نیشتمانیی دایك). دەسەڵات بە دەستگرتنی ئۆزاڵ وەکو سەرۆك وەزیری نوێی مەدەنی دەسەڵاتی سەربازیی لانەبرد. لە راستیدا جەنەراڵ کەنعان ئەڤەرین لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو وەکو سەرۆك و لە هەمان کاتدا سوپا بەردەوام دەسەڵاتی تەواوەتیی ناوخۆو مەسەلەکانی ئاسایشی دەرەوەی لە دەستدا مایەوە، سەرۆك وەزیری مەدەنی ئازادییەکی زیاتری لە مەسەلەکانی ئابووریدا پێدرا. ئەڤەرین دوای هەڵبژاردنی ساڵی 1989 و گواستنەوەی سەرۆکایەتی بۆ تورگۆت ئۆزاڵ بە ئەنجام گەیاندنی دامەزراندنی دەسەڵاتی تەنفیزی مەدەنی لە ئەنجامی ئەوەدا، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی سوپا لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە کوردییەکاندا بێ لە رووداوەستان مایەوە.

دانکۆرت رۆستۆ قەناعەتی وابوو کە دامەزراوە دیموکراتییەکان لە تورکیادا لە ساڵی 1983 بە دواوە بەهێز بوون و هەلی زیاتر بۆ بەشداریکردنی سیاسی بۆ هاونیشتمانییانی تورکیا لە بەردەستدا بوو. رۆستۆ زۆر تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە کە پەرلەمانی ساڵانی حەفتاکان شتێکی بێ گیان بوو، شکست و ئیفلیجییە سیاسییەکانیش دوای کودەتاکەی ساڵی 1980 پێچەوانە بوونەوە[56]. گەرچی بەڵگەی زیندوو هەیە کە لە هەندێ حاڵەتدا پشتگیریی شیکردنەوەکەی رۆستۆ دەکات، بەڵام کوردەکان کەڵکیان لەو ریفۆرمە سیاسییانە وەرنەگرتووە کە لە تورکیادا لە سەردەمی گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی مەدەنیدا بینا کراون. بەربەستی سەخت کە لە بەردەمی داواکانی کورددا بوو ئامادەبوون و بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای کەمالیستییەکان بوو لە نێو بازنەکانی فەرمانڕەوایی و لە نێو بەشێکی خاوەن قەبارەی دانشتواندا. هەروەك ئەنتۆنی هایمەن تێبینیی کردووە لاوازیی سۆزی گشتی بەرامبەر داواکارییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا بە

www.pertwk.com

شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیی بەو ڕاستییەوە هەیە کە باپیرانی 50٪ی خەڵکی شارو چینی ناوەندیی تورکی لە بەڵقان و میسرو کریماو ئاسیای ناوەندو قەوقازو ناوچە نزیکەکانی ترەوە هاتوون. ئاشکراکردنی ئەم ڕاستییە لە ئەمڕۆی تورکیادا، پارێزگاریکردن لە تەواوکاری ئیقلیمییانەی دەوڵەتی کوردی وەکو پێشینەیەکی باڵا دەمێنێتەوەو تورکیش بە ئازار چەشتنەوە بە ئاگایە لە کاریگەریی (پارچە پارچەکەرانەی) ناسیۆنالیزمی غەیرە تورکی و وەکو بە نەفرەتکراو سەیریان دەکات کە دەیانەوێت وڵاتەکانی خۆیان دروست بکەنەوە[57].

لە ساتەوەختی گەڕانەوەی دەسەڵاتی مەدەنییەوە لە ساڵی 1983دا، نزیکبوونەوەی تورکیا لە ڕاپەڕینی کورد دوو ئاراستەی هەبوو. لە لایەکەوە حکومەت ویستوویەتی میللەتی کورد هێمن بکاتەوە ئەویش بە ناردنی یارمەتی و پشتگیریی ئابوورییانە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە مەبەستی زیندووکردنەوەی ئابوورییەکەی بە تایبەتی کشتوکاڵ و بەیەکخستنی ئابووریی ناوخۆی کورد لەگەڵ ئابووریی گشتیی تورکیادا. پرۆژەی بەنداوی گەورەی ئەتاتورک بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵانی هەشتاکاندا دەستی پێکرد. چاکسازی لە بنیادی ناوکۆیدا بە تایبەتی لە هەوڵ و تەقەلاکانی حکومەتدا بۆ هاوچەرخکردنی هۆو ڕێگاو بازنەکانی هاتوچۆکردن لە ناوچەکەدا کە حکومەتی تورکی بە شێوەیەکی جیددی بەدوای کەوتووە دەستی پێکرد[58]. لە لایەکی ترەوە حکومەت بەردەوام بووە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی توندوتیژدا وەکو هەوڵێك دژی ئەوانەی کە ناسیۆنالیزمی ئیتنیکییان بەهێز کردووە، ئەمەش بە قسەی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە (هێلسنکی وۆچ) بۆ تێکشاندنی ناسنامەی ئیتنیکیی کوردی بووە[59].

زیادبوونی سیاسەتی دژ بە چالاکییەکانی کورد لە لایەن حکومەتی ئۆزاڵەوە، هاوکاتبوو لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی 1984دا. دوای کودەتاکەی ساڵی 1980و گرتنی چەند



هەزار کەسێك لە چەکدارو نەتەوەیی کورد زۆر ئەندامی پارتی کرێکاران کە لە تورکیا مابوونەوە تورکیایان بەجێهێشت و بنکەیان (شانە) لە ناو وڵاتانی سوریاو عێراقی هاوسێدا دروست کرد. لە هاوینی ساڵی 1984دا پارتی کرێکارانی کوردستان پێکهاتنی سوپای ڕزگاریی کوردستانی ڕاگەیاندو لە بنکەکانییەوە لە باکووری عێراق ژمارەیەك هێرشی دژی یەکەکانی سوپاو مەڵبەندەکانی پۆلیسی تورکیا ئەنجام دا کە لە لادێکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بوون.

سوپای تورکیا بە ناردنی خێرای یەکەی سەربازی بە چەکی قورسەوە بۆ کوردستان وەڵامی ئەوەی دایەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە دەست بەسەرکردنی ئەو گەریلایانەی پارتی کرێکاران کە هێرشەکانیان دەکرد سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. هێرشەکانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان توندتر بوون و لە مانگی مایسی ساڵی 1985دا پارتی کرێکاران پێکهاتنی دەستەی سەرکردایەتیی هێزە هاوپەیمانەکانی ڕاگەیاند کە پێی دەوترا بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد[60]. ئەم ڕێکخستنە لە لایەن پارتی کرێکارانەوە دەسەڵاتی بەسەردا کراو بە پێی شیکردنەوەیەك تەنیا پارتی کرێکارانی کوردستان و هەندێ ئەندامی تری سەربەخۆی چالاك تێیدا هاوبەش بوون وەکو کەسانی سەربۆخی چالاك نەك وەکو نوێنەری ڕێکخراوەکانی تر[61]. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1985)ەوە هەتا تشرینی دووەمی ئەو ساڵە گەریلاکانی ئێرنیکا سەرکردایەتیی پەنجا چالاکیان دژی هێزەکانی تورك و کوردە هاوکارەکانیان کردووە. بە پێی قسەی ئێرنیکا ئەم چالاکییانە چوار فەسیلی (بەشی) سەربازیی تورکیان تێکشکاندووەو زیاتر لە هەشتا سەربازو جاشیان کوشتووە[62].

گیروگرفتە لۆجستی و سیاسییەکان بوونەتە کۆسپ لە بەردەم چالاکییەکانی پارتی کرێکاران لە ناو تورکیادا. هاریکاریی تورکیاو عێراق لە ناوەڕاستی هەشتاکانداو هەروەها ناکۆکیی نێوان پارتی کرێکاران و پارتی

www.pertwk.com

دیموکراتی کوردستان بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجامدانی هێرشی گەریلایی دژی هێزەکانی تورکیا بۆ پارتی کرێکاران زۆر گران بێت. لەگەڵ لەدەستچوونی ئازادیی چالاکیی ئەنجامدان لە ناوچە سەختە چیاییەکانی سنووری عێراق‌و تورکیادا، پارتی کرێکارانی کوردستان دەبوو قورسی بخاتە سەر بنیادنانی بنکەکانی چالاکیی خۆی لە سوریا کە لەوێدا لەبەر ئەوەی ناوچە سنوورییەکانی نێوان سوریا‌و تورکیا تا ئەندازەیەك دەشتایین یارمەتیی ئەوە دەدات کە ئاسانتر کۆنترۆڵی چالاکییەکانی گەریلا بکرێت. لە تەمموزی ساڵی 1987دا سەرۆك وەزیری تورکیا تورگۆت ئۆزاڵ رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ سوریادا ئیمزا کرد کە داوای هاریکاریی بەهێزتری نێوان هەردوو وڵاتی دەکرد لەسەر مەسەلە ئەمنییەکان‌و سوریای ناچار کرد کە رێگا بە پارتی کرێکاران نەدات ناوچەکانی ئەم وەکو بنکەی چالاکی دژی تورکیا بەکار بهێنێت، ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی سوریا تا رادەیەکی لەبەرچاو سنووریان بۆ چالاکییەکانی پارتی کرێکاران دانا، بەڵام دیمەشق تێگەیشت کە بەکارهێنانی (وەرەقەی کوردی) بەکەڵکە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات لە تورکیا لەسەر مەسەلەی ئاوی رووباری فورات. دەسەڵاتی تورکیا بەسەر سەرچاوەی ئاوی فوراتدا مەسەلەیەکی بایەخدارە بۆ سوریا‌و عێراقیش چونکە هەردوولا بۆ ئاودێری پشتی پێدەبەستن. وا دەردەکەوێت لە ئەنجامی مانەوەی مەسەلەی ئاوی فورات بە بێ چارەسەرو مامەڵەکردنی سیاسییانەی تورکیا لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، دیمەشق رێگا بە پارتی کرێکاران‌و گەریلاکانی تری کورد بدات کە وەکو (بێزارکەرێکی جیددی) بۆ تورکیا بمێننەوە، بەڵام نەك بگاتە ئەو ئاستەی تووڕەکردنی ئەنقەرە کە هێرشی سەربازی دژی سوریا بکات[63].

لە ساڵی 1988دا بڵاوکراوەکانی تورکیا کەوتنە گێڕانەوەی چیرۆك دەربارەی هاریکاریی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لە ئەنجامی لەدەستچوونی بواری چالاکیکردن لە باکووری عێراق‌و سنووردارکردنی جووڵەی پارتی کرێکاران لە لایەن حکومەتی سوریاوە، پارتی کرێکارانی کوردستان دواتر ناچار بووە بەرەو ئێران بجووڵێت هەتا لە سایەی چەتری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا لە رۆژهەڵاتەوە هێرش بکاتە سەر تورکیا[64]. پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەڵوێستێکی باشدا بوو بۆ لێدانی ناوچەکانی وان‌و کارس‌و ئاگری لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا. بڵاوکراوەکانی تورکیا پەیوەستبوونی ئێرانی بە رێککەوتننامەی سەعد ئابادی ساڵی 1937یان یادی ئێرانی خستەوە بۆ رێگاگرتن لە بەکارهێنانی ناوچەکانی ئێران وەکو بنکەی هێرشکردن بۆ سەر تورکیا[65]. ئیمزاکەرانی رێککەوتننامەی سەعد ئاباد ئێران‌و عێراق‌و تورکیا‌و ئەفغانستان بوون کە ئەو رێککەوتننامەیە بریتی بوو لە پەیمانێك بە دژی دەست درێژیکردن کە بە پێی ئەوە لایەنەکانی ئەو رێککەوتنە رازی بوون بەوەی کە دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەوانی تر وەرنەدەن‌و هاریکاری بکەن لە مەسەلەکانی ئاسایش‌و پیرۆزی‌و (حصانە)ی سنوورە گشتییەکان بپارێزن.

سەرباری ئەوەش، بڵاوکراوەی تورکی لە کانونی دووەمی ساڵی 1989دا دان پێدانانەکانی ئامینە گەرگەریان بڵاو کردەوە کە ئافرەتێکی چالاکی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو لە دیاربەکر چاوەڕوانی دادگایی دەکرد، نیشانی دا کە یەکێتیی سۆڤێت عەقڵی رێنیشاندەری چالاکییەکانی گەریلایە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا لە هاوپەیمانێکی سێ لایەنەدا کە سوریا‌و پارتی کرێکارانی کوردستانی تێدایە[66].

بولگاریاش کە هاوسێیەکی تری تورکیایە لە لایەن هەندێ ناوەندی تورکییەوە بەوە تاوانبار کرا کە یارمەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان دەدات. سەرۆکی کۆمەڵەی روناکبیری تورکی بەڵقان ئاشکرای کرد کە هەزار چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو تورکە بولگارییەکان خۆیان گۆڕیوە‌و خۆیان کردۆتەوە بە تورکیادا ئەمەش لەو کاتەدا کە سنووری نێوان تورکیا‌و بولگاریا کراوەبوو بۆ ئەو ئاوارە بولگارییانەی کە بە رەگەز تورکن

www.pertwk.com

ئـەویش لـە سـاڵی 1989دا[67]. هـەروەها دەسـەڵاتدارانی تورکیـا هەنـدێ لـە ئەندامانی سەربازیو موخابەراتی یۆنانیان بە یارمەتیدەرو هاوکاریی پارتی کرێکـارانی کوردسـتان تاوانبـار کـردووە. ئیسـماعیل سـازگین کـە ئەنـدامی پێشـتری پـارتی کرێکـاران بـوو دەسـەڵاتدارانی تورکیـای لـە بـارەی کـامپی راهێنـانی پـارتی کرێکارانـەوە لـە دورگـەی لاڤریـۆنی یۆنـانی ئاگـادار کـرد. هەروەها جەنەراڵ مەتەفیس فەرماندەی پێشتری پاسەوانی نیشتمانیی بەشە یۆنانییەکـەی قـوبروس وەکـو راهێنـەری گـەریلاکانی پـارتی کرێکـاران لـە کامپەکانی سوریادا ناسێنرا[68].

شتێکی پڕ بایەخە کە تێبینیی ئەوە بکرێت ئەم تاوانبارکردنانەی پارتی کرێکارانی کوردستان بە تـەواوی لـە کاتێکدا کـراون کـە پـارتی کرێکـاران لـە دروسـتکردنی بنکەکانیـدا لـە نـاو قـووڵایی تورکیـادا سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە، هـەروەها لـە کاتێکدا بـوو کـە چالاکیی سـەربازی تورکیـا دژی گونـدە کوردییەکان لە بەرزترین پلەیدا بووە.

حکومـەتی تورکیـا بـە وێنـەکردنی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان وەکـو رێکخراوێکـی بـێ رەگو ریشـەو بـێ پاڵپشـت مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە دانیشتوانی نـاوخۆ لـە پێشمەرگەکان بکات بە غـەریبو نـەناسو لـە سـۆزی میللی بێبەشیان بکات. هەرچەندە ئەوە ئاشکرابوو کە بە بێ هەندێ بنەمای پشتگیریی میللی، پارتی کرێکاران نەیدەتوانی هێرشی سەربازیی خۆی بۆ سـەر هێـزە سـەربازییەکانی تورکیـا زینـدوو بکاتـەوە. بـەلای زۆربـەی کوردەکانـەوە بڵاوکردنـەوەی ئـەو راپۆرتانـەی کـە پشـتیان بـە دان پێـدانانی کەسە چالاکە دەستگیرکراوەکانی پارتی کرێکاران بەستووە دان پێدانانێکی شاراوەی حکومەتەکەی ئۆزاڵە بەوەی کە کێشەی کورد هەیە لە تورکیادا. لە راستیدا بە ماوەیەکی کـەم دوای سـەرکەوتنی لـە هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتیی ساڵی 1989دا تورگۆت ئۆزاڵ لە رووبەڕووبوونەوەیەکی تاکو ئەو کاتە بێ وێنـەدا بەرامبـەر بـە دۆگمـای وەزیفی، تـەنیا هـەر ئـەوە نـەبوو کـە ململانێـی



ئیتنیکی لە تورکیادا تێ بگات بەڵکو سەرەڕای ئەوەش دانی نا بە پێکهاتـەی فرەکەلتووری تورکیای هاوچەرخدا. لە قسەکانی ئۆزاڵدا گەلی تورکیا (لە زۆر ئەسڵی جۆراوجۆرەوە هاتووە وەکو پاشماوە کەمەکانی ئیمپراتۆرێك. تیۆری "گـەل"ێـك زۆر دروسـتترە لەچاو تیـۆری رەگەزەکانـدا... ئـەو وڵاتـەی کـە بـیر ناکاتەوەو دەرگای لەسەر قەدەغەکان داخستووە ناتوانێت پێش بکەوێت[69].

هەندێ لێکۆڵەر بوارپێدانی سەیری ئۆزاڵیان بە ئیتنیکە جۆراوجۆرەکانی تورکیا گێڕاوەتەوە بۆ بێ توانایی حکومەت بۆ راکێشانی سۆزو عەقڵی گەلی کورد بەلای خۆیدا. بۆ نموونە بە پێی قسەی قایمقامی شاری نەسیبین کە شارێکی قەوارە گەورەی کوردییە نزیك سنووری سوریا، ئەو شارە جێگای گەورەترین چالاکیی دژی حکومەت بووەو ژمارەیەکی بێ شوماری خەڵك لەو شارەدا هاریکاریی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن ئەویش لە ئەنجامی دڕندەیی تیپە چالاکە تایبەتییەکانی تورك دژی دانیشتوانی مەدەنی[70]. لە شێرناخ کە شارێکی کوردییە لە دامێنی چیای جودی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، پیرۆزترین جێگا لەوێ گۆڕی (زەیدی)یە کە ئافرەتێکی جەنگاوەری تەمەن شانزە ساڵ بووو لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی تورکیا کوژراوە، باوكو دایکە کوردەکان منداڵە مردووەکانیان نزیك گۆڕەکەی زەیدی بە خاك دەسپێرن چونکە بڕوایان وایە ئەوە بەختێکی باشە ئەگەر منداڵەکانیان نزیك جەنگاوەرێکی پاڵەوان بە خاك بسپێرن. هەروەها ئەو ژنانەی کە ئاواتی سك پڕبوون دەخوازن سەردانی گۆڕەکەی دەکەنو گوڵو شتی بچووکی گرنگ بەجێ دەهێڵنو لە رۆحی بێگەردی دەپاڕێنەوە کە منداڵیان پێ رەوا ببینێت[71].

بۆ داهێنانی سیاسەتێکی نوێی کوردی دەبێت پشتگیریی پارتە سیاسییە گەورەکان بەدەست بهێنرێت، سەرۆك ئۆزاڵ داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی لوتکەی لە 2ی نیسانی ساڵی 1990دا کرد لەگەڵ ئەردال ئینینۆی سەرۆکی پـارتی سۆشـیال – دیمـوکراتی میللـیو سـولێمان دیمیریلـی سـەرۆکی بـاڵی

www.pertwk.com

ڕاستی پارتی دایك‌و یەڵدریم ئیقبالی سەرۆك وەزیر كە سەرۆكی پارتی نیشتمانیی دایكە. هەموو بەشداربووان ڕازی بوون كە بڕیاری بە پەلە دەبێت بۆ هێوركردنەوەی كوردستان وەربگیرێت. ئۆزاڵ سەرۆكایەتیی كۆبوونەوەی بە پەلەی كابینەی وەزیرانی لە 9ی نیساندا كرد ئەویش بە مەبەستی داڕشتنی هەنگاوی تایبەتی‌و لەبەرگرتنی ڕێگای ڕامكردنی ڕاپەڕینەكان لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا. وەكو ڕوون دەكرێتەوە پارێزگاری دیاربەكر دەسەڵاتی درایە كە بتوانێت بڕیاری پێویست وەربگرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی كرێكاران‌و لایەنگرانی‌و دانانی سنووربەندی توندوتۆڵ لەسەر هۆیەكانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە ڕاپەڕینەكانی كوردستان.

لە تەمووزی ساڵی 1990دا سۆشیال – دیموكراتی ئۆپۆزسیۆن كە خۆیان بە میراتگری سیاسەتی ئەتاتورك دەزانی تورگۆت ئۆزاڵیان خستە هەڵوێستی بەرگری لە خۆكردنەوە لە پای ئەوەی كە داوای سیاسەتێكی دەكرد كە ڕێگا بە كورد بدات بە زمانی خۆیان بدوێن. لە ڕەخنەگرتنێكی توندا لە یاساكانی زمان لە توركیادا سۆشیال – دیموكرات گفتوگۆی ئەوەی كرد كە: ئەو میكانیزمە یاساییەی نكوڵیی ڕاستیی وڵاتەكەمان‌و سەردەمەكەمان دەكات، ئەو ڕاستییەی پشتگوێ خستووە كە گەلانی جیهان‌و هەروەها گەلی ئێمەش بە زمانی نەتەوەیی خۆیان‌و هەروەها بە زمانی ڕەسمیی خۆیان دەدوێن[72]. ئەمەش كاردانەوەی خراپی لە لایەن پارتی فەرمانڕەوایی نیشتمانیی دایك‌و پارتێكی ئۆپۆزسیۆنی گەورەوە كە پارتی ڕێگای ڕاست بوو دروست كرد، ئیسات كیراتلیگلۆی ئەندامی باڵای پارتی ڕێگای ڕاست سووربوو لەسەر ئەوەی كە لە توركیادا گیروگرفتی زمان بوونی نییە. هەروەها سەرۆك ئۆزاڵیش ڕایگەیاند كە لە توركیادا یەك زمانی ڕەسمی هەیە[73]. نەیارە سیاسییەكانی سۆشیال – دیموكرات‌و هەروەها زۆربەی كوردەكانیش بڕوایان وابوو كە لایەنگری ئەو پارتە بۆ مافی زمانی كوردی هەلپەرستانەیە‌و بە نەخشە دایناوە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی كورد بۆ بردنەوەی زۆربەی



كورسییەكان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی توركیادا. لە ڕاستیدا ساڵێك پێشتر سۆشیال – دیموكرات حەوت ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی دەركرد لەسەر ئەوەی ئامادەی كۆنفرانسی (مافە كەلتوورییەكانی كورد) بوون لە پاریس.

ساڵی 1991 چەند بڕیارێك كە پەیوەندییان بە دان نان بە مافەكانی كوردەوە هەبوو كەوتە بەردەم لێدوان لە نێوان پارتە سیاسییەكانی توركیادا لەوانەش پارتی فەرمانڕەواو پارتی ئۆپۆزسیۆن كە پێشبڕكێیان لەسەر دەنگی كورد دەكرد لە ڕۆژهەڵات‌و باشووری ڕۆژهەڵاتدا. لە 24ی كانونی دووەمی ساڵی 1991دا سەرۆك ئۆزاڵ لە بیركردنەوەدا بۆ گۆڕینی یاسای (شوێنی) زمانی كوردی مەرسومێكی دەركرد‌و دانی نا بەوەدا كە (ئەو زمانانەی كە زمانی سەرەتایی نین لە وڵاتاندا ئەوا توركیا پەیوەندی دیبلۆماسییانەی هەیە لە گەڵیاندا)[74]. دوای گفتوگۆیەكی توندوتیژ لە 27ی كانونی دووەمی ساڵی 1991دا كابینەی حكومەتی توركیا بڕیاری دا كە پێشنیار بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی توركیا بكات كە یاسای ژمارە 2932 كە لە ساڵی 1985دا دەرچوو بوو بە پێی ئەو قسەكردن‌و نووسین بە زمانی كوردی لە هەموو جێگایەكی وڵاتدا قەدەغە بوو. توركۆت ئۆزاڵ بۆ بەرگریكردن لە هەڵوێستی نوێی بە ئاشكرا ڕوونی كردەوە لەبەر ئەوە كە (لە شەش كەسی توركیا یەكێكیان كوردە)[75]، پێویستە حكومەتەكەی دان بە واقیعییەتی مافی زمانی كوردیدا بنێت.

چەند لایەنێك لە بڵاوكراوە توركییەكان بۆ پشتگیریی پێشنیارەكەی ئۆزاڵ لەبارەی سیاسەتی زمانەوە وتاریان بڵاو كردەوە‌و گفتوگۆی ئەوەیان كرد كە ئەوە نەك هەر یارمەتیی پەیوەندیی نێوان ئیتنیكە جیاوازەكان دەدات لە وڵاتدا بەڵكو هەروەها سیمای توركیاش لە ئەوروپادا جوان دەكات‌و یارمەتیی چوونە ناوەوەی توركیا بۆ یەكێتیی ئەوروپا دەدات[76]. نەیارانی ئۆزاڵ لە پارتی سۆشیال – دیموكراتی میللی‌و پارتی ڕێگای ڕاست بە پەلە بوون لە تاوانباركردنیدا بۆ قۆستنەوەی مەسەلەكە بۆ بەرژەوەنیی سیاسییانە. ئەردال

www.pertwk.com

ئینینۆی سۆشیال – دیموکرات ئەو قەناعەتەی دەربڕی کە ئۆزاڵ ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کردووە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن پارتەکەیەوە پەسەند کراوە، بەڵام ئەو سیاسەتە لە لایەن پارتی نیشتمانیی دایکەوە کە پارتی فەرمانڕەوا بوو رەت کرایەوە. سلێمان دیمیریلی سەرۆك وەزیری پێشوو سەرۆکی پارتی رێگای راستی خۆپارێز بە گومانەوە پرسی: داخۆ ئەمانە (واتە حکومەتو پارتی فەرمانڕەوا) دەگەنە ئەوەی کە رێگا بە زمانی کوردی بدەن لە قوتابخانەکانو لە رادیۆو لە تەلەفزیۆنەوە بڵاو ببێتەوە؟ ئایا ئەمانە رێگا دەدەن بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەڕێوەبردندا؟ ئەگەر ئەمە بەدی نەیەت ئەوە مانای وایە بەکارهێنانی ئەم مەسەلەیە بەم رێگایە جۆرێکە لە فریودانو خەڵەتاندن[77].

زۆرێك لە ئۆپۆزسیۆنی تورکی بە تایبەتیش رووناکبیران لەو کۆمەڵە کوردییانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن بە وریاییەوە پشتگیریی پێشنیاری پرۆژەی چاکسازییە زمانییەکەی ئۆزاڵیان کرد. ئەگەرچی کوردەکانی تورکیا دیسان بێ بڕوایی خۆیانیان بۆ دڵسۆزێتی حکومەت دەربڕی. کەندال نەزانی سەرۆکی مەڵبەندی کوردی لە پاریس لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کۆڤاری نۆکتای تورکیدا هەڵوێستی زۆرێك لە کوردەکانی دەرخست کاتێك گوتی سەرۆك ئۆزاڵ دەبێت بە کردەوەکانی هەڵبسەنگێنرێت نەك بە قسەکانی. دەشێت لە مێژوودا ئۆزاڵ وەکو پاڵەوانێکی هاوشێوەی سەرۆك دیکلارك نیشان بدرێت کە بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە رژێمی پلانی جیاوازیی رەگەزی لە باشووری ئەفەریقا بەلاوە نا، یان وەکو سیاسییەکی هەڵەشەو هەلپەرست کە بەڵێنەکانی خۆی لەبیر دەکات، هەر کە جارێکیش مەترسیی رەویبێتەوە ئەوا خۆی دەدات بە دەست فشاری خۆپارێزانەوە. ئەو هەڵوێستەی کە لە مانگەکانی داهاتوودا ئۆزاڵ وەری دەگرێت یەکێك لەو دوو راستییە ئاشکرا دەکات کە بە راستی هەڵوێستی ئەوە[78].

دیسان پێشنیارەکەی ئۆزاڵ رووبەڕووی گومانو رەخنەلێگرتن بووەوە لە



لایەن مافی سیاسییانەی تورکو هەندێ لە ئەندامانی پارتەکەی خۆیەوە کە پارتی فەرمانڕەوا بوو. بۆ نموونە تورکمان کە رۆژنامەیەکی خۆپارێزی کاریگەرە ئۆزاڵو وڵاتی ئاگادار کردەوە کە ئەو سیاسەتە لیبریالییەی زمان زیاتر کورد دەکات بە سیاسیو بە رادیکاڵو هانیان دەدات بۆ بیناکردنی داواکاریی سیاسییانە کە خۆی لە جیابوونەوەدا دەبینێتەوە بۆ داهاتوو[79]. ئەم ئارەزووە لە لایەن هەندێ لە ئەندامانی حیزبەکەی ئۆزاڵەوە بانگەوازی بۆ کرا. وەزیری دەوڵەت جەمیل سیچاك لەوە ترسا ئەگەر جارێك مەسەلەی زمان چارەسەر بکرایە، ئەوا کورد داوای وەرگرتنی مافەکانی کەمایەتییەکەیان دەکرد، پاشانیش یان داوای ئۆتۆنۆمی یان داوای دەوڵەتداری دەکەن. دەربڕینی رای گشتی نیشانی دا کە لە 47٪ی تورك بڕوایان نەبوو کە یەکێتیی نەتەوەیی هیچ گرفتێکی بۆ دروست ببێت ئەگەر سیاسەتی ئۆزاڵ بۆ زمان بینا بکرایە، لە کاتێکدا 41٪ی دەنگەکان ئەو بۆچوونەیان دەربڕی کە یەکێتیی تورکیا دەڕووخێت ئەگەر ئەو پێشنیارە ببێتە یاسا[80].

پێشنیارەکەی ئۆزاڵ رووبەڕووی دژایەتیکردنێکی چاوەڕوان نەکراو بووەوە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیاو لە ئازاری ساڵی 1991دا ئاشکراکردنی ئەو راستییەی کە (پارتی نیشتمانیی دایك)ی فەرمانڕەوا لە ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیادا کە دەنگی زۆربە بوو ئاسایی کاردانەوەیەکی نەرمونیانی بەرامبەر بە پێشنیارەکەی ئۆزاڵ هەبوو. دژایەتیکردنی پرۆژەی ریفۆرمی زمان دابەشبوونێکی قووڵی لە بازنەکانی فەرمانڕەواییدا خستە روو ئەویش لەسەر بنەمای سووککردنی ئەو مەرجو بەندانە بوو کە خرابووە بەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە. هەروەك چاودێرێك تێبینیی کردووە یادەوەری هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە تورکیای نوێدا بە تەواوی زیندووەو تورك نایانەوێت دووەم هەڵوەشاندنەوەی وڵاتەکەیان لە سەدەی بیستدا ببینن[81]. سەرچاوەیەکی تری دژایەتیکردن لەوانەوە هاتووە کە گفتوگۆی ئەوەیان دەکرد کاریگەریی پرۆژەکەی ئۆزاڵ لەوانەیە بچووك بێت چونکە ئەم پرۆژەیە بەربەستەکانی بەردەم بڵاوکردنەوەی کتێبو رۆژنامەی بە زمانی کوردی لانەدەبرد یان رێگای لە بەردەم گوتنەوەی

www.pertwk.com

زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا ئاوالا نەدەکرد[82].

## مەسەلەکانی مافی مرۆڤو خەباتی کورد لە تورکیا

خەباتی کوردایەتی لە تورکیا مافی مرۆڤو هەروەها مەسەلەکانی نەتەوایەتی بەرز دەکاتەوە هەمان شێوەی هەر جێگایەکی تری ئەم دنیایە، لە هەر کوێیەك شەڕی گەریلایی (پارتیزانی) هەبێت ئەوا پێ نان لە مافی مرۆڤ لە لایەن هەردوولاوە ئەنجام دەدرێت. حکومەتی تورکی پارتی کرێکارانی کوردستانی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی مەحکوم کردووە کە قوربانییەکانی بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی بێ دەرەتانی مەدەنی کوردن. ئەگەرچی ئەو مەحکومکردنەی حکومەت لە پێناوی پاکانەکردن بۆ سیاسەتی تورکیادا ئەنجام دراوە، بەڵام بەڵگەی زیندووو لەبەرچاو هەیە کە کوشتنی سیاسییانەی بە مەبەست لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن گەریلاکانی پارتی کرێکارانەوە ئەنجام دراوە. لە 24و 25ی تشرینی دووەمی 1989دا چەکدارە چالاکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بیستو هەشت کەسی مەدەنیی کورد یان ئێکیکای ناوچەی هەکاری کوشت کە شەشیان ژنو سیانزەیان منداڵ بوون. لە 6ی شوباتی ساڵی 1990دا گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە بەرنامە موختاری پێشتری گوندێکیان لەگەڵ ژنو منداڵەکانیدا لە ناوچەی سلۆپی لە ماردین کوشت. لە ناوەڕاستی ئازاریشدا پارتی کرێکاران کارمەندێکی دائیرەی غاباتی دەوڵەتیان لە ئەلازیك فڕاندو کوشتیان[83]. پارتی کرێکاران هێرش دەکەنە سەر پاسەوانە کوردە سەر بە حکومەتەکانی گوندو بە توندی رەفتاریان لەگەڵ دەکەن. لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تایبەتیی ترسناکدا لە 10ی حوزەیرانی 1990دا هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو بیستو شەش گوندنشینیان کوشتو پاشان ماڵی چوار پاسەوانی گوندیان



نەوت پیاکردو بە تەواوی سووتاندنیانو پاسەوانو خێزانەکانیان بەزۆر لە ناو خانووەکانیاندا هێشتەوە[84]. پارتی کرێکارانی کوردستان بە توندی نکوڵیی لە بەرپرسیارێتیی کوشتنی خەڵکی مەدەنیی کوردووە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی حوریەتی تورکیدا عەبدوڵڵا ئوچەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان جەختی لەسەر پابەندبوونی پارتەکەی بۆ کەمکردنەوەی قوربانییانی مەدەنیی کردووەو هەروەها تەئکیدی لەسەر ئامادەبوون بۆ ئاگربەست کردووە لە کاتێکدا ئەگەر حکومەت ئارەزووی خۆی بۆ گفتوگۆ نیشان بدات[85]. ئەو راگەیاندنەی ئوچەلان بە تایبەتی گرنگیی خۆی هەیە چونکە لە ناوەندی گەورەترین راپەڕینی هەموو باشووری رۆژهەڵاتەوە بەرز کراوەتەوە.

رابوونو سەرهەڵدان لای کوردەکان لە ناوچەکانی هەرێمی ماردینو ساڤور لە 12ی ئازاری 1990داو لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لە نێوان یەکەکانی سوپای تورکیو لەشکری رزگاریی گەلی کوردستاندا واتە سوپای ڕێکخراوی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەستی پێکرد. بە پێی سەرچاوە کوردییەکان زیاتر لە چل سەربازی تورکیو سیانزە گەریلای لەشکری رزگاریی گەلی کوردستان لەم پێکدادانەدا گیانیان لەدەست دا. رۆژی دوای رووداوەکە دەوروبەری شەش هەزار کورد ئامادەی بە خاك سپاردنی لاشەی جەنگاوەرەکانی لەشکری رزگاریی گەلی کوردستان بوون. کاتێك کە جەماوەری مەراسیمی بەخاك سپاردن دەستیان کرد بە گوتنەوەی دروشمی(هەر بژی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڕووخێ داگیرکەری تورکی) هێزەکانی ئاسایشی تورك خۆیان کرد بە ناو جەماوەرەکەداو بوو بە پێکدادان، لە ئەنجامدا سیو سێ کەس کوژران یان بریندار بوون، ئەمەش بوو بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشدا لە رۆژی دواترداو لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی قوربانییەکانی پێکدادانی رۆژی پێشتردا[86].

www.pertwk.com

ڕاپەڕینەکە پەلی کێشاو ناوچەکانی تری کوردستانی گرتەوەو خۆپیشاندانو نەچوونە قوتابخانەی قوتابیانو نەچوونە دەزگا حکومییەکانی کارمەندان بوو بە بەشێکی تەواوکەری سەرهەڵدانەکە. ئەم سەرهەڵدانە کە لە سەرەتای ساڵی (1991)ەوە درێژەی کێشا جددیترین لە ڕووداوەستانی دەسەڵاتی تورکیا بوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا. ئەگەرچی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا سەرکەوتوو بوون لە دامرکاندنەوەی سەرهەڵدان یان ڕاپەڕینەکەی کورددا لە ناوەڕاستی ساڵی 1991دا بەڵام ڕاپەڕینی پچڕپچڕی میللی لە ناوچەکەدا هەر بەردەوام بووەو دیسانەوە خەریکبووە ببێتەوە بە ڕاپەڕینی جەماوەری.

حکومەتی تورکی هەمیشە زۆر بە توندیو بە خێرایی هەڵوێستی بەرامبەر بە هەر بەیانکردن یان پتەوکردنێکی داواکاریی کورد بۆ مافەکانی نواندنەوە. حوکمی بەندکردنی دوورودرێژ دراوە بەسەر کەسانێکدا کە هەرگیز بەشداریی کاری توندوتیژیان دژی حکومەت نەکردووە بەڵکو هەر لەسەر ئەوە حوکم دراون چونکە تەنیا بە نووسین یان بە قسە بەرگرییان لە مافەکانی کورد کردووە. ئازاردانی دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی بووە بە هۆی وەسفکردنیو هەروەها ئەو ڕەفتارە سەرنجی دنیای بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە چۆن تورکیا پێ لە مافەکانی مرۆڤ دەنێت. بێشکچی کۆمەڵناسێکی تورکەو لە کتێبێکدا ساڵی 1969 کە بەناونیشانی (ڕێکخستنی ئەناتۆڵیای ڕۆژهەڵاتی: بنەما کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئیتنیکییەکان)ە ڕەخنەی توندی لە تورکیا گرتووە لە پای ئەوەی کە هەرێمەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی پشتگوێ خستووە، هەروەها لەو کتێبەدا ئیستغلالکردنی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سەرکوتکردنی سیاسییانەی کوردی لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە شی کردۆتەوە. حکومەت هەر بە زوویی بێشکچیی بەوە تاوانبار کرد کە (دوژمنی نەتەوەی تورکەو بەکرێگیراوێکی کۆمۆنیستەو پڕوپاگەندەی کوردایەتی بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ ڕەتکردنەوەو پوچکردنەوەیەکی ئەکادیمییانە یان زانستیانە لە لایەن ئەکادیمیو کۆمەڵناسە شارەزاکانی



تورکەوە بۆ دەرەنجامی توێژینەوەکانی بێشکچی پێشکەش نەکرا، بەڵام هەر بە زوویی بێشکچی لە مامۆستایەتیی زانکۆی ئەتاتورك لە ئەرزەڕۆم دەرکرا. لە ساڵی 1971دا بێشکچی خرایە زیندانەوەو دواتر ساڵی 1974 کاتێك ئەجەویتی سەرۆك وەزیر لێبووردنی گشتیی بۆ زیندانییە سیاسییەکان دەرکرد ئازاد کرا.

دکتۆر بێشکچی سێ لێکۆڵینەوەی تری لەسەر کورد لە تورکیا بڵاو کردەوە پێش ئەوەی جارێکی تر لە ساڵی 1979دا دەستگیر بکرێتەوە لەسەر هەمان تاوانبارکردن کە پێش چەند ساڵێك خرابووە ئەستۆی. بێشکچی بۆ ماوەی سێ ساڵی تر بەند کرا پاشان بەربوو، ئەنجاش دوو مانگی تر خرایەوە زیندانەوە. بێشکچی پێشتر نامەیەکی سوپاسکردنی بۆ ژنە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی سویسرا نووسیبوو، لەبەر ئەوە تاوانبار کرابوو بەوەی کە زانیاریی بێ بنەماو درۆی دەربارەی مەسەلە ناوخۆییەکانی تورکیا بڵاو کردۆتەوە ئەویش بە مەبەستی کەمکردنەوەو هێنانەخوارەوەی کەسێتیو نفوزی دەوڵەت لە وڵاتێکی بێگانەدا[87]. بێشکچی لە مایسی ساڵی 1987دا لە زیندان ئازاد کرا بەڵام لە کانونی یەکەمی ساڵی 1987دا برایەوە بۆ بەندیخانە ئەویش لەسەر گفتوگۆیەك کە بۆ (ئۆرگار گێلچێك)ی کردبوو تیایدا بەرگریی لە مافە ئیتنیکییەکانی کورد کردبوو. پاش ماوەیەکی کورت ئەمجارەش ئازاد کرایەوە بەڵام دیسان لە شوباتی 1990دا جارێکی تر گیرایەوە.

گرتنەکەی ساڵی 1990ی بێشکچی لەسەر نووسینی کتێبێکی تازە بوو بە ناوی (کوردستان: کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی). ئەم کتێبە بریتییە لە شیکردنەوەیەکی مێژووییانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورك لە کوردستاندا لەگەڵ شیکردنەوەی هەمەلایەنەی سیاسەتە تایبەتییەکانی تورك بۆ هێمنکردنەوەی کوردو بۆچی کورد شکستی خواردووە[88]. لە بەیانێکی درێژی دەستپێکدا لە بەردەم دادگادا بۆ دادگاییکردن لە 18ی نیسانی 1990دا بێشکچی گوتی: (دەوڵەتی تورکو ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت

www.pertwk.com

نکوڵی بوونی نەتەوەی کوردو زمانی کوردی دەکەن. کورد وا دادەنێت کە خێڵێکی تورکییەو زمانی کوردیش دایەلێکتێکی زمانی تورکییە. بەم شێوەیە ئایدیۆلۆژیای رەسمی (دەوڵەت) راستییە کۆمەڵایەتییەکان رەت دەکاتەوە. ئایدیۆلۆژیای رەسمی دان بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی تردا نانێت. ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری ئایدیۆلۆژیای رەسمیدان بەرەو بەندیخانە دەبرێن، سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای رەسمی (دەوڵەت) رێگا لە پەرەسەندنی شیکردنەوەی زانستی (پەرەسەندنی زانست) دەگرێت. ئەم فشارە بیروباوەڕ ئیفلیج دەکات و مێشك لاوازو بێهێز دەکات. من بەشداریی ئەو تێڕوانین و بۆچوونانە ناکەم کە بۆ تاوانبارکردنم خرانە روو، چونکە ئەو بۆچوونانە دەربڕینی ئایدیۆلۆژیای رەسمین و لەسەر بنەمای درۆو نکوڵیکردنی راستی بنیاد نراون، دەشێت ئەم شتانە لە یاسادا هەبن بەڵام ناڕەوان. (ئەو دەستوورە) ئەگەر هی پێنج جەنەراڵ بێت یان هی 450 نایب ئەوە هیچ جیاوازییەکی نییە. ئەو دەستوورەی کە نکوڵی بوونی نەتەوەی کوردو زمان و کەلتوورەکەی دەکات بە هیچ شێوەیەك ناشێت دەستوورێکی رەوا بێت. لە یاسادا رەوابوون زۆر گرنگترە لەچاو دەستووردا[89].

دوای ئەوە ئیسماعیل بێشکچی بەرگریی لە پشتگیریی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد کرد:

کورد چوار هەزار ساڵە لە کوردستاندا دەژی لە کاتێکدا کە تورك لە نیوەی دووەمی سەدەی یانزەدا لە ئاسیای ناوەندەوە کەوتە جووڵە بە خۆراساندا بۆ ئێران و کوردستان و عێراق و سوریا و ئەناتۆڵیا... ژیانی تورکەکان لەسەر ئەم خاکانە هێشتا نەبووە بە هەزار ساڵ. ئەم تورکانە سووکایەتی و بێنرخییان بە خاوەنە ئەسڵییەکانی ئەم خاکانە کردووە... تورك لە پێناوی لە نێوبردنی نەتەوەی کوردو زمان و کەلتوورەکەیدا بەربەرییانە رەفتار دەکەن. نەتەوەی تورك شایانی ئەوە نییە کە وا بناسرێت ئەنجامدەری ئەو جۆرە بەربەریەتەیە. من دەمەوێت کەمێك لە سەر چەمکی (سەروەری نەتەوەیی) رابووەستم و



دەمەوێت گەلی کورد ئازاد بێت. ویستنی ئەوەی کە کورد لە بارودۆخێکی یەکسان لەگەڵ تورکدا بژین وا وەردەگیرێت کە پڕوپاگەندەی لاوازکردنی سەروەرێتی تورك بێت. لە راستیدا داواکردنی یەکسانی بۆ گەلی کورد یان بەلاوەنانی بڕیاری قەدەغەکردن لەسەر زمان و کەلتووری کوردی بە ئاشکرا ناتوانێت سەروەرێتیی نەتەوەیی تورك لاواز بکات. بە پێچەوانەوە سەروەرێتیی نەتەوەیی تورك پتەو دەکات ئەگەر بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان هەستی نەتەوەیی بەهێز بکات[90].

ئیسماعیل بێشکچی ناوبانگی نێونەتەوەیی پێبەخشراوە، لەو ئاقارەشدا لە لایەن رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤەوە بە(زیندانیی ویژدان) ناوبراوەو دیارە بە ئاشکرا ئەو رێکخراوە بەرپرسیارە لە پاراستنی ژیانی بێشکچی، هەرچەندە ئەو ناوبانگە نێونەتەوەییە نەبوو بە هۆ بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی زیندان واز لە ئازاردانی بهێنن. هەروەکو هێلسنکی وۆچ و رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و دەستکردن بە باسی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا (گروپی پشتبەستوو بە ئەڵمانیا بۆ مافەکانی مرۆڤ) و هەروەها سەرچاوە سەربەخۆ نێونەتەوەییەکانی تری مافی مرۆڤ بە بەڵگەوە بڵاویان کردۆتەوە، کە لە مەڵبەندەکانی دەست بەسەراگرتن و مەڵبەندەکانی پۆلیسی تورکیادا کوردەکان بە توندی ئازار دەدرێن[91]. هەر تاوانبارکردنێکی تاکەکەس بە یارمەتیدانی گەریلاکان لە ناو ئەوانەشدا خزمەتی پزیشکانەو بەرگریکردنی پارێزەران بابەتی گرتنن. بۆ نموونە دکتۆر عەبدوڵڵا بۆلکا کە پزیشك و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی (سیزرا) بوو لە هەرێمی ماردین لە ئەیلولی ساڵی 1989دا دەستگیر کرا لەسەر ئەوەی کە نەخۆشێکی چارەسەر کردبوو، پۆلیس بڕوای وابوو ئەو نەخۆشە ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانە. دکتۆر بۆلکا بۆ ماوەی پانزە رۆژ ئازار درا پێش ئەوەی ئازاد بکرێت، پاشان لە کارەکەی دەرکراو رەوانەی (یۆزگات) کرا لە رۆژئاوای تورکیا. لە سەروەختی ئازادبوونی و دەرچوونی لە حاڵەتی دەستبەسەری

www.pertwk.com

بۆلکا گوتویەتی: من پەیوەندیم بە پارتی کرێکارانەوە نییە، ئەرکی سەرشانی من وەکو پزیشك بریتییە لە پێشکەشکردنی چارەسەری پزیشکی بۆ هەر کەسێك کە پێویستیی پێی بێت. من ناتوانم بزانم داخۆ ئەو نەخۆشە تیرۆریستە یان نا. سەرباری ئەوەش من پێویستم بەوە نییە بە دوای ئەوەدا بگەڕێم، ئەوە ئەرکی من نییە[92].

ئامرازێکی تری سەرکوتکردنی ناسنامەی ئیتنیکیی کوردی بریتی بووە لە ئاوارەکردنی خەڵکی بە رێژەیەکی بەرز لە گوندەکانی باپیرانیان. بنەمای یاسایی بۆ ئاوارەکردن لە یاسای ژمارە 2510دا هاتووە کە دانراوەو لە حوزەیرانی ساڵی 1934دا بڵاو کراوەتەوە. بە پێی ئەم یاسایە ئەو کەسەی زمانی دایکی تورکی نەبێت دەشێت لەبەر هۆکاری سەربازی یان سیاسی یان کەلتووری یان هۆکاری ئاسایش دیسان جێگیر بکرێتەوە ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ وای دانا کە ئەوە بۆ بەرژەوەندیی وڵات پێویستە. لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەرکردنی گوندنشینە کوردەکان لە شوێنی خۆیانو نیشتەجێکردنەوەیان لە رۆژئاوای تورکیا بە شێوەیەکی رێکوپێك لە لایەن چاودێرانی دەرەوەو بڵاوکراوەکانی تورکیاوە راپۆرتیان لەسەر تۆمار کراوە[93]. بەشێکی زۆر لە لادێ چۆڵکراوەکان کەوتوونەتە سەر هێڵی سنووری بە درێژایی سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ ئێرانو عێراقدا، کە لەو جێگایانە بە ئاشکرا خەڵك دەرکردن بە مەبەستی هۆی ئاسایشو بۆ رێگاگرتن لە پەیوەندیی نێوان کوردی تورکیاو کوردی وڵاتانی هاوسێ ئەنجام دەدرێت. دیاریکردنی ژمارەی ئەو خەڵکەی کە ئاوارەی ناوچەکانی تری وڵات کراون کارێکی زەحمەتە. زیاتر لە چەند هەزار کەسێك دەرکراوە لە هەر کاتێکدا بیگری، بۆ نموونە سیو دوو گوندی هەکاری کە سەرجەمی دانیشتوانیان 10600 کەس بوو لە سەرەتای ساڵی 1990دا دیاری کران بۆ ئەوەی چۆڵ بکرێن[94]. زۆربەی ئاوەرەکان ناڕەزاییان لەوە دەربڕیوە کە دەسەڵاتدارانی سەربازی پێشتر ئاگاداریان نەکردوون لە بارەی بڕیارەکەی حکومەتەوە بۆ



چۆڵکردنی گوندەکانیان، هەروەها ناڕەزاییان لەوە دەربڕیوە کە ناچار کراون وەرەقەی سپی ئیمزا بکەن کە دواتر تێگەیشتوون ئەوە فەرمانی چۆڵکردنی گوندەکانیانە. کاتێك کە ناڕەزاییان دەربڕی، پێیان گوتن پێویستە لەبەر هۆکاری ئاسایشی گوندەکانیان بسوتێنرێت[95].

دەرکردنو ئاوارەکردن دەشێت وەك سزادان یان وەکو هۆکاری ئاسایشی سەربازیش بەکار بهێنرێت. لە یەك کاتدا دەسەڵاتدارانی سەربازیی تورکیا نۆ کوردیان لە تۆنچەلی زێدی خۆیان دەرکرد لەبەر ئەوەی خۆیان لە (هەڵسوکەوتی) تێکدەرانەوە ئالاندبوو بە دژی دەوڵەت. زۆربەی زۆری ئەم دەرکراوە سزا دراوانە بە بێ بڕیاری دادگا دەردەکرێن، دەرکراویش تەنیا چلو هەشت کاتژمێر مۆڵەتیان دەدرێتێ هەتا ماڵەکانیان بەجێبهێڵن. سەرباری ئەوە مەسرەفی گواستنەوەشیان بۆ رۆژئاوای تورکیا دەخرێتە ئەستۆی خۆیان. سزای دەرکردن دەشێت بۆ ماوەی چەند مانگێك بێت یان لەوانەیە هەر بەردەوام بێت[96].

حکومەتی تورکیا لە رێگای چەکدارکردنی جوتیارانی کوردو کردنیان بە میلیشیای چەکداری سەر بە حکومەت کە موچەیەکی رێکوپێکیان دەداتێ جێگای خۆی بەرامبەر گەریلاکانی کورد پتەو کردووە. لە ناوەڕاستی ساڵی 1990دا حکومەت 21480 پاسەوانی گوندی چەکدار کردو لە یەکەی هێزی پشتگیریی سەربازیی تورکیو لە یەکەکانی ناوخۆدا رێکیخستن[97]. کوشتنی پاسەوانی گوندەکان بووە بە ئامانجی پارتی کرێکارانی کوردستان چونکە ئەو پاسەوانانە بە هاوکارو دەست تێکەڵاوکەری رژێمی داگیرکەر دادەنرێن. رەچاوکردنی باری دارایی بێگومان رۆڵێکی دیار دەبینێت لە بڕیاردانی خەڵکیدا بۆ بوون بە پاسەوانی گوند. خراپی باری ئابووریی کوردو ئاستێکی بەرزی بێکاری کە لە هەندێ لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتدا دەگاتە رێژەی 50٪ ئەمانەش دەوریان هەیە لەوەی کە لادێییەکان هاریکاریی پاسەوانی گوند بکەن. راو پۆچوونی دژی پارتی کرێکارانی کوردستانو

www.pertwk.com

بەکارهێنانی تاکتیکی توندوتیژی ئەم پارتە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیدا دیسان دەشێت هەندێ جوتیاری کورد ناچار بکات بۆ بەشداریکردنی پاسەوانی گوند ئەویش بە مەبەستی دابینکردنی هێمنی بۆ ژیانیان. لە مایسی ساڵی 1988دا مستەفا کەلیمی وەزیری ناوخۆ ئاشکرای کرد کە ئەندامێتی لە پاسەوانی گونددا بە تەواوی کارێکە بە پێی ئارەزوو. لە قسەکانی کەلیمیدا ئەوە دەردەکەوێت کە حکومەتی تورکی زۆری لە هیچ کەس نەکردووە هەتا ناوی خۆی بۆ پاسەوانی گوند تومار بکات.. ئێمە تەنیا ئەو خۆبەخش و نیشتمانپەروەرانەمان هەیە کە دژی جوداخوازانن[98].

ڕێکخراوە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ بەڵگەیان کۆ کردۆتەوە کە دژی قسەکانی کەلیمییە. توێژینەوەیەك کە هیلسنکی وۆچ لە مایسی ساڵی 1990دا لە شاری سیرت و گوندەکانی دەوروبەریدا ئەنجامی دا ژمارەیەکی زۆر لەو جوتیارانەی کوردی نیشان داوە کە ناچار کراون ماڵەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن چونکە رازی نەبوون بەوەی کە هاریکاریی پاسەوانەکانی گوند بکەن[99]. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە (کارێکی بە پەلە)ی دەرکردنی بەیانێکدا لە کانونی دووەمی ساڵی 1990دا راپۆرتێکی لەسەر لەبەرگرتنی بەرفراوانی ڕێگای تۆقاندن وەکو هۆیەك بۆ ئەوەی خەڵك خۆی بە پاسەوانی گوند تۆمار بکات بڵاو کردۆتەوە. راپۆرتەکە هەروەها ئەوەیشی تێدایە کە ئەو پاسەوانانەی گوند لە (کوکورکای) هەرێمی هەکاری کە بە چەکەکانیانەوە گەڕانەوەو وازیان لە کارەکەیان هێنا دەستگیر کران و بە شێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا کراو ئازار دران بە بیانووی ئەوەی کە مەیلداری پارتی کرێکارانی کوردستانن و داڵدەو بواری بیری جیاخوازی دەدەن. هەروەها بڵاوکراوە تورکییەکان ژمارەیەك بەیانیان لەسەر ئازاردان بڵاو کردەوە. ڕۆژنامەی حوریەتی ڕۆژانە راپۆرتێکی هەمە لایەنەی لەسەر مامەڵەکردنی خراپ لەگەڵ ئیسماعیل کاسکین بڵاو کردەوە، ئیسماعیل جوتیارێکی کورد بوو لەبەر ئەوەی ملی نەدا ببێت بە پاسەوانی گوند سوپا لە بنکەی خۆی لە



هەکاری خستیە ژێر ئازاردانەوە[100]. هەفتەنامەی (تێمپو) قسەی ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکی لە (کارس) وەرگرتووە کە لە پەرلەماندا لەبارەی دانانی (مین) لە هەندێ شوێنی کوکورکا لە لایەن حکومەتەوە قسەی و کردو گوتویەتی باشتر وایە حکومەت (مین) دابنێت بۆ ئازاردانی گوندنشینەکان چونکە رازی نەبوون بەشداریی دەستەی پاسەوانانی گوند بکەن[101]. داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی یان دەستەی پاسەوانانی گوند وەکو داوایەکی سەرەکیی ناسیۆنالیستە کوردەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەمێنێتەوە.

حکومەتی تورکیا ئامرازێکی نوێی هەمە لایەنەی یاسایی بۆ شەڕکردن دژی ناسیۆنالیزمی کوردی داهێنا. مەرسومی ژمارە 413 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە 9ی نیسانی 1990دا دەرچوو ئازادیی هەڵسوکەوتکردنی بەرامبەر بە ڕاپەڕینی کورد دا بە هایری کۆزاکچیوگلۆی پارێزگاری گشتی (دە) پارێزگاکەی باشووری ڕۆژهەڵات کە لە حاڵەتی نائاساییدان. مەرسومی ژمارە 413 ڕێگا بە پارێزگاری گشتی دەدات:

– بۆ سانسۆر خستنە سەر بڵاوکردنەوە لە ڕێگای قەدەغەکردنیانەوە هەروەها لە ڕێگای دەست بەسەرداگرتن و سەندنی غەرامەی زۆر لەو بڵاوکراوانەی کە بە شێوەی نادروست ڕووداوێك کە لە ناوچەیەکدا روو دەدات نیشان دەدەن کە ئەو ناوچەیە لە حاڵەتی نائاساییدایە بەوەش واتە بەو هەواڵە شێواوە یان بە رەخنەو تەعلیقی نادروست سەر لە خوێنەرەکانی تێك دەدات و ئەوەش دەبێتە دوودڵی لە نێو خەڵکی هەرێمەکەداو ڕێگاش لە هێزەکانی ئاسایش دەگرێت بۆ پێشکەشکردنی کارەکانیان.

– ئەو دەزگایانەی چاپەمەنی کە ئەو جۆرە بڵاوکراوانە چاپ دەکەن دادەخرێن.

– ئەو کەسانەی کە دژی دەوڵەت کار دەکەن دوور دەخرێنەوە بۆ بەشەکانی تری تورکیا، وەزارەتی ناوخۆ جێگای نیشتەجێکردنەوە بۆ ئەو

www.pertwk.com

کەسانە هەڵدەبژێرێت.

– هەموو چالاکییەکی یەکێتییەکان (جمعیات) کۆنترۆڵ دەکرێت یان هەر قەدەغە دەکرێت بەوەش رێگا لە مانگرتنو نەچوونە سەرکارو واز لە کارهێنانو سستی نواندنو داخستنی شوێنەکانی کار دەگیرێت.

– داوا لە داواکارانی دادگای گشتیی ئاسایشی دەوڵەت دەکرێت بۆ داوا تۆمارکردن بە دژی ئەوانەی پێ لە مەرسومی ژمارە 413 دەنێن.

– گوندەکان بۆ مەبەستی ئەمنی بە بێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر چۆڵ دەکرێن.

– گواستنەوەی کارمەندە (زیانبەخشەکانی) دەوڵەت[102].

مەرسومی ژمارە 413 هەندێ پێوانەی تری توندوتیژی کرد بە یاسا. وەزارەتی ناوخۆو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەسەڵاتیان پێدرا بۆ ئەوەی هەموو کەناڵەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن لە هەرێمە کوردییەکانی ژێر سایەی حەڵەتی نائاساییدا کۆنترۆڵ بکەن. سزا دانرا ئەویش لە ژێر سایەی یاسای سزادانداا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی زیانبەخش بۆ سەرۆکو پەرلەمانو دادو کابینەی وەزیرانو کارمەندە بەرزەکانی حکومەت هەروەها لە پاڵ سزاشدا غەرامەی بەرزیش دانرا. بەمجۆرە ئەگەر بڵاوکراوەیەك پێی لە مەرسومی 413 نا، نەك هەر تەنها سەرنووسەرەکەی بە سێ ساڵ زیندانی حوکم دەدرێت، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا دەبێت 40000 دۆلار غەرامەشی لێ بسەندرێت.

لە 9ی مایسی ساڵی 1990دا ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دا بە پارێزگاری گشتیی هەرێمە کوردییەکان بۆ دەرکردنی هەر دادوەر یان هەر داواکارێکی گشتی یان هەر ئەفسەرێکی سوپا کە لەو ناوچەیەدا کار دەکات کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دادوەریی ئەودایە[103]. پارێزگاری گشتی لە هەموو ئامانجە عەمەلییەکاندا بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێکی بێ سنوور، دەسەڵاتێك کە سەرۆك کۆماریش دەسەڵاتی وای نییە.



مەرسومی ژمارە 413 بە شێوەیەکی توندوتیژ راپۆرتدانی لەبارەی هەرێمە کوردییەکانەوە تەسك کردەوە. نووسەرانی بڵاوکراوەکان کە بە بێ رەزامەندیی پارێزگاری گشتی بەسەرهاتەکانیان بڵاو دەکردەوە ئەوە کێشی بەندکردنیان دەکردو وایان دەکرد کە بڵاوکراوەکانیان لە لایەن حکومەتەوە جێگای گومان بێت. بڵاوکراوەی چەپی ناوەند بە تایبەتی بە توندی لێی درا چونکە پۆلیس ئاگاداری چاپخانەکانی کرد کە رۆژنامەو گۆڤارە تایبەتەکان چاپ نەکەن. (بەرەو دوو هەزار) کە یەکێکە لە بڵاوکراوە هەرە کاریگەرو هەرە خوێنراوەکانی وڵات بە شێوەیەکی بەربڵاو راپۆرت لە بارەی کێشەی کوردەوە بڵاو دەکاتەوە. دوای چوار رۆژ لە دەرکردنی مەرسومی 413 فشار بۆ داخستنی ئەم رۆژنامەیە دروست بوو چونکە ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ چاپخانەدا کردبووی هەڵوەشایەوە لەبەر ئەوەی چاپخانەکە ترسا لەوەی کە دابخرێت ئەگەر رێککەوتن لەگەڵ رۆژنامەی (بەرەو دوو هەزار)دا هەڵنەوەشێنێتەوە. سانسۆری خۆیی و سانسۆری رەسمی بوون بە فەرمانی رۆژانە. راپۆرتی بڵاوکراوە بیانییەکانیش دیسان سنووردار کرا. تەنیا دوای ئەوەی کە شەپۆلی بەکۆمەڵی کوردە ئاوارەکانی عێراق لە دوای کارەساتی جەنگی کەنداو کە گەیشتنە تورکیا، پەیامنێرانی بیانی رێگایان پێدرا کە راپۆرت لەبارەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیاوە بنووسن. تەنانەت ئەو کاتەش سنووری نووسین دیاریکرابوو، دەبوا دەربارەی شەپۆلی ئاوارەکان بوایەو دەبوو بە شێوەیەکی گشتی راپۆرتی لەبارەی حاڵی کوردی تورکیاوە تێدا نەبووایە.

بارودۆخی کوردە ئاوارەکانیش لە تورکیا دەبوو تەنیا لە روانگەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤەوە گفتوگۆ بکرایە. لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکانەوە دوو شەپۆلی گەورەی ئاوارەی کورد لە عێراقەوە چوونە ناو سنووری تورکیاوە. یەکەمیان ساڵی 1988 بوو دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە دژی دانیشتوانی کورد لە ماوەی شەڕی نێوان عێراقو

www.pertwk.com

ئێراندا. دووەمیان شەپۆلی چوونە ناوەوەی ئاوارەکانی کوردی عێراق بۆ تورکیا دوای هێرشەکانی سەدام حسێن بۆ سەر کورد لە ئەنجامی راپەڕینەکاندا دژی رژێم لە ئازاری ساڵی 1991دا. سەرباری ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوی هەڵنا بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان و هەوڵی گێڕانەوەیانی بۆ وڵات دا ئەویش لە دوای شەپۆلی ئاوارەبوونەکەی 1991. ئاوارەکانی ساڵی 1988 نەبوونە جێگای سەرنجی دەوڵەتان، بەڵکو یارمەتییەکی کەمیان پێدراو لەبەر رەحمەتی دەسەڵاتدارانی تورکیا و چالاکییەکانی موخابەراتی عێراقیدا بەجێهێڵران کە ئەو موخابەراتانەی عێراق بە پێی بەرنامەی دانراو دەچوونە ناو ئۆردوگای ئاوارەکانەوە.

لەبەر نەبوونی دەزگایەکی نێونەتەوەیی بۆ تۆمارکردنی ئاوارەکانی کورد. زانین و دڵنیابوون لە ژمارەی ئاوارەکان کە عێراقیان بەجێهێشت و بەرەو تورکیا رایانکرد کارێکی زەحمەتە. لە 6ی کانونی یەکەمی ساڵی 1988دا مەسعود یەڵمازی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاشکرای کرد کە ژمارەی ئاوارەکانی کورد لە تورکیا 63 هەزار کەسە. بۆ رۆژی دواتر ژمارەکەی بە رێکی خستە روو گوتی ئاوارەکانی کورد لە تورکیا 53377 کەسن، لە کاتێکدا کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی ئەو ئاوارانەیان بە 120000 کەس نرخاند[104]. لە کۆتایی ئەیلوولدا کارمەندانی رەسمیی حکومەت ژمارەی تەواوی ئاوارەکانی کوردی عێراقیان لە ئۆردوگاکانی تورکیادا بە 48500 کەس دانا[105]. لە راستیدا ئاوارەکان لە پێنج جێگا لە ئۆردوگای لە ژێر خێمەدا جێگیر کران کە دەکەوتنە دیاربەکرو هەکاری و ماردینەوە. هەرچەندە لە کۆتایی ساڵی 1988دا ئاوارەکان کران بە سێ ئۆردوگا. یەکێك لە دیاربەکرو یەکێکی تر لە نزیك شاری موش و سێیەمیش لە کیزیلتەپە کە هەشت میل لە خوارووی موشی پایتەختی ماردینەوەیە.

ئۆردوگای ئاوارەکان لە موش بچووکترین و پەڕەوازەترین ئۆردوگا بوو لەچاو ئۆردوگاکانی تردا کە بۆ ئاوارە کوردەکانی عێراق دروست کرابوو کە



8500 ئاوارەی لە خانووی کۆندا جێگا کردبووە، ئەو خانووە کۆنانە پێش دە ساڵ وەکو جێگای کاتی بۆ قوربانییەکانی بوومەلەرزەی شاری ڤارتۆ دروست کرابوون. بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە پسپۆرە تەکنیکییەکان لە دوو زانکۆی تورکی کردبوویان ئەو خانووە کۆنانەی موش شایانی ئەوە نەبوون مرۆڤیان تێدا نیشتەجێ ببێت[106]. زستانی سەخت باری ژیانی لەو خانووە سادانەدا زۆر گران کردبوو، رێژەی بەرزی مردنی منداڵان لە خانووەکانی موش باری ناشایستەی ئەو خانووانەی بۆ ژیان نیشان دەدا. بە پێی راپۆرتی مانگی مارتی ساڵی 1989 لە لایەن میدیکۆی نێونەتەوەییەوە (کە رێکخراوێکی حەوانەوەی پزیشکیی ئەڵمانیی چالاکە لە نێو گروپە ئاوارەکاندا) نزیکەی سێ سەد منداڵ لە ئۆردوگای موش لەبەر کەش و هەوای سارد و کەمی سووتەمەنی مردوون.

ئەو جێگایانەی ژیان لە موش بریتی بوون لە چەند یەکەیەکی بەندیخانەی پێکەوەبوو کە پێوانەی هەر یەکەیەك 65 مەتر دووجا بوو کە 20 بۆ 25 ئاوارەی تیادا نیشتەجێ کرا. جموجوڵی ئاوارەکان بە توندی کۆنترۆڵ کرا بێجگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێت کە رێگایان پێ دەدرا ئۆردوگاکە بەجێ بهێڵن ئەویش لە هەر رۆژێکدا بۆ چەند سەعاتێکی کەم. ئاوارەکانی موش بواریان نەدەدرا بە کۆمەڵ لە ئۆردوگاکە بچنە دەرەوە[107]. بارودۆخی ئۆردوگاکەی نزیك دیاربەکر کەمێك باشتر بوو لەچاو بارودۆخی ئۆردوگاکەی موشدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاوارەکان لەوێش هەر سووکایەتییان پێدەکرا. ئەم ئۆردوگایە زیاتر لە یانزە هەزار ئاوارەی لە خانووی بلۆکدا تیا نیشتەجێ کرابوو کە ئەو خانووانە بۆ چوار هەزار کەس دروست کرابوون. 30 بۆ 35 ئاوارە دەترنجێنرانە شوێنێکی شەست مەتر دووجاوە کە دەمێ کارەبای هەبوو دەمێکیش نەیبوو، هەروەها ئاوەکەشی خاوێن نەبوو[108].

کیزیلتەپە گەورەترین ئۆردوگا و جێگای زیاترین قسە لەسەرکردن بوو کە نزیکەی دوانزە هەزار ئاوارەی تێدا نیشتەجێ کرابوو لە دوو هەزار خێمەدا.

www.pertwk.com

ئەم ئاوارانە دوای گەیشتنیان بە تورکیا بۆ زیاتر لە دوو ساڵ هێشتا هەر لە خێمەدا دەژیان. ئەم خێمانە ئاوارەکانیان لە سەرمای سەختی زستانو گەرمای سوتێنەری هاوین نەدەپاراست. نەخۆشیو کەشو هەوای سارد چەند سەد کەسێکی لێکوشتن کە زۆربەیان منداڵ بوون. کاتێك وەکالەتی دەستگیرۆیی نێونەتەوەیی لە ساڵی 1990دا چوارده ملیۆن دۆلاری دا بە تورکیا بۆ ئەوەی ئاوارەکان لە خێمەوە بگوازێتەوە بۆ جێگای تری پەسەندی نیشتەجێکردن، حکومەتی تورکیا بڕیاری دا کە بیانگوازێتەوە بۆ جێگایەك لە هەرێمی (یۆزگات) لە رۆژهەڵاتی ئەنقەرە، کەچی حکومەت بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئەم نەخشەیەی هەڵوەشاندەوە.. ئەویش لەبەر دژایەتیکردنی خەڵکی ناوچەکە[109]. لە کانونی یەکەمی ساڵی 1990دا کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ ملیۆنێك مارکی بەخشی بە حکومەتی تورکیا بۆ کڕینی خێمەی گونجاو لەگەڵ ئاوو هەوادا بۆ پاراستنی ئاوارەکان لە ئۆردوگای کیزیلتەپە لە دەستی مەترسیی ئاوو هەوای توندوتیژ. کەچی سەرەڕای ئەوەش هێشتا بارودۆخی ژیان لەو ئۆردوگایەدا هەر بە جێگای مەترسی مایەوە[110].

جگە لە مەسەلە مرۆییەکان کێشەی ئاوارەکانی کورد لە تورکیا هەندێ مەسەلەی یاسایی بەرز کردەوە. گەورەترین مەسەلەش پەیوەست بوو بە نارازیبوونی حکومەتەوە بۆ فراوانکردنی یاسای پاراستنی ئاوارەکان. هەروەك رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بلاوی کردەوە نەبوونی یاسای پارێزگاری لێکردن ئاواره کوردەکانی خستۆتە بەردەم مەترسیی دیسان جوولانەوە بە پێچەوانەی یاساوە ئەمەش وەکو زاراوەیەکی یاسایی مەبەست بە زۆر تەسلیمکردنەوەی کەسێکە کە تاوانبار کراوە بە وڵاتەکەی خۆی کە لەوێش دەشێت پێ لە مافە مرۆییەکانی بنرێتو ئازار بدرێتو لە سێدارەش بدرێت[111]. بە پێچەوانەی یاسا جوولانەوەوە لە روانگەی نێودەوڵەتییەوە دانی ناوە بە ئاستەکانی مافی مرۆڤدا. تورکیا یەکێکە لە وڵاتانی ئەندامی



کۆنگرەی ئاوارەکانی ساڵی 1951 کە لە جنێڤ بەسترا، هەروەها بە پرۆتۆکۆڵی ساڵی 1967 لە بارەی مافی ئاوارەکانەوە رازی بووە لە جنێڤ. بەڵام رازیبوونی تورکیا لە کۆنگرەی جنێڤ مەرجی جیۆپۆلەتیکی هەڵدەگرێت کە بەو پێیە تورکیا رازی بووە جێگا تەنیا بە ئاوارەی تاکەکەسی بدات کە لە ئەوروپاوە هاتبن. تورکیا ئاوارە کوردەکانی عێراق بە ئاوارە دانانێت بەڵکو بە (میوانی کاتی)یان دادەنێت. لەبەر ئەوە حکومەتی تورکیا تەنیا شوێنی حەوانەوەی کاتی بە میوانە کاتییەکانی داوە[112]. لە سایەی ئەم پراکتیکەی تورکیادا لە روانگە نێونەتەوەییەوە ئاوارەکانی کورد نکوڵی لە مافی ئاوارەبوونیان کراوە.

ئەگەرچی مەرجی جیۆپۆلەتیکی لە سایەی کۆنگرەی ساڵی 1951داو پرۆتۆکۆڵی ساڵی 1967دا بوار بە تورکیا دەدات کە تەنیا ئەوانە بە ئاوارە دابنێت کە لە ئەوروپاوە رایان کردووە، بەڵام ئەم وڵاتە ناچارە کە پابەند بێت بە چەمکی دژی تەسلیمکردنەوەی ئاوارەکانەوە وەکو بنەمایەکی دان پێدانراوی یاسای گشتیی نێونەتەوەیی. لەبەر ئەوە سەرجەم دەوڵەتی نەتەوەکان پێویستە رێزی بنەمای (تەسلیم نەکردنەوەی) ئاوارەکان بگرن بێ ئەوەی ملکەچ بن بۆ رێککەوتنە تایبەتییەکان یان بۆ داوای ئەو وڵاتانەی کە ئاوارەکان بە رەگەز سەر بەوانن[113]. ئەگەرچی تورکیا سووربوو لەسەر پەیوەستبوون بە راڤەکردنی توندوتیژی مافەکانی پەیمانی خۆی لەگەڵ بەهێندگرتنی ئاوارە کوردەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی تورکیا ئیلتیزامی وڵاتەکەیان بۆ پەیڕەوکردنی پێودانگە مرۆییەکان بەرامبەر بەم ئاوارانە تەئکید کردبووەوە، بە تایبەتی حکومەتی تورکیا سووربوو لەسەر ئەوەی کە هیچ ئاوارەیەك نەگێڕدراوەتەوە یان تەسلیم نەکراوەتەوە بە عێراق بە بێ رەزامەندیی خۆی.

سەرباری نکوڵیکردنەکانی تورکیا ژمارەیەکی گەورە نموونەی ناچارکردنی ئاوارە کوردەکان بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق لەبەردەستدایە.

www.pertwk.com

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە کە لە نێوان مانگی مارتو سەرەتای حوزەیرانی ساڵی 1990دا 2548 ئاوارە بە ناوی لێبوردنی گشتییەوە ڕەوانەی عێراق کراونەتەوە کە ئەو لێبوردنەش لە 10ی مارتدا لە لایەن عێراقەوە دەرکراوە. زۆربەی ئەوانەی کە ڕەوانەی عێراق کرانەوە لەوانە بوون کە لە ئۆردوگای موش بوون. ژمارەی ئەوانەی لەم ئۆردوگایەوە ڕەوانەی عێراق کرانەوە 1923 کەس بوون، دەشێت باری ناهەمواری ژیان لەو ئۆردوگایەدا هۆکارێکی تر بووبێت کە دەوری بینیبێت لە گەڕانەوەی ئاوارەکاندا بۆ عێراق.

هەروەك گەلێك بەڵگەش لەبەردەستدا بوو کە هەڕەشەو تۆقاندنو لێدانو بەندکردن لەو ئۆردوگایەدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە هۆی سەرەکی بوون کە وا لە ئاوارەکان بکەن بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان[114]. گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان بۆ عێراق بە بێ پەیوەندیبوونی لیژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی ئەنجام درا کە ئەوەش کارێکی ئاساییە، ئەگەرچی حکومەتی تورکیا لە ئەیلوولی ساڵی 1988دا ڕازی بوو بەوەی کە ڕێگا بەو لیژنەیە بدات بۆ تۆمارکردنی ناوی ئاوارەکانو سەرپەرشتیکردنی گێڕانەوەیان، بەڵام دواتر ئەو بڕیارەی ڕەت کردەوە کاتێك حکومەتی عێراق بە لیژنەی مانگی سووری ڕاگەیاند کێشەی ئاوارە کوردەکان مەسەلەیەکی ناوخۆیی نێوان هەردوو حکومەتی عێراقو تورکیایە. لە کاتێکدا کە ئەم دوو دەوڵەتە پەیوەندیی دیبلۆماسییان هەیە.. هەر گەڕانەوەیەك دەکرێ لەسەر بنەمای دوولایەنە ئەنجام بدرێت لەبەر ئەوە هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم پێویست نییە[115]. ئەوەی وایکرد کە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ نیشتمانی خۆیان زۆر ناڕێکوپێك بێت ئەو ڕاپۆرتە هاوشێوانە بوو کە باسی هەڵسوکەوتی خراپی دەسەڵاتدارانی عێراقیان دەکرد لەگەڵ ئاوارەکاندا. هەروەك لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا ئەو مەسەلەیە گفتوگۆ دەکرێت. ئەو بارودۆخەی کە دوای شکستی عێراق لە جەنگی کەنداودا خوڵقاو بە دوایدا شەپۆلی



ئاوارەبوونەوە بەرەو تورکیا دەستی پێکردەوە بوو بەهۆی دروستکردنی چاودێریی نێودەوڵەتی بۆ بارودۆخی ئاوارەکان لە تورکیادا. هەرچەندە دەبێت لە سنووری دەستووورە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتەوە دەست پێ بکات کە ئەو یاساو دەستوورانە لەمێژە دەوریان هەیە لە ئاڵۆزکردنی باری سەختی ژیانی کورددا.

www.pertwk.com

# بەشی پێنجەم

## سیاقی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیی ناسیۆنالیزمی کوردی

لە بەشەکانی پێشوودا گفتوگۆی ئەو گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییانەم کرد کە سیاسەتی کوردیان پێك هێناوەو کاریان لە بارودۆخی کورد کردووە لە سەدەی بیستدا. ئێستا بە تایبەتی سێ هۆکاری هەرێمایەتی هەڵدەسەنگێنم کە کاریان لە بارودۆخی کوردی کردووە کە ئەوانیش بریتین لە پەیوەندییەکانی ئێران – عێراق لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی و جەنگی ئێران – عێراقی نێوان ساڵانی 1980 – 1988داو جەنگی کەنداوی ساڵی 1991.

## پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و ئاسایشی کەنداو

لە شکستی ئێرانەوە لە سەدەی حەوتەمدا لە لایەن عەرەبەکانەوە جیاوازییە ئیتنیکی و ئایینییەکان پەشێویی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبدا دروست کردووە. ئەگەرچی ئێرانییەکان ئیسلامیان وەرگرت، بەڵام بەرەنگاری بە عەرەبکردن بوونەوەو پارێزگارییان لە جیاوازییە کەلتووری و ئیتنیکییەکان کرد. دوو سەدە دوای غەزوی عەرەب بۆ نموونە ئێران زیندووبوونەوەیەکی گەورەی ئەدەبی و کەلتووری و کۆمەلایەتیی سیاسی بەخۆیەوە بینی کە کاری لە پەیوەندییەکانی ئێران و عەرەب کرد. فارسەکان بە تایبەتی کاریان لێکرا کاتێك عەرەبەکان (پێوانە گەردوونییەکان و عەدالەتەکانی ئیسلامیان لەبیر چووەوە، ئەسڵە عەرەبییەکەیان وەکو سەلمێنەری سەروەرێتی (ڕەگەزییان) دەبینی و هەروەها جیاوازییان بەرامبەر هەڵگەڕاوە غەیرە عەرەبەکان پەیڕەو دەکرد[1]. گۆڕانی ئێران بۆ شیعەی ئیسلامی لە سەدەی شانزەهەمدا زیاتر ئێرانی بە دەسەڵاتی پێشتری عەرەبی



سوننە نامۆ کرد.

لە سەدەی بیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ململانێی گەورەی کۆمەلایەتی – کەلتووری لە نێوان ئێران و عەرەبەکاندا بە گشتی مەودایەکی سیاسییانەی بەخۆوە گرتووە. کاتێك کە ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵوەشایەوە، چەندین دەوڵەتی سەربەخۆو خاوەن سەروەرێتیی عەرەب پێك هات. ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئێرانی گەیشتنە ئەوەی پێکدا بدەن بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ناسیۆنالیزمی پان عەرەبچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەشونومای کرد. پان عەرەبچییەکان هەوڵی یەکگرتنەوەی هەموو عەرەبیان دەداو هانی جیاکردنەوەی ناوچە عەرەبییەکانیان لە وڵاتانی تر دەدا بۆ ئەوەی ئەو بەشانە بتوانن ببنە بنەمای یەکێتیی نەتەوەی عەرەب. ئێران بە بەربەستێك دادەنرا لە بەردەم پێکهێنانی یەکێتیی عەرەبدا چونکە هەندێ لە پان عەرەبچییەکان هەوڵیان دا کە هەرێمی دەوڵەمەندی نەوتی خوزستان بخەنە سنووری ئەو یەکێتییەوە.

درزی نێوان ئێران و پێشنیارکەرانی پان عەرەبچێتی لە دوای لادانی دەسەڵاتی پاشایەتی سەر بە ڕۆژئاوای میسر لە ساڵی 1952داو دەرکەوتنی جەمال عەبدولناسر وەکو پاڵەوانی نەتەوەیی عەرەب فراوان بوو. سەرکردەی تازەدەرکەوتووی پان عەرەبچی نەخشەی ئەوەی دانا کە میسر ببێت بە پێشڕەوی سیاسەتەکانی عەرەب و دروشم هەڵگری خەباتی دژی ئەوروپا و دژی ئیمپریالیزم.

لە ئەنجامی بەهێندگرتنی ئەو درزەدا، نەیاری ناسر هێزی سەربازیی بەریتانیا و ئامادەبوونی سیاسیی ئەو بوو بە تایبەتی دەسەڵاتکردنی بەسەر دەوڵەتی وابەستەی عێراقیدا. بەم جۆرە ڕووخاندنی حکومەتە نەتەوەییەکەی دکتۆر محەمەدی موسەدەق لە ئێران لە ساڵی 1953دا بریتی بوو لە کودەتایەکی ڕێکخراوی بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، هاتنی شای سەر بە ڕۆژئاوا بۆ سەر کورسیی دەسەڵات ترسی ناسری لە ئابلۆوقەدانی ڕژێمە

www.pertwk.com

پان عەرەبییەکەی زیاد کرد.

دوای گەڕانەوەی شا بۆ سەرتەختی پەهلەوی، ویلایەتە یەکگرتووەکان هانی ئێرانی دا بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنی ئاسایشی رەسمیو نارەسمی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی تری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بۆ دە ساڵی دوای کودەتاکەی ساڵی 1953 [2]. ئەمە لە کاتێکدا کە پێشتر دکتۆر موسەدەق لە هەردوو کامپی سۆڤێتو رۆژئاوا دوور کەوتبووەوەو ویستبووی پەیوەندییەکانی کە لە ئاستێکی باشدا بوو لەگەڵ ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بیپارێزێت، ئەو هەڵوێستەی موسەدەق وایکرد کە پێویستیی بە پەلەی شا بۆ پشتگیریکردنی رژێمەکەی لە لایەن رۆژئاواوە بخاتە روو. ترسی شا لە پشتگیریکردنی سۆڤێت بۆ پەشێویو تێگەیشتنی ئەم سەرۆکە لە کاریگەریی پان عەرەبچێتیی رادیکالانە وای لێکرد بیروبۆچوونی بەشداریکردن لە هاوپەیمانیی ئاسایشی رۆژئاوادا بە خێرایی پەسەند بکات. شا بە تایبەتی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو پێشنیارەوە کە لە لایەن جۆن فۆستەر دولاسی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەك بۆ دەوڵەتانی هاوئاست یان هاوشێوەی لەوانەش ئێرانو تورکیاو پاکستان، ئەم رێکخستنە ئاسایشییە پێشنیارکراوە نەخشەی کێشرابوو بۆ رێگادان بە وڵاتانی باکووری کەنداو بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان بە یارمەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانو بە دژی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزمی سۆڤێتیو بۆ رێگاگرتن لە (پیسبوونی) ناسیۆنالیزمی عەرەب بە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی[3]. بەریتانیای مەزن دژی سیستەمێکی هاوپەیمانی بوو کە دەوڵەتی عێراقی وابەستەی خۆی تێدا نەبێت، لە لایەکی ترەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش حەزی نەدەکرد میسرو هێزە ناسیۆنالیستەکانی تری عەرەب بە هێنانی پاشایەتی عێراق بۆ ناو هاوپەیمانییەکی لەو جۆرە زویر بکات لە کاتێکدا کە پاشایەتیی هاشمی لە لایەن عەرەبە ناسیۆنالیستەکانەوە وەکو کلکی ئیمپریالیزمی بەریتانیا سەیر دەکرا، لەبەر



ئەوە سەرۆك ئایزنهاوەر بە هاتنە ناوەوەی عێراق بۆ رێکخستنێکی ئاسایشی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پشتگیری کراو، هیچ خۆشحاڵ نەبوو.

سەرەڕای ئەوەی کە هاوپەیمانی پاڵپشت کراو لە لایەن دۆلاسەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەریتانیای مەزن سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی سیستەمێکی ئاسایشی هەرێمایەتیدا. لە شوباتی 1955دا بەریتانیا فشاری خستە سەر عێراق بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی بەرگریکردنی هاوبەش بە ناوی پەیمانی بەغدا لەگەڵ تورکیادا. هەندێ بەڵگەش هەبوو کە پاکستانیش بە هەمان شێوە لە لایەن بەریتانیاوە فشاری خرابێتە سەر بۆ بەشداریکردن لەو هاوپەیمانییەدا کە ئەویش لە ئەیلوولی 1955دا گەیشتە ئەنجام. دوای بڕیار لە سەردانی واشنتۆن، ئێرانیش لە تشرینی یەکەمدا چووە ناو پەیمانی بەغداوە. هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە رەسمی بەشداریی ئەو پەیمانەی نەکرد، بەڵام بوو بە هێزی بزوێنەری پەیمانی بەغدا ئەویش لەو روانگەیەوە کە پێشکەشکەری سەرەکیی یارمەتیی سەربازیو ئامێرو ئامراز بوو بۆ ئەندامانی ئەو هاوپەیمانییە[4].

هەروەك مارك گاسیۆرۆوسکی تێبینیی کردووە، پەیمانی بەغدا (هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا لە هەموو لایەکەوە تەنگو چەڵەمە رووی تێکرد)[5]. سەرۆك ناسر نیگەران بوو بە بڕیاری عێراق بۆ بەشداریکردن لە هاوپەیمانییەکی سەر بە رۆژئاواداو لە ژێر سایەی پاسەوانێتیی بەریتانیای مەزندا کە سیاسەتە کۆڵۆنیالیستەکانی بووبووە مایەی نەفرەت لێکردنی لە لایەن ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا میسر دەستی دایە جۆرە سیاسەتێك بۆ لەقکردنی پاشایەتیی عێراقو روو وەرگێڕان بە لای وڵاتانی بلۆکی سۆڤێتیدا بۆ کڕینی چەك، دوای ئەوەی لە لایەن رۆژ ئاواوە دەست نرا بە روویەوە. یەکەم کڕینی چەکی ناسر لە ساڵی 1955دا بوو کە لە چیکۆسلۆڤاکیای کڕی بۆ لە رووداوەستانی ئەوەی کە بە ئابڵوقەی پەرەپێدراوی رۆژئاوای دادەنا بە مەبەستی کەنارگیرکردنی میسر لە

www.pertwk.com

ناوچەکەدا. لە بەرامبەردا شا پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆو قاهیرەی وەکو هەڕەشەیەك بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی ئێران دەبینی. بەمجۆرە قۆناغی جەنگی ساردی نێوان شاو ناسر دەستی پێکرد[6].

ناسر ژمارەیەك تاکتیکی دژی شا بەکارهێنا، یەکێك لەو تاکتیکانە کە شای تووڕە کردو هەستی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بریندار کرد، ئاماژەکردنی بەردەوامی قاهیرە بوو بۆ (کەنداوی عەرەبی)و داگیرکردنی باشوور کاتێك باسی کەنداوو خوزستانی یەك بە دوای یەکدا دەکرد[7]. هەرچەندە ناسر هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو لە قەناعەت پێهێنانی عەرەبدا بۆ پشتگوێخستنی ناوی مێژوویی ئەو هەرێمە، بەڵام لە شلۆقکردنی رژێمی شادا یان کردنەوەی جێپێیەکی بەردەوام لە ناوچەی کەنداودا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. تاکتیکێکی تر کە ناسر بەکاری هێنا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەشێویی نێوان فارس‌و عەرەب کێشانی هێڵێکی تەریبی کۆچی ئێرانییەکان بوو بۆ کەنداو بە هێڵێکی کۆچکردنی پێشتری زایۆنییەکان بۆ فەلەستین[8].

پان عەرەبچێتی ناسر حەماسەتێکی زۆری لە نێوان رژێمەکانی عەرەبە خۆپارێزەکاندا لە کەنداودا دروست نەکرد، بەڵکو هێڵێکی هاریکاریی لەگەڵ هێزەکانی نەیاری پاشایەتی‌و نەیاری بەریتانیادا لە عێراقدا دروست کرد کە ئەم هێزانە خۆیان سازو ئامادە کرد بۆ لابردنی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقداو ئەویش لە تەمموزی ساڵی 1958دا، پەیمانی بەغدا لێدانێکی گەورەی لێدرا. رژێمی کۆماریی نوێی عێراق نەچووە کۆبوونەوەکانی پەیمانی بەغداوەو دواتر بە شێوەیەکی رەسمی لە ئازاری 1959دا لێی کشایەوە. ئەندامەکانی تری پەیمانی بەغدا کە تا ئەوکاتە مابوونەوە، ئەندامێتیی خۆیان گواستەوە بۆ هاوپەیمانییەکی جێگرەوەی پەیمانی بەغدا کە ئەویش رێکخراوی هاوپیەمانی ناوەندی بوو واتە (سێنتۆ) کە بنکەکەی لە ئەنقەرە بوو.



ئەندامێتیی ئێران لە پەیمانی بەغدادا هەرگیز لە ناو ئێراندا جەماوەری نەبوو چونکە جەماوەری ئەو وڵاتە وایان دادەنا کە رژێمی شا بەکرێگیراوی رۆژئاوایەو هیچ شەرعییەتێکی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا شا لەسەر بڕیاری خۆی بۆ مانەوە وەکو ئەندامێکی چالاکی پەیمانی بەغدا سووربوو لە هەردوو بواری رێگاگرتن لە بەردەم مەترسیی سۆڤێتیداو هەروەها وەکو دڵنیاکەرەوەیەك بە دژی راپەڕینی ناوخۆ بە دژی رژێمەکەی. دوای لابردنی پاشایەتیی عێراقی لە شێوازێکی توونددوتیژدا، سووربوونی شا لەسەر مانەوەی بە ئەندامی سێنتۆ تەنانەت بێ پەردە ئاشکرا کرا. لە هەمان کاتدا شا زانی کە ئەندامێتیی ئێران لە سێنتۆدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکانە رۆژئاوا ناچار ناکات بۆ خۆهەڵقورتاندن لە بەرژەوەندیی ئێران لە حاڵەتی دەستدرێژیی بێگانەدا. لەبەر ئەوە شا فشاری دانا بە مەبەستی رێککەوتنێکی پارێزگاریکردنی دوو لایەنە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە ئەو رێککەوتنەش لە ئازاری 1959دا ئیمزا کرا. بە پێی ناوەرۆکی ئەم رێککەوتنە، لە حاڵەتی دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئێران، دەبوا ویلایەتە یەکگرتووەکان رێ‌و شوێنی لەباری بۆ پارێزگاریکردنی ئێران لەبەربگرتایە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیشەوە، ئەگەر بە تەواوی لەسەر ئەوە رێك بکەوتنایە[9].

ئەندامێتیی ئێران لە سێنتۆدا، پەشێویی نێوان ئێران‌و میسری زیاتر کرد، هەروەك بەشداریی کرد لە خێرا هەرەس پێهێنانی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ رژێمی رادیکاڵی عەبدولکەریم قاسمدا لە بەغدا. کاتێك لە هاوینی 1960دا پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان قاهیرەو تاران هەرەسیان هێنا، سەرۆك ناسر بێ پەردە گوڕێکی زیاتری دایە هێرشە ئاشکراکانی بۆ سەر هەڵوێستی پاشکۆیەتیی ئێران بۆ رۆژئاواو ئەم هێرشانەی ناسر بە هەمان شێوەی هێرش لە لایەن بەغداوە هاریکاری دەکاران. شا هەوڵی دا لە رێگای چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە خۆپارێزەکانی کەنداودا وەك ئەو دەوڵەتانە هەستیان بە هەڕەشە لێکردن

www.pertwk.com

دەکرد لە لایەن پان عەرەبچێتی رادیکاڵانەی ناسرو پشتگیریکردنی قاسم لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی میسر لە رووی ئەو هێرشانەدا بووەستێ[10].

سەرەڕای ترسی میسرو عێراق لە ئابڵوقەی وڵاتانی رۆژئاواو بەکرێگیراوە ئیقلیمییەکانیان، سێنتۆ بە هیچ شێوەیەك پەرەی نەسەند بۆ سیستەمێکی هاوپەیمانی یەکگرتوو. پاش ماوەی زیاتر لە دە ساڵ لە دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە هێشتا توانای دانانی نەخشەیەکی بە پەلەی بۆ سەرکردایەتیکردنی شەڕی سنووردار یان توانای دروستکردنی سەرکردایەتییەکی سەربازیی هاوبەشی نەبوو. هەرچەندە سیاسەت دروستکەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا نەخشەیەکیان بۆ بەکارهێنانی تاکتیکی چەکە ناوکییەکان لە رووداوی جەنگێکدا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا لە ناوچەکەدا پەرە پێدا. ئەم نەخشە دانانەش لە دەرەوەی سنووری سێنتۆدا ئەنجام درا، ئەگەرچی لەوانەیە ئەوە لای وڵاتە ئەندامەکانیش نەزانراو بووبێت. لەوەش زیاتر راهێنانە سەربازییە هاوبەشەکان کە لە ژێر چاودێریی سێنتۆدا بەڕێوە دەچوون شتێکی پەراوێزی بوون و بەشدارییان نەدەکرد لە جەنگ یان لە تواناکانی بەرگریکردنی دەوڵەتە ئەندامەکانی تردا[11]. لیژنەی دژە تێکدانی سێنتۆ شتێکی کەمی ئەنجام دا بۆ بەرەو پێشەوەبردنی پرۆژەی هاریکاریکردن بۆ دژایەتیکردنی لە رووداوەستانە ناوخۆییەکان بۆ دەوڵەتانی ئەندام. ئەندامە ئیقلیمییەکانی سێنتۆ هەرچەندە جاروبار یارمەتیی یەکتریان دەدا لە سەرکوتکردنی راپەڕینە خێڵایەتییەکاندا، بەڵام ئەم جۆرە چالاکییە هاوبەشانە لە ژێر سایەی رێکەوتنە دوو لایەنییەکاندا نەخشەی دادەنرا[12]. هەرچەندە سێنتۆ بەردەوام بوو لە کارکردن هەتا ساڵی 1979 کە ئێران و پاکستان پاشەکشێیان لێکرد، بەڵام لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانەوە وەکو سیستەمێکی هاوپەیمانی سەربازی چالاکییەکانی خۆی لەدەست دابوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی سیاسییەوە گرنگیی خۆی لەدەست نەدابوو، بەردەوام بوو لە دروستکردنی



ناکۆکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراقدا هەتا لابردنی رژێمی شا.

هەتا ساتەوەختی لابردنی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا، وەرەقەی کوردی نە لە لایەن ئێران و نە لە لایەن عێراقەوە بە دژی یەکتر بەکار نەهێنرابوو، ئەگەرچی پەڕینەوەی ناوبەناوی کورد بە سنووردا و دواکەوتنی تووندوتیژ بە دوایاندا وای لە هەردوولا کردبوو کە ناڕەزایی دژی تووندوتیژی یەکتری و نیەتی هەرێمایەتی ئەویتریان دەرببڕێ. هەریەکە لە ئێران و عێراق و هەروەها تورکیاش هەوڵی پتەوکردنی ناوەرۆکی پەیمانی سەعد ئابادی 1937یان دەدا. دوای هاتنی رژێمی کۆماریی عێراق لە ساڵی 1958دا و هاتنە سەر کورسیی دەسەڵاتی دەستەی ناسیۆنالیستی پان عەرەبچی، وەرەقەی کوردی بوو بە چەکێکی سیاسی و سەربازی سەرنجڕاکێش دژی حکومەتی شا.

ماوەیەکی کورت دوای هاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی، عەبدولکەریم قاسم رایگەیاند کە پەیمانی 1937 لە نێوان ئێران و عێراقدا کە سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتەی دیاری کردووە و سەروەرێتیانی لە شەتی عەرەبدا دەستنیشان کردووە هەڵدەوەشێتەوە، پاشان قاسم داوای هەموو رێگای ئاویی کرد و لە ساڵی 1959دا فەرمانی دا بە هێزەکانی کە رێگا لە تەنکەرە نەوتییەکانی ئێران بگرن بۆ بەکارهێنانی شەتی عەرەب. هەروەك لە بەشی سێیەمدا باس کرا هەروەها قاسم هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بە رێگای ئاشتییانە دا ئەویش لە دەستکردن بە گفتوگۆ لەگەڵ مەلا مستەفای بەرزانیدا. وەکو بەڵگەی نێت چاکی قاسم تەنانەت چەکیشی بەخشی بە مەلا مستەفا و بواری دا بە پێشمەرگەکانی بۆ بەکارهێنانی ناوچەکانی عێراق بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ ناو ئێران. هێرشکردنی مەلا مستەفا بۆ سەر ئێران لە رووی سەربازییەوە بێ بایەخ بوو، هەر ئەوەبوو لە شارە سنوورییەکانی وەکو مەریوان و بانەدا دەبوو بەهۆی دروستکردنی پەشێوییەکی سادە. لەگەڵ ئەوەدا قاسم بە بەکارهێنانی وەرەقەی کوردەکانی دژی حکومەتی شا سندوقی پاندۆرای Pandoraی کردەوە و لەوانەیە بەشداریشی کردبێت لە

www.pertwk.com

پێکهێنانی حساباتی ستراتیژیی شادا لە روانگەی بەهێندگرتنی کوردەکانەوە. لە راستیدا تاکتیکی قاسم لە بەکارهێنانی مەلا مستەفا بۆ لەقکردنی رژێمی شا کاردانەوەی بە دژی عێراق هەبوو هەمان شێوەی کاریگەریی لەسەر شا، ئەویش لە ئەنجامی پەیوەستبوونی مەلا مستەفاوە لەگەڵ ئیسرائیلو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە هاریکارییان کرد بۆ دانانی رێو شوێنی گونجاو بۆ جێگا لەقکردنی حکومەتی عێراقی لە سەرەتای سالآنی حەفتاکاندا.

پەیوەندیی ئاسایشی ئێران لەگەڵ ئیسرائیلدا لە قۆناغی پێش 1953 بۆ هەردوو وڵات گرنگ بوو. راستییەکەی بێجگە لە پەیوەندییە ئاسایشییە دوو جەمسەرییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، هیچ وڵاتێکی تر ئامادە نەبوو بە شێوەی ئیسرائیل بێتە پێشەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی ئاسایشی لەگەڵ رژێمی شادا[13]. سەرەڕای ئەوەی کە پەرەسەندنی پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئیسرائیلدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1950 بۆ ئەو کاتەی کە رژێمی شا دان پێدانانی ئەمری واقیعی دەوڵەتی جوولەکەی راگەیاند. پەیوەندییە سەربازیو ئاسایشییەکان لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە ساڵی 1960دا بەهێزتر کرا کاتێك کە یەکەم تیپی ئەفسەری موخابەراتی ئیسرائیلی گەیشتە تاران بۆ راهێنانی موخابراتی سەربازیو پۆلیسی نهێنیی ئێران.

تەوەری موخابەراتی سەربازی بە زوویی پەرەی سەند بۆ لایەنی هەرە گرنگی پەیوەندییەکانی ئێرانو ئیسرائیل. تۆڕی موخابەراتی ئیسرائیلی مۆسادو دەزگای پۆلیسی پاراستنی نهێنیی ئێران – سازمانی ئیتیلاعاتی ئاسایشی کیشوەر (واتە دەزگای ئیتیلاعاتو ئاسایشی دەوڵەت = ساڤاك) بۆ نزیکەی چارەکە سەدەیەك هاریکاریی یەکتریان کرد. ئەو هاریکاریکردنەش لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریو پێشکەشکردنی راهێنان بوو بۆ ئەفسەرەکانی ساڤاك لە هەردوو لای ئێرانو ئیسرائیلدا کە ئەوەش پەرەی سەند بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی داراییو چەك بۆ هێزەکانی کوردی عێراق



لە سالآنی حەفتاکاندا. ناردەی ئیسرائیل بۆ ئێران سالآنە بایی حەفتا ملیۆن دۆلار بوو، هەروەها ئێرانیش بوو بە نێرەری سەرەکیی نەوت بۆ ئیسرائیل[14]. بە پێی حسابێك گرێیەکی نهێنی لە سەرنەگرتنی رێککەوتننامەی ئەیلوولی 1975ی میسر – ئیسرائیلدا ئەوەی کرد بە مەرج کە دوای گەڕانەوەی دەسەلآتی میسر بۆ بیرە نەوتەکانی سینا، ئێران پرۆژەی رێو شوێنی گونجاو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی نەوت لە داهاتوودا بۆ ئیسرائیل دادەنێت[15].

هەریەکە لە ئێرانو ئیسرائیل هۆکاری بەرژەوەندییان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتیی نارەسمی دژی عێراقو عەرەبە رادیکاڵەکانی ترو پێشنیارکەرانی پان عەرەبچێتی هەبوو. بە پێی راپۆرتێکی CIA ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیل بریتی بوو لە پەرەپێدانی پەیوەندییە پڕ بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوە مسوڵمانە غەیرە عەرەبەکانی رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا. ئەو راپۆرتە باسی رێککەوتنی سێ لایەنەی ساڵی 1958ی نێوان مۆسادی ئیسرائیلیو میتی تورکیو ساڤاکی ئێرانی دەکات. ئامانجی سەرەکیی ئەم رێککەوتنە بۆ پەرە پێدانی سیاسەتی دژە عەرەبی لە نێو کاربەدەستە بەرزەکانی ئەنقەرەو تاراندا[16]، لەگەڵ بەهێندگرتنی ئێراندا، پەرەسەندنی حاڵەتێکی دژە عەرەب پاڵپشت کرا بەهۆی گەیاندنی راپۆرتە موخابەراتییەکانەوە لە لایەن ئیسرائیلەوە کە ئەو راپۆرتانە لەسەر ئەو شتانە بوون کاریگەرییان لەسەر ئێران هەبوو، وەکو پەرەسەندنو پێشکەوتنەکانی عێراقو میسرو پشتگیریکردنی حکومەتی شا لە پای ئەو یارمەتییەی کە پێشکەشی دەکرد بە راپەڕنی کوردەکانی عێراق[17].

راپۆرتەکەی CIA، لە کارکردندا بریتی بوو لە کورتەی بنەمای پاشکۆی لە سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیلدا کە لە لایەن دایڤد بین گۆریۆنی سەرۆك وەزیرانەوە پشتگیری کرابوو. ئەم بنەمایە داوای پێکهێنانی (پەیمانێکی پاشکۆ)یانەی دەکرد کە ئەو دەوڵەتانە لەخۆی بگرێت کە دەکەونە پەراوێزی

www.pertwk.com

رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. هەروەها لەگەڵ سیانەی ئیسرائیل – تورکیا – ئێران لە باکوورەوەو ئەسیوپیاش لە باشوورەوە پێکەوە ببەسترێن[18]. زەمینەی هاوبەشی نێوان ئەم وڵاتانە هەڵوێستی دژ بە سۆڤێتو ترسی هاوبەشە لە ناسیۆنالیزمی رادیکاڵی عەرەبی، هەروەها پاڵنەری گرنگی ئەم رێککەوتنەش بە مەبەستی بەهێزکردنی تێڕوانینی ئیسرائیل بوو بۆ گرنگێتیی رەگەزە ناعەرەبەکان لە شانۆی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تێڕوانینێکی ئەوتۆ کە جێگای سەرنجی شای ئێران بوو. هەروەك بین گۆریۆن ئاشکرای کرد: رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی ناوچەیەکی عەرەبی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەب نین، تورکو فارسو جوولەکە – بە بێ حسابکردنی کوردو کەمایەتییە ناعەرەبەکانی تر – ژمارەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە عەرەبەکان زیاترە[19]. هەروەك شا نیشانی یۆری لۆبرانی باڵیۆزی سەرەکیی ئیسرائیلی دا لە تاران، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ هاوپەیمانێتی وڵاتەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەوەبوو کە دەوڵەتی جوولەکە وەکو بەربەستێك لە بەرامبەر عێراق یان هەر هێرشێکی تری عەرەبدا بۆ سەر ئێران خزمەت بکات، لە تێگەیشتنی شادا، هاوپەیمانێتی ئێران لەگەڵ ئیسرائیلدا وەکو فێڵێکی ستراتیژی بەکار هاتووە بۆ بەلاوەنانی تموحی عەرەب بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران. شا بڕوای وابوو کە پەیوەستبوونی بە ئیسرائیلەوە بەربەستێك لە بەردەم رژێمە عەرەبییەکاندا دروست دەکات چونکە ئەو تێڕوانینو بۆچوونە بەرجەستە دەکات کە ئەگەر دەوڵەتێکی عەرەبی بیەوێت هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەوا ئیسرائیل ئەو هەلە دەقۆزێتەوە بۆ لێدانی بەرەی رۆژئاوای عێراق[20].

هەرچەندە تێگەیشتنی شا لە کاردانەوەی ئیسرائیل بۆ هێرشی چاوەڕوان کراوی عێراق بۆ سەر ئێران دەشێت جیاواز بووبێت لە تێگەیشتنی بڕیار بەدەستانی ئیسرائیل، بەڵام هەردوولا ئیسرائیلو ئێران کۆك بوون لەسەر ئارەزووی بەکارهێنانی کورد بۆ سەرقاڵکردنی هێزەکانی عێراق بە پێکدادانە



ناوخۆییەکانەوە. بەمجۆرە رێگایان گرت لە هێزەکانی عێراق هەتا نەتوانن فشار بخەنە سەر بەرەی رۆژهەڵاتی ئیسرائیلو ناوچە سنوورییەکانی ئێران. یەکەم هاریکاریی پتەوی ئیسرائیلو ئێران لەسەر مەسەلەی کورد لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا گەیشتە ئەنجام، کاتێك کارمەندانی ساڤاك وەکو (ناوەند) لە نێوان مەلا مستەفاو ئەفسەرانی سوپاو موخابەراتی ئیسرائیلدا دەوریان دەبینی. ئێرانییەکان کۆبوونەوەیەکیان لە نێوان مەلا مستەفاو وەفدێکی ئیسرائیلیدا بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەرکانی سوپا جەنەراڵ تسڤی تسۆر رێکخست. دوای گەیشتنە شارۆچکەی پیرانشەهر لەسەر سنووری عێراق بەرپرسە ئیسرائیلییەکان جلوبەرگی کوردییان لەبەر کردو بە سنووردا پەڕینەوە بۆ کوردستانی عێراق. یەکەم شت لە ناو عێراقدا، ئەم وەفدە ئاخاوتنیان لەگەڵ مەلا مستەفادا کردو بەڵێنی پێشکەشکردنی چەكو راهێنانی هێزەکانیان پێدا کە ئەوەش دەبوو بەهۆی زیاتر بەهێز کردنیان بۆ بێزارکردنی هێزەکانی عێراق.

لە سەرەتای ساڵی 1963دا ئیسرائیل دەستی کرد بە کردنەوەی رێگایەکی بەرفراوانی یارمەتی ناردن بۆ هێزەکانی مەلا مستەفا لە رێگای ساڤاکی شاوە. شارەزایانی سەربازیی ئیسرائیل هاوەڵی بارە چەکەکانیان دەکرد بۆ کورد. هەروەها ئیسرائیلییەکان لە ئابی 1965دا مەڵبەندی راهێنانی بەردەوامیان لە چیاکانی کوردستان بۆ راهێنانی جەنگاوەرە کوردەکان بنیاد نا[21]. لە دوای جەنگی حوزەیرانی ساڵی 1967 لە نێوان عەرەبو ئیسرائیلدا، ژمارەی بارگە چەکی ئیسرائیل بۆ کورد بە شێوەیەکی لەبەرچاو زیادی کرد، ئەویش لەو کاتەدا بوو کە مەلا مستەفا ئەو چەکە سۆڤێتییانەی لە لایەن ئیسرائیلەوە بێبەخشرا کە لە کاتی شەڕدا سوپای ئیسرائیل لە سوریاو میسری دەستگیر کردبوو. بە مەبەستی بەدەستهێنانی یارمەتیی زیاتری سەربازی، مەلا مستەفا سەردانی ئیسرائیلی کرد ئەویش لە ئەیلوولی 1967دا بوو کە بوو بە هۆی ئیلتیزامکردنی ئیسرائیل بۆ پێدانی

www.pertwk.com

مانگانەی پەنجا هەزار دۆلار بە هێزەکانی مەلا مستەفا[22].

هەڵسەنگاندنێکی ناوەندی هەڵسەنگاندنی دەرەوەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیوەست بە سەرکەوتنی دەست تێوەردانی ئیسرائیلو ئێران لە کوردستان ئەوەی ئەنجام هێناوە کە سەرباری هەندێ هێرشی گەورەی عێراقی دژی کوردەکان، هێزەکانی مەلا مستەفا توانییان لە بەرامبەر هێرشە سەربازییەکانی عێراقدا بەرگری بکەن. ئەم راپۆرتە سەرکەوتنی هێزەکانی مەلا مستەفا دەگێڕێتەوە بۆ ئاستی پشتگیریکردنی سەربازیی ئێرانو ئیسرائیل بۆ کوردەکان، هەروەها پەیوەندیی هەبوو بە سیاسەتی (شا)وە لە رێگا پێدانی کوردەکان بۆ بەکارهێنانی ناوچەکانی ئێران وەکو رێگای پشتگیریکردنی پێویستو جێگای حەوانەوەی هێزەکانی کورد. ئەنجامی زیاتری راپۆرتەکە ئەوە بوو کە شا بەرامبەر بەو ئاسەوارە زۆرو کاریگەرانەی کە بزوتنەوەکەی مەلا مستەفا لەسەر ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو (ئێران) هەیبوو نیگەران نەبوو. شا لەوە دەدوا کە هیچ مەترسییەکی راستەقینەی راپەڕین لە نێو کوردەکانی ئێراندا نییەو ئەو دەیتوانی وەرەقەی کوردی بە دژی رژێمی عێراقی بێ هیچ بەربەستێك بەکار بهێنێ[23].

هاریکاریی نێوان ئیسرائیلو ئێران تا ئەوپەڕی رادە بە نهێنی بەڕێوە چووە. کەچی سەرباری ئەوەش لە ئەیلوولی ساڵی 1972دا جاك ئەندرسۆنی عەمودنووسی ویلایەتە یەکگرتووەکان راپۆرتی لەسەر یارمەتیی نەقدیی مانگانەی ئیسرائیل بۆ کوردەکان بە پەنجا هەزار دۆلار داناوەو هەروەها دەوری (شا)یشی لەو مەسەلەیەدا خستۆتە روو. راپۆرتەکەی ئەندرسۆن کە پشتی بە شیکردنەوەیەکی CIAی لەسەر بارودۆخی کوردستان بەستووە، دیسان ئاشکرای کرد کە پاڵنەرەکانی ئێرانو ئیسرائیل لە پشتگیریکردنی راپەڕینی کورد لە عێراقدا لەسەر مەیلو ئارەزووی تەواوی ئەم دوو وڵاتە بنیاد نراوە بۆ تێوەگلاندنی عێراق لە ململانێیەکی ناوخۆییەوە[24]. خۆ خەریککردنی ئیسرائیلو ئێران بە مەسەلەی کوردەوە لە لایەن ئەو لایەنانەی



تێیدا بەشداربوون بە گەرمی رەت دەکرایەوەو نکوڵیی لێ دەکرا. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ مەلا مستەفا کە ساڵی 1967 لەگەڵیدا کراوە، مەلا مستەفا باسی ئەوەی کردووە کە بە هیچ شێوەیەك موچەی مانگانەی پەنجا هەزار دۆلاریی لە ئیسرائیل قبوڵ نەکردووە چونکە بە تێڕوانینی ئەو داهاتووی کێشەی کورد بە تەواوی بەستراوە بە چارەنووسی خەڵکی عەرەبو تورکو ئێرانییەوە. ئەوەی بەسەر ئەوان بێت، بەسەر ئێمەش دێت[25]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەناحم بیگنی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل دانی بەوەدا نا کە ئیسرائیل پارەو چەكو رێنومایی سەربازیی پێشکەشی مەلا مستەفا کردووە بە مەبەستی پشتگیریکردنی جەنگەکەی دژی رژێمی عێراق[26].

رۆڵی یارمەتیدەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پشتگیریکردنی راپەڕینی کوردی عێراقدا لە ساڵانی حەفتاکاندا شایانی تێبینی کردنە. لە ماوەی ساڵانی شەستەکاندا، مەلا مستەفا داوای یارمەتیی بۆ شۆڕشی کورد لە سەرچاوەی جۆراوجۆر کرد. کاتێك نزیك بووەوە لە دەسەڵاتدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتای شەستەکاندا، بە شێوەیەکی پەسەند وەڵامیان نەدابووەوە[27]. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك رژێمی دووەمی بەعس لە ساڵی 1968دا گەیشتە سەر کورسیی فەرمانڕەوایەتیو گوتارێکی رادیکاڵانەی پان عەرەبچێتیو دژە ئیمپریالیزمی هەڵگرتبوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان پێداچوونەوەی هەڵوێستی خۆی کردەوە، بە هەمان شێوەی دوو هاوپەیمانە ئیقلیمییەکەی واتە ئێرانو ئیسرائیل، دەسەڵاتدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوتنە جموجوڵی ئەوەی کە کورد وەکو هۆیەکی ستراتیژی سەیر بکەن کە دەشێت بەکار بهێنرێت بۆ لاوازکردنی عێراق. ئیدمۆن گابرێڵ ئاماژە بۆ راپۆرتێك دەکات کە لە(الأحد Al – Ahad)دا کە بڵاوکراوەیەکی لوبنانی سەر بە عێراقە بڵاوبۆتەوە، گفتوگۆی ئەوەی کردووە کە یەکەم هاتنەپێشەوە لە مەلا مستەفا لە ئابی 1969دا ئەنجام درا. بە پێی ئەم راپۆرتە دوو ئەفسەری سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیوەندییان

کرد بە (سێنتۆ – CENTO)و بە فڕۆکە چوون بۆ سەرکردایەتییەکەی و گفتوگۆیەکی توندوتیژیان ئەنجام دا کە بوو بە هۆی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی نهێنی کە لە ڕێگای ئەو ڕێککەوتنەوە مەلا مستەفا چواردە ملیۆن دۆلاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگرت[28].

ئەم ڕێککەوتنە نهێنییە بۆچوونەکانی هەرلایەکی خاڵڕێژ کردو ژمارەیەك خاڵی تایبەتیی تێدا بوو. ئەمەی خوارەوە بریتییە لە هەندێ لە خاڵە گرنگەکانی ئەم ڕێککەوتنە:

* مەسەلەی یارمەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت لە هەموو کەس حەشار بدرێت تەنانەت ئەندامە بەرزەکانی ناو بزوتنەوەی کوردیش.

* ئامانجی ڕاپەڕینی کورد لابردنی ڕژێمی بەعسە.

* دەبێت بزوتنەوەی کوردی نەبێتە هۆی هیچ ئازارێك بۆ ئێران لە داهاتوودا، بە تایبەتی لە یارمەتیدانی کوردەکانی ئێراندا. لە بەرامبەردا حکومەتی ئێران هیچ چالاکییەکانی دوژمنکارانە بەرامبەر بە بزوتنەوەی کورد ئەنجام نادات.

* دەبێت دەرگا لە ڕووی ئەو کۆمۆنیستانەدا داخراوبێت کە هەوڵی پەیوەندیکردن بە بزوتنەوەکەوە دەدەن، نابێت بزوتنەوەی کوردیش پارێزگارییان لیێ بکات.

* دەبێت هەر یامەتییەك کە سۆڤێت پێشکەشی دەکات ڕەت بکرێتەوەو ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ڕاستەوخۆ لەو پێشکەشکردنانە ئاگادار بگرێت.

* حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرزانی بەو پیاوە داناوە کە بەرپرسیاری بزوتنەوەکەیەو تەنیا نارەزاییەکانی ئەو پەسەند دەکات[29].

هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکان نکوڵیبوونی ئەو ڕێککەوتنەی کرد بەڵام زوو ئاشکرا بوو کە CIA پەیوەندیی بەتینی هەبووە بە ڕاپەڕینی کوردەوە لە نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا. درێژەی پەیوەندیبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕاپەڕینی کوردەوە ئاشکرا بووە لە بیستنەکانی کۆمیتەی



(پایك هاوس)ەوە، ڕاپۆرتەکەی پایك چەند بەشێکی لە (دەنگی ڕادیۆوە) بڵاو کرایەوە. بە پێی ڕاپۆرتەکەی پایك کاتێك شای ئێران لەگەڵ سەرۆك نیکسۆن و هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەدا لە مایسی 1972دا کۆ بووەوە داوای لێکردن کە بەشداریی ئێران بکەن لە پشتگیریکردنی ئێران بۆ شۆڕشی کورد لە عێراقدا. سەرباری ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشتر بە وریاییەوە سەیری خۆ خەریککردنی بە مەسەلەی کوردەوە کردبوو. نیکسۆن و کیسنجەر پێشنیارەکەی (شا)یان بە گونجاو بینی. لە ئاکامدا لە مایسی 1972دا سەرۆك نیکسۆن لەسەر نەخشەیەك بۆ CIA ڕازی بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نهێنی کە شانزە ملیۆن دۆلار لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا بدات بە مەلا مستەفا[30]. سەرۆك نیکسۆن و کیسنجەر هەردووکیان هەوڵیان دا ئەم ڕازیبوونە بە نهێنی بمێنێتەوە، تەنانەت دەزگای دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە حسابکردندا بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی CIAو مەلا مستەفا بێ ئاگا کران[31].

ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵوێستی خۆی گۆڕی لە بەرامبەر خستنەداوی ئاشکرای بزوتنەوەی کوردەوە لە عێراقدا؟ ڕوونکردنەوەیەك ئەوەیە کە شای ئێران و ئیسرائیل هەردووکیان لە ئاکامدا لە ڕاکێشانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پشتگیریکردنی بزوتنەوەکەی مەلا مستەفا سەرکەوتوو بوون، هەرچەندە دەشێت هەندێ بەڵگە لە ئارادا بێت بۆ پشتگیریکردنی ئەم ئامانجە، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستی بە شیکردنەوە هەیە ئەویش لە سنووری گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی عێراقیدا.

لە سەرەتای ساڵی 1972دا، حیزبی بەعسی عێراق گەیشتبوو بەو ئەنجامەی کە پەیوەندیی نزیك لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا یارمەتیی لە ڕووداوەستانی بەرامبەر بە فشاری ئێرانی دەدات، لەبەر ئەوە جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە بەکارهێنانی وەرەقەی کوردی بۆ شا کرد بە شتێکی بەهادار بە

www.pertwk.com

دژی عێراق.

لەم بڕیارەدا لایەنێکی کەمی ئایدیۆلۆژیی هەبوو. سەرباری سۆشیالیزمی عیلمانی کە بەعس پشتگیریی دەکرد، سەدام حسێن هەرگیز قوتابییەکی جیددی مارکسیزم – لینینیزم نەبووە. تێگەیشتنیشی لە یەکێتیی سۆڤێت هەمیشە لەو روانگەیەوە بووە کە وەکو ئامرازێك لە سۆڤێتی روانیوە. بۆ ئەو، مۆسکۆ رێگای شیاوی چارەسەرکردنی هەندێ ناکۆکیی راستەوخۆ پێشکەش کرد. ئەوەش لە رووداوەستانێکی گرنگ بوو بۆ هەڕەشەی ئێرانی... بە درێژایی ئەو کاتەی کە ئێران هاوسێی گەورەی خۆی لە باکووردا دەترساند ئەوەندە هەڕەشەی لە هاوسێ بچووکەکانی نەدەکرد. سەدام لە دروستکردنی تەوەری سۆڤێت – عێراقدا ئەو هۆیەی هێنایەوە کە ناچار بووە شا بگەڕێنێتەوە بۆ ناو هەستەکانی خۆی[32].

سەرباری ئەوەی هاریکاریی رەسمیی نێوان سۆڤێتو عێراق رێگای بۆ بەغدا کردەوە کە چەکی گەورە لە یەکێتیی سۆڤێتەوە بهێنێتو توانایشی دا بە رژێمی بەعس بۆ زیادکردنی توانای بەربەست دروستکردن لە بەرامبەر رژێمی شای ئێراندا. بەهۆی پەیوەندیی مێژوویی مەلا مستەفاو یەکێتیی سۆڤێتەوە، بەعس گفتوگۆی ئەوەی کرد کە دەشێت پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان عێراقو سۆڤێت بوار بۆ مۆسکۆ بڕەخسێنێت کە وەکو ناوبژیوانێك لە نێوان بەغداو مەلا مستەفادا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کار بکات.

هۆیەکی تری هەمان شێوە بۆ ناچاربوونی سەدام حسێن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نزیك لەگەڵ مۆسکۆدا لە بەهاری ساڵی 1972دا بەدەستهێنانی پشتگیری بوو بۆ بڕیاری حیزبی بەعس بۆ خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی. زۆر لایەنی رادیکاڵو ناسیۆنالیست لە ناو بەعسدا داوایان دەکرد کە عێراق زەمینە خۆش بکات بۆ سەربەخۆیی ئابووری لە داهاتوودا ئەویش بە هەنگاونان بۆ دەسەڵاتکردنی بەسەر سەرچاوە ئابوورییەکانی خۆیدا بە تایبەتی نەوتی زۆری ژێر زەوی. هەروەها سەرکردایەتیی بەعس بە ئاگابوو



لەوەی کە ئەو نەخشانەی پەرەسەندنی ئابووریی کۆمەڵایەتی کە جێگای تموحی بوو بۆ وڵاتەکەی ناشێت بە شێوەیەکی قایلکەرانە جێبەجێ بکرێن بە بێ گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتەکانی نەوتی وڵاتدا. لەم چوارچێوەیەدا بوو کە کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ئاکامدا لە رۆژی یەکی حوزەیرانی 1972دا خۆماڵی کرا.

پێش بەڕەسمی خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی، رژێمی بەعس لە ئیمزاکردنی رێککەوتنێکی هاریکاری لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو. پەیمانی هاریکاریو هاوڕێیەتیی نێوان عێراقو سۆڤێت کە لە نیسانی 1972دا ئیمزا کرا نیشانی دا کە جاری دووەم سۆڤێتییەکان پەیمانێکی لەو جۆرەیان لەگەڵ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیمزا کردبوو. یەکەم پەیمانی هاوشێوەی ئەمە ئەوە بوو کە لەگەڵ میسرداو لەسەر ویستی مۆسکۆ ئیمزا کرابوو لە کاتێکدا کە پەیوەندییەکانی سۆڤێتو میسر سیمای پەشێویی پێوە دیار بوو. لە لایەکی ترەوە ئەم پەیمانە لەگەڵ عێراقدا لەسەر پێداگرتنی عێراق بۆ پێبەخشینی پارێزگاریکردنی سایکۆلۆژیانەو سیاسییانە لە نێو شتەکانی تردا ئیمزا کرا کە عێراق پێویستیی بەوە بوو ئەو پارێزگاریکردنەی پێشکەش بکرێت بە مەبەستی خۆماڵیکردنی سەرچاوە نەوتییەکان. حکومەتی بەعس بە چاکیی بە ئاگا بوو لە کودەتای بەریتانی – ئەمەریکی کە لە ئێران رێکخرا لە دوای ئەوەی کە سەرچاوەکانی نەوت لە لایەن حکومەتەکەی دکتۆر موسەدەقەوە لە ساڵی 1953دا خۆماڵی کرا.

سەرباری مۆسیقای سەرکەوتنو گوتاری رادیکاڵانە کە پێش خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق هاتن، کارەکە خۆی زیاتر لە بەهایەکی رەمزی هیچی تر نەبوو، وابەستەیی عیراقی بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی رۆژئاوا نەگۆڕی[33]. بۆ نموونە کۆمپیانیای نەوتی فەڕەنسیو بەشداریکردنی کۆمپانیای فەڕەنسی لە کۆمپانیای نەوتی عێراقیدا لە قۆناغی پێش خۆماڵیکردندا (مامەڵەی تایبەتی) پێشکەش کرا. سەدام حسێن رازی

www.pertwk.com

بوو کە ڕێژەی 23.75٪ی بەرهەمی نەوت کە کۆمپانیای نەوتیی عێراقی بەرهەمی دەهێنا بفرۆشرێت بە فەڕەنسا، کە ئەوەش بەرهەمی کۆمپانیای عێراق بوو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت کە لەو کاتەدا بە کۆمپانیای نەوتی خۆماڵیکراوی عێراق ناو دەبرا. ئەمەش بە شداریی کۆمپانیای نەوتی فەڕەنسی لە کۆمپانیای کۆنی نەوتی عێراقیدا نیشان دەدات[34].

ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتو خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی هەردووکیان بوون بە ئامراز لە ئامادەکردنی دەستەکەی نیکسۆنو کیسنجەردا بۆ مەترسیی چاوەڕوانکراو لە ئەنجامی زیادبوونی کاریگەری یان نفوزی سۆڤێتی لە ناوچەکەداو ئەوەش بوو بە هۆی ئیلتیزامکردنێکی گەورە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆ بەشداریکردنی تەوەری تاران – تەلئەبیب لە پشتگیریکردنی ڕاپەڕیوەکانی کورددا. بە کورتی دوای خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی، مەلا مستەفا بەڵێنی دا بە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ئەگەر پێشمەرگە کوردەکانی نەیاری هێزەکانی عێراق سەرکەوتووبنو بتوانن جێگا پێی خۆیان لە کەرکوک بکەنەوە ئەوا ئەو (واتە مەلا مستەفا) بیرە نەوتەکانی کەرکوک دەگێڕێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەشێت ئەوەش بوەستێتە سەر هاوپەیمانی پشت پێبەستراوی ئۆپیک[35]. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ واشنتۆن پۆستدا لە حوزەیرانی ساڵی 1973دا، مەلا مستەفا جارێکی تر هەوڵی دا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دڵنیا بکات لە بارەی داواکەیەوە بە ئاشکراکردنی ئەوەی ئەگەر پشتگیری ویلایەتە یەکگرتووەکان ماددیانە بوایە، ئەوا کورد توانایان هەبوو کە دەست بەسەر کەرکوکدا بگرنو بیرەکانی نەوت بدەن بە کۆمپانیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کاری تێدا بکەن. لە ئاکامی ئەوەدا خۆماڵیکردنی تازەی کۆمپانیای نەوتی عێراقی نەفی کرد[36].

سەرباری ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان داواکانی مەلا مستەفای بە جیددی وەرنەگرت، حکومەتی عێراقی قسەکانی ئەوی بەکار هێنا بۆ



بیانووهێنانەوەی پەشێویی حیزبی بەعس سەبارەت بە گفتدانی نەخشەیەکی داڕێژراوی ئێران – ئیسرائیل – ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراقو دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەستکەلایی (بووکەشووشەیی) کوردی لە کوردستانی عێراقدا. ترسی عێراق لە هەڵوەشاندنەوە لە لایەن ئەو ڕاپۆرتە دەوریانەوە بەهێز دەکرا کە سەبارەت بە خۆتێهەڵقورتاندنی ڕاستەوخۆی (ژمارەی زۆری) سەربازی سوپای شەڕکەری ئێرانی لە سەنگەری کوردەکاندا بڵاو دەکرایەوە. بە پێی قسەی توێژەرێکی عێراقی لە ساڵی 1975دا ئێران دوو یەکەی سەربازیی خۆی لە ناو عێراقدا بڵاو کردبووەوە[37]. هەر وەکو ڕاپۆرتەکەی پایک نیشانی داو شکستیی ڕاپەڕینەکەش ئاشکرای کرد نە شای ئێرانو نە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش نەیانویست مەلا مستەفا لە ڕووی سەربازییەوە دەسەڵات بەسەر هێزەکانی عێراقدا بکات. ئەوان مەبەستیان ڕووخاندنی سەرچاوەکانی عێراق بوو، بە جۆرێك کە ڕووخاندنی ئەو سەرچاوانە نەبێتە هۆی لەنێوچوونی دەوڵەتی عێراقی. سەرباری ئەوەش، ئەم ئامانجە سەرەکییە (لەنێوبردنی عێراق) نەخرایە بەردەم (کوردەکان) بەکرێگیراوەکانمان کە هاندرابوون بۆ درێژەدان بە شەڕکردن[38].

پشتگیریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ مەلا مستەفا لە ڕووی تێگەیشتنی دەروونییانەوە یەکلاکەرەوە بوو. هەروەك دواتر مەلا مستەفا دانی پێدا نا، ئەو هەرگیز بڕوای بە (شا) نەکردووەو نەیتوانیوەپشت بە نیەتی باشی شا ببەستێت بۆ پێشکەشکردنی چەكو جۆرەکانی تری یارمەتی بۆ کوردی عێراق. بۆ مەلا مستەفا بەشداریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەکو دڵنیاکردنەوەیەك کاری کردووە بەرامبەر هەر گۆڕانکارییەکی لەناکاوی سیاسیی حکومەتەکەی شا. ئەو بڕوای وابوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگا بە شا نادات بەخێرایی دەستبەرداری یارمەتییەکانی بێت بۆ بزوتنەوەی کورد[39]. وەکو ڕووداوەکانی دواتر دەریان خست مەلا مستەفا بە شێوەیەکی ترسناکانە حسابی ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی نەکردبوو، هەروەها

www.pertwk.com

لە تێگەیشتنی ئامانجە بەربڵاوەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ناوچەکەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

بۆچی مەلا مستەفا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق ڕێگایەکی ئاشتییانەی لەبەرنەرگرت، وەك ئەوەی لە بەیانی 11ی ئازاری 1970دا هەبوو؟ بۆچی داهاتووی ئۆتۆنۆمیی کوردی بەستەوە بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانو ئیسرائیلو ئێرانەوە، لە کاتێکدا وا دەردەکەوت کە حکومەتی بەعس نیازی ئەوەی هەبێت کە ئیمتیازات بدات بە داواکارییەکانی کورد؟ بە پێی حساباتی عێراق ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ لە لایەن مەلا مستەفاوە بۆ نیشاندانی نێت پاکی لەگەڵ بەغدادا، ئاسایی ئارەزووی مەلا مستەفای ئاشکرا کرد کە دەیەوێت ڕێگا لە گەڕانەوەی باری ئاسایی بۆ کوردستان بگرێت کە ئەوەش کاری لە سەرکردایەتی ئەو بۆ بزوتنەوەی کوردو دەسەڵاتی ئەو بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا کردووە.

سەرەڕای ئەوەش، توندوتیژیو مل نەدانی مەلا مستەفا لە لایەن عێراقییەکانەوە وەها روون کرایەوە کە ئەو کەوتبووە داوی مۆسادی ئیسرائیلیو ساڤاکی شاو موخابەراتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ئەو تێکەوتنە بەوجۆرە توندوتیژی کردبوو، ئەوەش وا لێك دەدرێتەوە کە بە مەبەستی بەکارهێنی کورد بووە بۆ ڕێگاگرتن لە پەرەسەندنی عێراقێکی بەهێزو سەربەخۆو گەشەسەندووی ئابووری[40]. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو بینیومانە لێکدانەوەکەی بەعس بنەمای ڕاستیی تێدایە بۆ هەڵوێستی (باز ئاسای) بەرزانی بەرامبەر بەغدا، ژمارەیەك هۆکاری تر بەشدارییان کرد لە فراوانکردنی درزی نێوان مەلا مستەفاو حکومەتی عێراقیدا.

لە دوای ئاشکراکردنی بەیانی ئازارو پێش جێبەجێکردنی یەکلایەنەی ئەو بەیانە لە لایەن حکومەتەوە، دوو هەوڵی کوشتنی نزیك لە سەرکەوتن بەرامبەر بە مەلا مستەفا ئەنجام دران، ئەگەرچی حکومەت هەردوو هەوڵەکەی



مەحکوم کرد، بەڵام بە ئاشکرا گومانی ئەوە دەکرا کە ئەندامانی بەعس لە پشتی ئەو هەوڵانەی کوشتنی مەلا مستەفاوە بووبن[41]. لە ڕاستیدا ئەندامانی پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەڵگەیان خستە روو کە ئەوەی نیشان دەدا لەوانەیە حکومەت پەیوەندیی بەو هەوڵی کوشتنانەوە هەبێت. هۆیەکی زیاتر پەشێوکردنی پەیوەندیی نێوان مەلا مستەفاو ڕژێمی بەعس لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا بریتی بوو لە دەرکردنی پەنجا هەزار هاونیشتمانی عێراقی کە بە ئەسڵ ئێرانی بوون. ئەوەش نە یەکەمجار بوو نە دواجاریش بوو کە ڕژێمی عێراقی هەزاران هاونیشتمانی خۆی دەر بکاتو ناچاریان بکات بگەڕێنەوە بۆ ئێرانی دراوسێ. زۆربەی ئەو عێراقییانە چەندین پشت بوو لە عێرقدا ژیابوونو نەژادی ئێرانییان هیچ گرنگییەکی نەبوو بۆیان. ئەمانە نە بە فارسی دەدوان نە هیچ پەیوەندییەکی بەتینیان بە کەلتوور یان سیاسەتی ئێرانییەوە هەبوو. بە عێراقیبوونیان بە شێوەیەکی گشتیو تەواوەتی بوو. بەڵام ڕژێمی بەعس ئەمانەی بەکارهێنا وەکو قوربانی بۆ سیاسەتەکانی (شا)و شکستیی خودی خۆی، ئەوەی کە دەرکردنی ئەم ئێرانییانەی ساڵانی 1971 – 1972ی لە شەپۆلەکانی تری ئاوارەبوون جیا کردەوە ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆریان لە ناوچەکانی خانەقینو عەمارەوە هاتبوون کە ڕێژەیەکی گەورەی کوردە شیعەکانیان پێك دەهێنا. مەلا مستەفا دەرکردنی ئەم کوردانەی بەوە لێکدایەوە کە ئەوەش هەوڵێکی تری حکومەتی عێراقی بێت بۆ لەنێوبردنی دانیشتوانی کورد لە کاتێکدا بەڵێنی ئۆتۆنۆمییەکی گەورەی پێدابوون[42].

سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی ململانێی نێوان حکومەتی بەعسو مەلا مستەفا بریتی بوو لە سیاسەتی پاڵپشتکراوی بەعەرەبکردن کە حکومەت بە دوایدا دەچوو لەو کاتەدا کە بە قۆناغی گواستنەوە ناو دەبرا واتە ساڵانی 1970 بۆ 1974. هەروەك لە بەشی سێیەمدا گفتوگۆ کرا، بەعەرەبکردن زۆر شێوازی بەخۆوە گرتووە، لەوانەش تەسفیرکردنی دانیشتوانی عەرەب بۆ

www.pertwk.com

هەرێمــە کوردییــەکانو گواســتنەوەی کوردەکــانو نیشــتەجێکردنیان لــە هەرێمەکانی بیابانی باشووری رۆژئاوای وڵات. سەرباری ئەمەش نکوڵیکردنی حکومەت بوو بۆ دانانی کەرکوكو بیرە نەوتییەکانی وەکو بەشێك لە هـەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردی.

لـە حسابکردنی هـەموو شتەکاندا، هاوپـەیمانێتی گونجاوی مـەلا مستەفا لەگـەڵ ئێرانو ئیسرائیلو ویلایەتـە یـەکگرتووەکان جووڵـەیـەکی عەقڵانییانـە بــوو لــە لای خۆیــەوە بــۆ زیــادکردنی دەســتکەوتەکانیو کەمکردنــەوەی زیانەکانی. لە تێڕوانینی کوردانەوە هەرچۆن بێت ئەوە کارێکی بەدبەختانـە بوو کە ئەو (واتـە مـەلا مستەفا) بـەو ئەندازەیـە لـە بـەعس دوور خرایـەوە، لـە کاتێکـدا کـە (شـا) هـەوڵی دەدا بـۆ کەمکردنـەوەی پەشـێویيو ناکۆکییـەکانی نێـوان ئێـرانو عـەرەبو دروسـتکردنی رێککـەوتنی کـاتی لەگـەڵ دراوسـێ عەرەبەکانیـدا. گریمـانی کشـانەوەی نزیکـی بـەریتانیا لــە بەشـداریکردنی کەنداودا دەکرا بۆ کەمکردنەوەی پەشێویی کە ئەوەش بوو بە هۆی بنیادنـانی زنجیرەیەك رێو شوێنی برواپێکردن لە لایەن هـەردوو لایـەنی عـەرەبو شاوە. سـەرباری ئـەوەش شـا بـە بـەردەوامی وەکـو هەڕەشـەیەك بـۆ ناسـەقامگیری ئاسایشـی کەنـداو دەیڕوانییـە بەعسـی عێـراق. بەهـەرحاڵ پەیوەندییـەکانی نێوان میسرو ئێران بـەرەو باشـی دەچوون. سـەرۆك جـەمال عەبدولناسـر لـە کاتێکدا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە عەرەبچێتی لە کەنداودا وەکو یەکێك لـە ئامانجـە گرنگـەکانی ئیدارەکـەی دەمێنێتـەوە، ئـارەزووی بـۆ دروسـتبوونی دەوڵــەتانی عــەرەبی لەســەر کەنــداو دەربــڕی کــە وەکــو پاســەوانی بەرژەوەندییەکانی عەرەب بن لە ناوچەکەدا[43].

لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1968دا شا هـەوڵی دا پەیوەندیی نزیك لەگەڵ رژێمـە خۆپارێزەکـانی عەرەبدا لـە کەنداو دروست بکـات ئـەویش لـە رێگـای گەشتێکەوە بۆ عەرەبستانی سعودی بە مەبەستی نیشاندانی نێت پاکی. لـە کاتی سەردانەکەیدا شا پێی لەسەر پێویستبوونی هاریکاریی نزیکی نێوان



ئێـرانو جیهـانی عـەرەب داگـرت بـە مەبەسـتی رێگـاگرتن لـە بڵاوبوونـەوەی رادیکاڵیەتی عەرەبیو نفوزی سۆڤێتی. هەر بە دوای ئەم گەشتەدا راگەیاندنی کـانونی دووەمـی شـا لـە نیـودەلهی هـات کـە شـا تیایـدا رایگەیانـد (ئـەو) بـە زۆرەملـێ بـەحرەین ناخاتـە سـەر ئێـران، بـەڵکو رێگـا دەدات بـە دانیشـتوانی ناوخۆی (بەحرەین) کە زۆرینەیـەکی بـەرزیان عـەرەبن بۆ فـەرمانڕەواییکردنی خۆیـان. بـە قسـەیەکی تـر شـا پاشەکشـێی لـە داوا درێژخایەنـەکانی ئێـران بـۆ شـێخ نشـینی بـەحرەین راگـەیان. ئەمـەش بـوو بـە هـۆی رەوینـەوەی ترسـی عەرەبستانی سعودی لە فراوانخوازێتی ئێرانو خاڵی هـەرە سـەرەکی ناکۆکی نێـوان ئێـرانو دەوڵـەتانی عـەرەب بـە گشـتيو وڵاتـانی کەنـداوی بـە تایبـەتی بەلاوە نا[44]. کاتێك کـە دەسـەڵاتدارانی بـەعس هێرشـی رەخنـەی گاڵتـەجاڕییان ئاراستەی ناسر کرد کە گوایـە ئـەو ناکۆکیی نێـوان عـەرەبو ئیسـرائیل پـەرە پێدەدات، تارانو قاهیرە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕییانـە خۆیـان لـە یـەك بـەرەدا بینییەوە بەرامبەر بە دەوڵەتێکی عەرەبی[45].

لەگـەڵ مـەرگی جـەمال عەبدولناسـردا لـە سـاڵی 1970داو هـاتنی ئـەنوەر سادات بۆ سەر کورسیی دەسەڵات پەیوەندیی بەهێز لە نێـوان میسـرو ئێرانـدا دروست بوو. لە ئەنجامی جووڵەی هەنگاو بە هەنگاوی رژێمەکەی ساداتدا بـۆ پشتبەستن بە یـەکێتیی سـۆڤێتو گـەڕان بـە دوای وەرگرتنـی هەڵوێسـتی سـەر بە رۆژئاوادا، گۆڕانێکی دیـاریکراو لـە سیاسـەتی دەرەوەی قاهیرەدا رووی دا سـەبارەت بـە دەوڵـەتانی کەنـداو. لـە کاتێکـدا سادات هـەوڵی پاراسـتنی رۆڵـی سـەرکردایەتیی میسـری لـە سیاسـەتی عەرەبیـدا دەدا، کەچـی هەڵوێسـتێکی سستی بەرامبەر بە ئامانجەکانی پان – عەرەبچێتی هـەبوو، بـەڵکو هەڵوێسـتی سادات بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستێکی نموونەیی گونجاو بوو بەرامبەر بە وڵاتـانی رۆژئـاوا لــە کەنـداودا لــە ناویشـیاندا ئێـران. لــە ئاکـامی زنجـیرە گۆڕانکارییەکـدا لـە سیاسـەتی دەرەوەی میسـرداو مـەیلو ئـارەزووی ئێـران بـەلای عەرەبسـتانی سـعودیدا، تـەوەری تـاران – قـاهیرە – ریـاز کەوتـە لـە

www.pertwk.com

ڕووداوەستانی تەوەری مۆسکۆ – بەغدا – دیمەشق لە ناوچەکەدا.

هەر کە پەیوەندیی ئێران‌و میسر زیاتر پەرەی سەند، عێراق وا خۆی بینییەوە کە بە شێوەیەکی لەرادەبەدەر گۆشەگیر کراوە. ئەم گۆشەگیرکردنەش زیاتر بوو کاتێك شا توانی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ سوریادا چاك بکات. عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی 1974دا گەیشتبوو بەو ئەنجامەی کە بۆ ڕووخاندنی دیواری گۆشەگیرکردنی عێراق‌و شکست پێهێنانی ڕاپەڕینی کورد لە بەرەی سیاسیدا پێویستیی بەوەیە کە بگاتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی شادا. شا حسێنی ئەردەن کە پەیوەندیی خۆی بە شێوەیەکی چاك لەگەڵ هەردوولادا پاراستبوو واتە لەگەڵ شای ئێران‌و سەدام حسێندا، دەورێکی گرنگی بینی بۆ ڕێگا خۆشکردن لە نزیککردنەوەی ئێران‌و عێراقدا. لە کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی ساڵی 1974 لە ڕیبات، شا حسێن کۆبوونەوەیەکی لە نێوان نوێنەرانی عێراق‌و وەفدی ئێراندا ڕێکخست کە چووبوو بۆ مەراکیش بۆ یەکتر بینین لەگەڵ نوێنەرە عێراقییەکاندا[46]. ناوبژیوانەکانی تری عەرەبی وەکو جەزائیرییەکان بەردەوام بوون لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەی پچڕپچڕدا لە نێوان هەردوولادا کە ئەوەش لە کۆتایی ساڵی (1974)ەوە هەتا ئازاری ساڵی 1975 بەردەوام بوو.

پێویستبوونی گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لەگەڵ شادا بوو بە شتێکی تەواو ئاشکرا لە کاتێکدا کە یەکێتیی سۆڤێت بڕیاری کەمکردنەوەی ناردنی بارخانەی چەکی بۆ عێراق دا لە سەرەتای ساڵی 1975دا. هەروەك دواتر سەدام حسێن دانی پێدا نا لەو کاتەدا کە ئەو بڕیاری دابوو لەگەڵ شادا ڕێك بکەوێت، سوپای عێراق تەنیا سێ ساروخ‌و ژمارەیەکی زۆر کەم بۆمبای مابوو[47]. ئەگەر شای ئێران‌و ویلایەتە یەکگرتووەکان بیانویستایە عێراق تێکبشکێنن، ئەوا لە بارێکی ئەوتۆدا بوون کە بتوانن ئەوە بکەن ئەویش لە سەرەتای ساڵی 1975دا، ئەوەش ئاشکرا نییە کە چی هانی مۆسکۆی دا بەو جۆرەو بە شێوەیەکی وا ترسناك ڕەفزی پێداویستییەکانی عێراق لە چەك



بکات. لەوانەیە سۆڤێتییەکان لە وەهمی گۆشەگیرکردنی عێراق لە جیهانی عەرەبیدا گەیشتبنە ئەو بۆچوونەی کە ئەو گۆشەگیرییە بەوجۆرە نەماوەو لەوانەشە ئاواتەخوازی گۆڕانکاری بووبن لە ڕژێمی عێراقیدا ئەویش بەوەی کە ڕەفزی ناردنی چەك‌و تەقەمەنی بۆ عێراق بکەن. سۆڤێت نەیویست هەلی چاککردنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا لەدەست بدات چونکە ئێران ئەو وڵاتە بوو کە سۆڤێتییەکان ئاواتەخواز بوون پەیوەندیی ئابووریی هەمەلایەنەی لەگەڵدا پەرە پێ بدەن، ئەو وڵاتەی کە بۆ نەخشەی جیۆستراتیژی سۆڤێتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر گرنگ بوو.

گفتوگۆکانی نێوان عێراق‌و (شا) سەریان لە کوردەکان شێواند. مەلا مستەفا بە چاکی ئاگاداری هەوڵ‌و کۆششەکانی لایەنە جۆراوجۆرە عەرەبەکانی وەکو ئەردەن‌و جەزائیرو میسر بوو بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکیی نێوان بەعسی عێراق‌و ئێرانی شاهەنشایی. لە کۆتایی شوباتی 1975دا پارتی دیموکراتی کوردستان وەفدێکی پایەبەرزی ڕەوانەی قاهیرە کرد بۆ قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلانە لە بارەی ڕێککەوتنی چاوەڕوانکراوی نێوان عێراقی لاوازو ئێرانەوە کە زیانبەخشە بۆ مەسەلەی کورد. وەفدەکەی پارتی داوای لە سادات کرد کە نفوزی خۆی بەکار بهێنێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد لە ڕووداوی لێك نزیکبوونەوەی ئێران‌و عێراقدا. سەرۆك سادات بە ئاشکرا تەئکیدی کرد بۆ کوردەکان کە ئەوان مەسەلەی مفاوەزات نین لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا[48]. وەکو دەرکەوت سەرۆك سادات نەیویست مفاوەزەی چاوەڕوانکراوی نێوان ئێران‌و عێراق لە ڕێگای خۆی لا بدات بەوەی کە خەریکبوونیان بە کوردەوە لە مفاوزەکەدا ئاشکرا بکات.

بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نێوان عێراق‌و ئێران هەوڵ‌و تەقەلای فرەلایەنە درا کە ئەنجامەکەی لە ئازاری 1975دا دەرکەوت کاتێك کە سەرۆکی جەزائیری بومیدێن کۆبوونەوەیەکی مێژوویی لە نێوان شای ئێران‌و سەدام حسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق (کە سەدام لە واقیعدا

www.pertwk.com

دەسەڵاتی تەواوی هەبوو لە عێراقدا)دا ڕێکخست. ئەم کۆبوونەوەیە کە لە کاتی کۆبوونەوەی لوتکەی ڕێکخراوی ناردنە دەرەوەی نەوتدا (ئۆپیك) گەیشتە ئەنجام لە جەزائیر بوو بە هۆی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر لە 6ی ئازاری 1975دا. لەبەر ئەوەی هەڵوێستی دیبلۆماسیو سەربازیی عێراق لە بەرامبەر ئێراندا لاواز بوو، لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی جەزائیردا، هیوای عێراق ئەوە بوو کە شا ئیلتیزام بکات لە بڕینی یارمەتییەکانیدا بۆ ڕاپەڕینی کوردی. لە بەرامبەردا دەبوو عێراق دەستبەرداری ژمارەیەك ویستی هەرێمایەتی خۆی ببێت لەوانەش ڕازیبوون بە هێڵی (سالویچ) یان کەناڵی ناوەڕاستی شەتی عەرەب وەکو سنووری نێوان هەردوو وڵات. لەبەر ئەوەی ڕێگای ئاوی شەتی عەرەب تاکە دەروازەی عێراق بوو بۆ کەنداو، ڕژێمی بەعس هەمیشە سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی تەواوەتی بەسەر ئەم ڕووبارەدا هەبێتو، وای دەردەخست کە زیندوویەتی ئابووریی عێراق وەستاوەتە سەر دەسەڵاتی تەواوەتی بەسەر شەتی عەرەبدا. لە لایەکی ترەوە ئێران سووربوو لەسەر ئەوەی کە ڕێگای ئاوی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئامانجە ئابووریو کەشتیگەلییەکانیو بە پێی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەڕێوەبردنی قەوارەیەکی ئاویی هاوبەشی وەکو شەتی عەرەب، هێڵی سالویچ سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتە[49]. وازهێنانی سەدام حسێن لەم خاڵە (لە هەندێ بەشی وڵاتەکەی) لێدانێکی تفتو تاڵ بوو لە شوێنو پایەی ڕژێمی بەعسی.

ڕێککەوتنی جەزائیر لە لایەن ئەو پرۆتۆکۆڵەوە کە پەیوەست بوو بە دیاریکردنی سنووری ڕووباری نێوان ئێرانو عێراقەوەو لە لایەن ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی سنوورو ڕێکوپێکی هاوسێیەتییەوە فراوان کرا، کە هەردووکیان لە 13ی حوزەیرانی ساڵی 1975دا لە بەغدا گەیشتنە ئەنجامو لە لایەن عەباس عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێرانو هاوشێوە عێراقییەکەی سەعدون حەمادییەوە ڕێککەوتنی سنوور ئیمزا



کرا[50]. سەرباری ئەوەش ڕێککەوتنی جەزائیر داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی ئێرانی – عێراقی کرد بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی. هەر پێ لێنانێکی ڕێککەوتنەکە دەبوو بەرز بکرایەتەوە بۆ ئەم لیژنەیە کە ئەویش دوای ئەوە هەوڵی دەدا بۆ چارەسەرکردنی هەر ناکۆکییەك. هەروەها هەردوو وڵات ڕازی بوون بۆ بانگهێشتکردنی جەزائیر بۆ هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەی هاوبەشی ئێرانی – عێراقی.

هەندێ توێژەر گفتوگۆی ئەوەیان کردووە کە فاکتەرێکی گەورە کە بووە بە هۆی ئەوەی سەدام حسێن ڕازی ببێت بۆ پێدانی ئیمتیازاتی گەورە بە ئێران لە مەسەلە هەرێمایەتیو سنوورییەکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو لەو فشارەوە هاتووە کە وڵاتانی تری عەرەب خستوویانەتە سەر عێراق، عێراقیش ویستوویەتی لە مەترسیی قەیرانی لاوازبوون خۆی ڕزگار بکات بۆ ئەوەی بتوانێت توانای خۆی دژی دوژمنی گشتی واتە دەوڵەتی ئیسرائیل کۆ بکاتەوە. لە ڕاستیدا سەدام حسێن ئیدیعای ئەوەی کرد کە ڕێککەوتنی جەزائیری بۆ چاکەی بەرزتری گەلی عەرەبی ئیمزا کردووە[51]. فشاری عەرەبی دەوری بینی لە هێنانی هەردوولا بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، بەڵام بێ توانایی عێراق بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕینی کوردو زیادبوونی فشاری سەربازیی ئێران بە هەمان ڕادە گرنگ بوون. ئەگەر گرنگییەکەیان زیاتریش نەبووبێت، لە ناچارکردنی سەدام حسێن بۆ پێشکەشکردنی ئیمتیازاتی گەورە. لە کۆتاییدا گومانێکی کەم دەکرا لەوەی کە ڕێککەوتنی جەزائیر زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئیمتیازاتەی دەستەبەر کرد. لەگەڵ ئەوەدا سەدام حسێن ئەو ڕێگایەی لەبەرگرت کە شا هێمن بکاتەوە ئەویش بە دان نان بە سەروەرێتیی ئێراندا لە نیوەی شەتی عەرەبدا. شا هیچ تەنازولێکی عەمەلیی نەکرد هەتاوەکو خۆهەڵنەقورتان لە کاروباری ناوخۆی سەروەرێتیی دەوڵەتەکەی تر بە خاڵێك دانەنرێت. لە ڕێککەوتنی جەزائیردا سەدام حسێن پێنەنان لە سنووری عێراقی کرد بە بنەماو بە خاسیێتی بەڵگەی خودی خۆی لە دەوڵەتداریدا، بە

www.pertwk.com

دانی نرخی بەرزی تەنازولاتی هەرێمایەتی[52].

ئەگەر کەسێك ڕێککەوتنی جەزائیر بە وردی شی بکاتەوە بە پێی ئەو تەنازولاتە هەرێمایەتییەی کە بەغدا کردی، ئەوا دەبوو بەم هەڵسەنگاندنە ڕازی بوایە. لە لایەکی ترەوە ئەوەی زۆر گرنگ بوو بۆ سەدام حسێن لە ساڵی 1975دا زیندووکردنەوەی ڕژێمی بەعسو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لە تێڕوانینی خۆیەوە. لە ئەنجامی سەرنجدان لەم تێگەیشتنە سنووردارەوە، هیچ مەسەلەیەك بە بێ ڕێککەوتننامەی جەزائیر بوونی نییە، ڕژێمی بەعس ئازاری هێنا بۆ کودەتایەکی دزێو. لە بری ئەوە، مەسەلەی کوردو سەرکردایەتیی مەلا مستەفا ئازاری لێدانێکی سەختیان چەشت. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی ڕێککەوتنی جەزائیردا، بەغدا هێرشێکی گەورەی دژی پێشمەرگە مەعنەوەیات ڕووخاوەکانی کورد بەرپا کردو هەرچی توانای بەگریکردنی ئاشکرای کورد هەبوو لە ماوەی دوو هەفتەدا لەناوی برد[53].

هەزاران کورد بە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی جەزائیرو فەرمانەکانی مەلا مستەفا بۆ دەست هەڵگرتن لە شەڕ لە ئێران بوون بە پەناهەندە. سوپای عێراق دەستی بەرەڵا بوو بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی حکومەت بۆ چۆڵکردنی گوندەکانی کوردو گواستنەوەی دانیشتوانەکانیان بۆ هەرێمی بیابانی باشووری ڕۆژئاوای وڵات. سەمیر خەلیل لەو بارەیەوە دەڵێت:

خێزانە کوردەکان بە ئۆتۆمبیلی سەربازی بار کران‌و بە خێرایی گواسترانەوە بۆ ئۆردوگای گەورەی بە تەواوی ئامادە نەکراو یان بۆ گوندە عەرەبەکانی ڕۆژئاوای فورات کە لەوێ بە کۆمەڵی بچووك بچووك نیشتەجێ کران... سەرباز گوندنشینە کوردەکانیان سواری ئۆتۆمبیل کرد بۆ ئەوەی لە شەودا بە درێژایی ڕێگا داخراوەکان بە کاروان بیانگوازنەوە. هەر لەگەڵ گەیشتن بەو چارەنووسەدا، خێزانەکان خێمەیان پێدراو لە پێنج جێگادا کە پێیان دەوترا گوند کۆکرانەوە. هەموو جۆرە جموجوڵێك قەدەغە بوو تەنیا بۆ ئیش‌و کاری ڕەسمی نەبێت. پیاوەکان بە نرخی جێگیر ئیشیان درایە[54].



لەو کوردانەی کە بڕیاریان دا لە ئاوارەیی ئێرانەوە بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان‌و کەڵك لەو لێبوردنە گشتییە وەربگرن کە حکومەتی عێراق دای، ڕێژەی 85٪ی ئەو کوردانەی کە گەڕابوونەوە کۆکرانەوەو ئاوارەی بیابانی باشووری ڕۆژئاوا کران.

ژمارەی خەمڵێنراوی ئەو کوردانەی سیاسەتی ئاوارەکردنی بەعس لە دوای کارەستاتی شکستی مەلا مستەفا ئاوارەی کردن بە پەنجا بۆ سێ سەدو پەنجا هەزار کەس دانران بە پشتبەستن بە سەرچاوە[55]. حکومەتی عێراقی ناڕاستەوخۆ دانی نا بە تەسفیرکردنی خەڵکدا بە دەربڕینی ئەوەی کە سیاسەتی حکومەت بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی ئاسایشی (دە) کیلۆمەتری بوو بە درێژایی سنووری ئێران، ئەو گوندانەشی کە لەو پشتێنە ئاسایشیەدا بوون دەبوو بگوازرێنەوە بۆ شوێنەکانی تری وڵات[56]. لە بەرەی سیاسیدا، کاریگەریی ڕێککەوتنی جەزائیر لەسەر بەرەی کوردی، بەش بەش بوو بۆ پێشبڕکێی بزوتنەوەکان‌و پارتە سیاسییەکان کە بوو بە هۆی لاوازکردنی یەکێتیی کورد لە عێراقدا.

## جەنگی ئێران‌و عێراق‌و کوردەکان

شۆڕشی ئێرانی ساڵی 1978 – 1979 گواستنەوەی لە سیاسەتی ناوخۆو نێودەوڵەتیی ئێراندا دروست کرد. ڕژێمی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا کە لەگەڵ ڕوانینی پان ئیسلامیدا یەکی گرت، عێراق وەکو هەڕەشەیەك بۆ سەر ئایدیۆلۆژیای عیلمانی خۆی لێی تێگەیشت. گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی ئایەتوڵڵای خومەینی بۆ ئێران لە شوباتی 1979دا هاوکات بوو لەگەڵ هەڵچوونی چالاکییەکی سیاسییانەی شیعە لە عێراقدا. لە سەرەتای ساڵی 1978دا هەواڵی ژمارەیەکی زۆر خۆپیشاندانی دژی بەعس لە شارە پیرۆزەکانی نەجەف‌و کەربەلای باشووری عێراق بڵاو کرایەوە. خۆپیشاندانەکانی دژی ڕژێم تەنانەت مەدینە سەدامیشی گرتەوە کە بریتی

www.pertwk.com

بوو لە دانیشتوانە هەژارە شیعەکان لە بەغدا. خاڵی دەستپێکردنی ئەم خۆپیشاندانانە بە تەواوی لە ناوخۆدا بوو، لە ژێر چاودێریی گروپی نەیاری شیعەی عێراقیدا واتە حیزبی دەعوەدا رێکخرابوون. هەرچەندە نکوڵی ئەوە ناکرێت کە پەیامی ئایەتوڵڵای خومەینی بۆ رابوونەوەی ئیسلامی کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەبوو لەسەر چالاکیی فراوانی نوێی شیعەکانی عێراق. زۆر لە خۆپیشاندەران وێنەی خومەینیو ئەو دروشمانەیان بەرز دەکردەوە کە دەیانگوت: (بەڵێ بۆ ئیسلام، نەخێر بۆ ئەفلەقو سەدام) (ئەفلەق دامەزرێنەری یەکەمی بەعسیزمە)[57]. سەرباری ئەوانەش زانایەکی ئایینی دیارو رابەری رۆحیی حیزبی دەعوە کە ئایەتوڵڵا محەمەد باقر سەدر بوو کەوتە پشتگیریکردنێکی ئاشکرای ئامانجەکانی شۆڕشی ئێرانو ئاواتەخواز بوو کە هەمان بیرو باوەڕ لە عێراقیشدا رەگ دابکوتێت.

ناڕەزاییە گشتیو جەماوەرییەکان دژی عیلمانییەتی بەعس دەسەڵاتدارانی عێراقی نیگەران کرد بوو بەوەی کە نموونەی شۆڕشی ئێرانی بگاتە وڵاتەکەیانو هانی شیعە بدات کە رێژەی 55٪ی دانیشتوانی پێکدێنن بۆ لە دەسەڵات دوورخستنەوەی رژێمەکەی سەدام حسێن کە رژێمی کەمایەتییە کار بکەن. لە راستیدا کاربەدەستانی عێراقی لە زۆر موناسەباتدا ترسیان لەوە دەربڕیوە کە سیاسەتەکانی (دەسەڵاتی فراوانخوازی)و (نەتەوایەتی شۆڤێنیزمانە) بەرامبەر بە عێراق جێگای بگیرێتەوە بە هاندانی خومەینی بۆ (ناردنە دەرەوەی) شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتەکەیان[58].

راستییەکەی مەلا پایە بەرزەکانی ئێران سۆشیالیزمی بەعسیان وەکو (گومڕاو دژی ئیسلام) وەسف کردو پشتگیریی ماددیو مەعنەویی خۆیان بۆ بزوتنەوەی (دەعوە) چڕوپڕ کرد.

وەڵامی عێراق بۆ بزوتنەوەی شیعە خێراو دڕندانە بوو. رژێم ویستی بە پەلە کۆتایی بەو راپەڕینە بهێنێت پێش ئەوەی پەرە بسەنێو بەرەو باکوور بڵاو ببێتەوەو بگاتە کوردستان. بە دەستگیرکردنی بەکۆمەڵو لە سێدارەدانی



چالاکەکان، رژێمی بەعس دەستی کرد بە فشار خستنە سەر ئایەتوڵڵا باقر سەدر بۆ ئەوەی نەجەف بەجێبهێڵێتو واز لە فتوادان بە دژی حکومەت بهێنێت، لە پای ئەوە محەمەد باقر سەدر رێنومايیەکانی بۆ عێراقییەکان چڕوپڕتر کرد ئەویش بە مەبەستی لەسەر کورسیی فەرمان لابردنی حکومەتەکەی سەدام حسێن. لە رۆژی 12ی حوزەیرانی 1979دا ئایەتوڵڵا باقر سەدر پەیامێکی بڵاو کردەوەو بە شێوەیەکی توندوتیژ حکومەتی مەحکوم کردو داوای لە خەڵکی کرد لە پان– عەرەبچێتیو بەعسیزم وەکو بڕوای سیاسی دوور بکەونەوە، هەروەك داوایشی لە خەڵك کرد کە دوای رێبازێکی ئایینی هاوشێوەی ئێران بکەون. بە کورتی دوای ئەوە سەدر فتوایەکی دا کە تیایدا بەئەندامبوون لە حیزبی بەعسدای لە مسوڵمانە عێراقییەکان حەرام کرد. بڕیارە ئایینییەکەی سەدر راپەڕینی گەورەی لە هەموو عێراقدا بەرپا کرد بەو ناوچە کوردییانەشەوە کە تیایاندا سۆزداری راپەڕینەکان بۆ قوربانیانی شیعە دەرەنجامی سەرکوتکردنەکانی حکومەت بوو. لە 6ی تەمموزدا ئایەتوڵڵا سەدر پەیامێکی تۆمار کرد کە تێیدا ئاماژەی بۆ فەرمانڕەوایانی عێراق کرد بە (خوێنڕێژو ملهوڕان)، هەروەها داوای لە هەموو عێراقییەکان کرد کە سەرجەم توانای خۆیان بخەنە کار بۆ رزگاربوون لە سەدام حسێنو رژێمی بەعس[59].

لە پەیامێکی بەهێزی دیکەدا کە وا پێ دەچێت لە سەرەتای ساڵی 1980دا تۆمار کرابێت، ئایەتوڵڵا باقر سەدر جەختی کردۆتە سەر گرنگیی هاریکاریی نێوان سوننەو شیعەو عەرەبو کورد لە هەوڵێکی یەگرتوودا بۆ لابردنی رژێمی بەعس، لە راپەڕینێکی جەماوەریداو دیسانەوە بنیادنانەوەی عێراقێکی ئازادی شەرەفمەند کە تیایدا عەدالەتی ئیسلامی پەرە بسەنێتو کەرامەتی مرۆڤ باڵادەست بێت[60]. لە ئەنجامی سووربووندا لەسەر رێگاگرتن لە راپەڕین، دەسەڵاتدارانی بەعس ئایەتوڵڵا باقر سەدریان لە نەجەف دەستبەسەر کردو پاشان هێنایان بۆ بەغداو لە نیسانی 1980دا لە

www.pertwk.com

سێدارەیان دا. حکومەتی عێراق راپەڕینەکانی شیعەی وەکو نموونەی دەست تێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق بەرجەستە کردو، ئەوانەشی بەکارهێنا وەکو بیانوو بۆ هێرش کردن بە پێی نەخشەیەکی تەواو بە مەبەستی داگیرکردنی ئێران لە 22ی ئەیلوولی 1980دا. سەرباری ئەم ئیدیعاکردنە ئێستا بەڵگەی پەسەند لەبەردەستایە بۆ بڕواهێنان کە سەدام حسێن هێرشی کردە سەر ئێران بۆ دروستکردنی دەسەڵاتی عێراقی لە کەنداوداو بۆ زیندووکرنەوەی خواستەکانی لە هەرێمە نەوتییە دەوڵەمەنەکانی پارێزگای خوزستانی ئێرانیدا. هەروەك فرێد هاڵیدەی تێبینیی کردووە، بەعسییەکان (تەواو ئاسودە بوون کە خومەینی ببینن داوای شۆڕشێك بکاتو بە وریاییەوە چاودێریی ناکۆکییان دەکرد بە درێژایی سنووری ئێران – عێراق ئەویش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژیو پەشێویی[61].

پێ لێنانی پڕ مەبەست لە رێککەوتننامەی جەزائیر لە لایەن ئێرانەوە دیسان ئاماژەی پێکراو وەکو بیانوو بۆ داگیرکردنی ئێران لە لایەن عێراقەوە هێنرایەوە. ئەم پێلێنانە بە قسە نیشاندراوە (دەست تێوەردانی ئێرانی لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا) هەروەها پێلێنانی چاوەڕوانکراوی ئاسمانی عێراقو پێلێنانی زەمینیشی دەگرتەوە کە هێزەکانی ئێران لە نێوان نیسانو ئەیلوولی 1980دا ئەنجامیان دابوو[62]. لە راستیدا ئەو تاوانبارکردنانەی ئێران لە لایەن عێراقەوە لە لایەن سەرچاوە بێلایەنەکانەوە دانی پێدا نەنرا. راستییەکەی وەکو (گاری سیك) تێبینیی کردووە کە بەڵگەی گونجاوی لەبەردەستدا بووە کە (پێشنیار دەکات عێراق رێبەرایەتی بنیادنانێکی سیستاماتیکانەی هێزە سەربازییەکانی کردووە لە نێوان نیسانو ئەیلوولی ساڵی 1980داو لە خۆئامادەکردندا بووە بۆ هێرشێکی خێر بە دژی ئێران[63].

داگیرکردنی دواتری ئێران کە بۆمبارانکردنی ئامانجەکانی لە هەموو وڵاتدا گرتەوە، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی چوار هەزار میلی چوارگۆشە لە



ناوچەکانی ئێران شتێکی نەگونجاو بوو بۆ تووڕەکردنی ئێران. حکومەتی بەعس هەرگیز ئیدیعای ئەوەی نەکرد کە ئێران مەبەستی داگیرکردنی عێراقی هەبووبێت، هەروەها ئیدیعای ئەوەشیان نەکرد کە ئێران هێزی لە ناوچە سنوورییەکانی بەرامبەر عێراقدا کۆکردبێتەوە. نەبوونی هەر جۆرە ئامادەباشییەکی سەربازیی ئێرانی بۆ ئەو شەڕە بێ چەندو چوون ئاشکرا بوو بە تایبەتیش چەند هەفتەی یەکەمی شەڕەکە ئەوەی دەرخست[64].

پێش داگیرکردنی بەشێکی زۆری ئێران لە لایەن عێراقەوە، هەردوولا بە شێوەیەکی رۆتینی یەکتریان بەوە تاوانبار دەکرد کە سنووریان بەزاندووە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەك لە نێوان یانزەی نیسانو پانزەی ئەیلوولی ساڵی 1980دا عێراق 352 سنوور بەزاندنی ئێرانی بڵاوکردۆتەوە، لە هەمان کاتدا ئێرانیش عێراقی بەوە تاوانبار کردووە کە 172 هێرشی لەناکاوی بۆ نێو قووڵایی سنووری ئێران کردووە[65]. ئەم جۆرە رووداوانە بە درێژایی سنووری ئێران – عێراق شتێکی ئاسایی بووە تەنانەت پێش لە هاتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، هەروەك بە دڵنیاییشەوە ئەوە هەرگیز دانەنراوە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ. لە 17ی ئەیلوولی 1980دا سەدام حسێن ئاماژەیەکی ئاشکرای کرد بۆ ئەوەی کە لە ماوەی پێنج رۆژی دواتردا روویدا بۆ کۆتایی هێنان بە رێککەوتنی جەزائیر کە خۆی لەگەڵ (شا)دا مفاوەزەی لەسەر کردبوو. بۆ نیشاندانی کۆتایی هێنان بە رێککەوتنی جەزائیر سەدام حسێن خۆی لەسەر تەلەفزیۆنەوە کۆپییەکی ئەو رێککەوتننامەیەی دڕاند. پاشان رایگەیاند کە عێراق بڕیاری داوە ناوچەکانی خۆی لە رێگای بەکارهێنانی هێزەوە بگێڕێتەوە. هەروەها بڕیاری داوە کە رێگای ئاوی شەتی عەرەب بخاتەوە ژێر سایەی دەسەڵاتو سەوەرێتیی تەواوەتی عێراقەوە[66]. لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقدا، سەدام حسێن مەسەلەی کوردی هێنایەوە ناو باس بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی جەزائیر بە ئاشکراکردنی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی هەمان شێوەی رژێمی پێشووی

www.pertwk.com

خۆی دەستی کردووە بە سیاسەتی پشتگیریکردنی (باجی بوانی) کورد لە ناو عێراقدا[67].

بە پێچەوانەی تەئکیدکردنەکەی سەدام حسێنەوە، وا دەردەکەوێت کە شتێکی هێجگار دوور لە راستی بێت کە کۆماری ئیسلامی سەرچاوە پێویستەکان یان پشتگیری رێکخراوەیی هەبووبێت بۆ درێژەدان بە سیاسەتی شا بەرامبەر بە عێراق، بە تایبەتی لە روانگەی ئەو راستییەوە کە کۆماری ئیسلامی پێشتر ئازاری شەڕکردنی لەگەڵ کوردەکانی خۆی چەشتووە. لە راستیدا عێراق نەخشەکانی (مێژەکانی) هەڵگێڕابووەوەو هانی پەرەسەندنی راپەڕینی کوردەکانی لە ناو ئێراندا دابوو. بە پێی بۆچوونی ئێریك رۆلیۆی پەیامنێری رۆژنامەی کاریگەری رۆژانەی پاریس واتە (لۆمۆند) کە گفتوگۆی لەگەڵ قاسملۆی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کرد بوو، عێراق سەرچاوەیەکی سەرەکیی پشتگیریی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بەنی سەدری سەرۆکی ئاوەرەی ئێران لە کتێبەکەیدا (گەڕانەوەم بۆ قسەکردن) ئاماژەی بۆ ئەو بەڵگەنامانە کردووە کە لە کوردەکان دەستگیر کراوەو ئەوە دەردەخەن کە عێراق بە توندی لە هەموو روویەکەوە پەیوەندیی بە راپەڕینی کوردی ئێرانەوە هەبووە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیو بە توندی لەوەوە گلاوە[68].

ئەگەرچی دڵنیابوون لە مەودای خۆهەڵقورتاندنی هەریەکە لە عێراقو ئێران لە هاندانی راپەڕینی کوردی وڵاتەکەی تریاندا لە پێش شەڕی ئێرانو عێراقدا کارێکی زەحمەتە، بەڵام دوای ئەوەی کە شەڕ دەستی پێکرد هەردوولا هەندێ بنەمای تایبەتییان بەکار هێنا بۆ ئەوەی دانیشتوانی کوردی خۆیان بخەنە مەیدانی شەڕەوە. عێراق دەست پێشکەر بوو لە بەکارهێنانی وەرەقەی کوردی خۆیدا وەکو ئامرازێکی ستراتیژانە بۆ لاوازکردنی ئێران. جەنگی نێوان گروپە جۆراوجۆرەکانی کورد وایکرد کە کارێکی ئاسان بێت بۆ بەغدا کە وەرەقەی کوردی بەکار بهێنێت. بۆ نموونە یەکێتیی نیشتمانیی



کوردستان بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان – سەرکردایەتیی کاتی بە سەرۆکایەتی دوو برا بەرزانییەکە لە شەڕی یەکتریدا بوون. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی قاسملۆ ناکۆك بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی بەرزانی، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق پێشتر چەکی لە شا وەرگرتبوو[69]. بە گشتی لەبەر نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو کاریگەریی بزوتنەوەی بەرەنگاری کورد دژی عێراق لە دوو ساڵی یەکەمی جەنگی عێراق – ئێراندا لاواز بوو.

لە کانونی دووەمی ساڵی 1981دا یەکەم هەوڵی کاریگەریی عێراق بۆ بەکارهێنانی وەرەقەی کوردەکانی گەیشتە ئەنجام کاتێك کە حکومەتی بەعس رێگایەکی یارمەتیدانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی قاسملۆ لە نزیك شارەکانی قەسری شیرینو ناودەشت دروست کرد. دەسەڵاتکردن بەسەر ناو دەشتدا یەکەم ئامانجی عێراق بوو چونکە شوێنی ستراتیژی ئەم شارە رێگای لە ئێران دەگرت بۆ بەکارهێنانی رێگای سەرەکیی تاران – بەغدا. عێراقییەکان لە تێکشکاندنی پاسداری چەکدار بە چەکی تا رادەیەك سووكو یەکە سەربازییە سوپاییەکانی ئێران کە لە ناوچەکەدا بوون سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بە پاڵپشتی بەغدا، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەرکردایەتییەکی سەرەکیی چالاکیکردنی لە ناو دەشت دامەزراندو هێرشێکی سێ مانگیی پێشمەرگانەی دژی هێزەکانی ئێران بەرپا کردو هەندێ سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا[70].

لە سەرەتای نیسانی 1981دا، یارمەتیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو گروپە نەیارەکانی ئێران لە موجاهیدینی خەڵكو فیداییینی خەڵكو چەكو زەخیرەی شەڕ لە لایەن عێراقەوە، یەکەکانی پاسدارانی ناچار کرد کە لە شارە گەورەکانی کوردستانی ئێران پاشەکشێ بکەن لەوانەش شاری سنەی

www.pertwk.com

پایتەختی کوردستان‌و بنکەی گرنگی پێشەوەی سەربازی. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و پارمەتیدەرەکانی پاشان بیریان لە هێرشێکی بەرەیی کردەوە بۆ سەر شاری مهابادو دروستکردنی هەرێمێکی ئازادکراوی کوردی، هەمان شێوەی پێشتر کە کوردەکان کۆماری کوردستانی بەدبەختیان پێش لە چل‌و پێنج ساڵ لە مهاباد دروست کردبوو.

هێزە ئێرانییەکان توانییان جارێکی تر سەرکەوتووانە خۆیان کۆ بکەنەوەو خۆیان رێك بخەن‌و زنجیرەیەك دژە هێرشی سەرکەوتووانە دژی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجام بدەن. جگە لەوەش لە نیسانی 1982دا هێرشێکی ئێرانی لە بەرەی باکوورەوە ژمارەیەکی گەورەی لە هێزەکانی عێراق لەناو بردو ناچاریان کردن کە لە ناوچەکانی ئێران پاشەکشێ بکەن. لە ئاکامی ئەوەدا لە مایسی 1982دا قەدەری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران گۆڕا کاتێك هێزی زەمینیی ئێرانی لە ژێر سایەی سەرکردایەتیی کۆڵۆنێڵ سەعید شیرازیدا زنجیرەیەك هێرشی زۆر سەرکەوتووانەی کردە سەر هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و بنکەو بارەگاکانیان. ستراتیژیی سەعید شیرازی سادە بوو بەڵام کاریگەر بوو. وای لە هێزەکانی قاسملۆ کرد بە هێمنی بڵاوە بکەن، پاشان ئابڵوقەی هێزە پەرش‌و بڵاوەکانی قاسملۆی داو بە توندی لێیدان‌و گورزی رووخێنەری وای لێدان کە هەرگیز نەهاتنەوە سەر خۆیان. ئاواتەکانی قاسملۆ لە دروستکردنی (هەرێمێکی ئازادی کوردی)دا هەرەسی هێناو قەوارەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە شەڕی ئێران – عێراقدا بچووك کرایەوە بۆ ئامرازێکی پاشکۆی عێراق لەو شەڕەدا[71]. بە مەبەستی درەبازکردنی چارەنووسی خراپ‌و نادیاری قاسملۆ پەیوەندیی کرد بە سەرۆکی پێشووی ئێران بەنی سەدرەوەو بانگهێشتی کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هابەش‌و بەلاوەنانی فەرمانڕەوایەتی مەلاکان لە تاران. قاسملۆ، بەنی سەدری دڵنیا کردەوە کە ئامانجی بزوتنەوەکەی ئەم بریتییە لە (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان‌و



دیموکراتی بۆ ئێران). لە ترسی ئەوەی کە قاسملۆ هێزە جیاخوازەکانی کۆ بکاتەوە، بەنی سەدر بانگێشتەکەی قاسملۆی رەت کردەوە.

دوای دەسەڵاتکردن بەسەر راپەڕینی کوردەکانی خۆیداو دوای دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوردستانی ئێران، کۆماری ئیسلامی دەستی دایە بەکارهێنانی وەرەقەی کوردەکانی خۆی. لە هەڵسەنگاندندا ئێرانییەکان زۆر سەرکەوتووتر بوون لە عێراقییەکان لە بەکارهێنانی کوردەکانی خۆیاندا لە ماوەی جەنگی نێوان ئێران‌و عێراقدا. کۆماری ئیسلامی تەنیا هەر ئەوە نەبوو کە پشتگیریی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی بە سەرۆکایەتیی مەسعودو ئیدریس بەرزانی بەدەست هێنابوو، بەڵکو دیسان ساڵی 1983 لە راکێشان‌و بەدەستهێنانی پشتگیریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە رێکخراوێکی مارکسی – لینینی بوو بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ئەمانەش لە یەك کاتداو لە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردیدا دژی رژێمی عێراقی. لە ساڵی 1987دا تاڵەبانی داواکەی تارانی بۆ لەسەر کورسیی دەسەڵات لابردنی رژێمی بەعس لە بەغداو جێگاگرتنەوەی بە کۆمارێکی ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرنج راکێشانە دەگوتەوە[72].

لەبەر ئەوەی رژێمی عێراقی کەوتە ترساندن لە پێشبینیکردنی بەرەیەکی ناجێگیری شاراوەی ئێرانی – کوردی لە باکووردا، سەدام حسێن بە پێی بەرنامەیەك هەوڵی دا بۆ دەستکردن بە گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ کورددا[73]. لە کاتێکدا عێراق لە دوای گەیشتن بە چارەسەری کێشەکەدا دەگەڕا لەگەڵ گروپە کوردەکاندا، بەڵام کەوتە ژێر فشاری ئەنقەرەوە بۆ رکێفکردنی چالاکییەکانی کورد بە درێژایی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیادا. تورکیا ئیدیعای ئەوەی کرد کە ناوچە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی مەسعودو ئیدریس بەرزانی بەکارهێنراوە وەکو بنکەی هێرشی لەناکاوی کوردە نەیارەکانی تورکیا بۆ سەر تورکیا. سەرباری ئەوەش حکومەتی تورکیا

www.pertwk.com

سەرزەنشتی کوردەکانی عێراقی کرد بۆ ئەو پەشێوییە گەورانەی کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا روویان دەدا. لە ماوەی ساڵانی 1981 – 1982دا هەشتا هەزار کورد بە شێوەیەکی تۆمارکراو دەستگیر کران لە تورکیاو لە ساڵی 1983یشدا زیاتر لە دوو هەزار کورد دەستبەسەر کران[74].

لەبەر ئەوەی نەوتی عێراق لە بۆرییەکەوە دەنێردرایە دەرەوە کە بیرە نەوتییەکانی کەرکوکی بە رۆخی دەریای ناوەڕاستەوە بەستووەو لەسەر سنووری تورکیاوە دەڕوات، حکومەتی بەعس هەوڵێکی نابەجێی دا بۆ دوورخستنەوەی تورکیاو هێڵە زیندووەکەی خۆی بخاتە بەردەم مەترسییەوە. لە ئاکامدا عێراقییەکان ملیان بۆ فشاری تورکیا کەچ کردو لە نیسانی 1983دا رێککەوتنێکیان لە بارەی بنەما ئاسایشە هاوبەشەکانەوە ئیمزا کر کە ئەو رێککەوتنە رێگای دەدا بە هێزەکانی تورکیا بێنە ناو خاکی عێراقەوە بە مەبەستی (دواکەوتنی بەهێز)ی گەریلاکانی کورد.

لە مایسی 1983دا گەریلاکانی کورد کە لە بنکەکانی نێو خاکی عێراقەوە چالاکییان ئەنجام دەدا پەڕینەوە بۆ تورکیاو چەند سەربازێکی تورکیان کوشت. تورکەکان پەنایان برد بۆ ئەو رێککەوتنەی مانگی نیسان سەبارەت بە (دواکەوتنی بەهێز)و هەزاران سەرباز لە سوپای تورکیا چوونە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە لە شالاوی گەڕان و تێکشکاندندا کە بوو بە هۆی دەستگیرکردنی سەدان پێشمەرگەی کوردو فەرماندەکانیان. زۆرێك لە دیلە کوردەکان درانەوە بە رژێمی بەغداو لەوێش یان لە سێدار دران یان فەرمانی زیندانیکردنی دوورودرێژیان بەسەردا درا[75]. لە هاوینی 1983دا شەڕێکی هاوبەشی عێراق و تورکیا دژی کوردەکان دەستی پێکردبوو، کوردەکان بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەرزانییەکان پێویستییان بە دروستکردنی هاوپەیمانییەك هەبوو لەگەڵ ئێراندا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئەو هەڕەشە نوێیەدا بووەستن.

لە تەمموزی 1983دا ئێران هێرشێکی نوێی دژی هێزەکانی عێراق لە ژێر



ناوی (فەجری دووەم)دا بەرپا کرد، ئەمەش یەکەم جار بوو کە کوردەکانی عێراق و سوپای ئێرانی پێکەوە هاریکارییان کردبێت لە چالاکییە سەربازییەکانیاندا لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراقدا. لە ئەنجامی چالاکییەکانی فەجری دووەمدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی برا بەرزانییەکان بە پاڵپشتی هێزە ئێرانییەکان دەستی بەسەر حاجی هۆمەراندا گرت. دەست بەسەرداگرتنەوەی حاجی هۆمەران و دەوروبەری گرنگییەکی ستراتیژی و سایکلۆژیی هەبوو. حاجی هۆمەران ئەو ناوچەیە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی قاسملۆ بارەگای سەرەکیی خۆی لێ دانا بوو، هەروەها ئەو جێگایە لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە وەکو رێگایەك بۆ ناردنی یارمەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە چەکداروەکانی خۆیان بەکار دەهێنرا. هەروەها حاجی هۆمەران چیایەك بوو کە قەڵای مەلا مستەفای بەرزانی بوو لە پێش ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی جەزائیردا. دەست بەسەرداگرتنەوەی حاجی هۆمەران دڵنیابوونەوەیەکی تەواو بوو بە لای کوڕەکانی بەرزانییەوە لە خەباتی دوورودرێژی دەیان ساڵەی بنەماڵەکەیان دژی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا[76].

بە درێژایی ئەو هاوینە هێزەکانی ئێران بەردەوام بوون لە مانۆڕکردن لە بەرامبەر هێزەکانی عێراقدا بە درێژایی ناوچە سنوورییەکانی کورد. لە 16ی ئەیلوولدا بەشێك لە سوپای ئێرانی کە یارمەتی دەدران لە لایەن پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. ئەو پێشمەرگانەی کە حکومەتی ئێران وەکو جەنگاوەرانی گروپێکی مسوڵمانی عێراقی وەسفی دەکردن. هاتنە ناو قووڵایی کوردستانی عێراقەوەو بڕێکی گەورە چەك و ئامێرو ئامرازیان گرت و دایان بە کوردەکانی نەیاری رژێمی عێراق. سێ رۆژ دوای ئەوە عێراق بۆ تۆڵەکردنەوە شارەکانی بانەو مەریوانی لە کوردستانی ئێران بۆمباران کرد.

ئێران لە رۆژی 19ی تشرینی یەکەمی 1983دا هێرشی فەجری چوارەمی

www.pertwk.com

دژی بنکەکانی عێراق لە هەموو بەرەی کورددا بەرپا کرد. ئامانجە راستەوخۆکانی فەجری چوارەم بۆ دوورخستنەوەی هێزەکانی عێراق بوو بۆ ئەوەی شارەکانی ئێران لەوانەش مەریوان‌و بانە لە مەودای چەکەکانی عێراق دەرباز ببن. هەروەها ئەم هێرشە بۆ دەسەڵاتکردن بوو بەسەر بەرزاییە ستراتیژییەکانی دۆڵی پێنجوێندا. دیسان بۆ ناچارکردنی پاشماوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو بۆ بەجێهێشتنی بنکەو بارەگاکانیان. گرووپی یارمەتیدەر لە فەجری چوارەمدا تەنیا پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نەبوون، بەڵکو لەگەڵ ئەواندا ئەندامانی شیعەی باشوورو گرووپە نەیارەکانی تری سەدامیش هەبوون. سەرکەوتنی فەجری چوارەم تەنیا مەسەلەیەك نەبوو کە پەیوەندیی بە رژێمی عێراقەوە هەبێت، بەڵکو بە هەمان شێوە پەیوەندیی بە جەلال تاڵەبانیشەوە هەبوو، کە یەکێتیی نیشتمانی خرابووە حاڵەتی مانۆڕو ئامادەباشییەوە لە لایەن پارتی دیموکراتی نەیارییانەوە.

به مەبەستی گۆڕینی چارەنووسیان، سەدام حسێن‌و تاڵەبانی لە تشرینی دووەمی ساڵی 1983دا دەستیان کرد بە مفاوزەکردن. لە سەرەتای کانونی یەکەمدا یەکێتیی نیشتمانی بە ئاشکرا لەگەڵ حکومەتی بەعسدا گەیشتنە لێك تێگەیشتن‌و ئاگربەست راگەیەندرا. کەڵکی راستەوخۆی ئەم ئاگربەستە ئەوە بوو کە عێراقییەکان توانییان جەخت بکەنە سەر لایەنی ئێران – پارتی لە باکووردا‌و، هەروەها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش توانیی پشت ببەستێت بە یارمەتیی عێراق لە خەباتیدا دژی نەیارەکانی[77]. وەکو بەشێك لە هەموو رێککەوتنەکە پەیوەست بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەوجۆرە تاڵەبانی داوای فراوانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردی کرد بە جۆرێك کە ناوچەکانی کەرکوك بگرێتە خۆی لەگەڵ تەرخانکردنی رێژەی لە 20٪ بۆ 30٪ لە داهاتی نەوتی کەرکوك بۆ پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان‌و راگرتنی سیاسەتی بەعەرەبکردن‌و ئاوارەکردنی کوردەکان‌و پێکهێنانی هێزی بەرگریی



چل هەزار کەسی کوردی‌و ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسی‌و سەربازییەکان لە هەردوولا[78]. بەغدا بە ئاشکرا رازی بوو بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی ئەم داواکارییانە، تەنانەت لە مەسەلە یاخییەکانی وەکو کەرکوکیشدا چارەسەرێکی شێوە رێککەوتن (سەوداگەری) بە رێکی پێك دەهات کە بە پێی ئەوە ئیدارەیەکی هاوبەشی عەرەب – کورد – تورکمان شاری کەرکوکی بەڕێوە دەبرد بە بیرە نەوتەکانیشەوە. لە کاتێکدا کە بەشەکانی تری پارێزگای کەرکوك دەبووە بەشێك لە هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردی[79] رێککەوتنی عێراق – یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هیچ شێوەیەکی ئاشکرا تۆمار نەکرا (رانەگەیەندرا) لەبەر ئەوەی چەندین کۆسپ لە بەردەم جێبەجێکردنیدا سەریان هەڵدا.

لە ئازاری ساڵی 1984دا رژێمی عێراق بیست‌و چوار کوردی دەستگیر کردو بە هەڵهاتن‌و بە بەجێهێشتنی خزمەتی سەربازی تاوانباری کردن، ئەگەر چی یەکێتیی نیشتمانی لەسەریان بەدەنگ هات، بەڵام لە ئەنجامدا لە سێدارە دران. لە هەمان کاتدا هێزەکانی حکومەت لەگەڵ خوێندکارانی کورد لە زانکۆی هەولێر دایان بە یەکدا کە تیایدا ژمارەیەکی دیاری نەکراو لە خوێندکاران لە لایەن سەربازەکانی عێراقەوە کوژران. لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانی تاڵەبانی‌و سەدام حسێن ئاڵۆز بوو کاتێك هێزەکانی سەر بە حکومەت براکەی تاڵەبانی‌و دوو کچەکەیان کوشت. هۆیەکی لەوەش گرنگتر کە لە هەرەسی رێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانی‌و حکومەتی عێراقیدا بەشداریی کرد ئەوە بوو کە تورکیا فشاری خستە سەر سەدام کە هیچ ئیمتیازێکی گرنگ نەدات بە کوردەکان. لە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی 1984دا وەفدێکی تورك کە ڤاهیت هیلیفۆگلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا سەرکردایەتیی دەکرد سەردانی عێراقی کرد. بە قسەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هیلیفۆگلۆ عێراقی ئاگادار کردەوە کە تورکیا هێڵی زیندووی نەوتی کەرکوك دادەخات‌و لە ئەنجامی ئەوەشدا عێراق لە رووی ئابوورییەوە

www.pertwk.com

ئیفلیج دەبێت ئەگەر بێت و بەغدا ئیمتیازی گەورە بدات بە کوردەکان... تورکیا بە ئاشکرا نیگەران بوو دەربارەی ئەو کاریگەرییە زۆرانەی کە ئەو ئیمتیازانە دەیبوو لەسەر دانیشتوانی کوردی کۆنترۆڵنەکراوی خۆی[80]. لە 18ی تشرینی یەکەمدا تاڵەبانی کۆتایی بە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق هێنا و مانگی هەنگوینی سیاسیی نێوان هەردوولا گەیشتە کۆتاییەکی چاوەڕوان نەکراو. لە هەمان مانگدا ڕێککەوتنێکی تر لە بارەی مەسەلەی ئاسایشەوە لە نێوان تورکیا و عێراقدا ئیمزا کرا کە ئەو ڕێککەوتنە بواری دەدا بە هەرلایەنە لەسەر بڕیارەکانی ڕێککەوتنی پێشتر بۆ مەسەلەی دواکەوتنی (نەیارەکانی) ڕێ و شوێنی گونجاو لەبەربگرن. بەو پێیە هەردوو وڵات دەیانتوانی بچنە ناو سنوورەکانی یەکترەوە بە مەبەستی گەڕان بە دوای پێشمەرگە کوردەکاندا و مانەوە لە ناو سنوورەکانی یەکتردا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بۆ تەواوکردنی شاڵاوەکەیان[81].

لە نێوان کۆتایی ساڵی 1984 و سەرەتای ساڵی 1986دا شەڕی عێراق – ئێران تا ڕادەیەك پێی نایە قۆناغێکی هێمنەوە کە تیایدا هەردوولا تەنیا ژمارەیەکی سنووردار هێرشی زەمینییان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیریکردنی ئێران بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەم قۆناغەدا یارمەتیی پارتیی دا بۆ ئەوەی ژمارەی هێرشەکانی دژی بنکەکانی عێراق و دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیاد بکات. لە 8ی ئەیلوولی 1985دا ئێران و هاوپەیمانە کوردەکانی هێرشێکیان کردە سەر هێزەکانی عێراق و 240 کیلۆمەتری چوارگۆشەیان لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ناوچە نوێیە کەوتبووە ڕۆژئاوای شاری پیرانشەهری ئێرانییەوە، بەڵام بەهایەکی ستراتیژیی کەمی هەبوو بۆ سەرپەرشتیکردنی شەڕ، هەروەك بە ئاشکراش ئەو ناوچەیە ئەوەی نیشان دەدا کە ئێران: ئێستا شەڕەکەی خستبووە ژێر دەسەڵاتی کوردەکانەوە و توانیی هاوپەیمانەکانی بەکار بهێنێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی



سنووردار لە ناوچەکانی عێراقدا[82].

لەبەر ئەوەی وەرەقەی کوردی دژی ڕژێمی سەدام حسێن بە شێوەیەکی بەرزتر کۆبووەوە، تورکیا هێرشەکانی بەزاندنی سنووری خۆی بۆ ناو عێراق زیاد کرد. دیسان تورکیا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئێران دەپچڕێنێت ئەگەر تاران بەردەوام بێت لە پشتگیریکردنی گروپە کوردەکانی نەیاری عێراق. دوای نزیکبوونەوە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی و ئێراندا ترسی تورکیا لە هەڵوەشاندنەوەی عێراق گەیشتە قۆناغێکی نوێ. بڵاوکراوەی باڵی ڕاستی تورك تەنانەت لە بارەی ئیدیعای ئامانجی ئێرانەوە بۆ گرتنی کەرکوك و بیرە نەوتەکانی تێدا ڕامابوو[83]. هەندێ لە تورکەکان دیسان وایان دەنرخاند کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هانی تورکیا دەدات بۆ گرتنی کەرکوك پێش ئەوەی کە عێراق هەڵبوەشێتەوە، ئەوەش وەکو ڕێگایەك بۆ نکوڵیکردن لە سەرکەوتنی ڕەت نەکراوەی ئێران لە شەڕەکەیدا لەگەڵ عێراقدا[84]. بیرکردنەوە و تێڕامان لە لایەکی ترەوە ئەوە بوو کە حکومەتی تورکیا هەوڵێکی دوو لایەنەی دا بۆ وریاکردنەوەی ئێران لەوەیدا کە یارمەتیدانی گروپە کوردییەکان ئەنجامی پێچەوانە یان کاردانەوەی دەبوو.

ڤاهیت هیلیفۆگلۆ جەختی کردە سەر گرنگیی مەسەلەکانی کورد کاتێك سەردانی کاربەدەستانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی کرد لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1986دا. ڤاهیت بە وەفدەکەی ئێرانی گوت کە تورکیا حەز دەکات لە شەڕی عێراق – ئێراندا بە بێ لایەن بمێنێتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەوەیشی ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی ویستوویەتی بۆریی نەوتی کەرکوك – ئەسکەندەرونە بە پارێزراو بمێنێتەوە چی لە هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران یان لە هێرشی ئەو کوردانەی کە ئێران پشتگیرییان دەکات. هەرچەندە جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ گرنگێتیی ئەو بۆرییە نەوتییە بۆ ئابووریی تورکیا نیشان دا، سەرەڕای ئەوەش ئاشکرای

www.pertwk.com

کردو گوتی: ئێمە لەگەڵ عێراقدا لە شەڕداین‌و ناتوانین زەمانەت بە هیچ وڵاتێك بدەین[85]. هەرچەندە ئێران هێرشی نەکردە سەر ئەو بۆرییە نەوتە لە کاتی شەڕی ئێران – عێراقدا، بەڵام مەسەلەکە وەکو خاڵێکی ناکۆکی لە نێوان ئەنقەرەو تاراندا مایەوە.

لە کۆتایی ساڵی 1986دا هێزی ئاسمانیی تورکی ژمارەیەك گوندی کوردیی لە باکووری عێراق لە سنووری وێرانکردنی کەمپەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بۆمباران کرد. حکومەتی ئێران ناڕەزاییەکی توندی بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەربڕی لەسەر بۆمبارانکردنی کوردەکانی عێراق کە ئەوەش بە تایبەتی لە کاتێکی نالەباردا بوو بە پێی تێگەیشتنی ئێران، چونکە کۆماری ئیسلامی لە حاڵەتی خۆئامادەکردندا بوو بۆ هێرشێکی تر لە حاجی هۆمەرانەوە دژی هێزەکانی عێراقی دوژمن، ئەو هێرشەش بە پاڵپشتی کوردەکانی عێراق بوو[86]. لە وەڵام دانەوەدا بۆ بەرزبوونەوەی حاڵەتی پەشێویی لە نێوان ئێران‌و تورکیادا لەسەر مەسەلەی کوردو بۆ کەمکردنەوەی ترسی تموحی هەرێمایەتیی ئێران لە عێراقدا، کۆماری ئیسلامی لە کانونی یەکەمی 1986دا کۆبوونەوەیەکی لە تاران رێکخست لە ژێر ناوی (کۆنگرەی هاریکاریی خەڵکی عێراق). ئەم کۆنگرەیە نوێنەرانی لایەنە نەیارەکانی سەدام حسێنی کۆ کردەوە بە کوردەکانیشەوە. لە کاتێکدا سەرۆك خامەنەئی تەئکیدی لە ئیلتیزامی ئێران کردەوە بۆ یەکێتیی هەرێمایەتیی عێراق‌و ئەوەی دەربڕی کە ئێران هیچ دوودڵ نییە بۆ لە رووداوەستانی دەستتێوەردانی هەر وڵاتێکی تر لە کاروباری عێراقدا. لە هەمان بۆچووندا حسێن موسەوی سەرۆك وەزیرانی ئێران وڵاتانی تری وریا کردەوە کە کەڵك لە لاوازیی عێراق وەرنەگرن بۆ زیندووکرنەوەی داواکارییە ئیقلیمییە دێرینەکانیان دژی ئەو وڵاتە[87]. ئەگەرچی ناوی تورکیا لەو وریاکردنەوەیانەدا نەهاتبوو، ئەوە ئاشکرا بوو کە دەسەڵاتدارانی ئێران ئاماژەیان بۆ کاربەدەستانی تورکیاو داواکارییە درێژەکێشاوەکانیان بۆ



موسڵ‌و کەرکوك دەکرد.

لە سەرەتای ساڵی 1987دا ئێران هێرشێکی دوو بەشیی کردە سەر عێراق، لە 9ی کانونی دووەمدا ئێران هێرشێکی گەورەی بۆ سەر بەسرە لە بەشی باشووری عێراقدا بەرپا کرد لە چالاکییەکدا بە ناوی کەربەلای پێنجەوە، چەند رۆژێك دوای ئەوە هێزەکانی ئێران لە باکووردا هێرشی کەربەلای شەشیان بەرپا کرد، ئەم دوو هێرشە نەخشەیەك بوون بۆ ناچارکردنی عێراق بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی لە یەك کاتداو لە دوو بەرەوە. کەربەلای شەش هەرچەندە وا دیاربوو کە وەکو تاکتیکێکی دژ ئەنجام درابێت‌و لەگەڵ کەربەلای پێنجدا کە هێرشی سەرەکی سەربازیی ئێران بوو. لە کەربەلای شەشدا هێزە ئێرانییەکان هەوڵیان نەدا بۆ ئەوەی لە هێڵی بەرگریی عێراقییەکان تێپەڕ بکەن[88]، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو گوندانەیان داگیر کرد کە بەسەر بنکەو شوێنی عێراقییەکاندا دەیانڕوانی‌و هەروەها هێزە ئێرانییەکان یارمەتیی کوردە هاوپەیمانەکانیان دەدا کە ئەو ناوچانە داگیر بکەن پێش ئەوەی خۆیان بکشێنەوە.

لە 12ی شوباتی 1987دا ئێران هێرشێکی دوو رۆژیی لە نزیك حاجی هۆمەرانەوە دەست پێکردو ئیدیعای ئەوەی کرد کە مەبەستی رۆیشتنە بەرەو هەولێر. سروشتی ئەم هێرشەو ماوەی کورتخایەنی نیشانی دا کە ئەو هێرشە جووڵەیەکی دژایەتیکردنە لە لایەن ئێرانەوە. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە ئێران هێرشێکی گەورەی تری بە ناوی کەربەلای حەوتەوە لە باکوورەوە کرد، ئەم هێرشە کە لە 4ی ئازاری 1987دا بەرپا کراو لە نزیك بەرزاییەکانی گردەمەندەوە کە کەوتوونەتە نزیك حاجی هۆمەران‌و رۆژهەڵاتی شاری رەواندزی کوردستانی عێراقەوە روویدا. شاڵاوەکانی کەربەلای حەوت یەکە سوپاییەکانی ئێران‌و پاسدارو هەروەها هێزێکی یەکگرتووی کوردیشی تێدا بوو کە ئەویش ئەمجارە پێکهاتبوو لە پێشمەرگەکانی پارتی‌و یەکێتی. لە ماوەی بیست‌و چوار کاتژمێردا لە دەست پێکردنی کەربەلای حەوتەوە یەکە

www.pertwk.com

یەکگرتووەکانی هێزەکانی ئێران و کوردەکانی عێراق بەرزاییەکانی گردەمەندیان گرت و دەستیان گرت بەسەر چەند جێگایەکی تریشدا لە سەرووی شارۆچکەی شۆما Shoma مستەفادا[89]. سەرباری ئەم دەستکەوتانە هێزەکانی عێراق مەترسیی ئەوەیان لەسەر نەبوو کە دەسەڵاتی شارە گەورەکانی باکووریان لەدەست بچێت لەوانەش شاری کەرکوك و بۆرییە نەوتەکانی و هەروەها ڕێگا سەرەکییەکانی کە بە شێوەیەکی جەسوورانە لە بەرامبەر هێرشەکانی کورد و ئێرانییەکاندا پارێزگارییان لێکرا. سەرباری ئەوەش تووندوتیژی و پەیوەستبوونی لە ڕادەبەدەری حکومەتی عێراق بە هاریکاریی دوورودرێژی تورکیا – عێراقەوە چالاکییەکانی کوردی لە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی عێراقدا ڕووبەڕووی بێ ئومێدی کردبووەوە[90]. سەربای ئەوە کاربەدەستانی ئێرانی لە مانگی مایسدا سووربوون لەسەر ئەوەی کە کوردە نەیارەکانیان لە ڕاستیدا چالاکیی وێرانکاری سەرکەوتووانەیان دژی ئامانجە سەربازی و ئابوورییەکان لە ناو قووڵایی کوردستانی عێراقدا ئەنجام داوە، هەروەها ئەو هێزە هاوبەشانەی ئێران و کورد دژی هێزەکانی عێراق سەرکەوتووبوون لە لاوازکردنی هێزەکانی سەدام حسێن لە کوردستاندا[91].

هاریکاریی سەرکەوتووی ئاشکرای نێوان ئێران و کورد وای لە سەدام حسێن کرد کە فەرمانی وێرانکردنی سەدان لە گوندەکانی کورد بدات. وێرانکردنی ئەم گوندانە بە درێژایی ساڵی 1988 بەردەوام بوو هەتا ساڵی 1989، تەنانەت دوای وەستانی شەڕی ئێران – عێراقیش هەر بەردەوام بوو. کوردەکانی عێراق وایان دەرخستووە کە زۆربەی ئەو وێرانکارییانە لە ڕێگای بەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆری کیمیاوی و بەکارهێنانی بلدۆزەرەوە ئەنجام دراون[92]. لە سەرەتای ساڵی 1987دا عێراقییەکان زیاتر لە سی و پێنج هەزار تاوانی کوشتاریان کردبوو بۆ دامرکاندنەوەی بارودۆخی هەڵچووی کوردستان، ئەو کردەوەیەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕیزەکانی پێشمەرگە زیاتر بێت و ژمارەیان بگاتە نزیکەی دە هەزار پێشمەرگە[93]. ئەمەش



ئاماژەیەك بوو بۆ ئەو جددیەتەی کە بەهۆیەوە عێراق دەیڕوانییە هەڕەشەی کورد لە باکووردا. لە ئەنجامی ئەوەدا کە شەڕ لە بەرەی باکووردا بەردەوام بوو، هێزەکانی عێراق کەوتنە پەلەکردن لە چۆڵکردنی گوندەکانی کورددا و بۆمبارانی گوندەکانیان زیاتر کرد. ئەم سیاسەتانە زیانی ئاشکرایان لە ئامانجەکانی عێراق بۆ هێمنکردنەوەی کوردستان دا. ئەم سیاسەتە بە لای کەمەوە لە کوشتنی هەر کەسێك یان زیندانیکردنیدا دوو پێشمەرگەی دروستکردووە. بۆ یەکەمجار پارتی دیموکراتی کوردستان و گروپە هاوشێوەکانی تر دەستیان کرد بە هەڕەشەکردن لە دەست بەسەرداگرتنی لادێکان و ئەویش بە مەبەستی ڕێگادان بە هاتنە پێشەوەی ئێران بە شێوەیەکی لەسەرخۆ لە ئامانجە ستراتیژییەکانی باکوور[94].

لە ئازاری ساڵی 1988دا هێرشێکی نوێی ئێران و کورد لە بەرەی باکوورەوە دەستی پێکرد، لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە توندی مەیلداریی خۆی بە لای عێراقدا نیشان داوە بە گێڕانەوەی تەنکەرە نەوتییەکانی کوەیت و لەڕووداوەستانی کۆماری ئیسلامی لە کەنداودا. سەرباری ئەوەش ڕۆژئاوا و هاوپەیمانە عەرەبەکان لە کەنداودا گەیشتبوون بەو ئەنجامەی کە سەرکەوتنی ئێران بە هەموو نرخێك دەبووا بگۆڕدرایە، هەروەها یارمەتیی دارایی و سیاسی و سەربازیی خۆیان بۆ ڕژێمەکەی سەدام حسێن زیاد کرد. بە وەرگرتنی پشتگیریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەدام حسێن خۆی ئامادە کرد تا ئەو شەڕە بکات بە شەڕێکی جیهانی، بەمجۆرە بە دواداچوونی ئەم ململانێیەی بۆ ئێران و هاوپەیمانە کوردەکانی کرد بە کارێکی هێجگار گران. سەرباری ئەوەی کە یارمەتیدانی سەدام حسێن لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لە بەرەی باشووردا گەیشتە ئەوەی ئەنجامی باش بەدەست بهێنێت و توانای دا بە عێراق بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو شکستەکانی مەیدانی جەنگ لە هۆڕەکانی باشوورد و هەرێمەکانی دەوروبەریدا پێچەوانە بکەنەوە، بەڵام هێزەکانی

www.pertwk.com

سەدام حسێن بە پێچەوانەی باشوورەوە نەیانتوانی هیچ سەکەوتنێکی لە بەرچاو لە بەرەی باکووردا تۆمار بکەن.

لە هەرێمی کوردیدا هەڵە تاکتیکییەکان هۆکار بوون لە بوار نەدان بە هێزەکانی سەدام حسێن بۆ بەکاربردنی سوودی خۆیان لە هێزی مرۆیی و چەکەمەنی دژی هێزەکانی ئێران و کورد، هەروەك ئەنتۆنی کۆردیسمان و ئەبراهام فاگنەر تێبینییان کردووە:

یەکەکانی عێراق لە زۆر لە بەرزایی و زنجیرەکانی ئەو ناوچەیە کشانەوە بەڵام دوای ئەوە لە ناوچەکانی بەرەو پێشەوە بڵاو بوونەوە بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە شارۆچکە سنوورییەکان. وازهێنان لە ناوچەی چیا سەختەکان بواری بۆ هێزەکانی عێراق کردەوە کە بە ئاسانی ئابڵوقە نەدرێن.. هەروەك هەندێ شارۆچکە نەدەتوانرا پارێزگارییان لێ بکرێت ئەگەر بهاتبایەو بەرزایی لە دەوروبەریاندا نەبوایە. گرفتی زیاتری هێزەکان عێراق خەریکبوون بوو بە هاتنە ناوەوەو پەڕینەوەی کوردەکان بۆ پشتی هێڵەکانی بەیەك گەیشتنەوەو بە پێی هەندێ راپۆرت تەنانەت ئێران خۆی ئامادە دەکرد بۆ بەکارهێنانی بەلەمە خێراکانی بۆ جووڵاندنی سەربازەکانی بە بەشێکی بەنداوەکەدا[95].

لە ئەنجامی هەڵە تاکتیکییەکاندا لە باکوور زیاتر لە چوار هەزار سەرباز لە یەکەی چل و سێی عێراق کوژران. هەروەها عێراق لەم شەڕەدا بڕی گەورەی لە چەکی سووك و زەخیرەو پارچەی تۆپ و ئۆتۆمۆبیلی سەربازی و دەبابەی لەدەست چوو. ئێران نەیتوانی سەرکەوتنەکانی لە باکووری کوردیدا بگوازێتەوە بۆ باشوورو لەوێش سەرکەوتن بەدەست بهێنێت کە باشوور مەیدانی سەرەکیی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو. لەبەر ئەوەی ئێران باشترین هێزەکانی لە باکووردا بەکار دەهێنا، نەیتوانی هێزی تەواو بۆ پارێزگاریکردن لە بەرەی باشووریداو بۆ وەستانی بە دژی هێرشی توندی هێزەکانی عێراق دابین بکات.



لە حوزەیرانی ساڵی 1988دا ئێران لە باشووردا بە خێرایی تێکشکێنراو هێزە ئێرانییەکان دەستبەرداری ئەو ناوچانەی عێراق دەبوون کە پێشتر داگیریان کردبوون. راپۆرتەکان لە هۆیەکانی راگەیاندنی ئێرانیدا ئەم شکستانەیان وەکو کشانەوەی تاکتیکی لە مەیدانی شەڕ وێنە کرد، بەڵام ئەوە ئاشکرابوو لە لایەن زۆربەی خەڵکی لە ناویشیاندا سەرۆکایەتیی وڵات کە ئێران نەیتوانی سەرکەوتن بەسەر هێزە سەربازییە باڵادەستەکانی عێراق و هاوپەیمانە ئەمەریکی و عەرەبەکانیاندا دەستەبەر بکات[96]. بە مەبەستی خراپترکردنی مەسەلەکان بۆ تاران عێراقییەکان پەنایان بردبوو بۆ بەکارهێنانی بەرفراوانی چەکی کیمیاوی دژی ئامانجە ئێرانییەکان. هەر لەم میانەدابوو کە ئێران بە رەسمی رازیبوونی خۆی بۆ بڕیاری 598ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 18ی تەمووزی 1988دا راگەیاند کە ئەوەش بوو بە هۆی وەستانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو لایەنە بەشەڕهاتووەدا.

ماوەیەکی کورت دوای راگەیاندنی رازیبوونی ئێران بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، بەغدا هێرشێکی گەورەی لە کوردستانی عێراقدا بەرپا کرد، لە سەرەتادا پانزە هەزار سەرباز بۆ ئەو چالاکییە بڵاو کرانەوە، ئەو ژمارەیە لە ناوەڕاستی ئابی 1988دا گەیشتە شەست هەزار کەس[97]. چەند رۆژێکی کەم دوای ئاگربەست لە 20ی ئابدا، سەدام حسێن فەرمانی دەرکرد بە بەڕێکردنی شاڵاوێکی پاککردنەوەی ئەو گوندە کوردییانەی کە لە ماوەی شەڕدا دژی حکومەتەکەی ئەو بوون. سوپای عێراق هەموو ئەو رێگا سەرەکییانەی گرت کە گوندە کوردەکانیان بە یەکترەوەو بە دەرەوەیشەوە دەبەست. لە 25ی ئابدا هێزی ئاسمانیی عێراقی هێرشی ئاسمانیی کردو چەکی تەقلیدی و چەکی کیمیاویی دژی گوندە کوردەکان بەکار هێنا[98]. دڕندەیەتیی ئەم هێرشانە ئەوە بوو کە لە نێوان 25ی ئاب و 1ی ئەیلوولدا زیاتر لە پەنجا هەزار کوردیان ناچار کرد گوندەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و وەك پەناهەندە رابکەن بۆ

**تورکیا**[99].

**گروپێکی پسپۆرانی چاودێری پزیشکی لە لایەن پزیشکانی ماساچێستەوە Massachusetts (مافەکانی مرۆڤەوە) نێردران بۆ کوردستانی تورکیا بۆ پشکنینی حاڵی ئاوەرە کوردەکانی عێراق‌و بۆ لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی کیمیاوی‌و گازی ژەهراوی دژی کوردەکان. ئەم دەرەنجامە گشتییانەی خوارەوە لە راپۆرتی ئەو گروپەدا لە شوباتی 1989دا بڵاو کراوەتەوە:**

1) **هێزی ئاسمانیی عێراقی هێرشی کردۆتە سەر کوردەکانی باکووری عێراق بەو بۆمبایانەی کە گازی ژەهراویی (لیساڵ)یان تێدایە ئەویش لە 25ی ئابی 1988دا. ئەم بە ئەنجامگەیشتنە پشت دەبەستێت بە وەڵامدانەوەی سیستاماتیکانەی بەڕێوەبردنی راوەرگرتن‌و تۆمارکردنی حساباتی ئەوانەی کە بە چاوی خۆیان بینیوویانە. دۆزینەوەکان لە پشکنینی پزیشکیی ئەوانەی لە ئۆردوگای ئاوارەکاندا نیشتەجێ بوون لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا لە کاتی شاڵاوەکەدا بەدەست هاتووە.**

2) **بۆمبای گازی ژەهراوی مرۆڤ‌و ئاژەڵی بە شێوەیەکی گشتی کوشت‌و بووە بە هۆی ئازاری سەخت لە ناو رزگاربووەکاندا، ئاوارەکان بە شێوەیەکی رێکوپێك راپۆرتیان داوە کە ئەو هێرشانە لە لایەن فڕۆکەی نەفاسەی (jet) نزم فڕیوەوە لە بەیانیی زووی 25ی ئابی 1988دا ئەنجام دران. بۆمبارانکردن لە دوایەوە دیمەنی هەوری زەردباوی لە شوێنی تەقینەوەی بۆمباکاندا بەجێهێشتووە. راپۆرتی هیچ رزگاربوویەك لە دووریی پەنجا مەتر نەبووە لە تەقینەوەی بۆمبایەکەوە.**

3) **رزگاربووەکان چیرۆکێکی رێکوپێك دەربارەی هێرشەکانی 25ی ئابیان گێڕایەوە. تەنانەت کاتێك لە ئۆردوگا جیاوازەکاندا نیشتەجێ بوون بواری تێکەڵاوبوونیشیان نەبوو. شیکردنەوەی سەرژمێریی وەڵامەکان بۆ دەرخستنی راوەرگرتنەکان کە ئاوارەکان لە هەمان گوند ئەنجامیان داوە**



**وەڵامی رێك‌و تەواوی پێشکەش کرد سەبارەت بە کاتی هێرشەکە‌و بارودۆخی کەش‌و هەواو ژمارەی هێرشکردنی فڕۆکە‌و ژمارەی قوربانیان لە دێکەدا.**

4) **رزگاربووەکان نیشانیان دا کە ئەوەی لە رووی پزیشکییەوە دۆزراوەتەوە لەگەڵ دەرکەوتنی گازی ژەهراویدا یەك دەگرنەوە. ئێمە پیاوێکمان پشکنی کە لە نیوەی تەمەنیدا بوو کە قوربانیی هێرشەکانی گازی ژەهراوی بوو. ئەو پیاوە ئازارێکی لەرادەبەدەری هەبوو لە پشت‌و کەمەریدا، کە ئەوەش یەکی دەگرتەوە لەگەڵ حاڵەتی سووتاندن بە گازی کیمیاوی‌و، بڵقکردنەکانی بەڵگەی بەکارهێنانی گازێکی ژەهراوی وەکو گازی خەردەل بوو... هەروەها دوو منداڵیش قوربانیی هەمان رووداو بوون، بەڵام جۆری برینداریەیەکەیان جیاواز بوو، زیاتر لە دوانزە ئاوارەی تر شوێنی ئەو برینانەیان نیشان داین کە ئێستا چاك بووبوونەوە‌و ئاسەواریان لەسەر پێستیان دیار بوو. ئاسەواری سەر رووخسارو دەست‌و مل‌و بەشە دیارەکانی تری پێستیان لەگەڵ مێژووی بەکارهێنانی کیمیاوی‌و بڵقی جێکەوتی کیمیاویدا دەگونجێت.**

5) **شایەتی ئەوانەی بە چاو بینیوویانە‌و نموونەی نیشانە تۆمارکراوەکان‌و بەڵگەی پزیشکیی دەستکەوتوو لە خەڵکی ترەوە ئاماژە بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهراوی‌و (لیساڵ) دەکەن، بەڵام ئەو بەڵگانە پێ لەسەر بەکارهێنانی خەردەلی سولفەر داناگرن. شێوەی برینداری‌و درێژەی کاتی نیشانەکان لەگەڵ چاودێریکردنەکانی قوربانییانی ئێرانی دەستی چەکە کیمیاوییەکانی عێراقدا دەگونجێن کە ئەو چاودێرییانە لە ساڵی 1984 – 1988 لە لایەن تیمە بەدواچووەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام دراون. بە شایەتیی ئەوانەی بە چاو بینیوویانە حاڵەتی دەستپێکردنی مردن لە ماوەی چەند خولەکی بەکارهێنانی گازەکەدا رووی داوە، سەرباری ئەوەش ناتوانرێت ئەوە تەنیا بە گازی خەردەل لێك بدرێتەوە. بڕی شایەتیدان بە تەواوی ئەوە دەسەلمێنێت کە جگە لە گازی سولفەری خەردەل بە لای کەمەوە**

www.pertwk.com

گازێکی تریش بەکار هێنراوە[100].

ئەم دەرەنجامانە پشتگیری کراون لە لایەن سەرچاوە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤو ئەو رۆژنامەنووسە رۆژئاواییانەوە کە سەردانی ناوچەکانی کوردستانیان کردووەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ قوربانیانی هێرشەکانی عێراقدا کردووە[101].

هێرشەکانی گازی ژەهراوی لە ئابی 1988دا یەکەم جار نەبوو کە حکومەتی بەعس چەکی کیمیاوی دژی نەیارەکانی بەکار بهێنێت. لە ماوەی شەڕی عێراق – ئێراندا، بەغدا بە شێوەی جار لە دوای جار ئەم جۆرە چەکانەی دژی ئامانجە ئێرانییەکان بەکار هێناو پاشان رێگای دا بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی ئێرانییەکان. رێکخراوی چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مافی مرۆڤ ئاماژەی بە پسپۆڕێك کردووە کە پێشنیاری ئەوەی کرد عێراق تەنانەت پەنای بۆ ئاستی نزمی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژی کوردەکان بردووە لە لوتکەی راپەڕینی مەلا مستەفادا لە سالأنی 1974 – 1975دا[102]. هەرچەندە گەورەترین هێرشی کیمیاوی عێراق دژی کوردە مەدەنییەکان کە بوو بە هۆی سەرنج راکێشانی فراوانی دنیا لە مارتی 1988دا ئەنجام درا. لە 16و 17ی مارتدا هێزەکانی عێراق (پێکهاتەی تێکەڵاوی) گازی خەردەلو ماددەی تری کیمیاوی قەدەغەرکراو بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکانیان بەکار هێناو بەو چەکانە هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی هەڵەبجەی کوردو پێنج هەزار لە دانیشتوانی ئەو شارەیان کوشت[103]. بێ جیاوازی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن رژێمی بەعسەوە تەنیا بریتی نەبوو لە پێلێنانێکی ئاشکرای پرۆتۆکۆڵی ساڵی 1925ی جنێف کە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە شەڕدا قەدەغە دەکات، بەڵکو هەروەها ئەوە تاوانی جەنگیش بوو دژی کوردە مەدەنییە بێ دیفاعەکان. گرنگیی ئەم کارە بە شێوەیەکی سەرەتایی لە میانەی نکوڵیکردنی عێراقەوە لە قەسابخانەی کوردی کەم کرایەوە[104].



لە ماوەی شەڕی ئێران – عێراقدا شاری هەڵەبجە ناوەندێکی بزوتنەوە کوردییە نەیارەکانی سەدام حسێن بوو، هەروەها شانۆی هەندێ سەرکەوتنی ئێرانو کوردەکان بوو بەسەر هێزەکانی سەدام حسێندا. بەمجۆرە خەڵکی هەڵەبجە بە ئاشکرا دەستنیشان کران بۆ ئەوەی بکرێن بە نموونە بۆ ئەوانەی کە لەگەڵ ئێراندا دەچنە یەك بەرەوەو بزانرێت چییان بەسەر دەهێنرێت. لە جیاتی ئەوەی عێراق زیاتر بە چەکی تەقلیدی رووبەڕووی ئێران بێتەوە، بە ئاشکرا بڕیاری بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دا وەکو چەکێکی ترسێنەر بۆ ناچارکردنی کوردەکان بۆ وازهێنان لە هەڕەشەکردن لە هێزەکانی بەعس لە باکووردا. راستەوخۆ هەواڵی قوربانییە بەکۆمەڵەکان لە خەڵکی مەدەنیی هەڵەبجە گەیشتە دنیای دەرەوە. هەندێ راپۆرت دەریان خست کە دانیشتوانی مەدەنی خرابوونە ناوەندی شەڕێکی گەوەروەو کران بە قوربانی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە لایەن عێراقو ئێرانەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناو ولأتانی تردا خۆی بەدوور گرت لەوەی کە رەخنە لە عێراق بگرێت. بەشێکی ئەو هەڵوێستەش بەهۆی ئەو تەمومژەوە بوو کە دەوری کارەساتەکانی هەڵەبجەی دابوو. هەرچەندە شایەتیدانی رزگاربووەکان لە هێرشەکە ئاشکرای کرد کە جەنگی هەڵەبجە پێشتر لە لایەن ئێرانو هاوپەیمانە کوردەکانییەوە برابووەوەو شارەکە لە ژێر دەسەلأتی لایەنە دژ بە عێراقەکاندا بوو کاتێك بە چەکی کیمیاوی لێی درا.

سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵی دەولی بە سەرسوڕماوی بێدەنگ مایەوە لە بەرامبەر قەسابخانەی هەڵەبجەدا، ئێران بە شێوەیەکی توند ناڕەزایی بەرامبەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕیو داوای کرد کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان تیمێکی لێکۆڵینەوە بنێرێت بۆ ئەو ناوچەیە. تیمی لێکۆڵەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتی دکتۆر مانیوڵ دۆمینگۆز سەردانی ئێرانو عێراقی کردو ئەوانەی پشکنی کە لە هێرشی گازی کیمیاوی رزگاریان بووبوو. لە ئێران ئەو بریندارانەی کە دکتۆر دۆمینگۆز

www.pertwk.com

پشکنینی.. زۆربەی هەرە زۆریان ئەو مەدەنییانە بوون کە ناویان لە ریزی بەرکەوتوانی گازی ژەهراویدا لە هەڵەبجەو لە رۆژانی 16و 17ی مارتدا تۆمار کرابوو. لە کاتێکدا عێراقییەکان نە قوربانیو نە بەڵگەیان بەدەستەوە نەبوو بۆ پاڵپشتکردنی قسەکانیان کە گوایە هێرشی گازی ژەهراوی بۆ سەر هەڵەبجە لە ناوەڕاستی مارتدا لە لایەن ئێرانەوە ئەنجام دراوە[105].

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە دژی دانیشتوانە کوردییەکەی بوو بە هۆی شەپۆلی ئاوارەبوونی کوردەکان. لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1988دا شەست هەزار کورد رایان کرد بۆ تورکیا. لەوانەش حەڤدە هەزاریان بە ویستی خۆیان داوایان کردبوو کە بیانگوازنەوە بۆ ئێران چونکە لە ئێران دەیانتوانی پەیوەندی بکەن بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە بە سەرۆکایەتیی مەسعود بەرزانی[106]. هەندێ لە سەرکردە کوردەکانیش چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرژەوەندیی کورد سۆزی بجووڵێت. سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تاڵەبانی لە حوزەیرانی 1988دا گەیشتە واشنتۆنو لەگەڵ کاربەدەستە مامناوەندەکانی وەزارەتی دەرەوەدا گفتوگۆی کرد. وەك ناڕەزاییەك لە بەرامبەر ئەوەدا، عێراق نەخشەی کۆبوونەوەی نێوان جۆرج شۆڵتزی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانو هاوتا عێراقییەکەی کە تاریق عەزیز بوو هەڵوەشاندەوە. عێراق وای روانییە هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەی نێوان شۆڵتزو عەزیز کە تەنیا بریتی بێت لە پاشەکشێیەك لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ویلایەتە یەکگرتووەکان چونکە لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی دەدا پشتگیریی هاوپەیمانێتیی خۆی لەگەڵ بەغدادا بکاتو لە گرنگیی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن سەدام حسێنەوە دژی راپەڕینی کوردەکان کەم بکاتەوە[107]. پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان رووبەڕووی ئازاری شکستێکی تریش بووەوە، لە تشرینی دووەمی ساڵی 1988دا کە حکومەتی عێراقی فەرمانی کرد بە



(هایود رانکین)ی بەرپرسی بەشی سیاسی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغدا بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێت، دەسەڵاتدارانی بەعس تووڕە بوون لەوەی کە رانکین سەفەرێکی نامەسئولانەی کردبوو بۆ هەرێمی کوردستان لە باکووردا[108]. حکومەتی عێراقی لە مەترسیدا مایەوە لە بارەی هەر پەیوەندییەکی دەرەوە لەگەڵ کوردەکاندا.

لە هاوینی 1988دا، یاسا دانەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاماژەی ناڕەحەتبوونیان بەرامبەر بە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانو عێراق نیشان دا، لە کاتێکدا کە بەڵگەی ئاشکرابوو لەسەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژی کوردەکان رژێمی بەعسی دەخستە هەڵوێستی بەرگری کردنەوە. لە ئەیلوولدا کاتێك کە ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنگیان دا بۆ دانانی ئابڵوقەی ئابووری لەسەر عێراق وەکو تۆڵە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، دەسەڵاتدارانی بەعس بە شێوەیەکی بەهێز ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان چونکە ئەو هەڵوێستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان وا دەبینی کە دەستتێوەردانێکی بێ بیانووو بێ بەڵگەیە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا کە درۆو دەلەسەی بێ بنەماو شایەتیدانی نەسەلمێنراو هێزی جووڵێنەرێتی. کوەیت هاوپەیمانێکی نزیکی سەدام بوو لەو کاتەداو بەرگریی لە عێراق دەکردو راگەیاندنە بیانییەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە (درۆ هەڵدەبەستن) لە بارەی هێرشکردن بە گازی ژەهراوی دژی کوردەکان بە مەبەستی تێکدانی پەیوەندیی گەشەسەندووی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو دەوڵەتی خاوەن دەسەڵاتی عەرەبی لە کەنداودا[109]. بە پێی سەرچاوە عێراقییەکان دەیان هەزار عێراقی چوونە بەردەم باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداو نکوڵی دەنگدانەکەی ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان کرد لەو بارەیەوە. سەدام حسێن راگەیاندنێکی بڵاو کردەوە ئەوەی لەخۆگرتبوو کە مەبەستی راستەقینەی دەنگدانی دژ بە عێراق بۆ گۆڕینی تێڕوانینی دنیایە لە

www.pertwk.com

ڕاپەڕینی فەلەستینییەکان لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئیسرائیلدا[110].

لــە تشــرینی یەکــەمی ســاڵی 1988دا ئەنجومــەنی پیرانــی ویلایەتــە یەکگرتووەکان ڕێگایەکی توونديان لەبەرگرت کاتێك دەنگیان دا بۆ سەپاندنی ئابلۆقە بەسەر عێراقدا لە هەردوو بواری ئابووریو سەربازیدا. پێشنیاری ئەنجومەنی پیران سەبارەت بە عێراق ئەوە بوو کە داوای قەدەغەکردنی بارخانــەی چــەكو یارمــەتیی ئــامێرو ئــامرازی ســەربازیو تــەکنۆلۆژیای پەیوەســت بــە ســوپای بــۆ عێــراق دەکــرد. هــەروەها پێشــنیارەکە داوای بەکارهێنانی ڤیتۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد بۆ ناردنی وەکالەتە نێودەوڵەتییــەکان بــۆ بەغــدا. هــەروەها لیســتی پێشــنیارەکە داوای توندوتیژکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کرد لەگەڵ عێراقدا، ئەگەر حکومەتی عێراق وازی نەهێنایە لە هێرشە کیمیاوییەکانی بۆ سەر ئامانجە کوردییەکان. نزیك کۆتایی ساڵی 1988 دەرکەوت کە پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ویلایەتە یەکگرتووەکان گەیشتۆتە خاڵی هەرەسهێنان ئەوەیش لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە. هەرچەندە لە تشــرینی دووەمــدا ئیــدارەی ڕێگــن هاتــە نــاوەوە بــۆ چــاککردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕازیبوون بە زەمانەتی زیاتر لە یەك بلیۆن دۆلار بۆ بەغدا بۆ کڕینی پێداویستییەکانی کشتوکاڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

بە درێژایی نیوەی دووەمی ساڵی 1988و نیوەی یەکەمی ساڵی 1989 عێراق جەختی کردە سەر ڕەتکردنەوەی ئەو تاوانبارکردنە نێودەوڵەتییەی کە لە پای بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژی کوردەکان ئاراستەی کرابوو. لەو کاتەدا بەرنامەی لێبوردنێکی گەورەی ئاشکرا کرد بۆ ئەو کوردانەی کە لە ئۆردوگای ئاوارەکان لە تورکیاو ئێران حەزیان دەکرد بگەڕێنەوە. ڕژێمی بــەعس بــەردەوام بــوو لــە نکــوڵیکردنی ئــەوەی کــە چــەکی کیمیــاویی بەکارهێنابێت دژی کوردەکان. لەو کاتەدا تورکیا بەیانی پشتگیریکردنی



دەرکردو نکوڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد لە لایەن عێراقەوە. ئەنقەرە زیاتر مەبەستی گێڕانەوەی ئاوارە کوردەکانی عێراق بوو، جگە لەوە هیچی تری نەدەویست. سەرباری ئەوەش تورکیا نەیدەویست کاروباری پڕ لە سوودی بازرگانیی خۆی لەگەڵ عێراقدا بخاتە بەردەم مەترسییەوە. هەروەها نەیدەویست هیچ لێبوردنێك بۆ بەغدا نیشان بدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەرزی دوو بلیۆن دۆلاریی ئەنقەرە. لە ئاکامدا وا دەرکەوت کە لایەنگیریی تورکیا بۆ نکوڵیکردنی عێراق لە بەرکارهێنانی گازی ژەهراوی کاریگەرییەکی کەمی هەبوو لە بەرامبەر بەڵگەی ڕاستیدا، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر حســاباتی بازرگــانی[111]. دیســان وای دەرخســت کــە حکومــەتی تورکیــا گەیشــتبووە ڕێککــەوتنی تێگەیشــتن لەگــەڵ ســەدام حســێندا بــۆ لــە ڕووداوەستانی تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تا بە ئارەزووی خۆیان بچنە ئۆردوگاکانی ئاوارەکانەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ قوربانیانی هێرشەکانی گازی ژەهراویدا.

لە سەرەتای ئەیلوولی 1988دا ئەو کارمەندانەی کە نوێنەری کۆمیسیۆنی باڵای ئاوارەکانن لە نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور سەردانی ئاوارە کوردەکانی عێراقیان کرد لە شوێنی حەوانەوەیان لە پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا لە ئێران، ڕوونیان کردەوە کە سەرباری قسەی ئاوارەکان لە بارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە، ئەندامانی تیمەکە هیچ بەڵگەیەکیان لەم بارەیەوە دەستگیر نەبوو. لە هەمان کاتــدا تیمێکــی دوو ئەنــدامی کۆمیســۆنی بــاڵای ئاوارەکــان لــە نەتــەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئۆردوگای ئاوارە کوردەکانیان کرد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا. ئەم تیمە گوتیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی تەندورستی تورکیاوە هیچ ڕاپۆرتێکیان نەدراوەتێو هیچ بەڵگەیەکیان دەست نەکەوتووە بۆ سەلماندنی ڕاستیی قسەی ئاوارەکان لە بارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییەوە لە لایەن عێراقەوە بە دژی کوردەکان. بە پشتبەستن بەم

www.pertwk.com

راپۆرتانە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە 14ی ئەیلوولدا رایگەیاند کە چیتر رێگا بە پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان نادات بێنە ناو تورکیاوە بە مەبەستی بڕیاردانی ئەوەی داخۆ عێراق چەکی کیمیاوی بە دژی کوردەکان بەکارهێناوە[112].

زۆر لێکۆڵینەوەو شایەتیی ئەوانەی بە چاو بینیویانە لە لایەن رێکخراوە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤو تیمە پزیشکییەکانەوە پێشتر پەردەیان لەسەر بەڵگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە لابردبوو. لە 8ی ئەیلوولی 1988دا رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوایەکی بەهێزی خستە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تیایدا هێرشە رێکخراوە بەردەوامەکانی سوپای عێراقی بۆ سەر گوندە کوردییەکان مەحکوم کرد کە عێراق زۆربەی هێزی خۆی بەکار دەهێنێت بە چەکی کیمیاویشەوە... کوشتنی بەکۆمەڵ بەشێك لە سیاسەتی رێکخراوو بەرنامە بۆ داڕێژراوی حکومەتی عێراق بوو بۆ لەنێوبردنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان[113]. دواتر رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی راپۆرتێکی هەمە لایەنەی بڵاو کردەوە لەسەر قوربانیانی منداڵانو ژمارەیەك رووداوی کردبوو بە بەڵگەنامە لەسەر کوشتنی بە بەرنامەی منداڵان لە هێرشەکانی عێراقدا بۆ سەر شارۆچکەو گوندە کوردییەکان[114].

حکومەتی بەعس بۆ وەڵامدانەوەی ئیدانەکردنی سیاسەتی بەرامبەر بە کوردەکان شاڵاوێکی پەیوەندیکردنی گشتی بۆ قایلکردنی کوردە ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق دەست پێکرد. لە سەرەتای ئەیلوولی 1988دا سەرۆك سەدام حسێن لێبوردنێکی گشتیی بۆ کوردەکان دەرکردو لە کۆتایی ئەو مانگەشدا دەسەڵاتدارانی عێراقی ئیدیعایان کرد کە زیاتر لە شەستو یەك هەزار ئاوارەی کورد گەڕاونەتەوە بۆ نیشتمانو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە پای گەڕانەوەیان پاداشتیان دراوەتێ. مانگێك دوای ئەوە بە سەرکەوتنێکی زۆرەوە حکومەتی عێراقی رایگەیاند کە شاری نوێی هەڵەبجە



لە پارێزگای سلێمانی دروست دەکرێ، هەروەها حکومەت تا دەشێت پەرچە زەوی تەرخان دەکات بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کە خەڵکی هەڵەبجەی ئێستا وێرانبوون.[115].

سەرباری هەڵسەنگاندنە گەشبینییەکانی حکومەتی عێراق، ژمارەی کوردە ئاوارە گەڕاوەکان بۆ عێراق بە نزمی مایەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا سەدام حسێن لە 2ی ئازاری 1989دا لێبوردنی گشتیی دووەمی بۆ هەموو کوردەکان دەرکرد، بێجگە لە سەرکردایەتیی بزوتنەوەی بەرگریی کوردیو بەکرێگیراوانی ئێران.. کوردەکانی تر مۆڵەتیان پێدرا هەتا کۆتایی مانگی نیسان کەڵك لەم دوو لێبوردنە وەربگرن ئەگینا مافی گەڕانەوەیان نامێنێت[116]. بەڵام لێبوردنی پێشکەشکراو لە نیساندا لاواز کرا ئەویش بەهۆی دەستکردن بە بەرنامەیەکی پاڵپشتکردن بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی چۆڵکراوی بێ لایەنی 30 کیلۆمەتری لە گوندەکانی کورد بە درێژایی سنووری ئێرانو تورکیا. ئەمەش بیانووی بۆ هێنرایەوە وەکو پێویستی بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق[117]. دروستکردنی ناوچەی چۆڵکراوی سنووریو گواستنەوەی دانیشتوان ئەو قەناعەتەی لای ئاوارە کوردەکان بەهێزتر کرد کە باشتر وایە لە ئێرانو تورکیا نەگەڕێنەوە. بەمجۆرە سەدام حسێن لێبوردنی سێیەمی دا لە مانگی مارتی 1990دا. ئەم جارەیان لێبوردنەکەی فراوان کرد بۆ هەموو کوردە عێراقییەکان بە سەرکردەکانی گروپە نەیارەکانی پێشمەرگەشەوە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکران[118]. کوردەکان هێشتا بە وریاییەوە دەیانڕوانییە پەسەندکردنی پەیوەندیی نزیك لەگەڵ سەدام حسێندا.

هەڵبژاردنی پەرلەمان لە مانگی ئەیلوولی 1989دا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردیدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە ئەنجام درا وەکو سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی عێراقو کورداو حکومەت داوای لە دانیشتوانی کوردی وڵاتەکەی کرد کە بە هەموو توانایەك بە پیر ئەو

www.pertwk.com

هەڵبژاردنەوەوە بچن. دواتر حکومەت رایگەیاند کە هەڵبژاردنەکان بەڵگەن بۆ سەرکەوتنی سیاسەتەکانی بەرامبەر بە کورد. راگەیەندرا کە رێژەی لە سەدا سەدی خەڵکی کوردی سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆك بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە. لەو هەڵبژاردنەدا بەعسییەکان لە پەنجا کورسیی ئەنجومەنی یاساداناني ناوچەی ئۆتۆنۆمی سی کورسییان بەدەست هێنا. کورسییەکانی تریش لە لایەن پاڵێوراوە سەربەخۆکان و پارتە کوردەکانی سەر بە حکومەتەوە برانەوە[119]. نە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی و نە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بەرزانی هیچیان نەچوونە ناو پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکانەوە.

لەوانەیە هیچ تاکە فاکتەرێك بە تەنیا زۆر گرنگ نەبووبێت لە پتەوکردنی بڕوای سەدام حسێندا بە خەریکبوون بە بەرنامەی ناوخۆوە بە کێشەی کوردیشەوە بەراورد بە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتووەکاندا لە ساڵانی هەشتاکاندا. پەیوەستبوونی ئیدارەکەی رێگن بە رێگاگرتن لە (ناردنە دەرەوەی شۆڕش)ی ئیسلامی لە لایەن ئێرانەوە، بێگومان بنەمایەکی گۆڕاوبوو لە پەرەسەندنی زەمینەی عەقڵی واشنتۆندا چونکە پەیوەندی لە نێوان بڕیاربەدەستانی ویلایەتە یەککگرتووەکاندا بوو بە شتێکی زانراو[120]. دەستپێکردنی ئەوەی پێی دەگوترا مانگی هەنگوینیی نێوان واشنتۆن و بەغدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی 1981و سەرەتای ساڵی 1982 بۆ ئەو کاتەی کە سوپا داگیرکەرەکەی سەدام حسێن لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە پاشەکشێی پێکرا بۆ ناو سنووری عێراق. سەدام لە ئەنجامی داڕمانی هەڵوێستی سەربازیدا پێشنیاری نارد بۆ ویلایەتە یەککگرتووەکان و هیوادار بوو پەیوەندییەکانی چاك بکات و پشتگیریی ویلایەتە یەککگرتووەکان لە شەڕەکەیدا دژی کۆماری ئیسلامی بەدەست بهێنێت.

هێشتا ویلایەتە یەککگرتووەکان زویر بوو لەوەی کە ئێرانی لەدەست چوو،



بیرەوەریی قەیرانی رەهائینەکانی ساڵی 1979 – 1980 هێشتا لە یادەوەریدا دەژیا و پەرۆشی یارمەتیدانی عێراق بوو. یاریکردنی ئیدارەی رێگن بۆ (بە شەیتانکردنی) ئێران و وێنەکردنی وەکو خاکێکی بێ بەرهەمی هەڵچوونی رەگەزپەرستانەو بە شەیتانکردنی قوربانییەکانیان بوو کە ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبرێت لە لایەن پیاوانی شێتەوەو پڕ کراوە لەو دانیشتوانە بێ پرسیارانەی کە دوای ئەو شێتانە کەوتوون[121]. ویلایەتە یەککگرتووەکان بیانوویان بۆ هاوڕێیەتیی تازە دروستبوویان لەگەڵ رژێمی بەعس لە عێراقدا هێنایەوە. ئیدارەی رێگن بە ئاشکرا ئاگادار بوو لە تۆڕە شاراوەکانی بۆ بنیادنانی هاوپەیمانییەك لەگەڵ بەغدادا بە دژی ئێران. بە پێی قسەی جیۆفری کێمپ کە پسپۆری باڵای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی حکومەتی سەرۆك رێگندا گوتی: ئێمە ویستمان عێراق شەڕەکە بباتەوەو نەماندەویست بیدۆڕێنێ. لە راستیدا ئێمە ساویلکە نین. ئێمە زانیمان کە سەدام حسێن (S.O.B.)ی بوو، بەڵام (S.O.B.) ئێمە بوو[122].

یەکەم ئاماژەی جێگیری مەیلی واشنتۆن بە لای بەغدا لە مارتی 1982دا دەستی پێکرد کاتێك وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ناوی عێراقی لە لیستی ئەو وڵاتانەدا سڕییەوە کە پشتگیری (تیرۆریزمی نێودەوڵەتی) دەکەن. وەکو (نۆیڵ کۆچ)ی کاربەدەستی باڵای لە رووداوەستانی تیرۆریزم لە بەشی بەرگری، ئاشکرای کرد ویلایەتە یەککگرتووەکان هێشتا عێراقی بە یەکەم بەرپرسیاری تیرۆریزم دادەنا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەکەی رێگن ویستی یارمەتیی رژێمی سەدام حسێن بدات بۆ ئەوەی سەربکەوێت بەسەر ئێراندا لە شەڕەکەیاندا. بەم شێوەیە سڕینەوەی ناوی عێراق لە لیستی ئەو وڵاتانەی کە یارمەتیی تیرۆریزم دەدەن لە روانگەی فراوانی سیاسەتی رێگن لە کەنداودا سەیر دەکرا. ئەم جووڵەیە بواری ویلایەتە یەککگرتووەکانی دا بۆ پێشکەشکردنی دوو بلیۆن دۆلار قەرز بە عێراق، لەوەش سێ سەد ملیۆن

www.pertwk.com

دۆلار بۆ کڕینی برنج و گەنمی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سووککردنی باری تووندی ناهەمواری ئابووری کە رژێمی عێراقی لە سایەی ئەو بارەدا کاری دەکرد و بەڕێوە دەچوو[123]. سەرباری بەرەو پێشەوەچوونی گونجاندنی بەرژەوەندیی نێوان واشنتۆن و بەغدا. هەردوولا هێشتا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوانیان دانەمەزراندبووەوە کە ئەو پەیوەندییانە لە دوای شەڕی حوزەیرانی 1967ی نێوان عەرەب – ئیسرائیل پچڕابوون.

پەیوەندیی رەسمیی دیپلۆماسیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق لە تشرینی دووەمی ساڵی 1984دا دەستی پێکردووە. تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراق وەسفی گەڕانەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراقی کرد وەکو دەرەنجامی بەرەو پێشەوەچوونی گرنگی شوێنی عێراق لە جیهاندا و وەکو رەنگدانەوەی کامڵبوونی سیاسی لە عێراقدا[124]. لە کاتێکدا کە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق بەهێز دەبوو، ئیدارەی رێگن رێگای بۆ شکستیی ئێران خۆش دەکرد، ئەوەش بوو بە هۆی ئاشکرابوونی ئەوەی کە بە مەسەلەی ئێران – کۆنترا ناوبرا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان چەکفرۆشتنی نهێنی بە ئێران وەکو هەوڵی بێ بەها و تێکدەرانە لە لایەن ئیدارەکەی رێگنەوە لێکدرایەوە ئەویش بە مەبەستی کردنەوەیەکی جیۆپۆلەتیکانە بوو بۆ ئێران بەهۆی ئارەزووبوونی لایەنە موعتەدیلەکانەوە لە کۆماری ئیسلامیدا، یان بە مەبەستی کارکردن لە ئێراندا بۆ رزگارکردنی رەهائینەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بڕوا وابوو لە لوبنان لە لایەن گروپەکانی سەر بە ئێرانەوە دەستبەسەر بن. هەرچەندە دەشیا ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوایە لە ( ستراتیژی کرانەوە)یدا بۆ ئێران لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا، بەڵام گۆڕانکاریی تری هەمان شێوە گرنگ سەریان هەڵداوە و کاریان لە ئیدارەکەی رێگن کردووە هەتا چەك بە کۆماری ئیسلامی بفرۆشێت.



لە هاوینی ساڵی 1985دا توێژەران لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئیدارەی رێگن و CIA راپۆرتێکیان ئامادە کرد کە پێشبینیی هەرەسی چاوەڕوانکراوی ئایەتوڵڵای خومەینی و حکومەتی ئێرانی دەکرد[125]. گراهام فۆڵەری توێژەری تایبەت بە ئێران لە CIA پێشبینیی ململانێیەکی توندوتیژی بۆ بەدەستگرتنی دەسەڵات لە ئێراندا کرد ئەویش وەکو ئەنجامێکی بەرەو لەناوچوونی حکومەتی ئێرانی[126]. بە پشتبەستن بە زانیاریی موخابەرات، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پێشبینیی کرد کە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەونە بەردەم هەڕەشەوە ئەگەر ئێران بەش بەش ببێت[127]. دوای تێگەیشتن دەرکەوت ئەو شیکردنەوانەی لە راپۆرتەکاندا هاتبوون ناتەواو بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شیکردنەوانە بەشدارییان کرد لە وەرگرتنی ئەو بڕیارەدا کە بوو بە هۆی فرۆشتنی چەك لە لایەن ئیدارەی رێگنەوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران[128].

لێکدانەوەیەکی تر بۆ فرۆشتنی چەك لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بە ئێران لەسەر ئەو تیۆرە بنیاد دەنرێت کە ئامانجی بنەڕەتیی کرانەوەی جیۆپۆلەتیکانەی ئیدارەکەی رێگن بۆ کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی هاندانی کودەتایەکی سەربازی بوو کە هەندێ کەس یان گروپ بهێنێتە سەر کورسیی دەسەڵات کە دوژمنایەتییان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل کەمتر بێت[129]. هیوای ئەوە هەبوو کە چەك بۆ سەرکردەکانی ئەو کودەتایە بنێردرایە. فرۆشتنی چەك دیسان وا دانرا کە خزمەتی ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئیسرائیل بکات بە سەرقاڵکردنی عێراق بە شەڕکردنەوە لەگەڵ ئێراندا، ئەوەش دەبوو بە هۆی لاوازکردنی بەرەی رۆژهەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی بۆ ئیسرائیل. وەکو دواتر دەرکەوت ئیسرائیل رۆڵێکی چالاکانەی بینی لە ناردنی بارگەی چەکدا بۆ ئێران و لە بەهێزکردنی سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەرامبەر بە ئێران[130]. بێ لەبەرچاوگرتنی هۆیەکانی مەسەلەی ئێران – کۆنترا، ئاشکرابوونی نهێنیی

www.pertwk.com

ئیدارەکەی ریٚگن پەیوەست بە کۆماری ئیسلامی ئاژاوەیەکی سیاسیی دروست کرد کە بوو بە هۆی مەیلدارییەکی زیاتر بە هیٚزی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ئیٚران.

ئیدارەی ریٚگن خۆی دوورخستەوە لە جیٚبەجیٚکردنەکانی مەسەلەی ئیٚران – کۆنترا ئەویش بە وەرگرتنی هەڵویٚستی زۆر خراپ بەرامبەر بە عیٚراق و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی عیٚراق بەرامبەر بە کوردەکان. سەرباری ئەو راپۆرتانەی کە ریٚکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئامادەیان کرد دەربارەی ویٚرانکردنی لادیٚکانی کورد لە لایەن عیٚراقەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو راپۆرتە نویٚیانەشی لە بەردەستدا بوو کە لە لایەن کارمەندانی تویٚژینەوەی خۆیەوە ئامادە کرابوون کە ئەو راپۆرتانەش بوون بە هۆی چەسپاندنی ئەو داوایانەی کە دژی رژیٚمی بەعس ئەنجام دران لە لایەن ریٚکخراوە سەربەخۆکانەوە. بۆ نموونە پیتەر گالبریس ئەندامی دەستەی تایبەتمەندی لیژنەی پەیوەندییەکانی ئەنجومەنی پیران کە سەردانی کوردستانی عیٚراقی کرد لە ساڵی 1987دا راپۆرتیٚکی تیٚروتەسەلی بەڵگەنامەیی لەسەر ویٚرانکردنی گوندەکانی کودستان لە لایەن عیٚراقەوە ئامادە کرد. لە قسەکانی گالبریسدا هاتووە: ئەم شویٚنە (کوردستانی عیٚراق) هیٚمنی و جوانییەکی سەرنجڕاکیشی هەبوو، بەڵام ئەم جیٚگایە کە ئەوسا ناوچەیەکی پڕ لە گوند و ژیان بووە و دوو ملیۆن کەسی تیا دەژیا، لە ناکاو چۆڵ کرا، ئەو گوندە کوردانەی کە لە دیٚر زەمانەوە لەم ناوچەیەدا بوون لە نیٚو بران، دانیشتوانەکانیان گواستراونەتەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملیٚ. کە ئەو ئۆردوگایانەش لە ماوەیەکی کورتدا بە دەوری ژمارەیەك شارۆچکەی گەورەدا قوت کراونەتەوە[131]. هەرچەندە ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو بڕیارانەی دەرکرد کە مەبەستی سزادانی عیٚراق بوو، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە راپۆرتەکان لەسەر بەکارهیٚنانی چەکە کیمیاوییەکان دژی کوردەکان ئاشکرا بوو، کەچی نە سەرۆك ریٚگن و نە سەرۆك بوش هیچ



کاریٚکی پیٚویستیان ئەنجام نەدا، بەڵکو دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عیٚراقەوە لە 2ی ئابی 1990دا ئیدارەی بوش سیاسەتی پیٚشتری خۆی بەرامبەر عیٚراقی سەدام حسیٚن گۆڕی.

بیٚگومان تەنیا دەسەڵاتی ناوەندە خاوەن بەرژەوەنییەکان نەبوو لە واشنتۆن کە لە بەرامبەر دڕندەییەکانی عیٚراقدا مابووەوە. هەروەك کریستۆڤەر هیچینس بە توندی تیٚبینیی کردووە:

چەندین لۆبی و فرۆشیاری چەك چەند ئیٚوارەیان لە ساڵانی هەشتاکاندا لە واشنتۆن و لەسەر میٚزی خوانی ئیٚوارانی نزار حەمدونی باڵیۆزی عیٚراق لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەسەر بردووە؟ هەروەها وەکو بۆی بچیت، چەند جار پرسیار لە نزار حەمدون کراوە لە شیٚوەی پرسیاری پەسەندا سەبارەت بە بەردەوامبوونی حکومەتەکەی لەسەر کوشتنی کوردەکان و لە ناویشیاندا ژن و منداڵی بیٚ دیفاع[132].

تەنانەت هەندیٚ رۆشنبیری سیاسەت ئاراستەکەر کە بووبوون بە دیلی هەڵویٚستی دژ بە گوتاری ئیٚرانی خۆیان، هانی ئیدارەکەیان دەدا کە بە دوای سیاسەتی سەر بە بەعسدا بڕوات. جاریٚکی تر کریستۆڤەر هیچینس وەکو شتیٚك کە شایەنی دووبارەکردنەوە بیٚت دەڵیٚت:

دەشیٚت جیٚگای سەرسوڕمان بیٚت کە سەرنجی هەندیٚ لە یارمەتیدەرەکانی پیٚشتری سەدام حسیٚن بدەیت. ریٚگام بدەن با بتان بەمەوە بۆ 27ی نیسانی ساڵی 1987، بۆ لای بڵاوکراوەی (کۆماری نویٚ) کە تیایدا وتاریٚك دەبینین جیٚگای سەرنجە، ئەویش بە ناونیشانی (گەڕانەوە بۆ عیٚراق)ە لە لایەن دانیاڵ پایپ و لۆری مایلرۆوە نووسراوە. ئەم دوو لیٚکدەرەوەی ئەم دامەزراوە جیاوازە لە ژیٚر ناونیشانیٚکی دووەمی رەت نەکراوەدا بە ناوی (کاتی لایەنگری ویلایەتە یەکگرتووەکانە) ئەو وتارە ریٚکخراوە بۆ تیٚڕامان لە قەیرانی نویٚی (داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عیٚراقەوە) بۆ ماوەی زیاتر لە سیٚ ساڵ. بەداخەوە ناوی دوژمنەکەیان بە هەڵە وەرگرتووە[133].

www.pertwk.com

به هه‌مان شێوه راپۆرتێك له لایه‌ن سێ توێژه‌ری سه‌ربازییه‌وه له كۆلێژی سه‌ربازیی ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كان ئاماده كراو هه‌ر به ماوه‌یه‌كی كورت پێش داگیركردنی كوه‌یت له لایه‌ن عێراقه‌وه پشتگیرییان بۆ سه‌دام حسێن ده‌ربڕی. به ده‌رخستنی ئه‌وه‌ی كه سه‌دام حسێن پشتگیرییه‌كی گه‌وره‌ی جه‌ماوه‌ریی هه‌یه. ئه‌و راپۆرته گه‌یشتبووه ئه‌وه‌ی كه: به‌مجۆره ئه‌مڕۆ ئێمه له عێراقدا رژێمێكمان هه‌یه كه فه‌رمانڕه‌وایه‌تیی خۆی به شه‌رعی سه‌یر ده‌كات، هه‌روه‌ها سوپایه‌ك هه‌یه كه جێگای بڕواو پاڵپشتی سیاسه‌تی رژێمه. له‌سه‌ر شانی ئه‌و سوپایه هه‌موو ئۆپۆزسیۆنی ناو عێراق هه‌ره‌سیان پێهێنراوه. بزوتنه‌وه‌ی كوردی تێكشكێنراوه... عێراقی ئه‌مڕۆ هه‌مان ئه‌و عێراقه نییه كه له ساڵی 1980دا شه‌ڕی ئێران – عێراق ده‌ستی پێكرد. ده‌بێت ئێمه له توانای خۆماندا هه‌موو شتێك بكه‌ین بۆ گه‌یشتن به ئاستی هه‌ڵسه‌نگاندنی مه‌ودای ئه‌م گۆڕانكارییانه[134].

له‌سه‌ر به‌كارهێنانی چه‌كی كیمیاوی له لایه‌ن عێراقه‌وه راپۆرته‌كه سه‌لماندنی بێ گوناهی حكومه‌تی به‌عسی نیشان ده‌دا به دره‌بڕینی ئه‌وه‌ی كه هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی یه‌كلاكه‌ره‌وه له به‌رده‌ستدا نییه كه بیسه‌لمێنێت به‌غدا گازی ژه‌هراوی دژی دانیشتوانه كورده‌كه‌ی خۆی به‌كار هێنابێت.

ئاماده‌كه‌رانی ئه‌م راپۆرته‌ی پینتاگۆن بیانووه‌كانی سه‌دام حسێنیان بۆ بوونی چه‌كی كیمیاوی ده‌هێنایه‌وه:

له حاڵه‌تێكی تایبه‌ت بۆ بوونی چه‌كی كیمیاوی، به‌غدا پاراستنی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی كرد به بیانوو، گفتوگۆی ئه‌وه‌ی كرد كه چه‌كی كیمیاوی وه‌ڵامه بۆ داگیركه‌ری ده‌مارگیری ئێرانی. كیمیاوی ئیلهامی ترسێكی زۆر ده‌دات به ده‌مارگیریی ئێران‌و له ئاكامی ئه‌وه‌شدا كاریگه‌ر ده‌بێت له تێكشكاندنی شه‌پۆلی هێرشه مرۆییه‌كانیاندا. له به‌رتیشكی ئه‌م روونكردنه‌وه‌یه‌دا، گاز ده‌شێت وه‌كو هه‌ره گرنگترین چه‌كی عێراق بۆ ناچاركردنی ئێران بۆ شه‌ڕ وه‌ستاندن سه‌یر بكرێت[135].



له سه‌رنجدانی ئه‌م شیكردنه‌وانه‌دا، جێگای سه‌رسوڕمان نییه كه سه‌دام حسێن په‌نای بردبێت بۆ به‌كارهێنانی چه‌كی كیمیاوی‌و تا راده‌یه‌كیش دووربێت له سزا دانه‌وه.

## داگیركردنی كوه‌یت

### جه‌نگی كه‌نداوو راپه‌ڕینی كورد

له 2ی ئابی ساڵی 1990دا، دوای چه‌ند هه‌فته‌یه‌ك له قسه‌كردنی توندوتیژی سه‌دام حسێن دژی فه‌رمانڕه‌وایانی كوه‌یت له‌سه‌ر به‌رهه‌مهێنانی زیادی نه‌وت‌و هێنانه خواره‌وه‌ی نرخی نه‌وت كه ئه‌وه‌ش بوو به هۆی لاوازكردنی باری ئابووریی عێراق له كاتێكدا كه عێراق پێویستیی به داهاتی به‌رزتری نه‌وت هه‌بوو بۆ پشتگیریكردنی دارایی پرۆژه‌كانی بنیادنانه‌وه‌ی دوای هه‌شت ساڵی شه‌ڕ له‌گه‌ڵ ئێرانی دراوسێیدا، هێزه‌كانی عێراق كوه‌یتیان داگیر كرد. دوای داگیركردنی كوه‌یت سه‌دام حسێن داواكارییه دێرینه‌كه‌ی عێراقی سه‌باره‌ت به كوه‌یت زیندوو كرده‌وه‌و رایگه‌یاند كه كوه‌یت پارێزگای نۆزده‌یه‌می عێراقه[136]. سه‌رۆك بوش فه‌رمانی دا به بڵاوبوونه‌وه‌ی ژماره‌یه‌كی گه‌وره له هێزی ئاسمانی‌و ده‌ریایی‌و زه‌مینی بۆ ناوه‌وه‌و ده‌وروبه‌ری عه‌ره‌بستانی سعودی له ژێر پلانی چالاكیی بیاباندا، كاتێك پلانی چالاكیی بیابان گۆڕا بۆ چالاكیی زریانی بیابان له‌گه‌ڵ ده‌ستپێكردنی شه‌ڕی هاوپه‌یمانان دژی عێراق له كانونی دووه‌می 1991دا، ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كان زیاتر له پێنج سه‌د هه‌زار سه‌ربازی له نیمچه دوورگه‌ی عه‌ره‌بدا بڵاو كرده‌وه.

به پشتبه‌ستن به بڵاوبوونه‌وه‌ی له‌راده‌به‌ده‌ری هێزه‌كانی ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كان به‌سه‌ر ده‌ریاكاندا له ساته‌وه‌ختی گه‌رمه‌ی شه‌ڕی ڤێتنامه‌وه، سه‌رۆك بوش چوار ئامانجی ده‌ستنیشان كرد:

www.pertwk.com

یەکەم: کشانەوەی بێ مەرج و بەندی هێزەکانی عێراق لە کوەیت.

دووەم: پاراستنی ژیانی ئەو هاووڵاتییە ئەمەریکییانەی لە عێراق و کوەیت دەژین.

سێیەم: پارێزگاریکردن لە عەرەبستانی سعودی و ئیلتیزامکردن بە ئاسایش و سەقامگیری کەنداوەوە.

چوارەم: گەڕانەوەی بنەماڵەی ئەلسەباح وەکو حکومەتی شەرعی کوەیت[137].

لەوانەیە ئامانجی پێنجەم کە ئامانجێکی ئاشکرا نەکراوبوو، ئەو ئامانجە بوو بێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنکارانەی عێراقدا بەرامبەر بە کوەیت سەدام حسێن لا ببرێت. بە نیگەرانییەوە ئێستا لێرە لە بەرنامەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا یارمەتی دانی دامەزراو و هێزە جەماوەرییە دیموکراتەکان یان پشتگیریکردنی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مافی چارەنووس باس کراوە. لەوانەیە بە چاکی ئاگاداربوون لە تۆمارکردنەکانی دۆزەخی مافەکانی مرۆڤ و سروشتە نادیموکراتییەکانی عەرەبستانی سعودی و کوەیت وای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کردبێت لەم بارەیەوە هەست بە ڕێگا لێگرتن بکات.

ڕژێمی عێراق کە لە ساڵانی هەشتاکاندا لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دڵنەوایی و پشتگیری کرابوو، لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا بوو بە کائینێکی شەیتانی و بە تموحەکانی هێزێکی باڵاوە. ڕاپۆرتەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە دژی کوردەکان و ئێران کە لە بیر چووبووەوە لە بڵاوکراوە و میدیای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا جارێکی تر خرایەوە بەرگوێی جەماوەر وەکو ئەوەی کە پەیامی ڕاگەیاندنێکی نوێ بێت. ئیدارەی بوش دیکتاتۆری عێراقی وەکو هیتلەرێکی تر وەسف کرد و گەیاندییە ئەوەی کە (هەڕەشەیەکی میتافیزیکانە بێت بۆ جیهانی بەرفراوان)، عێراق بە سەرزاری پوکێنرایەوە بێجگە لە سەرۆکە گۆشەگیرکراوەکەی لە ئێستادا[138]. ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران بەشدارییان کرد لە پێکەوە تاوانبارکردنی عێراقدا. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لە ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانی و بڕیاردەرانی سیاسەتدا کە بەم ڕێگا یان ئەو ڕێگا لە ساڵانی هەشتاکاندا پشتگیریی سیاسەتی دەرەوەی سەدام حسێنیان کردبوو ئێستا بەشدارییان کرد لە شاڵاوی سیاسی دژی سەدامدا بێ هەستکردن بە پەشیمانبوونەوە لەوەی پێشتریان.

لەو بەیانییەدا کە عێراق کوەیتی داگیر کرد، جەلال تاڵەبانی کە لە ماڵەکەی خۆیدا بوو لە دیمەشق لە لایەن هاوڕێیەکییەوە لەو کارە نوێیەی سەدام حسێن ئاگادار کرا. ئەم سەرۆکە کوردەی عێراق بە ئاشکرا قەناعەت و ڕوانینی خۆی بەرامبەر بە بیستنی ئەو هەواڵە دەربڕی و بڕوای وابوو کە سەدام هەڵەیەکی گەورەی کردووە و پێی وابوو ئەو هەڵەیە دەبێتە هۆی ڕووخاندنی سەدام حسێن[139]. لە $2$ی ئابی $1990$دا تاڵەبانی دووەم سەفەری خۆی لە ماوەی دوو ساڵدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجام دا بەو هیوایەی لە بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ یەکێتیی نیشتمانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بە پێی لێکدانەوەیەك تاڵەبانی لەگەڵ بەرپرسانی مامناوەندیی دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە کۆبووەوە و پێشنیاری ئامادەکردنی سی هەزار چەکداری لە باکووری عێراقدا کرد کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئامادەی بکات بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشار لەسەر ئەو هێزانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە عەرەبستانی سعودی جێگیر بوون. تاڵەبانی دیسان پێشنیاری بەرپاکردنی هێرشی پێشمەرگەیی کرد لە هەموو شارەکانی عێراقدا ئەویش بە مەبەستی کۆششکردن بۆ لەناوبردنی سەدام حسێن لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامادەی پەسەندکردنی پێشکەشکردنەکانی تاڵەبانی نەبوون، بەڵام ئەوە بوو بە هۆی پشتگیریکردنی تاڵەبانی بۆ هەڕەشەکردن لەهەر شتێك کە دژی سەدام حسێن بێت چونکە لەم دنیایەدا دوژمنی هەمیشەیی نییە[140]. تاڵەبانی کاتێك

www.pertwk.com

له ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو دیسان بە ئاشکرا لەگەڵ سیناتۆر (گلاییبۆرن پێڵ)ی سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەداو ئەنجومەنی پیرانو سیناتۆر جۆن کێری سەرۆکی کۆمیتەی دووەمی پەیوەست بە مەسەلەکانی تیرۆریزم کۆبووەوە. هیچ کام لەو دوو سیناتۆرە نە پشتگیریی ئەوەیان کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆی بە راپەڕینی چەکداریی کوردەوە دژی سەدام حسێن خەریك بکات، نە بەڵێنی ئەوەیان دا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیریی دارایی بۆ بزوتنەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی رێك بخات[141].

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی هێزی هاوپەیمانان دژی عێراق، کوردەکان لەوە ترسان کە ببنە قوربانی شەڕێك کە پشتگیرییان نەکردووە. بە تایبەتی کوردەکان لە ئەنجامی بۆمبارانکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەترسان کە لە بنکەی هێزی ئاسمانیی ئەنچەرلیکەوە لە تورکیا دژی ئامانجەکان لە باکووری رۆژئاوای عێراق دەکرا کە دانیشتوانەکەی کوردن. دیسان کوردەکان لە وەڵامدانەوەی کوێرانەی عێراق دژی تورکیا دەترسان کە ئەوەش ببێتە هۆی دژە هێرش لە لایەن تورکیاوە. هەروەك پارێزەرێکی مافە مەدەنییەکانی کورد دەری بڕی (ئەگەر تورکیا شەڕی عێراق بکات، ئەوا بە شێوەیەکی سەرەکی دانیشتوانی کورد ئازاریان پێدەگات)[142]. مەسعود بەرزانی هەوڵی دا ناوچە کوردییەکانی عێراق بکەونە دەرەوەی هەرێمی شەڕەوە ئەویش لە رێگای رەتکردنەوەی فشاری دەرەوە بۆ کردنەوەی بەرەی دووەم دژی هێزەکانی سەدام حسێن. گرفتی سەرەکیی بەرزانی ئەوەبوو، ئەگەر بەرەی دووەم دروست ببوایە ئەوا دەشیا سەدام حسێن وەڵامی بدایەتەوە ئەویش بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی لادێکانی کورد هەرچۆن لەساڵی 1988دا ئەو چەکەی بەکار هێنا[143].

سەرباری دوودڵیی مەسعود بەرزانی هەر لە سەرەتاوە بۆ کردنەوەی بەرەی دووەم دژی سەدام حسێن، کوردەکانی عێراق لە ئازاری 1991دا راپەڕین ئەویش دوای تێکشکاندنی سوپاکەی سەدام حسێن لە بەرەی



باشووردا لە لایەن هێزەکانی ژێر سایەی سەرکردایەتیی ئەمەریکاوە. ئێزگەیەکی رادیۆیی بەڕێوەبراو لە لایەن (CIA)ەوە بە ناوی (دەنگی عێراقی ئازاد) کە لە شاری جیدەی عەرەبستانی سعودیەدا دامەزرابوو هانی راپەڕینی کوردەکانی دابوو بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك، ئەوەش کوردەکانی گەیاندبووە ئەو بڕوایەی کە یارمەتیی دەرەکییان پێدەگات ئەگەر رابەرایەتی راپەڕینێك بکەن دژی حکومەتی عێراقی[144]. لە سەرەتاوە کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەر چەند شارێکدا کرد، بەڵام لە لایەن هێرشی هێزە ئاسمانیو زەمینییەکانی عێراقەوە ناچار کران پاشەکشە لەو شارانە بکەن، لە ئەنجامی ئەوەدا گوندە کوردییەکان زیاتر وێران کرانەوەو کۆڕەوێکی تری ئاوارەکانی کورد دەستی پێکردەوە. نزیکەی نیو ملیۆن کورد رایان کرد بۆ تورکیاو ملیۆنو نیوێکیش رایان کرد بۆ ئێران کاتێك تێگەیشتن کە هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نییە. بەمجۆرە ژمارەی قوربانیانی کورد بەراورد بە لەنێوبردنی شیعەکان لە باشووردا کەم کرایەوە کە ئەوان لە باشووردا ئازاری هێرشی بۆمبارانەکانی هاوپەیمانانیان چەشتبوو[145]. جارێکی تر ترسی تۆڵەسەندنەوە سەری هەڵدایەوە کە بوو بە هۆکارێکی هەرە گەورەی راکردنی کوردەکان لە ئازارو نیسانی ساڵی 1991دا. عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام حسێن دوای سەرهەڵدانی راپەڕینی کوردەکان کرا بە وەزیری ناوخۆ، کە هەر ئەو سەرکردایەتیی هێرشەکانی گازی ژەهراوی لە ساڵی 1988دا بە دژی کوردەکان کرد. بە پێی راپۆرتو شایەتیی ئەوانەی بە چاو بینیوویانە، وەزیری نوێی ناوخۆ سەردانی کەرکوکی کردو ژمارەیەکی زۆری لە گەنجەکان کۆ کردەوەو وریای کردنەوە بەوەی کە چارەنووسێکی ترسناکیان دەبێت ئەگەر دەستبەرداری راپەڕینەکانیان نەبن[146]. بە پێی شایەتیی ئەو کوردانەی کە بە چاو بینیوویانە، خەڵکی لە کەرکوكو شارە کوردەکانی تردا بە ژمارەی گەورە هەر لە سەرەتای ئازارەوە دەستیان کردبوو بە راکردن واتە هەر لەو کاتەوەی راپەڕینەکە سەری هەڵدا. لە 3ی مانگی نیساندا زۆر خەڵك لە

www.pertwk.com

سلێمانی رایان کرد، واته به ماوەیەکی زۆر کورت پێش لە گەیشتنی سوپای عێراق‌و پێش ئەوەی بۆمبارانکردنی شارەکە دەست پێ بکات. راپۆرتی شایەتە نێودەوڵەتییەکان رایان گەیاند کە خەڵکی سلێمانی لەوە ترساون ئەوەی کە لە کەرکوك روویدابوو لە سلێمانیش روو بداتەوە. لەبەر ئەوە پێش ئەوەی سوپای عێراقی دابەزێتە سەریان شارەکەیان بەجێهێشت[147].

سەرباری تیرۆرکاری خەڵکی مەدەنی، لێدانی توندی سەدام حسێن لە راپەڕینی کوردی بۆشایی قووڵی لە ناو ئۆپۆزسیۆندا بەجێهێشت، هەندێ لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی کارەکەیان خراپتر کرد کاتێك کەوتنە تەنگ هەڵچنین‌و هەڕەشەکردن لەو کوردانەی کە وەکو کارمەندی مەدەنی لە حکومەتدا کاریان کردبوو یان ئەوانەی لە کۆمپانیای پاڵاوتنی نەوتدا کاریان دەکرد. بەهەرحاڵ، کارایی هێزەکانی عێراق لە دامرکاندنەوەی راپەڕینی کوردو بەرپرسیارێتیی لە شەپۆلی ئاوارەکان دوو لایەنە سەرەکییەکەی ناو بەرەی کوردستانی واتە یەکێتی‌و پارتی ناچار کرد کە هەوڵی ئاشتی بدەن لەگەڵ رژێمی عێراقدا.

زۆرێك لە کوردەکان هەستیان کرد ئەوە کاتێکی گونجاوە بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتنێك لەگەڵ سەدام حسێنی بەزیودا کە روانینیان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە سنووری دەوڵەتێکی عێراقی فیدراڵیدا زیاد دەکات. جگە لەوەش کوردەکان لێکیان دایەوە ئەگەر کەسێك یان دەستەیەکی تر لە بەغدا دەسەڵات بگرێتە دەست ئەوا هیچ زەمانەتێك لە ئارادا نییە کە ئەو کەسە یان دەستەیە بە هەمان شێوەی سەدام حسێن رەفتار لەگەڵ کورددا نەکات، لەبەر ئەوە بڕوا وابوو کە کێشەیەکی گەورەی ئاوارە لە ئارادایەو زەمینەیەکی گونجاوی خوڵقاندووە بۆ هێزە دەرەکییەکان کە بارودۆخی کورد بەکار بهێنن بۆ (هەموو جۆرە مەیلێکی خراپ) کە پەرە بسەنێت لە ناو خەڵکە ئاوارەکەدا ئەگەر رێککەوتنێکی ئاشتییانە نەگاتە ئەنجام[148]. پاڵنەرێکی تری نزیکبوونەوەی عێراق‌و کورد ئەو نرخە بەرزە بوو (ئەو باجە بوو) کە سەربازە



کوردەکان پێشکەشیان کردبوو لە سوپای عێراقداو لە جەنگی کەنداودا. بە پێی هەڵسەنگاندنێك دوو سەد هەزار سەربازی کورد لە سوپای داگیرکەری عێراقدا بەشداری داگیرکردنی کوەیتیان کرد. هەرچەندە نموونە لەسەر قوربانی (کوردەکان) لەبەردەستدا نییە، بەڵام جێگای خۆیەتی وای دابنێین کە ئەوانیش لە ناو چەند هەزار سەربازی عێراقیدا لە کاتی بۆمبارانی چڕوپڕی ئامانجە عێراقییەکاندا لە کاتی شەڕەکەدا کوژراون.

زۆر کەس راپۆرتیان دا کە ئەوانەی لە سوپای عێراق بە خۆیان‌و چەکەکانیانەوە رایان کرد بۆ ئێران سەربازە کوردەکان بوون[149]. سەربازە کوردەکان لە لایەن شێخ سعود ئەلسەباحی باڵیۆزی کوەیتەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە توندی رەخنەیان لێگیرا لەسەر ئەو رەفتارە توندوتیژانەیان کە دژی کوەیتییەکان کردبوویان. لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ USA تودەی، ئەلسەباحی باڵیۆز گوتی رێژەی لەسەدا هەشتای سەربازە داگیرکەرەکانی عێراق کە کوەیتیان تاڵان کرد، کە کوەیتیان فەرهود کرد کوردەکان بوون... من وەك خۆم زۆر سۆزم بۆ کوردەکان نییە وەکو تۆ... ئەوان زۆر دڕندەن، لە عێراقییەکانی تر توندوتیژترن... ئەوانەی کە هەموو شتێکیان دزی‌و هەموو شتێکیان تاڵان کرد، کوردەکان بوون[150]. بە شێوەیەك کە جێگای سەرسوڕمانە، ئەم جۆرە شعورکردنانە هاوشێوەی پرنسیپی حکومەتی عێراقی بوو لە کۆکردنەوەی بەرپرسیارێتی‌و بەکارهێناندا لە کاتی سزادانی دانیشتوانی کورددا. ئەم پرنسیپە بە پێی بۆچوونی سەمیر خەلیل (لە ناو عێراقدا لە رووی یاساییەوە دانی پێدا نراوەو بە شێوەیەکی سیستاماتیکانە دژی کوردەکان پیادە کراوە). ئەم پرنسیپە سەرزەنشتی بۆ هەموو خێزانەکان یان هەموو کۆمەڵانی خەڵك ئاراستە کردووە لە پای پێ نانی ئەندامێك یان زیاتر لە ئەندامێك لە سنوورەکانی ئەو کۆمەڵەیە[151].

یەکەم خولی گفتوگۆکانی نێوان عێراق‌و کورد لە کۆتایی نیسانی ساڵی 1991دا لە بەغدا دەستی پێکرد لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەعس‌و وەفدێك لە

www.pertwk.com

گفتوگۆکەرانی کورد کە نوێنەرایەتیی بەرەی کوردستانی عێراقیان دەکردو ئەو وەفدەش بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بوو، ئەندامانی تری وەفدەکەش بریتی بوون لە رەسوڵ مامەندی سکرتێری گشتیی پارتی سۆشیالیستی کوردو سامی ئەورەحمانی سکرتێری گشتیی پارتی گەلی کوردستان و نێچیرڤان بەرزانی برازای مەسعود بەرزانی کە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی دەکرد. بەشداریی هەموو گروپە جیاوازەکانی کورد لە رێگای نوێنەرەکانیانەوە لە گفتوگۆدا بەو مەبەستە بوو کە دەری بخات کوردەکان بەرەیەکی یەکگرتوون.

تاڵەبانی بەئاگا بوو لەوەی کە هیوای بەرز نیشان نەدات. ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی گفتوگۆ لەگەڵ عێراقییەکاندا دەکات و مەبەستی ئیمزاکردنی دوا رێککەوتن نییە لەگەڵ حکومەتدا. سەرباری ئەوە باسی بوونی میزاجێکی نوێی (واقیعانە)ی کرد لە بەغدا لەگەڵ بەهێندگرتنی هەڵوێستی دان نان بە ئۆتۆنۆمیی کوردیدا. کاتێك گفتوگۆکان بەرەو پێشەوە چوون، تاڵەبانی ئاشکرای کرد کە: هەرگیز پێشتر هەڵوێستی بەوجۆرە ئیجابیی نەبینیوە لە عێراقییەکان. هەروەها گوتی: ئێمە نەمانتوانی ئەوان واتە هێزەکانی بەعس لەناوببەین، ئەوانیش نەیانتوانی ئێمە تێکبشکێنن، بەمجۆرە هەردوو لامان لە دوای چارەسەرێکی تر دەگەڕێین کە ئەویش چارەسەری ئاشتییانەیە[152]. لە وەڵامی رەخنەگرتندا لە هەوڵەکانی بۆ ئاشتی لەگەڵ سەدام حسێندا بە تایبەتی رەخنەکانی ئۆپۆزسیۆنی شیعە لە باشووردا، تاڵەبانی و هاوەڵەکانی بە توندی بەرپەرچیان دانەوەو گوتیان هەرکەسێك لە جێگای ئەمان بوایە هەمان رێگای لەبەردەگرت بە مەبەستی گۆڕینی ئەو تراژیدیا پڕ لە ناسۆرە. ئێمە ناتوانین ئەرمینیایەکی ترو چۆڵکردنی کوردستان و دەرکردنی خەڵکەکەی قبوڵ بکەین. تاڵەبانی گوتی: من دژی گفتوگۆکردن بووم، بەڵام ئێمە ناتوانین تەنیا وەکو پارتێکی سیاسی کار بکەین، ئێمە سێ ملیۆن ئاوارەمان هەیە کە دەبێت بیر لە چارەنووسیان



بکەینەوە. ئێمە دەمانەوێت ئاوارەکان بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و ماڵەکانیان بنیاد بنێنەوە. ئێمە دۆستمان نییە تا بە تەنگمانەوە بێن... ئەگەر خەڵکی تر پشتگیریی بکردینایە ئەوا دەمانتوانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بجەنگین، بەڵام ئێمە ئەگەر کورد لە نیشتمانی خۆیدا (لە ماڵی خۆیدا) نەبێت ناتوانین هیچ شتێك ئەنجام بدەین[153].

سەرباری دەست پێکردنی گفتوگۆکان، زۆربەی کوردەکان گومانیان هەبوو لەوەی کە سەرکەوتن بەدەست بهێنن و دژی رژێم درێژە بە خەبات بدەن. بەلای هەندێ چاودێرەوە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەدام حسێندا دان پێدانانێك بوو بە شکستیی جەنگاوەرانی کورددا بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی نەخشە بۆ دانراوی یەکگرتووی پاڵپشتکراو دژی رژێم. تەنانەت لەو ساتەدا کە کوردەکان شارێکیان دەگرت (ساتی راپەڕین. و. ك) توانایان نەبوو بەڕێوەی ببەن و رێکی بخەن. بە قسەی کوردێکی بەساڵاچوو شێوە هاریکارییەکی دان پێدانراو لە نێوان لایەنەکاندا بوونی نەبوو. نەیان دەزانی چۆن ئەو تانك و فڕۆکە هێلیکۆپتەرانە بەکار بهێنن کە لە سوپای عێراقییان گرتبوو[154]. ئەم جۆرە ئیحساساتە لە لایەن تاڵەبانییەوە دەربڕرا کاتێك ئەسەفی بۆ لاوازیی یەکبوون و یەکێتییە رێکخراوەکە هەڵدەکێشا[155].

وەفدی کورد بۆ گفتوگۆکردن بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا ئیمزا نەکرد، بەڵام خولێکی تری گفتوگۆی عێراق و کورد لە حوزەیرانی ساڵی 1991دا دەستی پێکردەوە. ئەمجارەیان، گفتوگۆکان لە لایەن مەسعود بەرزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەرکردایەتی کرا، گفتوگۆکان لەگەڵ سەدام حسێندا گەشبینیی ئەوەی دروست کرد کە ئاشتی مسۆگەرە کاتێك کە پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند ئیمزاکردنی رێککەوتن لەسەر ئۆتۆنۆمیی کوردی نزیکە. مەسەلەی کەرکوك زۆر گفتوگۆی پێشتری لە بار بردبوو، وەکو مەسەلەیەکی چارەسەر نەکراو مابووەوەو بوو بەهۆی نەگەیشتنە ئەنجام لەگەڵ سەدام حسێندا. لە

www.pertwk.com

هەمان کاتدا ئێران پێکهێنانی بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردی بۆ دژایەتیکردنی هەر ئیمتیازێك لە رژێمی عێراق راگەیاند[156]. ئەم بزوتنەوە نوێیە لە لایەن ئەحمەد بەرزنجییەوە* سەرکردایەتی دەکرا. کە هەموو ئەو لایەنە ئیسلامییانەی لەخۆ دەگرت کە سەوداگەرییان لەگەڵ رژێمی بەعسدا رەت دەکردەوە.

هۆیەکی سەرەکی بۆ دژایەتیکردنی ئەو رێککەوتنە لە لایەن ئێرانەوە ئەو مەرجە بوو لە رێککەوتنەکەدا کە کوردەکانی ناچار دەکرد بۆ بەشداریکردنی هێزەکانی سەدام حسێن بۆ شەڕکردن لە دژی شیعەکانی باشووری عێراق. دیسان ئێران سووربوو لەسەر بەکارهێنانی هاریکاری نزیکی نێوان رژێمی عێراق و گەریلاکانی موجاهیدینی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە رازیکردنی کوردەکان بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکانی موجاهیدین لە ناو عێراقدا. راپۆرتی ئەو شایەتانەی کە بینیوویانە چۆن هێزەکانی موجاهیدین هاریکاریی سوپای عێراقی کردووە بە دژی راپەڕینی کوردەکان. دایڤد هێرستی رۆژنامەنووسی بەریتانی راپۆرتی لەسەر رووداوێك نووسیوە کە تیایدا پێشمەرگەکانی کورد پەنجاو حەوت شەڕکەری موجاهیدینی سەر بە عێراقیان لە کەمینێدا گرت کە حەڤدەیان ژن بوون، ئەمانەیان لە قوتابخانەیەکدا گرت و گوللەبارانیان کردن[157].

سەرباری ئەوەی کە وردەکارییەکانی گفتوگۆی رێککەوتنی بەرزانی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا لە ناو خەڵکدا ئاشکرا نەکرا. گفتوگۆکەرانی کورد خاڵە سەرەکییەکانی رێککەوتنەکەیان ئاشکرا کرد، کە ئەمانەی خوارەوە بوو:

1) دەبوو بەرەی کوردستانی پشتگریی شۆڕشی 1968 بکات کە حیزبی بەعسی هێنایە سەر کورسیی دەسەڵات. بەرزانی گوتی: رێککەوتنی ئەو لەگەڵ سەدامدا داوای جیاکردنەوەی حیزبی بەعسی کردووە لە حکومەت.

2) بەرەی کوردستانی دەبوو بە مۆڵەت پێدانی بەعس پەیوەندی لەگەڵ حکومەتان و رێکخراوانی دەرەوەدا بکات.



3) بەرەی کوردستانی ناچار دەبوو کە دوای حیزبی بەعس بکەوێت، هەرکام لە دوژمنەکان (مەبەست لە دوژمنی یەکەمیش ئێران بوو، دووەمیش شیعەکانی باشوور بوو) کە بەعس داوای لە کوردەکان دەکرد یارمەتیی بدەن بۆ سەرکوتکردنیان.

4) دەبوو هەموو زیندانییە سیاسییەکانی کورد راستەوخۆ ئازاد بکرانایە.

5) ئێزگە نهێنییەکانی رادیۆی کوردەکان دەبوو دابخرێن و گروپە کوردەکان کاتیان بۆ تەرخان دەکرا لە ئێزگەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی حکومەتدا کە لە هەرێمی کوردیدا هەبوون.

6) لە بارەی فرۆشتنی داهاتی نەوتەوە، لە داهاتوودا بەغداو کوردەکان گفتوگۆی شێوە یان رێگایەکیان دەکرد بۆ پێدانی بەشێکی گرنگ لەو داهاتە بە حکومەتی هەرێم.

7) بەغدا باربووی ئەو کوردانە بکاتەوە کە ماڵیان وێران کراوە یان ئەوانەی ئازار دراون بە دەستی حکومەتی مەرکەزی.

8) سەرۆکە کوردەکان ناوچەکە بەڕێوە دەبەن بۆ ماوەی سێ مانگ و لە پاش سێ مانگ هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت لە هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردیدا. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیش لە ماوەی شەش بۆ دوانزە مانگدا ئەنجام دەدرێت[158].

تا ماوەیەك وا پێ دەچوو کە هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی هاودەنگ بن لەگەڵ مەسعود بەرزانیداو رێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ بەغدادا ئیمزا بکەن. بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی نەخشەکەی بەرزانیی رەت کردەوە، لە جیاتی ئەوە تاڵەبانی لە راگەیاندنێکی سەرنجڕاکیشدا لە تورکیاوە پێشنیاری کرد کە تورکیا دەورێکی زۆر چالاکانە دەبینێ لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا، هەروەها بە ئاشکرا دژی عەبدوڵڵا ئوچەلان و پارتی کرێکارانی کوردستان قسەی کرد لە پای درێژەدان بە خەباتی کورد دژی دەوڵەتی تورکیا[159]. جارێکی تر کوردەکان بوونەوە بە

www.pertwk.com

قوربانی ناکۆکییە شەخسییەکانیان و ناکۆکیی نێوان گروپەکان.

لە حوزەیرانی ساڵی 1991دا ئاخاوتن لەسەر ئۆتۆنۆمیی کوردی لە بەغداوە گواسترایەوە بۆ هەولێری شاری کوردان کە لەوێ سەرکردەکانی کورد لەگەڵ عیزەت ئیبراهیمی جێگری سەدام حسێن لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کۆ بوونەوە. سەرباری داواکارییەکانی ئۆتۆنۆمی کە لە ئاخاوتنەکانی پێشتردا بەرز کرابوونەوە، کوردەکان پرۆژەیەکی نوێیان بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراتی لە عێراقدا پێشکەش کرد کە مەسەلەی سەرکوتکردنی زۆرینەی شیعەیشی لەخۆ گرتبوو[160]. هەرچەندە هیچ ڕێککەوتنێك ئەنجام نەدرا، بەڵام عێراقییەکان لەوانەیە لە کەمتەرخەمیشەوە بووبێت ڕێگایان دا بە بوونی چەکدارێکی زۆری کورد لە ناوچەکەدا تەنانەت لە شارە گەورەکانی هەولێرو سلێمانیشدا. نزیکی و بە تەنیشت یەکەوەبوونی پێشمەرگەو سوپای چەکداری عێراق لە یەکترەوە بوو بە هۆی چەندین پێکدادان لە نێوان هەردوولادا. لە 21ی تەممووزدا دوای سێ ڕۆژ لە شەڕکردن، پێشمەرگەکان و زیاتریش پێشمەرگەکانی پارتی (ڕاستییەکەی زیاتریش پێشمەرگەکانی یەکێتی. و. ك) هێزەکانی عێراقیان لە سلێمانی دەرکرد[161]. ئەمەش یەکەم جاربوو لە ڕاپەڕینەکانی ئازارەوە شارێکی گەورە لە لایەن هێزەکانی کوردەوە دەسەڵاتی بەسەردا بکرێتەوە. دەسەڵاتدارانی عێراق، ئێرانیان بەوە تاوانبار کرد کە هانی هێرشی کوردەکانی بۆ سەر عێراق داو بە ناردنی پارەو بە ناردنی خەڵك و چەك بۆ کوردەکان. ئەم تۆمەتەی عێراق سەبارەت بە دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆی عێراق بە توندی لە لایەن ئێرانەوە ڕەت کرایەوە. هەروەها ئێران، عێراقی تاوانبار کرد و سەرزەنشتی کرد لەوەی کە لە ئەنجامی بێ توانایی خۆیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان بە ئاشتی دەرەوە تۆمەتبار دەکات[162]. بە شێوەیەکی مەجازییانە، دوای دەست بەسەراگرتنی سلێمانی پێشمەرگەکان خۆیان بینی کە کاری پۆلیس ئەنجام دەدەن بۆ پاراستنی ئەو کاربەدەستانەی کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە



دامەزرابوون لە ناویشیاندا پارێزگاری سلێمانی.

ڕاپەڕینی کورد لە عێراقداو بە دوایشیدا کێشەکانی ئاوارە کە لە ئەنجامی کارەساتی شەڕی کەنداودا بوو لە ڕووداوەستانی گەورەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی و لە ناویشیاندا تورکیا نواند. تورکیا هیچ دڵخۆش نەبوو بە شەپۆلی نیو ملیۆن ئاوارەی کورد بۆ وڵاتەکەی، لە ڕاستیدا تورکەکان دژی چوونە ناوەوەی بەکۆمەڵی کوردەکان بوون بۆ تورکیا هەرچەندە دوای چەند ڕۆژێك لە شەپۆلی چوونە ژوورەوەی ئاوارەکان بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، تورکیا سنوورەکانی داخست. لە هەمان کاتدا حکومەتی تورکیا بەدەوام بوو لە گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراقدا بە ئومێدی ئەو ڕاستییەی کە پتەوبوونی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراق نەبێتە هۆی جووڵەی چاوەڕوان نەکراوی دانیشتوانی کوردی هەڵچووی تورکیا، بڕیاری سەرۆك ئۆزاڵ بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا بە ئاشکرا چاوەڕوانکراو بوو لەسەر ئەو گریمانەی کە نزیك بوو لەوەی ئۆتۆنۆمی وەربگرن و تەنانەت دەشیا سەربەخۆیی لە حکومەتی عێراق ڕابگەیەنن کە حکومەتی تورکیا دژی ئەوە بوو[163].

سەرباری ئەوەش تورکەکان ویستیان ڕێگا لە کردنەوەی ئۆردوگای هەمیشەیی یان نیمچە هەمیشەیی و بە (فەلەستینیکردنی) کوردەکان بگرن کە ئەو ئۆردوگایانە دەبوون بە شوێنی پەروەردەکردنی گەریلای کوردی کە شان بە شانی پێشمەرگەکانی پارتی کرێکاران دژی تورکیا دەجەنگان. دیسان ئەنقەرە ترسا لەوەی کە ئۆردوگاکانی ئاوارەکان ببێت بە سەرچاوەیەکی نوێی ناکۆکیی نێوان تورکیا و ڕۆژئاوا، ئەگەر بێت و ڕۆژئاوا پشتگیریی داواکانی ناسیۆنالیستی کورد بکات[164]. فاکتەرێکی تریش کە هانی تورکیای دا بۆ دژایەتیکردنی چوونە ناوەوەی بەکۆمەڵی ئاوارەکانی کورد ئەوە بوو کە تورکیا کۆڕەوی ئاوارەی وەکو موئامەرەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوی سەدام حسێن سەیر دەکرد بە مەبەستی تێکدانی سەقامگیریی تورکیا. ئەفسەرێکی

www.pertwk.com

پایەبەرزی تورکیا گفتوگۆی ئەوەی کرد کە ئەگەر سەدام حسێن بیویستایە ڕێگا لە کۆڕەوی کورد بگرێت لە عێراقەوە ئەوا دەیتوانی بە ئاسانی فەرمان بدات بە سەربازە عێراقییەکان بۆ ئەوەی ئابلۆقەی کوردەکان بدەن لە جیاتی ئەوەی کە زیاتر.. پاڵیان بنێت بەرەو سنووری تورکیا[165].

بە مەبەستی سەرسوڕمانی هەندێ خەڵکی دەرەوە، بۆ ڕێگاگرتن لە شەپۆلی گەورەی ئاوارەیی کوردەکانی عێراق بەرەو تورکیا لە دوای جەنگی کەنداو فشار دروست کرا ئەویش لە ناو ناوەندەکانی کوردی تورکیاوە، ئەمەش یەکێك لەو چەند نموونەیە نیشان دەدات کە تیایدا بەرژەوەندییەکانی کوردی تورکیا و دەوڵەت هاوشێوە بوون، هەروەك ئەندامێکی ئەنجومەنی شاری وانی کورد دەریبڕی ئەگەر حکومەتی تورکیا سنوور بکاتەوە، ئەوا دنیا کێشەکەی لەبیر دەچێتەوە، کێشەکە دەبێتە کێشەی ئاوارەکان و پارەو ئێمەی کوردیش خاکی خۆمان لەبیر دەچێتەوە[166]. کاتێك هێزی هاوپەیمانان هەرێمی (پارێزراو)یان لە ناو عێراقدا دروست کرد و حەڤدە هەزار سەربازیان بڵاو کردەوە، تورکیا پێشوازیی لەو هەنگاوە کرد. بەڵام بەر یەککەوتن و لێك تێنەگەیشتن کە دەرەنجامی بوونی هێزەکانی ڕۆژئاوا بوو لە نزیك هێڵی سنووری عێراق – تورکیا، بوو بە هۆی جۆرە پەشێوییەك لە ناو کوردەکاندا سەبارەت بە مەعقولییەتی هێزێکی لەوجۆرە. سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن و چاپەمەنیی تورکیا ناڕەزاییان لەوە دەربڕی کە.. فەرماندەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا وەکو سەرکردەی کۆڵۆنیالیستەکان ڕەفتار دەکەن[167]. هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا هێجگار حەساس بوون بەرامبەر بەم مەسەلەیە. کاتێك کە یەکەی دەریایی بەریتانیا بە توندی ڕەفتاری لەگەڵ کارمەندێکی پایەبەرزی تورکیادا کرد و ڕێگای پشکنینی ئۆردوگا کوردییەکانی لێگرت، ئەو یەکەیە فەرمانی پێکرا کە بە زووترین کات وڵات بەجێ بهێڵێت. بۆ ئەو مەبەستە وەزیری بەرگریی بەریتانیا تۆم کینك ڕەوانەی ئەنقەرە کرا بۆ ئەوەی لێبوردنێکی ڕەسمی پێشکەش بە حکومەتی تورکیا



بکات.

گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوونی هێزە سەربازییەکانی ڕۆژئاوایان خستە خزمەتی خۆیانەوە بە تاوانبارکردنی حکومەتی تورکیا بەوەی کە داهاتووی کورد دەخاتە خزمەتی ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتی و کۆڵۆنیالیزمەوە و بەوەش ناپاکی لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی تورکیا و مافەکانی سەروەرێتی تورکیا دەکات. لە ئەنجامی ئەوەدا پارتی کرێکارانی کوردستان زنجیرەیەك هێرشی بۆ سەر ئامانجە تورکییەکان بەرپا کرد بە مەبەستی کوشتنی سێ کاربەدەستی پایەبەرزی ناوخۆ لە سۆهال ئەویش لە 28ی نیسانی ساڵی 1991دا، ئەوەش زیاتر بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ناوخۆ بوو لە دژوەستانی بوونی سوپای ڕۆژئاوا لە کوردستاندا[168].

ڕابوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە زنجیرە هەڕەشەیەکدا کە لە لایەن چالاکیی ئەنجامدەرانەوە دژی جێگیربوونی هاوپەیمانان لە باکووری عێراق و تورکیا و نەیاران (ناپاکان) مەسعود بەرزانی و جەلال تاڵەبانی بڵاو کرایەوە لە پای ئەوەی کە سەرگەرمی گفتوگۆکردن بوون لەگەڵ حکومەتەکانی تورکیا و عێراقدا.

پاشان جێگیرکردنی پێنج هەزار سەربازی ئەمەریکی و بەریتانی و فەڕەنسی لەسەر خاکی تورکیا لە حوزەیرانی 1991دا دەستی پێکرد لە ژێر ناوی (هێزەکانی چەکوشی ئامادە) کە تەڵەیەکی بۆ تورکیا نایەوە. ئەم هێزە مەبەستی ئەوە بوو کە دەور ببینێ وەکو بەربەستێك لە بەردەم جووڵەی سەربازیی زیاتری عێراقدا دژی کوردەکان، خۆ ئەگەرچی ئەو بەربەستە نەیتوانی وەکو هێزێکی خێرا کاردەرەوە دەور ببینێ بۆ چوونە ناو عێراقەوە، بەڵام بوو بە هۆی بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی تورکیا. چاپەمەنی و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیادا کاردانەوەیەکی خراپیان هەبوو بەرامبەر بە جێگیرکردنی ئەو هێزە لەسەر خاکی تورکیا. زۆرێك لە تورکەکان نەك هەر دەترسان لەوەی کە سەروەرێتیی وڵاتەکەیان لەوانەیە ڕووبەڕووی

مەترسی بێتەوە بەهۆی ئامادەبوونی هێزەکانی رۆژئاواوە لە تورکیادا بۆ هەر کاردانەوەیەك، بەڵکو پێشیان وابوو کە کارێکی ناشایستەیە بۆ تورکیا کە بەهۆی هاریکاریکردنییەوە لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوادا هاوسێکانی بخاتە لاوەو بیانکات بە غەریب بە دەستوەردانە ناو کاروباری ناوخۆیانەوە. ئەرداڵ ئینینۆی سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئۆپۆزسیۆن دیسان بە شێوەیەکی ناخۆش شکاتی لەوە کرد کە تورکیا ئەرکی ئەوە نەبوو کە دەوری پارێزەری گروپە ئیتنیکییەکانی وڵاتانی تر ببینێت. ئەگەر ئەم جۆرە پارێزگاریکردنە پێشکەش بکرایە، ئەوە دەبوو لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەککگرتووەکاندا بوایە. بەوپەڕی گرنگییەوە تورکەکان مەودای بەرفراوانی پێ ناخۆشبوونی خۆیان بۆ چوونە ناوەوەی وڵاتەکەیان لە ئەنجامی سەرکێشی هاوپەیمانی سەربازیدا دەربڕیو ترسان لەوەی کە لە کۆتاییدا هێزی کاردانەوەی بە پەلەی رۆژئاوا ببێتە (چەکوش)و تورکیاش ببێتە (دەزگای چالاکیی چەکوشی ئامادە)[169].

کاتێك شەڕی کەنداو لە شوباتی 1991دا بە شکستیی سەربازیی عێراق کۆتایی هاتو ئەوەش یەکسان بوو لەگەڵ خۆبەدەستەوەدانێکی بێ مەرجو بەندی حکومەتەکەی سەدام حسێندا. ئیدارەی بوش بڕوای وابوو کە سوپای عێراق کودەتایەك رێك دەخاتو سەدام حسێن لا دەبات. CIA وای هەڵسەنگاند کە رژێمەکەی سەدام لە ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێك دەڕووخێت لە دوای ساتەوەختی تێکچوونو سووکایەتی پێکردنو ملکەچبوونو خۆبەدەستەوەدانی عێراق بۆ مەرجە سەپێندراوەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکان[170]. کاتێك پێشبیی لابردنی سەدام بەرجەستە نەبوو، واشنتۆن بە گونجاوی لەگەڵ بەریتانیاو کاربەدەستانی عەرەبستانی سعودیدا کەوتنە هەوڵو تەقەلای پشتگیریکردنی گروپە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ناویشیاندا ئەو گروپانەی کە جێگای بڕوا نەبوونو لە لەندەنو سوریا دادەنیشتن.



سەرکردایەتیکردنی ویلایەتە یەککگرتووەکان گەڕان لە دوای جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ سەدام حسێن کە سەر بە رۆژئاوا یان سەر بە عەرەبستانی سعودی بێت، راپەڕینی بێ بەرنامەی رەگو ریشەداری زۆرینەی شیعە لە باشووردا و لە سەرەتای ئازاری 1991داو راپەڕینی کورد لە باکووردا راستەوخۆ بە دوای راپەڕینی باشووردا هەرەسی پێهێنرا. لە ترسی رووخاندنی دەوڵەتی عێراق، ویلایەتە یەککگرتووەکان هەر لە سەرەتاوە خۆی لە پاراستنی راپەڕینەکانی خەڵکی عێراق دژ بە سەدام حسێن دوور خستەوە. ئیدارەی بوش رەفزکردنی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئەو راپەڕینە وا روون کردەوە کە ئارەزووی ئەوەی نییە دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ترەوە. لە ئەنجامدا لە 5ی ئازارداو چوار رۆژ دوای ئەوەی کە سەرۆك بوش بە ئاشکراو بە توندی هانی خەڵکی عێراقی دا بۆ (خۆڕزگارکردن لە سەدام)و کۆشکی سپی بەیانێکی بڵاو کردەوە کە دەڵێت: ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە خۆمان لە کاروباری ناوخۆی عێراق هەڵقورتێنین[171]. ئەم تەئکیدکردنە جێگای سەرسوڕمان بوو، ئەو راستییەی دەخستە روو کە ویلایەتە یەککگرتووەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو خۆی لە کاروباری عێراق هەڵقورتانبوو، تەنیا هەر ئەوە نەبوو کە هانی لابردنی حکومەتەکەی سەدام بدات (ئەمە رەنگە داوایەکی زۆر توندوتیژ بووبێت کە لە هاوینی 1991دا دووبارە دەبووەوە) بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا هەنگاوی چالاکانەشی هەڵدەگرت بۆ زیاتر شلۆقکردنی باری عێراق لە داهاتوودا.

لاوازیی یارمەتیدانی ویلایەتە یەککگرتووەکان بۆ راپەڕینی کوردو شیعە، پەیوەندییەکی کەمی هەبوو بە چاودێریکردنی پرنسیپی دان پێدانراوی نێودەوڵەتییەوە بۆ دەستتێوەرنەدانی کاروباری ناوخی وڵاتانی تر. ترسی رووخاندنی عێراق لەو ناسەقامگیرییە هەرێمییەی کە ئەو رووخاندنە دروستی دەکات فاکتەری سەرەتایی بوو لە دوورخستنەوەی ئیدارەی بوش بۆ پشتگیریکردنی راپەڕینەکان. سەرباری ئەوەش ئیدارەی بوش گەیشتبوو

www.pertwk.com

بەو ئەنجامەی کە راپەڕینەکان شکستیان هێناوە لە لابردنی سەدام حسێندا. واشنتۆن و ریاز هەردووکیان هێشتا هەستیان بەوە دەکرد کە کودەتایەك لە لایەن ئەفسەرانی سوپاوە رێك بخرێت بە مەرجێك ئەو ئەفسەرانە مەیلیان بۆ ویلایەتە یەککگرتووەکان و عەرەبستانی سعودی هەبێت.. ئەوەیان ئیختیارێکی پەسەندترە[172]. ترسی ویلایەتە یەککگرتووەکان لە بارەی ئێرانەوە بەشداریی کرد لە دوودڵیکردنی ئیدارەکەی بوشدا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ شیعەکان. هەروەك کاربەدەستێکی دەوڵەت روونی کردەوە، ویلایەتە یەککگرتووەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعودیدا بەشداربوو لە بارەی مەسەلەی شیعەی رادیکاڵی پاڵپشتکراو لە لایەن ئێرانەوە کە لە عێراقدا دەسەڵات بگرنە دەست[173]. کاتێك کە راپەڕینی کوردەکان بە دوای (راپەڕینی شیعەدا هات)، ویلایەتە یەککگرتووەکان مەترسیی ئەوەی هەبوو کە بەغدا لە رووی سەربازییەوە بە تەواوەتی تێکبشکێ و هەروەها لە بەلوبنانبوونی عێراق ترسا. سەرباری ئەوەش، پەیوەست بە کاریگەریی زۆری سەرکەوتنی راپەڕینی کورد لە عێراقداو کاریگەریی ئەو سەرکەوتنەش لەسەر سەقامگیری باری تورکیا بوو بە هاندەرێك بۆ ئیدارەکەی بوش کە هەڵوێستێکی بێ لایەنانە وەربگرێت.

تەنانەت ئەگەر ویلایەتە یەککگرتووەکانیش بڕیاری بدایە بۆ هاتنە ناوەوەی هەندێ گفتوگۆ ئەوا هیچ زەمانەتێك نەدەبوو کە ژانی کوردەکان سووك بکات. هەروەك پرۆفیسۆر شیبلی تێلهەمی لە زانکۆی کۆرنێڵ گفتوگۆی کردووە لە گوتارێکیدا لە نیوۆرك تایمزدا. خۆهەڵقورتاندنی ویلایەتە یەککگرتووەکان لە کێشەی کورد سەری لە کورد تێکداوە چونکە ویلایەتە یەککگرتووەکان ناتوانێت سیستەمی سیاسیی بۆ عێراق پێکبهێنێت. هاتنە ناوەوەی ویلایەتە یەککگرتووەکان تەنیا ئەوەندە کوردەکان دەجووڵێنێ کە شەڕی خوێناوی تر بکەن و لەوانەیە دوای ئەوە بە جۆرێك تێکبشکێنرێن کە بۆ چەند دەیەیەك بەردەوام بێت[174]. دانیال پایپس لە دەزگای توێژینەوەی



سیاسیی دەرەوە لە فیلادیلفیا دیسان ئیدارەی بوشی لە بارەی دەستتێوەردانی زۆر شێلگیرانەیەوە لە شەڕی ناوخۆی عێراقدا ئاگادار کردەوە لەگەڵ هیواخواستنی ئەوەی کە هێزەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکان لە ژێر فەرماندا بن و جەنەراڵ شوارزکۆف ولاتەکە بەڕێوە ببات، هەروەك پایپس وریاکردنەوەو ئاگاداریی پێشکەش کردو گوتی: شتێکی رۆمانسییانە دێتە پێش چاو، بەڵام سەرنج بدەن، هەمان شێوەی ئیسرائیلییەکان لە باشووری لوبناندا و پێش لە نۆ ساڵ، سەربازە ئەمەریکییەکان خۆیان بینی کە بە زوویی بوونە جێگای رق و کینە.. مانەوە لە جێگایەك بوو بە مایەی ئازاری زۆر، جێهێشتنیش بوو بە مایەی سووکایەتییەکی زۆر[175]. ئاخاوتنەکان لە بارەی مەعقوولییەتی هاتنە ناوەوەی سەربازی ویلایەتە یەککگرتووەکان و خۆهەڵقورتاندن لە کاروباری کوردەکانی عێراقدا بوو بە شتێکی گفتوگۆکراو لەبەر ئەوەی رووداوەکان لە ناو عێراقدا (بوش)یان ناچار کرد بۆ فراوانکردنی سنووری هاتنەوە ناوەوە لە پشتی بەخشینی خۆراك و شوێنی حەوانەوە بۆ ژمارەی زیادبووی ئاوارەکانی کورد، ئەو هەنگاوانەش پێویست بوون لەبەر بگیرێن بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیی جەستەییان.

شەپۆلی هەزاران کوردی برسی و مردنی هەزارانی تر کە کەوتبوونە داوی چیاکانی کوردستانەوەو لە بەردەم هەڕەشەی سەختدا بوون، فشاریان دروست کرد لەسەر کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کە بە شێوەیەکی چالاکانەتر بێتە ناوەوە. کۆمەڵەی ولاتانی ئەورووپی لە کۆبوونەوەی بە پەلەی هەشتی نیسانی ساڵی 1991یدا لە لۆکسۆمبۆرگ تیایدا لە لایەن جۆن مێجەری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاوە پێشنیارێك پێشکەش کرا بۆ دامەزراندنی (ناوچەی پارێزراو) بۆ کوردەکان لە باکووری عێراقدا. پێشنیارێکی لەوجۆرە پێشتر لە لایەن تورکۆت ئۆزاڵی سەرۆکی تورکیاوە کرابوو. (ناوچەی پارێزراو) دەبوو لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە بچێت و بە هێزی سەربازیی هاوپەیمانان ئەو کارە ئەنجام بدرێت و بە دوو قۆناغ کارەکانی ئەنجام بدات.

www.pertwk.com

قۆناغی یەکەم گێڕانەوەی کوردەکان لە چیاکانەوە، قۆناغی دووەم داوای گەڕانەوەی کوردەکانی دەکرد بە سەلامەتی بۆ نێومالّو حالّی خۆیان[176]. جۆن مێجەری سەرۆك وەزیران بڕوای وابوو کە پێشنیارەکەی لە سنووری بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبێت کە دەسەلاّتی یارمەتیدانی مرۆییانەی خەڵکی عێراقی هەیە. هەروەها بەریتانیا بڕیاری قەدەغەکردنی جینۆسایدی ساڵی 1948ی وەکو بەڵگەی یاسایی هێنایەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی پێشنیارەکەی بۆ رێگاگرتن لە جینۆسایدکردنی کوردەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیریی شەرعیەتی دامەزراندنی ناوچەی پارێزراوی لە باکووری عێراقداو لە ژێر دەسەلاّتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد ئەویش بە پشت بەستن بە گەڕانەوە بۆ کارێکی پێشتری لەوجۆرە کە هێشتا نوێ بوو. ئەویش ئەو ناوچەیە بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو ناوچەی پارێزراو بۆ ئاوارە ئیندۆچینییەکانیان دروست کرد لە سنووری کۆمبۆدیا – سایدا.

ئیدارەی بوش عێراقی وریا کردەوە کە خۆی لە هەوڵو تەقەلا مرۆییەکان بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان هەڵنەقورتێنێ. ویلایەتە یەکگرتووەکان رێگای لە هێزی ئاسمانیی سوپای عێراق گرت کە بەسەر باکووری هێڵی سیو شەشدا نەفڕێت کە ئەو هێڵە کەمێك دەکەوێتە خوارووی هەولێرەوە. پاشان لە حەڤدەی نیساندا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزی سەربازیی بەرەو باکووری عێراق نارد بۆ پاراستنی زەمینەی دروستکردنی ناوچەی پارێزراو بۆ کوردەکان لە ژێر سایەی بەڕێوەبەرایەتیی شەرعیەتی دروستکردنی یەکەیەکی زیادەی هەرێمایەتی لە ناو ولاّتێکی خاوەن سەروەریدا بەلاّم تووشی رووبەڕووبوونەوە بوو. ئەحمەد حسێن خوزیەری وەزیری نوێی دەرەوەی عێراق ئەو هەڵسوکەوتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی رەت کردەوە بە دەربڕینی ئەوەی کە ولاّتەکەیو نەتەوە یەکگرتووەکان پێشتر گەیشتبوونە رێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کوردی بە رێگادان بە نەتەوە



یەکگرتووەکان کە (ناوەندە مرۆییەکان) بۆ ئاوارەکان لە باکوورو باشووری عێراقدا بەڕێوە ببات. سەعدون حەمادی سەرۆك وەزیران ئارەزووی ولاّتەکەی بۆ لە رووداوەستان (بە رێگای خۆی) لە بەرامبەر هاتنە ناوەوەی سەربازیی رۆژئاوا بۆ کوردستانی عێراق دووبارە کردەوە[177]. وەزارەتی دەرەوەی سۆڤێت بەیانێکی دەرکرد کە تیایدا بەگومانەوە دەیڕوانییە رەوابوونی ئەو جووڵانەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڤیتاڵی چێرکینی قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی سۆڤێت ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دامەزراندنی هەرێمی ئاسایش بە بێ رازیبوونی عێراق پێنانە لە کەسێتیی نەتەوە یەکگرتووەکانو بنیادنانی (پێشینەیەکی ناپەسەندە). سەرەڕای ئەوەش چێرکین تێبینیی گرفتێکی جیددیی کرد کە ناوچەیەکی پارێزراوی لەوجۆرە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی دروست بکات لە بەستنەوەیدا بە پێویستبوونی پێناسەکردنی سنوورەکانەوە بە باری یاسایی نێونەتەوەیی لە هەرێمەکەداو هەروەها پێکهاتەی ئیتنیکی دانیشتوانەکەی[178]. بەهەرحاڵ، سۆڤێتییەکان لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانیەوە فشاریان خرایە سەر بۆ ئەوەی واز لە نارەزاییبوونیان بهێننو لە کۆتایی نیساندا سۆڤێت رەزامەندیی خۆی بۆ فیکرەی بوونی ناوچەیەکی پارێزراو لە ناو عێراقدا نیشان دا.

لە مایسی 1991دا هێزەکانی رۆژئاوا ناوچەی پارێزراویان بە پێوانەی (حەفتاو پێنج لێکدانی سی) میل دروست کرد. سەرباری ئەوەی چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بوونو لە سەد بۆ پێنج سەد پۆلیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو ناوچەکە چوون، شتێکی ئاشکرا بوو کە ئەو ناوچەیە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەبرا نەك لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەلاّم کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وایان نیشان دا کە سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانو سەربازی ولاّتی تری رۆژئاوا بە زوویی ناوچەکە بەجێ دەهێڵنو پێیان خۆشە نەتەوە یەکگرتووەکان

www.pertwk.com

سەرپەرشتیی ناوچەی پارێزراو لە عێراقدا بکات. لە 22ی مایسدا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەنگاوی نا بۆ فراوانکردنی ئەم ناوچەیەو دهۆکیشی گرتەوە، کە پێشتر لە دەرەوەی ناوچەی پارێزراوی راگەیەندراو بوو بۆ کورد. سەرباری ئەوەی کە هەندێ لەوە ترسان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان یەك لایەنە ئامادەبوونی سەربازیی خۆی لە باکووری عێراقدا فراوان بکات. کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەم جموجوڵەیە کارێکی کاتییەو نەخشەکێشراوە بۆ بواردان بە دکتۆرو ئەندازیارو تایبەتمەندەکانی تر بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ قایلکردنی سەد هەزار ئاوارەی کورد کە بگەڕێنەوە ماڵو حاڵی خۆیان. بە رێککەوتن سەربازەکانی عێراق دهۆکیان چۆڵ کرد، بەڵام رێگایان پێدرا کە ماوەی چوار میل دوور لە سنوورەکانی شارەکە بمێننەوە[179].

لە ناوەڕاستی تەمموزی ساڵی 1991دا، سەربازەکانی رۆژئاوا پاشەکشێی خۆیان لە ناوچەی پارێزراوی باکووری عێراق کرد. هەروەك پێشتر باس کرا دوای دەرچوون لە عێراق، هێزەکانی رۆژئاوا، هێزێکی خێرا کاردەرەوەیان دروست کرد کە بنکەکەی لە سلۆپی تورکیا بوو کە ماوەی پێنج میل لە سنووری عێراقەوە دوور بوو. هەرچەندە قەوارەو بنیادو سیفاتی ئەو هێزە لە پرسو راگۆڕینەوە لەگەڵ تورکیادا گەیشتۆتە ئەنجام. پەیامی راگەیەندراوی ئەو هێزە بۆ رێگاگرتن بوو لە هێرشی تری عێراق بۆ سەر کوردەکان، کە ئەو هێرشەش ببێتە هۆی ناچارکردنیان بۆ کۆڕەوێکی تر بۆ تورکیا. شوێنی هێزی کاردانەوەی خێرا کە نزیك بوو لە چیای جۆدیەوە دەشیا کێشە دروست بکات. ئەو ناوچەیە لە کۆنەوە جێگایەکی گرنگی خۆحەشاردانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. پێکدادانی جار لە دوای جار لە نێوان هێزەکانی پارتی کرێکاران و سەربازەکانی تورکیادا لە نزیك بنکەی سلۆپی رووی داوەو لە سەرەتای تەمموزی 1991دا سلۆپی شانۆی پێکدادانێك بوو لە نێوان هەردوولادا[180]. لە سەرەتای ئابدا، هێزە



سەربازییەکانی تورکیا کە پاڵپشت کرابوون بە فڕۆکەی جەنگیو هێلیکۆپتەر هێرشێکی بەربڵاوی پێنج رۆژییان دژی بنکە بەهێزەکانی کوردەکان بەرپا کردو هێرشە سەربازییەکەیان گواستەوە بۆ ناو عێراق. گوندە کوردەکان هێزی سەربازیی هاوپەیمانانی سەقامگیربوو لە تورکیایان تاوانبار کرد کە بوون بە هۆی ئەو ئۆپەراسیۆنە. دژایەتیی ئاشکرای پارتی کرێکاران بۆ بوونی هێزی سەربازیی رۆژئاوا لە تورکیادا شتێکی نەشاراوەبوو کە سەربازانی هێزی کاردانەوەی خێرا رابکێشرێنە نێو ململانێی دوورودرێژی کوردو تورکەوە بە بێ ئەوەی کە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بەدەست بهێنن.

سەرباری چوونە ناوەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرژەوەندیی کورد، لە بەڕێوەبردنێکی دوورودرێژدا، هێڵەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیاری دەکرێتو هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەکو پاراستنی سەقامگیری رژێمە لێك نزیکەکانو بەهێزکردنی بەرژەوەندییە ستراتیژیو سیاسیو ئابوورییەکان لە هەرێمەکەدا دەگرێتەوە. لەم هەلومەرجەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێز ناکات. هەندێ کەس لە واشنتۆن یان لە بەغدا بڕوایان بە بەردەوام دووبارەکردنەوەی دروشمی سیاسیی کورد (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانو دیموکراتی بۆ عێراق) هەیە. هەروەك توێژەرێکی بەرزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیدارەکەی بوشدا دایناوە ئەمڕۆ ئۆتۆنۆمیو بەڵام سبەینێ دەوڵەتی سەربەخۆ، ئێمە هەموومان ئەوە دەزانین. کاربەدەستێکی تری ئیدارەی بوش زۆر بە ئاشکرا دەڵێت: لەوانەیە کوردەکان وا دەربکەوتن توندوتیژن، ئەوان گەلێکی باشن، زیرەکن، بەڵام لە راستیشدا رێگرن.. زۆربەی کاتیان بە شەڕکردنی یەکترەوە بەسەر دەبەن هەرچۆن شەڕی دەوڵەتی مەرکەزی دەکەن. ئەمان دۆڕاون[181]. ئەم روانینە بێ بنەمایانە بێگومان بەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی هەڵوێستە سیاسییەکانی واشنتۆندا بەرامبەر بە راپەڕینی کورد لە ساڵی 1991دا.

www.pertwk.com

لە کۆتاییدا وەڵامی ئێران بۆ کێشەی ئاوارەی کورد پێویستیی بەوەیە هەڵبسەنگێنرێ. بە پێچەوانەی تورکیاوە کە سنوورەکانی بە رووی کوردەکانی عێراقدا داخستو تەنیا لەبەر فشاری نێودەوڵەتیو لەبەر لێشاوی یارمەتیی مرۆیی کە لە لایەن نوێنەرانی نێودەوڵەتیو رۆژئاواوە پێشکەش کرا سنووری کردەوە. ئێران هەر لە سەرەتاوە سنوورەکانی بۆ کوردە راکردووەکان خستە سەرپشت. ژمارەی ئاوارەکانی کورد لە کۆتاییدا گەیشتە ملیۆنو نیوێك کە ئەوەش سێ ئەوەندەی ژمارەی ئاوارە کوردەکان بوو لە تورکیا. بۆ راستیش ئێران پێشتریش گەورەترین ژمارەی ئاوارەی لە جیهاندا داڵدە داوە. زۆرێکی ئەفغانیو شیعەی عێراقو شەپۆلی کوردەکانی عێراق وایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە کە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەی لە لابێت لەسەر ئاستی جیهان.

وەڵامدانەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی ئاوارە کوردەکان لە ئێراندا هێواش بوو. لە کاتێکدا هەندێ لە وڵاتانی رۆژئاوا لە ئاکامدا بەشدارییان کرد لە کۆششە مرۆییەکاندا بۆ حکومەتی ئێرانی، بەڵام هێشتا وەڵامدانەوەیان بەراورد بەوەی تورکیا زۆر لاواز بوو. بەدەنگەوەهاتنی کەموکورتو ناشایانی رۆژئاوا بۆ باری سەختی ئاوارە کوردەکان لە ئێراندا پێشنیاری ئەوە دەکات کە کەنارگیریی ئێران لە رۆژئاواو بە تایبەتیش لە ویلایەتە یەککگرتووەکان نوێنەرە بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانی چاوبەست کردووە کە لە لایەن یارمەتی بەخشەکانی رۆژئاواوە دەسەڵاتیان بەسەردا دەکرێت. لە ناوەڕاستی مایسی 1991دا ویلایەتە یەککگرتووەکان بە بڕی زیاتر لە دوو سەد ملیۆن دۆلار بەشداریی کرد بۆ مەبەستی حەوانەوەی ئاوارە کوردەکان کە کەمتر لە بیست ملیۆنی دانرابوو بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان لە ئێراندا. لە بەرامبەر خەرجکردنی هەر دۆلارێکدا لە لایەن وەکیلەکانی حەوانەوەی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئاوارەکانی کورد لە ئێراندا، 7.65 دۆلار خەرج کرا بۆ هەر ئاوارەیەکی کورد لە تورکیادا. لە هەمان کاتدا بە پێی قسەی وەکیلەکانی حەوانەوەی



نێودەوڵەتی ئێران بۆ هەر رۆژێك دە ملیۆن دۆلاری لە بودجەی سنوورداری خۆی بۆ ئاوارەکانی کورد لە وڵاتەکەیدا خەرج کردووە[182]. هەروەك توێژینەوەیەکی ئەنجام دراو لە لایەن لیژنەیەکی مەسەلەی ئاوارەکانەوە کە ئەو لیژنەیە تایبەت بوو بە ویلایەتە یەککگرتووەکان ئاشکرای کرد کە ئەنجامی چنراوی ئەم نەگونجاندنو ناڕێکوپێکییە ئەوەبوو کە ئەو ئاوارانەی کە بۆ ئەوان ئێران نزیکترین سنوور بوو سزا دران لە ئەنجامی پەیوەندیی خراپی حکومەتی ناوخۆ (ئێران)و ویلایەتە یەککگرتووەکاندا. ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە کە سیاسەتی ویلایەتە یەککگرتووەکان لە بارەی ئاوارەوە دادەڕێژێت تەنیا هەر ئەوە نەبوو کە ببێتە هۆی پێدانی خۆراکی کەمو ئاوی پیس بە ئاوارەکانی ناو ئێران، بەڵکو لەوانەیە ئەوە حساب بکرێت بۆ بێ توانایی عەقڵە هەرە چاکەکان لە بارەی دنیای ئاوارەوە، بۆ بینینی دەروازەی شەپۆلێکی ئاوارەبوونی هێجگار گەورە لە یادەوەریدا[183].

لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی پڕ لە بایەخیدا بۆ باری سەختی کوردەکانو لە ئەستۆگرتنی لایەنی ئابووری بۆ بەخشینی پێداویستی بە ئاوارەکان، ئێران مەدحو وەسفی کوردەکانی بەدەست هێنا. هەروەك کوردێکی عێراقی دەریبڕی: مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئایا ئاوارەکانمان باش خۆراکیان دەدرێتێ یان نا، بەڵکو یەکەم شت دەبێت ئێمە سوپاسی کۆماری ئیسلامی بکەین کە سنوورەکانی کردەوەو نەیهێشت خەڵکەکەی ئێمە لەبەر بەفر بمرن[184]. بە هەمان شێوە هەندێ وەکیلی حەوانەوەی نێودەوڵەتی مەدحی هەوڵو کوششەکانی ئێرانیان کرد لە پای بەتەنگەوەهاتنی بە ئاوارەکانی کوردەوە. هەروەك کارمەندێکی حەوانەی نێودەوڵەتی پرسیاری کرد: کام وڵاتی ئەورووپی رێگای بە شەپۆلێکی لەم جۆرەی ئاوارەکان داوە؟ من خۆم سەرسامم بەو چالاکییەی ئیدارەی ئێرانو بەو خێرایییەی کە توانییان ئەو ئاوارانە جێگیر بکەن[185].

لە دەست پێکردنی یەکەم شەپۆلی ئاوارەوە، کاربەدەستە ئێرانییەکانو کەسێتە ئایینییەکان (مەرسومیان) دەرکردو داوایان لە ئێرانییەکان کرد کە

www.pertwk.com

یارمەتیی کوردەکان بدەن وەکو ئەرکێکی ئەخلاقیو نیشتمانیو ئایینی. لە ئەنجامدا هەموو کوردەکان لە ئۆردوگای ئاوارەکاندا کۆ نەکرانەوەو جێگیر نەکران، بەڵکو زۆریان لە لایەن ئێرانییەکانەوە لە کوردستانو ئازربایجانی رۆژئاوا پێشوازی کرانو برانە ناو ماڵەکانیانەوە. لە ناوەڕاستی نیساندا، دانیشتوانی شاری پیران شەهر گەیشتبوونە سەرووی سەدو بیستو پێنج هەزار کەسەوە، کە پێش ئاوارەکان دانیشتوانەکەی بیستو پێنج هەزار کەس بوو. قوتابخانەو مزگەوتو ناوەندە گشتییەکانی تر لە زۆر شاری ئێراندا کران بە جێگای حەوانەوە بۆ کوردەکانی عێراق[186]. هەر کە ژمارەی ئاوارەکان زیادی کرد، ئەوە سەرچاوەکانی یارمەتیی ئێران لە سنوورێکدا وەستا. بارودۆخی تەندروستی بەرەو خراپبوون چوو لە هەندێ لە ئۆردوگای ئاوارەکاندا. سکچوونو نەبوونی چاودێریی گونجاوی پزیشکی بوو بە هۆی مردن لە ئۆردوگا زۆر قەرەباڵغەکاندا. لە ئۆردوگای سەڵماس گرانەتا بڵاو بووەوە کە بیستو پێنج هەزار ئاوارەی لێبوو، لە ناو گروپی پزیشکەکاندا جۆرێك لە دوودڵی سەری هەڵداو گەیشتنە ئەوەی کە بە بێ یارمەتیی دەرەوە زەنگی مردن لە هەندێ لە ئۆردوگاکاندا بە خێرایی دەزرنگایەوە[187]. ئەمەو رووداوی تری لەم جۆرە دەسەڵاتدارانی ئێرانی ناچار کرد کە داوای یارمەتیی بە پەلە لە دەرەوە بکەن.

بەربەستە سیاسییەکان رێگایان لە کۆششەکانی رۆژئاوا بۆ حەوانەوە گرت. یەکەم، ئێران بە گومان بوو لە پشتگیریی ویلایەتە یەکگرتووەکان. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گومانیان لەوە دەکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ویستبێتی سەقامگیری هەرێمەکە بشێوێنێ بە دامەزراندنی هێز لە ناوچەکەدا بە بیانووی دروستکردنی (ناوچەی حەوانەوە) بۆ کوردەکان. هەروەك هەندێ لە کاربەدەستانی رادیکاڵی ئێرانی بینیان، ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی ناوچەی حەوانەوە لە باکووری عێراقدا دابەشبوونی ئەمری واقیعیی عێراقەو دروستکردنی ئیسرائیلی دووەمە لە



ناوچەکەدا[188]. دووەم، ئیدارەی بوش نەیویست ئاماژەیەك بدات بە ئێران بۆ کردنەوەی پەیوەندیی دیپلۆماسی ئەوەش لە ئەنجامی دوودڵبوونی لەرادەبەدەری بۆ ناردنی پێداویستی بۆ ئاوارەکان لە هەرێمی ئێراندا. لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی نیسانی 1991دا فڕۆکەیەکی بارهەڵگری (C – 141)ی هێزی ئاسمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان فەرمانی وەرگرت بۆ گواستنەوەی بارێك کە کێشەکەی 145 هەزار پاوەند بوو، بریتی بوو لە بەتانی بەخشراو بە ئێران. ئەوە یەکەمجار بوو لە ساڵی (1979)ەوە کە فڕۆکەیەکی سەربازیی ئەمەریکی لە فڕۆکەخانەی میهرابادی تاران بە ئەرکێکی رەسمیی ئاشکرا بنیشێتەوە.

کەمێ دوای وەرگرتنی یەکەم بارگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئێران بە خەفەتو ناسۆرەوە ناڕەزایی دەربڕی سەبارەت بە خراپیی ئەو شتانەی کە نێردراون بۆ ئاوارەکان. ئێران رەخنەی لەو بارگەیە گرت بەوەی کە (پیس بووەو شایانی فرۆشتن نەبووە) ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە دەشێت بگێڕدرێتەوە. لە راستیدا جلی بەکارهێنراو شتێکی زۆر ئاساییە لە بەخشینی رۆژئاواداو پەسەندیشە لای ئەوانەی کە یارمەتی وەردەگرن لە زۆربەی وڵاتاندا. بەڵام ئەوە لە ئێراندا پەسەند نییە. لە سنووری کەلتووری ئیسلامیی ئێراندا، بەخشینی جلو بەرگی بەکارهێنراو وەها لێك دەدرێتەوە کە وەرگرەکانی شایانی ئەوە نین شتیان پێ ببەخشرێت. کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تۆمەتەکانی ئێرانیان سەبارەت بەو بارە رەت کردەوەو رایان گەیاند کە هەموو ئەو شتانەی کە رەوانەی ئێران کراون بەکەڵك بوون[189].

یارمەتیی ئەوروپا بۆ ئێران سەرەتایەکی چاودێریکراوی هەبوو لەچاو ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئێران یارمەتیی دارایی‌و جۆرەکانی تری کۆمەکی لە کۆمەڵی ئەورووپی قبوڵ کردو تەنانەت رێگای بە سەربازەکانی ئەڵمانیا دا بێنە ناو ئێرانەوەو پێداویستییەکانی حەوانەوە بگوێزنەوەو

www.pertwk.com

ئۆردوگا بۆ ئاوارە کوردەکان دروست بکەن. ئەمەش یەکەم جار بوو کە کۆماری ئیسلامی ڕێگا بدات بە هێزی سەربازیی بێگانە کە بنکە دابنێن لە ناو وڵاتەکەیدا بۆ هەرجۆرە ئەرکێك بێت. بەڵام بە زوویی کێشەی سیاسی لە نێوان دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێرانی و کارمەندانی یارمەتیدەری ئەوروپادا دەرکەوت. هەندێ لە کرێکاران و یارمەتیدەرو دەستەی پزیشکی گازەندەیان لە دەست ڕەسمیات و دەستتێوەردانی کارەکانیان بە شێوەیەکی ڕۆتینیانە دەکرد. هەندێکی تریش گلەییان لە گرانیی نرخی نیشتنەوە دەکرد کە هەندێ لە وەکیلەکانی حەوانەوە ئەو نرخەیان لەسەر دانرابوو. لە مانگی مایسدا فڕۆکەیەکی نەرویجی کە شتومەکی حەوانەوەی هەڵگرتبوو بە ئاشکرا ناچار کرا ئەرکەکەی خۆی بەجێ نەهێنێت کاتێك کە ئاگادار کرا لە بارەی نرخی نیشتنەوەوە، ئەو نەیتوانی ئەو پارەیەی کە دەبوو بیدات دابین بکات[190].

گازەندەیەکی گەورەتر لە لایەن کۆمەککەرانی ئەوروپاوە ئەوە بوو کە بەشداریکردنیان لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە بە شێوەیەکی گونجاو دانی پێدا نەدەنرا. لە ئەنجامدا نوێنەرێکی کۆمەڵی ئەوروپی لە مایسی 1991دا لە تاران داوای لە حکومەتی ئێران کرد کە بەیانێکی ڕەسمی دەربکات لە بڵاوکراوەکانی ئێرانداو وردەکاریی بڕی ئەو یارمەتییە بخاتە ڕوو کە کۆمەڵی ئەوروپی بۆ ئاوارەکانی کوردی پێشکەش کردووە. ئەم یارمەتییە حساب کرا بە 250 ملیۆن دۆلارو خێمەو بەتانی و خۆراکی گرتەوە. سەرباری 150 ملیۆن دۆلاری (حەوانەوە) کە لە لایەن ئەو گروپانەوە هێنرا کە هاوکاربوون لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵی ئەوروپیدا. ئەمانەو کێشە هاوشێوەکانیان تەنیا پەشێویی گەورەی ئابووری و سیۆسیۆڕۆشنبیری نیشان نادەن کە لە سایەیاندا وەکیلەکانی حەواندنەوەی مرۆڤایەتی دەبێت کار بکەن، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا بە سیاسەتکردنی یارمەتییە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانیش نیشان دەدەن لە لایەن هەردوو وڵاتی کۆمەککەرو کۆمەکوەرگرەوە191.



# بەشی شەشەم

## کوردستان بەرەو کوێ؟

دەرکەوتنی سیستەمی هاوچەرخی دەوڵەتی نەتەوەو هاوکات لەگەڵیدا سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عیلمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری کردووە لە پەیوەندییە نێوئیتنیکییەکانی هەرێمەکە. بە گشتی دەرکەوتنی دەوڵەتی بە ئاشکرا چینایەتی و دەسەڵاتی ناوەندی لە سەدەی بیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ داواکارییەکانی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکیدا نەگونجاوە.

بە قسەیەکی تر ئەو بیرۆکراتییە دەوڵەتییەی کە لە تاکە نەتەوەکاندا پێکهاتووە مەیلی پشتگوێخستنی جیاوازیی ئیتنیکی و سیستەمی سیاسیی پێکهاتووی هەیە لە پێناوی بەرژەوەندیی گروپی ئیتنیکی باڵادەستدا[1]. لە ئەنجامدا ژمارەیەك کەمایەتی پێکەوە نەتواوە بە مەبەستی بەکارهێنانی زاراوەی (کراوفۆرد یۆنگ) پێك هاتوون بۆ لە ڕووداوەستانی سەرکردایەتیی گروپە باڵادەستەکان لە کۆمەڵدا[2]. کوردەکان بە تایبەتی لە عێراق و تورکیادا نموونەی سەرەکین بۆ نەتوانەوەی کەمایەتییەکان.

بەرفراوانبوونی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی نەخشە داڕێژراوی ئەوروپییانە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قۆناغێکی بە دوادا هاتووە کە یان قۆناغی کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپییە، یان دەسەڵاتکردنی ناڕاستەوخۆیە، هەروەك چارلس تیلی تێبینیی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە سنووری وێنە کێشراوی ئەوروپی کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دانرابوو (بە بێ گوێدان بە

www.pertwk.com

دابەشبوونی گەلان) بوو بە سنووری پاریزراوی دەوڵەتانی پاش کۆڵۆنی. هەر زۆر بە دەگمەن دەوڵەتانی نوێ دەگونجێن لەگەڵ ناچوونیەکی کەلتووریاندا ئەویش بە دابەشبوون یان دیسانەوە ڕێکخستنەوەی بەشە پاشکۆ ئیدارییەکان[3]. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت زیادی کردو لەبەر ئەوەی سەکەوتنی دەوڵەت وەکو نوێنەرێکی باڵادەست لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی پتەوو چەسپاو بوو، جیهان زۆر نەرمو نیان بوو لە بەرامبەر ئەو قەسابخانەیەی کە دەوڵەت داینابوو یان لە بەرامبەر بێ جێگاو ڕێگاکردنی دانیشتوانەکەی خۆی لەسەر ئەوەی کە ناپاکییان لە ڕژێمی دەسەڵاتدار کردووە. ئەنجامی ئەم کارە گەیشتە ئەوەی کە مردنی خەڵکی مەدەنی لە ئەنجامی کارەکانی دەوڵەتدا موونافەسەی مردنی مەیدانەکانی جەنگی دەکرد، هەروەها ژمارەی ئاوارەکان بەرز بووەوە بۆ ملیۆنەها کەس[4].

دەستپێکردنی جەنگی سارد لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیو یەکێتیی سۆڤێتدا زیاتر بەشداری کرد لە بەسەربازیکردنی دەوڵەتاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو توانای زیاتری دا بە دەسەڵاتی بەکارهێنەران بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگای هێزەوە بەسەر کۆمەڵگا فرەڕەگەزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستد. لەبەر ئەوە فرەدەنگیو گونجاندنی کەلتووری خاسێتێکی دان پێدانراوی زۆر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بۆ چەند سەدەیەك. بە سەربازیبوونو چوونە ناوەوەی هێزی گەورە وایکردووە بۆ گروپە فەرمانڕەواکان ئاسانتر بێت کە گروپەکانی تر لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە ئیتنیکیو کەلتووریو زمانیو ئایینییەکان بخەنە پەراوێزەوە. هەڵچوونی ئیتنۆنەتەوایەتی کاردانەوەیەکی ئاشکرایە بۆ بێ توانایی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەم سەردەمەدا بۆ وەڵامدانەوەی بە پەراوێزبوون[5]. لە وەڵامدا بۆ لە ڕووداوەستانی ئیتنۆنەتەوایەتی، حکومەتەکان سیاسەتی تێکشکاندنی ناسنامەی کەلتووریو بەهاکانیان پاڵپشت کردووە، ئەم سیاسەتەش لە ئاستی کوردی



ئێرانو عێراقو تورکیادا پیادە کراوە.

وەستانی ناسیۆنالیزمی کورد بەرامبەر حکومەتەکانی مەرکەز لە تورکیاو ئێرانو عێراق لە لایەن شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستانەوە کاری تێکراوە. لە توێژینەوەیەکدا لەسەر حکومەتە فرەئیتنیکییەکان هۆشەنگ ئەمیر ئەحمەدی تێبینیی ئەوەی کردووە کە ئەو هەرێمانەی کەوتوونەتە ناوچە چیاییەکانەوە یان ناوچە دارستانییەکانەوە یان ئەو ناوچانەی لەسەر سنووری دەوڵەتانی ترنو دانیشتوانیان لە هەردوو دیوو هەمان پێکهاتەی ئیتنیکیان هەیە، ئەوا پەیوەستبوون بە حکومەتە فرەئیتنیکییەکانەوە زۆر زیاترو کاریگەرترە لەچاو هەرێمە ئیتنیکییەکانی شوێنەکانی ناوەندو دەشتە تەختو رووتەکاندا[6]. بێگومان زیندوویەتیی بزوتنەوەکانی کورد پەیوەستە بە هەرێمی چیاییو جوگرافیای کوردستانەوە کە تا ئەندازەیەك بواری پاراستن لە هاتنە ژوورەوەی ئەملاو ئەولا دەڕەخسێنێت. بەهەرحاڵ لە کاتێکدا کە مەسەلەی کورد ئاشکرابووە، دەشێت فاکتەری جوگرافی فاکتەرێکی بڕیاردەر بێت بۆ کارکردنی بزوتنەوە فرەئیتنیکییەکان لە هەرێمێکدا کە جێگای کۆبوونەوەی ناکۆکییە هەرێمایەتییەکانو ململانێی هێزە گەورەکان بێت.

مەودای پەشێویيو بەهێزیی بزوتنەوە ئیتنیکییەکان بە شێوەیەکی ئیجابی پێکەوە دەبەسترێن لەگەڵ سەرهەڵدانی مەیلی سەربەخۆییو جیابوونەوە لە ناو ئەو بزوتنەوانەدا. ئێستا یان هەرکاتێکی تر ئەگەر بزوتنەوە ئیتنۆنەتەوەییەکان پەرە بە ئاراستەکانی جیابوونەوە بدەن ئەوا لە لایەن سیاسەتی ناوخۆو نێودەوڵەتیشەوە کاریان لێدەکرێت[7]. هەروەك باری کوردەکان کە بینیوومانە، کاتێك بارودۆخە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان لەبار بووبن ئەوا ئاراستەکانی جیابوونەوە ئاشکرا بووە ئەویش لە دامەزراندنی (کۆمارێك)دا هەروەك حاڵەتی دامەزراندنی کۆماری کوردی مهاباد. کاتێکیش کە ئەو هەلومەرجانە نەگونجاو بووبن، ئەوا ئاراستە ئاشکراکانی جیابوونەوە دەرنەکەوتوون. بۆ نموونە گروپە گەورەکانی کورد لەم دە ساڵانەی دواییدا

www.pertwk.com

بێجگە لە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا ئەوانی تر داوای ئۆتۆنۆمییان کردووە لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا کە تیایدا دەژینو داوای جیابوونەوەیان نەکردووە.

دۆناڵد هۆرۆیتز لە تایپۆلۆژیاکەیدا بۆ بزوتنەوە جیاخوازەکان رای وایە کە گەورەترین ژمارەی بزوتنەوەی جیاخوازی لە ناو ئەو گروپانەدا دەبینرێت کە لە رووی ئابوورییەوە گروپی دواکەوتوونو لە ناوچەی دواکەوتووی ئابووریدان. گروپی دواکەوتوو پێناسە دەکرێت بەوەی کە گروپێکە ئەندامەکانی کەڵکیان وەرنەگرتووە لە هەلە رەخساوەکانی پەروەردەو پەرەیان داوە بە ئیشوکاری غەیرە کشتوکاڵیو هەروەها یەکیان نەگرتووە وەکو پێکهاتەیەکی یەکگرتووی کۆمەڵ[8]. هۆرۆیتز کوردەکانی عێراق بەو جۆرە گروپانە دادەنێت کە بەرزترین توانای شاراوەیان بۆ جیاخوازی هەیە، بەڵام من لە شوێنێکی تردا باسم کردووە، مێژووی نوێی کوردەکان بە ئاشکرا دەری خستووە کە بەربەستە ناوخۆییو دەرەکییەکان بەردەوام دەبن بۆ رێگرتن لە جیاخوازی کوردی دەستەگەراییو ناکۆکی ئایدیۆلۆژیو بەربەستی زمانو کەلتوور... بە توندی ئەم حاڵەتە بەربەستی داناوە لە بەردەم بوونی هەلی سەرکەوتنی جیاخوازی کوردیدا[9]. کوردی ئێران لە رووی کەلتوورەوە نزیکترن لە نەتەوەکانی تری ئێران هەتا نزیکی کوردی عێراقو تورکیا لە نەتەوەکانی ترەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد بوونی خۆیان لەیاد چووبێتەوە. ئاسایی ئەمە مانای وایە کە فاکتەرە کەلتوورییەکانی کە لایەنگری جوداخوازی دەکەن لە ناو زۆرینەی کوردی ئێراندا کار ناکات. لە لایەکی ترەوە ئاراستەکانی جیاخوازی لە ناو کوردی عێراقو تورکیادا بە تەواوی ئاشکرایە. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەلتووری تورکو عەرەب زۆر نامۆیە بە کوردەکان لەچاو کەلتووری ئێرانیدا.



## بڕیاردانی چارەنووسی کوردو بنەما یاساییە نێودەوڵەتییەکان

مافی بڕیاردانی چارەنووس لە لایەن پەیمانە جۆراوجۆرە نێودەوڵەتییەکانی سەدەی بیستەوە دانی پێدانراوە. سروشتی تەواوەتی ئەم بنەمایەو چۆنێتی جێبەجێکردنی بۆ پێکهاتە جیاوازەکان مەسەلەی خەباتی دەستووریو لێکدانەوەی جۆراوجۆر بووە. کەمایەتییە ئیتنیکییەکانی وەکو کورد پەنایان بردۆتە بەر بنەمای بڕیاردانی مافی چارەنووس بە مەبەستی بەڵگە هێنانەوە بۆ داواکردنی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی. ئەمڕۆ لە جیهاندا پێنج هەزار کەمایەتی ئیتنیکی هەیە بەڵام تەنیا 175 دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی هەیە. ئایا بنەمای بڕیاردانی چارەونووس مافی یاسایی دەدات بە هەریەکە لەم گروپە ئیتنیکییانە بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری خۆیان هەبێت؟ ئەگەر ئەو مافەیان بداتێ ئەوا رێکخستنی نێودەوڵەتی سەری لێ دەشێوێ بەدەست پێنج هەزار دەوڵەتەوە کە ململانێ بکەن بۆ نفوزو دەسەڵاتو پلەو پایە.. هەروەك دواتر گفتوگۆی ئەمە دەکەین. مافی بڕیاردانی چارەنووس لە بنەما دەستوورییە نێونەتەوەییەکاندا وەك بڕیاری جیابوونەوەی کەمایەتییە ئیتنیکییەکان پێناسە نەکراوە. سەرباری ئەمەش لە سایەی پیادەکردنی دەسەڵاتدا زۆر دەوڵەتی فرەئیتنیکی لە پێناسەی کەمایەتییەکانو مەودای مافەکانیان روانیوە وەکو مەسەلەیەکی هێجگار ناوخۆییو لە دەرەوەی یاسای نێودەوڵەتی[10]. هەندێ لە دەوڵەتانی ئاسایی فرەنەتەوەیی (ئیتنیکی) بوونی خۆیان بەهێند نەگرتووەو خۆیان وا راگەیاندووە کە لە رووی ئیتنیکییەوە هاوشێوەن، لە ئەنجامی ئەوەدا دوورکەوتوونەتەوە لە پێویستبوونی بە هێندگرتنی مافەکانی گروپە ئیتنیکییەکان[11]. بەڵام لە حاڵەتی تورکیادا، رەتکردنەوەی فرەئیتنیکی نکوڵیکردن لە ناسنامەی کوردی هێناوەتە گۆڕێ ئەوەش باجێکی گەورەیە لەسەر کوردەکان.

www.pertwk.com

نکوڵیکردن یان تەسککردنەوەی مافەکانی کەمایەتییە ئیتنیکییەکان بوو بە هۆی ئەوەی کە (گێرو سکاریت) پەرە بدەن بە پۆلێنکردنی 261 گروپی کەمایەتی کە ڕەفتاری جیاوازو ناچوون یەکیان لەگەڵ دەکرێت لە لایەن کەلتووری باڵادەستەوە یان لە لایەن گروپە سیاسییەکانی وڵاتەکانیانەوە. بە قسەیەکی تر ئەم گروپانە لە بەردەم مەترسیدا بوون لە ئەنجامی نکوڵیکردنی سیستاماتیکانە لە مافە سیاسی و کەلتووری و ئابووری و مەدەنییەکانیان لە لایەن دەوڵەتە ناوخۆییەکانیانەوە[12]. گێرو سکاریت لە نێو گروپە ئیتنیکییەکانی تردا کوردیان وا پۆلێن کردووە کە ئارەزووی شاراوەی جیاخوازی هەیەو لەم ساڵانەی دواییدا دڵنیابوونێکی سیاسییانەیان خستۆتە ڕوو. ئەوان واتە گێرو سکاریت زیاتر گفتوگۆی ئەوەیان کردووە کە کوردەکان لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك داخراودا دەژین، لەوانەیە ململانێی ئیتنیکی لە شێوەی ڕاپەڕین یان شەڕی ناوخۆدا دەربڕن[13]. ئەمەش بە نێونەتەوەییکردنی ململانێی ئیتنیکی و دەستتێوەردان بە هۆی هێزە دەرەکییەکانەوە دەکات بە شتێکی تەواو شیاو لە سیمای پاراستنی ئەو کەمایەتییەدا لە مەترسی.

ئەگەر کورد پۆلێن بکرێت وەکو کەمایەتییەکی گەورە کە لە بەردەم مەترسیدایە، ئەوا چاوەڕوانی چی دەکەن لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە سنووری دان نان بە مافەکانیاندا بۆ بڕیاردانی چارەنووس و پاراستنیان؟ ئایا یاسای نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکان دەتوانن ئەم مافانە پتەو بکەن لە ژێر سایەی تێڕوانینی مەرکەزیەتی دەوڵەتدا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟ باڵادەستیی دەسەڵاتی قەزائی ناوخۆ لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتدا پرینسیپی پێکەوەیی سەروەرێتی دەوڵەت بە ئاشکرا لە بەندی دووەم، پەرەگرافی حەوتەمی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربڕدراوە. لە هەمان کاتدا بەندی یەکەمی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان چەمکی بڕیاردانی چارەنووس گرنگی پێدەدا.



ململانێی ئاشکرا لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا لە لێکدانەوە جیاوازەکانەوە بۆ زاراوەی (بڕیاردانی چارەنووس) هەڵدەقوڵێت. گۆدموندور ئەلفرید سۆن پێنج مانای جیاوازی بۆ ئەم چەمکە دەستنیشان کردووە:

1) مافی گەل بۆ بڕیاردانی باری نێودەوڵەتیی خۆی، کە مافی سەربەخۆییش دەگرێتەوە. هەندێ جار وەکو بڕیاردانی چارەنووسی دەرەکی ئاماژەی بۆ کراوە.

2) مافی دانیشتوانی دەوڵەتێك بۆ بڕیاردانی شێوەی حکومەت و بەشداریکردن لە حکومەتدا، هەندێ جار پەلی هاویشتووە بۆ لە خۆگرتنی دیموکراتیزەکردن یان فەرمانڕەوایەتی زۆرینە، هەندێ جاریش پێی گوتراوە بڕیاردانی چارەنووسی ناوەوە.

3) مافی دەوڵەت بۆ یەکێتیی ئیقلیمی و پێ نان لە سنوورەکانی خۆی و بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆییەکان بە بێ دەستتێوەردانی دەرەوە.

4) مافی کەمایەتی لە ناو سنووری دەوڵەتدا یان تەنانەت لە ئەمدیوو ئەودیوی سنووری دەوڵەتدا بۆ مافە تایبەتییەکان کە ئەوەش تەنیا پاراستن و جیاوازی نەکردن نییە بەڵکو لەوانەیە مافی سەربەخۆیی کەلتووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت بۆ پاراستنی ناسنامەی گروپەکان.

5) مافی دەوڵەت، بە تایبەتی لە لایەن دەوڵەتانی پەرەسەندووەوە ئیدیعا دەکرێت، بۆ گەشەپێدانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری[14].

لەم مانایانەی بڕیاردانی چارەنووس، دوانیان لە پیادەکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا باڵادەست بوو. ئەوانیش خاڵەکانی (یەك و سێ)ن، واتە بڕیاری چارەنووسی دەرەکییانە کە لە شێوەی هەوڵ و تەقەلاکانی ڕزگاربوون لە حاڵەتی کۆلۆنیالیکردن و یەکێتیی ئیقلیمی و نەبەزاندنی سنوورەکانی دەوڵەتدا دەردەبڕدرێت. بە قسەیەکی تر، جیابوونەوە وەکو ڕەگەزێکی پاڵپشتکراوی مافی بڕیاردانی چارەنووس دانی پێدا نەنراوە[15]. بەڵام هێشتا داوا ئەخلاقی و دەروونییەکانی ئەم بنەمایە زۆر گروپی ئیتنیکی هانداوە لە

www.pertwk.com

ناو ئەوانەشدا هەندێ لە کوردەکان کە بە دوای پەیداکردنی پشتگیری بۆ مەیلە جیاخوازییەکانیاندا بگەڕێن بە داواکردنی مەبدەئی بڕیاردانی چارەنووس.

لەگەڵ دەست پێکردنی قۆناغی سەرەکی رزگاربوون لە کۆلۆنیالیکردن دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان، بڕیاردانی چارەنوس بە ئاشکرا بوو بە شتێکی پێناسەکراو لەگەڵ مافی گەلاندا بۆ دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم. نەتەوە یەککگرتووەکان بوو بە ئامرازێکی گەورەی بڕیاردانی هەوڵ و کۆششەکانی رزگاربوون لە حاڵەتی کۆلۆنیالیکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرە کۆلۆنیالیستەکان. هەندێ خەڵك هەوڵیان داوە سەرباری سەرنەکەوتن مافی جیابوونەوە یان ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی وەکو بەشێك لە رزگاربوون لە دەستی کۆلۆنیالیکردن دابنێن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی هەرە زۆر لە نێو کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بیرۆکەی پێکەوەبەستنی رزگاربوون لە حاڵەتی کۆلۆنیالیکردن و مافی جیابوونەوەیان رەت کردۆتەوە.

کۆلۆنیالیزم لە لایەن زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵەی نێودەوڵەتییەوە وەکو شتێکی هێجگار دزێو سەیر کراوە. هەروەها کۆلۆنیالیزم لەوانەیە لە لایەن زۆربەی سەرکردەکانی جیهانەوە وەك دژی مافەکانی پاراستن قسەی لێوە کرابێت چونکە زۆربەی ئەو سەرکردانە خۆیان سەرکردەی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکان نەبوون. لە کۆتاییداو زۆر بە گرنگیشەوە، لەساڵی 1945دا ژمارەیەکی سنووردار کۆلۆنی لە هەموو جیهاندا هەبوو. هەر لەگەڵ نەمانی خاوەندارێتی کۆلۆنیالیدا، دەوڵەت بڕیاری چارەنووسی کۆلۆنی لە شێوازی نیشاندانێکی ناپێویستدا قۆستەوەو توانیی فشارێکی باشی پڕوپاگەندە دابنێت تا رادەیەك بەدەر لە بنەما بێ زیانەکان. لە سایەی ئەم هەلومەرجانەدا مەترسیی ئەوە لە ئارادا نەبوو کە قسەی پاراوی یەکێك رەت بکرێتەوە لە ئاکامی راپەڕینێکی ناکاریگەردا لە ناو وڵاتی ئەو کەسە خۆیدا[16].



سەرباری ئەوە ژمارەیەك گفتوگۆی پراکتیکی هەن دژی هاندانی جیاخوازی نێودەوڵەتی، یان دژی داواکارییەکانی ئۆتۆنۆمین کە دەشێت ئەو داواکارییانە ببن بە پاڵنەری جیاخوازی.

مەترسیی بە بەلقانبوون وەکو بەڵگەیەکی گەورە دژی جیاخوازی بەکار دەهێنرێت. بە قسەیەکی تر جیاخوازی لەو ناوچانەدا کە یەکەکانی خێڵ یان عەشیرەت چالاکن، دەشێت بووبێتە هۆی دروستکردنی ئەو دەوڵەتۆچکانەی کە ناتەواویی یەکێتیی سیاسی و پەرەسەندنی ئابوورییان هەیە. لەبەر ئەوە دامەزراندنیان بۆتە هۆی پەشێویی نێودەوڵەتی و گەندەڵی ناوخۆیی. بە پێی مێژووی بزوتنەوەکانی کورد، بە بەلقانبوون ئیحتمالیکی ئاشکرایە ئەگەر جیاخوازی لە کوردستاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. خاڵی دووەمی گفتوگۆ لەسەرکردن دژی جیاخوازی ئەوەیە کە جیاخوازی لە ناو کۆمەڵگا فرەئیتنیکییەکاندا بووەتە هۆی دابەشبوونی بێ سنوور. لەبەر ئەوە هیچ نەتەوەیەك نییە بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دانیشتوانەکەی ئەوەندەی کورد زۆر بێت و دانیشتوانێکی هێندە بە توندی پێکەوە بەستراوی هەبێت کە شایانی ئەوە نەبێت لە ناوخۆیشیدا دابەش ببێت بۆ گرووپی بچووکتر لەو یەکە گەورە هاوڕەگەزەوە... لە پلەی یەکەمدا مافی جیابوونەوە شتێکی دان پێدانراوەو هیچ سنوورێکی دیاریکراو بۆ ئەم پرۆسەیە لە ئارادا نییە. ئەو مافەش دەشێت بە شێوەیەکی دان پێدانراو جێبەجێ بکرێت تا ئەو رادەیەی کە هەر عەشیرەتێك یان بنەماڵەیەکی بچووك لە ناو کۆمەڵدا یەکەیەکی بۆ خۆی پێکهێنابێت لە ژێر ناونیشانی بڕیاردانی چارەنووسدا[17].

گفتوگۆیەکی تری دژی دان پێدانانی نێودەوڵەتی بە مافەکانی جیاخوازاندا ئەو جیابوونەوەیەیە، یان ئەو هەڕەشەیەیە لە جیابوونەوە لە لایەن کەمایەتییەکی ناکاریگەرەوە کە دەشێت ببێتە هۆی ناسەقامگیری سیستەمی دیموکراتی، یان لەوانەیە بتوانێ رێگا لە دەرکەوتنی سیاسەتی

www.pertwk.com

پەسـەندیان چوارچـێوەی دیمـوکراتی بگرێـت لـەو دەوڵەتانـەدا کـە ململانـێ دەکەن بۆ دامەزراندنی دیموکراسییەکی دانراوی میللی. زۆر تـورك گفتوگـۆی ئەوەیان کردووە کە چالاکییە جیاخوازییـەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان کاریگەریی لاوازیان لەسەر پەرەسەندنی دامەزراوە دیموکراتییەکان هەبووە لە وڵاتەکەیانـدا، بـە تایبـەتی لـە سـاڵانی حـەفتاکان و هەشـتاکاندا. لـە ئاکامـدا جیاخوازی گروپێکی ئیتنیکی دەشێت بووبێتـە هـۆی خوڵقانـدنی بارودۆخێـك کـە تیایـدا کەمایەتییـەکانی تـر هەسـتیان بـە کەوتنـە داوەوە کردبێـت لـە ناوچـەیەکی جیـاکراوەداو کەوتبنـە بـەر رەحمـەتی یاسـاکانی دەوڵـەتێکی نوێـوە[18]. ئەمـەش لەوانەیـە بـە تایبـەتی لـە کوردسـتانێکی سـەربەخۆدا راسـت بێـت، کـە تیایـدا کەمایەتییـە نـەیارەکانی وەکـو ئـازەری و تورکمـان و لـوڕ بـێ چەندوچوون خۆیان لە ژێر چەپۆکی نەیارە مێژووییەکانیاندا دەبیننەوە.

لەبـەر ئـەم هۆیانـە و هـۆی تـری لـەم جۆرانـە، نەتـەوە یـەکگرتووەکان مـافی بڕیـاردانی چارەنووسـی یەکسـان نـەکردووە بـە مـافی جیابوونـەوە. وەڵامـی سـکرتێری گشـتی پێشـتری نەتـەوە یـەکگرتووەکان (یـو. ثانـت) لـە کـانونی دووەمـی سـاڵی 1970دا بـۆ پرسـیاری راپـۆرت ئامادەکـەرێك سـەبارەت بـە کاردانـــەوەی توونـدوتیـــژی حکومـــەتی فیـــدراڵی نـــەیجیریا بەرامبـــەر بـــەو جیاخوازانـــەی کـــە ئیتنیکییـــەتی بیافرانســـی وڵاتەکـــە دەیـــان جووڵێنێـــت، هەڵوێسـتی کۆمـەڵی نێودەوڵـەتی سـەبارەت بـە جیـاخوازی کـورت دەکاتـەوە و دەڵێت:

دەبێت ئێوە جارێکی تر ئەوەتان بیر بکەوێتـەوە کـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان پێنج سەد ملیۆن دۆلاری بە شێوەیەکی سەرەتایی لە کۆنگۆدا خـەرج کـردووە بـۆ رێگـاگرتن لـە جیابوونـەوەی کاتانکـا لـە کۆنگـۆ. لەبـەر ئـەوە ئەوەنـدەی مەسەلەی جیابوونەوەی بەشێکی تایبەتی لە دەوڵـەتێکی ئەندام بێتـە ئـاراوە، هەڵوێسـتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ئاشـکرایە. نەتـەوە یـەکگرتووەکان وەکـو رێکخراوێکـی نێودەوڵـەتی هـەرگیز نـە پەسـەندی کـردووە و نـە پەسـەندی



دەکـات و نـە بڕواشـم وایـە لـە ئاینەشـدا پرینسـیپی جیابوونـەوەی بەشـێك لـە دەوڵەتە ئەندامەکانی پەسەند بکات[19].

ئـەم گفتوگۆیـە مەبەسـتی پێشـنیارکردنی ئـەوە نـەبوو کـە مـافی تـاك و گروپـەکان پشـتگوێ خـراوە لـە لایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە یـان لـە لایـەن پرینسـیپەکانی یاسـای گشـتی نێودەوڵەتییـەوە، بـەڵکو تـەنیا ئەوەیـە کـە پرینسیپی هەمیشـە باسـکراوی بڕیـاردانی چارەنووس بیـانووی لۆژیکانـە بـۆ جۆری جیاخوازێتی یان ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە هەندێ لە گروپە کوردەکان بە تایبـەتی لـە تورکیـا خـەباتیان بـۆ کـردووە پێشـکەش ناکـات. بەهـەرحاڵ ئـەم پرینسیپە پەرەی داوە بە قەوارەی گەورەی مەزاهیبە نێودەوڵەتییەکان و ئەو بنەمایانـەی کـە تـا رادەیـەك پەسـەنکردنی جیهانییـان هەیـە لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ژیانی پڕ لە دژواری کورد.

## بنەما مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و کورد

پـێش سـەدەی بیسـتەم، مەسـەلەی دەوڵەتـە نەتەوەییـەکان تاکـە بابـەتی تەواوی یاسای نێودەوڵەتی بوو. مافی تاکەکەس و گروپەکان بوارێکی لاوازی دەوڵەتـەکان بـوو کـە تیایـدا جێگیر بـوون. بـەڵام سـەرباری ئـەوەش ژمارەیـەك بەرەو پێشـەوە چوون کەوتنە لەرووداوەستانی ئەو ئاراستەیەی دەوڵـەت کە زیاتر جەختی لەسەر یاسای نێودەوڵەتی دەکرد. بۆ نموونـە هـەوڵ و کۆششـی دیبلۆماتیکانە بۆ پاراستنی مافەکانی کەمایەتییەکان، بە تایبەتی کەمایەتییە ئایینییـــەکان و دەســـتتێوەردانە ســـەربازییەکانی دەوڵـــەت بـــۆ پاراســـتنی مافـەکانیان لەگـەڵ کـارە ناوخۆییـەکانی دەوڵەتـدا پێکـەوە بەسـتراون. ئـەم حاڵەتـەی جێبەجێکردنـە بـە تایبـەتی لـە پەیمانـە ئیمزاکراوەکـانی نێـوان ئـەوروپای مەسـیحی و رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی ئیسـلامیدا ئاشـکرا بـووە. لـە سـاڵانی لاوازبـوونی ئیمپراتـۆری عوسمانیـدا، وڵاتـانی ئـەوروپا ژمارەیـەك پەیمانیان بەسەر سوڵتانی عوسمانیدا سەپاند کە لە رێگای ئەو پەیمانانەوە

www.pertwk.com

وڵاتانی ئەوروپا داوای پارستنی رەفتارکردنی تایبەتییان بۆ کەمایەتییە مەسیحییەکانی وەکو ئەرمەن‌و ئاسوری‌و مارۆنتی کرد کە لە ژێر سایەی دەسەلاَی سولَتاندا دەژیان. بۆ نموونە پەیمانی (بەرلین)ی سالَی 1878 دەسەلاَتدارانی عوسمانیی ناچار کرد بۆ بە پەلە جێبەجێکردنی چاکسازی‌و چاککردنی داواکارییە ناوخۆییەکانی ئەو هەرێمانەی کە ئەرمەنییەکانی تێدا نیشتەجێ بوون‌و بۆ زەمانەتکردنی ئاساییشیان (لە بەرامبەر گروپەکانی تری وەکو کوردە مسوڵمانەکان)[20]. ئەم پەیمانانە دیسان بیانوویان دا بەدەستەوە بۆ دەستتێکێشانی سەربازی دژی تورکە عوسمانییەکان لە لایەن هێزە ئەوروپییەکانەوە کە بە دوای بیانووی کۆڵۆنیالیکردندا دەگەڕان.

گۆڕانکارییەکانی تر دەرکەوتنی پەیوەندی بۆ پاراستنی مافەکانی تاکەکەس لە سەدەی نۆزدەدا نیشان دا. هەوڵ‌و تەقەلا ئەنجام دراون بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی‌و داهێنانی چەندین پێوانە بۆ بەدواداچوونی ئەو خەڵکانەی کە ئاڵێنراون لە بازرگانی کۆیلەوە. لایەنە مرۆییە پەیوەستەکان بە بەختەوەری قوربانییەکانی ململانێی چەکدارییەوە بوو بە هۆی دامەزراندنی کۆمیتەی نێودەوڵەتیی مانگی سوور، کە رێکخراوێکی نا حیزبییەو خۆی تەرخان کردووە بۆ پاڵپشتکردنی مافەکانی تاکەکەس‌و حەوانەوە بە پێی پێوانەیەکی جیهانی. مانگی سوور هەتا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی‌و پێکهاتنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوونی نەبوو کە تا ئەو کاتە مافەکانی تاکەکەس‌و کەمایەتییەکان لە بەردەم یاسا نێودەوڵەتییەکاندا هێرش دەکرایە سەریان. لە راستیدا، یەکەم ئامرازی چەند لایەنەی پێکهاتوو بۆ پاراستنی کەمایەتییەکان لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دامەزرێنراوە. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەسەلاَتی دراوەتێ بۆ پشکنینی پێلێنانە باسکراوەکان لە مافەکانی کەمایەتی، لە کاتێکدا کە دادگایی هەمیشەیی عەدلی نێودەوڵەتی (بەرایی دادگای عەدالەتی نێودەوڵەتی) دادوەریکردنی زۆرەملێی بەسەر ناکۆکیی نێوان ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەو ئەو دەوڵەتانەدا سەپاند کە



پەیوەست بوون بە پارێزگاریکردنی کەمایەتییەکانەوە[21]. لەگەڵ ئەوەشدا دادوەرێتیی زۆرەملێیانە هەمیشە بە شێوەیەکی عادیلانە جێبەجێ نەکراوە، دەوڵەتە هەرە بەهێزەکانی رۆژئاوا پەنایان بۆ ئینتیدابی کۆمەڵە بردووە بۆ پشتگیریکردنی ئامانجە سیاسییەکانیان لە وڵاتانی کۆڵۆنیکراوو نیمچە کۆڵۆنیکراودا. سەرباری ئەوە دوا بەش لە بەڵگەنامەکانی (میثاق) کۆمەڵەی نەتەوەکان هەموو سەرچاوەکانی پەیوەست بە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی سڕیوەتەوەو وای لەو گروپانە کرد کە هیچ شوێنێکیان نەبێت لە بەردەم ئەو کۆمەڵەیەدا[22].

دوای جەنگی دووەمی جیهانی‌و دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی فرەلایەنی مافەکانی مرۆڤو مافە ئیتنیکییەکان بوو بە جێگای سەرنجێکی بەرفراوانترو کۆکردنەوەی یاساکانی ئەم مافانە کەوتە لەرووداوەستانی ناوەندێتی دەوڵەت بە جەختکردن لەسەر یاسای نێودەوڵەتی. لە کانونی یەکەمی ساڵی 1948دا ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیریی بلاَوکراوەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی کرد کە ئەویش پەسەند کرا وەکو ئەوەی کە (پایەی سەرەکیی لیستی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤە). هەروەها بە شێوەیەکی ئاسایش وەها دادەنرێت کە بەشێك یان رێبازێك بێت لە یاسای رەزامەندی لەسەر وەرگیراوی نێودەوڵەتی[23]. لە پێشەکییەکدا ئەو بلاَوکراوە جیهانییە داوای پێشکەشکردنی ئاشتیی گشتی‌و ئیمتیازات بۆ هەموو گەلان‌و نەتەوەکان دەکات، لە ئاکامدا هەر تاکەکەسێك‌و هەر ئەندامێکی کۆمەڵ ئەو بلاَوکراوەیە لە مێشکیدا بپارێزێت‌و دەبێت خەبات بکات لە رێگای فێربوون‌و پەروەردەکردنەوە بە مەبەستی پتەوکردنی ئیعتبار بۆ ئەم ماف‌و ئازادییانەو بە پێوەرە پێشکەوتووە نەتەوەییەکان‌و نێونەتەوەییەکان بۆ پاراستنی جیهانەکەیان‌و دان پێدانانی کاریگەرانەو چاودێریکردن[24].

لە کاتی پاڵپشتکردنی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤەوە، ژمارەیەکی

www.pertwk.com

تر بڕیار لە لایەن ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕەزامەندی لە بارەیەوە نیشان دراوەو پێکەوە لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنە گەردوونییەدا بووە بە ژمارەیەکی تەواو لە لیستی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ. ئەم لایەنە زیادکراوانەی لیستی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ بریتین لە (میثاق)ی نێونەتەوەیی لەسەر مافە مەدەنیو سیاسییەکانو پرۆتۆکۆڵی ئیختیاری میثاقی نێودەوڵەتی لەسەر مافە مەدەنیو سیاسییەکانو میثاقی نێودەوڵەتی لەسەر مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کەلتوورییەکان. ئەمانە بڕیارەکانی ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤیان گۆڕی بۆ بەستنی پەیمانەکانو پێشکەشکردنی وردەکاری زیاتر لە بارەی مافە پارێزراوەکانەوەو هەروەها بەخشینی ئەو پێودانگانەی پیادەکردن کە دەبێت پارتەکانی دەوڵەت لەسەری بڕۆن[25]. سەرباری هەوڵو کۆشش بۆ کۆکردنەوەی پرینسیپە پەسەندە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤو بۆ پەرەپێدانی ئاستەکانی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ، نە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانو نە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ، مەسەلەی مافی ئیتنیکیو کەمایەتییەکان لە ڕوانگەی تایبەتمەندەوە ئاراستە ناکەن. لە ڕاستیدا لەم بەڵگەنامانەدا ئاماژەکردن بۆ زاراوەی کەمایەتی بوونی نییە. سەرەڕای ئەوەش زۆر کەمایەتیی ئیتنیکی وەکو کورد داوای پرینسیپەکانی جیاوازی نەکردنی کردووە کە ئەو پرینسیپانە لە بەڵگەنامەکاندا هەنو ئەو داواکردنەش بۆ برەوپێدانی هۆیە سیاسییەکانیانە.

ئەم سڕینەوەیە چارەسەر کرا کاتێک ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری تری سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ دەرکرد. بۆ نموونە بەندی 27ی میثاقی نێودەوڵەتی لەسەر مافە مەدەنیو سیاسییەکان دەڵێت: لەو دەوڵەتانەدا کە کەمایەتیی ئیتنیکی، ئایینی یان زمانییان تێدایە نابێت نکوڵی لە مافی کەسانی سەر بەو جۆرە کەمایەتییانە بکرێت، لە کۆمەڵدا لەگەڵ ئەندامانی تری گروپەکەیاندا بە مەبەستی ئاسوودەبوون بە کەلتووری



خۆیان، بە مەبەستی دان پێدانانو پیادەکردنی ئایینی خۆیان، یان بە مەبەستی بەکارهێنانی زمانی خۆیان[26]. ئەم بەندەیە کە کوردەکان دەتوانن پەنای بۆ ببەن لە پارێزگاریکردن لە مافە کەلتووریو زمانییەکانیاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کۆمیتەی پاشکۆی سەر بە کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگاگرتن لە جیاوازیو پاراستنی کەمایەتییەکان لە ساڵی 1946دا لە لایەن ئەنجومەنی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە دامەزرێنرا ئەو میکانیزمە بۆ کەمایەتییەکان پێشکەش دەکات کە لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە دوای مافەکانیاندا بچن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگران بە ڕاستی گەیشتوون بەو ئەنجامە کە کۆمیتەی پاشکۆ پایەیەکی زۆر نزمی لە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، ئەوەش وا دەکات کە کاتی هێجگار دوورودرێژ بە گفتوگۆکردنی کار جێبەجێکردنی لاوەکییەوە بەسەر ببرێت زیاتر لە بابەتە بنەڕەتییەکان... ئەوەش لاوازی فیکرەیەکی ڕوونە لە بارەی دەوری خۆیەوەو... هەستی ئاراستەکردن دەردەخات[27].

هەندێ هەوڵ کە شایانی گرنگی پێدانن لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕەفتارە خراپانەی لەگەڵ ئیتنیکو کەمایەتیدا دەکرێت ئەنجام دراوە، لە ناو ئەو هەوڵانەشدا پاڵپشتکردنی پەیمانە دیارەکانی وەکو میثاقی جینۆسایدی ساڵی 1948و میثاقی نێودەوڵەتی لەسەر لەناوبردنی هەموو جیاوازییەکی ڕەگەزیو (کە لە لایەن ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی 1945دا پاڵپشت کراوە)، هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە قەدەغەکردنو سزادانی تاوانکاری ئاپارتاید (کە لە لایەن ئەنجومەنی گشتییەوە لە ساڵی 1973دا دەکراوە)[28]، لەم پەیماننامانەدا، پەیماننامەی سەبارەت بە جینۆساید جێبەجێکردنێکی هێجگار ڕاستەوخۆی لە بارودۆخی کورددا هەبووە لە کاتەکانی سەرکوتکردنی توندوتیژو ئاشکرادا بۆ نموونە لە عێراق لە کاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کورددا لە ساڵی 1991دا.

www.pertwk.com

جینۆساید کە مانای (هەر کارێکی ئەنجامدراوە بە مەبەستی وێرانکردن، چ وێرانکارییەکی هەمە لایەنە بێت یان وێرانکردنی بەشێکی دەستەیەکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، رەگەزی یان ئایینی بێت[29]. کە ئەمە بەسەر قوربانیانی هۆلۆکوستدا لە ئەڵمانیای نازیدا جێبەجێ کراوە. بڕگەی دووی پەیماننامەی جینۆساید پێناسەی ئەو تاوانە دەکات بە پێکەوە کۆکردنەوەی هەریەکە لەم کارانەی خوارەوە:

* کوشتنی ئەندامی ئەو دەستەیە.

* بوون بە هۆی ئازاری ترسناکی جەستەیی یان مەعنەوی بۆ ئەندامانی ئەو گروپە.

* بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو ئالودەکردنی هەلومەرجی ژیانی ئەو گروپە بە نەخشە دانان بۆ تێکشکاندنی لایەنی فیزیکی ئەو گروپەیە بە گشتی یان بە شێوەی بەشی.

* سەپاندنی چەندین پێوانە بە مەبەستی رێگاگرتن لە منداڵبوون لە ناو ئەو دەستەیەدا.

* گواستنەوەی بەزۆری منداڵان لەم گروپەوە بۆ گروپێکی تر[30].

لایەنە بەشدارەکانی کۆنگرەی (رێککەوتننامەی) جینۆساید رێککەوتن لەسەر داڕشتنی دەستووری ناوخۆ بۆ دانانو سەپاندنی سزا بۆ تاوانکاری ئەو تاکەکەسەی کە تاوانی جینۆساید ئەنجام دەدات. سەرباری ئەوە بڕگەی ژمارە هەشتی رێککەوتننامەکە وەکو پێویست ئەوە دەخاتە روو کە دەشێت لایەنێکی رێککەوتننامەکە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە رێو شوێنی گونجاو لەبەرچاو بگرێت بۆ قەدەغەکردنی یان نەهێڵانی کاری جینۆساید.

بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی بارودۆخی کورد، کەسێك دەتوانێت گفتوگۆی ئەوە بکات کە سێ خاڵی یەکەمی ئەو کارانەی لە سەرەوە ریزکراون، لە چەندین کاتدا بەسەر کوردەکانی عێراقو تورکیادا جێبەجێ



کراوە لە رەفتارکردندا بەرامبەریان. لە رابردووی نزیکیشدا بۆ ئاستێك لە ئێرانیشدا جێبەجێ کراوە. دەشێت تاوانبارکردنی حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە بە تاوانی جینۆساید دژی دانیشتوانە کوردەکانیان کارێکی هێجگار قورس بێت چونکە هەمان شێوە سەرکوتکردنی کەمایەتییە ئیتنیکییەکان بە جۆرێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە زۆر دەوڵەتی تری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجام دەدرێت.

هارفو گێڕ چلو پێنج نموونەی (جینۆسایدو جینۆسیاسەت)یان دەستنیشان کردووە کە لە لایەن دەوڵەتانەوە دژی دانیشتوانەکانی خۆیان لە جەنگی دووەمی جیهانی بەدواوە ئەنجام دراوە[31]. ئەگەرچی پێناسەیەکی جیهانی پەسەندکراو بۆ جینۆسیاسەت نییە، هارفو گێڕ ئەم زاراوەیان بە جۆرێك پێناسە کردووە کە مانای پتەوکردنو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت بگەیەنێت کە دەبێت بە هۆی مردنی ژمارەیەکی دیاری ئەندامانی ئەو گروپانە کە نەیارێتی سیاسییانەیان یان هەڵوێستیان بەرامبەر بە دەسەڵات دەیانخاتە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆوە لەگەڵ رژێمی دەسەڵاتداردا. سەرکوتکردنو کوژرانی بەرفراوانی ئەندامانی ئەم جۆرە گروپانە بە (جینۆسایدی سیاسی) وەسف دەکرێت کە لە لایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت[32]. لە پۆلێنکردنەکەیاندا بۆ جینۆسایدی سیاسی، هارفو گێڕ کوردەکانی عێراق وەکو قوربانیانی سەرکوتکردنو لەناوبردنی سیاسییانە لە لایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە ناساندووەو کوردەکانی ئێرانیش وەکو قوربانیانی لەناوبردنی سیاسی شۆڕشگێڕانە[33]. کەڵکی بەکاربردنی ئەم زاراوانە لەگەڵ ئەوەشدا وەکو جێگای پرسیار دەمێنێتەوەو دەشێت ببێتە هۆی بەرفراوانییەکی تەمومژاویو پرۆبلاماتیکانەی جینۆساید بۆ هەموو جۆرێکی سەرکوتکردنی توندوتیژی ناڕازیبوون.

www.pertwk.com

## تەکنیکە یاسایی و دەستوورییەکان و یەکێتیی کورد

گفتوگۆی پێشتر بە ئاشکرا سنوورەکانی چارەسەرە یاساییە نێودەوڵەتییەکان دەردەخات لە بەهێزکردنی مافەکانی کەمایەتیدا لە ڕێکخستنێکی نێودەوڵەتیی دەسەڵات بەسەرداکراو لە لایەن ڕوانینەکانی ناوەندی دەوڵەت و دامەزراوەکانەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت یاساکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە بۆ پتەوکردنی ڕێ و شوێنە یاسایی و دەستوورییەکان بەکار بهێنرێن کە دەشێت ئەو ڕێ و شوێنە یاسایی و دەستوورییانە ببنە هۆی گونجاندنی مافەکانی کەمایەتی و کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و پشێویی لە کۆمەڵگا فرەئیتنیکییەکاندا[34]. بۆ نموونە ریفۆرمەکانی دەستوورو یاسای دەستووری دەشێت بۆ پاراستنی حاڵی کەمایەتییەکان پیادە بکرێن. ئەم ریفۆرمانە دەشێت مەبەستدار بن لە ڕێ و شوێن دانانی دەستووری تایبەتدا بۆ دڵنیابوون لە ڕەفتارکردنی یەکسانی ئەندامانی کەمایەتییە ئیتنیکییەکان ئەویش نەك تەنیا لە ڕێگای ئامرازی دەوڵەتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگای دامەزراوە تایبەتەکان و تاکەکەسیشەوە[35]. دەستوورەکانی جیاوازی نەکردن کە لە ساڵانی شەستەکانەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دانراون نموونەی ئەم ریفۆرمانەن. بێگومان ئەم دەستوورانە پێویست نییە لەو وڵاتانەی کە سیستەمە یاساییەکانیان و دامەزراوەکانیان بە تەواوەتی جیاوازن لە شێوەی ئەنگلۆساکسۆنی وەکو خۆیان وێنە بگیرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دەستوور دانان هەیە بۆ جێبەجێکردنی نەخشە دانراوە ناوخۆییەکانی (مافە یەکسانەکان) لە ئێران و عێراق و تورکیادا. یاساکانی هەڵبژاردن و سیستەمەکانی نواندنە ڕێژەییەکان و شتی تری لەو جۆرانە سەرەتای بەکەڵکن لە توێژینەوەی جیدیانەی یەکێتیی کورددا بەرەو ئاراستەی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی سیاسی.

نەخشەیەکی دەستووری بە وریایی دانراو کە ببێت بەهۆی بنیادنانی



حکومەتێکی فرەلایەنی ڕاستەقینە باشترین ڕێگایە بۆ پتەوکردنی یەکێتیی کورد لە ئێران و عێراق و تورکیادا. تواندنەوە کە خاسێتی سیاسەتی تورکیا بووە بەرامبەر بە کوردەکان لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت سەرکەوتوو بێت لە وەستاندنی شەپۆلی ئیتنۆنەتەوایەتی کوردیدا. بەڵام، لە ماوەی دوورودرێژدا، مرۆڤ و شتەکان پێ دەچێت نرخێکی بەرز بکەون لەسەر دەوڵەتی سەپێنەری سیاسەتی تواندنەوە، ئەمەش لە ناو شتەکانی تردا دبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوە بەرگرییە چەکدارەکانی کەمایەتییە فشار لەسەر دانراوەکان. سەرباری ئەوە تواندنەوە ئاماژەیەکی خراپ هەڵدەگرێت چونکە بالاێتی کەلتووری گرووپی دەسەڵاتدار لەخۆ دەگرێت[36].

فرەدەنگی، لە لایەکی ترەوە حاڵەتی پێچەوانەی یەکبوون دروست دەکات لەو گرووپە ئیتنیکییانەدا کە پێکەوە لە دەوڵەتێکی هەرێمیدا هەن لە پەیوەندییەکی پشت بە یەکتر بەستوودا. بە زۆر ڕێگا ئیمپراتۆرە فرەئیتنیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانەش ئیمپراتۆری فارسی و عوسمانی بەوە ناسراونەتەوە کە فرەئیتنیکی بوون. تەنیا دوای دروستبوونی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی شێوە ئەورووپیانە بوو کە شۆڤێنیزمی ئیتنیکی جێگای دڵسۆزێتی دێرین و شێوازەکانی کارکردنی پێکەوەیی گرتەوە کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بوو لە نێو گرووپە ئیتنیکییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران و تورکدا پەرەی سەندبوو. سەرباری ئەوەش، سەرکەوتنی فرەدەنگی لە کۆمەڵگا فرەئیتنیکییەکاندا دەبێت ڕێ و شوێنێکی گەورەی ئازادی لە ناو دەوڵەتدا هەبێت بۆ کەمایەتییەکان ئەویش لە بەرژەوەندیی یەکسانی ڕاستەقینە لە بری یەکسانی ڕەسمی[37]. ڕێککەوتنی جۆراوجۆری ئۆتۆنۆمیی ئیمزا کراو لە نێوان حکومەتەکانی عێراق و کوردەکاندا شکستی هێناوە لەبەر نەبوونی یەکسانیی ڕاستەقینە بۆ کوردەکان. تەنانەت ئەگەر پرۆژەکانی ئۆتۆنۆمی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان جێبەجێ بکرانایە، ئەوا ئیحتیمالی جیابوونەوەی کورد لە ئەنجامی نەبوونی دامەزراوی ڕاستەقینەی دیموکراتیدا

www.pertwk.com

لە عێراقدا زیاتر دەبوو. لە رووداوەستانی دەوڵەتێك ئەوەیە کە چۆن لە مەسەلەی دەست کێشانەوە لە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان نزیك دەبێتەوە بە بێ رووداني جیابوونەوە لە لایەن ئەو گروپە ئیتنیکییانەوە کە نیازمەندە کەڵك وەرگرەکانن لە بەرنامەکانی دەوڵەت بۆ دەست کێشانەوە لە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان. هەروەك دۆناڵد هۆرۆتز تێبینیی کردووە:

زۆربەی ئەم جۆرە رێککەوتنانە (دەست کێشانەوە لە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان) بە ئەنجام دەگەیەندرێن دژی زەمینەی شەڕی جیاخوازان یان توندوتیژی تیرۆریستی. لە جێگایەکدا کە دەسەڵاتی ناوەند چەسپاو بێت وەکو هیندستان، ئەوە دەشێت بڕیاری گونجاو لە لایەن ناوەندەوە بدرێت و جێبەجێ بکرێت واتە (لە لایەن دەسەڵاتە حکومییەکانەوە)، بەڵام لە جێگایەك کە هەمان مەسەلە (واتە دەسەڵاتی ناوەند) بە هەموو شێوەیەك دوور بێت لە چەسپاندن، ئەوا فەرمانی رەسمیی ناوەند بەڕێوە دەبات (وەکو لە عێراقدا) و دەست کێشانەوە لە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان مەسەلەی رێککەوتنێکی دوو جەمسەری دەبێت و رێککەوتنێکی سەخت کە شتێکی لە وەسف نەهاتوو دەبێت[38].

لە زەمینەی دیموکراتی و فرەدەنگیدا، جۆراوجۆرێتی گروپە ئیتنیکییەکان وەکو شورایەك دەور دەبینن لە بەرامبەر دەسەڵاتداریێتی و نفوزی ئامرازەکانی دەوڵەتدا لە لایەن گروپێکەوە. ئەحمەد چەلەبی ئەندامی بەرهەڵستکارانی نەیاری سەدام حسێن لە عێراقدا گفتوگۆی ئەوەی کرد کە داواکارییەکانی نوێنەرایەتی سیاسی بە بەهێزی ماونەتەوە، هەروەك راپەڕینی ئازاری 1991ی کوردەکان و شیعە گەواهی ئەوەیان دا. هەروەها بەهێزبوونی ئۆتۆنۆمی ئیتنیکی نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی عێراق وەکو زۆر کەس وای بۆچوون. کوردەکان بەئاگان لە حەقیقەتە جیۆپۆلەتیکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرکردایەتی کوردەکان سەرکێشی هاتنە ناوەوەی ناکات لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی عێراق[39]. سەرباری



ئەوەی نموونەکەی چەلەبی ئەو پلورالیزمە نییە کە دەست لە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان بکێشێتەوە، بەڵکو دیسانەوە دامەزراندنەوەی ئەزموونی دیموکراسییە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پاشایەتی هاشمیدا[40]. بەڵام پاشایەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك نە دیموکراتی بووە نە وەڵامدەرەوەی مافەکانی کەمایەتیی کوردی بووە. تێکڕا دوو تەکنیکی پەسەند کە هەردووکیان داوای دیسانەوە بنیادنانەوەی دەستووری دەکەن دەشێت وەکو رێگا پەسەندەکانی تەسککردنەوەی ناکۆکیی نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی ناوەند لە ئێران و عێراق و تورکیادا ناو بهێنرێن. یەکەمیان دامەزراندنی پێکهاتەی راستەقینەی فیدراڵی و دوورکەوتنەوە لە ناوەندێتیی بەهێز کە خاسیێتی هەرسێ وڵاتەکەیە، ئەم تەکنیکەش یارمەتیی دروستبوونی سیستەمی دیموکراتی و هاوبەش دەدات.

ناجیریا بە گروپە ئیتنیکی و ئایینییە لە ژمارە نەهاتووەکانییەوە زۆر سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی ئیتنیکیدا لە رێگای کارپێکردنی فیدرالیزمدا[41]. ئەم پرۆسەیە دەبێت بە پێی قوناغ جێبەجێ بکرێت و نابێت لە چوارچێوەی کاتێکی کورتدا بسەپێنرێت. فەرزکردنی فیدرالیزم لەوانەیە لە ئاکامدا شکست بهێنێت، وەکو چۆن لە ساڵی 1991دا لە یوگۆسلافیا شکستی هێنا. هەر وڵاتێك دەبێت پەرە بە بنیادی فیدراڵی خۆی بدات لە سنووری زەمینەی سیاسیی دەگمەنی خۆیدا و لەگەڵ رێزگرتنی کێشەی دەکمەنی کوردی خۆیدا.

دووەم: گۆڕانکارییەکان لە یاساکانی هەڵبژاردندا کە دەشێت بە بێ بوونی سیستەمێکی فیدراڵی جێبەجێ بکرێن، یارمەتیی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێنەرایەتیی هاوبەش (رێژەیی) دەدات42. سەرباری ئەوەی کە ئەم سیستەمی نوێنەرایەتیکردنە دەبێت بە هۆی زیادبوونی ژمارەی پارتە سیاسییەکان و حکومەتە هاوپەیمانە ناجێگیرەکان، ئەم سیستەمە رێگای عەدل و یەکسانی بۆ کەمایەتییە ئیتنیکییەکان پێشکەش دەکات بە مەبەستی

www.pertwk.com

پەرەپێدانی ئامرازێك لە جۆراوجۆرێتی لە دەوڵەتێکی گەورەدا. بە قسەیەکی تر، ئەگەر کەمایەتییە ئیتنیکییەکان لە باری نوێنەرایەتی کردندا نەبن لە دامەزراوە بڕیار دروستکەرەکانی حکومەتی نەتەوەییدا، وەکو ئەو بارەی کوردەکانی تێدان کە پەرە بە دڵسۆزێتیی زیاتریان دەدەن بە مەبەستی بەرژەوەندییە فراوانەکانی کە دەوەستنە سەر بەرژەوەندیی مەودا فراوانی گروپە ئیتنیکییەکان لەچاو بەرژەوەندییە سنووردارەکاندا. دەستنیشانکردنی یان ناسینەوەی ئیتنیکیی و داواکارییەکان بۆ دان نان بە مافە ئیتنیکییەکاندا لەوانەیە زیاتر بەردەوام بێت تەنانەت لەگەڵ بنیادنانی دەستووری سەرکەوتوودا هەرچەندە ئەم جۆرە داواکارییە ئیتنیکییانە لەوانەیە کەمتر ببنە هۆی ململانێی توندوتیژ ئەگەر رێگاکان لە بەردەم بەشداریکردنی سیاسییانەدا بۆ هەموو گروپەکان کراوە بوونایە.